إقتران النيرين

في

مجمع البحرين

ترجمەی حەدیثەکانی موسلیم و بوخاری

دانراوی

ماموستا مەلا رەشید بەگی بابان

لێکۆڵینەوەی

محمد علی قەرەداغی

بەرگی حەوتەم

١٤١٠ ك ١٩٨٩ ز

إِقْتِرَانُ النَّيِّرَيْنِ

فِي

مَجْمَعِ البَحْرَيْنِ

ترجمەی حەدیسەکانی موسلیم و بوخاری

دانراوی

ماموستا مەلا رەشید بەگی بابان

لێکۆڵینەوەی

محمد علی قەرەداغی

بەرگی نۆیەم

چاپی یەکەم

١٤١١ك – ١٩٩٠ز

بســم الله الرحمــن الرحيــم

كتـــاب البيـــوع

فيه آية في الصحيفة التي قبل الاخيرة من سورة البقرة: (وأحل الله البيع وحرم الربـا)(١) وقولـه تعـالى : (إلا أن تكون تجارة حاضرة تديرونهـا بينـكـم ٠٠)(٢)

تفســير آيـات الربـا والبيـــع فـي آخـر ســـورة البقـــرة ٠

آيـات الربـا :

(الذين يأكلون الربا) : ئەوانەی سوود ئەخۆن ، یەعنی موعامەلە بـە ئەموالی ریبەویی ئەکەن‌و ئینتیفاعی لێ‌ئەکەن‌و ئەیخۆن رۆژی قیامەت کـە زیندوو ئەکرێنەوەو لە قەبر هەڵەستن (لا یقومون) : لە قەبرەکانیان هەڵناستن (إلا کما یقوم الذي یتخبطه الشیطان من المس) : کە هەڵەستن هەر وەکوو ئەوانە هەڵەستن کە شەیتان دەستی لێ وەشانبن‌و شێت بووبن ٠ وەکـوو ئینسانی صەرعدار هەڵەستن‌و ئەکەون ، لەبەر ئەوە نیە کە لە عەقڵا نوقصانیان هێنابێ ، لەبەر ئەوەیە ئەو ســـوودەی کە لە دنیادا خواردوویانە قورسی

---

(١) البقـــرة / ٢٢٥ ٠

(٢) البقـــرة / ٢٨٢ ٠

کردوون موقتەدیر نین بەسەر حەرەکاتی موتەظەمەدا (ذلك) : ئەو عەذابەی کە لە وەختی زیندوبوونەوەدا بەو نەوعە تووشیان ئەبێ (بأنهم قالوا : إنما البيع مثل الربا) : بە سەبەبی ئەوەوەیە کە لە دونیادا موعامەلەی سوودیان کردوە ، وتوویانە : بەیعو ریبا وەکوو یەکن هیچ فەرقیان نیە ، هەردوکیان فرۆشتنی مالێکە بە مالێکی زیاتر ، بۆ بەیع دروستە بۆ ریبا دروست نیە ؟ خوا - عز وجل - رەد لە قیاسەکەیان ئەدا ، ئەفەرموێ : (وأحل الله البيع وحرم الربا) : خوا - عز وجل - بەیعی حەلاڵ کردوەو ریبای حەرام کردوە ، وەکوو یەك نین ؛ چونکە ئینسان دە درهەم بدا بە دوانزە درهەم ئەو کەسەی کە وەری ئەگرێ بە موحەققەقی دوو درهەم زەرەر ئەکا ، ئومێدی ئەوەی نیە کە تەلافی بکاتەوە . فەقەط تۆبێ چیت کە چوار درهەم قیمەتی بێ بیکڕێ بە پێنج درهەم ئومێدی ئەوەی هەیە کە بیفرۆشێتەوە بە شەش درهەم ، درهەمەکەی کە لە زیادەدا داویەتی جەبر بکاتەوە ، ئەگەر نەیفرۆشێو بیکا بە جل ئیحتیمالی گرانبوونی هەیە . (والحاصل) لە ریبادا زەرەر موحەققەقە لە بەیعا کاریشو زەرەریش موحتەمەلە (فمن جاءه موعظة من ربه) : کە وابێ هەرکەسێ لە طەرەفی رەببی خۆیەوە وەعزێکی بۆ بێت وەك نەهی لە ریبا (فانتهى) : بەو وەعزە واز لەوە بێنێ کە نەهی لێ کرابێ (فله ما سلف) ئەوەی لە پێش نەهیەکەدا وەری گرتوە لێی ناستێنرێتەوە ، بۆ ئەوە بێ (وأمره إلى الله): کاری ئەو راجیعە بە خوا ، ئێوە لەسەر ئەوە عیتابی لێ مەگرن ، خوا - عز وجل - لەسەر وازهێنانەکەی بەپێی نیەتو خولووصی قەلبی موکافاتی یا موجازاتی ئەداتەوە . (ومن عاد) : هەرکەسێ لە دوای ئەمە کە نەصیحەت کرا گوێ نەداتێ عەودەت بکاتەوە سەر کردنیو بە حەلاڵی بزانێ

(فأولائك أصحاب النار هم فيها خالدون) : ئەوانە ئەصحابی ئاگری جەهەننەمن‌و بە ئەبەدیی تیائەمێننەوە •

(یمحق الله الربا) : خوا ریبا مەحو ئەکاتەوە ، ئەو ماڵەی کە ریبای تێکەڵ بێ بەرەکەتی نایێڵێ بە هیلاکی ئەبا (ویربي الصدقات) : صەدەقە بە ظاهیریش لە ماڵکەم‌کردنەوە بێ خوا - عز وجل - بەرەکەتی تێ‌ئەخاو زیادی ئەکا [بالتجربة ثابتە] • (والله لا یحب كل كفار أثیم) : خوا هیچ کەسێکی گوناهکارو حەرام بە حەلاڵ زانی خۆش ناوێ ، یەعنی ئەیان بوغزێنێ •

(إن الذین آمنوا وعملوا الصالحات وأقاموا الصلاة وآتوا الزكاة) : بە تەحقیق‌و بێ‌شك ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە بە خواو بە پێغەمەران‌و بەو ئەمرو نەهیانەی کە پێغەمەران تەبلیغیان‌کردوەو ، بە ئەحوالی ئاخیرەت‌و عەمەلی صالیحیان‌کردوەو ، نوێژیان بە حوضووری قەلب‌و ئەرکان‌و شەرائیط کردوەو ، زەکاتی ماڵیان دەرکردوە (لهم أجرهم عند ربهم) : بۆ ئەو کەسانە لای خوای خۆیان ئەجریان هەیە هیچی بە زایع ناچێ (ولا خوف علیهم) : لە هیچ شتێك کە بەسەریانا بێ هیچ ترسیان نیە (ولا هم یحزنون) : لەسەر هیچ شتێك کە لەکیسیان بچێ لەوەی کە کردوویانە مەحزوون‌و غەمناك نابن •

(یا أیها الذین آمنوا) : ئەی ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە بە ئەوامیرو نەواهی خوا (اتقوا الله) : تەقواوترستان بێ لە خواو خۆتان لە موخالەفەی ئەمرو نەهی بپارێزن (وذروا ما بقي من الربا) : ئەو ریبایەی کە ماوتانە بەسەر ئەوانەوە کە ماڵتان بەسوود داونێ تەرك بکەن ، داوای هیچی تریان لێ‌مەکەن (إن كنتم مؤمنین) : ئەگەر بە راستی‌و بە دڵ

ئیمانتان هێناوە (فإن لم تفعلوا) : ئەگەر نەیکەن واز لە ریبا نەهێنن (فأذنوا بحرب من الله ورسوله) : لێتان مەعلووم بێ کە خواو رەسووڵی خوا حەربێکی زۆر گەورەتان لەگەڵ ئەکەن • وای بە حالی ئەو کەسەی کە خوا حەربی لەگەڵ بکا (وإن تبتم) : ئەگەر تەوبە بکەن لە ریباو بە حەلاڵ زانینی (فلكم رؤس أموالكم) : رەئسولماڵەکەتان بۆ هەیە وەری بگرنەوە (لا تَظْلمونَ) : زوڵم مەکەن بە زیادەوەرگرتن (ولا تُظْلَمون) : زوڵمیشتان لێ ناکرێ کەدرەنگ بتان دربێتەوە یا کەمتان بدرێتەوە •

وا دەرەکەوێ ئەگەر تەوبە نەکەن لە ئیعتیقادی حەلاڵێتی ریبا رەئسولماڵەکەیان نادرێتەوە ؛ چونکی بەو ئیعتیقادە مورتەد ئەبن مالی ئەوان ئەبێ بە مالی فەیء • (وإن كان ذو عسرة) : ئەگەر ئەوی مالی بەسوود وەرگرتوە تەنگ دەست بێ (فنظرة إلى ميسرة) : لێیان بوەستن تا دەستیان ئەڕواو ماڵیان ئەبێ (وأن تَصَدَّقوا) لێ‌خۆشبوونیان لە وەختی تەنگ‌دەستیدا (خير لكم) : بۆ ئێوە چاکترو خێرترە لە مۆڵەتدانیان (إن كنتم تعلمون) : ئەگەر بزانن کە ثەوابی عەفوکردنیان چەندە زۆرە (واتقوا يوما) : خۆتان بپارێزن لە رۆژێك (ترجعون) : روجووع ئەکرێنەوە (فيه) : لەو رۆژەدا (إلى الله) : بۆ حوضووری خوا ، کە رۆژی مردنە یا رۆژی قیامەتە ، خۆتان حازرکەن بۆ ثەواب یا بۆ عەذاب (ثم) : لە دوای روجووع بوونەوەتان بۆ حوضووری خوا (تُوفّى) : بە تەواوەتی موجازات یا موکافات ئەدرێتەوە (كل نفس) : هەر نەفسێ (ما كسبت) ئەوی لە دنیادا کردوویەتی لە چاکی یا لە خراپی (وهم) : ئەوانە (لا يظلمون) : هیچ زوڵمیان لێ ناکرێ کە لە ثەوابیان کەم بکرێتەوە ، یا لە عەذابیان زیادبکرێ •

ئاياتى ريبــا (في آل عمران) :

(يا أيها الذين آمنوا) : ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە (لاتأكلوا الربا) : سوود مەخۆن (أضعافاً مضاعفة) : بە زیادەیەكی چەند چەندانە ، بەم نەوعە كە ماڵ ئەدەن بە سوود تا موددەیێ ، ئەو كەسە نایێ كە بیداتەوە ، دیسان سوودیان لێ‌ئەستێنن ، تا وای لێ یێ سوودەكە ئەبێ بە چەنـد ئەوەندەی سەرمایەكە ســـەرمایەكەیش هەروا لە جێی خۆی ئـەمێنێ (واتقـــوا الله) : خۆتان بپارێزن لە خوا كە ئیرتیكابی ئەوە بكەن كـە نەهیتـــان لێ‌كــراوە (لعلكم) : رجای ئەوەتان بێ كە (تفلحون) : رســـتگار بین لـە عەذابی شەدیدی خوا •

ئاياتى دەينو بەيع (سورة البقرة) :

(يا أيها الذين آمنوا) : ئەی ئەوانەی كە ئیمانتان هێناوە (إذا تدأينتم بدين) : كە قەرزێكتان كرد (إلى أجـل مسمى) : تـا موددەییێكی مەعلووم (فاكتبوه) : بی‌نووسن (وليكتب بينكم كاتب بالعدل) لـە بەینی ئێـوەدا كاتبێك بە عەدالەت بی‌نووسێ ، زیـادو كـەم نەنووسێ (ولا يأب كاتب أن يكتب كما علمه الله) : هیچ كاتبێ ئیبا لە نووسینی نەكا وەك خوا كیتابەتی تەعلیمی ئەوكردوە ، ئەویش نەفعی ببێ بۆ خەڵق (وليكتب) : با بی‌نووسێ =(وليملل الذي عليه الحق) : با ئـــەو كەســـەی حەقەكەی بەسەرەوەیـەو قـەرزدار دەبێت ، بڵێتو قســـە بكـاتو بـە كـاتبـەكەی بنـووسـێ = (وليتق الله ربه) : تەقوا لە خوا بكا كە پەروەردگاریەتی (ولا يبخس منـه شيئا) : هیچ لە حەقەكە كـــەم نەكاتەوە بـە تـەواوەتی بە بێ زیادو كـەم بی‌نووسێ (فإن) : ئەگەر (كان الذي عليه الحق سفيهاً) : ئەو كەســـەی حەقەكەی بەسەرەوە بوو سەفیهـ بێ ، عەقڵی بە حساب‌و نووسین نەشـكێ

(أو) : یاخو (ضعیفاً) زەعیف بێ ؛ منداڵ بێ ، یا پیرێکی فەرتووت بێ (أو) : یاخو (لا یستطیع) : تەوانای نەبێ (أن یمل هو) : کە خۆی بێنووسێ کیتابەتی نەبێ (فلیملل ولیه بالعدل) : ئەو کەسە بێنووسێ کە تەماشای ئیش‌و فرمانی ئەکا بە عەدالەت بۆی بنووسێ (واستشهدوا شهیدین من رجالکم) : لە پیاواتتان دوو پیاو بگرن بە شاهید (فإن) : ئەگەر (لم یکونا رجلین) : شاهیدەکانتان پیاو نەبوون ، یەعنی ئەگەر دوو پیاوتان دەست نەکەوت پیانکەن بە شاهید (فرجل وامرأتان) : پیاوێك‌و دوو ژن بگرن بە شاهید (ممن ترضون من الشهداء) : لەوانە کە بە شاهێدییان رازیی ئەبن (أن تضل إحداهما) : مەبادا یەکێ لە ژنەکان لە فکری بچێتەوە ، شایەد ئەگەر لە فکری بچێتەوە (فتذکر إحداهما الأخری) : یەکێکیان ، یەعنی ئەوەی لە فکری ماوە بیخاتەوە فکری ئەوی تریان کە لە فکری چۆتەوە (ولا یأب الشهداء إذا ما دعوا) : شاهیدەکان کە بانگ‌کران بۆ بەشاهیدبوون‌و بۆ شەهادەت‌دان = با سەرپێچیی نەکەن = (ولا تسأموا) : مەلوول مەبن لەمە (أن تکتبوه) : کە بێنووسن (صغیرا أو کبیرا) : قەرزەکە بچووك بێ یا گەورە بێ ، کەم بێ یا زۆر بێ (إلی أجله) : تاوەختی وەعدەهاتنی قەرزدانەوە (ذلکم) : نووسینی (أقسط) : عەدالەتی زیاترە (عند الله) : لای خوا (وأقوم) : بەقووەت‌ترە (للشهادة) : بۆ شەهادەت لەسەردانی (وأدنی أن لا ترتابوا) : نزیکترە لەوەوە کە تیا نەکەونە شکەوە (إلا) : مەگەر (أن تکون تجارة حاضرة) ئەو موعامەلەیە تیجارەتێکی حازر بێ کە (تدیرونها بینکم) : لە بەینی خۆتانا بە حازری دەستاودەست ئەیکەن (فلیس علیکم جناح) : گوناهتان لەسەر نیە (أن لا تکتبوها) : کە نەی‌نووسن چونکی لە نیزاع‌و لەفکرچوونەوە دوورە (وأشهدوا إذا

تبايعتم) : کــە خریدو فرۆختنتان کــرد شــــاهید بـدــرن (ولا یضار کاتب ولا شهید) : نە کاتب نە شاهید زەرەر نەگەیێنن لە نووسینو شــەهادەتا ، یـا زەرەریان پێ نەگەیێنرێ کە ئوجرەتی کاتبەکەو مەصرەفی شاهیدەکە نەدرێ (وإن تفعلوا) : ئەگەر زەرەر بە بایعو موشتەریی ، یا بە کاتبو شـــاهید بکەیێنن (فإنه) : ئەو زەرەرپێـگەیاننە (فسوق بـكم) : فیسقێـکە کە پێتان ئەگا موعەددەب ئەبن لەســــــەری (واتقوا الله) : تەقوا لــە خــوا بـکــەن (ویعلمکم الله) : خوا تەعلیمی ئەوەتان ئەکا لە زانینی بۆ ئێوە مەصلەحەتە بۆ دنیاتانو ئاخیرەتتان (والله) : خوای تعالی (بکل شــيء) : بــە هەموو شتێ (علیم) : عالمە •

(وإن کنتم علی سفر) : ئەگەر لەســــەر ســــەفەر بوون (ولم تجدوا کاتبا) : کاتبتان دەست نەکەوت (فرهان مقبوصه) : رەهنێ وەربـگرن کــە قەرزەکەتانی لە زایعبوون پێ موحافەظە بکەن (فإن) : ئەگەر (امن بعضکم بعضا) : بەعزێکتان بە بەعزێکتان ئەمنییەت بـکا (فلیؤد الذي اوتمن امانته): ئەوەی ئەمنییەتی پێ کراوە ئەمانەتەکەی تــەدا بـکا ، قەرزەکەی لــە وەختی خۆیا بێ چەندو چوون بداتەوە (ولا تکتموا الشهادة) : کەتمی شــەهادەت مەکەن (ومن) : هەرکەسێ (یکتمها) : شەهادەت کەتم بکا (فإنه) : بــە تەحقیق ئەو کەسە (آثم قلبه) : قەلبی گوناهـکار ئەبێ ؛ چونکی شەهادەت لە دلایە زمان مەئموووری ئەوە لە ئاخیرەتا قەلبی موعەددەب ئەبێ (والله بما تعملون علیم) : خوا عالمە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن • ئەمجا کەیفی خۆتانە •

(ســـورة النســـــاء) :

(یا أیها الذین آمنوا) : ئەی ئەوانەی ئیمانتــان هێنــاوە (لا تــأکلوا أموالکم بینکم بالباطل) : لە بەینی خۆتانا بە سەبەبی باطیل وەك غەصب ،

وەك ریبا ، وەك دزییتی ، وەك کەموزیادیی ترازوو کەیلو گەزو قومار ..
= ماڵەکاتتان = مەخۆن (إلا) : مەگەر (أن تکون تجارة) : ئـەو مـالی
یەکتریيە کە ئەیخۆن تیجارەتێ بێ لـە بەینتانـا (عن تراض) : بـە رەزای
هەردوو طەرەف بێ (ولا تقتلوا أنفسكم) یەکتریی مەکوژن ، یا نەفسـی
خۆتان مەکوژن ئیلقای کەنە نـاو تەهلوکەوە (إن الله کـان بكم رحيما) :
بە تەحقیق خوا لەبەر ئەمە کە رەحمەتی زۆرە لەگەڵ ئێوەدا ئـەمرتـان بـە
چاکەو نەهیتان لە خراپە لێ ئەکا (ومن) : هەرکەسێ (یفعل ذلك) : ئەوانە
بکا بە بێ سەبەبی شەرعیی ؛ مالی خەڵق بخوا یـا خەڵق یـا خۆی بکوژێ
(فسوف) : لەمەولا لـە رۆژی قیـامـەتا (نصلیه نارا)[1] : ئەیخەینە نـاو
ئاگری جەهەننەمەوە (وكان ذلك) : خسـتنیانە ناو ئاگرەوە (على الله) :
لەسەر خوا (یسیرا) : ئاسانە .

(سـورة الجمعـة) :

(یا أیها الذین آمنوا) : ئەی ئەوانـەی ئیمانتان هێنـاوە (إذا نودي
للصـلاة) : کـە بانگدرا بـۆ نوێـژ = (من یـوم الجمعـــة) : لـــە
رۆژی جـومعـــەدا = (فاسـعوا إلى ذكـر الله) : عەجەلە بکـــەن بچـن
بۆ ذیکری خوا (وذروا البیع) : تەرکی خریدو فرۆخت بکەن (ذلـكم) :
چوونتان بۆ نوێژ (خیر لكم) بۆ ئێوە لە خریدو فرۆخت چاترە ؛ چونکی
نەفعی ئاخیرەت بە دەوامترە لە نەفعی دنیایی (إن كنتم تعلمون) : ئەگـەر
خێرو شەڕی حەقیقیی بزانن لـە خێرو شـــەڕی ظاهیریی جوێ بکەنـەوە
(فإذا قضیت الصلاة) : کە نوێژ بەجێهێنراو تەواو بوو (فانتشروا) بڵاوبینەوە
(في الأرض) لە ئەرزا (وابتغوا) : طەڵەب بکەن (من فضـــل الله) : لـە

(1) النســـــاء / ٣٠ .

فەضـلی خوا ، فەضلی دونیەوی‌و ئوخرەویی (واذكروا الله كثيرا) : زۆر زیکری خوا بکەن (لعلكم تفلحون) : بە دیکری خوا ئومێدی نەجاتتـان بێ‌و لە دونیاو ئاخیرەتا نائیلی فەوزی خوا بین •

لە وەختی بانگی جومعەوە تا ئیمام سەلام ئەداتەوە ئیشتیغال بە ئیشی دنیایی حەرامە •

(وإذا رأوا تجـارة) : کە چاویان بـە تیجارەتێ کەوت (أو لهوا) : یا چاویان بە لەهوێکی دنیایی کەوت وەکوو ئـەو تەپلەی کـە ئەو وەختـە عادەت بوو لە وەختی کاروان هاتنەوەدا لێ‌ئەدرا عەلامەتی ئەوە کە کاروان هاتۆتەوە (انفضوا إليها) : بۆ ئەو تیجارەت‌و لەهوە هەڕائەکەن (وتركوك قائماً) : تۆ بە پێوە لەســـەر مینبەر بەجێ‌ئێلن (قل) : بلێ ئـەی محمـد (ما عند الله) : ئەو خێرە کە لە لای خوا هەیە (خير) : چاتـرە (من اللهو ومن التجارة) : لە لەهوو تیجارەت (والله خير الرازقين)(١) : خوا لەوانـە کە ئومێدی رزقتان پێیان هەیـە لـە هەموویان باشترە ، کـە وابێ هـــەر تەوەککول‌و ئیعتیماد بەو کەن ، هەر لەو ریزق طەڵەب‌کەن •

پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - رۆژێکی جومعە خوطبـەی ئەخوێند کاروانێ هاتەوە مەتاعیان پێ بـوو ، بـە عادەتی ئەو وەختـە بـۆ عەلامەتی هاتنەوەی تەپڵیان لێ‌دا ، ئەهلی جەماعەت هەموو خوطبـەکەیـان بەجێ‌هێشت چوون بۆ لای کاروانەکە ، تەنهـا دوانزە کەس لـە خزمـەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - مایەوە • ئەو وەختە ئەم ئایەتـانـە نازڵ بوون •

---

(١) الجمعـة / ٩ •

ئەم حەدیثە لە جومعەدا رابورد(1)

٣٥٢٩/١ - أبو هريرة - رضي الله تعالى عنه - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : يأتي على الناس زمان لا يبالِ المرء ما أَخذَ منه ، أمن الحلال أم من الحرام ؟ ح - ١١/٤ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : زەمانێ دێ بەسەر خەڵقا کە ئینسان موبالات ناکا لە ماڵی حەڵاڵی وەرگرتوە یا لە حەرام !

٣٥٣٠/٢ - قال قتادة [رحمه الله تعالى] : كان القوم يتبايعون ويتجرون ، ولكن إذا نابهم حق من حقوق الله لم تلههم تجارة ولا بيع عن ذكر الله حتى يؤدوه إلى الله ح - ١٢/٤ .

تەرجەمە :

قەتادە - رحمه الله تعالى - ئەفەرموێ : قەوم بە تیجارەتو بەیعەوە مەشغووڵ ئەبوون ئەمما موهیممەیێکی دینییان بۆ ظاهیر ببوایە بەبەیعو تیجارەت ئەوانی لەو موهیممە مەشغووڵ نەئەکرد تا حەقی خوایان بەجێ ئەهێنا .

ئیبنوحەجەری عەسقەلانیی ئەفەرموێ : ئەم تەعلیقەم لە قەتادەوە بە مەوصـــــــوولیی نەدیوە . لاکین ئیبنوکەثیر لە تەفسیریا ئەفەرموێ : ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە بازارِا بووم قامەتی نوێژ کرا هەموو خەڵق دووکانیان داخست چوونە مزگەوت ئایەتی : (لا تلهيم

(1) بروانە لاپەرە ٢٢٠ی بەرگی شەشەم .

تجــارة ولا بيـع عن ذكـر الله ...)[1] دەرحــەقی ئــەوان نـازڵبوو .
قەسـطەلانیی .

٣/٣٥٣١ ـ أبـو المنهال يقول : سألت البراء بن عازب وزيد بن أرقم [رضي الله تعالى عنهم] عن الصرف ، فقالا : كنا تاجِرَيْن على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فسألنا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ عن الصرف ، فقال : إن كان يـدا بيد فلا بأس ، وإن كان نَسـاء فلا يصلح ح ـ ١٣/٤ وفي البيوع والهجرة ن ح ـ ٧٨/٤ بفرق لفظي .

تەرجەمە :

ئەبومینهال ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : پارە بە پارەدانم لە بەراءو زەیدی کوڕی ئەرقەم پرسیی ـ رضـي الله تعـالى عنهم ـ فەرموویان : لـە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تاجیربووین ، پارەبەپارەدانمان لە پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ پرســیی فەرمووی : ئەگــەر دەستاودەست بێ زەرەری نیە ، ئەگەر بە نەسیە[2] بێ نابێ .

٤/٣٥٣٢ ـ عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : لما اسـتُخْلِف أبو بكر الصديق [رضي‌الله‌تعالى‌عنه] قال: لقد علم‌قومي أن‌حرفتي لم‌تكن‌تعجز عن مؤنـة أهلي وشغلت بأمر المسلمين ، فسيأكل آل أبي بكر من هذا المال ويحترف للمسلمين فيه ح ـ ١٨/٤ .

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : کە ئەبوبەکری صــەدیق ـ رضي الله تعالى عنه ـ کرا بە خەلیفە فەرمووی : قەومەکـەم ئەزانن کــە

(١) النــور / ٣٧ .
(٢) (نەسیە : نەسیئە) : واتە بە قەرز .

کەسبی من عاجز نەبوو لە ئیدارەی ماڵو منالم ، ئەمما من مەشغووڵکرام بە کاری موسوڵمانانەوە ، لەمەولا ئالی ئەبوبەکر لەم مالی بەیتولماله ئەخواو کەسب ئەکا لەم مالەدا بۆ موسوڵمانان • [یەعنی مالی بەیتولماڵ ئەدا بە خەلق تیجارەتی پێوەبکەنو ئەوی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ له مالی بەیتولماڵ کەمی ئەکاتەوە لە کاری تیجارەتەکە پڕی بکاتەوە] •

٣٥٣٣/٥ ـ عن المقدام ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ما أكل أحد طعاما قطّ خيرا من أن يأكل من عمل يده ، وإن نبي الله داود ـ عليه السلام ـ كان يأكل من عمل يده ح ـ ١٩/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : هیچ کەس هیچ وەقت طەعامێکی باشتری نەخواردوە لەوە کە لە عەمەلی دەستی خۆی بیخوا ، داودی پێغەمەری خوا ـ علیه السلام ـ هەر لە عەمەلی دەستی خۆی خواردوویەتی •

٣٥٣٤/٦ ـ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن داود ـ عليه السلام ـ كان لا يأكل إلا من عمل يده ح ـ ١٩/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : داود پێغەمەر ـ علیه السلام ـ هەر لە عەمەلی دەستی خۆیی خواردوە •

٣٥٣٥/٧ ـ عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : رحم الله رجلا سَمْحا إذا باع ، وإذا اشترى ، وإذا اقتضى ح ـ ٢٠/٤ ، ت ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموويەتی : خوا رەحم بـەو کەسە بکا کە سەخای طەبعی بێ لە کڕیناو فرۆتناو لە حەق سەندنا ٠

٣٥٣٦/٨ ـ حذيفة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : تلقت الملائكة روح رجل ممن كـان قبلكـم ، قالوا : أعمِلْتَ من الخير شيئا ؟ قال : كنت آمُرُ فِتْيانِي أن يُنْظِرُوا ويتجاوزوا عن الموسر ٠ قال : فتجاوزوا عنه ح ـ ٢٠/٤ ، م ـ ٤٤٥/٦ ، جه ٠

تەرجەمە :

حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : مەلائیکە ئیستیقبالی رۆحی پیاوێکی میللەتی پێش ئێوەیان کرد ، لێیان پرسیی : هیچ عەمەلی چاکەت کردوە ؟ وتی : ئەمرم بە پیاوەکانم ئەکرد کە مۆڵەتی قەرزدارەکانم بدەن ، صەرفی نەظـەر بکەن 'موانەی کە هەیانەو دەستیان ئەڕوا ٠ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : مەلائیکەکان تەجاوزیان لەو کرد ، لە گوناهیان نەپرسییەوە ٠

ئەبومالیك لە رەبعیەوە ئەفەرموێ : ئەو پیاوە بە مەلائیکەکانی وت : سوهوولەتم ئەنوان بۆ ئـەوانەی کە دەولـەمەند بوونو ، موهلەتی تـەنگ دەستم ئەدا ٠ ئەبونەعیم لە رەبعیەوە ئەڵێ : پیاوەکە بە مەلائیکەکانی وت : لە مووسیر عوذرم قەبووڵئەکرد ، لە تەنگدەستیش تەجاوزم ئەکرد ٠

٣٥٣٧/٩ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : كان تاجر يداين الناس ، فـإذا رأى معسـرا قـال لفتيانه : تجاوزوا عنه لعل الله أن يتجاوز عنا ٠ فتجاوز الله عنه ح ـ ٢١/٤ ٠

وعند النسائي : فيقول لرسوله : خذ ما تيسر واترك ما عسر ، وتجاوز لعل الله ... إلخ وبعده : فلما هلك قال الله تعالى : هل علمت خيرا قط ؟ قال : لا إلا أنه كان لي غلام ، وكنت أداين الناس فإذا بعثته يتقاضى قلت له : خذ ما تيسر واترك ما عسر ، وتجاوز لعل الله يتجاوز عنا • قال الله تعالى : قد تجاوزت عنك • وفي حديث أبي اليسر : من أنظر معسرا ، أو وضع له أظله الله في ظل عرشه وقد أمر الله تعالى بالصبر على المعسر فقال : (وإن كان ذو عسرة فنظرة إلى ميسرة)[1] القسطلاني •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : تاجیرێ بوو قەرزی بە خەڵق ئەدا ، کە یەکێکی لە قەرزدارەکانی بە تەنگدەستیی بدیایە بە پیاوەکانی ئەوت : بیبەخشن بەڵکو خوایش ئێمە ببەخشێ ، خوا بەخشی • لە ریوایەتی نەسائیدا ئەفەرموێ : بە پیاوەکەی ئەوت : ئەوی بە سووکیی دەستت کەوێتەوە وەری بگرە ، ئەوی لەبەر تەنگدەستی دەستکەوتنەوەی زەحمەت بێ تەرکی بکە بەڵکو خوایش تەجاوز لە گوناهمان بکا • کە ئەو پیاوە مرد خوای تەعالا پێی‌فەرموو : هیچ عەمەلی خێرت کردوە ؟ عەرزی بارەگای ئیلاهیی ئەکا : خەیر هیچ عەمەلی خێرم نیە ئەوەندەی هەیە غولامێکم بوو قەرزیشم بە خەڵق ئەدا کە غولامەکەم بناردایە کە قەرزەکانم بۆ بستێنێتەوە پێم‌ئەوت : ئەوی بە سووکیت دەست‌کەوتەوە وەری‌بگرە ئەوی لەبەر تەنگدەستیی سەندنەوەی زەحمەت بوو وازی لێ بێنە بەڵکو خوایش واز لە گوناهمان بێنێ • خوا پێی ئەفەرموێ : وا منیش تەجاوزم لە تۆ کرد •

(١) البقـــرة / ٢٨٠ •

له حەدیثی ئەبویوسرا ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلی الله تعـالی علیه وسلم - فەرمووی : هەرکەسێ موهڵەتی تەنگدەست بدا یا لە قەرزەکەی داشکێنێ خوا لە ژێر سێبەری عەرشی خۆیا جێی‌ئەکاتەوە • خوا ئەمری کردوە بەوە کە صەبر بکرێ لە تەنگدەست ، فەرموویەتی : ئەگەر قەرزدار تەنگدەست بێ مۆڵەتی بدەن تا دەستی ئەبێ • قەسطەلانی •

١٠/٣٥٣٨ - عن حذيفة [رضي الله تعالى عنه] قال : أتي اللهَ بعبـد من عباده آتـاه الله مالا فقال له : ماذا عملت في الدنيا ؟ قال (ولا يكتمون الله حديثا)[١] قال : يارب آتيتني مالك فكنت أبايع الناس وكان من خلقي الجواز فكنت أيسر على الموسر ، وأنْظِر المعسر ، فقال الله - عـز وجل : أنـا أحق بذا منك ، تجاوزوا عن عبدي • فقـــال عقبـــة بن عامـر الجهني وأبو مسعود الأنصاري [رضي الله تعالى عنهما] : هكذا سـمعنا من فـي رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - م - ٦/٤٤٦ •

(بەسە ، سێ چوار حەدیث مەعنایان یەکێکە) •

١١/٣٥٣٩ - عبدالله بن أبي قتادة أن أبا قتادة [رضي الله تعالى عنه] طلب غريما له فتوارى عنه ، ثم وجده ، فقال : إني معسر • قال : آللهِ ؟ قال: آللهِ ! قال : إني سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : من سرَّهُ أن ينجيه الله من كرب يوم القيامـة فلينفس عن معسر أو يضـع عنه م - ٦/٤٤٨ •

(حەدیثێکی تر لەمە ئەکمەلتر هەیە نازانم لە کوێما نووسیوە • ئەوی تەرکی کردوە مەعناکەی ئەنووسم)[٢] •

(١) النســـاء / ٤٢ •

(٢) ئـەم حەدیثەم نەدۆزیەوەو ، ئـەم نووسینەی دانەریش رەوان نیە.

تەرجەمە :

ئەبوقەتادە - رضي الله تعالى عنه - بە شوێن قەرزدارێکیا ئەگەڕێ خۆیی لێ ئەشارێتەوە [ئەچێتە ماڵەکەی لە ژنەکەی ئەپرسێ کە : فلان کەس لە کوێیە ؟ ئەڵێ : لە ماڵەوە نیە • کوڕێکی منالی ئەبینێ ئەڵێ : باوکت لە کوێیە ؟ ئەڵێ : کە چاوی بە تۆ کەوت چوە ناو هۆدەکەی دایکم خۆی شاردەوە ! بانگی ئەکا ئەڵێ : ئەی فلان ئەزانم لە کوێی وەرە دەرێ : یێتەدەرێ ، لێی ئەپرسێ : بۆ خۆت شاردەوە ؟] ئەڵێ : فەقیرم دەستەتەنگم• ئەڵێ : تو خوا ؟ ئەڵێ : بە خوا ! ئەڵێ : لە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم -م بیستوە ئەیفەرموو : هەرکەسێ پێیخۆشە کە خوا لە غەمی ئاخیرەت نەجاتی بدا مۆڵەتی موعسیرێ بدا یا لە قەرزەکە داشکێنێ [نازانم لەو حەدیثەدا وا بزانم ئەوەیش هەیە کە ناوی لە دەفتەرەکەی مەحوئەکاتەوە] •

ئیبرا لە مۆڵەتدان ثەوابی زیاترە ، بەعزێ ئەڵێن : مۆڵەتدان ثەوابی زیاترە ؛ چونکی کە گەردنی ئازادکرد بە تەواوەتی واز لە قەرزەکە ئەهێنێ• لە ئینتیظاری دەستکەوتنەکەی نەجاتی ئەبێ ، کە موتەظیر بێ تەعەللوقی دڵو غائیلەی ئەمێنێ •

ئەحمەد - رضي الله تعالى عنه - ریوایەت ئەکا کە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرموویەتی : هەرکەسێ موهلەتی تەنگدەستێ بدا بەقەد هەر رۆژێ صەدەقەیێکی هەیە • ئەم تەکەڕروڕی ثەوابە بە تەکەڕروڕی ئەییام بۆ ئەو کەسەی کە بە دەفعەیێ قەرزەکەی ببەخشێ •• نیە •

[ئەمما من ئەڵێم : دڵەلەرزێی قەرزدارەکە بەدائیمی موقابەلەی ئەو تەکەڕروڕی ثەوابە ئەکا ، کە بە جارێ وازی لە قەرزدارەکە هێنا دڵی

رەحەت ئەبێو رەحەت خەوی لێئەکەوێ • ئەمما وەك لە ئایاتی صەدەقەدا رابورد چ مۆڵەت ، چ بەخشین ئەوانیان مەشرووطە بە عەدەمی ئیذاو عەدەمی منەتنان (وإلا) بە هەبا ئەڕوا] •

مُعلقـــات

عن العـدَّاء بن خالد [رضي الله تعالى عنه] قال : كتب لي النبي ـصلى الله تعالى عليه وسـلم ـ هذا ما اشترى محمد رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ من العدَّاء بن خالد بيعُ المسلم المسلم لا داء [لا عيب في المبيع] ولا خِبْثة [أي حلال] ولا غائلة • وقال قتـادة : الغائلـة الزنـا والسرقة والإباق ح ـ ٤/٢٢ ، ن ، جه ابن منده موصولا أن المشتري العداء ـ رضي الله تعالى عنه ـ فواقعتان ، أو اشترى بمعنى باع •

تەرجەمە :

عەددای کوڕی خالید ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ [عەبدێکی لێ‌کڕیم یا پێی‌فرۆتم (على الروايتين)] بۆی نووسیم : ئەمە ئەوەیە کە محمد رەسوولوڵلا لە عەددای کڕی ، یا بە عەددای فرۆت ، بە خەریدو فرۆختی موســــــوڵمان لەگەڵ موسوڵمان ، هیچ عەیب لە مەبیعەکەدا نیە ، پیسیی‌و خولقی خراپی نیـە ، غائیلەی تیا نیە ، نە زینا ، نە دزیی ، نە فیرار •

وقيـل لإبراهيـم [النخعي] : إن بعض النخَّاسين يسـمّي آرِيَّ [دوابه] خراسانَ [مفعول ثان] وســجستان ؛ فيقـول : جـاء أمس من خراسان ، جاء اليوم من سجستان ! فكرهه كراهة شديدة ح ـ ٤/٢٢ •

تەرجەمە :

عەرزی ئیبراهیمی نەخەعیی ـ رحمه الله تعالی ـ کرا کە بەعزێ جامبازی حەیوان ناوی ئەو حەیوانانەی کە لە طەویلەکەیایەتی ئەبا بە خۆراسانیو سەجستانی ، ئەڵێ : دوێنێ لە خۆراسانەوە هاتوە ، ئیمڕۆ لـە سەجستانەوە هاتوە . ئیبراهیم ـ رحمه الله تعالی ـ زۆر بـە شــــیددەت ئەم غەشو تەفرەدانەی کـەرهان .[1]

وقال عقبة بن عـامر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : لا يحل لامرىء يبيـع سـلعة يعلم أن بها داء إلا أخبره ح ـ ٢٣/٤ .

تەرجەمە :

عەقەبە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : دروست نیە بۆ کەسێ کە مەتاعێ بفرۆشێو عیلمی بە عەیبێکی بێ مەگەر خەبەر بە عەیبەکەی بدا .

[هەنجیری هەناران ، گوێزی هەوارامان ، تووی ولیانە ، قایشـــی هەمەدانیش ، ئەگەر هی ئەو جێیانە نەبێ وایە][2] .

١٢/٣٥٤٠ ـ عن حكيم بن حِزام ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قـال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : البيعان بالخيار مالم يتفرّقا ، أو قـال : حتى يتفرقا ، فإن صدّقا وبيّنا بورك لهما في بيعهما ، وإن كتما وكذبا محقت بـركـة بيعهمـا . ح ـ ٢٣/٤ ، م ـ ٤٠٣/٦ ، د ، ت ، ن .

---

(١) دەکرێ ئەم قسە بە جۆرێکی دیکە بنووسرێت ، بەم شێوە : هــەنـدێ کەس گەورەو طەویلەی حەیوانەکانیان بە خۆراسانیو . . . چێناو ئەبەن . واتە کە دەڵێ : ئەمڕۆ لــە خۆراسانەوە هاتووە مەبەستی گەورەکەیە نەك خۆراسانی راستیو ، بەم جۆرە فێڵی کردوە .

(٢) ئەم قسە راستتر وایە لە دوای تەرجەمەی پێشوەوە بێ .

تەرجەمە :

حەکیمی کوڕی حیزام ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بایع‌و موشتەریی تا لەیەك جوێ ئەبنەوە پەشیمان‌بوونەوەیان بۆ هەیە ، ئەگەر لە تەعریفی ماڵەکانیانا راست بکەن‌و بەیانی عەیبی ماڵەکانیان بکەن بەرەکەت ئەخرێتە ماڵەکانیان ، ئەگەر عەیبی بشارنەوەو درۆی تیا بکەن بەرەکەتی خەریدوفرۆختیان لائەبرێ ، هەریەکێکیان کە درۆی تیا بکا ماڵەکەی کە وەری‌ئەگرێ بێ بەرەکەت ئەبێ [صدق رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چەند تیجاری دەوڵەمەنـد نابووت بوە ! موسلیم ئەفەرموێ : حەکیم ـ رضي الله تعالى عنه ـ لـە نـاو کەعبەدا بە وەلەد بوە ، صەدو بیست ساڵ ژیاوە ۰

حەکیم ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە فەتحی مەککەدا موسوڵمان بوە ، لـە ئەوەڵەوە (مؤلفة القلوب) بوو ئەمما بە صەحابەیێکی زۆر گەورەو راست دەرچوو ، لە کیباری صەحابەیە ـ رضي الله تعالى عنه ـ] ۰

٣٥٤١/١٣ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سمعت رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : الحلف [أي اليمين الكاذبة] مَنْفَقَة للسّلعة مَمْحَقَة للبركة [للربح ۰ م] ح ـ ٢٨/٤ ، م ـ ٤٨/٧ ، د ، ن ۰

٣٥٤٢/١٤ ـ عن أبي قتادة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنه سمع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إيـاكم وكثرة الحلف في البيـع ! فإنه ينفق ثـم يَمْحَق م ـ ٤٦/٧ ۰

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرەو ئەبوقەتادە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ یان بیستوە کە نەهی لە سوێن‌خواردن لـە خەریـدو

فرۆختنا فەرموە ، فەرموویەتی : کە ماڵەکە ئەخاتە رەواج لە دواییدا بەرەکەتی نایێڵێ •

١٥/٣٥٤٣ – عن عبدالله بن أبي أوفى – رضي الله تعالى عنهما ـ أن رجلا أقام سلعة وهو في السوق فحلف بالله لقد أعطى بها مالم يعط ؛ ليوقع بها رجلا من المسلمين فنزلت : (إن الذين يشترون بعهد الله وأيمانهم ثمنا قليلا [أولئك لا خلاق لهم في الآخرة ، ولا يكلمهم الله يوم القيامة ، ولا ينظر إليهم ، ولا يزكيهم ولهم عذاب أليم]) آل عمران • ح-٤/٢٨ ، ح-٧/٥٢ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی ئەبوئەوفا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پیاوێ مەتاعێکی هێنا بیفرۆشێ سوێندی بە خوا خوارد کە ئەوەندەی پێ داوە ، ئەوەندەیشی پێنەدابوو ، بۆیەکی سوێندەکە خوارد کە یەکێ لە موسوڵمانانی پێبخەڵەتێنێ ، ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە مەئالی شەریفی وایە : ئەوانەی کە بەو عەهدو پەیمانەی لەگەڵ خوادا ـ عز وجل ـ کردوویانە کە ئیمان بێنن‌و وەفا بە عەهدی خوا بکەن‌و بە درۆسوێندخواردن مەنفەعەتێکی کەمی دنیایی ئەکڕن یەعنی ئاخیرەتیان بە دنیا ئەفرۆشن ، ئەوانە لە ئاخیرەتا هیچ بەشیان نیە لە هەموو خێر بەش براون خوا ـ عز وجل ـ بە لوطف قسەیان لەگەڵ ناکا، =لە رۆژی قیامەتا= بە چاوی مەرحەمەت تەماشایان ناکا، لە چڵك‌و پیسیی گوناه پاکیان ناکاتەوە ، عەزابێکی زۆر گەورەو بەشیددەتیان بۆ هەیە •

١٦/٣٥٤٤ – عن خباب – رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنت قينا في الجاهلية وكان لي على العاصي بن وائل دين فأتيته أتقاضاه قال : لا أعطيك

(١) آل عمران / ٧٧ •

حتى تكفر بمحمد ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ فقلت : لا أكـفر حتـى يُميتك الله ثم تبعث • قال : دعني حتى أموت وأبعث فأوتى مـالا وولـدا فأقضيك ! فنزلت : (أفرأيت الذي كفر بآياتنا وقال لأوتين مالا وولدا ؟ أطلع الغيب أم اتخذ عند الرحمن عهدا ؟)[1] ح ـ ٤/٣٠ ، ١٣١ وفـي المظـالم ، والتفسير ، والإجارة • م ـ ١٠/٢٧١ ، ت ، ن ولفظه في سورة (كهيعص) في تفسير الآية • ح ـ ٧/٢٢٤ : عن خباب =قال=: كنت قينا بمكة ، فعملت للعاصي بن وائل السهمي سيفا ، فجئته أتقاضاه ، فقـــال : لا أعطيك حتى تكفر بمحمد [صلى الله تعالى عليه وسلم] قلت : لا أكفر بمحمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى يميتك الله ثم يحييك [قال : وإني ميت ثم لمبعوث؟ قلت : نعم • أخرى في تلك الصحيفة] قال : إذا أماتني الله ثـم بعثني ولي [هناك أخرى] مال وولد [فأقضيكه • أخرى] فأنزل الله (أفرأيت •••) إلخ•

تەرجەمە :

خەبابی کوڕی ئەرەت ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە زەمانی جاهیلییەتا = لە مەککە = ئاسنگەر بووم ، شیرێکم بۆ عاصی کوڕی وائیل کرد [کە باوکی عەمری کوڕی ئەوە] چووم داوای قەرزەکەم لێ‌کردەوە ، فڵتانی : تـا بە محمـــد کافـر نەبی تاتدەمەوە • وتم : تا نەتۆپیو زیندوو نەبیەوە بە محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کافـر نابم • فڵتانی : بۆچی من ئەتۆپمو زیندوو ئەبمەوە ؟ وتم : ئـا • فڵتانی : سا وازم لێ بێنە تا خوا ئەم تۆپێنێو زیندووم ئەکاتەوە لەوێ ماڵو منـاڵـم ئەدرێتێو قەرزەکـەت ئەدەمەوە خوا ـ عز وجل ـ ئەم ئایەتەی نازڵ‌کرد کە مەئالی شەریفی وایـە : ئەی محمد چاوت لەوەیە کە کوفری بە ئایاتی ئێمە کردوەو ئەفلێتێ : کە لە

(١) مريـم / ٧٨ •

ئاخیرەتا ماڵو ئەولادم ئەدرێتێ ؟ ئایا ئەو کەسە ئیطتیلاعی بەسەر غەیبا هەیە ؟ یاخۆ لە طەرەف خواوە - عز وجل - عەهدو پەیمانی لەگەڵ کراوە کە خوا ماڵو ئەولادی بداتێ لە قیامەتا ؟

لەم جوابی عاصی‌یە کە ئەیداتەوە بە خەبباب مەعلووم ئەبێ کە عاصی بڕوای بە بەعثی ئەمواتو حەشرو نەشر نەبوە ٠

١٧/٣٥٤٥ - قال عمرو [بن دينار] : كان ههنا رجل اسمه نواس ، وكانت عنده إبل هَيْم" [به داء يشبه الاستقاء لا يتروى بالماء ٠ الهيم جمع هيماء ، وهو الإبل العطشان ، الهائم : المخالف للقصد في كل شيء ، أي حيران] فذهب ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما فاشترى تلك الإبل من شريك له ٠ فجاء إليه شريكه فقال : بعنا تلك الإبل ٠ فقال : ممن بعتها ؟ قال : من شيخ كذا وكذا ٠ فقال : ويحك ! ذاك والله ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] فجاءه فقال : إن شريكي باعك إبلا هَيْما ولم يعرفك [من عَرَف أو عرّف ٠ یەعنی نەی‌ناسیوی یا عەیبەکەی بۆ بەیان‌نەکردووی] قال : فاستقها [إذا ٠ أخرى] قال : فلما ذهب يستاقها فقال : دعها رضينا بقضاء رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - لا عدوى ح - ٣٦/٤ ٠

تەرجەمە :

عەمری کوڕی دینار - رحمه الله تعالى - ئەفەرموێ : پیاوێکی نەوواس‌ناو بوو وشترێکی موبتەلا بە دەردی ئیسقای لابوو ٠ ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - تەشریفی چوو ئەو وشترە دەردەدارەی لە شەریکەکەی کڕی ، شەریکەکەی هاتەوە لای نەوواس پێی‌وت : وشترەکەم فرۆت ٠ وتی : بە کێت فرۆت ؟ وتی : بە پیاوێکی واو وام فرۆت ٠ وتی : خوا بتگرێ ! = وەڵڵاهی = ئەو پیاوە ئیبنوعومەرە - رضي الله عنهما -

نەوواس چوە خزمەتی عەرزی‌کرد : شەریکەکەم وشـــترێکی موبتەلا بـە دەردی ئیسقای پێ‌فرۆتووی تۆی نەناســـــیوە • یا پێی وت : خەبەری عەیبەکەی نەداویتێ • ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : کە وابێ وشترەکەت ببەرەوە • نەوواس چوو وشترەکەی بباتەوە ، ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : وازی لێ بێنە ئێمە رەزاین بەو حوکمەی کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی کـە نەخۆشیی لـە خۆیەوە سیرایەت ناکا • بە بەیعەکە رازیی ئەبین •

کەسبی حەججام حەلالە :

٣٥٤٦/١٨ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قـــال : حجم أبو طيبة رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأمر له بصاع من تمر ، وأمر أهله أن يخففوا من خراجه [ولو كان سحتا لم يُعطه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م عن ابن عباس] ح ـ ٣٨/٤ ، م ـ ٤٦١/٦ •

تەرجەمە :

ئەبوطەیبە ـ رضي الله تعالى عنه ـ حەجامەتی لـە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وســـلم گـرت پێغەمەر ـ صلى الله تعـــالى عليه وســـلم ـ ئـەمـری فـــەرمـــوو صـــاعێ خـورمایـان دایـێ [ئیبنـوعـەبــاس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەگەر ئوجرەتی حەججام حەرام بوایە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەی‌ئەدایێ • م] هەم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری بە صاحێبی ئەو عەبدە کرد لـە خەرجـەکـەی ســـووك‌کرد •

٣٥٤٧/١٩ ـ عن نافع عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه قال : إذا تبايع الرجلان فكل واحـد

منهما بالخيار مالم يتفرقا وكانا جميعا ، أو يخير أحدهما الآخر فتبايعا على ذلك فقد وجب البيع ، وإن تفرقا بعد أن يتبايعا ولم يترك واحد منهما البيع فقد وجب البيع ح - ٤٣/٤ ، م - ٤٠١/٦ ، ن ، جه .

٣٥٤٨/٢٠ - وعنه كل بَيِّعَيْن لا بيع بينهما حتى يتفرقا إلا بيع الخيار ح - ٤٤/٤ ، م - ٤٠٣/٦ أو يقول أحدهما لصاحبه : اختر ح - ٤١/٤ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : بایع و موشتەریی کە بەیعیان کرد تا لێك جوێ نەبنەوە ، یا یەکێکیان ئەوی تریان موخەییەر نەکا هەردوکیان موخەییەرن ئەتوانن فەسخی بەیعەکە بکەنەوە ، کە یەکێکیان ئەوی تری موخەییەر کرد ، یا لە دوای بەیعەکە لێك جوێ بنەوە هیچیان تەرکی بەیعەکەی نەکرد خیار نامێنێ بەیعەکە لازم ئەبێ .

لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : کوللێ لە بایع و موشتەریی تا لێك جوێ نەبنەوە لە بەینیانا بەیع نیە ، مەگەر بەیعێ کە نەفی خیاری تیاکرابێ یا یەکێکیان بەوی تریان بلێ : موخەییەر بە ، بەوە خۆی خیاری بۆ نامێنێ ئەوی تریان ئیختیاری بەیعەکە بکا ئەویش خیاری نامێنێ ، ئەگەر سکووت بکا خیاری ئەو باقیە ، سکووت دەلالەت لەسەر رەزا ناکا .

لە پێش قەبضا فرۆتن یا هیبەکردنی مەبیع :

موشتەریی شتێك بکڕێ دەرحاڵ هیبەی بکا بە یەکێ بائیع ئینکار نەکا ، یا عەبدێ بکڕێ دەرحاڵ ئازادی بکا دروستە . طاووس ئەفەرموێ : کەسێ بە رەزا مەتاعێکی کڕی لە پاشا فرۆتی موبایەعەکەی بۆ ئەو واجب ئەبێ ، قازانجەکەی بۆ ئەوە . بوخاریی - ٤٤/٤ (أثر ومعلق) .

٣٥٤٩/٢١ - عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - قال : كنا مع النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - في سفر ، فكنت على بَكْر [وشترى تازەگیراو] صعب لعمر [رضي الله تعالى عنه] فكان يغلبني فيتقدم أمام القوم فيزجره عمر [رضي الله تعالى عنه] ويرده = ثم يتقدم فيزجره عمر ويرده = فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - لعمر [رضي الله تعالى عنه] : بعنيه ، قال : هو لك يا رسول الله . قال بعنيه ، فباعه من رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : هو لك يا عبدالله بن عمر تصنع به ماشئت ح - ٤/٤٤ وفي الهبة .

تەرجەمە :

(رەنگە لە هیبەدا نووسیبێتم ، ئەگەر نووسرابێ لێرە مەینووسن)

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : لە سەفەرێکا لە خزمەت پێغەمەرا بووین - صلى الله تعالى عليه وسلم - سواری وشترێکی تازەگیراوی سەرسەخت بووم ، هی باوکم بوو ، لە بەر سەرڕەقی پێش‌خەڵقەکە ئەکەوتو ، عومەری باوکم - رضي الله تعالى عنه - ئەی گێڕایەوە = هەم پێش‌خەڵقەکە ئەکەوتو باوکم ئەی گێڕایەوە = پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - پێی‌فەرموو : پێم‌بفرۆشە . عەرزی‌کرد : بۆ تۆ بێ (يا رسول الله) فەرمووی : پێم‌بفرۆشە پێی‌فرۆت . فەرمووی : ئەی عەبدوڵلای کوڕی عومەر بۆ تۆ بێ چی لێ ئەکەی لێی بکە .

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - وشترەکەی لە پێش قەبضا هیبەکرد بە عەبدوڵلاو ئیمامی عومەر ئیعتیرازی نەگرت - رضي الله تعالى عنهما -] .

٢٢/٣٥٥٠ ـ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : بعت من أمير المؤمنين عثمان [بن عفان ـ رضي الله تعالى عنهما ـ • أبو ذر] مالا بالوادي [وادي القرى من أعمال المدينة] بمال له بخيبر [نحو ست مراحل من المدينة] فلما تبايعنا رجعت على عقبي حتى خرجت من بيته خشية أن يرادني البيع ، وكانت السنّة أن المتبايعين بالخيار حتى يتفرقا • قال عبدالله [رضي الله تعالى عنه] : فلما وجب بيعي وبيعه رأيت أني قد غبنته بأني سقته إلى أرض ثمود بثلاث ليال وساقني إلى المدينة بثلاث ليال ح ـ ٤/٤٥ •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەرزێکم بە ئەمیرولموئمینین عوثمانی کوڕی عەففان فرۆت ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە (وادی القری) بە ماڵێ لە خەیبەر • کە بەیعەکەمان کرد پاشەوپاش گەڕامەوە تا لە ماڵی عوثمان چوومەدەرێ ، لە ترسی ئەوە مەبادا بەیعەکە فەسخ بکاتەوە ، سوننەتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وابوو کە بایع و موشتەریی تا لێك جوێ ئەبنەوە خیاریان بۆ هەیە • کە بەیعەکەمان بە لێك جوێ بوونەوە تەواو بوو حەقی خیارمان نەما لام وابوو کە ئیمامی عوثمانم خەڵەتانبوو چونکە من ئەوم سەوق کردبوو بۆ جێیێ کە سێ رۆژ لە مەدینەوە دوور بوو ، ئەو منی لە سێ رۆژ رێوە هێنایەوە بۆ مەدینە •

خەڵەتانن بەیعی پێ فەسخ نابێتەوە •

ئەرز بە ئەرز فرۆتن دروستە •

بەیعی غائیب کە صیفەتی لە طەرەفەینەوە مەعلووم بێ دروستە •

٢٣/٣٥٥١ ـ وعنه أن رجلا [حبان بن منقذ ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] ذكر للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه يُخْدع في البيوع فقال : إذا

بايعت فقل : لا خلابة [فكان إذا بايع يقول : لا خلابة • م] ح - ٤٥/٤ ، م - ٤٠٤/٦ د ، ن

تەرجەمە :

پیاوێ کە حیببانی کوڕی مونقیذە - رضي الله تعالى لەخۆی و باوکی - هاتە خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - عەرزی‌کرد : کـە لـە موعامەلەدا ئەخەڵەتێم • فەرمووی : کە موعامەلەت کرد بڵێ : خەڵەتانن لـە دینا نیە • هەموو جارێ وای ئەوت •

لە موعامەلەدا کە ئینسان وای وت بۆی هەیە کـە پەشیمان بێتەوە ، وا نەڵێ موعامەلەکە تەواو ئەبێ •

بۆ شتکڕین بەرەوپیریچوونی ئەوانەی کە شت بێننە شار :

٣٥٥٣/٢٤ - عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أنهم كانوا يشترون الطعام من الركبان على عهد النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فيبعث عليهم من يمنعهم أن يبيعوه حيث اشتروه حتى ينقلوه حيث يباع الطعام ح-٤٨/٤، م - ٣٩٤/٦ •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : لە زەمانی پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - خەڵق طەعامیان لە کاروانیی ئەکڕی ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کەسێکی ئەنارد کە لەو جێیە کە طەعامەکەی لێ‌ئەکڕن نەیفرۆشنەوە تا ئەیهێننە ناو بازاڕ •

٣٥٥٣/٢٥ - عن طاووس عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - نهى أن يبيع الرجل طعامه حتى

یستوفیه [إلی هنا • وعن ابن عمر - رضي الله تعالی عنهما - ح- ٤/٤٨] قلت لابن عباس : کیف ذلك ؟ قال : ذاك دراهم بدراهم والطعام مرجأ ح - ٤/٥٣ ، م ٦/٣٩٣ وفیه : قال ابن عباس [رضي الله تعالی عنهما] : وأحسب کل شيء مثله •

تەرجەمە :

طاووس لە ئیبنوعەباسەوە - رضي الله تعالی عنهما - ریوایەت ئەکا کە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - نەهی‌کردوە لەوە کە ئینسان طەعامێکی کڕی تا قەبضی نەکا پێنێ بیفرۆشێ • طاووس ئەڵێ : لێم‌پرسیی : بۆچی وایە ؟ فەرمووی : ئەوە بەیعی پارەیە بە پارە ، وەرگرتنی طەعامەکە تەئخیر ئەبێ ، یەعنی بەوە ئەبێ بە ریبا • ئیبنوعەباس - رضي الله تعالی عنهما - ئەفەرموێ : لام وایە کە هەموو شتێك وایە ، مەخصووص نیە بە طەعامەوە •

لە گۆترە طەعام کڕینو فرۆتن :

٢٦/٣٥٥٤ - عن ابن عمر - رضي الله تعالی عنهما - قال : رأیت الذین یشترون الطعام مجازفة [من غیر کیل ولا وزن ولا تقدیر] یضربون علی عهد رسول الله - صلی الله تعالی علیه وسلم - أن یبیعوه حتی یؤووه إلی رحالهم ح - ٤/٥٣ ، م - ٦/٣٩٥ ، د ، ن •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالی عنهما - ئەفەرموێ : چاوم کەوت بەوانە کە لە گۆترە طەعام ئەکڕن لێیان ئەدرا کە بیفرۆشن هەتاوەکوو نەیبەنەوە جێی خۆیان ، یەعنی تا قەبضی نەکەن •

[لای ئیمامی شافیعیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ دروسته ، ئەصەح لـە دوو قەولیا ئەمەیـە کـە بـە کەراهـەتی تەنزیهـ مەکرووهە • ئیمامی مالیك ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئەفەرموێ : ئەگـەر بائیـع میقدارەکـەی بزانێ دروست نیە] •

طـەعـام پێـوان :

٣٥٥٥/٢٧ ـ ويذكر عن عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ [معلق وصله الدارقطني ، وأحمد ، وابن ماجه ، والبزار] ان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا بعت فَكِلْ ، وإذا ابْتَعْتَ فاكتل ح ـ ٤/٥١ •

٣٥٥٦/٢٨ ـ عن المقدام بن معد يكرب ـ رضي الله تعالى عنـه ـ عـن النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ قال : كيلوا طعامكم يبارك لكـم ح ـ ٤/٥٢ •

تەرجەمە :

ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : شتت فرۆت بیپێوە ، شتت کڕی بیپێوە • میقدامی کوڕی مەعدیکەریب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ فـەرمووی : طەعامتان بپێون تـا بـە بەرەکەت بێ •

[قال ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە حەکیمی کوڕی حیزام ـ رضي الله تعالى عنه ـ ی فەرموو : شتێکت کڕی تا قەبضی نەکەی مەیفرۆشـە • حەکیم ئەفەرموێ : عەرزمکرد : یا رسول الله پیاو یێتە لام شتێکی لێمئەوێ کە نیمە لە بازاڕابۆی بکڕمو پێی بفرۆشم ؟ پیغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه

وسـلم ـ فەرمووی : ئــەوی نەتبێ مەیفرۆشە • ســـونەنی ئەربـەعـە ، قەســطەلانیی ٤/٥٦ •

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : شتێك لــە وەختی عەقدا زیندوو بێو لە ناو مەبیعا بێ لەوەیە کە کڕاوە ، ئەگەر لــە دواییـا بمرێ موشتەرییەکە ضامنە ، یەعنی بەو شەرتە لە دوای لێك‌جوێ‌بوونەوە بمرێ ح ـ ٤/٥٦ (معلق وصله الطحاوي . والدارقطني ، والاوزاعي) •

البيـع المنهي = عنه =(١) :

٣٥٥٧/٢٩ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : نهى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يبيع حاضر لباد ، ولا تناجشوا ، ولا يبـع الرجل على بيع أخيه ، ولا يخطب على خطبـة أخيـه [حتـى يـذر • م ـ ٦/١٤٧] ولا تسألُ المرأة طلاق أختها لتَكْفَأَ ما في إنائها ح ـ٤/٥٨، م ـ ٦/٣٨٤ ، ببعضه ، د ، ت ، ن •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی‌کردوە لەوەی کە حەضەریی(٢) بۆ خـەڵقی دەرەوە شت‌بفرۆشێ پێی‌بڵێ : لای منی دانێ بە تەدریج بە قیمەتێکی موناســـب بۆت بفرۆشم • فەرموویەتی : بۆ خاتری ئەمە کە خەڵق بخەنە زەرەرەوە • لەسەر شت فیئات زیاد مەکەن ، کە خۆتان نییەتتان نەبێ ئەو شتە بکڕن • کەس لەسەر بەیعی برای دینیی خۆی بەیع نەکا ، خوازبێنیی لەســـەر خوازبێنیی ئەو نەکا تا وازی لێ بێنێ [موزایەدە ، چونـکی نەبڕاوەتەوە ،

(١) مامەڵەی نادروستەو نەهی لێ‌کراو •

(٢) حضري ـ حەضەریی : خەڵکی شار •

وا نيه] ژن داوا نەکا لە پیاوێ پێی بڵێ : ژنەکەت تەڵاق بدە من شووت پێ ئەکەم ، بۆ خاتری ئەوەی کە لە ظەرفی خوشکی دینیی خۆیایەتی بیرێژێو ظەرفەکەی سەرەونخوون بکاتەوە •

بەیعی غەرەرو (حَبَل الحَبَلَة) :

٣٠/٣٥٥٨ - عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أن رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم - نهى عن بيع حَبَل الحَبَلةِ ، وكان بيعا يتبايعه أهل الجاهلية ؛ كان الرجل يتبايع الجَزُور إلى أن تُنْتَج الناقة ثم تُنْتَج التي في بطنها خ - ٤/٦٠ •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - نەهی فەرموە لە فرۆتنێ کە موئەججەل بێ بە زایینی بێچووی وشتری وشتری ئاوس • ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ: ئەمە بەیعێ بوە لە زەمانی جاهیلییەتا پیاوان وشتریان کڕیوە بە قەرز هەتا وەکوو وەقتێ کە وشترێکی ئاوس بزێو بێچوەکەیشی گەورە بێو بزێ ، ئەو وەختە پارەکەی بداتێ [چونکی موددەتەکەی مەجهوولە • بەعزێك ئەڵێن : بێچووی بێچوەکەی بفرۆشێ لەمەدا مەبیع مەجهوول ئەبێ • فەقەط ئیمامی شافیعیی - رضي الله تعالى عنه - وەك تەفسیری ئیبنیعومەری راویی تەصویر کردوە] بەیعی غەرەر شاملی بەیعی میسك لە پۆرکاو ، بەیعی خوریی بە مەڕەوەو ، بەیعی عەبدی فیرارییو ، بەیعی شتێك کە لەو وەختەدا نەبێو ، بەیعی مەجهوولو ئەوی قودرەت بەسەر تەسلیمیا نەبێ •• یێت • قەسطەلانیی ٤ - ٦٠ •

بەیعی مولامەسەو مونابەزە :

٣٥٥٩/٣١ ـ أبو سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ [أخبر ابنـه عامرا] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن المنابـذة وهي طرح الرجل ثوبـه بالبيع إلى رجل قبل أن يقلبه أو ينـظر إليـه ، ونهى عن الملامسة ، والملامسة [بالليل والنهار • م] لمس الثوب لا ينظر إليه ح-٤/٦١، م - ٦/٢٧٧ ، د ، ن • وعـــن أبـي هـــريـــرة ح - ٤/٦٢ ، م - ٦/٢٧٦ (زۆرن مەعنایان هەموو یەکێکە) •

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضی الله تعـالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی‌کردوە لە بەیعی مونابەزەو مولامەسە • مونابەزە ئەوەیە شتەکانیان بۆ یەکتر بهاون • مولامەسە ئەوەیە دەســـت بدەن لە شتەکانیان • هاویتن‌و دەستلێدان بێ ئەمە بە دیقەت تەماشـــای بکەن بە بەیع حسێب بێ •

٣٥٦٠/٣٢ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا تلَقَّوا الركبان ، ولا يبع بعضكم على بيـع بعض ، ولا تناجشوا ، ولا يبـع حاضـر لبـاد ، ولا تُصروا [مثـل لا تزكوا] الغنم ، ومن ابتاعها فهو بخير النظرين بعد أن يحتلبها : إن رضيها أمسكها ، وإن سخطها ردّها وصاعا من تمر ح - ٤/٦٤ ، م - ٦/٣٨٤ د ، ن. ح - ٤/٦٥ في المصرّاة فقط •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : = پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : = بەرەوپیری ئەوانەی شتێنن مەچن ،

لەسەر بەیعی یەکتری بەیعمەکەن ، بە درۆ سەودا مەکەن ؛ فیئات لـەسـەر خەڵق زیادبکەنو بیانخەنە زەرەرەوە ، موقیم بۆ خەڵقی دەرەوە شـــت نەفرۆشێ ، گوانی مەڕ مەبەستن کە خەڵق وا تێ بگا کە شـــیری زۆرە • ئەوی بیکڕێ لە دوای دۆشینی موخەییەرە : ئەگەر پێی رازیی بێ قەبووڵی بکا ، ئەگەر پێی رازیی نەبێ بیاتەوەو لە باتی شیرەکەی صـــاعێ خورمای بـداتێ •

٣٥٦١/٣٣ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: لا يبع حاضر لباد ، دعوا الناس يرزق الله بعضهم من بعض م ـ ٦/٣٨٩ •

٣٥٦٢/٣٤ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : نهينا أن يبيع حاضر لبـاد ، وإن كان أخاه أو أباه م ـ ٦/٣٩٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : ئینسانی موقیم شت بۆ خەڵقی دەرەوە نەفرۆشێ [با باوکی بێ یا برای بێ • أخرى م] واز لە خەڵق بێنن تا خوا بەعزێکیان بە واسیطەی بەعزێکیان رزق بدا •

٣٥٦٣/٣٥ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا تلقوا الجلب ، فمن تلقى فاشترى منه فإذا أتى سيده [أي مالكه] السوق فهو بالخيار م ـ ٦/٣٨٦ •

٣٥٦٤/٣٦ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى أن تتلقى السّلع حتى تبلغ الاسواق م ـ ٦/٣٨٦ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بەرەوپیری جەڵـەب مـەچن ، هەرکەســێ

بەرەوپیری بچێو بیکڕێ صاحێبەکەی کە هاتە بازاڕ موخەییەرە بۆی هەیە لێی بستێنێتەوە •

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ نەهی‌کردوە لەمەی خەڵق بەرەوپیری مەتاع بچێ تا بێنرێتە ناو بازاڕ • (وعن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أيضاً) •

ئیحتیــکار :

٣٥٦٥/٣٧ ـ سعيد بن المسيب [رحمه الله تعالى ، ورضي عن أبيــه] يحدث أن معمَّرا ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من احتكر فهو خاطىء • فقيل لسعيد : فإنك تحتكر • قــال سعيد : إن معمرا الذي كان يحــدث بهذا الحـــديث كــان يحتكر م ـ ٧/٤٤ •

تەرجەمە :

سەعیدی بنی موسەییەب ـ رەحمەت لە خۆی‌و خوا لە باوکی رازیی بێ ـ لە موعەممەرەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەت ئەکا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ فەرموویەتی : هەرکەسێ ئیحتیکار بکا : شت بـۆ گرانبوونی هەڵبگرێ • ئەو کەسە خەتا ئەکا • بە ســـەعیدیان وت : تـۆ ئیحتیکار ئەکەی • فەرمووی : موعەممەری راویی ئەم حەدیثەیش ئەیکرد •

ظاهیر وایە ئەو ئیحتیکارەی ئەوان کردوویانە لە مەحصوولاتی خۆیان بوو بێ ، یا لە خاریجەوە جەلبیان کردبێ ، گینا حوســـنی ظەن بەو پیاوانە وایە ئەو ئیحتیکارەیان نەکردبێ کـــە حەرام بوە ؛ یێنن ماڵی ئــەو محەللە کۆبکەنەوە بۆ گرانیی •

ثمن الكلب(١) :

٣٥٦٦/٣٨ - عن أبي مسعود الأنصاري - رضي الله تعالى عنه - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - نهى عن ثمن = الكلب = [معلما أو لا] ومهر البغي ، وحلوان الكاهن ح - ٤/١١٠ ، م - ٦/٤٥١ •

رافع بن خديج - رضي الله تعالى عنه - قال : سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : شرّ الكسب مهر البغي ، وثمن الكلب ، وكسب الحجام م - ٦/٤٥١ •

وفي أخرى عنه عن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : ثمن الكلب خبيث ، مهر البغيّ خبيث ، وكسب الحجام خبيث م - ٦/٤٥٢ (بـهـســه) •

تەرجەمە :

ئەبومەسعودى ئەنصارىى - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - نەهى‌كردوە لە پارەى قيمەتى سەگ [موعەللەم بێ يا غەيرە موعەللەم ، راگرتنى دروست بێ يا نەبێ] نەهى‌كردوە لە پارەى ژنى فاحيشە كە بەدەلى فەحشەكەى بێ ، هەم لەو پارەى كە ئەدرێ بە كاهين •

رافيعى كوڕى خودەيج - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووى : شەڕڕى كەسب پارەى ژنى فاحيشەيە كە بە فەحش دەستى بكەوێ • هەم پارەى قيمەتى سەگە ، هەم كەسبى حەجامەت‌گرە • هەم ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه

(١) پارەى فرۆشتنى سەگ •

وسلم ـ فەرموویەتی : پارەی قیمەتی سەگ پیسە ، پارەی ژنی فاحیشـــە کە بە فاحیشەیی پەیدای بکا پیسە ، پارەی حەجامەت گر پیسە •

٣٥٦٧/٣٩ ـ عن أبي الزبير قـــال : ســـألت جابرا عـن ثمن الكلب والسِّنَّور ، فقال : زجر النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وســـلم ـ عن ذلـك م ـ ٦/٤٥٢ •

تەرجەمە :

ئەبوزوبەیر ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لە جابیرم پرسیی : پارەی قیمەتی سەگ‌و پشیلە چۆنە ؟ پاکە یا پیسە ؟ فەرمووی ـ رضي الله تعـالى عنه ـ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مەنعی‌کردوون •

[پارەی قیمەتی سەگ‌و ئوجرەتی فاحیشە لەسەر فەحشی ، ئوجرەتی کوڵێ نانی‌و فاڵ‌گرەوە حەرامە • پارەی پشـــیلەو کەســـبی حەجامەت‌گر حەلاڵە ، ئەمما کەسبێکی خەبیثە مەکرووهە • سەگێ نەفعی ببێ بۆ پـاس‌و راو لای بەعزێ موجتەهید پارەی بەیعی دروستە • ئیتلاف بکرێ تەضمینی لازمە • تەماشای شەرحی نەوەویی بـکە (فيه شفاء لما في الصدور) •

بەیعی مردارەوەبوو شەراب‌و بەرازو شتی پیس :

بلـغ عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن سَمُرة باع خمرا ، فقال : قاتل الله سمرة ! ألم يعلم أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لعـن الله اليهود ؛ حرمت عليهم الشحوم فجمّلوها فباعوها ؟ م ـ ٦/٤٦٦ •

٣٥٦٨/٤٠ ـ عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أنه سـمع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول عام الفتح ، وهو بمـكة : إن الله ورسوله حرّم بيع الخمر ، والميتـة ، والخنـزير ، والأصـنام ، فقيل : يارسول الله أرأيت شحوم الميتة ؟ =فإنه= يطلى بها السـفن ، ويـدهن بهـا

الجلود ، ويستصبح بها الناس • فقال : لا هو حرام ، ثم قـال رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عند ذلك : قاتل الله اليهود ! إن الله لما حـرم =عليهـم= شـحومها جمَّلوه ثم باعـوه فأكلـوا ثمنـه ح - ١٠٩/٤ ، ١٠٢ ابن عباس ١٠٣ أبو هريرة وليس فيهما سنة الفتح والأصنام والخمر • م - ٤٦٥/٦ ، د ، ت ، جه وفي المغازي •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـم بیست لە ساڵی فەتحا تەشریفی لە مەككە بو فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ فرۆتنی شەرابو مردارەوە بوو و بەرازو بتی حەرامكردوە • عەرزی‌كرا : (یا رسول الله) خەبـەرمان بدەرێ بەزو پیوی مردارەوەبوو گەمیو پێستی پێ ئەهەنوون ئەیكەن بە چرا ؟ فەرمووی : دروسـت نیە حەرامە • لە پاشـا فەرمووی : لەعنەت لە جووبێ ! كە خوا بەزو پیوی مردارەوەبووی لێحـەرامكـردن هەڵیـانئەكـزان ، تەصـفیەیان ئەكرد ئەیانفرۆت ، پارەكەیان ئەخوارد •

[بت ئەگەر تێك‌بدرێو پارچەكانی بكرێ بە شتی تر دروستە بۆ ئەوە بفرۆشرێ] •

٣٥٦٩/٤١ ـ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من باع نخلا قد أبِّرت [لـم يُذْكر الثمر • أخـرى] فثمرتها للبـائـع إلا أن يشـترط المبتاع ح - ٨٩/٤ ، م - ٤١٧/٦ ، د ، ن ، جـه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ فەرمووی : هەركەسـێ دارخورمایێكی مێی لە نێر چاك‌كراو بفرۆشێو ناوی بەرەكەی نەبا بەرەكەی

بۆ صاحێبەکەیەتی مەگەر ئەوی ئەیکڕێ بەرەکەیشی لەگەڵ شــەرت بکا ، ئەو وەختە بەسەرو بەرەوە ئەبێ بەماڵی موشتەریی •

بیــع الثمار والربویات(١) :

٣٥٧٠/٤٢ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تـعالى عنــه] أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من اشترى طعاما فلا يبعه حتى يكتـاله م ـ ٣٩٧/٦ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليــه وســلم ـ فەرمووی : هەرکەســـێ طەعامێ بکڕێ تا نەیپێوێ نەیفرۆشێ •

٣٥٧١/٤٣ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تــعالى عنــه ـ قال لمروان : أحْلَلْتَ بيع الربا ! فقال مروان : ما فعلت ؛ فقال أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ــ: أحْلَلْتَ بيع الصكاك ، وقد نهى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن بيع الطعام حتى يستوفي • قال : فخطب مروان الناس فنهى عن بيعهــا • قال سليمان [الراوي] : فنظرت إلى حرس يأخذونها من أيــدي النـــاس م ـ ٣٩٧/٦ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە مەروانی فەرموو : تۆ بەیعی ریبات حەڵاڵکردوە ! مەروان وتی : چیمکردوە ؟ ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بەیعی صەکت حەڵاڵکردوە [صەك پوصلەی ئەرزاقە

(١) فرۆشتنی بەروبوومو شتێ کە ریبای تیا بێ •

كه داويانه به خه‌ڵق ئه‌وانيش له پێش‌وه‌رگرتنيا فرۆتوويانه] حاڵوايه كـه پێغه‌مه‌ر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فه‌رموويه‌تی : طه‌عام تا وه‌ری‌نه‌گرن مه‌يفرۆشن ، له پێش وه‌رگرتنيا نه‌هی له فرۆتنی كردوه • مه‌روان خوطبه‌ی خوێند له خوطبه‌كه‌يا نه‌هی له به‌يعی كـرد • سوله‌يمانی راويی ئه‌فه‌رموێ : چاوم به مه‌ئموووران كه‌وت كه ئه‌و پوصلانه‌يان له خه‌ڵق ئه‌سته‌نده‌وه •

٣٥٧٢/٤٤ ـ جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقـول : نهـى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن بيع الصبرة من التمر لا يعلـم مكيلها بالكيل المسمى من التمر م ـ ٦/٣٩٩ •

ته‌رجه‌مه :

پێغه‌مه‌ر ـ صـلى الله تعـالى عليــه وسلم ـ نه‌هی فه‌رموه لـه فرۆتنی كۆمه‌ڵی خورما كه نه‌زانرێ به پێوانه كه‌يله‌كه‌ی چه‌نده به خورما كـه بـه پێوانه كه‌يله‌كه‌ی مه‌علووم بێ •

٣٥٧٣/٤٥ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : نهى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن المحاقلة [ئه‌رزدان به موڵكانه ، گه‌ندم مه‌ثه‌لا لـه گوڵا به گه‌ندمی ته‌ميز] والمخاضرة [به‌يعی زه‌راعه‌ت به‌ســــــــه‌وزيی] والملامسة [ده‌ست له‌تۆپ‌دان بێ ئه‌مه ديقه‌تی لێ بكا] والمنابذة [شـــت بۆيه‌كتر هاويتن] والمزابنة [ميوه‌كه بـه داره‌وه بێ فرۆتن ـ روطه‌ب بـه وشك] ح ـ ٤/٩٠ • پێغه‌مه‌ر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ مه‌نعی لـه‌م به‌يعانه فه‌رموه •

٣٥٧٤/٤٦ ـ عن أبي سعيد الخدري وأبي هريرة ـ رضي الله تعــالى عنهما ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ استعمل رجلا على خيبر ، فجاء بتمر جنيب [نوع جيد من التمر • ئه‌شره‌سي به‌دريی] فقــال

رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أكلُّ تمر خيبر هكذا ؟ قـال : لا والله يا رسول الله ، إنا لنأخذ الصاع من هذا بالصاعين والصاعين بالثلاثة. فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا تفعل ، بع الجمع [أي التمر الرديء] بالدراهم ، ثم ابتع بالدراهم جنيبا ح ـ ٨٨/٤ ، وفي الوكالة والاعتصام م ـ ١٩/٧ ، ن .

تەرجەمە :

ئەبوســـــەعیدی خودریی‌و ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموون : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پیاوێکی [ســەووادی کوڕی غوزەییە ـ رضي الله تعـالى عنــه ـ] کرد بــە مەئمووری خەیبــەر ، پیاوەکە خورماییێکی باشی هێنایە خزمەت پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليــه وسلم ـ ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەموو خورمای خەیبەر وایە ؟ عەرزی‌کرد : نە وەڵڵا (يا رســول الله) ئێمە لـەم خورمایـە صاعێ بە دوو صاع ، دوو صاع بە سێ صاع ئەکڕین . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : وا مەکە خورمای خراپ بە پارە بفرۆشــەو بەو پارەیە خورمای چاکی پێ‌بکڕە .

٣٥٧٥/٤٧ ـ عن أبي سعيد [رضي الله تعالى عنه] يقول : جاء بـلال [رضي الله تعالى عنه] بتمر برني ، فقال له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: من أين هذا ؟ فقال بلال [رضي الله تعالى عنه] : تمر كان عندنا رديء فبعت منه صاعين بصاع لمطعم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وســلم ـ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عند ذلك : أوه ! عين الربا لا تفعل، ولكن إذا أردت أن تشتري التمر فبعه ببيع آخر ثم اشتر به م ـ ١٩/٧ .

تەرجەمە :

ئەبوســـەعیدی خودریی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : بیلال - رضي الله تعالى عنه - خورمای بەرەنی هێنایە خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ، پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليه وسـلم - فەرمووی : ئەمەت لە کوێ بوو ؟ عەرزیکرد : خورماییێکی خراپمان لابوو دوو صاعم فرۆت بە صاعێ بۆ خواردنی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کــە ئەوەی عەرزکرد فەرمووی : ئەی واه ! ئەوە عەینی ریبایە ، مەیکە ، لاکین ئیرادەت بوو خورمای چاك بکڕی خورما خراپەکەت بفرۆشە ، بـەوە هی چاك بکڕە .

٣٥٧٦/٤٨ - عن أبي نضرة [رحمه الله تعالى] قال : سألت ابن عمـر وابن عباس [رضي الله تعالى عنهم] عن الصرف فلم يريا بأسا ، فإني لقـاعد عند أبي سعيد =الخدري= فسألته عن الصرف فقـال : مـازاد فهو ربـا . فأنكرت ذلك لقولهما . فقال : لا أحدثك إلا ماسمعت من رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - جاءه صاحب نخلة بصاع من تمر طيب ، وكـان تمر النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - هذا اللون . فقال له النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم : أنى لك هذا ؟ قال : انطلقت بصاعين فاشتريت بـه هـذا الصاع ، فإن سعر هذا في السوق كذا ، وسعر هذا كذا . فقال رسـول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ويلك أَرْبَيْتَ ! إذا أردت ذلك فبع تمرك بسلعة ، ثم اشتر بسلعتك أيّ تمر شئت . قال أبو سعيد : فالتـمر بالتمر أحق أن يكون ربـا أم الفضة بالفضة ؟ قال : فأتيت ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] بعد فنهاني ولم آت ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : فحدثني أبو الصهباء أنه سأل ابن عباس [رضي الله تعـالى عنهما] بمكـة فكرهـه م - ٢١/٧ .

تەرجەمە :

ئەبونەضرە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : صەڕافیم لە ئیبنوعومەرو ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ پرسیی بە خراپیان نەزانی • لە خزمەت ئەبوسەعیدی خودریبا ـ رضي الله تعالى عنه ـ دانیشتبووم لێمپرسیی ، فەرمووی : زیادیەکەی ریبایە • ئینکاری ئەوەم لێکرد لەبەر قسەی ئیبنوعومەرو ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : من ئەوەت بۆ ریوایەت ئەکەم کە لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیستوە : صاحێب خورمایێ صاعێ خورمای چاکی هێنایە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێیپرسیی : ئەوەت لە کوێ بوو ؟ خورمای پێغەمەریش ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەو نەوعە خورمایە بوو • عەرزیکرد : کە دوو صاع خورمام برد دام بەم صاعە ، فیئاتی ئەم خورمایە لە بازاڕا ئەوەندەو ئەوەندەیەو ، فیئاتی ئەو خورمایە ئەوەندەیە • فەرمووی : کۆستکەوێ ! ریباتکردوە ، کە ئیرادەی ئەوەت بوو خورماکەی خۆت بفرۆشەو بە پارەکەی هەر خورمایێکت هەوەس پێێ بیکرە • ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : خورما بە خورما ئەحەققە کە ریبا بێ یا زیو بە زیو ؟ ئەبونەضرە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لە دوایبا چوومە خزمەت ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ نەهی لێکردم • نەچوومەوە خزمەت ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەبوصەهباء ـ رحمه الله تعالى ـ خەبەری دامێ کە لە مەککە لە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـم پرسیی کەرهانی •

٣٥٧٧/٤٩ ـ أبو صالح الزيات [رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ :] سمع أبا سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول الدينار بالدينار والدرهم بالدرهم [مثلا بمثل ، من زاد وازداد فقد أربى • مسلم] فقلت له : فإن

ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] لا يقوله • فقال أبو سعيد : [قـد لقيت ابن عباس •م] سألته فقلت : سمعته من النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أو وجدته في كتاب الله ؟ قال : كل ذلك لا أقول وأنتم أعلم برســول الله [صلى الله تعالى عليه وسلم] مني ولكنني أخبرني أسامة [رضي الله تعـالى عنه] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا ربا إلا في النســيئة [أي لا في التفاضل] ح ـ ٤/٧٧ ، م ـ ٢٢/٧ ، ن ، جه •

تەرجەمە :

ئەبوصالحی زەییات ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : له ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تعالى عنه ـم بیست ئەیفەرموو : دینار به دینار درهەم به درهەم [میثل به میثل ئەدرێ ، هەرکەسێ زیـاد بـدا یا زیاد وەربگرێ ریبایه • م] عەرزم کرد : ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وا نافەرموێ • ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : به ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ گەییم لێمپرسیی : ئەوەت له پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ بیستوه یا له قورئانا دیوته ؟ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : هیچیان ناڵێم ، ئێوه [چونکی مولازیمی پێغەمەر بوون ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] له من زیاتر ئەوە ئەزانن ، ئەمما ئوسامه ـ رضي الله تعـالى عنه ـ خەبەری داومێ کـه پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فەرموویەتی : ریبا هەر له شتی بەوەعدەدا هـەیـه ، یەعنی له زیادەدا نیـه [فەقەط ئەوە به حەدیثی ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ مەنسـوخه • حەییانی عەدەویی ئەفەرموێ : صـــــەڕافیم له ئەبو (مجلز) پرسیی ، فەرمووی : ئیبنو عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بـه خـراپی نەئەزانی • موددەتێ له عومریا کە عەین به عەین دەست به دەست بفرۆشرێ ئەیفەرموو : ریبا هەر له بەیعی به وەعدەدایه • ئەبوســـــەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ

پێیگەیی حەدیثو قسەی ریبای بۆکرد • لە حەدیثەکەدا خورما بە خورماو گەندم بە گەندمو جۆ بە جۆو ئاڵتوون بە ئاڵتوونو زیو بە زیوی دەست بە دەست میثل بە میثل ئەفرۆشرێ ، ئەوی زیـاد بکا ریبـایـە • ئیبنوعەبباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : ئیستیغفار لە خوا ئەکەمو تەوبەی ئەلا ئەکەم ، لە پاشا بە شیددەت نەهی لێ ئەکرد • (القسطلاني عن الحاكم)]•

٣٥٧٨/٥٠ ـ سليمان بن أبي مسلم قال : سألت أبا المنهال عن الصرف يدا بيد ، فقال : اشتريت أنا وشريك لي شيئا يدا بيد ونسيئة ، فجاءنا البراء بن عازب [رضي الله تعالى عنهما] فسألناه ، فقال : فعلت أنا وشريكي زيد بن أرقم وسألْنا النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ =عن ذلك= فقال : إن كان يدا بيد فخذوه ، وماكان نسيئة فذروه ح ـ ٤/٢٧٩ •

تەرجەمە :

ســـولەیمانی کوڕی ئەبوموسلیم ـ رحمهما الله تعالى ـ ئەفەرموێ : صەڕافیم لە ئەبولمینهال پرسیی دەســـت بە دەســـت ، فەرمووی : منو شەریکێکم بە دەست بـە دەستو بـەوەعدە[1] کردمان ، لە بەرای کوڕی عازیبمان پرسیی ، فەرمووی : منو زەیدی کوڕی ئەرقەمی شـــــەریکم کردمان لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ مان پرسیی فەرمووی : ئەوی بە حازریی بووبێ وەری‌بگرن ، ئەوی بە وەعدە بووبێ تەرکی بکەن •

٣٥٧٩/٥١ ـ عن أبي سعيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنا نـرْزق تمر الجَمْع وهو الخلط من التمر ، وكنا نبيع صاعين بصاع ، فقال النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا صاعين بصاع ، ولا درهمين بـدرهـم ح ـ ٤/٢٣ ، م ـ ٧/٢٠ ، ن ، جـه •

(١) مەبەست لە (وەعدە) لێرەدا قەرزە •

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی – رضي الله تعالی عنه – ئەفەرموێ : خورمـای هەڕەمەمان ئەكڕی[1] دوو ربەمان بە ربەیێ ئەفرۆت ، پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – فەرمووی : نە دوو ربەی خورما بە ربەیێ بفرۆشـــن ، نە درهەمێ بە دوو درهەم بفرۆشن •

٣٥٨٠/٥٢ – عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسـول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – : التمر بالتمر والحنطة بالحنطة والشعير بالشعير والملح بالملح مثلا بمثل يدا بيد ، فمن زاد أو استزاد فقد أربى إلا ما اختلفت ألوانه م – ١١/٧ •

٣٥٨١/٥٣ – وعنه قال : قال رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم –: الذهب بالذهب وزنا بوزن = والفضة بالفضة وزنا بوزن = مثلا بمثل فمن زاد أو استزاد فهو ربا م – ١١/٧ •

(ئەم دوو حەدیثە لە حەدیثێکا لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە – رضي الله تعالی عنه – لە عەدەدی (٩١)ا یێت) •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە : رضي الله تعالی عنه – ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – فەرموویەتی خورما بە خورما ، گەندم بە گەندم ، جۆ بە جۆ ، خوێ بە خوێ •• ئەبێ بە قەد یەك بن دەست بە دەست بێ ، ئەگەر زیادی دا یا زیادی وەرگرت ریبایە ، مەگەر رەنگیان جوێ بێ ، ئاڵتون بە ئاڵتوون بە میثلی خۆی زیو بە زیو بە = میثلی = خۆی ئەفرۆشرێ ؛ ئەگەر زیادو کەم بێ ئەوە ریبایە •

(١) لێرەدا (ئەكڕی) هەڵەیەو دەبێ بگوترێ (ئەمان درایە) چونکـە ئەمـە تەرجەمەی (نرزق)ە .

٣٥٨٢/٥٤ ـ عوف بن أبي جحيفة قال : رأيت أبي اشترى [عبدا] حجاما [فأمر بمحاجمه فكسرت • أخرى] فسألته عن ذلك ، فقال : نهى النبي عن ثمن الكلب وثمن الدم [أجرة الحجامة] ونهى عن الواشمة والموشومة ، وآكل الربا وموكله ، ولعن المصور ح - ٤/٥٤/١١١ •

تەرجەمە :

عەونی کوڕی ئەبوجوحەیفە [رحمه الله تعالى ورضي عن أبيه] ئەفەرموێ : باوکم عەبدێکی حەججامی کڕی ، ئەمری کرد کە ئەسبابی حەجامەتەکەیان شکان ، لێم پرسیی : بۆچیت شکان ؟ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی‌کردوە لە قیمەتی سەگو قیمەتی خوێن ، یەعنی ئوجرەتی حەجامەتو[1] خاڵکوتو خاڵکوتراوو ، سوود خۆرو سوود دەرو ، لەعنی‌کردوە لەوەی صوورەت دروست بکا [خوا رەحممان پێ بکا] •

كراء الارض(٢) :

٣٥٨٣/٥٥ ـ عن الزهري أن سالم بن عبدالله [رضي الله تعالى عنه] أخبره قال : أخبر رافع بن خديج عبدالله بن عمر أن عَمَّيْهِ ظهيراً ومظهِّراً [رضي الله تعالى عنهم] وكانا شهدا بدرا أخبراه أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن كراء المزارع [بجزء من المحصول ، قال الزهري:] قلت لسالم : فتكريها أنت ؟ قال : نعم إن رافعا أكثر على نفسه ح ـ ٦/٢٠٦، ح ـ ٤/١٧٩ ولفظه :

(١) لە حەدیثی (٣٥٤٦/١٨)دا رابورد کە پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ حەقدەستی کەڵەشاخگری داوە .

(٢) بەکرێدانی زەویو زار .

٥٦/٢٥٨٤ ـ عن أبي النجاشي مولى رافع بن خديج [رضي الله تعالى عنه] قال : سمعت رافع بن خديج بن رافع [الانصاري] عن عمه ظُهَيْرِ بن رافع قال ظهير [رضي الله عن جميعهم] : لقد نهانا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن أمر كان بنا رافقا [قال رافع لعمه :] قلت : ماقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فهو حق • قال : دعاني رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ما تفعلون بمحافلكم [بمزارعكم] ؟ قلت : نؤاجرها على الـــرُّبَع [جمع ربيع وهو جدول الماء] وعلى الأوسق من التمر والشعير • قال : لا تفعلوا إزْرَعوها أو أزْرِعوها ، أو أمسكوها [معطلة] قال رافع : قلت : ســـمعا وطاعة ح - ٤/١٧٩ ، م - ٦/٤٢٧ إلى ٤٣١ ، ن ، جه أحاديث بمعنى عن رافع - رضي الله تعالى عنه - •

تەرجەمە :

زوهریی ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : ســـالمی کوڕی عەبدوڵلا خەبەری دامێ کە رافیعی کوڕی خودەیج خەبەری داوە بە عەبدوڵلای کوڕی ئیمامی عومەر کە ظوهەیرو موظەهیری مامی رافیع ، کە لەوانە بوون کە حازری غەزای بەدر بوون خەبەریان داوە بە رافیع - رضي الله تعالى عن الجميع- کە پێغەمەر ـ صلیاللهتعالیعلیهوسلم- نەهیکردوە لەمە کە مەزرەعە بدرێ بە کرێ • زوهریی ئەفەرموێ : بە سالم وت : ئەی تۆ ئەیدەی بـە کرێ ؟ فەرمووی : بەڵێ ئەیدەم رافیع زۆری شت لەســـەر خۆی بەگران گرتـوە [یەعنی فـەرقی نەکـردوە لـــە بەینی ئەمەدا کـــە بـــە نیوەیی‌و سێیەک‌و ••• إلخ بدرێ‌و ، بە میقدارێکی مەعلووم بدرێ • ئەوی مەنهیی بێ ئەمەیە کە کرێکەی مەجهوول بێ • بە سێیەک‌و چواریەک بێ (مەثەلا) ئەگەر بەدەلی کرێکەی مەعلووم بێ بە بیست ربە سی ربە (مەثەلا) ئـەوە حـەرام نیـــە] •

] یەعنی موڵکانەی (قلیاسان) کە ئێمە [ئەیکەین • حەرامــە بۆیە رەچەڵەکمان هــاتــەدەرێ !!] •

ئەصڵی حەدیثەکەی رافیع کە خەبەری داوە بە ئیبنوعومەر ئەمەیە کە ظوهەیر [رضي الله تعالى عن الجميـع] فەرموویەتی : پێغەمەر ـ صــلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لە شتێ لێفەرمووین کە بۆ ئێمە ســـــوهوولەتی تیابوو • رافیع ئەفەرموێ : وتم : ئەوی پێغەمەر ـ صــلى الله تعــالى عليــه وسلم ـ بفەرموێ حەقە [چونکی (وما ينطق عن الهوى)] ظوهەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بانگی کردم لێی پرسیم : ئەرازییەکانتان چۆن لـە عەمەل ئەهێنن ؟ عەرزم کرد : ئەیدەین بـە ئیجارە لەسەر ئەوەی ئەوی لە جۆگەوە نزیك بێ بۆ ئێمە بێ ، یا لەســـەر چەند ربەیێ خورما یا جۆ • فەرمووی : وا مەکەن ، خۆتان زەرعی بکەن ، یا بە خۆڕایی بیدەن بە خەڵق زەرعی بکەن ، یا بە بەطاڵی بی پێلنەوە • رافیع ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : وتم : ئەمری پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەبیێم و ئیطاعەتی ئەکەم •

الحـرث والمزارعـة(١) :

(أفرأيتم ما تحرثون ؟ أأنتم تزرعونه أم نحن الزارعون ؟)(٢) ســورة الـواقعـــــة •

خەبەرم بدەنێ لەوەی کە ئەیچێنن ئایا ئێوە ئەیرووێنن یا ئێمە ؟

٣٥٨٥/٥٧ ـ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : مامن مسلم يغرس غرسا أو يزرع زرعا فيأكل منــه طير أو إنسان أو بهيمة إلا كان له به صدقة ح ـ ٤/١٦٤ ، ت ، وفي الأدب•

(١) کشتوکاڵ کردن •
(٢) الواقعــة / ٦٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هیچ موسـوڵمانێ نیە کە درەختێ بڕوێنێ یـا زەراعەتێ داچێنێو طەیـرێ یـا ئینسـانێ ، یـا حەیوانــێ لێیبخواو ئەوە بۆ ئەو کەسە نەبێ بە صەدەقەیێ •

ئەم حەدیثە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەمە کە زەراعـەتو درەخت ڕوانن ئەفضەلی مەکاسیبە •

٥٨/٣٥٨٦ - عن أبي أمامة الباهلي [رضي الله تعالى عنه] قـال ورأى سِـكّة [گاسن] وشيئا من آلة الحرث ، فقال : سمعت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : لا يدخل هـذا بيت قوم إلا أُدخِلَهُ الـذّلّ • ح - ١٦٥/٤ •

تەرجەمە :

ئەبوئومامەی باهیلیی - رضي الله تعالى عنه - چـاوی بەگاسـنێكو بەعزێ لە ئەسبابی جووت کەوت فەرمووی : لە پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليه وسلم -م بیست ئەیفەرموو : هیچ ماڵێ نیە کە ئەمەی بچێتێ ئیللا ئەو ماڵە ذیللەتی ئەخرێتە ناو •

[لە واقیعا سەرکارو ئیجارەکەرو مەئمووری جیبایەت زۆر زوڵم لـە لادێییو ئەهلی زەراعەت ئەکەن • راجع القسطلاني] •

المزارعــة بالشــطر ونحوه(١) :

معلقات : عن أبي جعفر [محمد بن علي بن الحسين الباقر - رضي الله تعالى عنهم -] قال : ما بالمدينة أهل بيت هجرة إلا يزرعون على الثلث والربع

(١) کشتوکاڵکردن بە نیوەییو سێیەكو شتی وا •

[وصله عبدالرزاق] • وزارع علي [ابن أبي طالب ـ رضي الله تعالى عنه ـ وصله ابن أبي شيبة] وسعد بن مالك [أبي الوقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ] وعبدالله بن مسعود [وصله عنهما ابن أبي شيبة] وعمر بن عبدالعزيز [رضي الله تعالى عنه ـ وصله ابن أبي شيبة] والقاسم [بن محمد وصله عبدالرزاق] وعروة بن الزبير [رضي الله تعالى عنه] وآل أبي بكر ، وآل عمر ، وآل علي [رضي الله تعالى عنهم ، وصله ابن أبي شيبة] وابن سيرين [وصله سعيد بن منصور] وقال عبدالرحمن بن الأسود : كنت أشارك عبدالرحمن بن يزيد في الزرع [ابن أبي شيبة] وعامل عمر الناس على إن جاء عمر بالبذر (: لەسەر ئەمە کە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تۆوەکەی هێنا) من عنده (: لە طەرەف خۆیەوە (فله الشطر) : نیوەی مەحصوولەکە بۆ ئەو بێ ، = وإن جاؤا بالبذر فلهم كذا = ئەگەر ئەوان هێنایان بۆ ئەوان ئەوەندە بێ (وصله ابن أبي شيبة) •

ئەم پیاوە گەورانە هەموو لە سەر جوزئێ لە مەحصوولی ئەرزەکە موزارەعەیان کردوە • حەسەنی بەصریی فەرموویەتی : زەرەری نیە کە ئەرزەکە هی یەکێکیان بێو هەردوکیان مەصرەفی بکێشنو مەحصوولەکە لە بەینیانا بێ [وصله سعيد بن منصور] زوهریش موافقەتی حەسەنی کردوە • حەسەن ـ رحمه الله ـ فەرموویەتی : زەرەری نیە بە نیوەیی لاکۆڵ بکا• [وصله عبدالرزاق] •

ئیبراهیمی نەخەعیی ـ رحمه الله ـ [وصله الأثرم] ئیبنوسیرینو عەطاو حەکەمو زوهرییو قەتادە ـ رحمهم الله ـ فەرموویانە : زەرەری نیە جل بدا بە جۆلاً بە سێیەکو چواریەك بیکا [ابن أبي شيبة] موعەممەر ئەفەرموێ : زەرەری نیە حەیوانات بە سێیەکو چواریەك بدا بەکرێ [وصله عبدالرزاق] ح ـ ٤/١٧٠ وەك لاباری سلێمانی •

٥٩/٣٥٨٧ ـ عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عامل أهل خيبر بشطر مايخرج منها من تمر أو زرع م ـ ٦/٤٣٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ موعامەلەی لەگەڵ جوولەکەی خەیبـــەرا کـــــرد کـــە بیکەنو بیچێنن لەسەر نیوەی مەحصــــــوولاتی = بەروبوومو = خورماو زەراعەت •

٦٠/٣٥٨٨ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] قال : قـال رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ما من مسلم يغرس غرسا إلا كان ما أُكِلَ منه له صدقة ، وما سرق منه له صدقة ، وما أكل السبع منه فهو له صدقة ، وما أكلت الطير فهو له صـدقة ، ولا يرزؤه أحـد إلا كـان لـه صـدقـة م ـ ٦/٤٣٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ درەختێ بڕوێنێ ئەوی خۆی ئەیخوا صەدەقەیە بۆی ، ئەوی لێی ئەدزرێ صەدەقەیە بۆی ، ئەوی دڕندە ئەیخوا ئەوە صـــەدەقەیە بۆی ، ئەوی طەیـر ئەیخوا صــەدەقەیە بۆی ، هیچ کەسێ نیـە کـە لێی کـەم بکاتەوەو بۆی نەبێ بـە صەدەقە •

٦١/٣٥٨٩ ـ وعنه أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دخل على أم بشر الأنصارية [رضي الله تعالى عنها] في نخل لها فقال لها النبي ـ صلى

(١) دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی تەواوی ئەم حەدیثەی نەکردوەو مەبەست لـە حەدیثەکەی نووسیوە •

الله تعالى عليه وسلم ـ : من غرس هذا النخل ؟ أمسلم أم كافر ؟ فقالت : بل مسلم • فقال : لا يغرس مسلم غرسا ، ولا يزرع زرعا فيأكل منه إنسان ولا دابة ولا شيء إلا كانت له صدقة [إلى يوم القيامة م – ٦/٤٣٧] ، م – ٦/٤٣٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – تەشریفی چوە لای ئوممویبشری ئەنصارییە – رضي الله تعالى عنها – لەناو باغێکی خورمایا بوو ، لێی‌پرسیی : ئەم خورمایانە کێ روانوویەتی؟ موسوڵمان یا کافر؟ عەرزی‌کرد : موسولمان• فەرمووی : هیچ موسوڵمانێ نیـە کـە درەختێ بڕوێنێ یا زەراعەتێ بچێنێ ئینسانێ یا حەیوانێ یا شتێکی تر لێی بخوات‌و بۆی نەبێ بە صـــەدەقە تا رۆژی قیامەت •

٦٢/٣٥٩٠ – عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم – نهى عن بيع [لا تبتاعوا الثمر حتى يبدو صلاحه وتذهب عنه الآفة] النخل حتى يزهو ، وعن السنبل حتى يبيضّ ويأمن العاهة ، ونهى البائع والمشتري م – ٦/٤٠٥ ، ٤٠٦ وعنه مثله وفيه يبدو صلاحه حمرته وصفرته •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – نەهی‌کردوە لەمە کە خورما تـا پێ‌ئەگا بفرۆشرێ ، گـوڵـەگەندم‌و جۆ مەثەلا تـا سـپیی هەڵنەگەڕێ‌و لە ئافەت‌ترسی نەمێنێ بفرۆشرێ ، نەهی لە بایعیش‌و لە موشتەریش کردوە • (بدوصلاح)ی ئەوەیە کە سوورهەڵگەڕێت‌و زەردهەڵگەڕێ •

٦٣/٣٥٩١ – عن أبي البختري قال : سألت ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عن بيع النخل ، فقال : نهى رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم –

عن بيع النخل حتى يأكل منه أو يؤكل ، وحتى يوزن • قال : فقلت : مايوزن؟ فقال رجل عنده : حتى يحزر م ٦/٤٠٧ •

تەرجەمە :

ئەبولبوحتوریی ئەفەرموێ : لە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـم پرسیی : خورما بەدارەوە فرۆتن دروستە یان نا ؟ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لە فرۆتنی کـردوە تا وا ئەبێ لێی بخوا یـا لێی بخورێ ، یا تا ئەکێشرێ • لێمپرسیی : مەعنای چی تا ئەکێشرێ؟ پیاوێ لە لای بوو وتی : تا تەخمین ئەکرێ •

٣٥٩٢/٦٤ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] قال : نهى أو نهانا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن بيع الثمر حتى يطيب ، وفي أخرى حتـى يبدو صلاحه • وعن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا تبتاعوا الثمـار حتى يبـدو صـلاحهـا ، م ـ ٦/٤٠٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعـالى عليـه وسلم ـ نەهیکردوە لەمـە میوە تـا پێ نەگاو ئاڵوبۆڵ نەبێ کە بفرۆشرێ •

٣٥٩٣/٦٥ ـ عن نافع أن عبدالله [رضي الله تعالى عنه] أخبره أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن المزابنة ، والمزابنة بيع ثمر النخل بالتمر كيلا ، وبيع العنب بالزبيب كيلا ، وبيع الزرع بالحنطة كيلا م ـ ٦/٤١٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لە موزابەنە کردوە موزابەنە ئەوەیە تەڕ بە وشك بفرۆشرێ بە پێوانە روطەب بـە خورما ، ترێ بە مێوژ غەریکە بـە گەندمو [بە جۆ] •

٣٥٩٤/٦٦ ـ عن جابر وأبي الزبير بن مينا [رضي الله تعالى عنه] قال: نهى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن المحاقلة والمزابنة والمعاومة والمخابرة • قال أحدهما : بيع السنين هي المعاومة ، وعن الثنيا ورخص في العرايا م ـ ٦/٤٢٢ الثنيا المنهي ماكان مجهولا كبعتك هـذه الأشـــجار إلا بعضـها ، وأمـا إذا قال : إلا هـــذه الشـــجرة فـلا • من النـووي •

٣٥٩٥/٦٧ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رخص في بيع العرايا بخرصها فيما دون خمسة أوســق أو في خمسة ، يشك داود قال : خمسة أو دون خمسة ؟ قال : نعم م ـ ٦/٤١٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لە موحاقەلە کردوە زەرع بە دانە لە ئەرزبەکرێدان ، نەهی لە موزابەنە کردوە : میوە بەســـەردارەوە فرۆتن ؛ چونکی زەرەری زۆرەبێ ، نەهی لە موعاوەمە کردوە لە بەیعی بـە وەعدە ساڵو دوو ساڵو سێساڵ ••• إلخ نەهی لە بەیعی موخابەرە کردوە : بەیعی ئەرز کە تۆو لە طەرەف عامیلەوە بێ ، ئەگەر لە طەرەف مالیکەوە بێ ئەبێ بە موزارەعە • نەهی لە ئیستیثنای مەجهوول = کردوە = مەثەلا ئـەم ئەشجارەم بە تۆ فرۆت بەعزێکی نەبێ • ئەگەر موستەثنا مەعلووم بێ بڵێ : ئیللا ئەو درەختە نەبێ دروستە •

لە عەرایا روخصەت دراوە تا پێنج ویسق یەعنی شەصت مود روطەب بە خورما ، خورما بە روطەب ، ترێ بە مێوژ [عەرایا جەمعی عەریەیـە] • مالیك ئەفەرموێ : ئەمەیە یەکێ بەعزێ دارخورما ، مێو ، لە باغی خورمای خۆی جوێبکاتەوەو بیدا بە یەکێکی تر لە پاشا پێیناخۆش بێ کـە ئـەو

کەسە بێتە ناو باغەکەیەوەو خورما یا میوە بچنێ ، بێنێ ئـەو خورما تەڕەی کە بە دارەوەیە بیکڕێتەوە لەوەی کە پێی هیبەکردوە بە خورمای وشـــك بۆ غەیری ئەو دروست نیە ، لای ئەبوحەنیفەیش وایە • ئیمامی شـــافیعی ـ رضي الله تعالى عنه وعنهما ـ ئەفەرموێ : عەرییە هەر بە پێوان ئەبێ لـە پێنج ویسق کەمتر لە خورما دەست بە دەست بە تەخمین نابێ ، لە پێشـەوە پێنج ویسقە وشکەکەی لێ بستێنێ خورماکەی کـە بـە دارەوەیە بـۆی بەرەڵلا بکا •

ســـوفیانی کوڕی حســـــەین ئەفەرموێ : بەعزێ دارخورما بدا بە مەساکین ئەو میسکینانە صەبر نەکەن تا پێ ئەگا بۆیان هەیە بیفرۆشـن بـە خورمای وشك فەقەط مەخصووص بە فەقیرەوە نیە بۆ دەوڵەمەندیش وایە ح - ٨٢/٤ •

٣٥٩٦/٦٨ - أبو سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] يقول : نهـى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن المزابنة والمحاقلة ، والمزابنة : اشتراء الثمر في رؤس النخل ، والمحاقلة : كراء الأرض [أي بجزء محصولها] م - ٤٢٧/٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی کردوە لە فرۆتنی خورمـا بەدارەوەو ئەرزبەکرێدان ، یەعنی بە جوزئێ مەجهوول لە مەحصوولی •

٣٥٩٧/٦٩ ـ عبدالله ابن السائب قال : دخلنا على عبدالله بن معقل ، فسألناه عن المزارعة، فقال : زعم ثابت [بن الضحاك] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن المزارعة ، وأمر بالمؤاجرة وقال : لا بـأس بها م - ٤٣١/٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی لە موزارەعە کردوە کـە تۆو لـە مالیکەوە بێو عەمـەل لـەوی ترەوە بێ ، ئەمری فـەرمـوە بـە بە ئوجرەتدانی ، فەرموویەتی زەرەری نیە •

٣٥٩٨/٧٠ ـ جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] قال : كان لرجال فضول أرضين من أصحاب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من كانت له فضل أرض فليزرعها أو ليمنحها أخاه ، فإن أبى فليمسك أرضه م ـ ٦/٤٢٥ ، ح ـ ٤/١٨٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرموویەتی : هەرکەسێ ئەرزی زیاد لە خۆیی بێ خۆی دایچێنێ یا ببەخشێ بە برای دینیی ، ئەگەر لەوەیش ئیبای کرد تەرکی بکا بە موعەططەلی •

٣٥٩٩/٧١ ـ وعنه قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: من كانت له أرض فليزرعها ، فإن لم يستطع أن يزرعها وعجز عنها فليمنحهـا أخاه المسلم ولا يؤاجرها إياه م ـ ٦/٤٢٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرموویەتی : هەرکەســـێ ئەرزێکی بێ خۆی دایچێنێ ، ئەگەر نەیتوانی بە خۆڕایی بیدا بـە بـرای موسوڵمانی خۆی بە ئوجرەت نەیداتێ •

٣٦٠٠/٧٢ ـ وعنه نهى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ أن يؤخذ للأرض أجر أو حظ م ـ ٦/٤٢٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی فەرموە لەمە کـە ئـەرز ئوجرەت یا بەشێ مەحصوولی بستێنرێ •

٣٦٠١/٧٣ ـ عن عطاء بن أبي رباح عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن المحـاقلة والمزابنة والمخابرة ، وأن يشتري النخل حتى يُشْقِهَ [يشقح • نسـخة أخرى] والإشقاه [والإشقاح ، نسخة أخرى] : أن يحمرَّ أو يصفر ويؤكل منه شيء • والمحاقلة : أن يباع الحقل بكيل من الطعام معلوم ، والمزابنة : أن يباع النخل بأوساق من التمر • والمخابرة : الثلث والربع وأشباه ذلك • قال زيد : قلت لعطاء بن أبي رباح : أسمعت جابر بن عبـدالله [رضـي الله تعالى عنهما] يذكر هذا عن رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ؟ = قال : نعم = م ـ ٦/٤٢١ •

تەرجەمە :

عەطا ئەفەرموێ : جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهیکردوە لەمە کە دەخڵی سەوز بە کەیلێکی مەعلووم لە طەعامی وشکە بفرۆشرێ • نەهیکردوە لەمە کە خورمای تـەڕ بەدارەوە بە چەند ویسقێ لە خورمای وشك بفرۆشرێ • نەهیکردوە کـە ئەرز بە سێیەکو چواریەکو ئەمثالی ئەوە بفرۆشرێ • نەهی فەرموە لـەوە کە خورما تا سوور ئەبێ ، یا تا زەرد ئەبێو وای لێ یێ کە بخورێ بکڕێو بفرۆشرێ • زەیدی راویی ئەفەرموێ : لە عەطام پرسیی : لە جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ت بیست کە ئەمە لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وە ریوایەت بکا ؟ عەطا فەرمووی : بەڵێ •

٣٦٠٢/٧٤ ـ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن المزابنة [قال • أخرى] والمزابنة : بيع الثمر بالتمر كيلا ، وبيع الزبيب بالكَرْم[1] كيلا [إن زاد فلي ، وإن نقص فعلي • أخرى] ح ـ ٧٥/٤ ، ن ، م ـ ٤١٦/٦ وفيه : وبيع الزرع بالحنطة كيلا • م•

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليەوسلم ـ نەهی‌کردوە لەمە کە خورمای تەڕ بە دارەوە بفرۆشرێ بە وشك بە پێوانە ، مێوژ بفرۆشرێ بە ترێ بە پێوانە [بڵێ : روطەب‌و ترێکە کە وشك بۆوە زیادی کرد بۆ من بێ کەمی کرد ئەیبژێرم] قەرسیل بە گەندم بە پێوانە [لە ریوایەتێکی تری موسلیما لە کوللی میوەیێ بە تەخمین م ـ ٤١٦/٦] •

٣٦٠٣/٧٥ ـ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : أصيب رجل في عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في ثمار ابتاعها فكثر دينه ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : تصدقوا عليه• فتصدق الناس عليه ، فلم يبلغ ذلك وفاء دينه • فقال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ لغرمائه : خذوا ما وجدتم وليس لكم إلا ذلك م ـ ٤٣٩/٦•

٣٦٠٤/٧٦ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أمر بوضع الجوائح م ـ ٤٣٩/٦ •

تەرجەمە :

پیاوێ لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ میوەی بەسەر دارەوە کڕی ، میوەکەی تووشی ئافەت بوو بە هیلاکچوو ، قەرزی زۆر

(١) ئەم حەدیثەم بەم لەفظە ــ لەم شوێنەدا ــ نەدۆزییەوە . ریوایەتەکانی یان (بيع الزبيب بالعنب)ە یان پاش‌وپێشی تریان تێدایە .

بوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : صـــــەدەقەی پێبکەن • صەدەقەیان پێکرد ، صـــەدەقەکە کیفایەتی قەرزەکەی نەکرد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە صـــاحێب قەرزەکانی فەرموو : چیتان دەست کەوت وەری بگرن غەیری ئەوە هیچ حەقی ترتان نیە •

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ ئەمری = کرد = کە ئەوی بەهیلاك ئەچێ لە میوەو شتیتر •• دابشکێنرێ •

[لـە وەختێکا کـە حاکـم بووم لە (فەککە) دەعوایێـکی وا لـە بەینی ماڵمودیرو مولتەزیمێکا هەڵـکەوت ؛ ئـەوی بـە هیـلاکچووبوو لـە بەدەڵی ئیلتیزامەکەم داشکان ماڵمودیری تەمییزی مەحکەمەی کـرد ، مەحکـەمـەی تەمییز ئیعلامەکەمی نەقضکرد ، دووبارە موحاکەمەم کردنەوە لەسەر حوکمی پێشـــوو ثەباتم کرد ، دووبارە ماڵمودیر تەمییزیکرد ، هەینەتی عموومی مەحکەمەی تەمییز کۆبوونەوە ؛ چونکی عادەتوایە ، لە نەتیجەی تەحقیقـات نەقضەکەیان نەقضکردو ئیعلامەکەیان تەصدیقکرد • رەشید] •

٧٧/٣٦٠٥ ـ عن زيد بن ثابت ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان الناس في عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يبتاعون الثمار ، فإذا جَدَّ الناس [قطعوا ثمارهم] وحضر تقاضيهم قال المبتاع: إنه أصاب الثمر الدمان [شەخصە] أصابه مِراض [نەخۆشیی] أصـابـه قُشام [هەڵـەم] ••• عاهات يحتجون بها • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لما كثرت عنده الخصومة في ذلك : فإما لا [تتركوا هذه المبايعة] فلا تتبايعوا حتى يبدو صلاح الثمر ، كالمَشُورة يشير بها عليهم لكثرة خصومتهم • [قـال أبو الزناد] : وأخبرني خارجة بن زيد بن ثابت أن زيد بن ثابت [رضي الله

تعالى عنه] لم يكن يبيع ثمار أرضه حتى تطلع الثريا ، فيتبين الأصفر من الأحمر ح - ٤/٨٣ •

تەرجەمە :

زەیدی کوڕی ثابیت ئەفەرموێ : خەڵق لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەریداریان ئەکڕی ، کە وەختی چنینی میوەکـە هـاتو داوای بەدەلی میوەکەیان لێکرا ئەوانەی کڕیبوویان ئەیانووت: میوە ژەنگی لێداوە ، دۆوکەی لێداوە ، هەڵەمی‌کردوە ••• بەو دەردانە بەهانەیـان بـە صاحێب باغەکە ئەگرت • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە ئـەو نەوعە دەعوایەی لە خزمەتا زۆر بوو فەرمووی : واز لەم نەوعە موعامەلەیە بێنن • کە هەر وازی لێ نایێنن مەیکڕنو مەیفرۆشن تا پێ‌ئەگاو لـە غـەم ئەڕەخسێ • ئەمەی ئەفەرموو نەهی نەبوو ، بە طەریقی مەشـــۆرەت پێی ئەفەرموون ، ئیشـــارەتی بـەوە ئەفەرموو کـە گەڕوگیرەی زۆریان لـە بەینا ئەبێ •

ئەبوزەناد کە یەکێکە لە راوییان ئەفەرموێ : خاریجەی کوڕی زەیدی کوڕی ثابیت ـ رضي الله تعالى عنه ـ تا ثورەییا ـ کـــە لە وەختی ئەووەڵی میوەدا هەڵیێ ـ هەڵنەهاتایێ میوەی ئەرزی خۆی نەئەفرۆت ، ئەو وەختە زەردو سووری دیاریی ئەدا •

بـەم حەدیثە فرۆتنی میوە بەدارەوە لـە پێش تانەدانـا لەو وەختــەدا حەرام نەبوە •

٣٦٠٦/٧٨ ـ ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كان يكري مزارعـه على عهد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأبي بـــكر وعمـر وعثمـان ـ رضي الله تعالى عنهم ـ وصدرا من إمارة معاوية • ثم حدث عـن رافع

بن خديج [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن كراء المزارع ، فذهب ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] إلى رافع [قال نـافع] : فذهبت معه ، فسأله ، فقال : نهى النبي ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ عن كراء المزارع • فقال ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : قد علمت أنا نُكْري مزارعنا على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بما علـى الأربِعـــاء وبشـــــيء مـن التبـــن ح ـ ٤/١٨١ ، م ـ ٦/٤٢٨ •

٣٦٠٧/٧٩ ـ عن عمرو بن دينار قال : ذكرته لطاووس ، فقال يُزْرِع• قال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ: إن النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ لم ينه عنه ولكن قال : أن يمنح أحدكم أخاه خير له من أن يـأخذ شيئا معلوما ح ـ ٤/١٨٠ ، م ـ ٦/٤٣١ بمعناه •

٣٦٠٨/٨٠ ـ عن حنظلة بن قيس عن رافع بن خديج ـ رضي الله تعالى عنهم ـ قال : حدثني عماي أنهم كانوا يكرون الأرض على عهد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بما ينبت على الأربعاء أو شيء [كالثلث أو الـربـع] يستثنيه صاحب الأرض ، فنهى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن ذلك [للجهـل] قال حنظلة : فقلت لرافع فكيف هي بالدينار والدرهم ؟ فقـــال رافـع : ليس بها بأس بالدينار والدرهم • وقال الليث : وكان الذي نهى عن ذلك ما لو نظر فيه ذوو الفهم بالحلال والحرام لم يجيزوه لما فيه من المخاطرة ح ـ ٤/١٨١ ، ن •

تەرجەمە :

نافیع ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ ئەراضیی خۆی لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و لە زەمانی ئەبوبەکرو عومەرو عوثمان ـ رضي الله تعالى عنهم ـ و ئەووەڵی

قەراڵێتیی موعاویە ئەدا بە کرێ ، لە پاشا خەبەری درایێ لە رافیعی کوڕی خودەیجەوە کە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ نەهی لە بەکرێدانی ئەراضی کردوە • ئیبنوعومەر ـ رضي اللە تعالی عنهما ـ تەشریفی چوە لای رافیع ـ رضي اللە تعالی عنە ـ منیش لـە خزمـــەتیـــا چووم لێی‌پرسیی : فەرمووی : پێغەمەر ـ صـلی اللە تعـالی علیـە وســلم ـ نەهی‌کردوە لـە بەکرێدانی ئەراضیی • ئیبنوعومەر ـ رضي اللە تعالی عنە ـ فەرمووی : یا رافیع تۆ ئەزانی کە ئێمە لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ مەزرەعەکانمان ئەدا بە کرێ بەوە کە لەسەر جۆگەکان ئەڕوێ‌و بە بەعزێ لە کا ؟ [یەعنی ئەوی پێغەمـەر ـ صلی اللە تعـالی علیە وسـلم ـ نەهی لێ کردوە ئەوانەیە کە موشتەمیلە بەسەر شەرطی فاسیدا ، نەهی لەوە نەکردوە کە بە شتێکی مەعلووم بدرێ (من القسطلاني)] لە پاشـــا ئیبنوعومەر ـ رضي اللە تعالی عنهما ـ ترساو تەرکی کرد مەبادا پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ نەهی لە مەعلوومیش کردبێ ح ـ ٤/١٨١ •

حەنظەلەی کوڕی قەیس ـ رحمە اللە تعالی ـ لە رافیعەوە ئەویش لـە مامەکانیەوە ـ رضـــي اللە تعـالی عنهم ـ ئەفەرموێ : لـە عەهدی پێغەمەرا ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ ئەرزیان ئـەدا بـە کـرێ بەوەی لـە گوێ جـۆگەکان ئەڕوێ ، یا بـە شتێك کە صاحێب ئەرزەکە ئیستیثنای ئەکا • پێغەمەر ـ صلی اللە تعـالی علیـە وســلم ـ نەهی لێ فـەرموو • حەنظەلـە ئەفەرموێ : لە رافیعم پرسیی ـ رضي اللە تعالی عنە ـ : ئـەی بـە دینـارو درهەم دروستە یان نا ؟ فەرمووی : دروستە زەرەری نیە • عەمری کوڕی دینار ئەڵێ : حەدیثەکەی رافیعم لە طاووس پرسیی ، فەرمووی : بیدا بـە کرێ ؛ چونکی ئیبنوعەباس رضي اللە تعـالی عنهما ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ نەهی لێ نەکردوە ، ئەمما فەرموویەتی : بـە

ئیحسان ئینسان ئەرزی خۆی بە خۆڕایی بدا بە برای دینیی خۆی خێرترە کە بە شتێکی مەعلووم بیداتێ • لەیثی کوڕی سـەعدی ئیمام ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : ئەوی نەهی ئەوەی لێ کراوە ئەگەر ئەوانەی کـــە عیلمیان بە حەڵاڵو حەرام هەیـە تێیبفکرن بـە جەوازی نایێرن ؛ چونکی موخاطەرەی تیایە •

٣٦٠٩/٨١ ـ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عامل خيبر بشطر مايخرج منها من ثـمر أو زرع ، فكان يعطي أزواجه مائة وِسـق ؛ ثمانون وسق تمر ، وعشرون وسق شعير ، فقسم عمر [رضي الله تعالى عنه] خيبر ، فخير أزواج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: أن يقطـع لهن من المـاء والأرض ، أو يمضي لهن • فمنهن من اختار الأرض ، ومنهن من اختار الوسق ، وكانت عائشة [رضي الله تعالى عنها] اختارت الأرض ح ـ ٤/٧١ ، م ٦/٤٣٢ •

قـال عمرو [بن دينار] : قلت لطاووس : لو تركت المخابرة ! فـإنهم يزعمون أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عنه • قال أي عمرو : إني أعطيهم وأغنيهم ، وإن أعلمهم أخبرني يعني ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لم ينه عنه ، ولكن قـال : أن يمنح أحدكم أخاه خير له من أن يأخذ عليه خرجا معلوما ح ـ ٤/١٧٢ ، د ، ت ، جه ، ن ، وفي الهبة م ـ ٦/٤٣١ ليس فيه : أعطيهم وأغنيهم •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [کـــە فەتحی خەیبەری کردو ئیرادەی بوو کە جوولەکەی خەیبەر بکاتەدەرێو عەرزیان کرد دەریان نەکاو بیان هێڵێتەوە بەوشەرتە کە باغو ئەرازیی خەیبەر بێننـە نـاو بە نیوەیی] موعامەلەی لەگەڵکردن بە نیوەیی • لە واریداتی ساڵی صەد ویســـــقی

[شەست مود] ئەدا بە ئەزواجی طاهیرات ، هەشتای خورماو بیستی جۆ • ئیمامی عومەر – رضي الله تعالى عنـه ـ لـه زەمـانی خەلافەتیا خەیبەری تەقسیمکرد لە بەینی غانیمینا ، ئەزواجی طاهیراتی موخەییەرکرد لـە بەینی ئەمەدا کە : ئاوو ئەرازییان بداتێ ، یا لەسەر ئەوە بمێننەوە کـە پێغەمـەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ لـە حالی حەیاتیا پێیعەطا فەرموون • بەعزێکیان ئەرزی ویســـت ، بەعزێکیان ویسقیان ویســت ، حەزرەتی عایشەی خۆشەویستی ئەرزی ئیختیار کرد •

[ئەم حەدیثە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەمە کـە موزارەعەو موخـابـەرە دروستە • فەرموویانە : ئەحادیثی نەهی هەموو (معلل)ن ، وە یا ئەڵێن : کە بۆ یەکێکیان ئەوە شەرط بکرێ کە پارچەیێکی موعەییەن زەرع بکا ، ئەوی تریان باقیەکەی •• ئەوە بەتاڵە ، کە بەتاڵ بێ کێ تۆوەکەی دائەچێنێ خەلەکەی هی ئەوە • ئەگەر تۆوەکە هی عامیل بێ صــــاحێب ئەرزەکە ئوجرەتی میثلی ئەرزەکەی هەیە ، ئەگەر تۆوەکە هی مالیك بێ عامیلـەکـە ئوجرەتی میثلی هەیە بۆ ئیشکردنەکەیو بۆ ئالاتی زیراعییەکەی ، ئەگەر تـۆوەکـە هی هەردوکیان بـێ واریـداتـەکـە هـی هەردوکیان ئـەبێ بـــە قـەد تۆوەکـەی ، صـاحێب ئـەرز ئـوجـرەتـی ئـــەرزەکـەی ئـەبـێو عـامیـل ئـوجـرەتـی فـرمـانو گـــاو گـاســـنی ئـەبی بـە عورفو عادەت ، ئەگەر ئیرادەیان وابێ کـە بـە طەریقی مەشـــــرووع واریداتەکەیان موشتەرەك بێ ئەگەر تۆو لە طەرەف عامیلەوە بێ عامیلەکـە نیوەی ئەرزەکە مەثەلا بە نیوە ئوجرەتی عەمەلیو گاو گاسنی لە مالیکەکە بەکرێ بگرێ ، ئەگەر تۆوەکە لە مالیکەوە بێ عامیلەکە بە نیوەیی تۆوەکەی بەکرێ بگرێ کە نیوەی ئەرزەکەی بۆ داچێنێ نیوەکەی تری ئەرزەکەی بە عارییە بداتێ ، ئەگـەر هەوەسی پێنێ عامیلەکـە بـە نیوەی تۆوەکەییو نیوەی ئەرزەکەی بەکرێ بگرێ کە نیوەکەی تری بۆ داچێنێ ، ئەگەر تۆو

هی هەردوکیان بێ بەو قیاسە • (من القسطلاني) بۆیەکم نووسی چونکی لە سلێمانی ئەم نەوعە موزارەعەو موخابەرە زۆرە] •

عەمری کوڕی دینار – رحمه الله تعالى – ئەفەرموێ : بە طاووســـم وت : وازت لە موخابەرە بێنایێ چونکی ریوایەت لە پێغەمەرەوە – صلى الله تعالى عليه وسلم – ئەکەن کە نەهی لێکردوە • فەرمووی : ئەی عەمر من ئەیان ئەمێو غەنییان ئەکەم • ئەوانەی کە ئەڵێن پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – نەهی لێکردوە لەوان عالمتر کە ئیبنوعەباسە – رضي الله تعالى عنهما – خەبەری داومێ کە پێغەمەر – صلى الله تعـالى عليـه وسلم – نەهی لێنەکردوە ، فەرموویەتی : ئەگەر یەکێ لە ئێوە ئەرزەکەی بە خۆڕایی بدا بـە برای دینیی خۆی لەوە بۆی چاتــرە کـــە خەرجێکی مـەعلوومی لێ بستێنێ ، یەعنی ئوجرەتی مەعلوومە دروستە ، ئەمما وەرنەگرتنی خێرترە• ئەوی مەمنووع بێ سێبەلکو چواریەکە (مەثەلا) کە مەجهوولە •

بچینەوە سەر بەحثی ئاڵتوونو زیوو دانەوێڵە •

٣٦١٠/٨٢ ابن شهاب عن مالك بن أوس أخبره أنـه التمس صـرفـا بمائـة دينار فدعاني طلحة بن عبيدالله [رضي الله تعالى عنه] فتراوضنا [أي تجارينا حديث البيع والشراء] حتى اصطرف مني ، فأخذ الذهب يُقَلِّبها في يده ، ثم قال : حتى يأتي خازني من الغابة وعمر [رضي الله تعالى عنه] يسمع ذلك • فقال : والله لا تفارقه حتى تأخذ منه [الدراهم] قال رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – : الذهب بالذهب ربا إلا هـاء وهـاء ، والبر بالبر ربا إلا هاء وهاء ، والشعير بالشعير ربا إلا هاء وهاء ، والتمر بالتمر ربا إلا هاء وهاء ح – ٤/٧٥ ، ٥٤ ، م – ٧/٧ بفرق لفظي •

تەرجەمە :

مالیکی کوڕی ئەوس – رحمه الله تعالى – ئەفەرموێ : بـۆ یـەکێـك ئەگەڕام کە صەد دینارم بۆ بکا بـە درهەم • طەلحـەی کوڕی عوبەیدیللا

ـ رضي الله تعالى عنه ـ بانگی‌کردم ، قسەمان لە وردکردنەوەی دینارەکـان ئەکرد تا بۆم بگۆڕێتەوە بە درهەم طەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ دینارەکانی وەرگرت لە دەستیا ئەمدیوو ئەودیوی پێ‌ئەکرد فەرمووی : تا خازینەکەم لە غابەوە بێتەوە [کە جێیەکە لە ژوور مەدینەوە] ئیمامی عومەر ـ رضـي الله تعالى عنه ـ گوێی لێ‌بوو فەرمووی : وەڵلاهی نابێ لێی جوێ‌بیەوە تـا لێی‌وەرە گری ؛ پێغەمەرـصلی‌اللەتعالی‌علیه‌وسلم‌ـ فەرمووی:ئاڵتون بەئاڵتوون ریبایە مەگەر ئەم بڵێ هاو ئەو بڵێ ها • گەندم بە گەندم ریبایە مەگەر ئەم بڵێ هاو ئەو بڵێ ها • جۆبەجۆ ریبـایـە مەگـەر ئەم بڵێ هاو ئەو بڵێ ها • خورما بە خورما ریبایە مەگەر ئەم بڵێ هاو ئەو بڵێ هـا [یەعنی لـەو جێیە تەسلیمی یەکتری بکەن] •

٣٦١١/٨٣ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لعن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : آكل الربا ، وموكله ، وكاتبه ، وشاهديه ، وقال : هم سواء م ـ ٧/٢٤ ، وعن ابن عمر ـ رضي الله تـعالى عنـه ـ فـي الآكل والموكل ولم يسمع مابعده •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ لەعنی لەو کەسە کردوە کـە ســــوود ئەخواو ، لەوەی کـە دەرخواردی ئەداو ، لە کاتبەکەی‌و شـــــاهیدەکانی = و فەرمووی : = هەموویان وەك یەك وانە لە لەعنەتا بەرابەرن •

٣٦١٢/٨٤ ـ فضالة بن عبيد الأنصاري [رضي الله تعالى عنه] يقول : أتى رسولَ الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو بخيبر بقلادة فيها خـرز وذهب وهي من الغنائم تباع ، فأمر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بالذهب الذي في القلادة فنزع وحده ، ثم قال لهم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: الذهب بالذهب وزنا بوزن م ـ ٧/١٣ •

٣٦١٣/٨٥ ـ وعنه قال : اشتريت يوم خيبر قلادة بإثني عشر دينـــارا فيها ذهب وخرز ، ففصلتها فوجدت فيها أكثر من اثني عشر دينارا فذكرت ذلك للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقـــال : لا تبـاع حتى تفصـل م ـ ١٣/٧ •

٣٦١٤/٨٦ ـ وعنه قال : كنا مع رسول الله ـ صلى الله تعـــالى عليــه وسلم ـ يوم خيبر نبايع اليهود الوقية الذهب بالدينـارين والثلاثـة فـقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا تبيعوا الـذهب بالـذهب إلا وزنـا بوزن م ـ ١٥/٧ •

تەرجەمە :

فەضالەی کوڕی عوبەیدی ئەنصـــــــــاریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی لە خەیبەر بوو ملیوانکەیێکیان هێنایە خزمەت ، ئاڵتوونو موجەوهەراتی تیـابوو ، لــە غەنایم بوو ئەفرۆشرا ، ئەمری فەرموو : ئـاڵتوونـەکـەیـان لێدەرهێنـاو جوێیانکردەوە • ئەمری پێفەرموون : ئاڵتوون بە ئاڵتوون بفرۆشرێ ئەبێ بە وەزن بەقەد یەك بێ •

فەضـــــــاله ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ ئەفەرموێ : رۆژی خەیبەر ـ ملیوانکەیێکم بە دوانزە دینار کڕی ئاڵتوونو متوموورووی تیا بوو لێـکم جوێ کردنەوە ، ئاڵتوونەکەی لە دوانزە دینار زیاتر بوو • عەرزی پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کـرد ، فەرمووی : تالێك جوێ نەکرێنـەوە نافرۆشرێ •

ئەفەرموێ : رۆژی خەیبەر لـە خزمەت پێغەمەرا بووین ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەگەڵ جوولەکە بەیعو شـــــیرامان ئەکرد ، ئووقیەیێ

ئاڵتوونمان بە دوو دینارو بە سێ دینار موبایەعە ئەکردە فەرمووی: لە وەزنا بە قەد یەك نەبن ئاڵتوون بە ئاڵتوون مەفرۆشن •

٨٧/٣٦١٥ ـ عن حنش قال : كنا مع فضالة بن عبيد [رضي الله تعالى عنــه] في غزوة فطارت لي ولأصحابي قـلادة فيهـا ذهب وورق وجوهر ، فأردت أن أشتريها ، فسألت فضالة بن عبيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : انزع ذهبها فاجعله في كفة واجعل ذهبك في كفة ، ثم لا تأخـذن إلا مثـلا بمثل ؛ فإني سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يأخذن إلا مثلا بمثل م ـ ١٦/٧ •

تەرجەمە :

حەنەش ـ رحمــه الله تعــالى ـ ئەفەرموێ : لــە غەزاییێکا لە خزمــەت فەضالەی کوڕی عوبەیدا بووم ـ رضي الله تعــالى عنــه ـ بۆ منو رەفیقانم ملیوانکەییێکمان بۆ دەرچوو ، ئاڵتوونو زیوو موجەوهەراتی تیابوو تەمام = بوو = بیکڕم ، لە فەضالەم پرسیی ـ رضي الله تعــالى عنه ـ فەرمووی : ئاڵتوونەکەی دەربێنە بیخەرە ناو تاییێکی تەرازوو ئاڵتوونەکەی خۆیشــت بخەرە ناو تایەکەی تری لە پاشا هەر میثل بە میثل وەربگرە ، چونکی لــە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : هەرکەســـێ بــاوەڕی بــە خواو رۆژی ئاخیرەت بێ ئاڵتوون هـــەر میثــل بــە میثــل [بفرۆشێو] وەربگرێ •

٨٨/٣٦١٦ ـ عن معمر [رضي الله تعالى عنه] بن عبدالله أنه أرســـل غلامه بصاع قمح فقال : بعه ثم اشتر به شعيرا ، فذهب الغلام فأخذ صاعا وزيادة بعض ، فلما جاء معمرا أخبره بذلك فقال له معمر : لم فعلت ذلك ؟ انطلق فرُدَّهُ ولا تأخذن إلا مثلا بمثل ، فإني كنت أسمع رسول الله ـ صلى

الله تعالى عليه وسلم - يقول : الطعام بالطعام مثلا بمثل ، وكان طعامنا يومئذ الشعير • قيل له : فإنه ليس بمثله • فقال : إني أخاف أن يضارع م-١٧/٧• إحتاط معمر - رضي الله تعالى عنه - وليس فيه حجة لتحريمه •

تەرجەمە :

موعەممەری کوڕی عەبدوڵلا - رضي الله تعالى عنه - صاعێ گەندمی دا بە پیاوێکیو ناردی ئەمری پێفەرموو : بیفرۆشــە بــە پارەکەی جــۆی پێبکرە • غولامەکەی رۆییو گەندمەکەی دا بە صاعێ جۆو شتێك زیاتر • کە هاتەوە خزمەت موعەممەر - رضي الله تعالى عنه - عەرزیکرد ، موعەممەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : بۆ واتکردوە ؟ بچۆ بیدەرەوە میثل بــە میثل نەبێ وەری مەگرە ؛ چونکی لە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم -م ئەبیست ئەیفەرموو : طەعام بە طەعام بفرۆشرێ ئەبێ بە قەد یەك بن • لەو رۆژانەدا کە ئەوەی فەرموو طەعامی ئێمە جۆ بوو • عەرزیکرا : کــە جۆ میثلی گەندم نیە • فەرمووی : ئەترسم کە جۆ وەك گەندم بێ •

[ئەمە ئیحتیاطێکە موعەممەر - رضي الله تعالى عنه - کردوویەتی وە ئیللا گەندمو جۆ جینسیان جوێیە] •

٣٦١٧/٨٩ - عن نافع أن ابن عمر قال له رجل من بني ليث أن أباسعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] يأثر هذا [أي النهي عن بيع الوَرِق والذهب بجنسه إلا مثلا بمثل] = عن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فــي رواية قتيبة = فذهب عبدالله وأنا معه والليثي = حتى دخل = على أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] فقال : إن هذا أخبرني أنك تخبر أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - نهى عن بيع الورِق بالورِق إلا مثلا بمثل، وعن بيع الذهب بالذهب إلا مثلا بمثل • فأشار أبو سعيد [رضي الله تعالى

عنه] بأصبعيه إلى عينيه وأذنيه فقال : أبصرت عيناي ، وسمعت أذناي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : لا تبيعوا الذهب بالذهب ولا تبيعوا الورِق بالورِق إلا مثلا بمثل ، ولا تُشِفّوا بعضه على بعض ولا تبيعوا شيئا غائبا منه بناجز إلا يدا بيد م ـ ٦/٧ ، ت ، ن •

٣٦١٨/٩٠ ـ وعن عثمان بن عفان ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا تبيعوا الدينار بالدينارين ، ولا الدرهم بالدرهمين م ـ ٧/٧ • الإشفاف : الزيادة •

تەرجەمە :

نافیع ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : پیـاوێـکی لەیشیی خەبەری دا بە ئیبنوعومەر کە ئەبوســـــەعیدی خودریی ـ رضي الله تعـالى عنهم ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ بەیعی ئاڵتوون بـە ئاڵتوونو زیو بـە زیوی میثل بـە میثل نەبێ حەرامکردوە • ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ تەشریفی چوە خزمەت ئەبوســـەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ منیشو لەیشیەکەیشی لە خزمەتا چووین • لێیپرسیی : ئـەمـە ، یەعنی لەیشیەکە ئەڵێ کە تۆ خەبەرت داوە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهیکردوە لە فرۆتنی ئاڵتوون بە ئاڵتوونو زیو بە زیو مەگــەر بەقەد یەك بن • ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ هەردوو پەنجەی نایـە سەر هەردوو چاویو هەردوو گوێی فەرمووی : بە چاو دیم بە گوێ بیستم کـە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه سلم ـ فەرمووی : میثل بـە میثل نەبێ ئاڵتوون بە ئاڵتوونو زیو بە زیو مەفرۆشن ، بەعزێکیان لەسەر بەعزێکیان زیاد مەکەن هەر بەقەد یەك بن ، شتێکی غائیب بەحازر مەفرۆشـــن مەگەر دەست بە دەستەوە بێ •

ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : دیناریٚ بە دوو دینارو درهەمێ بە دوو درهەم مەفرۆشن ٠

[٠٠ ٠٠٠]

٣٦١٩/٩١ ـ أبو قلابة قال : كنت بالشام في حلقة فيها مسلم بن يسار، فجاء أبو الأشعث ـ رحمه الله تعالى ـ قال : قالوا : أبو الأشعث ! أبو الأشعث ! فجلس فقلت له : حدث أخانا حديث عبادة ابن الصامت [رضي الله تعالى عنه] قال : نعم غزونا غزاة وعلى الناس معاوية ، فغنمنا غنائم كثيرة، فكان فيما غنمنا آنية من فضة ، فأمر معاوية رجلا أن يبيعها في أعطيات الناس فتسارع الناس في ذلك، فبلغ عبادة بن الصامت، فقام فقال: إني سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ينهى عن بيع الذهب بالذهب، والفضة بالفضة، والبر بالبر ، والشعير بالشعير ، والتمر بالتمر ، والملح بالملح إلا سواء بسواء عينا بعين [يدا بيد ، فإذا اختلفت هذه الأصناف فبيعوا كيف شئتم إذا كان يدا بيد • أخرى م ـ ١٠/٧] فمن زاد أو ازداد فقد أربى • فرد الناس ما أخذوا ، فبلغ ذلك معاوية ، فقام خطيبا ••• فقال : ألا ما بال رجال يتحدثون عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أحاديث قد كنا نشهده ونصحبه فلم نسمعها منه ؟! فقام عبادة بن الصامت [رضي الله تعالى عنه وأكرم مثواه] فأعاد القصة ، ثم قال : لنُحدِّثنَّ بما سمعنا من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وإن كره معاوية ، أو قال وإن رَغِم [أي ذل ولصق أنفه بالرغام أي التراب • من النووي] ما أبالي أن لا أصحبه في جنده في ليلة سوداء ! م ـ ٩/٧ •

تەرجەمە :

ئەبوقەلابە ـ هەر لەبەر خاطری ئەم حەدیثە خوا لێی رازیی بێ ـ ئەفەرموێ : لە شاما لە حەلقەیێکا بووم موسلیمی کوڕی یەساری تیا بوو ـ رحمە اللە ـ ئەبولئەشعەث ـ رحمە اللە ـ تەشریفی هات • خەڵق وتیان : ئەبولئەشعەث ! ئەبولئەشعەث ! [یەعنی کەوتنە خۆشیی بە تەشریفی] تەشریفی دانیشت • عەرزم‌کرد : حەدیثی عوبادەی بنی صامیت ـ رضي اللە تعالی عنە ـ ریوایەت بکە بۆ برادەرت [یەعنی موسلیمی کوڕی یەسار] فەرمووی : بەڵێ لە غەزایێکا بووم موعاویەی قەراڵی شام سەرکردەیان بوو ، غەنیمەتێکی زۆرمان گرت ، قاپو ماپی زیوی تیابوو ، موعاویە ئەمری کرد بە یەکێ کە لە ناو ئەوانەدا کە بە خەڵق عەطا ئەکرێ بیفرۆشن • خەڵق هوجوومیان برد کڕییان •

ئەوە بە حەزرەتی عوبادە ـ رضي اللە تعالی عنە ـ گەیی ، تەشریفی هەڵساو فەرمووی : لە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـم بیست نەهی‌ئەکرد لە فرۆتنی ئاڵتوون بە ئاڵتوون ، زیو بە زیو ، گەندم بە گەندم، جۆ بە جۆ ، خورما بە خورما ، خوێ بە خۆی مەگەر عەین بە عەین بە قەد یەك دەست بە دەست • ئەم صینفانە ئیختیلافیان بوو (مەثەلا) ئاڵتوون بە زیو ، گەندم بە جۆ ••• (وهکذا) بەو شەرتە یەد بە یەد بێ یەعنی قەبضی (في المجلس) بیێ چۆنتان هەوەس یێنی بیفرۆشن ، جینس یەکێ بێ هەرکەسێ زیاد بدا یا وەربگرێ ئەو کەسە ریبا ئەکا • خەڵق ئەوی کڕیبوویان هەموویان رەدکردەوە •

موعاویە هەڵسا خوطبەی خوێند ، لە خوطبەکەیا وتی : ئەی خەڵقینە خەبەرتان بێ ! ئەمە چ حاڵێکە بەعزێ پیاو لە پێغەمەرەوە ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ گەلێ حەدیث ریوایەت ئەکەن کە ئێمە لە خزمەتیا حازربووین‌و

له صوحبه‌تیا بووین‌و ئه‌و حه‌دیثانه‌مان لیٚ‌نه‌بیستوه ؟! حه‌زره‌تی عـوبـاده - رضي الله تعالى عنه - ته‌شریفی هه‌ڵســــــاو حه‌دیثه‌که‌ی ئیعاده‌کرده‌وه‌و فه‌رمووی : ئیٚمه ئه‌و حه‌دیثه‌ی که له ره‌سوولوڵلاّ - صلى الله تعــالى عليـه وسلم - مان بیستوه ریوایه‌ت ئه‌که‌ین با موعاویه‌یش پیٚی ناخۆش بیٚ ، یـا فه‌رمووی : با موعاویه‌یش پیٚی ذه‌لیـل بیٚ‌و لووتی بـه‌رزی پیٚی بکه‌ویٚتـه سه‌رخاك‌و ئه‌رز باكم نیه له شه‌وی تاریكا له ناو له‌شكری ئه‌وا نه‌بم .

[.. ...]

٩٢/٣٦٢٠ - قال أبو بكرة - رضي الله تعالى عنه - قال رســـول الله - صلى الله تعالى عليه سلم - : لا تبيعوا الذهب بالذهب إلا سواء بسواء ، والفضة بالفضة إلا سواء بسواء ، وبيعوا الذهب بالفضة والفضة بـالـذهب كيف شئتم(١) ح - ٤/٧٦ ، م ١٢/٧ ، ن .

زه‌راعه‌ت ، موساقات (إحياء الموات)(٢) :

٩٣/٣٦٢١ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - كان يوما يحدث ، وعنده رجل من أهل البادية ،: إن رجلا من أهل الجنة استأذن ربه في الزرع ، فقال له : أَلَسْتَ فيما شئت؟ قال : بلى ولكني أحب أن أزرع . قـــال : فبـــذر فـبادر الطَّرْفَ نباته واستواؤه واستحصاده ، فكان أمثال الجبال . فيقـول الله تـــعالى : دونك يا ابن آدم فإنه لا يشبعك شيء ! فقال الأعرابي : والله لا تجده إلا قرشـيا

(١) ئانه‌ر - خ - ته‌رجه‌مه‌ی ئه‌م حه‌دیثه‌ی نه‌نووسیوه ، ره‌نگه له‌به‌ر ئه‌وه بیٚ که وه‌ك حه‌دیثه‌كانی پیٚشوو وایه . ئه‌مه كورته‌ی مانــاكـه‌یـه‌تی : ئاڵتوون به ئاڵتوون‌و زیوبه‌زیو ده‌ستبه‌ده‌ست‌نه‌بیٚ نافرۆشــــــریٚن . به‌ڵام ئاڵتوون به زیوو زیو به ئاڵتوون چۆن بیٚ دروسته .

(٢) كشتوكاڵ‌و ئاویٚری‌و زیندوكردنه‌وه‌ی زه‌وی .

او أنصاريا فإنهم أصحاب زرع ، وأما نحن فلسنا بأصحاب زرع • فضحك النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ح ـ ١٨٢/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژێ قسـەی ئەفەرموو ، صەحرانشینێکی لە خزمەتا بوو ، فەرمووی : پیاوێ لە ئەهلی بەهەشـت ئیذن لە خوا ئەخوازێ کـە زەراعەت بکا • خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : لەوەدا نیت کە ئارەزووت پێنێ ؟ عەرزی کرد : با لە ناو ئەوەدام کە هەوەسم پێنێ ، ئەمـما حەزەکـەم کە زەراعـەت بکەم • ئیـذندرا تۆوی داچەند ، ئەوەندەی چاو لێك تێیتو هەڵیهێنی رواو راستبۆوەو کامڵ بوو و وەختی دروێنەی هاتو هەر دانەیێکی بە قەد کێوێ بوو خوا فەرمووی : هـانێ = وەری گرە = ئەی بەنی ئادەم هیچ شتێ تێرت ناکا • ئەعرابییەکە وتی : ئـەو پیاوە وەڵڵاهی یا قورەیشییە یا ئەنصارییە ، چونکی ئـەوان صاحێب زەراعەتن ئێمە زەراعەتمان نیە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بـە قسەی ئەعرابییەکە پێکەنی •

(أفرأيتم الماء الذي تشربون ؟ = أأنتم أنزلتموه من المـزن أم نحن المنزلون ؟ لو نشاء جعلناه أجاجا فلولا تشكرون !=)(١) سورة الواقعة •

تەرجەمە :

خەبەرم بدەنێ ئەو ئاوە کە ئەیخۆنەوە ئێوە لە هەور ئەیبارێنن یا ئێمە ؟ ئەگەر ئیرادەمان بێ تاڵی ئەکەین • بۆ شوکری خوا ناکەن کوفرانی نیعمەت ئەکـەن ؟

٣٦٢٢/٩٤ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رســـول الله

(١) الواقعــة / ٦٧ ـ ٧٠ •

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : [لا تمنعوا •م] لا يمنـع فضل المـــاء [لتمنعوا • به] ليمنع به الكلأ ح ـ ١٨٧/٤ ، د ، ت جه م ـ ٤٤٩/٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هیچ کـەس ئاوی فەضلەی خۆی مەنع نەکا لە خەڵق کە بە واسیطەی ئەو مەنعکردنەوە گیـای دەوروپشتی ئەو ئاوە مەنع بکا لەمە حەیوانی تیابلەوەڕێنن [یەعنی کەسێ جۆگەیێکی لە دەشتێکا هەڵکەند لە دەوروپشـــتی ئەو جۆگەدا لەوەڕ بێ غەیری ئەو ئاوە ئاوی تر لەوێدا نەبێ ئەو کەسە مەنعی ئاوەکەی نەکا کـە حەیوانو شوان ئاوی لێبخۆنەوەو مونجەڕ بێتە سەر ئەوە کە ئەو پـاوانـە مەنع بکرێ] •

پاوان مەنعکردن لەمە کە حەیوانات لێی بلەوەڕێ دروست نیە •

ســكر الأنهار اي سدها(١) :

٣٦٢٣/٩٥ ـ عبدالله بن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] حدَّث أن رجلا من الأنصار [قد شهد بدرا • کەس ناوی نەزانیوە] خاصم الزبير [رضـي الله تعالى عنه] عند النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في شراج الحــرة [مسائل الماء] التي يسقون بها النخل • فقال الأنصاري ســرح المـــاء [بەرەڵای کە] يمر ، فأبى عليه ، فاختصما عند النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ للزبير : اسق يا زبير ثم أرسل الماء إلى جارك ، فغضب الأنصارى فقـال : آن كـــان ابـن عمتك [صفية ـ رضي الله تعالى عنها] ؟ فتلون وجه رسول الله ـ صلى الله تعـــالى عليه وسلم ـ ثم قال : اسق يا زبير ثم احبس الماء حتى يرجـع إلى الجدر •

(١) گرتنەوەی جۆگەو بەربەستکردنی •

فقال الزبير : والله لأحسب هذه الآية نزلت في : (فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ...)[1] ح - ٤/١٩٠ ن ، ت . إشارة وكان ذلك إلى الكعبين أخرى ١٩٤ ح - ٨٢/٧ وفيه : واستوعى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - للزبير حقه في صريح الحكم حين أحفظه الأنصاري وكان أشار عليهما بأمر لهما فيه سعة ح - ٤١٣/٤ .

تەرجەمە :

یەکێکی بەدریی لە ئەنصاریی لەگەڵ زوبەیرا - رضي الله تعالى عنهما - لە حوضووری حەزرەتی ریسالەتپەناها - صلى الله تعالى عليه وسلم - لەسەر ئاوێ کە لە حەرڕەوە یێو خەڵق خورماو شتی پێ ئاو ئەدەن نیزاعیان بوو ، ئەنصارییەکە ئەیوت : ئاوەکە بەرەڵلا کە مەیگرە . زوبەیر - رضي الله تعالى عنه - ئەیفەرموو : بەرەڵلای ناکەم . پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : ئەی زوبەیر تۆ باغەکەتی پێ ئاودەو ئەمجا بەریبدەرەوە بۆ دراوسێکەت . ئەنصارییەکە رقی هەڵسا وتی : بۆیە کە پوورزاتە وا لە (لە)ی حوکم ئەکەی ؟ پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - رەنگی وەجهی شەریفی هێناو گۆڕی لە پاشا فەرمووی : ئەی زوبەیر ئاوی باغەکەت بدە لە دواییا ئاوەکە حەبس بکە تا دێراوەکانی پڕ ئەبێ ، ئەمجا بەرەڵلای کە . پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە پێشا شتێکی وای فەرموو کە مەنفەعەتی هەردوکیان بێ ، کە ئەنصارییەکە رقی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم -ی هەڵسان حەقی تەواوەتی زوبەیری دا . زوبەیر - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : وەڵلاهی ظەنتم وایە ئەم ئایەتی نیسایە کە مەئالی وایە : خەیر وەڵلاهی ئیمانی کامڵ نایێنن مەگەر لەوەدا کە تیا ئەکەونە

(١) النســـــاء / ٦٥ .

نیزاع[1] تـا نەتکەن بە حەکەمو بە حوکمەکەت رازیی ئەبنو لە دڵیانا هیچ غەڵو غەشو نارەزایی نەمێنێ ئەو وەختە ئەبن بە موسوڵمان •

قـەدەغـە :

٩٦/٣٦٢٤ ـ عن صعب بن جثامة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : =إن= رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال = : لا حمى إلا لله ولرسوله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال [ابن شهاب بالسند مرسلا وفي الجهاد]: بلغنا أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حمى النقيع ، وأن عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ حمى السَّرَف والـــرَّبذة ح ـ ١٩٨/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : هیچ قەدەغە بۆ هیچ کەس نیە [بەخوصووصي هەر ئەو حەیوانی لێ بلەوەڕێنێ] هـەر بـۆ خواو رەسوولی خوا هەیە [و بۆ ئەوەی لە ئیجرای ئەحکاما وەکیلی ئەوانن کە حوکوومەتە] = ئیبنوشەهاب ئەفەرموێ : پێمانگەییوە کە = پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەقیعی قەدەغە کرد • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ سەریفو رەبذەی قەدەغە کرد •

شـــــوفعە :

٩٧/٣٦٢٥ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جعل [قضـى • أخرى] رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الشفعة في كـل مـال لم

(١) دانەر ـ خ ـ ئەم تەفسیرەی رەســـــاو رەوان نەکردوەو ئەگەر ئاوابێ باشترە : نــە بەخوا نابن بە خاوەن باوەڕو ئیمانیان نــابێ تـا نیزاعو کێشـەی خۆیان نەبێننە لای تۆو ، دوایيش ملکەچو پەیڕەویکەری ئــەو حوکمو فەرمانە نەبن کە تۆ بۆیان ئەدەیت .

یقسم ، فإذا وقعت الحدود وصرفت الطرق فلا شفعة ح - ٤/٩٤ ، ١١٨ ، د ، ت ، جه فلا شفعة لجار .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لـە کوللی ماڵێـکا کـە بەش نەکرابێ حوکمی بە شوفعە فەرموە ، ئەگەر سـنوورو ڕێ جوێبکرێتەوە شوفعەی تیا نیە . بۆ دراوسێ شوفعە نیە .

٣٦٢٦/٩٨ - عن جابر بن عبدالله قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من كان له شريك في ربعة أو نخل فليس له أن يبيع حتـى يؤذن شريكه ، فإن رضي أخـذ وإن كـره ترك م - ٤٧/٧ . (سێ حەدیث مەئالیان یەکە) .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : هەرکەسێ لـە ئەرازیێکا =یا= لە باغی خورمایێ شەریکێکی ببێ تا خەبەر بە شەریکەکەی نەدا بۆی نیە بیفرۆشێ ، کە خەبەری دایێ ئەگەر پێی رازیی بوو بیکڕێ پێی رازیی نەبوو تەرکی بکا .

حەکەمی کوڕی عوییەینەی تابیعیی فەرموویەتی : کە خەبەری دا بـە شەریکەکەی لە پێش بەیعاو نەیکڕی ئیتر شوفعەی بۆ نیە . شەعبیی تابیعیی ئەفەرموێ : هەرکەسێ لە پێش چاوی ئەوی کە حەقی شوفعەی تیـایـەتی فرۆشراو ئیعتیرازی نەگرت حەقی شوفعەی نامێنێ ح - ٤/١١٩ .

بەعزێ کەس [کەئیمامی ئەعظەمە ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فەرموویەتی: شوفعە بۆ دراوسێ هەیە لە دواییدا ئەوی کە بە حەقی زانیوە بە قسـەی خۆی لە بنچینەی دەرێناوەو بەتاڵی کردۆتەوە ئەفەرموێ : کەسێ خانووێکی

کڕی لەمە ترسا کە دراوسێکەی بە شوفعە وەری‌بگرێ بێ صەد یەکێـکی بکڕێ لە دواییا باقیەکەی بکڕێ دراوســێکەی لە صــەدیەکەکەیا حەقی شوفعەی هەیە لە باقیەکەیا حەقی شوفعەی نیە ، بۆی هـەیـە بـەم حیلەیـە خانوەکە لە شوفعەی دراوسێ نەجات بدا • بوخاریی -رحمه الله- ئەفەرموێ: قسەکانی نەقضی یەکتریی ئەکەن ؛ چونکی دەلیلی شوفعەی‌جەوار ، حەدیثی « الجار أحق بسقبه »یە : دراوسێ ئەحەققە بەوەی کە لە جیواریەوەیە لـە دواییدا ئەم حەقەی بەتاڵ‌کردۆتەوە بەوە کە غەیری دراوسێی بە حیلەکردوە بەئەحەق بە شوفعە لە دراوسێی • قەسطەلانیی ئەڵێ : ئەم حیلەیە بێ‌شەرعیی تیا نیە • مەشهوور لە لای حەنەفیی وایە ئەمە حیلەی ئەبویوسفە • محەمەد - رحمه الله - ئەم حیلەیەی زۆر لە لا موســــتەکرەهە چونکی زەرەرێکی زۆری هەیە (خصوصا) لە بەینی موشتەریی‌و شەفیعەکەدا عەداوەت پێ بە شەریکییەکەی زەرەرمەند ئەبێ ح - ١٠/١٠٩ •

بە حیلە ئیبطالی حەق دروست نیە ، ئەم نەوعە حیلانە هەر ئیشـــــی ئەبویوسفە ، چونکی زۆری ریعایەتی بەرمەکیی‌و عەبباسیی کردوەو بە پارە حیلەی شەرعیی بۆ کردوون •

٩٩/٣٦٢٧ - عن عمرو بن الشريد [تابعي ابن الصحابي ، أبوه سويد - رضي الله تعالى عنه - القسطلاني] قال : وقفت على سعد بن أبي وقـاص فجاء المسور بن مخرمة [رضي الله تعالى عنهم] فوضع يـده على إحـدى منكبي إذ جاء أبو رافع [أسلم] مولى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلـم - [ورضي عنه] فقال : يا سعد ابتع مني بيتي في دارك • فقال سعد : والله ما ابتاعهما • فقال المسور : والله لتبتاعنهما ! فقال سعد : والله لا أزيـدك [على أربعمائة مثقال • أخرى] على أربعة آلاف منجّمة أو مقطعة • قـال أبو رافع : لقد أعطيت بها خمسمائة دينار ، ولولا أني سمعت النبي - صلى

الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : الجار أحق بسقبه [بقربيه ، ملاصقه، شريكه] ما أعطينكها بأربعة آلاف وأنا أعطى بها خمسمائة دينار ، فأعطاها إياه ح ـ ٤/١١٩ وفي ترك الحيل .

تەرجەمە :

عەمری کوڕی شەرید ـ رحمهما الله ـ ئەفەرموێ : لای سەعدی کوڕی ئەبووەقاص راوەستابووم میسوەری کوڕی مەخرومە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ تەشریفی هات دەستی خستە سەر شانێکم لەو وەختەدا ئەبورافیعی ئازادکراوی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ورضي عنه] تەشریفی هات فەرمووی : ئەی سەعد ئەو دوو هۆدەی کە لە خانوەکەتایە لێم بکڕە . سەعد فەرمووی : وەڵلاهی نایانکڕم . میسوەر فەرمووی : وەڵلاهی لە چوار هەزارت بۆ زیاد ناکەم ئەویش بە تەقسیط . ئەبورافیع ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێنصەد دینارم دراوەتێ . ئەگەر لە پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەبیستایە کە ئەیفەرموو دراوسێ بە شتێك کە بە ماڵیەوە نووسابێ موستەحەقترە بە = شوفعە = لە خەڵقی تر .. بە چوار هەزار نەمەدایتێ کە پێنصەد دینارم دراوەتێ . ئەبورافیع ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە چوار هەزار دای بە سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

بەعزێ خەڵق [ئەبوحەنیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ] وتوویەتی : کەسێ تەمای وابوو کە حەقی شوفعە بەتاڵبکاتەوە صاحێب ئەرزەکە ـ ئەرزەکەی بە خۆڕایی بدا بەوەی کە پێیئەفرۆشێو تەسلیمی بکا لە دواییدا موشتەرییەکەیش قیمەتەکەی بدا بە صاحێبەکەی صاحێب شوفعە حەقی شوفعەی نامێنێ ح ـ ١١٠/١٠ .

بەعزێ خەڵق ئەڵێن : ئیرادەی ئیبطالی حەقی شـوفعەی کرد ئـەوی ئەیکڕێ پیدا بە ماڵێکی بەوە [ســـوێن نادرێ] حەقی شوفعەی نامێنێ ح - ١٠/١١٠ ٠

بەعزێ خەڵق ئەڵێ: خانوویێکی کڕی بە بیست هەزار درهەم بۆی هەیە حیلە بکا بیکڕێ بە بیست هەزار نۆ هەزارو نۆ صەدو نەوەدو نۆی بە نەقد بداتێ دە هەزارو درهەمێکی ئەمێنێ دینارێکی لە باتی ئەوە بداتێ ٠ ئەگەر دراوسێ یا شەریك تەمای بوو بە شوفعە وەری بگرێ بە کەمتر لە بیست هەزار درهەم بۆی نیە بە شوفعە وەری بگرێ ٠ ئەگـەر خانوەکە بـە هی یەکێکی تر دەرچوو چی داوە هەر ئەوەی بۆ هەیە کە بیســـتێنێتەوە لـە بایعەکە ، بیست هەزاری بۆ نیە ، چونکی کـە بـە هی یەکێکی تر دەرچێ صەڕافیەکە هەڵەوەشێتەوە ، ئەگەر خانوەکە عەیبێکی تیا بێ بە هی خەڵقی تر دەرنەچوو بیست هەزار درهەمەکەی بۆ هەیـە بیستێنێتـەوە چونـکی صەڕافیەکە هەڵناوەشێو ، بوخاریی ئەفەرموێ : ئەبوحەنیفە ئەم حیلەی ٠٠٠ خستۆتە ناو خەڵقەوە حاڵ وایە پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیـه وســلم ـ فەرموویەتی : درۆ نیە ، پیسیی نیە ، غایلە نیە ح - ١٠/١١٢ ٠

قەسطەلانیی ئەفەرموێ : ئەم حیلەی ئەبوحەنیفە ـ رحمه الله تعـالى ـ موخالیفی ئیجماعی ئوممەتە ، ئەبوحەنیفە خۆیشی داخڵی ئەو ئیجماعەیە کە بایع لە ئیستیحقاقاو رەدی بەسـەبەب عەیبەوە چی وەرگرتوە هـەر ئـەوە رەدئەکاتەوە شـــەفیع لە طەرەف موشـــتەریەوە چیدراوە بە بایع ، بایع چی وەرگرتوە کە نۆصەدو نەوەدو نۆ دینارەکەیە هەر بەوە خانوەکـە بە شوفعە وەرەگرێ نەك بەوەی عەقدی لەسەر کراوە ٠ قەســـطەلانیی ح - ١٠/١١٢ ٠

الجـــوار(١) :

١٠٠/٣٦٢٨ – عن عائشة – رضي الله تعالى عنها ـ قلت : يارسول الله إن لي جارين فإلى أيهما أُهدي ؟ قال : إلى أقربهما منكِ بابا ح – ٤/١٢٠ •

تەرجەمە :

عایشە – رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : عەرزی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم کرد : دوو دراوسێم هەیە هەدییە بۆ کـامیـان بنێرم ؟ فەرمووی : کامیان دەرگای لێتەوە نزیکتر بێ •

ئیجارەی ئەرز ، حەیوان ، ئینسان ، دەلاڵیو سائیرە :

(إن خير من استأجرت القوي الأمين)(٢)

١٠١/٣٦٢٩ – عن أبي هريرة – رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ما بعث الله نبيا إلا رعى الغنم • فقال أصـحابه: وأنت ؟ فقال : نعم كنت أرعاها على قراريط لأهل مكة ح – ٤/١٢٢ ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليەوسلم ـ فەرمووی: خوا هیچ پێغەمەرێکی نەناردوە کە شوانیی نەکردبێ • ئەصحابی عەرزیانکرد : تۆیش ؟ فەرمووی: بەڵێ مەڕم بە چەند قیراطێ بۆ ئەهلی مەککە ئەلەوەڕان •

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە هیجرەتا دەلیلێکی موشریکی گرت • ئیبنوسیرینو ئیبراهیمو ، عەطاو ، حەسەنی بەصریی – رحمهم الله تعالى ـ لە ئورجرەتی سەمسارا(٣) زەرەریان نەبینیوە •

---

(١) دراوسێتی .

(٢) القصص /٢٦ . ئەمە قسەی کچەکەی حەزرەتی شوعەیبە کە دەربارەی حەزرەتی مووسا بە باوکی فەرموو : بەکرێی بگرە بە راستیی چاکترین کرێکارو کرێگرتەیەکی بەتواناو دەستەلاتو ئەمینو دەستپاکە .

(٣) سـەمسـار : دەلاڵ .

موعەللیمو نوشتە= کەر =و قەسسام ئوجرەتیان بدرێتێ دروســـتە

وقال ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - بڵێ : ئەم جلەم بۆ بفرۆشە لەوەندە چی زیاد بوو بۆ تۆ بێ، ئیبنو سیرین ئەفەرموێ: بڵێ ئەوە بفرۆشە بەوەندە قازانج بە شەریکیی یا بۆ تۆ زەرەری نیــە • پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرموویەتی : موسوڵمانان لای شەرطیانن ح - ٤/١٣٠ ئیبنوعەباس - رضي الله تعالی عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : حەقترینی ئەوەی کە ئوجرەتتان لەسەر وەرگرتوە کیتابوڵلایە ح - ٤/١٣١ •

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالی عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - نەهی لە کرێی جارییە کردوە • ئیبنوعومەر - رضي الله تعالی عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم نەهی کردوە لــە ئوجرەتی حەیوان پەڕانن • ئیبنوسیرین - رحمه الله تعالی ورضي عـن أبیه - ئەفەرموێ : ئەزرێکی دا بە ئیجارە یەکێکیان بمرێ بۆ ئەوی تر نابێ کە موستەئجیرەکە یا واریثەکەی لە ئەرزەکە دەرکەن ، تا موددەتی ئیجارەکە تەواو ئەبێ ئیجارەکە بەتاڵ ناکرێتەوە (حكم حسن إياس) ح - ٤/١٣٦ •

١٠٢/٣٦٣٠ - أنس - رضي الله تعالی عنه - يقول : كان النبي - صلی الله تعالی علیه وسلم - يحتجم ولم يكن يظلم أحدا أجره ح - ٤/١٣٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - حەجامەتی ئەگرت زوڵمی لــە هیچ کەس نەئەکرد بۆ ئوجرەتی •

قەرزکردنو دانەوەی ، حەواڵەکردنی ، کەفالەت :

١٠٣/٣٦٣١ - وقال الحســن وقتادة [وصله ابن أبي شيبة والأثرم] پیاوێ حەواڵەی کردە سەر پیاوێ ئەگەر رۆژی حەواڵەکە ئەوی حەواڵەکەی

ئەکریتەسەر دەوڵەمەند بێ دروستە [یەعنی بۆ ئەوی حەواڵەکەی قەبووڵکردوە حەقی نیەو نامێنێ بەسەر حەواڵەکەرەکەوە ، ئەگەر ئەوی حەواڵەی ئەکریتەسەر لە رۆژی حەواڵەکەدا موفلیس بێ بۆی هەیە روجووع بێتەوە سەری] ح - ٤/١٣٧ .

١٠٤/٣٦٣٢ - ئیبنوعەباس [رضي الله تعالى عنهما ـ وصله ابن أبي شيبة] ئەفەرموێ : دوو شەریك قەرزیان بێ بەسەر یەکێکەوە پیاوەکە ئیفتیداری نەما ئەو دوو شەریکە بە رەزای خۆیان بۆیان هەیە لە بەشی یەکتری بچنەدەرێ لە (تقسيم الغرما)دا . ئەهلی میراتیش بۆیان هەیە بە رەزاو خواهیش لە حیصصەی یەکتری بچنەدەرێ ، یەکێکیان عەین وەربگرێ یەکێکیان دەین وەربگرێ ئەگەر لە دوای تەخاروجەکە هی یەکێکیان [بەوی = تر = بە هیلاك چوو] بۆی نیە روجووع بێتەوە سەر ئەوی تر ح - ٤/١٣٨ .

١٠٥/٣٦٣٣ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : مطل الغني ظلم ، فإذا أُتْبِع أحدكم على مليٍّ فليَتْبَع ح - ٤/١٣٨ ، م ٦/٤٤٨ ، ن ، ت ، جه .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : تەئخیرخستنی پیاوی بە ئیقتیدار قەرزی قەرزدار زوڵمە ، ئەگەر قەرزدارەکە صاحێب حەقەکەی حەواڵەی سەر یەکێکی دەستپڕ کرد حەواڵەکە قەبووڵ بکا .

تەئخیری قەرز بۆ دەوڵەمەند کەبیرەیە پێیفاسق ئەبێ .

١٠٦/٣٦٣٤ ـ عن حمزة بن عمر الأسلمي ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بعثه مُصَدِّقًا فوقع رجل على جارية امرأته ،

فأخذ حمزة من الرجل كفيلا حتى قدم على عمر ، وكان عمر [رضي الله تعالى عنه] قد جلده مائة جلدة ، فصدقهم ، وإنما عذره بالجهالة • وقـال جـرير والأشعث لعبدالله بن مسعود في المرتدين : استتبهم وكفلهم فتابوا وكفلهم عشائرهم • وقال حماد : إذا تكفل بنفس فمات فلا شيء عليه • وقال الحكم: يضـمن - ٤/١٤١ •

تەرجەمە :

دوو ئەثەر : ئەثەری ئەووەڵ ، لـە قسـەیێکی طەحاویی کـە ریوایەتی کردوە ئیختیصارکردوە • طەحاویی ئەفەرموێ : ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - حەمزەی کوڕی عەمری ئەسلەمیی ئەنێرێتە سەر سەعدی هوذەیم کە زەکاتو صەدەقەیان کۆبکاتەوە ، ماڵێکیان هێنـایـە لای حەمزە کـــە صەدەقەی لێ دەرکا کـەچی پیـــاوێ بـە ژنـەکـــەی خــۆیی ئـەوت : صەدەقەی ماڵی ئازادییەکەت دەرکە • ئـــەویش بە مێردەکـــەی ئـەوت : خـەیرتۆ صـــەدەقەی ماڵی کـــوڕەکەت دەرکــە • حەمـزە لەوەی پرسیی : کـە چیـە ؟ پێیـانوت : ئــەو پیـاوە مێردی ئەو ژنەیـە ، ژنـەکـــەی جاریەیێکی بوو پیاوەکە لەگەڵ جارییەکەی دروســت بوو ، جارییەکـەی کوڕێکی بوو ژنەکە کوڕەکەی ئازادکرد ، ئەو کوڕە لە دایکی ماڵێکی بـە ئیرث گرت ، وتیان : ئەم ماڵە کە هێنراوە ماڵی کوڕی جارییەکەیە • حەمزە بە پیاوەکەی وت : بە بەرد رەجمت ئەکەم [چونکی زانیی موحصـەنی] بە حەمزەیان وت : براوەتە خزمەت حەزرەتی عومەر - رضي الله تعـالى عنه - صەد داری حەددی لێ داوە [چونکی وای زانیوە کە بۆی دروســـــــتە تەصەڕوفی جارییەی ژنی خۆی بکا] حەزرەتی ئیمام رەجمکردنی موافیق نەبینیوە [لەبەر شوبهە] حەمزە - رحمه الله تعالى - کەفیلی (بالأبـدان)ی

لە پیاوەکە وەرگرت تا هاتە خزمەت ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ داری حەددی لێدابوو تەصـدیقی ئەوانەی فەرموو کە حادیثەکەیان بە حەمزە وتووبوو ، حەزرەتی عومـەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەبەر جەهالەتی بە مەعذووری زانی بوو •

ئەثەری دوەم : موختەصەری قسـەیێکی بەیهەقی ریوایەتی کردوە : حاریثەی کوڕی مەضرەب ئەفەرموێ : بـە جەماعەت لـە خزمـەت ئیبنـو مەسعوودا ـ رضي الله تعالى عنه ـ نوێژی سبەینێییێکم کرد ، کە سـەلامی دایەوە پیاوێ هەڵسا خەبەری دایە ، کە چوومە مزگەوتی بەنی حەنیفە گوێم لە موئەذذینی عەبدوڵلای کوڕی نەواحە بوو شەهادەتی ئەدا لە بانگا کـە موسەیلەمە [ی کەذذاب] رەسوولوڵلایە ! عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە ئیبنونەواحەم بۆ بێنن ، لەگەڵ ئەصحابیا هێنرانە خزمەتی ، ئەمری بە قەرەضەی کوڕی کەعب فەرموو لە گەردنی ئیبنو نەواحەی دا ، بۆ رەفیقەکانی ئیستیشارەی بەوانە کرد کـە لـە خزمەتیـا بوون ؛ عودەیی کوڕی حاتەمی طائیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بیـانکـوژە • جەریرو ئەشعەث ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرموویان : مەیانکوژە طەلەبی تەوبەیان لێ بکەو کەفیلیان لێ وەربگرە ، تەوبـەیان کردو عەشائیرەکانیان بوون بە کەفیلیان (بالأبدان)[1] •

حەمماد ـ رحمه الله تعـالى ـ ئەفەرموێ : کـە کەسـێ بوو بە کەفیلی کەسێ بە ئەبدان ئەگەر ئەو کەسە بمرێ کەفیلەکە بەریی ئەبێ • حەکـەم ئەفەرموێ : کەفیلەکە ضامنی ماڵ ئەبێ ح ـ ٤/١٤١ •

(١) کەفیلی (بالأبدان) ئەوەیە زەلامەکە خۆی بارمتەی زەلامەکـەی تر ئەبێ ماڵ لەگۆڕێدا نیە •

١٠٧/٣٦٣٥ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه ذكر رجلا من بني إسرائيل سأل بعض بني إسرائيل أن يُسلِفه ألف دينار ، فقال : ائتني بالشهداء أشهدهم . فقال : كفى بالله شهيدا . قال : فائتني بالكفيل . قال : كفى بالله كفيلا . قال : صدقت [وفي رواية أبي سلمة : فقال : سبحان الله نعم] فدفعها إليه إلى أجل مسمى ، فخرج في البحر فقضى حاجته ، ثم التمس مركبا يركبهـا يقدم عليـه للأجل الذي أجله . فلم يجد مركبا [وغدا رب المال إلى الساحل يسأل عنه ، ويقول : أللهم اخلفني وإنما أعطيت لك . أبو سلمة] فأخذ [المستلف] خشبة فنقرها فأدخل فيها ألف دينار وصحيفةً منه إلى صاحبه [وكتب إليه صـحيفة من فـلان إلى فلان : إني دفعت مالك إلى وكيل توكـل بي . أبـو سـلمة] ثم زجج موضعها ، ثم أتى بها إلى البحر ، فقال : اللهم إنك تعلم أني كنت تسـلفت فلانا ألف دينار فسألني كفيلا فقلت : كفى بالله كفيلا ، فرضى بك . وسألني شهيدا فقلت : كفى بالله شهيدا ، فرضي بك ، وإني جهدت أن أجد مركبـا أبعث إليه الذي له فلم أقدر ، وإني أستودِعُكَها . فرمى بها في البـحر حتى ولجت فيه ، ثم انصرف وهو في ذلك يلتمس مركبا يخرج إلى بلـده . فخرج الرجل الذي كان أسلفه ، ينظر لعل مركبا قد جـاء بمالِـه ، فـإذا بالخشبة التي فيها المـال ، فأخذها لأهله حطبا ، فلما نشرهـا وجـد المال والصحيفة ، ثم قدم الذي كان أسلفه ، فأتى بالألف دينار فقال : والله ما زلت جاهدا في طلب مركب لآتيك بمالك فما وجدت مركبا قبل الذي أتيت فيه . قال : هل كنت بعثت إلي بشيء ؟ قال : أخبرك أني لم أجد مركبا قبل الـذي جئت فيه . قال : فإن الله قد أدى عنك الذي بعثت في الخشبة فانصـرِفْ بالألف دينار راشدا ح ـ ٤/١٤٢ وفي الاستقراض ، واللقطة ، والاستيذان،

والشروط والزكاة • ح ـ ١٤/٤ (تا) : فقضى حاجته مسندا متصلا فقال الحديث •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ذیکری پیاوێکی بەنی ئیسرائیلی فەرموو کە لە پیاوێکی بەنی ئیسرائیلی داوای هەزار دیناری بە قەرز لێکرد ، پێیوت : شاهێد بێنە کە بیگرم بە شاهێد • وتی : خوا کافییە بە شاهێدیی • پێیوت : کەفیل بێنە وتی : خوا کافییە بە کەفیلیی • وتی : راستئەکەی • بە وەعدەی موددەتێ هەزار دینارەکەی تەسلیمکرد • قەرزدارەکە سواری بەحر بوو چوو ئیشی خۆی جێبەجێ کرد ، چوو بۆ گەمێ گەڕا کە سواری بێ و پارەکە بیاتەوە بۆ صاحێبی گەمێی دەستنەکەوت ، چوو دارێکی هێنا هەڵیکۆڵی هەزار دینارەکەی تێخست ، بە بزمار قایمیکرد ، کاغەزێکیشی تێخستبوو تیا نووسیبوو : لە فلانەوە بۆ فلان ، وا پارەکەم تەسلیمی وەکیلێ کرد کە بووبوو بە وەکیلم • دارەکەی بردە گوێ بەحر وتی : یارەبی خوایا تۆ ئەزانی کە چووم داوای پارەم بە قەرز لەو پیاوە کرد داوای کەفیلی لێکردم وتم : کەفیلیی خوا کافییە قەبووڵی کرد • داوای شاهیدی لێکردم ، وتم : شاهێدیی خوا کافییە رازیی بوو ، زۆریشم هەوڵ دا بۆ گەمێ سواری بم پارەکەی بۆ بنێرم دەستم نەکەوت ، ئەم پارەیە بە ئەمانەت ئەدەم بە تۆ ، دارەکەی فڕێدایە ناو بەحرەکەوەو خۆی گەڕایەوە ، لەگەڵ ئەوەدا هەر ئەگەڕا بۆ گەمێ کە پێی بگەڕێتەوە ، صاحێب پارەکە رۆییە دەرێ تێبفکرێ کە سەفینەیێ هاتبێ کە پارەکەیی پیانیررابێ ئەوەندەی زانی کە کۆتەرەدارێ هات ، دەریهێنا کە بیسووتێنن • کە بە مشار لەتیکرد پارەو کاغەزەکەی تیابوو ! لە پاشا قەرزدارەکە کە گەییەوە

مەملەکەتی خۆیان هەزار دیناری تری برد بۆ صاحێبەکەی پێیوت : زۆرم هەوڵدا بۆ گەمیێ غەیری ئەم گەمیێیەی کە ئەمڕۆ پێیهاتوومەوە = دەستم نەکەوت صاحێب پارەکە پێیوت : ئایا هیچ پارەت بۆ ناردووم ؟ پێیوت : من ئەڵێم : غەیری ئەو گەمیێیەی کە پێی هاتووم گەمیێی ترم دەستنەکەوت صاحێب پارە پێیوت : خوا ئەو پارەی کە لـە نـاو کۆتەرەکەدا ناردبووت گەیانی ، هەزار دینارەکەی ترت ببەرەوەو خوا حافیزت بێ •

بوخاریی ئەم حەدیثەی لە حەوت جێدا بـە موعەللەقی یـا موسنەدیی بە موختەصەرییو بە درێژیی بەیانکردوە •

١٠٨/٣٦٣٦ – عن أبي هريرة – رضي الله تعالى عنه – عن النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – قال : من أخذ أموال الناس يريد أداءها أدى الله تعالى عنه ، ومن أخذ يريد إتلافها أتلفه الله ح – ٢٠٧/٤ ، م – ٤٤٣/٦ ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : هەرکەسێ بە نییەتی دانەوە ماڵ لە خەڵق بستێنێ خوا بۆی ئەداتەوە ، ئەوی بە نییەتی ئیتلاف لێیبستێنێ خوا ئیتلافی ئەکا (صدق عليه الصلاة والسلام) •

١٠٩/٣٦٣٧ – عن أبي هريرة – رضي الله تعالى عنه – أن النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – قال : ما من مؤمن إلا وأنا أولى به في الدنيا والآخرة اقرؤا إن شئتم (النبي أولى بالمؤمنين من أنفسهم)[١] •

١١٠/٣٦٣٨ – [وعنه أنه – صلى الله تعالى عليه وسلم – قال: من ترك مالا فلورثته . ومن ترك كلا فإلينا • أخرى] فأيما مؤمن مات وترك مالا فليرثـه

(١) الأحـــزاب / ٦ •

عصبته من كانوا ، ومن ترك دينا أو ضياعا فليأتني فأنا مولاه ح - ٢١٤/٤ وفي التفسير • وعند ابن حبان وصححه : أنا وارث من لا وارث له ، أعقل عنه وأرثه فهو عليه الصلاة والسلام لا يرثه لنفسه بل يصرفـه للمسلمين • القســـطلاني - ٢١٤/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : هیچ موسـولْمانێ نیە کە لە دنیاو ئاخیرەتا من بۆی لە هەموو کەس چاتر نەبم ئەگەر هەوەستان پێنێ ئەو ئایەتە بخوێننەوە کە ئەفەرموێ : نەبی بۆ موئمینان لـە نەفسـی خۆی چاترە کە وابێ هەر موئمینێ کە مرد ماڵ بەجێبێڵێ عەصەبەو واریثی هەرکەسێ بێ بە ئیرث بیبا ، ئەگەر قەرزی بەجێهێشت ، یا کەس‌و کـاری فەقیری بێ‌کەسی بەجێ هێشت بێنە لای من ، من مەولای ئەوم • ئەفەرموێ: من واریثی ئەوەم کـە واریثی نەبێ خوێنی بـۆ ئەدەم‌و ئیرثی لێ ئەگـرم ، پێغەمەر - صلی الله تعـالی علیـە وسـلم - ئیرث بـۆ خۆی وەرناگرێ بـۆ موسولْمانانی صەرف ئەکا •

١١١/٣٦٣٩ - ويذكر عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : لَيُّ الواجد يُحِلُّ عرضه وعقوبته • قال سفيان [الثوري] : عرضه يقول : مطلتني وعقوبته الحبس ح - ٢١٤/٤ ، وصله أحمد وإسحاق ، د ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعـالی علیـە وسـلم - ئەفەرموێ : قەرزکوێریی کەسێ کە بیبێ عیرزی‌و ئەذیەتی حەلاڵ ئەکا• سوفیانی ثەوریی -رحمه الله- ئەفەرموێ : عیرزی حەلاڵ ئەکا یەعنی پێی ئەڵێ : قەرزکوێری ، عوقووبەتی حەلاڵ ئەکا یەعنی حەبس ئەکرێ •

١١٢/٣٦٤٠ – أبو هريرة – رضي الله تعالى عنه – يقول : قال رسـول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – أو قال : سمعت رســـول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – يقول : من أدرك ماله بعينه عند رجل أو إنسان قد أفلس فهو أحق به من غيره ح – ٢١٥/٤ ، م – ٤٤٣/٦ ، ت ، ن ، جه ، د •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : هەرکەســـێ ماڵی خۆی (بعينه) لای موفلیسێ ببینێ ئەو کەسە لـە غەیر موســـــــتەحەقترە بـەو ماڵــە •

١١٣/٣٦٤١ – عن جابر م – ٤٢٢/٦ (نووسراوە) كعب بن مـالـك – رضي الله تعالى عنه – أخبر أنه تقاضى ابن أبي حَدْرَد [عبدالله بن سلامة – رضي الله تعالى عنه –] دينا له عليه في عهد رسول‌الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – في المسجد فارتفعت أصواتهما حتى سمعهما رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – وهو في بيته فخرج إليهما رسول الله – صلى الله تعـالى عليه وسلم – حتى كشف سِجْف حجرته ونادى يا كعب بن مالك ! قال : لبيك يا رسول الله • فأشار بيده أنْ ضع الشطر من دينك قال كعب : قــد فعلت يا رسول الله • قال رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – : قـم فاقضه ح – ٤٤٥/١ ، ح – ٢٢٧/٤ •

تەرجەمە :

کەعبی کوڕی مالیك – رضي الله تعالى عنه – لـە مەسجیدی پێغەمەرا – صلى الله تعــالى عليه وســـلم – داوای قەرزی لە عەبدوڵلای کـــوڕی ئەبوحەدرەد [بە وەزنی فەعلەع] ئەکرد دەنگیان بەرزبۆوە تـا پێغەمــەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – لە ماڵەوە بیستی • تەشریفی چوەدەرێ پەردەی

حوجرەی سـەعادەتی هەڵدایەوە بانگی‌کرد : ئەی کەعب ! عـەرزی کرد : (لبيك يا رســـول الله) فـەرمووی : لە قەرزەکەی ئەوەی بـۆ داشـکێنێ بە پەنجەی موبارەکی ئیشارەتی بە نیوەی کرد • عەرزی‌کرد : وا دامشکان (يا رسول الله) • بە ئیبنوئەبی حەدرەدی فەرموو : دە هەڵسە قەرزەکـەی بدەرەوە •

١١٤/٣٦٤٢ – عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] قال : نهى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن كراء الأرض ، وعن بيعها السنين، وعن بيع الثمر حتى يطيب م – ٦/٤٢٢ •

(لـە بەیعی ئیمارا رەنگە نووسیبێتم)(١)

١١٥/٣٦٤٣ – عن أبي هريرة – رضي الله تعالى عنه ـ أن رجـلا أتى النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – يتقاضاه ، فأغلظ ، فَهَمَّ به أصحابه• فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: دعوه فإن لصـاحب الحـق مقالا • ثم قال : أعطوه سـنا مثل سنه • قالوا : يا رســـول الله لا نجد إلا أمثل من سنه • فقال : أعطوه ؛ فإن خيركم أحسنكم قضاء ح – ٤/١٥٢ ، م – ٧/٣٧ •

(رەنگە ئەمەیشـــم نووســـیبێ)(٢)

(١) نەخەیـر بـەم شێوە نەنووسراوە ، بەڵام مانـاکـەی لـە حەدیثەکانی (٣٥٩٤/٦٦ ...)دا هەیە •

(٢) نەخەیر ئەمەیش نەنووسراوەو . ئەمە تەرجەمەکەیەتی :

ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ : پیاوێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ داوای قەرزی لێ‌کرد ، بە توندیی قسەی لە خزمەتا کرد . یارانی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ ویستیان بچن بەگژیـا . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ فەرمووی : وازی لێ‌بێنن حەقدار

إخراج أهل المعاصي من البيوت(١) :

عومەر - رضي الله تعالى عنه - کـه ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنـه - وەفاتیکرد خوشکێکی کە ئوممو فەروەیە بۆی ئەلاوانەوە چەنـدجـار بـە قەمچی لێیدا کردیە دەرێ • ح - ٤/٢٢٨ (وصله ابن سعد في الطبقات) •

حەبسو حەبسخانەو پێوەند :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - عەکرەمەی مەولای خۆی لەسەر تەعلیمی قورئانو سونەتو فەرائیض پێوەند کرد ح - ٤/٢٢٩ •

نافیعی کوڕی عەبدولحەرث لە صەفوانی کوڕی ئومەییە - رضي الله تعالى عنه - لە مەککە خانوویێکی کڕی بۆ حەبسخانە بـەم شـەرتە ئەگـەر ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - پێی رازیی بێ بەیعەکەیان بەیعی ئـەو بێ ، ئەگەر رازیی نەبوو کە لە طەرەفی ئیمامی عومەرەوە - رضي الله تعالى عنه - جوابی بۆ هاتەوە چوارصەد دینار بدا بە صەفوان بە موقـابـەلـەی ئینتیفاع بەو خانوە • (وصـــله عبدالرزاق وابن أبي شـــيبة والبيهقي) ح - ٤/٢٢٩ •

بەیعی بەشەرط دروست نیە ، ئیمامی عومەر - رضي الله تعـالى عنه - چۆن لە بەیتولمال چوارصەد ئاڵتوون ئەدا بە کرێی خانوویێکا تا موددەیێکی

حەقی قسەیێکی هەیە . لە پاشا فەرمووی : وشترێکی وەك وشترەکەی خۆی بدەنەوە . عەرزیانکرد : ئەی پێغەمەری خوا لە وشترەکەی خۆی چاکتر نەبێ نیمانە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : بیدەنێ ؛ چونکی چاکترینی ئێوە ئەو کەسەیە چاکتر قەرز بداتەوە .

(١) دەرکردنی بەدکرداران لە ماڵان .

کەم ؟ بە ئەم ئەثەرە رازیی بوون (واللە أعلم)(١) •

(كتاب المظالم)(٢) :

١١٦/٣٦٤٤ – عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – قال : أتدرون ما المفلس ؟ قالوا المفلس فينا من لا درهم له ولا متاع • فقال : إن المفلس من أمتي يأتي يوم القيامة بصلاة وصيام وزكاة ويأتي قد شتم هذا ، وقذف هذا ، وأكل مال هذا ، وسفك دم هذا ، وضرب هذا ••• فيعطى هذا من حسناته وهذا من حسناته؛ فإن فَنِيَتْ حسناته قبل أن يقضى ما عليه أخذ من خطاياهم فطرحت عليه ثم طرح في النار م – ١٠/١٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : ئەزانن موفلیس کێیە ؟ عەرزیان کرد : موفلیس ئەوەیە پارەی نەبێو مەتاعی نەبێ • فەرمووی : موفلیس لە ئوممەتی من ئەوەیە رۆژی قیامەت نوێژی زۆرو ، رۆژووی زۆرو ، زەکاتی زۆر دێنێ ، خۆیشی وا یێ جوێنی بەم داوە ، ئیفتیرای بەم کردوە ، ماڵی ئەمەی خواردوە ، خوێنی ئەمەی رژانوە ، لەمەی داوە ••• لە حەسەناتی بەمو بەم ئەدرێ ، ئەگەر حەسەناتی بەشی نەکردن بڕایەوە گوناهی ئەوانی ئەخرێتە سەرو فڕێ ئەدرێتە ناو ئاگرەوە •

(١) ئەم قسەی دانەرە ـ د ـ ناتەواوییو کەوتنی تیایەو ، تەماشای (ارشاد الساري)شم کرد هەر بۆم نەگونجێنرا ، لەوێ دەفەرموێ : کڕینو فرۆشتن لەگەڵ ئەم جۆرە شەرتەدا دروست نیەو بڕوا ناکرێ کە حەزرەتی عومەر لەگەڵ ئەو هەموو پارێزەیدا لە ماڵی (بيت المال) شتی وا بکا •

(٢) باسی ستەمو ستەمکاریی •

١١٧/٣٦٤٥ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لتؤدن الحقوق إلى أهلها يوم القيامـة حتى يقاد للشاة الجلحاء من الشاة القرناء م ـ ١٠/١٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەفەرموێ : رۆژی قیامـەت حەقی حەقدار ئەدرێتەوە حەتتا لە مەڕی شاخدار بۆ مەڕی بێ شـاخ قەصاص ئەستێنرێ •

١١٨/٣٦٤٦ ـ عن أبي موسى [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن الله ـ عز وجل ـ يملي للظالم فإذا أخذه لم يفلته ثم قرأ : (وكذلك أخذ ربك إذا أخذ القرى وهي ظالمة ان أخذه أليم شـديد)(١) م ـ ١٠/١٥ ، ح ـ ٧/١٦٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ مۆڵەتی زاڵم ئەدا ، کە گرتی لە دەسـتی بەرەڵلای ناکـا ، گرتنی خوا زۆر بەشیددەتە • لە پاشا پێغەمەر ـصلی‌الله‌تعالی‌علیه‌وسلم‌ـ ئەم ئایەتی سوورەتی هوودەی خوێندەوە کە مەئالی شەریفی ئەمەیە : لە دوای قەصەصی ئومەمی سالیفە کە چییان کردوەو خوا چۆنی گرتوون ئەفەرموێ : خوا کـە خەڵقی ئەو شارانەی گرت بە سەبەبی زوڵمیان وایان ئەگرێ ، بـە تەحقیق گرتنی خوا کە کەسێ بگرێ زۆر بەئازارو بە ئێشە •

١١٩/٣٦٤٧ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : المستبان ما قالا فعلى البادىء ما لم يعتدِ المظـلوم م ـ ١٠/١٩ •

(١) هـود / ١٠٢ •

١٢٠/٣٦٤٨ – وعنه عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال: ما نقصت صدقة من مال ، وما زاد الله عبدا بعفو إلا عزا ، وما تواضع أحـد لله إلا رفعه الله [تعـالى] م – ١٠/٢٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : دوان کە جوێن بە یەك بدەن بەو شەرطە مەزلوومەکە لە حەددی خۆی تەجاوز نەکـا گوناهی جوێنەکانیان لەسەر ئەو کەسەیە کە لە پێشەوە دەست پێ ئەکـا • ئیحتیراز بکەن لە مەفهوومی موخالەفەی • =(٢) ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرموویەتی : چاکەو بەخشش لە مـاڵ کـەم ناکاتەوە ، بەندەی خوایش بە لێبوردنی لـە خەڵق هـەر سەربەرزیی زیـاد دەکات • هیچ کەسێکیش نیە کە خۆی بە کەم بگرێو خودا پلەو پـایـەی بـەرز نـەکاتـەوە • =

١٢١/٣٦٤٩ – عن هشام بن حكيم بن حزام [رضي الله تعالى عنهـم] قال : مرَّ بالشام على أناس [من الأنباط • أخرى] وقد أقيموا في الشمس وصب على رؤسهم الزيت ! فقال : ما هذا ؟ قال : يعذبون في الخراج [في الجزية • أخرى] فقال : أما أني سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ يقول : إن الله يعذب الذين يعذبون الناس في الدنيا [وفي روايـة جرير عنه قال : وأميرهم يومئذ عمير بن سعد ، بن عمير الأنصاري الأوسي ، على فلسطين ، فدخل عليه فحدثه فأمر بهم فخلّوا م – ١٠/٥٠ (فيرعەونو نەمروودی ئەو زەمانە قابیلی ئەوە بوون کە ئینسان بوێرێ رجایان لابکاو رجایشیان گرتوە) •

(٢) دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی حەدیثی (١٢٠/٣٦٤٨) نەنووسیبوو لەسەرەوە نووسیمان •

تەرجەمە :

حەکیمی کوڕی حیزام ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە چاوی بــە بەعزێ کەس ئەکەوێ لــە شـــــامـا کــە لەبەر هەتـاو راگیرراونو رۆنزەیتوونیان بەسەراکردوون : ئەمانە چین ؟ عەرزی ئەکەن : بۆ خەراج عەذابیان ئەدەن • ئەمیریان لەو وەختەدا لە فەلەســــطین عومەیری کوڕی سەعدی ئەنصاریی بوە • ئەفەرموێ : لــە پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليــه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : خوا لە قیامەتا عەذابی ئەوانە ئەدا کــە عەذابی خەڵق ئەدەن لە دنیادا • تەشریفی ئەچێتە لای عومەیر قسەیان بۆ ئــەکـاو بەرەڵلا ئەکرێن •••

١٢٢/٣٦٥٠ ـ عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تـعالى عنــه ـ عن رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا خلص المســلمون من [الصراط المضروب على] النار حبسوا بقنطرة بين الجنة والنار فيتقاصّون مظالم كانت بينهم في الدنيا حتى إذا نُقّوا وهُذّبوا أذن لهم بدخول الجنة• فوالذي نفس محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بيده ! لأحدهم بمسكنه في الجنة أدَلُّ بمنزله كان في الدنيا ح ـ ٤/٢٤٤ ، وفي الرقاق •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : کە موسوڵمان لــە پردی صیراط نەجاتیان بوو ، لەسەر پردێ لە بەینی بەهەشتو جەهەننەمـا حەبس ئەکرێن بۆ قیصاصی ئەو حەقەی کە = لە = دنیا بوویانە بەســــەر یەکتریەوە ، تا تەواو پاك ئەبنەوە ، ئەو وەختە ئیذنئەدرێن بۆ بەهەشت • قەسەم بەوەی کە نەفسی محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە دەســــتی قودرەتیایە ئەوانە بــە جێگەی خـۆیان لــە بەهەشتا ئاشناترن لــە مـاڵو مەسکەنیان کە لە دنیادا بوویانە •

١٢٣/٣٦٥١ - عن أنس - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : أنصر أخاك ظالما أو مظلوما • قالوا • يارسول الله هذا ننصره مظلوما فكيف ننصره ظالما ؟ قال : تأخذ فوق يديه ح-٤/٢٤٦•

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : يارييەی بـرای دينيت بدە زاڵم بێ يا مەزڵووم بێ • عەرزيانكرد : (يا رسول الله) مەزڵووم بێ وا يارييەی ئەدرێ ، زاڵم بێ چۆنی يارييە بدەين ؟ فەرمووی : دەستی بگرن • يەعنی مەنعی بكەن لە تەجاوز •

١٢٤/٣٦٥٢ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : من كانت له مظلمة لأحد من عرضه أو شيء فليتحلله منه اليوم قبل أن لا يكون دينار ولا درهم ، إن كان له عمل صالح أخذ منه بقدر مظلمته ، وإن لم يكن له حسنات أخذ من سيئات صاحبه فحمل عليه ح - ٤/٢٤٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەفەرموێ : كەسێ زۆڵمێكی كردبێ لە خەڵق ، لە عەرزی بێ ، لە ماڵی بێ ، لە پێش ئەمەدا كە دينـارو درهەم نەمێنێ = ئیمڕۆ = گەردنی خۆيی پێ ئـازاد بكا ، ئەگـەر عەمـەلی صاليحی ببێ بە قەد زوڵمەكەی لە ثەوابی عەمەلەكەی لێیئەستێنن ئەيـدەن بە صاحێب حەق ، ئەگەر نەيبێ لە گوناهی صاحێب حەق هەڵەگرن ئەيخەنە سەر ئەو •

١٢٥/٣٦٥٣ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - (وإن امرأة خافت من بعلها نشوزا أو إعراضا ...)[1] قالت : الرجل تكون عنده المرأة ليس بستكثر منها يريد أن يفارقها ، فتقول : أجعلُكَ من شأني في حِلٍّ ، فنزلت هذه الآية في ذلك ح - ٢٤٩/٤ ، ح - ٩٣/٧ .

تەرجەمە :

عايشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : پیاو ژنێکی لائەبوو زۆر حەزی لێ نەئەکرد ، تەمای تەڵاقدانی بوو ژنەکەی پێی ئەوت : تەڵاقم مەدە لە حەقی من گەردنت ئازاد بێ [وە سەودە - رضي الله تعالى عنها - عەرزی پێغەمەری - صلى الله تعالى عليه وسلم - کردو نۆبەکەی خۆی دا بە حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها -] ئەو وەختە ئەم ئایەتی نیسائیە نازڵ بوو کە مەئالی وایە : ژنێ ترسا کە مێردەکەی دەخڵی نەکاو یا ئیعرازی لێ بنێ .. گوناە نیە صوڵح لە بەینیانا بکەن .

١٢٦/٣٦٥٤ - أبو سلمة كان بينه وبين [أناس . أخرى] قومه خصومة في أرض ، وأنه دخل على عائشة - رضي الله تعالى عنها - فقالت : يا أبا سلمة اجتنب الأرض ؛ فإن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : من ظلم قيْدَ شبر من الأرض طوقه من سبع أرضين ح - ٢٥٠/٤ ، ح - ٢٤٤/٥ ، م - ٥٢/٧ .

تەرجەمە :

ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف - رضي الله تعالى عنه - لەگەڵ بەعزێ لە قەومەکەی لەسەر ئەرزێ دەعوایێکی ئەبێ ، ئەچێتە خزمەت حەزرەتی عایشە عەرزی ئەکا ، حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى

(١) النســاء / ١٢٨ .

عنها - ئەفەرموێ : ئەی ئەباسەلەمە واز لە ئەرزەکە بێنە لە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم -م بیست ئەیفەرموو : هەرکەسێ بە قەد بستێ لە ئەرزێ غەصب بکا ئەو بستە تا حەو تەبەقەی ئەرز لە رۆژی قیامەتا ئەکرێ بە تەوقی ملی •

١٢٧/٣٦٥٥ - عن سعيد بن زيد بن عمرو بن نفيل [رضي الله تعالى لە خۆیو سەلام لە باوکی] أن أروى خاصمته [إلى مروان • من أخرى] في بعض داره ، فقال : دعوها وإياها ، فإني سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : من أخذ شبراً من الأرض بغير حقه طوقه الله في سبع أرضين يوم القيامة • أللهم إن كانت كاذبة فأعم بصرها ، واجعل قبرها في دارها ! قال [محمد الراوي] : فرأيتها عمياء تلتمس الجدر تقول : أصابتني دعوة سعيد بن زيد ، فبينما هي تمشي في الدار مرّت على بئر في الدار فوقعت فيها ، فكانت قبرها م - ٥١/٧ ، ٥٢ ، ح - ٢٤٦/٥ ليس فيه الدعاء عليها •

تەرجەمە :

سەعید [لە عەشەرەی موبەششەرەیە]ی کوڕی زەیدی = کوڕی عەمری = کوڕی نەوفەل - رضي الله تعالى لە خۆیو سەلام لە باوکی - ژنێکی ئەروا ناو لای مەروان ئیددیعای لێ کرد کە شتێکی لە ئەرازیی ئەو زەوتکردوە • فەرمووی : من ئەرزی ئەو زەوت ئەکەم لە دوای ئەوەی کە لە پێغەمەرم بیستوە - صلى الله تعالى عليه وسلم- [1] ؟ مەروان وتی : چیت لێ بیستوە ؟ فەرمووی : لێمبیستوە کە فەرمووی : هەرکەسێ بستێ لە ئەرزێ بە بێ حەق زەوت بکا خوا لە رۆژی قیامەتا لە حەوتەبەقەی ئەرزەوە

(١) دانەر - خ - زیادەی ریوایەتەکەی تری لێرەدا تەرجەمە کردوە بەڵام لە دەقە عەرەبییەکەدا زیادەکەی نەنووسیوە •

ئەیکا بە تەوق لە ملیا • مەروان وتی : لە دوای ئەوە طەلـەبی بەبینەت لێ ناکەم • لە پاشا سەعید فەرمووی : یا ڕەببی ئەگەر درۆ بکا چـاوی کوێر بکەو خانوەکەی بکە بە قەبری ! محەمەدی راویی ئەفەرموێ : چاوم بە ئەروا کەوت چاوی کوێر بووبوو ، بە دیوار ئەڕۆیی ئەیووت : دۆعای ســـەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ گرتمی • لە وەختێکا کە لە خانوەکەیا ئەڕۆیی بەلای بیرێ کە تیایا بوو رۆیی‌و تێی‌کەوت‌و بوو بە قەبری •

١٢٨/٣٦٥٦ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : حق المسلم على المسلم ست • قيل : ماهن يا رسول الله ؟ قال : (١) إذا لقيته فســـلم عليــه • (٢) وإذا دعـاك فأجبـه (٣) وإذا استـــنصحك فانصح لـه • (٤) وإذا عطس فحمد الله فشمّته • (٥) وإذا مرض فعده • (٦) وإذا مات فاتبعه م ـ ٨/٤٦٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : موسوڵمان شەش حەقی بەسەر موسوڵمانەوە هەیە • عەرزیان‌کرد : کامەنە (یا رسول الله) ؟ فەرمووی :

١ ـ کە تووشی بووی سەلامی لێ بکە •
٢ ـ کە بانگی کردی بـە دەنگیەوە بچۆ •
٣ ـ کـە نەصیحەتی لێ ویستی نەصیحەتی بکە •
٤ ـ کـە پشمی‌و حەمدی کرد (یرحمك الله)ی پێ بڵێ •
٥ ـ کـە نەخۆش کەوت عەیادەتی بکە •
٦ ـ کـە مرد لەگەڵیا بچۆرە سەر قەبران •

١٢٩/٣٦٥٧ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا سلم عليكم أهل الكتاب [يقـول

أحدهم : السام عليكم • أخرى ، عن ابن عمر – رضي الله تعالى عنه –]
فقولوا : وعليكم م – ٨/٤٦٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : کە ئەهلی کیتاب سەلامیان لێکردن = ئەڵێن : مردنتان لەسەر بێ = بڵێن : (وعليكم) •

١٣٠/٣٦٥٨ – عن جابر [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : اتقوا الظلم فإن الظلم ظلمات يوم القيامة ، واتقوا الشحّ فإن الشح أهلك من كان قبلكم : حملهم على أن سفكوا دماءهم واستحلوا محارمهم م – ١٠/١١ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خۆتان لە زوڵم بپارێزن ؛ چونکی زوڵم لە ڕۆژی قیامەتا تاریکییە ، خۆتان لە خەسیسی بپارێزن ؛ چونکی خەسیسی میللەتانی پێشووی بەهیلاك بردوە : بوە بەسەبەبی ئەوە کە خوێنی یەکتریان ڕژانوەو مەحاریمی یەکتریان حەلاڵکردوە •

١٣١/٣٦٥٩ ـ إذا غصب جارية فزعم أنها ماتت ، فقضي بقيمة الجارية الميتة ، ثم وجدها صاحبها فهي له ، وتردّ القيمة ، ولا تكون القيمة ثمنا •

وقال بعض الناس : الجارية للغاصب ، لأخذه القيمة ، وفي هذا احتيال لمن اشتهى جارية رجل لا يبيعها فغصبها واعتل بأنها ماتت حتى يأخذ ربها قيمتها ، فيطيب للغاصب جارية غيره • قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : « أموالكم عليكم حرام ، ولكل غادر لواء يوم القيامة » ح – ١٠/١٠٣ •

تەرجەمە :

کەسێ کە جارییەیەکی غەصبکرد لە پاشا وتی : مردوە ، حوکم کرا بە قیمەتی جارییەکە ، لە پاشا صاحێبەکەی جارییەکەی دۆزییەوە ، جارییەکە ئەبێتەوە بە ماڵی ئەو ، قیمەتەکەی رەد بکاتەوە بۆ غاصیبەکە •

بەعزێ خەڵق - کە ئیمامی ئەعظەمە رحمه الله تعالی - فەرموویەتی : جارییەکە بۆ غاصـــیبەکە ئەبێ ؛ چونکی قیمەتەکەی وەرگرتوە • لەمەدا حیلەی تیایە بۆ کەسێ کە حەز کا لە جارییەی یەکێ ، ئەویش نەیفرۆشـــێ بێنێ جارییەکەی غەصب بکا بەوە بەهانە بێنێتەوە کە جارییەکە مردوە ، لـە پاشا حوکم بکرێ بە قیمەت کە صاحێبەکەی وەری بگرێ ، بەوە جارییەی غەیری حەڵاڵ کردوە ، حاڵوایە پێغـەمـەر - صلی الله تعـالی علیه وسلم - فەرموویەتی : ماڵتان لەسەر یەکتر حەرامە ، کوللی غادیرێ لە رۆژێ قیامەتا بەیداخێکی بۆ هەڵەکرێ •

عەینیی بە تەعەصصوب جوابی داوەتەوە کە مەعنای حەدیثەکـە وایـە کە ماڵتان بە بێ رەزاتان بۆتان حەرامە • ئێستە کە قیمەتەکەی وەرگرتـوە رەزا بوە بە قیمەت لە باتی جارییەکە •

[جوابەکە لە فەتواکە باطیلترە ، ئەم نـەوعە فەتواو جوابانە مونـافی (لا تفسدوا في الأرض)یە] •

١٣٢/٣٦٦٠ - عن أبي هريرة أن رسول الله - صلى الله تعـالى عليـــه وسلم - قال : لا يمنع جار جاره أن يغرز خُشُبَهُ [خشبة • نسخة] فـي جداره • ثم يقول أبو هريرة : مالي أراكم عنها معرضين ؟ والله لأرمينَّ بهـا بين أكتافكم ح - ٢٥٦/٤ ، م - ٥٥/٧ ، د ، ت ، جه •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هیچ کەسێ لە ئێوە مەنعی دراوسێ نەکا کە دار بخاتە سەر دیواری • [أعرج] ئەفەرموێ : لە پاش ریوایەتی ئەم حەدیثە ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بۆ ئیعراز ئەێن لەم حەدیثە ؟ وەللاهی وا ئەیهاومە ناوتان • [پێشتنی مەندووبە ، ئیحسانە ، ریعایەتی دڵی دراوسێیە ، واجب نیە ، ئەگەر نەیێڵێ ئیجبار ناکرێ لە بەر حەدیثی (حجة الوداع) ئەئیممەی (ثلاثة) • ئەمما قەولی قەدیمی شافیعیو ئەحمەدو ئەصحابی حەدیث ئەفەرموون : لە وەختی ضەروورەتا بە شەرتی ئەمە کە صاحێب دیوارەکە زەرەر نەبێنێ پێشتنی واجبە ، ئەگەر نەیهێشت حاکم بە زۆر پێی ئەکا • قەسطەلانی] •

٣٦٦١/١٣٣ ـ أم سلمة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه سمع [جلبة خصم • م] خصومة بباب حجرته ، فخرج إليهم ، فقال : إنما أنا بشر ، وانه يأتيني الخصم ، فلعل بعضكم أن يكون أبلغ من بعض [ألحن بحجته •م] فأحسَبُ أنه صدق فأقضي له بذلك ، فمن قضيت له بحق مسلم فإنما هي قطعة من النار فليأخذها أو فليتركها ح ـ ٢٥٢/٤ ، م ـ ٢٧١/٧ ، د •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گوێی لە غەڵبەغەڵبی دەعوایێ بوو لە بەردەرگای حوجرەی سەعادەتی ، تەشریفی هاتەدەرێ بۆ لایان ، فەرمووی : من بەشەرم هیچی تر نیم [غەیب نازانم] صاحێب دەعوا پێنە لام ، وا ئەبێ بەعزێکیان لە بەعزێکیان لە رەددو بەدەلی قسەو دەلیلا بە

قووەتو بەلیغترە ، بە راستی ئەزانم ، حوکم بـە طەرەفی ئـەوا ئـەکـەم ، هەرکەسێ حوکمم بۆ کرد دەرحەق ماڵی موسوڵمانێ [یەعنی لــە حوکمە ظاهیریەکەما بە خەطا چووم] ئەوە پارچە ئاگرێکە [حوکمی بۆ پێ ئەکەم ، ئەمجا کەیفی خۆیەتی] وەری بگرێ یا تەرکی بکا •

ئەم حەدیثە دەلیلێکی قەطعییە لەســەر ئەمە کـە حوکمی حاکـم بـە واسیطەی ئەدیللەو شاهید ئەگەر موافیقی (نفس الأمر) نەبێ (عند الله) نافیذ نیە • حوکم بە واسیطەی شاهیدی زوورەوە ژنی خەڵقو ماڵی خەڵق حەڵاڵ ناکا • (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر) بوخاریی ئەم حەدیثەی لە ئەحکاماو ، شەهاداتاو ، تەرکی حیلەدا ذیکر کردوە •

الطريق ـ رێگــە :

١٣٤/٣٦٦٢ ـ عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنــه ـ عـن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إيـاكـم والجلوس على الطرقات [الصعدات • أخرى] ! فقالوا : ما لنا بـد إنما هي مجالسنا تتحدث فيها • قال : فإذا أبيتم إلا المجالس فأعطوا الطريق حقها • قالوا : وما حق الطريق ؟ قال : غض البصر ، وكف الأذى ، ورد السلام ، وأمر بالمعروف ، ونهي عن المنكر ح ـ ٢٥٨/٤ وفي الاستئذان ، م ـ ٤٣٣/٨ ، ٦٦ ، د •

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : زینهار لە سەرەڕێدا دامەنیشن ! عەرزیانکرد : چارەمان نیە هەر ئەبێ لێیدابنیشین • مەجلیسمانە قســەی تیا ئەکەین • فەرمووی : مادام هەر واز لە دانیشــتنی ناهێنن حەقی ڕێگە بەجێبێنن • عەرزیانکرد : حەقی ڕێــگە چیە ؟ فەرمووی : چاو لــە حەرام

قووچانن ، تەرکی نەظەری حەرام ، ئەذیەتی خەڵق نەدەن[1] ، تـەحقیریان غەیبەتیان مەکەن ، جوابی سەلامیان بدەنەوە ، ئەمر بە مەعرووفو نەهی لە مونکەر بکەن •

١٣٥/٣٦٦٣ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : [رأيت رجلا يتقلب في الجنة في شجرة قطعها من ظهر الطريق كانت تؤذي الناس م ـ ١٠/٥٤] بينما رجل يمشـي بطريق وجد غصن شوك فأخذه ، فشكر الله له فغفر له ح ـ ٤/٢٦٥ •

١٣٦/٣٦٦٤ ـ أبو برزة [رضي الله تعالى عنه] قال : قلت يا نبي الله علمني شيئا أنتفع به • قال : اعزل الاذى عن طريق المسلمين م ـ ١٠/٥٥ •

تەرجەمەکانیان :

(١) پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : چاوم کەوت بە پیاوێ لە بەهەشتا ئەگەڕا بە واسیطەی درەختێکەوە کە لـە ڕێی خەڵقـا بڕیبووی ئەذیەتی خەڵقی ئەدا •

(٢) وەختێ پیاوێ بە ڕێییێکا ئەڕۆیی لقەدڕکێکی دی لە ڕێ هەڵی گرت خوا شوکری کرد ، یەعنی موکافاتی دایەوەو لێی خۆش بوو •

(٣) ئەبوبەرزە عەرزیکرد : (یا نبي الله) شتێکم فێرکە فائیدەم پێ بدا • فەرمووی : شتی موئذی[2] لە ڕێی موسوڵمانان لادە •

ئـەم سێ حەدیثە مەئالیان موئذی لەسەرەڕێ لادانە •

١٣٧/٣٦٦٥ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صلى

(١) ئەگـەر دانـەر ـ خ ـ بیفەرموایـە : ئەذیـەتی خـەڵق نەدانو ... باشتردەبوو .

(٢) موئذیی : ئازارگەیێن ، زیان بەخش .

الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا اختلفتم في الطريق جعل عرضه سبعة أذرع م - ٧ / ٥٤ .

١٣٨/٣٦٦٦ ـ وعنه ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قضى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا تشاجروا في الطريق الميتاء بسبعة أذرع ح-٤/٢٦٥.

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە لە رێدا ئیختیلافتان بوو رێیەکە حەوت ذیراع پانی ئەدرێتی . = هەروەها ئەبوهورەیرە = فەرمووی : = پێغەمەر = ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەرحەق رێی عومومیی کە خەڵق ئیختلافیان تیا بوو بە حەوت ذیراع = حوکمی کرد = .

مەذهەبی شافیعیی ئیعتیبار بە عورفی بەلەدەو میقداری حاجەت ، ئەو وەختە عورفی مەدینە وا بوە . (أذرعي ، ماوردي ، رویانی . القسطلاني) .

١٣٩/٣٦٦٧ ـ عبدالله بن زيد الأنصاري ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال: نهى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن النهبى والمثلة ح ـ ٤/٢٦٦ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لە تالآنو لووتو لێوکردن کردوە .

١٤٠/٣٦٦٨ ـ عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : من قتل دون ماله فهو شـــهيد ح ـ ٤/٢٦٩ .

[ت عن سعيد بن زيد ـ عليه السلام ، ورضي عن ابنه المبشر بالجنة ـ مرفوعا : من قتل دون ماله فهو شهيد ، ومن قتل دون دمه فهو شهيد ، ومن

قتل دون دينه فهو شهيد ، ومن قتل دون أهله فهو شهيد • ثم قال : حديث صحيـــح] •

[ن ـ من قتل دون ماله مظلوما فله الجنـة] •

مەعنـای هەموویان :

سەعیدی کوڕی زەید ـ رضي الله تعالى عنه ، وعلى أبيه السلام ـ بـە مەرفووعیی ریوایەت ئەفەرموێ : هەرکەسێ لەسەر ماڵی ، لەسەر رۆحی ، لەسەر دینی ، لەسەر ماڵو منالی بکوژرێ شەهیدە •

١٤١/٣٦٦٩ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : أتدرون ما الغيبة ؟ قالوا : الله ورسوله أعلم • قال : ذكرك أخاك بما يكره • قيل : أفرأيت إن كان في أخي ماأقول ؟ قال : إن كان فيه = ما تقول = فقد اغتبته ، وان لم يكن فيه فقـد بَهَتّه م ـ ٢١/١٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : ئەزانن غەیبەت چیـە ؟ عەرزیانکرد : خـواو رەسوولی ئەزانن • فەرمووی : ئەوەیە برای دینیت بە خراپە ناو بەریت • عەرزیانکرد : ئەگـەر ئـەوی ئەیڵێم تیـا بێ ؟ فەرمووی : غەیبەت ئەوەیە کە ئەو عەیبەی کە هەیەتی بیڵێی ، ئەگەر نەیبێ ئەو وەختە ئیفتیراو بوهتانی پێ ئەکەی •

١٤٢/٣٦٧٠ ـ جرير [رضي الله تعالى عنه] يقول : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : من يحرم الرفق يحرم الخير • وفـي أخرى عنه : من حرم الرفق حرم الخير ، ومن يحرم الرفق يحرم الخير • وعن عائشة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن

رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : يا عائشة إن الله رفيق يحب الرفق ، ويعطي على الرفق ما لا يعطي على العنف ، وما لا يعطي على سواه • وعنها عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن الرفق لا يكون في شيء إلا زانه ، ولا ينزع من شيء إلا شانه • وفي أخرى في هذا الحـديث: ركبت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ بعيرا فكانت فيه صـعوبـة ، فجعلت تردده ، فقال لها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : عليكِ بالرفق• ثـم ذكر بمثله م ـ ١٠/٢٥ ، ٢٦ •

تەرجەمە :

ئـەم حەدیثانە هەموویان مـەئـالیـان یەكێكە : نەرمو ئاهیستە بـەو توندوتیژ مەبـە • پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ فەرموویەتی هەركەسێ لە حیلم مەحرووم بێ لە خێر مەحرووم ئەبێ ، لە خێر مەحرووم بێ لە حیلم مەحرووم ئەبێ • بە حەزرەتی عایشەی فەرموە : ئەی عایشە خوا رەفیقە نەرمیو ئاهیستەیی خۆشەوێ ، ئەوی لەسەر نەرمێتی ئەیبـەخشـێ لەسەر توندو تیژیو غەیری ئەو نایبەخشێ • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ سواری وشترێكی سەركەش ئەبێ • حەزرەتی عایشـە ـ رضـي الله تعـالى عنها ـ وشترەكەی بەم لاوبەولادا ئەبرد • پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : ئەی عایشە حەلیمییو نەرمی بكە ، حەلیمیی لـەهـەر شتێكا بێ بەزینەتی ئەكا ، لە هەر شتێ نەزع بكرێ ناشیرینو عەیبـداری ئـەكـا •

مســــلـم :

١٤٣/٣٦٧١ ـ محمد بن أبي المجالد قال : بعثني عبـدالله بن شـداد وأبو بردة [عامر بن أبي موسى الأشعري ـ رضي الله تعالى عنه ـ] إلى عبدالله بن أبي أوفى ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فقالا : سله هل كان أصحاب النبــي

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في عهد النبي يُسْلِفون في الحنطة ؟ قال عبدالله : كنا نسلف [على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأبي بكر وعمر • أخرى] نبيط [أهل فلاحة] أهل الشام في الحنطة والشعير والزيت [والتمر • أخرى] في كيل معلوم [ووزن معلوم ، ويلحق بهما الزرع والعدد • قسطلاني] إلى أجل معلوم • قلت : إلى من كان أصله عنده ؟ قال : ماكنا نسألهم عن ذلك • ثم بعثاني إلى عبدالرحمن بن أبزى فسألته ، فقال : كان أصحاب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يسلفون على عهد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ولم نسألهم ألَهُمْ حرث أم لا ؟ وعن الشيباني : والزبيب ح ـ ٤/١١٣ •

وعن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قدم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ المدينة وهم يسلفون في الثمر السنتين والثلاث • فقال : من أسلف في شيء [أي ولو حيوانا] ففي كيل معلوم ووزن معلوم [أي وعدد معلوم وذرع معلوم] إلى أجل معلوم ح ـ ٤/١١٢ ، ١١٣ إلى ١١٥ •

تەرجەمە :

محەمەدی کوڕی ئەبولمەجالید ئەڵێ : عەبدوڵڵای کوڕی شەددادو ئەبوبوردەی کوڕی ئەبوموسای ئەشعەریی منیانناردە خزمەت عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوئەوفا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەمریان پێکردم لێیبپرسم : کە ئەصحابی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنهم ـ لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە گەندما سەلەمیان کردوە • چووم لێمپرسیی • فەرمووی : لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و ئەبوبەکرو عومەرا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە گەندماو جۆداو زەیتووناو خورماداو مێوژا لەگەڵ زوڕاعی ئەهلی شاما بە کەیلێکی مەعلوومو ، وەزنێکی مەعلوومو [گەزو عەدەدێکی مەعلووم] سەلەممان ئەکرد •

عەرزمکرد : لەگەڵ ئەوانەی کە ئەو نەوعە ماڵەیان بوو یا لەگەڵ هـەمـوو کەسێکا بیانبوایێ یا نەیانبوایێ ؟ فەرمووی : لەوەمان لێ نەئەپرســـین • لە پاشا ناردیشمیانە خزمەت عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبزا لێمپرســـــی ، فەرمووی : ئەصحابی پێغەمەر - صلی الله تعـالی علیە وسلم - لـە زەمـانی پێغەمەرا - صلی الله تعالی علیە وسلم - سەلەمیان ئەکرد ، لێمان نەئەپرسین زەراعەتیان هەیە یان نا •

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالی عنهما - فەرمووی : کە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیە وسلم - تەشریفی هاتە مەدینە لە میوەدا بە وەعدەی ســـاڵو دوو ساڵو سێ ساڵ سەلەمیان ئەکرد • پێغەمەر - صـلی الله علیـە وسلم - فەرمووی : کەسێ لە شتێکا سەلەم بکا لە کەیلێکی مەعلوومو وەزنێـــکی مەعلووم تا موددەیێکی مەعلووم بیـــکا ح - ١١٢/٤ ، د ، ت ، ن ، جە ، م - ٤٢/٧ •

إحيـــاء المــوات(١) :

١٤٤/٣٦٧٢ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - عن النبي - صـــلى الله تعالى عليه وسلم - قال : من أعمر أرضا =ليست لأحد= فهو أحق • قال عروة : قضى به عمر - رضي الله تعالى عنه - في خلافته ح - ١٧٧/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیلە وسلم - فەرمووی : هەرکەسێ ئەرزێ ئاوا بکاتەوە = کە پێشتر هی کەس نەبووبێ = ئەو کەسە بەوە لە خەڵقی تر موستەحەقترە • ئیمامی عومەر - رضي الله تعالی عنە - لە زەمانی خەلافەتیا حوکمی پێ کردوە •

---

(١) زیندووکردنەوەی زەویی بێ خاوەنو وێرانە •

ورأى ذلك علي – رضي الله تعالى عنه – في أرض الخراب بالكوفة •
وقال عمر – رضي الله تعالى عنه –: من أحيا أرضا ميتة فهي له •

تەرجەمە :

ئیمامی عەلی – رضي الله تعالى عنه – لە ئەرزی خەرابی کووفەدا رەئیی وابوە کە دروستە ئیعمار بکرێ • عومەر – رضي الله تعالى عنه – فەرموویەتی : کەسێ ئەرزێ ئیعمار بکا ئەو ئەرزە هی ئەوە • عەمری بنی عەوفی موزەنیی – رضي الله تعالى عنهما – ئەوەی لە پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم–وە ریوایەت کردوە، عەمری کوڕی عەوفی موزەنیی –رضي الله تعالى عنه – فەرموویەتی : ئیحیای ئەرزی کاڵ بەو شەرتە دروستە کە حەقی موسوڵمانی بەسەرەوە نەبێ [یەعنی هی ذیممیش • ئەگەر حەقی موسوڵمان [یا ذیممی] بەسەرەوە بێ بۆی نیە دەخلی بکا] ئەگەر ئەثەری عەمارەتی تیابێ صاحێبی مەجهوول بێ ، نەزانرێ هی موسوڵمانە یان نا بۆ موسوڵمان هەیە تەمەللوکی بکا • ئەگەر ئەثەری عیمارەتی ئیسلامەتی تیا بێ راجیعە بە ئیمام تا صاحێبەکەی ظوهوور ئەکا موسوڵمان بێ یا ذیممی • ئەگەر ذیممی ئیحیای مەوات بکا لە دەستی ئەستێنرێ •

ئیبنوعەوفی موزەنیی – رضي الله تعالى عنه – ئەفەرموێ : بۆ عیرقی زاڵم(١) حەقی ئیحیای ئەرزی موڵکی غەیری بۆ نیە لێی ئەستێنرێتەوە • لە حەقی ئیحیای ئەرزی مەواتا لە جابیر – رضي الله تعالى عنه – حەدیث ریوایەت کراوە لە پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – ح – ٤/١٧٦ ت لە جابیرەوە – رضي الله تعالى عنه – •

---

(١) مەبەست لە عیرقی زاڵم ئەوەیە کە یەکێك بچێ لە زەوی و زاری یەکێکی تردا درەختێ شتێ بناژێ • بەوە مافی ئاوەدانکردنەوەی نابێ و زەوی هی خاوەنی خۆی ئەبێ و لە خاوەن رەگی زاڵم ئەستێنرێتەوە .

الشركة : تێکەڵکردنی ماڵ هەرچی بێ طەعام بێ پارە بێ مەتاع بێ ... الخ ح - ٤/٢٧١ •

[شەریکەت چوار نەوعە :

١ - شەریکەتی ئەبدان : دوو سێ ئیشکەر ببن بە شەریك ، سەرمایە عەمەل بێ ، عەمەلەکەیان یەك بێ ، وەك دوو حەماڵ ، دوو ئاسنگەر ، یا جوێ بێ حەماڵێكو دارتاشێ (مەثەلا) ئەمە بەتاڵە دروست نیە •

٢ - شەریکەتی وجووه : چەند کەسێکی بە ئیعتیبار ماڵ لە خەڵق بستێنن قازانجیان بە شەریکیی بێ ، سەرمایەیان هەر ئیعتیباریان بێ ئەمەیش دروست نیە •

٣ - شەریکەتی موفاوەضە : دوو سێ کەس بە جوێ جوێ ، هەرکەسێ بە ماڵی خۆی یا بە بەدەن کەسب بکاو لە کارو خێرا شەریك بن ئەمەیش بەتاڵە •

٤ - شەریکەتی عینان : سەرمایە تێکەڵکەن هەرکەس بە نیسبەتی سەرمایەکەی لە کارا شەریك بێ ئەمە دروستە • قەسطەلانی ٤ - ٢٧١ •

قورعەکێشان لە تەقسیما ، ئەمر بە مەعرووفو نەهی لە مونکەرە •

١٤٥/٣٦٧٣ - نعمان بن بشير - رضي الله تعالى عنهما - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : مثل القائم [المُدْهِن • في أخرى] على حدود الله تعالى [الآمر والناهي] والواقع فيها [التارك للمعروف المرتكب للمنكر] كمثل قوم استهموا على سفينة فأصاب بعضهم أعلاها وبعضهم أسفلها ، فكان الذين في أسفلها اذا استقوا من الماء مروا على من فوقهم [فتأذوا به • أخرى] فقالوا : لو أنا خرقنا في نصيبنا خرقا ولم نؤذ من

فوقنا [فأخذ فأسا فجعل ينقر أسفل السفينة فأتوه فقالوا : ما لك ؟ قال : تأذيتم بي ، ولابد لي من الماء ، أخرى] فإن يتركوهم وما أرادوا هلكوا جميعا ، وإن أخذوا على أيديهم نجوا ونجوا جميعا ح - ٤/٢٧٧ ، ٣٩٩ .

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : مەثەلی ئەوەی کە ئەمر بە مەعرووف‌و نەهی لە مونکەر ئەکات‌و ئەوی نایکاو ئیرتیکابی مونکەر ئەکا وەك حالی ئەو کەسانەن کە سەفینەیێکیان هەیە دوو نهۆمە ، قورعە بکێشن ، بەعزێکیان نهۆمی سەرەوەیان بەرکەوت ، بەعزێکیان نهۆمی خوارەوەیان بەرکەوت ، ئەوانەی لە خوارەوەن بۆ ئاو ئەبوو بچوونایە سەرەوە بەسەر ئەوانا رابوردنایە نەوەکوو هی سەرەوە ئەذیەتیان پێ بگا هی خوارەوە بڵێن بۆچی ئەذیەتیان بدەین بۆ ئاو ؟ بێنین کونێ بکەینە بەشەکەی خۆمان ئاوی لێ‌هەڵهێنجین ، یەکێکیان تەشوێیەك هەڵبگرێ دەست بکا بە کونکردنی سەفینەکە ، هی سەرەوە بێن پێیان بڵێن : بۆچیی کونەکەی ؟ ئەوانیش بڵێن : ئێمە ئاومان پێ‌ئەوێ بۆچی ئەوەندە ئەذیەتی ئێوە بدەین بۆ ئاو ؟ بەشەکەی خۆمان کون ئەکەین . ئەهلی سەرەوە ئەگەر بهێڵن کونی بکەن هەردو لا غەرق ئەبن ، ئەگەر مەنعیان بکەن هەردوولا نەجاتیان ئەبێ .

موقتەدیر قودرەتی بوو بەسەر ئەمرو نەهیاو نەیکرد ئەوانیش لەگەڵ ئەوی مەعرووف ناکاو مونکەر ئەکا بەهیلاك ئەچێ ، ئەگەر مەنعی کرد ئەمری بە مەعرووف کرد ئەوانیش‌و ئینسانی نییەت فاسید لە ئاگری جەهەننەم نەجاتیان ئەبێ .

بۆ موقتەدیر ئەمر بە مەعرووف ، نەهی لە مونکەر فەرزی کیفایەیە .
بە قورعە تەقسیمی ماڵ دروستە .

پیاوێ سەودای شتێکی کرد یەکێکی تر دەستی تێوەژن تاکووکڕی ••
ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعـالی عنـه ـ رەئی وابوو کـه ئەویش ئەبێ بـه
شەریکی ح ـ ٤/٢٨٠ •

ئەحادیثی دائیر به شەریکەت به موناســـەبه له ئەبوابی ترا هەموو
نووسراوه پێی ناوێ تیکرار بکرێتەوه •

رەهــن :

١٤٦/٣٦٧٤ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه كان يقول : الرهن يُركب بنفقته ، ويشرب لبـن الـدَّرِّ [أي الـدار] إذا كان مرهونا ح ـ ٤/٢٨٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : کەسێ حەیوانێ بدا به رەهن ئەوی به رەهنی وەرەگرێ به نەفەقەکێشانی مەرهوونەکه بۆی هەیه سواری بێ ، ئەگەر شیردار بێ بۆی دروسته شیرەکەی بخواتەوه •

١٤٧/٣٦٧٥ ـ وعنه قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : الرهن يُرْكبُ بنفقته إذا كان مرهونا ، ولبن الدَّرِّ يُشْـرب بنفقتـه إذا كان مرهونا ، وعلى الذي يركب ويشرب النفقة ح ـ ٤/٢٨٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : رەهن له زەمـانی رەهنا به نەفەقەکێشانی ئەوی به رەهنی گرتوه سواری ئەبێ شیردار بێ به واسیطەی نەفەقەکێشانی شیری ئەخورێتەوه ، ئەوی سواری ئەبێو شیری ئەخواتەوه نەفەقەی حەیوانەکەی لەسەره •

وەلحاصل (مرتهن) بە خۆڕایی مەصرەفی باقیمانی ڕەهنەکە بکێشێ بۆی دروستنە بە موقابەلەی مەصرەفی موحافەظەیەوە ئینتیفاع بە مەرهوونەکە بکا • وەك نەفەقەی عەبدی مەرهوون ، ئاودانی درەختی مەرهوون ، میوە وشککردنەوە • قەسطەلانی •

ظاهیر وایە لە مەفهوومی ئەگەر صاحێبەکەی نەفەقەو مەصرەفیان بکێشێ بۆ مورتەهین حەقی ئینتیفاع نیە ، وەهایشە چونکی کەس بۆی نیە بە بێ ڕەضا تەصەڕوفی ماڵی غەیر بکا •

كتاب الشهادات

ئایەتی لە بەقەرەو نیساو مائیدەدایە[1]

١٤٨/٣٦٧٦ ـ عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : إن أناسا كانوا يؤخذون بالوحي في عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأن الوحي قد انقطع ، وإنما نأخذكم الآن بما ظهر لنا من أعمالكم فمن أظهر لنا خيرا أمنّاه وقرّبناه وليس إلينا من سريرته شيء، الله يحاسبه في سريرته، ومن أظهر لنا سوءً لم نأمنه ولم نصدقه ، وإن قال إن سريرته حسنة ح ـ ٣٦٢/٤ •

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بەعزێ کەس لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە واسیطەی وەحی موئاخەذە

(١) وەك ئایەتی : (يا أيها الذين آمنوا اذا تداينتم ...) البقرة / ٢٨٢ و ئایەتی : (يا أيها الذين آمنوا كونوا قوامين بالقسط ..) النساء/١٣٥ •

ئەکران ، یەعنی بە وەحی چاکی‌و خراپییان مەعلووم ئەبوو ، ئێستە وەحی مونقەطیع بوە ، ئێستە ئێمە ئەمجا بەو عەمەلانەی کـە لێتان دەرئەکەوێ موئاخەذەتان ئەکەین ، هەرکەسێ ئیظهاری خێرمان بۆ بکا لێی ئەمین ئەبین ، لە خۆمانی نزیك ئەخەینەوە ، ئیکرامی ئەگرین ، دەخلمان بەسەر ئەوەوە نیە کە لە دلیایە خوا حسابی ئەبینێ کە چی لە دلا بێ • هـەرکەسێ ئیظهـاری خراپیمان بۆ بکا ، با بیشلێ : لـە دلا چاکم ، ئێمە لێی ئەمین نابین بڕوای پێ ناکەین •

ئەم فەرموودەی حەزرەتی عومەرە – رضي الله تعـالی عنه – موافیقی حەدیثی پێغەمەرە – صلی الله تعالی علیه وسـلم – کە ئێمە حـوکم بە ظاهیر ئەکەین خوا دەرعوهدەی باطین ئەکا •

تـەزكييـە :

(أثـر) قال أبو جميلة (سُنَين) : وجدت منبوذا ، فلما رآني عمـر [رضي الله تعالى عنه] قال : عسى الغوير [تصغير غار] أَبْؤُساً ؟ كـأنه يتهمني • قال عريفي [سنان] : إنه رجل صالح • قال : كذاك ؟ [هو مثـل ما تقول ؟ قال : نعم] اذهب [فهو حر ولك ولاؤه • أخرى عـن مـالك] وعلينـا نفقتـه ح – ٤/٣٨٤ •

تەرجەمە :

ئەبوجەمیلە سـونەین ئەفەرموێ : منـاڵێـکیان فڕێدابوو دۆزیمەوە [وهەلم‌گرت کە بە خەمی بکەم] کە ئیمامی عومەر – رضي الله تعالی عنه – دیمی فەرمووی : نزیکە ئەم غارە بچکۆلەیە سـەبەبی هیلاکی بێ [بەعزێ خەلق ئیلتیجا بە غارێك ئەبەن ، شەو تیـا ئەنوون ، بـە سەریانا ئەڕووخێ ئەیانکوژێ • یەعنی ئەمە شـتێکە ظاهیری خێربێ‌و باطینی شــــەڕ]

(كأنـه) ئیمامی عومەر بـەم مەثەلە موتتەهەمم ئەكـا [كەزینـام كردبێ‌و لە زیناكەم ئەم منالە بوو‌بێ‌و ئێستە كردوومە بە لەقیطەو هێناومەتە لای كە نەفەقەی بۆ ببڕێتەوە لە بەیتولمال] • عەریفەكەم [موتەعەهیدی ئیشـــی قەبیلەكەم] وتی : پیاوێكی صالحە • ئیمامی عومەر -رضي الله تعالى عنه- لێی پرسیی وایە وەك تۆ ئەڵێی ؟ عەرزی‌كرد : بەڵێ • ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : كە وابێ ئەو حوڕڕەو حەقی بە خەمكردنی بۆ تۆ بێ‌و نەفەقەی لەسەر ئێمە •

تەزكییەی یەكێ بە یەكێكی دانا دروستە •

١٤٩/٣٦٧٧ - أبو هريرة - رضي الله تعالى عنه - أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - عرض على قوم [ليس لهم بينة] اليمينَ فأسرعوا ، فأمر أن يسهم بينهم في اليمين أيهم يحلف ح - ٣٩٢/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - ئەمری فەرموو كـە قەومێ = بەڵگەو شایەتیان بەدەستەوە نەبوو = ســـوێن بخۆن • هەموو هاتنـە پێشێ بۆ سوێند • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - كە زانی هەموو موهەییان قورعەی لە بەینا كێشان كە كامیان سوێند بخوا لە پێشا •

[نەســـائیی‌و ئەبوداود ریوایەت ئەكەن كـە دوو پیاو لـە خزمـەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - لـە مەتاعێكا مورافـەعـە ئـەبن ، هیچیان شاهیدی نابێ • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - قورعەی لـە بەینا كێشان • عەبدوڕەزاق ئەفەرموێ : هەردوو طەرەف هیچیان حەز لـە سوێند نەكەن ، یا هەردووكیـان حەزكـەن لە سوێند قورعەیان لـە بەینـا ئەكێشرێ • ئەگەر دوان ئیددیعای ماڵێ بكەن كە بە دەست یەكێكی ترەوە

بێ هەردووکیان شاهیدیان بێ ئەو پیاوە (ذو الید)[1]ەکە ئیقـــرار بـۆ هیچیان نەکا (کأنه) شاهیدیان نیە (مەلا سەلام تێی بگا) کە ســـوێندیان خوارد ماڵەکە ئەدرێ بە کامیان ؟ حاکم ئەڵێ : دوو پیاو لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـ دەعوای وشترێکیان بوو ، هەردووکیـــان ئیقامەی شاهیدیان کرد پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وشترەکەی دا بە هەردووکیان •

ئەبوداود ئەڵێ : دوو خەصم هاتنە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ هەردووکیان شاهیدیان بوو پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ قورعەی لە بەینا کێشان حوکمی بۆ ئەوە کـرد کـە قورعـەی بـۆ دەرچوو •

قەسطەلانیی حەدیثی ئەووەلی وا تەئویل‌کردوە کە ئیحتیمالی هـەیـە هەردووکیان لە وشترەکەدا (ذو الید) بووبن شاهیدەکەیانی ئیلغاکردوە بە (ذو الید)ی کردوونی بە شەریك • لە حەدیثی دوەما ئەڵێ : ئیحتیمالی هەیە نیزاعەکەیان لە تەقسیما بووبێ ، یا لە ئازادکردنی عەبدا بووبێ •

هەردو تەئویلەکە بەعیدن (والله أعلم) •

ومعـــــد :

١٥٠/٣٦٧٨ ـ عن سعید بن جبیر ـ رحمه الله تعالی ـ قال : ســـألني یهودي من أهل الحیرة : أيّ الأجلین قضی موسی [علیه الصلاة والسلام]؟ قلت : لا أدْري حتی أقدَم علی حَبْر العرب [ابن عباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ] فقدِمْت [مكة] فسألت ابن عباس [رضي الله تعالی عنهما] فقال : قضی أكثرهما وأطیبهما [في نفس شعیب ـ علیه الصـلاة والسـلام ـ] إن

(١) مەبەستی ئەو کەسەیە کە وشترەکەی لە دەستا بوە .

رســـــول الله [موســـى ـ صلى الله تعـــالى عليه وســلم ـ] إذا قال فعل ح ـ ٣٩٧/٤ [رفعه عكرمة عن ابن عباس عن رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ قال : سألت جبريل ـ عليه الصلاة والسلام ـ : أيّ الأجلين قضى موسى ـ عليه الصلاة والسلام ـ؟ قال : أتمهما وأكملهما (إسماعيلي) قال سعيد فلقيني اليهودي فأعلمته ذلك ، فقال : صاحبك واللهِ عـــالم" . قســـــطلانـي] .

تەرجەمە :

سەعیدی کوڕی جوبەیر ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : جوولەکەیێکی حیره لێی‌پرسیم : حەزرەتی مووسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ وەعدی یەکێ لە دوو موددەی دابوو بە شوعەیب ـ عليه الصلاة والسلام ـ کـە شـوانیی بۆ بکا = کامیانی بۆ بەجێ هێنا ؟ = پێم‌وت : ئازانم تا ئەچمە مەککە لای عالمی عەرەب . چوومە مەککە لە ئیبنوعەباس ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـم =پرسیی= فەرمووی : موددەتە زۆرەکەی بەجێ‌هێنا کە دە ساڵە ؛ چونکی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە وەعدەی دا ئەیکا . بە جوولەکەکە گەییم پێم‌وت وتی : وەڵڵاهی رەفیقەکەت ، یەعنی ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عالمە .

احكام الفتى والفتـــاة(١) :

ئێستە ئەحکامی دینیی (معطله) ئەینووسم ئەمە دنیایە .

١٥١/٣٦٧٩ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا يقولن أحدكم عبدي وأمتي كلكـم

(١) یاساکانی بەندەو کەنیزەك .

عبيدالله ؛ وكل نسائكم إماء الله • ولكن ليقل : غلامي وجاريتـــي ، وفتـاي وفتــاتي م - ٩/١٠٠ •

١٥٢/٣٦٨٠ - وعنه يحدث عن النبي - صلى الله تعالى عليه وســلم - قال : لا يقل أحدكم أطعم ربك ، وضِّئ ربك ، اسق ربك ، وليقـل سيدي مولاي ، ولا يقل أحدكم عبدي أمتي ، وليقل فتـــاي وفتـــاتي وغـلامـي ح - ٣١١/٤ ، م - ٩/١٠٠ •

تەرجەمەی هەردووکی :

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هیچ کەسێ لـە ئێوە نەڵێ : عەبـدی من ، ئەمەتەی من ، هەمووتان عەبدی خوان ، هەموو ژنەکانتان ئەمەتەی خوان ، بڵێن : غولامی من ، جارییەی من ، خزمەتکاری من ، کارەکەری من • هیچ کەس لە ئێوە نەڵێ : طەعام بدە بە (رب)ت ، ئاوی دەزنوێژی رەبت بدە ، ئاو بدە بە رەبت بیخواتەوە • غولام بڵێ سەییدی من ، ســـەرداری من ، گەورەو ئاغای من [ئەم نەهیە بۆ تەنزیهە بۆ تەحریم نیە ؛ خوا لە قورئانـا ئەفەرموێ لە سوورەتی نوورا : (والصـــالحين من عبادكم وإمائكم)[1] لە سوورەی نەحلا : (عبدا مملوكا)[2] لە سوورەی یوسفا : (اذكرني عند ربـك)[3] ح - ٣١١/٤] •

١٥٣/٣٦٨١ - قال أبو هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسـلم - : للعبـد المملوك الصـــالح أجـران [قـال

(١) النـور / ٣٢ •
(٢) النحــل / ٧٥ •
(٣) يوسف / ٤٢ •

أبو هريرة] : والذي نفسي بيده لولا الجهاد في سبيل الله ، والحج وبر أمي لأحببت أن أموت وأنا مملوك ح ـ ٤/٣١٠ ، م ـ ٧/١٥٤ ، وفي الأدب المفرد .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : عەبدی مەملووکی صالیح دوو ئەجری هەیە . ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : قەسەم بەوەی نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە ئەگەر جیهادو حەج و خزمەتی دایکم نەبوایە حەزم ئەکرد کە بە مەملووکی بمردمایە .

ئەمما من قەسەم بە ذاتی ئەقدەسی باریی ! قەت حەز ناکەم . حەزەکەم هەر عەبدو مەملووکی خالیقی خۆم بم .

١٥٤/٣٦٨٢ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال : النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: نعم ما لأحدهم يحسن عبادة ربه ، وينصح لسيده ح ـ ٤/٣١٠ . ومسلم ، ولفظه : نِعمًا للمملوك أن يتوفى يحسن عبادة الله وصحابة سيده ، نعما له م ـ ٧/١٥٥ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : چەندە شتێکی چاکە بۆ عەبدی مەملووك کە جوان ـ جوان عیبادەتی رەببی خۆی بکاو بە راستیی خزمەتی مەولای خۆی بکا خۆش صوحبەتیی سەییدی خۆی بکا . لە موسلیما م ـ ٧/١٥٣ ، ١٥٤ دوو حەدیث بەم مەعنایە . (ابن عمر وأبو هريرة) .

ولفظ حديث أبي هريرة : إذا أدى العبد حق الله وحق مواليه كان لـه

أجران • قال : فحدثتها كعبـا فقـال كعب : ليس عليــه حســاب ولا على مـؤمـن مـزهـد •

تەرجەمە :

عەبد حەقی خواو حەقی سەییدی خۆی بەجێ هێنا دوو ئەجری هەیە • کەعب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەوەی لێزیاد کردوە : حسابی لەســەر نیەو لەسەر موئمینی زاهیدیش نیە •

١٥٥/٣٦٨٣ ـ عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه قال : للمملوك طعامه وكسوته ، ولا يكلف من العمل إلا ما يطيق م ـ ١٥٢/٧ •

تەرجەمە :

عەبدی مەملووك طەعامو لیباسی بۆ هەیەو هەر بە قەد تاقەتی تەكلیفی لێ ئەكرێ • ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ •

١٥٦/٣٦٨٤ ـ وعنه قال أبو القاسم [نبي التوبة • أخرى م] : من قذف مملوكه بالزنا يقام عليه الحد يوم القيامة إلا أن يكون كمـا قـــال م ـ ١٤٩/٧ •

تەرجەمە :

كەسێ عەبدی خۆی بە زینا قەذف بكا ئەگەر عەبدەكەی بەریی بێ لە قیامەتا داری حەد لەو كەسە ئەدەن •

١٥٧/٣٦٨٥ ـ قال عبدالرحمن بن عوف لصهيب ـ رضي الله تعـــالى عنهما ـ: اتق الله ولا تدع إلى غير أبيك [بأنك عربي نمري ولسانك أعجمي] فقال صهيب : ما يسرني أن لي كذا وكذا وأني قلت ذلك ، ولكني سُرِقْتُ وأنـا صبي ح ـ ٤/١٠٠ •

تەرجەمە :

عەبدورەحمانی کوڕی عەوف بە صوهەیبی فەرموو ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : لە خوا بترسەو نیسبەتی خۆت مەدەرە ئەلای غەیری باوکت • صوهەیب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەوەو ئەوەم بێ دڵم پێی خۆش نابێ کە بە درۆ ئەو ئیددیعایە بکەم ، ئەمما بە منالیی دزراوم •

یەعنی حوڕ بووم عەرەبیی نەمیریی بووم ، باوکم عامیلی کیسرا بوو لە سەر (ابلە) مەنزلیان لە ئەرزی موصلا بوو ، رۆم دای بەسەریانا ، بە منالیی ئەسیر کرام ، لە ناو رۆما گەورە بووم ، بۆیە شێوەی زمانم شێوەی رۆمە • پیاوێکی کەلبیی کڕیمی هێنامیە مەککە ، لە مەککە ئیبنوجەدعان کڕیمی ئازادی کردم (نعم العبد صهيب ••• الحديث) •

١٥٨/٣٦٨٦ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : قال الله [عز وجل] : ثلاثة أنا خصمهم يوم القيامة : رجل أعطى بي ثم غدر ، ورجل باع حرا فأكل ثمنه ، ورجل استأجر أجيرا فاستوفى منه ولم يعطه أجره ح ـ ٤/١٠٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ: سێ کەس لە رۆژی قیامەتا من خەصمی ئەوانم؛ لە رۆژی قیامەتا خەصمی سێ کەسم : (١) پیاوێ بە ناوی منەوە عەهدو میثاق بکاو هەڵیوەشێنێ • (٢) پیاوێ حوڕ بفرۆشیو پارەکەی بخوا • (٣) پیاوێ کرێکار بگرێو ئیشی پێ بکاو ئوجرەتەکەی نەداتێ •

١٥٩/٣٦٨٧ ـ وعنه يقول : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا زنت الأمة فتبين زناها فليجلدها ولا يثرب [لا يعيرها بعد الحد

بالزنـا] ثم إن زنت فليجلدها ولا يثرب ، ثم إن زنت الثالثة فليبعها ولو بحبل [بضفير • أخرى] من شعر ح ـ ٤/٦٦ ، ٣١٣ ، م ٧/٢٤٧ ، ٢٤٩ ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : جارییە کـە زینای کرد سەییدەکەی داری حەددی لێ‌بدا ، لە دوای داری حەد [چونکی لـە گوناه پاك ئەبێتەوە] بە زینا عەیبی لێ نەگرێ ، ئەگەر دووبارە زینای‌کرد داری حەددی لێدا ، لە دوایا بە زینا تەحقیری نەکا ، ئەگەر ســــێ‌بارە زینای‌کرد بیفرۆشێ با بە پەتێکی موویش بێ •

١٦٠/٣٦٨٨ ـ عن زاذان أن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] دعا بغلام له فرأى بظهره أثرا ، فقال له : أوجعتك ؟ قال : لا • قال : فأنت عتيق • قال [زاذان] : ثم أخذ شيئا من الأرض فقال : ما لي فيــه من الأجـر ما يـزن هذا ، إني سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : من ضرب غلاما له حدا لم يأته ، أو لطمه فإن كفارته أن يعتقه م ـ ٧/١٤٣ ، ١٤٤ •

تەرجەمە :

زاذان ئەفەرموێ : ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ غولامێــکی خۆیی بانگ‌کرد لە پشتیا ئەثەری لێدانێکی دی پێی‌فەرموو : ئازارم‌دای ؟ عەرزی‌کرد : خەیر • پێی‌فەرمو : ئازاد بە • لە پاشا شتێکی لە ئەرز هەڵگرت فەرمووی : لەم ئازادکردنەدا بە وەزنی ئەمە ئەجرم نیە ! لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : هەرکەسێ لـە غولامێکی خۆی حەددێکی لێ بداو کە موجیبی ئەو حەددەی نەکردبێ ، یـا زللەیێــکی لێ بدا ، کەفارەتی ئەو لێدانە ئازادکردنی ئەو غولامەیە •

١٦١/٣٦٨٩ ـ موعاویەی کوڕی سوەیدی موقرینی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمویّ: غولامێکمان بوو زللەیێکم لێدا، هەڕام کرد، لە پاشا لە پێش نیوەڕۆدا هاتمەوە لە پشت باوکمەوە نوێژم کرد باوکم من و غـــولامەکەی بانگ کرد، بە غولامەکەی فەرموو: زللەکەی لێدەرەوە، عەفوی کردم. لە پاشا =باوکم= فەرمووی : ئێمە کە بەنی موقرینین لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ غەیری خادیمێ هیچ کەسی ترمان نەبوو خزمەتمـان = بکا = [حەوت برا بووین] یەکێکمان [ئەوەی لە هەموومان بچووکتر بوو . أخرى] زللەیێکی لە جاریەکە دا . پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ خەبەری ئەوەی پێگەیی . فەرمووی : جاریەکە ئـازاد بکـەن . عەرزیان کرد : غەیری ئەو جاریە خادیممان نیـە . فەرمووی : خزمەتی پێ بکـــەن تـا ئیحتیاجییـــان پێی نامێنێ ئـەو وەختـە بـەرەڵای بکەن . م ـ ٧/١٤٧ ، ١٤٦ . (پێنج حەدیث یەك مەئال)

١٦٢/٣٦٩٠ ـ ئەبومەســـعوودی بەدریی ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ئەفەرمووێ : بە قامچیی لە غولامێکی خۆمم ئـەدا لە پشتمەوە دەنگێـکم بیست ئەیفەرموو : ئەی ئەبا مەسعوود بزانە ، لە بەر رقی خۆم دەنگەکـەم نەناسی کە لێم نزیك بۆوە دەنگەکە دەنگی پێغەمەر بوو ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : بزانە ئەی ئەبومەسعوود ، ئەی ئەبومەســـعوود بزانە ! قەمچیەکەم فڕێدا [لە هەیبەتی قامچیەکەم لـە دەســـت کـەوتـە خوارێ . م] فەرمووی : ئەبومەسعوود بزانە کە خوا قودرەتی بەســـەر تۆدا زیاترە لە تۆ بەسەر ئەم غولامەدا ! وتـم : ئیتر لە دوای ئەمە لـە هیچ غولامێکم نادەم بە ئەبەدیی [وتم : (یا رسول الله) ئـەم غولامە بۆ خـوا حورِ بێ . فەرمووی : ئەگەر ئازادت نەئەکرد بلێسەی ئاگری جەهـەنـنـەم ئەی سووتانی . یەعنی لە ئاخیرەتا . أخرى م] لە ریوایەتێکی ترا : غولامەکە

ئەیوت : پەنا بە خوا ئەگەرم هەر لێم ئەدا • وتی : پەنا بە (رســـــول الله) ئەگەرم وازم لێ‌هێنا • پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ فەرمووی : وەڵڵاهی خوا قودرەتی بەسەر تۆدا زیاترە لە تۆ بەســـــەر ئەم غولامەدا م ـ ٧/١٤٧ ، ١٤٨ •

کیتـــابـەت :

١٦٣/٣٦٩١ ـ ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ یقول : نهی رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عن بیع الولاء وعن هبته ح ـ ٤/٣٠٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی‌کردوە لە فرۆتنی وەلاو لە هیبەکردنی • وفیه = أي في م ـ ٦/٣٦٩ = مســـــلم بن الحجاج یقول : الناس کلهم عیال علی عبدالله‌بن دینار في هذا الحدیث م ـ ٦/٣٦٩ •

سی‌وپێنج کەس ئـەم حەدیثەی لـە عـەبـدوڵڵای کوڕی دینـــارەوە ریوایەت‌کردوە • ئیمامی شافیعیی لە ئەبویووسفی قاضی‌یەوە ئـەویش لـە عەبدوڵڵای کوڕی دینارەوە ـ رحمهم الله تعالی ـ ریوایەت ئەکا کە گۆشتی ئازادیی ئازادکەر وەکو گۆشتی نەسەب وایە • بیشر لە مەتنی ئەم حەدیثەدا ئەوەی لێ زیادکردوە : کە نافرۆشرێ‌و هیبەناکرێ •

١٦٤/٣٦٩٢ ـ (والذین یبتغون الکتاب) : ئەو غولام‌و کەنیزەکانەتان کـە داوای ئەوەتان لێ‌ئەکەن کە کیتابەتیان لەگەڵ بکەن (فکاتبوهم) : کیتابەتیان لەگەڵ بکەن (إن علمتم فیهم خیرا) : ئەگەر بزانن کە خێریـان تیایەو بەکارن ، یەعنی ئەمینن ئیعتیمادیان پێ ئەکرێ کە تەقســـــیطی کیتابەتەکەیان بدەن ، قودرەتیان هەیە کە کەسب بکەن‌و بە قەد ئیدارەیان‌و

تەقسیطی کیتابەتەکەیان پەیدا بکەن (شافیعی) ئیبنوعەباس هەر بە قودرەتی کەسبی تەفسیرکردۆتەوە • (وآتوهم) : ئێوە بیانەنێ (من مال الله الذي) لەو ماڵەی کە خوا ـ عز وجل ـ (آتاکم) عەطای کردوە بە ئێوە • یەعنی خۆیشتان یاریەیان بدەن لە نجوومی[1] کیتابەتەکەیانا میقدارێکی موناسبیان بۆ داشکێنن •

عەبدوڵلای کوڕی صبیح (مکبرا ومصغرا) لە باوکیەوە ریوایەت ئەکا کە عەبدی حاطەب بوو طەڵەبی کیتابەتی لە حاطەب کرد ، حاطەب ئیبای لە کیتابەتی کرد ئەم ئایەتە دەرحەق ئەو نازڵ بوو •

ئەمر بە کیتابەت بۆ نەدبە بە تەنزیلو موعاوەنەت بۆ وجووبە قەسطەلانیی ٤ ـ ٣١٦ •

ئیبنوجورەیج ئەڵێ : بە عەطام وت : ئایا کە بزانم غولامەکەم ماڵی هەیە واجبە لەسەرم کە کیتابەتی لەگەڵ بکەم کە داوای کرد ؟ عەطا فەرمووی : لام وایە کە واجبە • عەمری کوڕی دیناریش ئەفەرموێ : کە واجبە • ئیبنوجورەیج ئەڵێ : لە عەطام پرسیی : ئەمە کە ئەڵێی واجبە لە خۆتەوە ئەیڵێی یا لە کەسێکەوەی ریوایەت ئەکەی لە کیباری تابیعین ؟ عەطا وتی : لە کەسەوە ریوایەتی ناکەم • ئیبنوجورەیج ئەڵێ : لە پاشا فەرمووی : مووسای کوڕی ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی‌وتم : [سیرین] ـ رضي الله تعالى عنه ـ باوکی ئیبنوسیرین ئیمامی مەشهوور لە تەعبیرا لە (عین التمر) بە ئەسیریی گیررا ، ئەنەسی باوکم لە خەلافەتی حەزرەتی ئەبوبەکرا کڕی ـ رضي الله تعالى عنه ـ طەڵەبی لە ئەنەسی باوکم

(١) کیتابەت : ئەو موعامەلەو نووسینو بڕیارەیە لە نێوان بەندەو خاوەنەکەیا دەبەسترێ • نوجوومی کیتابەتیش ئەو بەشو قیسطە دیاریکراوانەیە کە دەبێ بەندەکە بیاندا بە سەییدەکەی •

کرد که کیتابەتی لەگەڵ بکا • ســـــیرین ماڵی زۆر بوو [تأمل] ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ نەیکرد ، سیرین چوە خزمـــەت حەزرەتی عومـەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی کرد • عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەمـری بە ئەنەس کرد کە کیتابەتی لەگەڵ بکا ، بە ئەمری نەکرد ، عومەر بـە قامچی لە ئەنەسی دا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەم ئایەتەی خوێندەوە (فکاتبوهـم إن علمتم فيهم خيرا) ئەو وەختە ئەنەس کیتابەتی لەگەڵ کرد [لەســــەر بیست هەزار درهەم] سیرین ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : بـە دەفعەیێ پارەکـەم بۆ برد ، قەبووڵی نەکـــرد • فەرمووی : هــــەر بـە نوجووم وەری ئەگرم • چوومەوە خزمەت حەزرەتی عومەر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ عەرزم کرد • فەرمووی : ئەنەس تەمایەتی میراتت بگرێ • یەعنی کەمردیو نوجوومی کیتابەکەت لەسەر مابوو بـە عەبدیی ئەمری ئەو وەختە هـەموو ماڵەکەت ئەنەس ئەیبا • حەزرەتی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بۆ ئەنەسی نووسی : کە لێی وەربگرە • ئەو وەختە لێیقەبووڵکرد ، لە دوای ئەمە کە فەرمووی : ئەگەر قەبووڵی نەکەی وەری ئەگرم و ئەیخەمە (بيت المال)ەوە • (رواه الشافعي بالمعنى • من القسطلاني) •

[ئەمەم نووسی بۆ ئیضاحی ئایەتەکە ، گینا دیـارە دەمێ ســــــاڵە (جند الله) مەغلووبەو جوندی ئیبلیس غاڵبە (متى نصر الله ؟)] •

١٦٤/٣٦٩٢ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رســـول الله [عن النبي أخرى] ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من تولى قوما بغير إذن مواليه ؛ فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين ، لا يقبل منه صـرف ولا عـــدل م ـ ٦/٣٧١ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ بێ ئیذنی ئەوانەی کە عەبدو جارییە ئازاد ئەکەن و کەس و کاری ئەوان خەڵقی تر بکا بە مەولا ، یا ببێ بە مەولا لەعنەتی خواو مەلائیکەی خواو هەموو ئینسانی لەسەر بێ عیبادەت و فیدیەی قەبووڵ نەبێ .

١٦٥/٣٦٩٣ ـ عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنه] يقول : كتب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على كل بطن عُقوله [دياتهم] ثم كتب أنه لا يحل لمسلم أن يتوالى مولى رجل مسلم بغير إذنه [قيد غالب وبالإذن كذلك] ثم أُخْبِرت أنه لعن في صحيفته من فعل ذلك م ـ ٦/٣٧٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەسەر کوللی بەطنێکی نووسیی کە دیەتی ئەو کەسە بدەن کە بە (خطأ) کوشتوویانە [هەرچی عەصەبە بێ غەیری باوک و باپیرو ئەولاد ئەبێ دیەتی مەقتوولەکە بدەن] لە پاشا ئەویش نووسی کە حەڵاڵ نیە بۆ هیچ موسوڵمانێ کە بە بێ ئیذن خۆی کا بە مەولای هیچ موسوڵمانێ [بە ئیذنیش دروست نیە ، قەیدی ئیذن قەیدی غالبە مەفهوومی نیە] لە پاشا خەبەرم دراوەتێ کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەعنەتی کردوە لە ناو کاغەزی ئەو کەسەی کە ئەوە بکا [یەعنی ئەو لەعنەتە لە صەحیفەی ئەعمالا نووسراوە] .

١٦٦/٣٦٩٤ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : دخلت عليَّ بريرة فقالت : إن أهلي كاتبوني على تسع أواق في تسع سنين في كل سنة أوقية [٤٠ درهما] فأعينيني . فقلت لها : إن [أحب . بخاري] شاء أهلك أن أعدها لهم عدة واحدة وأعتقك ويكون الولاء لي فعلت . فذكرت

ذلك لأهلها فأبوا إلا أن يكون الولاء لهم ، فأتتني فذكرت ذلك ، قالت : فانتهرتها فقالت : لاها الله إذا قالت . فسمع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فسألني فأخبرته . فقال : اشتريها وأعتقيها واشترطي لهم الولاء فان الولاء لمن أعتق، ففعلت. قالت: ثم خطب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عشية فحمد الله وأثنى عليه بما هو أهله ، ثم قال : أما بعد . فما بال أقـــوام يشترطون شروطا ليست في كتاب الله ؟ ما كان من شرط ليس في كتاب الله ـ عز وجل ـ فهو باطل وإن كان مائة شرط كتاب الله أحق ، وشرط الله أوثق. ما بال رجال منكم يقول أحدهم : أعتق فلانا والولاء لي ؟ إنما الولاء لمن أعتق [لمن أعطى الورق . بخاري فـي أخـرى ح ـ ٣٠٣/٤ وفي مواضـع أخرى مختصرا ومبسوطا ح ـ ٦٨/٤ ، ٧٧ ، ٣١٧ ، ٣١٨ ، ٣١٩ ، ٣٢٠ ، ٧٢] م ـ ٣٦٦/٦ ، ٣٥٧ ، ٣٦٥ .

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : بورەیرە هاتەلام ، وتی : سەییدەكانم لەسەر نۆ ئووقیە كیتابەتیان لەگەڵ كردم كە لە نۆ ساڵا تەئدیەی بكەم ، ساڵی ئووقیەیەكیان بدەمێ ، موعاوەنەتم بكە . پێم‌وت : ئەگـــەر ئەوانەی كیتابەتیان لەگەڵ كردووی ئارەزوویـان هەیە بـە دەفعەیێ بۆیان بژمێرم وەلای تۆ بۆ من بێ ؟ چوو پێی‌وتن ، رازیی نەبوون مەگەر بـەوە كە وەلای بورەیرە بۆ ئەوان بێ ! بـورەیـرە هاتـەلام ئـەوەی پێ‌وتـم . تێم‌خوڕێ خەیر وەڵلا بەو نەوعە نابێ ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەنگی بیستم لێی پرسیم ، خەبەرم دایێ . فـەرمووی : بی‌كـڕەو ئـازادی بكە ، ئەو شەرتەیان لەگەڵ بكە ، وەلای بۆ ئەو كەســـەیە كە پارە بداو ئازادی بكا . منیش وەك ئەو فەرمووی وام‌كرد . بـۆ ئێواریێ خوطبـەی خوێند ، بەوەی لایەق بە خوا بێ ثەنای خوای كرد ، لە پاشـا فەرمووی :

(أما بعد) چیە ئەحواڵی ئەو قەومانە کە بەعزێ شەرت ئەکەن کە لە (کتاب الله)دا نیە ؟ هەر شەرتێ کە لە قورئانا [یەعنی لە سوننەتیشا] نەبێ با صەد شەرت بێ باطیلە (کتاب الله) لە هەموو شتێ حەقترە ، شەرتی خوا = لە هەموو شتێ = مەتینو مەحکەمترە ، چیە حاڵی بەعزێ پیاو لە ئێوە ئەڵێ : فلان کەس ئازاد بکە وەلای ئەو بۆ من بێ وەلایەت هەر بۆ ئەو کەسەیە کە ئازاد ئەکا .

١٦٧/٣٦٩٥ - أبو أيمن [الحبشي - رضي الله تعالى عنه -] قال : دخلت على عائشة - رضي الله تعالى عنها - فقلت : كنت [غلاما] لعتبة بن أبي لهب [رضي الله تعالى عنه - أسلم يوم فتح] ومات وورثني بنوه ، وأنهم باعوني من [عبدالله] ابن أبي عمرو ، فأعتقني ابن أبي عمرو ، واشترط بنو عتبة الولاء [لهم عليّ] فقالت : دخلت [عليّ] بريرة وهي مكاتبة فقالت : اشتريني وأعتقيني قالت : نعم . قالت : لا يبيعوني حتى يشترطوا ولائي ، فقالت : لا حاجة لي بذلك ، فسمع بذلك النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ، أو [قالت] بلغه ، فذكر ذلك لعائشة ، فذكرت عائشة ماقالت لها ، فقال : اشتريها وأعتقيها ودعيهم يشترطون ماشاؤا . فاشترتها عائشة فأعتقتها [فدعاها النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فخيرها من زوجها ، فقالت : لو أعطاني كذا وكذا ماثبت عنده ، فاختارت نفسها ح - ٤/٥٣٠٣ أخرى] واشترط أهلها الولاء فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم -: الولاء لمن اعتق ، وإن اشترطوا مائة شرط ح - ٤/٣٢٠ .

١٦٨/٣٦٩٦ - عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قالت : كان في بريرة ثلاث سنن [قضيات . أخرى]: خيرت على زوجها حين عتقت [فاختارت نفسها. أخرى] وأهدي لها لحم فدخل علي رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - والبرمة على النار ، فدعا بطعام،

فأتي بخبز وأدْم من أدْم البيت • فقال : ألم أرَ برمة على النار فيها لحم ؟ فقالوا : بلى يا رسول الله ذلك لحم تصدق به على بريرة فكرهنا أن نطعمك منه • فقال : هو عليها صدقة ، وهو منها لنا هدية • وقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فيها : إنما الولاء لمن أعتق م - ٣٦٨/٦ ، ح - ٢٥/٨ •

١٦٩/٣٦٩٧ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - أن زوج بريرة كـان عبدا يقال له مغيث ، كأني أنظر إليه يطوف خلفها يبكي ودموعه تسيل على لحيته ! فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - لعباس : يا عباس ألا نعجب من حب مغيث بريرة ، ومن بغض بريرة مغيثا ؟! فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : لو راجعتيه ! قالت : يا رسول الله تأمرني ؟ قال : إنمـا أنـا أشفع • قالت : لا حاجة لي فيه ح - ١٤٧/٨ ، ١٤٨ ، م - ٤٦/٥ ، م- ٣٦٨/٦ عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : كان زوج بريرة عبدا م - ٣٦٨/٦ ، ح - ١٤٦/٨ •

تەرجەمە :

عايشه - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : بورەيرە سێ خەصـلەتی هەیە : کە ئازادکرا دەرحەق مێردەکەی کە (مغیث) بوو ئەویش عەبد بوو •• = خـاتـرخـۆ کـرا = ئیختیـاری نـەفـسـی خـۆی کرد • گۆشتی صەدەقـەیـان بـۆ ناردبوو پێغـەمەر - صـلی الله تعالی علیه وسـلم - تەشـریفی هاتەلام داوای نـانو پێخـۆری کـرد ، لـەوەی لـە ماڵێـدا بوو بۆمان هێنا ، فەرمووی : بۆ دیـزەم نەدی کە بەسەر ئاگـرەوە بـوو گۆشتی تیا بوو ؟ عەرزیانکرد : بەڵێ (یا رسول الله) ئەوە گۆشتێ بوو کەبە بەریرە صەدەقە کرابوو حەزمان نەکرد دەرخواردت بدەین • فەرمووی : بۆ ئەو صەدەقەیە ، ئەو بیا بە ئێمە هەدیەیە • پێغەمەر - صلی الله تعـالی علیـه وسلم- فەرمووی: وەلاء بۆ ئەوەیە کە ئازاد بکا • ئیبنوعەباس - رضي الله

تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : مێردی بەریرە عەبد بوو موغیثی ناو بوو (کأنە) لە پێش چاومە کە موغیث شوێنی کەوتبوو لە پشتیەوە ئەڕۆیی‌و ئەگریـاو فرمێسك بە چاویا ئەهاتە خوارێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە عەباسی مامی فەرموو : یا عەباس عەجایەبت لێ نامێنێ کە موغیث بەریرەی چەندە خۆشەوێ‌و بەریرە چەندەی رق لەوە ؟! بە بەریرەی فەرموو : ئەگەر بچووبتایەوە لای موغیث ! عەرزی‌کرد : ئەمرم پێ‌ئەفەرمووی ؟ فەرمووی: شەفاعەتی بۆ ئەکەم • عەرزی‌کرد : ئحتیاجم پێی نیە •

١٧٠/٣٦٩٨ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال قال رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا يجزي ولد والدا إلا أن يجده مملـوكـا فيشتريه فيعتقه م ـ ٦/٣٧٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـ فەرمووی : هیـچ ئـەولادێ موکافاتی دایك‌و باوکی ناداتەوە مەگەر عەبد بن‌و بیان‌کڕێ‌و ئازادیان بکا •

١٧١/٣٦٩٩ ـ أيوب [السختياني] عن نافع عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [ورحمهما الله تعالى] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ : من أعتق شِقْصا [نصيبا] له من عبد أو [قال] شِرْكا أو [قال] نصيبا ، وكان له مايبلغ ثمنه بقيمة العدل فهو عتيق [كله : بعضـه بالعتق ، وبعضه بالسراية] وإلا فقد عتق منه ما عَتَق • قال أيوب : لا أدري قوله عتق منه ماعتق قول" من نافع ، أو في الحديث عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ح ـ ٤/٢٧٦ ، ٢٩٢ ، ٢٩٣ وفيه :

١٧٢/٣٧٠٠ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من أعتق شقيصا [نصـيبا وزنـا ومعنـى] من

مملوكه فعليه خلاصه في ماله ، فإن لم يكن له مال قـوّم المملوك قيمة عدل، ثم استسْعي غير مشقوق عليه ح - ٤/٢٧٧ ، ٢٨٢ - ٢٩٥ ، م - ٦/٣٥٣، د ، ت ، ن ، جـه •

١٧٣/٣٧٠١ - عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أنه كان يفتي في العبد أو الأمة يكون بين الشركاء فيعتق أحدهم نصيبه منه يقول : قد وجب عليه عتق كلّه إذا كان للذي أعتق من المال ما يبلغ = يقوم من ماله = قيمة العَدْل ويُدْفع إلى الشركاء انصباؤهم ويخلى سبيل المعْتَق • يخبر ذلك ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] عن النبي - صلى الله تعالى عليـه وسلم - ح - ٤/٢٨١ ، ٢٩٤ •

تەرجەمە :

مەئالی ئەم حەدیثانە ئەوەیە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : عەبدێ یا جاریەیێ موشتەرەك بێ لە بەینی چەند کەســێکا یەکێکیان حیصصەی خۆی ئازاد بکا ئەگەر ئەو کەسە ماڵی بوو بـە قـەد حیصصەی ئەوانی تر ئەو عەبدە یا ئەو جاریيە بە تەواوەتی لەسەر ئەو کەسە ئازاد ئەبێ ، ئەبێ لە ماڵی خۆی قیمەتی ئەوانی تر بدا بە شـــەریکەکانی • ئـەگـەر نەیبوو ئـەوی ئـازادی کـردوە ئـازاد ئەبێ • لـە حەدیثەکەی ئەبیهورەیرەدا ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ ئەفەرموێ : بـە قیمەتی موافیقی عەداڵەت ، نە زیاد نەکەم ، قیمەتی عەبدەکە تەخمین ئەکرێ بۆ شەریکەکان بە بێ ئەمە کە بخرێتە مەشەققەتەوە عەبدەکە یا جاریەکە کەسبی پێ ئەکرێ • ئەییووبی سەختیانیی تەرەددودی بوە ئەڵێ : نازانم ئەمەی کە لە حەدیثەکەی نافیعایە کە ئەفەرموێ : کە ماڵی نەبوو ئەوی ئـازادکراوە ئـازاد ئەبێ •• لە قسەی نافیعە یا لە حەدیثەکەیە کە لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعـالى عليـه

وسلم ـ ریوایەتکراوە ؟ ئەگەر قسەی نافیع بێ ئەو قیسـمە لـە حەدیثەکە ئـەبێ بـە مونقەطیع ، ئەگـەر لـە حەدیثەکـە بێ ئـەبێ بـە مەرفووع • (من قسطلاني) •

١٧٤/٣٧٠٢ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من أعتق رقبة أعتق الله بكل عضو منها عضوا من أعضائه من النار ، حتى فرجه بفرجه م ـ ٣٧٢/٦ ، ح ـ ٤٠١/٩ في حديث مرجانـة •

تەرجەمە :

هەرکەسێ رەقەبەیێ ئازاد بکا خوا ـ عز وجل ـ بە کوللی ئەعضـایێ لە ئەعضای ئەو رەقەبەیە ئەعضاییکی ئەو لە ئاگر ئازاد ئەکا حەتتـا فەرجی بـە فەرجی •

١٧٥/٣٧٠٣ ـ سعيد بن مرجانة [رحمه الله تعالى] صاحب علـى بن حسين [هو زين العابدين بن حسين بن علي بن أبي طالب ـ رضي الله تعالى عنهم أجمعين ـ] قال : قال لي أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أيما رجل أعتق امرأ مسلما استنقذ الله بكل عضو منه عضوا =منه= من النار حتى فرجه بفرجه [إلى هنا ح ـ ٤٠١/٩] قال سعيد بن مرجانة : فانطلقت إلى علي بن حسين ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [حين سمعت الحديث ، فقال علي بن الحسين ـ رضي الله تعالى عنهمـا ـ: آنت سمعت هذا من أبي هريرة ؟ فقال : نعم • أحمد قسطلاني] فعمد علي بن الحسين رضي الله تعالى عنهما ـ إلى عبد له قد أعطاه به عبدالله بن جعفر [رضي الله تعالى عنهما] عشرة آلاف درهم أو ألف دينار ، فأعتقه ح ـ ٢٨٩/٤، ح ـ ٤٠١/٩ إلى آخر أصل الحديث م ـ ٣٧٢/٦ ، ن ، ت •

تەرجەمە :

سەعیدی کوڕی مەرجانە ـ رحمه الله تعالی ـ کـه مولازیمی خزمـەتی ئیمام زەینەلعابیدین عەلی ئەصغەری کوڕی ئیمامی حسەین ـ رضي الله تعالی عنهما ـ بوو ئەفەرموێ : ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ پێیفەرمووم : کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ عەبدێکی موسوڵمان ئازاد بکا خوا ـ عز وجل ـ بە موقابیلی کوللی ئەعضـــایێ لـە ئەعضای ئەو عەبدە ئەعضایێکی ئەو لە ئاگری جەهەننەم نەجات ئەدا حەتتـا فەرجیشی بە موقابیلی فەرجی عەبدەکە نەجات ئەدا • ئیبنومەرجانە ـ رحمه الله تعالی ـ ئەفەرموێ : کە ئەمەم لە ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعـالی عنه ـ بیست چوومە خزمەت عەلیی کوڕی حسەین ـ رضي الله تعالی عنهما ـ عەرزم کرد ، فەرمووی : تۆ ئەمەت بیست لە ئەبوهورەیرە ؟ عەرزمکرد : بەڵێ • عەبدێکی بوو عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ دە هەزار درهەم یا فەرمووی : هەزار دیناری دابووێ [راویی موتەرەددید بوە لـە بەینی ئەم دوو لەفظەدا] ئەو عەبدەی ئازادکرد •

تم بحمد الله (كتاب العتق) أعتقنـا الله وملا حسينا ، وابنه من النار

في ١٩٤١/١٢/٢٨ ، رۆژی عەرەفە یەك شەممە

كتـــاب النكـــاح

بســم الله الرحمن الرحيم

١/٣٧٠٤ ـ عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يحدث أن عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ حين تأيمت حفصةُ من خنيس بن حـذافـة السهمي [رضي الله تعالى عنه] = وكان من أصحاب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ = قد شهد بدرا توفّي بالمدينة [بعد بدر] قـال عمـر ـ رضي الله تعالى عنه ـ: فلقيت عثمان بن عفـان [رضـي الله تعـالى عنـه] فعَرَضْتُ عليه حفصةَ ، فقلت : إن شئت انكحتك حفصة بنت عمر ؟ قال : سأنظر في أمري . فلبثت ليالي . فقال : قد بدا لي أن لا أتزوج يومي هذا . قال عمر : فلقيت أبا بكر [رضي الله تعالى عنهما] فقلت : إن شئت أنكحتك حفصة بنت عمر ؟ فصمت أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] فلم يـرجـع إليَّ شـيئا ، فكنت عليه أوجد مني على عثمان . فلبثت ليالي ، ثم خطبها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأنكحتها إياه ، فلقيني أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] فقال : لعلك وجدت علي حين عرضتَ عليَّ حفصة فلم أرجـع إليك [شيئا] ؟ قلت : نعم . قال فإنه لم يمنعني أن أرجع إليك فيما عرضت إلا أني قد علمت أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد ذكرهـا ، فلم أكن لأفشي سر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ولو تركهـا لقبلتها ح ـ ٢٥٨/٦ ، ح ـ ٤٣/٨ ، ن .

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر – رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە حەفصە بە بێوەژنی مایەوە لە خونەیسی کوڕی حوذافەی سەهمی = کە لە یارانی پێغەمەر بو – صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و = بەدری دیبوو لە مەدینە لە دوای بەدر وەفاتی کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە عوثمانی کوڕی عەففان گەیم حەفصەم عەرزکرد ، وتم : ئەگەر ئیرادەت هەیە حەفصەی کچی عومەرت لێ نیکاح بکەم ؟ وتی : با فکری لێ بکەمەوە • چەند شەوێ لێی وەستام، لە دواییاوتی: وام بۆ دەرەکەوێ کە ئیمڕۆ ژن نەهێنم• لە دواییا بە ئەبوبەکر گەیم ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزمکرد : ئەگەر بتەوێ حەفصەی کچی عومەرت لێ مارە بکەم ؟ بێدەنگ بوو جوابی نەدامەوە ئەوەم لە رەدکردنەوەی عوثمان پێناخۆشتر بوو • چەند شەوێ لێیوەستام، لە پاشا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خوازێینی کرد لێم مارەکرد • لە دوای ئەوە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـم پێ گەیی فەرمووی : رەنگە لات ناخۆش بووبێ کە تەکلیفی ئەوەت لێکردم کە حەفصەم بدەیتێو جوابم نەدایتەوە ؟ وتم : بەڵێ • فەرمووی : ئەوە مەنعیکردم لەوە کە جوابت بدەمەوە لێم مەعلووم بووبووکە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ناوی بردبوو حەزم نەکرد کە سیڕڕی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیفشا بکەم ، ئەگەر ئەو تەرکی بکردایە قەبووڵم ئەکرد •

ئیفشای سیڕ حەرامە ••

کچی خۆی یا خوشکیو ئەوانەی لە ژێر ویلایەتیایە عەرزی ئەهلی صەلاح بکا کە نیکاحی بکەن سونەتە •

٣٧٠٥/٢ ـ عن علقمة قال : كنت أمشي مع عبدالله بن مسعود [رضي الله تعالى عنه] بمنى ، فلقيه عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقام معه يحدثه ،

فقال له عثمان [رضي الله تعالى عنه] : يا أبا عبدالرحمن ألا نزوجك جاريـة شـابة لعلها تذكرك بعض ما مضى من زمانك ؟ قال : فقال عبدالله : لئن قلت ذاك لقد قال لنا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج ، ومن لم يستطع فعليه بالصوم ؛ فإنه له وجاء ح ـ ٨/٥ ، م ـ ٦/١١٤ وفي م ـ ٦/١١٨، ح ـ ٨/٥ نحوه وفيهما : يا أبا عبدالرحمن إن لي إليك حاجة فخليا ، فقال عثمان : هل لك يا أبا عبدالرحمن في أن نزوجك بكرا تذكرك ماكنت تعهد ؟ فلما رأى عبدالله أن ليس له حاجة الي هذا أشار إليَّ فقال : يا علقمة! فانتهيت إليه وهو يقول : أما لئن قلت ذلك ... (إلى آخر مافي الأول) ح ـ ٨/٥ .

٣٧٠٦/٣ ـ عن عبدالرحمن بن يزيد قال : دخلت مع علقمة والأسـود على عبدالله بن مسعود فقال عبدالله [رضي الله تعالى عنه] : كنا مع النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شبابا لا نجد شيئا ، فقال لنا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يا معشر الشباب من استطاع الباءة فليتزوج .. إلخ بعينـه ح ـ ٨/٦ ، م ـ ٦/١١٩ ، ح ـ ٣/٣٤٢ .

تەرجەمە :

ئیمامی عوثمان ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ بـه عـەبـدوڵلای کوڕی مەسعوودی فەرموو : ئەتەوێ کچێکی جوانو جەهێڵت لێ مارە بکەم کـه بەعزێ لە زەمانی رابوردووت بخاتەوە فکر ؟ عەبدوڵلا ـ رضي الله تعـالى عنه ـ عەرزی کرد : ئەمما تۆ وا ئەفەرمووی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ پێی فەرمووین : ئەی جەماعەتی جەهێڵان هەرکەسێ لە ئێوە قودرەتی جیماعی بێو ئیقتیداری بێ بەسەر مەصرەفیا ژن بێنێ ؛ چونکی ژنهێنان چاوی ئینسان لە نەظەر مەنع ئەکاو فەرجی موحافەظە ئەکا . هەرکەسـێ قودرەتی جیماعی بێو ئیقتیداری بە خەمکردنی نەبێ لـه سـەری لازمـه

بەرۆژوو بێ ؛ چونکی بەرۆژووبوون ئەیخەسێنێ شەهوەتی نایێلێ • یەعنی ئیحتیاجیم بە ژنهێنان نیە •

٣٧٠٧/٤ – عروة بن الزبير [رضي الله تعالى عنه] سأل عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ عن قول الله تعالى : (فإن خفتم أن لا تقسطوا ••• (إلى قوله) : ورباع)[١] فقالت : يا ابن أختي هي اليتيمة تكون في حجر وليها [ووارثها • أخرى] تشاركه في ماله [حتى في العذق • أخرى] فيعجبه مالها وجمالها ، فيريد وليها أن يتزوجها بغير ان يقسط في صداقها [ويريد ان ينقص من صداقها • أخرى] فيعطيها مثل مايعطيها غيره ؛ فنهوا أن ينكحوهن إلا أن يقسطوا لهن ويبلغوا بهن على سنتهن من الصداق ، وأمروا أن ينكحوا ما طاب لهم من النساء سواهن ، قال عروة : قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : ثم إن الناس استفتوا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بعد هذه الآية ، فأنزل الله [عز وجل] : (ويستفتونك في النساء ••• (إلى قوله) : وترغبون أن تنكحوهن)[٢] والذي ذكر الله أنه يتلى عليكم في الكتاب الآية الأولى التي قال فيها (وإن خفتم أن لا تقسطوا في اليتامى فانكحوا ما طاب لكم من النساء)[٣] قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : وقول الله تعالى في الآية الأخرى : (وترغبون أن تنكحوهن)[٤] هي رغبة أحدهم ليتيمته التي تكون في حجره حين تكون قليلة المال والجمال ، فنهوا أن ينكحوا مارغبوا في مالها وجمالها من يتامى النساء إلا [إذا كن قليلات المال والجمال • أخرى] بالقسط من أجل رغبتهم عنهن

(١) النساء /٣ •
(٢) النساء /١٢٧ •
(٣) النساء /٣ •
(٤) النساء / ١٢٧ •

ح – ٤/٢٧٨ ، ح – ٧/٧٢ ، ٩٢ ببعضه ح – ٨/٢٧ مختصرا وفي مواضع أخرى م – ١٠/٤٦٨ ، د ، ن ٠

٥/٣٧٠٨ – عروة عن عائشة – رضي الله تعالى عنها – أن رجلا كانت له يتيمة فنكحها وكان لها عَذْق [نخلة] وكان يمسكها عليه ولم يكن لها من نفسه شيء فنزلت فيه (وإن خفتم أن لا تقسطوا في اليتامى) أحسبه [أي عروة] قال : كانت شريكته في ذلك العذق وفي ماله ح – ٧/٧١ ، د ٠

تەرجەمە :

عورووەی کوڕی زوبەیر – رضي الله تعالى عنه – لە حەزرەتی عایشە رضي الله تعالى عنها ـی پرسی لە مەعنای ئایەتی سوورەتی نیساء کە ئەفەرموێ : ئەگەر لەوە ترسان کە لە بەینی ژنانتانا عەدالەت نەکەن ئەو ژنانە بێنن کە بۆ ئێوە باش‌و بێ قوصوورن ، هەوەستان چەند ئەهێنێ بهێنن : دوان بێنن ، سیان بێنن ، چوار بێنن ٠ ئەگەر لەوە ترسان کە لە بەینی دوان‌و سیان‌و چوارا عەدالەت نەکەن تەنها هەر یەك ژن بێنن ، یا بەو جارییە ئیکتیفا بکەن کە هەتانە ٠ فەرمووی : ئەی کوڕی خوشکی خۆم ئەوە دەرحەق کچێکی بێ باوك نازڵ بوە کە لە ژێر حیمایەی وەلی‌و واریثایە ئەبێ بە شەریکی لە ماڵیا حەتتا لە دارخورمایا ، وەلییەکەی عاشقی ماڵی‌و جوانی ئەبێ ئەیەوێ کە بە بێ ئەمە کە دەرحەقی عەدالەت بەجێ بێنێ لە مارەییدا مارەی بکاو مارەیی‌یەکەی کەمتر بکا لەوەی کە مارەیی ئەمثالیەتی ، ئەوەی ناداتێ کە غەیری وەلییەکەی ئەیداتێ ئەو وەلی‌و واریثانە نەهیان لێ‌کراوە کە دەرحەق ئەو یەتیمانە عەدالەت نەکەن‌و خەڵق چی ئەکا بە مارەیی‌یان ئەوان نەیان‌ئەنێ هەر ئەبێ مەهری میثل بکەن بە مارەیی‌یان ، ئەو واریثانە ئەمریان پێ‌کراوە کە لە غەیری ئەو هەتیوانە ئەو

ژنانە بێنن کە دڵیان ئەیگرێ دوان دوان ، سیان سیان ، چوار چوار بێنن •

عوروە ئەفەرموێ : حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : لە دوای ئەم ئایەتە خەڵق دەرحەق ژنان طەڵەبی فتوایان کرد لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خوا ـ عز وجل ـ ئەم ئایەتەی ، کە ئەویش هەر لە سوورەتی نیسادایە ، نازڵکرد کە ئەفەرموێ : دەرحەق ژنان فتوات لێ طەڵەب ئەکەن ، ئەی محمد بڵێ : خوا ـ عز وجل ـ دەرحەق ژنان فتواتان بۆ ئەدا ئەوی لە (كتاب الله)یشا لەسەر ئێوە تیلاوەت ئەکرێ دەرحەق ئەو یەتیمانەی کە ئەوی بۆیان فەرزکراوە کە بیانئەنێو نایانئەنێ ئەگەر ماڵیان جەماڵیان بێ حەز ئەکەن بیانهێنن لەبەر ماڵوجەماڵیان ئەوی ماڵو جەماڵی نەبێ رەغبەتتان دەرحەقیان نیە کە بیانهێنن • هەم خواو ئەوی بۆتان ئەخوێنرێتەوە لە قورئانا فتواتان بۆ ئەدەن دەرحەق ئەو منداڵە زەعیفانە کە لە ئیرث مەحروومیان ئەکەن [کە ئێستەیش عادەتی ئێمەیە کە ئەولادی حەمەد بەگی خالەد بەگین !] هەم خواو (كتاب الله) فتواتان بۆ ئەدەن کە ئیقامەی عەدالەت بکەن دەرحەق هەتیوان کە بە تەواوەتی حەقی ئیرثیان چیە بیاندەنێ ، زوڵمیان لێمەکەن ، ئەو عەمەلی چاکەیەی کە ئێوە ئەیکەن خوا عیلمی پێی هەیە موکافاتتان ئەداتەوە ، یەعنی ئەگەر زوڵم لە هەتیوتانو بێدەستەڵاتتان بکەن خوا لێی وناببێ عەذابتان ئەدا •

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : ئەو ئایەتەی کە خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ کە لە قورئانا بۆتان ئەخوێنرێ ئایەتی ئەووەلی سوورەتی نیسایە کە ئەفەرموێ : ئەگەر لەوە بترسن کە عەدالەت نەکەن دەرحەقی کچی هەتیو لە غەیری ئەوان ژنی تر بێنن کە لاتان باشن • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : خوا ـ عز وجل ـ کە لە

ئایەتەکەی ئاخریدا ئەفەرموێ : رەغبەتتان لە نیکاحکردنیانا نیە ئەو هەتیوەیە کە لە حیمایەی واریثایەو ماڵی نەبێو ناشیرین بێ بەم ئایەتانە خوا نەهی لە واریثان کردوە کە ئەوی ماڵو جەماڵی بێ بیهێنن‌و بە عەدالەت مارەیی‌یان نەدەنێ ؛ چونکی ئەوی ماڵو جەماڵی نەبێ ئیعرازی لێ‌ئەتێن ، یەعنی ئەم مەنعە بە موقابیلی ئەو ئیمتیناعە .

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ مناڵ بوو هەژدە ساڵ بوو کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفاتی کرد ، هەمووی دە ساڵ لە خزمەت پێغەمەرا بوو ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەوت ساڵی (دون البلوغ) بوو لەو موددە قەلیلەدا ئەم عەقڵو زەکاو ئیحاطەیەی لە کوێ بوو کە روبعی دینی ئێمە لەوەوە ئەخذکراوە ؟ (جازاها الله أحسن جزاء . وغضب الله على من عاداها)] .

لە حەدیثەکەی ترا ئەفەرموێ : پیاوێ کچێکی هەتیوی لا بوو ، مارەی کرد لە خۆی ، ئەو کچە دارخورمای بوو ، لەبەر ئەو خورمایە کچەکەی لای خۆی بەندکردبوو ، ئەو کچە لە پیاوەکە حوسنی موعاشەرەت‌و مەنفەعەتی دەست‌نەئەکەوت ، دەرحەق ئەوە ئەم ئایەتی ئەووەڵی نیسا نازڵ بوو . راویی ئەڵێ : ظەننم وایە کە عوروە لە حەدیثەکەیا ئەوەیش هەیە کە هەتیوەکە شەریکی پیاوەکە بوو لە دارخورماکەداو لە ماڵەکەدا یەعنی ئەو خورمایەو ماڵەکە کە بە دەست پیاوەکەوە بوو بە ئیرث ئینتیقالی کردبوە سەر هەردوکیان .

بوخاریی ئەفەرموێ : لە چوار زیاتر دروست نیە ئینسان ژن بێنێ ؛ چونکی خوا ئەفەرموێ : (مثنى وثلاث ورباع) . عەلی ئەصغەر زەینولعابیدینی کوڕی ئیمامی حسەین ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ :

مەعنای (مثنی وثلاث ورباع) یا دوان دوان بێنێ ، یا سیان سیان بێنێ ، یا چوار چوار بێنێ ، وەکوو چۆن لە سوورەتی (الحمدی فاطر)ا ئەفەرموێ : مەلائیکەکان دووباڵ دووباڵن‌و ، سێ‌باڵ سێ‌باڵن‌و ، چوارباڵ چوارباڵن ، یەعنی یا دوو باڵیان هەیە یا سێ باڵیان هەیە یا چوار باڵیان هەیە ح ـ ٢٦/٨ ، مەعنای وا نیە مەلائیکەکان دوو باڵیشیان هەیەو ، سێ باڵیشیان هەیەو ، چوار باڵیشیان هەیە کە ئەکا نۆباڵ •

ئەم مەعنایەی کە (زین العابدین) ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە یەکێکە لە دوانزە ئیمامی شیعەکان ، لێی ئەداتەوە رەددە لە شیعە کە فیرقەیێکیان ئەڵێن : دوانیش بێنێ‌و ، سیانیش بێنێ‌و ، چواریش بێنێ کە ئەکا نۆ • فیرقەیێکیشیان ئەڵێن : دوان دوانیش (٤) سیان سیانیش‌و (٦) چوار چواریش (٨) ، (جمعا) ١٨ بێنێ • ئیجماعی جومهوورو ئەئیمەی ئەربەعە لەسەر ئەمەیە کە لە چوار زیاتر حەرامە • ئەگەر دروست بوایە غەیلان کە موسوڵمان بوو دە ژنی بوو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری پێ نەئەفەرموو چواریان رابگرەو لەوانی تر جوێ بەرەوە • (رواه ابن حبان والحاكم وغيرهما وصححوه) •

٣٧٠٩/٦ ـ أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : [إن نفرا من أصحاب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أخرى • م] جاء ثلاثة رهط [علي بن أبي طالب ، عبدالله بن عمرو بن العاص ، عثمان بن مظعون ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] إلى بيوت أزواج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يسألون عن عبادة النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلما أخبروا [عن عمله سرا • أخرى] كأنهم تقالّوها ، فقالوا : وأين نحن من النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد غفر له ما تقدم من ذنبه وما تأخر ؟ قال أحدهم : أما أنا فإني

أصلي الليل =أبدا= [علي رضي الله تعالى عنه] وقال آخر [عبدالله ـ رضي الله تعالى عنه] : أنا أصوم الدهر لا أفطر • وقال آخر [عثمان ـ رضي الله تعالى عنه] : أنا أعتزل النساء فلا أتزوج أبدا • فجاء رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : أنتم الذين قلتم كذا وكذا ؟ أما والله إني لأخشاكم لله وأتقاكم له ، لكني أصوم وأفطر ، وأصلي ، وأرقد ، وأتزوج النساء ، فمن رغب عن سنتي فليس مني ح ـ ٣/٨ ، م ـ ١٢٠/٦ بمعناه •

٧/٣٧١٠ ـ عن سعد بن أبي وقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : أراد عثمان بن مظعون ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن يتبتل ، فنهاه رسول الله ، ولو أجاز له لاختصينا • ـ م ـ ١٢٠/٦ ، ١٢١ ، ح ـ ١٠/٨ ، ت ، ن ، جه •

٨/٣٧١١ ـ عن ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنا نغزو مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ليس لنا نساء ، فقلنا : يا رسول الله ألا نستخصي ؟ فنهانا عن ذلك ح ـ ٩/٨ وفي التفسير ، ح ـ ١١/٨ وفيه : ثم رخص لنا أن تنكح المرأة بالثوب ، ثم قرأ علينا (يا أيها الذين آمنوا لا تحرموا طيبات ما أحل الله لكم ، ولا تعتدوا ، إن الله لا يحب المعتدين)(١) ح ـ ١١/٨ •

٩/٣٧١٢ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قلت : يارسول الله إني رجل شاب وأنا أخاف على نفسي العَنَتَ [الزنا] ولا أجد ما أتزوج به النساء ، فسكت عني • ثم قلت مثل ذلك فسكت عني ، ثم قلت مثل ذلك فسكت عني ، ثم قلت مثل ذلك فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يا أبا هريرة جف القلم بما أنت لاق ، فاختصِ على ذلك ، أو ذر ح ـ ١١/٨ •

(١) المائدة / ٨٧ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : سێ کەس [ئیمامی عەلیو ، عەبدوڵلای کوڕی عەمرو ، عوثمانی کوڕی مەظعوون ـ رضـي الله تعـالى عنهم ـ] هاتنە خزمەت ئەزواجی طاهیرات ـ رضي الله تعـالى عنهن ـ لـە عیبادەتی سیرڕی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ یان لێ پرسیی کە خەبەریان درایێ بە کەمیان زانی ، وتیان : ئێمە لە کوێینو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە کوێیە ؟ ئەو گوناهی پێشوویی‌و دوایی عەفو کراوە • یەکێکیان کە ئیمامی عەلییە ـرضي الله تعالىعنهـ فەرمووی: من=هەمیشە= شەو نانوومو هەر نوێژ ئەکەم • یەکێکی تریان عەبدوڵلا ـ رضي الله تعـالى عنه ـ فەرمووی : من هەر بەڕۆژوو ئەبم تا ئەبەد هیچ نایشـــــکێنم • یەکێکیشیان عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمـووی : من ژن ناهێنم • [خەبەر درا بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] کە تەشریفی هاتەوە فەرمووی : ئەوە ئێوەن واتان وتوە ؟ خەبەرتان بێ وەڵلاهی من لـە ئێوە زیاتر لە خوا ئەترسێمو تەقوام لە ئێوە زیاترە ، نوێژیش ئەکەمو ئەیشنووم ، بەڕۆژوویش ئەبمو ئەیشیخۆم ، ژنیش ئێنم • هەرکەسێ ئیعراز لە سوننەتی من بێنێ ئەوە لە من نیە •

لـە حەدیثی سەعدیشو ئیبنومەسعوودیشو ئەبوهورەیرەیشا سوئال کراوە لە ژن‌نەهێنانو خۆخەسانن ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لێ‌کردوون • بە ئەبوهورەیرەی فەرموە : قەدەر بڕاوەتەوە ئەمجاکەیفی خۆتە خۆت ئەخەسێنی یا نایخەسێنی •

لە حەدیثی ئیبنومەسعوودا ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ م ـ ٦/١٢٩ ، ح ـ ٨/١١ ئەفەرموێ : لە دواییا روخسەتی داین کـە هەتـا موددەتێ ژن

نیکاح بکەین بە ئەوبێ یەعنی (مەثەلا) • لە پاشـــا عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە مەئالی شەریفی وایە : ئەی ئەوانـەی ئیمانتان هەیە ئەو طەییباتەی کە خوا بۆی حەلاڵکردوون حەرامی مەکەن لە خۆتان ، لە ئەحکامی ئیلاهییە تەجاوز مەکەن ؛ چونکی خوا ئەوانەی کە لە ئەحکامی ئیلاهییە ئەچنەدەرێی خۆش ناوێ •

ژنهێنان ، نانخواردن ، نوســتن ، ئینتیفاع بـە نیعمەتی خوا حەتتـا نیکاحی صیغەیش لەوانەیە کە (طیب)ن و خوا حەلاڵی کردوون •

آداب الاتیـان الی أهله(١) :

١٠/٣٧١٣ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ قال : قال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : لو أن أحدهم إذا أراد أن یأتي أهـله قال : بسم الله أللهم جنبنا الشیطان وجنب الشـــیطان مارزقتنا •• فإنه إن یقدّر بینهما ولد في ذلك لم یضره شیطان أبدا ح ـ ٦/٦٦ ، م ـ ٦/١٩٨ ، ح ـ ١/٢١٠ ، ٢٢٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـصلیاللهتعالیعلیهوسلمـ فەرمووی: کە یەکێ لە ئێوە ئیرادەی کرد کە لەگەڵ ژنی خۆی دروست بێ بڵێ : خوایا لە شـــــەیطانمان بپارێزەو شەیطان دوورخەرەوە لەو منالەی کە کردووتە بـە رزقی ئێمە • کە ئەوەتان وت ئەگەر خوا لەو موجامەعەیە منالێکی موقەددەر کردبێ ئەو منالـە بـە ئەبەدیی هیچ شەیتانێ زەرەری پێناگەیێنێ •

[عەبدوڕڕەزاق بە مورسەلیی لە حەسەنی بەصرییەوە ـ رحمهما الله ـ ریوایەت ئەکا کـە ئینســـــــــان لەگەڵ ئەهلی خۆیا موجامەعەی کرد بڵێ

(١) ئادابی چوونەلای خێزان •

(بسم الله ، أللهم بارك لنا في ما رزقتنا ولا تجعل للشيطان نصيبا فيما رزقتنا وكان يرجي إن حملت أن يكون ولداً صالحا) : به موعاوەنەتی ناوی خواوه ئەم ئيشه دەست پێئەكەم ، خوايـا بەرەكەتمان بۆ بخەيتە ئەوەی كـه لـەم موعامەله ئەيكەی به رزقی ئێمه • نەصيبی شـــەيطان مەخەره ئەوەی كـه ئەيكەی به رزقی ئێمه ، كه ئەوەی وت ئومێد هەيه كه ئەوی لەو موعامەله پەيدا ئەبێ ئەولادێكی صاڵح بێ = قەسطەلانی : ٨/٦٩ =] •

له پشتەوه موجامەعەكردن لەگەڵ ژنی خۆی :

١١/٣٧١٤ ـ جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : كانت اليهود تقول: إذا أتى الرجل امرأته من دبرها في قبلهـا كـان الـولـد أحـول • فنزلت : (نساؤكم حرث لكم فأتوا حرثكم أنى شئتم)(١) م ـ ٦/١٩٩ ، حـ٧/٣٤ ، ت ، ن ، جه • وزاد في حديث النعمان عن الزهري يعني إلى جابر : إن شاء مجبية [بەدەمەوه] وإن شاء غير مجبية غير أن ذلك في صمام واحد [أي في ثقب واحـد وهو القبل] •

تەرجەمە :

جابير ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : يەهوودیی ئەيانوت : ئەگەر ئينسان لەگەڵ ژنی خۆی له پشتەوه له (قبل) يا موجامەعه بكا منـاڵی لێ ببێ مناڵەكەی خێل ئەبێ ، ئەم ئايەته نازڵ بوو كه ئەفەرموێ : فەرجی ژنی ئێـوه جێـگه زەراعەتتانه لـه هـەر كوێوه ئـارەزووتانـه بچنـه نـاو جێ زەراعەتەكانەوه ، يەعنی له پێشەوه بێ ، له پاشەوه بێ ، به پشـــتەوه بێ ، به دەمەوه بێ ، لەسەر تەنيشت بێ ••• بەو شەرته كه هەر له قوبوليەوه بێ

(١) البقـرة / ٢٢٣ •

بە (دبر) نەبێ • تەماشای جەڵدی حەوتەمی قەسطەلانیی لە صەحیفەی سیودوو سیوسێو سیوچوار بکە لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا •

١٢/٣٧١٥ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : إذا دعا الرجل امرأته إلى فراشه فأبت أن تجيىء لعنتها الملائكة حتى تصبح [حتى ترجع • أخرى] ٩٢/٨ ، م - ٢٠٠/٦ وفي أخرى منه : إلا كان الذي في السماء ساخطا عليها حتى يرضى عنها م - ٢٠٠/٦ ، وفي م - ٢٠١/٦ : فبات غضبان عليها لعنتها ••• إلخ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هەر پیاوێ ژنی خۆی بانگ بکا بۆ موجامەعە • ئیجابەتی نەکا ، مێردەکەی بە رقەوە رۆژ بکاتەوە خوا لەعنەت لەو ژنە ئەکا تا سبەینێ ، لە ریوایەتێکا : تا لێی رازیی ئەبێ • لە ریوایەتێکا تا ژنەکە یێتەوە لای • لە ریوایەتێکا ئەوی حوکمی لە ئاسمانا جارییە لێی بە غەضەب ئەبێ •

١٣/٣٧١٦ - عن عبدالله بن زمعة - رضي الله تعالى عنه - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : لا يجلد أحدكم امرأته جلد العبد ثم يجامعها في آخر اليوم ح - ٩٧/٨ •

١٤/٣٧١٧ - وعنه قال : نهى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أن يضحك الرجل مما يخرج من الأنفس • وقال : لم يضرب أحدكم امرأته ضرب الفحل ثم لعله يعانقها ؟ ح - ٣٤/٩ ، ح - ٤٠٤/٧ ، م - ٣٢٢/١٠ ولفظهما ببعض فرق واللفظ للبخاري :

١٥/٣٧١٨ - عبدالله بن زمعة [رضي الله تعالى عنه] سمع النبي -صلى الله تعالى عليه وسلم - يخطب وذكر الناقة والذي عقر ، فقال رسول الله

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إذ انبعث أشقاها ، انبعث لها رجل عزيز عارم [جبار] منيع في رهطه مثل أبي زمعة . وذكر النساء ، فقال : يعمد أحدكم يجلد امرأته جلد العبد فلعله يضاجعها في آخر يومه ! ثم وعظهم في ضحكهم من الضرطة وقال : لم يضحك أحدكم مما يفعل ؟ ح ـ ٧/٤٠٤ ، م ـ ١٠/٣٢٢ . (تەرجەمەی ئەم حەدیثە کافیە) .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی زیمەعە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : له پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست خوطبەی ئەخوێند بەحثی ناقەی صالح ـ عليه السلام ـی کردو بەحثی ئەوەی کە سەری بڕی . فەرمووی : (إذ انبعث أشقاها) پیاوێکی بە قووەتی جەبباری موعتەبەر لە ناو قەومی خۆیا وەك باوکی زیمەعە [کە باپیری عەبدوڵڵایە] بۆی چوو سەری بڕی . لە پاشادەرحەق ژنان وەعظی بۆ دادان فەرمووی : یەکێ لە ئێوە ئەچێ بۆ ژنەکەی لێیدا وەك لە عەبد ئەدرێ [وەك لە وشتر ئەدرێ . أخرى] ئیحتیمالی هەیە لە ئاخری ئەو رۆژەدا لەگەڵی دروست بێ‌و دەست لە ملی بکا . دەرحەق پێکەنین بە کەسێ کە بایەکی لێ‌بەربێتەوە وەعظی بۆ دادان فەرمووی : بۆ بەو کەسە پێ‌ئەکەنێ باییکی لێ بەربێتەوە .

١٦/٣٧١٩ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رأى امرأة فأتى امرأته زينب وهي تمعص منيئة لها [تدلك جلدا وضع في الدباغ] فقضى حاجته ثم خرج إلى أصحابه فقال : إن المرأة تقبل في صورة شيطان وتدبر في صورة شيطان ، فإذا [أحدكم أعجبته المرأة فوقعت في قلبه . أخرى م] أبصر أحدكم امرأة فليأت أهله ، فإن ذلك يرد مافي نفسه م ـ ٦/١٢٢ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ چاوی بە ژنێ کەوت تەشریفی هاتە لای زەینەب ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئیحتیاجی خۆیی پێ بەجێهێنا ، لەو وەختەدا زەینەب پێستێکی لە هەلالا بوو خۆشیئەکرد ، لە پاشا تەشریفی چوە لای ئەصحابی ، فەرمووی : ژن لە صوورەتی شەیطانێکا رووئەکاتە ئینسان ، لە صوورەتی شەیطانێکا پشت لە ئینسان هەڵەکا ، کە یەکێ لە ئێوە ژنێکی دی لای جوانو عەجایب بوو شتێك بە دڵیاهات .. بچێتەوە لەگەڵ ژنی خۆیا دروست بێ ، ئەوە ئەوەی لە دڵیایە ئەیکاتە دەرەوە .

سوننەتە تەماشای ژن کە ئیرادەی بوو بیهێنێ :

١٧/٣٧٢٠ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : كنت عند النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأتاه رجل ، فأخبره أنه تزوج امرأة من الأنصار . فقال له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أنظرت إليها ؟ قال : لا . قال : فاذهب فانظر إليها ، فإن في أعين الأنصار شيئا .

وفي أخرى عنه : فقال له النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هل نظرت إليها ، فإن في عيون الأنصار شيئا ، قال : قد نظرت إليها . قال : على كم تزوجتها ؟ قال على أربع أواق . فقال له النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : على أربع أواق ؟! كأنما تنحتون الفضة من عرض هذا الجبل ! ما عندنا ماتعطيك ، ولكن عسى أن نبعثك في بعث تصيب منه . قال : فبعث بعثا إلى بني عبس بعث ذلك الرجل فيهم م ـ ٦/١٦١ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا بووم ـ صلی الله تعالی علیه ـ پیاوێ هاتە خزمەتی عەرزیکرد : لە ئەنصار

ژنێکم هێناوه[1] • فەرمووی : تەماشات کرد یان نا ؟ عەرزی‌کرد : خەیر • فەرمووی : بچۆ تەماشای بکە ، لە چاوی ئەنصارا عەیبێك هەیە • چوو تەماشای‌کرد ، هاتەوە خزمەتی عەرزی کرد (فلا منافاة) فەرمووی : لەسەر چەندت مارەکردوە ؟ عەرزی‌کرد : لەسەر چوار ئووقیە • فەرمووی : = لەسەر چوار ئووقیە ؟! = وا بزانم ئێوە لە پانی ئەم شاخە زیو دائەتاشن ! ئێستە هیچم لە لا نیە کە بتدەمێ بۆ مارەیی یەکەی ، ئەمما بەڵکە دەستەیێ خەڵق بنێرم لە ناو ئەوانەدا تۆیش بنێرم لەوە شتێکت دەستکەوێ • ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : دەستەیێ خەڵقی ناردە سەر بەنیعەبس ئەو پیاوەیشی لەگەڵا ناردن •

سوننەتە مارەیی خەفیف بێ‌و بە قەد ئیقتیدار بێ •

إستئذان الثيب والبكر[2] :

١٨/٣٧٢١ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا تنكح الأيم حتى تستأمر ، ولا تنكح البكر حتى تستأذن • قالوا : يا رسول الله وكيف إذنها ؟ قال : أن تسكت ح ـ ٨/٥٢ ، م ـ ٦/١٥١ ، ن ح ـ ١٠/١٠٥ ، ١٠٦ •

١٩/٣٧٢٢ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ تقول : سألت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن الجارية يُنكحها أهلها أتستأمر أم لا ؟ فقال لها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : نعم تستأمر • فقالت عائشة : فقلت له : فإنها تستحي • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه

(١) دەبوو لێرەدا بیفەرمووایە : ژنێکم لە ئەنصار خوازبێنی کردوە ، چونکە دوای هێنان تەماشای دەکاو دەیبینێ •

(٢) پرسکردن بە بێوەژن‌و کچ بۆ مارەبرین •

وسلم ـ: فذلك إذنها إذا هي سكتت م - ٦/١٥٢ ، ح - ٨/٥٢ ، ح - ١٠/١٠٦ .

٢٠/٣٧٢٣ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : الأيم أحق بنفسها من وليها ، والبكر تستأذن في نفسها ، وإذنها صماتها [وصمتها إقرارها . أخرى] م - ٦/١٥٢ .

٢١/٣٧٢٤ - عن عقبة بن عامر - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : إن أحق الشرط أن يوفى به ما استحللتم به الفروج ح - ٨/٦٠ ، ح - ٤/٤٢٠ ، م - ٦/١٥٠ ، ت ، د ، جه ، ن .

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : بێوەژن تا لێی نەپرسرێت‌و ئەمر نەکا نادرێ بە شــوو . بیکر ، یەعنی کچ ، تا ئیذنی لێ نەخوازرێ نادرێ بە شوو . عەرزیان‌کرد : (یا رسول الله) ئیذنی کچ چۆن ئەبێ؟ فەرمووی: کە ئیذنت لێ خواست‌و بێدەنگ بوو بێدەنگییەکەی ئیذنە. [لای مالیکیی ئەگەر عەلامەتی ڕەزانەبوونی لێ‌دەرکەوت ، مەثەلا کە گریا نادرێ بە شوو . ئیمامی شافیعیی ئەفەرموێ : تەنها گریان کافی نیە ، یەکێ لــە تووڕەبوون‌و ، بۆڵەبۆڵ‌و ، هاوارکــردنی پێ‌ئەوێ . ئەگــەر پێــکەنی عەلامەتی پێ‌خۆش‌بوونە] . حەزرەتی عایشە - رضــي الله تعــالى عنهــا - فەرمووی : (یارسول الله) کچ حەیا ئەکا کە ئیذن بدا . فەرمووی : ڕەزای ئەو بێدەنگ‌بوونە .

لە ریوایەتێکی ترا حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ: لە پێغەمەر ـ صلى الله تعــالى عليــه وســلم ـم پرسیی : کەس‌و کــاری کچ

کچەکەیان ئەدەن بە شوو پرسی پێ ئەکەن یان نا ؟ فەرمووی : پرسی پێ ئەکەن • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : عەرزم کرد : کچ شەرم ئەکا رووی نایێ بڵێ بمدەن بە شوو • فەرمووی : کە بێدەنگ بوو ئەوە ئیذنە • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بێوەژن لە کەس‌و کاری حەقی زیاترە بەسەر خۆیەوە ، کچ ئیذنی لێ‌ئەخوازرێ بێدەنگ‌بوونی ئیذنەو رەزاو ئیقرارە •

[ظاهیرو صەریحی ئەم حەدیثانە وا ئەگەیێنێ کە وەلی (مجبر)[1] نیە ، باوك‌و باپیریش بە بێ رەزا کچ نادەن بە شوو • مەذهەبی حەنەفیی موافیقی ئەم ظاهیرەیە،شافیعیی،مالیك، ئەحمەد ئەفەرموون:باوك‌و باپیر بە بێ ئیذن ئەیدەن بە شوو • ئەبوحەنیفە ئەفەرموێ : بێوەکچ هەموو وەلیێکی : باوك ، برا ، مام ، ئامۆزا ••• ئەیدەن بە شوو ، کە گەورە بوو حەقی خیاری هەیە • [ئەمما لە دوای خەیاری خیار فائیدەی چیە ؟] مالیك ئەفەرموێ : وەصیی باوك بێوە کچ ئەدا بەشوو ، کەس‌و کاری تر نایدا • ئیمامی ئەحمەد ئەفەرموێ : باوك ، باپیر هەر نەوعە کچێکی بیکری گەورە بێ یا بوچووك ، یا بێوەکچی کەمتر لە نۆ ساڵ ئەدا بە شوو ، فەقەط (دون البلوغ)ی نۆ ساڵ‌و زیاد لە نۆ نادا بە شوو •

ئیمامی شافیعیی ، ئەبویوسف ، محەمەد ـ رحمهم الله ـ ئەفەرموون : بێوەکچ ئەگەر کچێتیەکەی بە جیماع ئیزالەکرابێ وەلی موجبیری نیە • بە غەیری جیماع زائیل بووبێ باوك وەلی موجبیرە • بیکری بالیغە هەموو ئەولیا ئەیدەن بە شوو ، ئیختیلاف لە ئیذن‌لێ‌خواستنا یە • دەلیلی ئەوانەی

(١) واتە : بە زۆر کچ نادا بە شوو و زۆری بەسەریدا نیە .

کە ئەفەرموون وەلی موجبیر هەیە مەفهوومی (الأيم أحق بنفسها)يە يەعنی غەیری بێوە ئەحەق نیە بە نەفسی خۆی •

[فەقەط ئەم دەلیلە لە غایەتی ضەعیفیدایە ، موعارەضەی صەریحی ئەحادیث ناکا • ئەگەر مەفهوومی ببوایە لە دوای ئەوەوە نەیئەفەرموو (والبكر تستاذن) لەم مەسئەلەدا حەق مەذهەبی ئەبوحەنیفەیە (والله أعلم) رەشید] راجع القسطلاني •

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : لەو شەرتانەی کە لە هەموو شەرتێ لازمترە وەفای پێبکرێ ئەو شەرتەیە کە فەرجی ژنانتان پێ حەلاڵکردوە • یەعنی مارەیی ، نەفەقە ، حوسنی موعاشەرە •

وقال بعض الناس [أبو حنيفة] : إن لم تستأذن البكر ولم تزوج ، فاحتال رجل فأقام شاهدي زور أنه تزوجها برضاها ، فأثبت القاضي نكاحها بشهادتهما ، والزوج يعلم أن الشهادة باطلة فلا بأس أن يطأها وهو تزويج صحيح ح ـ ١٠/١٠٥ •

وقال بعض الناس [أبو حنيفة] : إن هوى رجل جارية يتيمة أو بكرا ، فأبت ، فاحتال =فجاء= بشاهدي زور على أنه تزوجها فأدركت ، فرضيت اليتيمة ، فقبل القاضي شهادة الزور ، والزوج يعلم ببطلان ذلك ، حل له الوطء ح ـ ١٠/١٠٦ •

وقال بعض الناس [أبو حنيفة] : إن احتال إنسان بشاهدي زور على تزويج امرأة ثيب بأمرها ، فأثبت القاضي نكاحها إياه ، والزوج يعلم أنه لم يتزوجها قط ، فإنه يسعه هذا النكاح ، ولا بأس بالمقام له معها ح ـ ١٠/١٠٦ •

تەرجەمە :

مەئالی ئەم سێ فەرموودەی ئەبوحەنیفە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەمەیە :

كه كەسێ ئیقامەی شاهیدی زوور بکا لەسەر ئەمە کـە ژنێکی بێوەژنی ، یا کچێکی بیکری ، یا کچۆلەیێکی هەتیوی مارەکردوە قازیی حوکمی پێ کرد ئەو نیکاحە (ظاهرا)و (باطنا) صەحیحە ؛ چونکی حاکم حوکمی پێ کردوە ، حوکمی حاکم (ظاهرا)و (عند الله) نافیذە • ئـەم فەرموودەی ئەبوحەنیفە ـ رحمه الله ـ موخالیفی صەریحی ئەحادیثەو ئیجتیهادێکی زۆر باطیلە ، لـە (نفس الامر)ا صـــەحیح نیە • بۆ پیاوەکەیش‌و بۆ ژنەکەیش خەڵوەت‌و موجامەعە حەرامە ، حەتتا بۆ ژنەکە کە چارەی نەما دروستە پیاوەکە بکوژێ، ئەمما حاکم چی بکا ئـەبێ بـە ظـاهیر حوکم بکا ! حەدیثی : ح ـ٤/٢٥٣ کـە پێغـەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خۆی حاکم بوە ئەم ئیجتهادە بەتاڵ ئەکاتەوە (فراجعـه) •

٣٧٢٥/٢٢ ـ عن القاسم [بن محمد بن الصديق الأكبر ـ رضـي الله تعالى عنه ـ] أن امرأة من ولد جعفر [بن أبي طالب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ـ لا جعفـر الصـادق ابـن محمـد البـاقـر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ لانه ابن بنت محمد • رووی شيعه رەش بێ چۆن دڵیان پێ جوێن بـدەن بـە حەزرەتی صەدیق ـ رضـي الله تـعالى عنــه ـ كه باپیری ئیمـامی مەعصوومیانە] تخوفت أن يزوجها وليها وهي كارهة ، فأرسلت إلى شيخين من الأنصار : عبدالرحمن ، ومجمع ابني [يزيد بن ح ـ ٥٢/٨] جـاريـة [تخبرهما أنه ليس لأحد من أمري شيء • أخرى] قالا : فلا تخشين ، فإن خنساء بنت خِذام أنكحها أبوها وهي كارهة فرد النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ ذلك ح ـ ١٠٦/١٠ ، ح ـ ٥٢/٨ وفيه : أن أباها زوجها وهي ثيب فكرهت ذلك ، فأتت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ فـرد نكاحه ح ـ ٥٢/٨ • وروى النسائي عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رجلا زوج ابنته وهي بكر من غير أمرها ، فأتت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ

ففرق بينهما • وأوله المجبرون على أن أباها زوجها من غير كفء [ولكنـه تأويل من غير دليل] قسـطلاني •

تەرجەمە :

قاسمی کوڕی محەمەدی کوڕی صـــەدیقی ئەکبەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ژنێ لە ئەولادی جەعفەری کوڕی ئەبوطالیب ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەوە ترسا کە کەس و کاری مارەی بکەن لە یەکێك کە ئەم پێی ناخۆش بێ • هاتە لای عەبدوڕەحمان و موجەممیعی کوڕی یەزیدی کوڕی جاریە ، خەبەری دانێ کە : هیچکەس حەقی بەسەر منەوە نیـە • وتیـان : مەترسە خەنسای کچی خیذامی ئەنصارییە باوکی بە بێ ئیذن مارەی کرد لە یەکێ ، ئەویش بێوەژن بوو ، هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ رەددی نیکاحەکەی کردەوە [ئەمە حوکمی بێوەژن] •

نەسائیی لە جابیرەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەت ئەکا کە پیاوێ کچێکی بیکری خۆیی بە بێ‌ئیذن مارەکرد لە یەکێ ، ئەو کچە هاتە خزمەت پێغـەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ پێغەمـەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ لێـکی جـوێ کـردنـەوە • [ئەمەیش حـوکمی بیـکر کـە بـە بێ ئیـذن باوکیشی مارەی ناکا لە کـەس] تەئویلی ئـەم حەدیثە بەمە کە ئەو پیاوە ئیحتیمالی هـەیـە کـە کچەکەی لـە غەیرەکوفء مارەکردبێ •• تەئویلێکی بێ‌دەلیلە • فەرقی کچ و بێوەژن ئەوەیە بێوەژن ئەبێ بە صەریحیی بڵێ : رازیم ، کچ سکووتی دەلالەت لەسەر رەزا ئەکا •

إذا كان الولي هو الخاطب(١) :

(آثار) موغیرەی کوڕی شوعبە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ژنێکی خزمی خۆی کە لەو لە هەموو کەس نزیکتر بوو خواست ، ئەمری کرد بە یەکێ لێی

(١) کە خوازبێنی‌کەر خۆی وەلی بێ (چی ئەکا ؟) .

مارەکرد • عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە ئومموحەکیمی کچی قاریضی فەرموو : ئەمری نیکاحت ئەدەیتە دەست من ؟ وتی : بەڵێ • فەرمووی : وا لە خۆمم مارەکردی •

عەطا ئەفەرموێ : وەلی کە ژنێکی خزمی لە خۆی مارەکرد شاهێد بگرێ لەسەر ئەوە کە لە خۆیی مارەکرد ، یا یەکێ لە عەشیرەتی بکا بە وەکیل ئەمری پێ بکا لێی مارە بکا ح ـ ٤٩/٨ •

نیکاحی کچ لە نیکاحی بێوەژن چاترە :

٣٧٢٦/٢٣ ـ عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : قلت : يا رسول‌الله أرأيت لو نزلتَ واديا وفيه شجرة قد أُكِل منها ، ووجدت شجرة لم يؤكل منها ، في أيها كنت تُرْتِع بعيرك ؟ قال : في التي لم يُرْتع منها • يعني أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لم يتزوج بكرا غيرها ح ـ ١٢/٨ •

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : عەرزی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم کرد : (يا رسول الله) تۆ لە دۆڵێکا دابەزی درەختی لێ بێ ، بەعزێکی حەیوان لێی‌خواردبێ ، بەعزێکی لێی‌نەخواردبێ ، وشتری خۆت لە کامیانا ئەلەوەڕێنی ؟ فەرمووی : لە ناو ئەو درەختانەدا کە حەیوان لێی‌نەخواردبێ • یەعنی غەیری من کچت نەهێناوە •

فەرموودەکەی چەندە بەلیغو موقنیعە ؟ تەماشای (مەقاماتی حەریری) بکە دەرحەق کچو بێوە چی ئەڵێ • موراجەعەی حەدیثی جابیر کە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چی پێ ئەفەرموێ لە ح ـ ١١٩/٥ و لە چەند جێی ترا • ح ـ ١٣/٨ وفيە :

(١) دانەر ـ خ ـ ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە دانەناوە •

ما لك وللعذارى ولعابها ؟ هلا جارية تلاعبك وتلاعبها ، تضاحكك وتضاحكها !

تەرجەمە :

بۆ کچێکت نەهێنا یاریی لەگەڵ بکەیت‌و یاریت لەگەڵ بکا ؟ بە دەمتەوە پێکەنێ‌و بە دەمیەوە پێکەنی ؟ بۆچی لە کچ‌و ئاوی دەمی صەرفی نەظەرت کرد ؟

موعاشەرە :

عن أبي هريرة – رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا يحل للمرأة أن تصوم وزوجها شاهد إلا بإذنه ، ولا تأذَنُ في بيته إلا بإذنه ، وما أنفقت نفقة من غير إمرة فانه يُؤدّى إليه شطره ح ـ ٨/٩٢ ، م ـ ٤/٤٠٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بۆ هیچ ژنێ دروست نیە کە مێردەکەی لەماڵەوە بێ‌و بە بێ ئیذنی مێردەکەی بەڕۆژوو بێ • بۆی دروست نیە بە بێ ئیذنی مێرد کەس بێنێتە ماڵەوە • بێ ئەمری مێرد هەر صەدەقەیێ بکا نیوەی ثەوابی ئەدرێتەوە بە مێردەکەی •

ژن بۆچی بێنرێ ؟

٣٧٢٧/٢٤ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : تنكح المرأة لأربع : لمالها ، ولحسبها ، وجمالها، ولدينها ، فاظفر بذات الدين تربت يداك ! ح ـ ٨/٢٠ ، م ـ ٦/٢٥٢ ، د،ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : ژن لەبەر چوار شت ئەهێنرێ : لە بەر ماڵ ، لە بەر حەسەب ، لە بەر جوانیی ، لە بەر دین • ظەفەر بە صاحێب = دین = بە ، ئەگەر موخالەفە بکەی دەستت شـــکێ ! [ئینسانی خەسیس بۆ ماڵی ئەهێنێ ، ئینسانی تڕزل بۆ حەسەبی یێنێ ، شەهوەتپەرست بۆ جوانیی ئەیهێنێ • ئەوی کە دینی خۆشبوێ لـەبـەر دینی ئەیهێنێ • ئـەمـە ئەعلای مەراتیبی ژن هێنانـە ، موافیقی مەنطووقی قورئانە] •

بێوەژن ، ژنی منداڵدار ، خزمی نزیك ، حەننانە ، مەننانە ، ئەننانە ، ئەشقەر(١) هێنان چاك نیە مەگەر لە هێنانیانا مەصلەحەتێك بێ •

٣٧٢٨/٢٥ ـ عن سهل [بن سعد الساعدي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : مر رجل [غني] على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : ماتقولون في هذا ؟ قالوا : حريٌّ إن خطب أن ينكـح ، وإن شـــفَعَ أن يشفَّع ، وإن قال أن يُسْتَمع • قـال : ثم سـكت ، فمرَّ رجل من فقراء المسلمين ، فقال : ماتقولون في هذا ؟ قالوا : حريٌّ إن خطب أن لا ينكح، وإن شفع أن لا يُشَفَّع ، وإن قال أن لا يستمع • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هذا [الفقير] خير من مِلْء الأرض مثـل هــذا [الغني] ح ـ ٢٢/٨ ، جه ، وفي الرقـاق •

تەرجەمە :

سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ :

(١) مەبەستی لـەم وەصـفانە ئەو ژنانەیە کـە : نازو نووکەرو ، منـەت بەسەرپیاوا نەرو ، ئاخوئۆفکەرو ، بروبیانووگرن . دوا وەصفیش کە (اشقر)ە مەبەست سوورهاڵو ناشیرینە •

پیاوێکی دەوڵەمەند بە لای پێغەمەرا - صلی الله تعالى عليه وسلم - رابورد ، فەرمووی : چی‌ئەڵێن لەمە ؟ عەرزیان‌کرد : لایەقە ئەگەر خوازبێنی بکا بیدەنێ ، شەفاعەت بکا لێی قەبووڵ‌بکرێ ، قسە بکا لێی ببیسترێ • پێغەمەر - صلی الله تعالى عليه وسلم - بێدەنگ بوو ، لە دوای ئەوە پیاوێکی فەقیری = موسوڵمانی = بەلادا رابورد • فەرمووی : لەمە چی ئەڵێن ؟ عەرزیان‌کرد : لایەقە ئەگەر خوازبێنی بکا نەیدرێتێ ، رجا بکا قەبووڵ نەکرێ • قسە بکا گوێی لێ‌رانەگیرێ • پێغەمەر - صلی الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : دەسا ئەم فەقیرە لە پڕ بە ئەرز لە ئەمثالی ئەم دەوڵەمەندە چاترە •

[ئیتر تێفکرە بۆچی ئێمە مەرحەبای فەقیر ناستێنینەوەو ، مەرحەبایان لێ ناکەین‌و ، ناچینە لایان‌و ، بێنەلامان حورمەتیان ناگرین‌و ، لەبەرمان گرانە ؟ بۆ دەوڵەمەند با لە لایان بێ‌حورمەتیش بین ئێمە هەر ئەیان‌پەرستین !؟] •

٢٧٢٩/٢٦ - عن الأسود قال : سألت عائشة - رضي الله تعالى عنها - ماكان النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يصنع في بيته ؟ قالت : كان يكون في مِهْنَةِ [ومحركة] أهله ، فإذا حضرت الصلاة خرج إلى الصلاة ح - ٣٩/٢ ، ح - ١٩٦/٨ ، ح - ٣٢/٩ •

تەرجەمە :

ئەسوەد ئەفەرموێ : لە حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - م پرسیی : کە پێغەمەر - صلی الله تعالى عليه وسلم - لە ماڵەوە چی ئەکرد ؟ فەرمووی : بە ئیش‌و کاری ماڵەوە مەشغووڵ ئەبوو ، کە وەختی نوێژ بهاتایە ئەچوو بۆ نوێژ •

بەشەرتی ئیجرای عەدالەت زۆرژنهێنان سوننەتە :

٢٧/٣٧٣٠ ـ عن سعيد بن جبير [رحمه الله تعالى] قال قال =لي= ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما]: هل تزوجت؟ قلت : لا • قال: فتزوج؛ فإن خير هذه الأمة وهو النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أكثرها نساء ح ـ ٨/٨ •

تەرجەمە :

سەعیدی کوڕی جوبەیر ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لێیپرسیم : ژنت هێناوە ؟ عەرزمکرد : خەیر • فەرمووی : ژنبێنە ؛ چونکی چاکترینی ئەم ئوممەتە [کە پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] لە هەموو ئوممەتەکەی ژنی زیاتر بوە •

[نۆ ژنی هێناوە ، دوو جارییەی بوە] •

چەند ژنی بێو ؟ لە شەوێکا لەگەڵ هەموویانا دروست بوون :

٢٨/٣٧٣١ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان يتطوف على نسائه في ليلة واحدة ، وله تسع نسوة ح ـ ٨ / ٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە شەوێکا تەشریفی ئەچوە لای هەموو ئەزواجی طاهیراتی ، نۆ ژنی بوو [لە کیتابی غوسلا ئەفەرموێ : یانزە ژنی بوو] دوانی جارییە بوو ، رێحانەو ، مارییە ـ رضي الله عنهن كلهن ـ رێحانە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە پێش پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفاتی کرد • زەینەبی کچی خوزەیمەیشی هێنابوو لە دوای موددەیێکی کەم ئەویش وەفاتی کرد ـ رضي الله تعالى عنها ـ دوو مانگ یا

سێ مانگی لە لا بوو • سەودەیش ـ رضي الله تعالى عنها ـ نەوبەتی خـۆی بە حەزرەتی عایشەهیبە کردبوو ، کە وابێ چوونەلایان لە شەوێکا لە پێش ئەو هیبەدا بوە •

إفشـــاء سر المرأة حرام(١) :

٣٧٣٢/٢٩ ـ أبو سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] يقول : قـال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: إن من [اعظم الامانة • اخرى م] أشر الناس عند الله منزلة يوم القيامة الرجل يفضي إلى امرأته وتفضي إليه ثم ينشر سـرها م ـ ٢٠١/٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : شەڕترینی خەڵق لە دەرەجەدا لە رۆژی قیامەتا لای خوا ئەو پیاوەیە کە لەگـەڵ ژنی خۆیـا دروست ئەبێو ئەو خۆیی تەسلیم ئەکاو ، لە دواییدا بێت سیڕی ئەو ژنـە لە ناو خەڵقا بڵاو ئەکاتەوە ؛ ئەڵێ : وامانکردو وامانکرد •

دەســـتلێدانو تەماشاکردنی ژنێ لە ژنێکی ترو بێتەوە تەعریفی بکا بۆ مێردەکەی حەرامە :

٣٧٣٣/٣٠ ـ عبدالله [بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم : لا تباشر المرأة المرأة فتنعتها لـزوجهـا كأنه ينظر إليهـا ح ـ ١١٥/٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : ژن دەســـت لـە ژنێکی تر نەداو تەعریفی بکا بۆ مێردەکەی (کـأنـە) لـە پێش چاویەتیو تەماشای ئەکا •

---

(١) بڵاوکردنەوەی نهێنی خێزان حەرامە .

الوصية بالنساء(١) :

٣١/٣٧٣٤ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن المرأة خلقت [كالضلع •خ] من ضلع لن تستقيم لك على طريقة ، فإن استمتعت بها استمتعت بها وبها عِوج، وإن [أقمتها •خ] ذهبت تقيمها كسرتها ، وكسرها طلاقها [ئەمە لە بوخاریدا نیە] ح ـ ٧٥/٨ ، م ـ ٢٥٨/٦ ، واللفظ له •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ژن لە پەراسوێ دروستکراوە ناتوانی راستی بکەیتەوە • ئەگەر ئیرادەت وایە لەزەتی لێبزانی هەر بە خواریی لەزەتی لێبزانە ، ئەگەر بلێی : راستی ئەکەمەوە ئەیشکێنی ، شکاننی طەلاقدانیەتی •

٣٢/٣٧٣٥ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يؤذي جاره، واستوصوا بالنساء خيرا ، فإنهن خلقن من ضلع ، وإن أعوج شيء في الضلع أعلاه ، فإن ذهبت تقيمه كسرته ، وإن تركته لم يزل أعوج ، فاستوصوا بالنساء خيرا ح ـ ٧٥/٨ ، م ـ ٢٥٩/٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : ئەوی باوەڕی بە خواو پێغەمەر هەیە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەذیەتی دراوسێی نەدا ، دەرحەقی ژنانیش تەوصیەتان بە خێر پێ ئەکەم ، تەوصیەکەم قەبووڵ بکەن ، موعامەلەی چاکەیان لەگەڵ بکەن ؛ چونکی ئەوان لە پەراسوو دروستکراون

(١) ئامۆژگاریی دەربارەی ئافرەتو خێزان .

[یەعنی وەك پەراسوو خوارن] لە پەراسوودا ئەوی لە هەمووی خوارتر بێ طەرەفی لای سەروویەتی ئەگەر بێنی بلێی راستی ئەکەمەوە ئەیشـکێنی ، ئەگەر وازی لێبێنی هەر وا بە خواریی ئەمێنێتەوە • کە وابێ دەرحەق ژنان تەوصیەم قەبووڵبکەن ، بە چاکە لەگەڵیان رابوێرن •

[ئیمامی غەزالیی ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : حەقی ژن بەسەر پیاوەوە ئەوەیە بە چاکی گوزەرانیان لەگەڵ بکا ، حوسنی خولقی بێ لەگەڵیـان ، حوسنی خولق لەگەڵیانا هەر ئەوە نیە کە ئەذیەتیان نـەدا ، بەڵکی ئەوەیـە تەحەمولی ئەذاو جەفایان بکا لە وەختی توورەیی‌و غەضەبیانا لـەگەڵیـــان نەرمی‌و رووخۆشیی بکا ، لەوەدا ئیقتیدا بە پێغەمەر بکا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە ئەزواجی طاهیراتی لە قسەدا موقابەلەیان لەگـەڵ کردوە ، وا بوە بەعزێکیان تا شەو تەرکیان کردوە ، فەرموویەتی : لەوە چاتر ئەوەیە کە تەحەمولی ئەذاو جەفایان زیاد بکا ، بە پێکەنین‌و صـــوحبەتی خۆش‌و گاڵتەو گەمە لەگەڵیان رابوێرێ ، ئـەوە کـــە دڵی ژنـانی پێخۆش بێ ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یاری‌و صوحبەتی لەگەڵ کردوون ، لە هەڕاکردنا موسابەقەی لەگەڵ حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعـالی عنه ـ ئەکرد ، ئەو لە پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ پێش ئەکـەوت ، دەفعەیێ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لێی پێش کەوت فەرمووی : ئەمە بەوە ، یەعنی ئەم پێشکەوتنەم بەو پێشکەوتنەت • قەسطەلانی •

٣٣/٣٧٣٦ ـ وعنه قال ـ قال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ: لا یَفْرَكْ مؤمن مؤمنة ، إن کرِه منها خلقـا رضي منها آخـر ، أو قـــال غـیره م ـ ٦/٢٥٩ •

تەرجەمە :

هیچ پیاوێکی موسوڵمان هیچ ژنێکی موسوڵمان بە ئەذیەتدان هەڵنەپروێنێ ئەگەر لە خولقێکی نارازیی بێ لە خولقێکی تری رازیی ئەبێ •

دەوڵەتی چاکی دنیا ژنە :

٣٧٣٧/٣٤ - عن عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : الدنيا متاع وخير متاع الدنيا المرأة الصالحة م - ٦/٢٦١ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : دنیا مەتاعە ، چاترینی مەتاعی دنیا ژنی صالحە •

ژن فیتنەیە :

٣٧٣٨/٣٥ - عن أسامة بن زيد - رضي الله تعالى عنهما - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : ماتركت بعدي فتنة أضر على الرجال من النساء ح - ٨/٢٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : لە دوای خۆم فیتنەیێکم بەجێنەهێشت کە لە هەموو فیتنەیێ زەرەری زۆرتر بێ بۆ پیاو لە ژن [چونکی تەکلیفی وای لێ ئەکا پیاوەکە مەجبوور ئەکا بە طەلەبی حەرام (مەثەلا)] •

خوازبێنی حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - :

٣٧٣٩/٣٦ - عن عروة أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - خطب عائشة [رضي الله تعالى عنها] إلى أبي بكر [رضي الله تعالى عنه] فقال =له=

أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] : إنما أنا أخوك • فقال : أنت أخي في دين الله وكتابـه ، وهي لي حلال ح - ٨/١٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خوازبێنی حەزرەتی صەدیقەی لـە حەزرەتی صەدیقی ئەکبـەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کرد • حەزرەتی صەدیق ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : من برای تۆم [یەعنی برازا بـۆ مام چۆن ئەبێ ؟] پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فەرمووی : تـۆ برامی لە دینا و لە کیتابوڵلادا [إنما المؤمنون إخوة] ئەو بۆ من حەڵاڵە •

[ئەم حەدیثە مورسەلە ؛ چونکی عوروە تابیعییە ، ئەمما عوروە کوڕی ئەسمایە ، ئەویش حەزرەتی عایشەی دیوە ، لەوانی بیستوە ـ رضـي الله تعـالى عنهمـا ـ] •

گاڵتەو صوحبەت لەگەڵ ژنا زۆر چاك نیە :

٣٧/٣٧٤٠ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قـال : كنا نتقي الكلام والانبساط إلى نسائنا على عهد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هيبةَ أن ينزل فينا شيء ، فلما تـوفـّي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تكلمنا وانبســطنا ح ـ ٨/٧٦ ، جه •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خۆمان ئەپاراست لەوە کە قسەو گاڵتەو یاریی لەگەڵ ژنەکانمان = بکەین = لەوە ئەترساین کـە دەرحەقمان قورئان نازڵ بێو لێمان حەرام بکا • کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفـاتی

فەرموو لە دوای ئەوە دەستمان کرد بە یاریی‌و صوحبەت‌و قسەی خۆش لەگەڵیان ، لە بەر تەوصیە بە نیساء •

هیبەکردنی خۆی بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ :

٣٧٤١/٣٨ ـ عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : كنت أغار على اللاتي وهبن أنفسهن لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأقول : وتهب المرأة نفسها ؟ فلما أنزل الله ـ عز وجل ـ : (ترجي من تشاء منهن ، وتؤوي إليك من تشاء ، ومن ابتغيت ممن عزلت)[1] قالت : قلت : والله ما أرى ربك إلا يسارع في هواك م ـ ٦/٢٥٠ ، ح ـ ٨/٣٩ •

٣٧٤٢/٣٩ ـ عروة قال : كانت خولة بنت حكيم ـ رضي الله تعالى عنها ـ من اللائي وهبن أنفسهن للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أما تستحي المرأة أن تهب نفسها للرجل [بغير صداق • رواية ابن سيرين] فلما نزلت : (ترجي من تشاء منهن •••) قلت: يا رسول الله ما أرى ربك إلا يسارع في هواك ح ـ ٨/٣٩ ، م ـ ٦/٢٥٠ •

(مرسل) ثابت البناني [رحمه الله تعالى] قال : كنت عند أنس [رضي الله تعالى عنه] وعنده ابنة له [أُمَيْنة] قال أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ: جاءت امرأة إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تعرض عليه نفسها • قالت : يا رسول الله أَلكَ بي حاجة ؟ فقالت بنت أنس : ما أقل حياءها ؟ واسوأتاه ! واسوأتاه ! قال : هي خير منك ، رغبت في النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فعرضت عليه نفسها ح ـ ٨/٤٢ •

(١) الأحزاب / ٥١ •

تەرجەمە :

ئەم سێ حەدیثە یەك حادیثەیە مەئالیان ئەمەیە :

خەولەی کچی حەکیم لـە دوای وەفـاتی عوثمانی کـوڕی مەظعوون ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ییّتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خۆی هیبە ئەکا بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەزرەتی عایشـە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : ژن حەیا ناکا لەوە خۆی بە بێ مارەیی هیبە بکا بە پیاو ؟ لەوە زۆر غیرەت ئەیگرتم تا ئایەتی سوورەتی ئەحـزاب نازڵ بوو کە ئەفەرموێ : (يا أيها النبي) : ئەی پێغەمەر (إنا أحللنا لك) : ئێمە بۆ تۆمان حەلاڵکرد (أزواجك اللاتي آتيت أجورهن) : ئەو ژنانـەت کە مارەییت داونێ (وما ملكت يمينك مما أفاء الله عليك) : ئەو ژنانەیش کە بوون بە موڵکی تۆ لەو جارییانەی کە خوا بەخشیویەتی بـە تـۆ (وبنـات عمك) : کچانی ئامۆزایشتو (وبنات عماتك) : کچانی خوشـکی باوکتو (وبنات خالك) : کچانی خاڵتو (وبنات خالاتك) : کچانی پووری دایکیت (اللاتي هاجرن معك) : ئەوانەی کە هیجرەتیان کردوە لەگەڵ تۆدا ، گینـا بۆت حەلاڵ نین • (وامرأة مؤمنة) : ئەو ژنـە موسوڵمانەیش (إن وهبت نفسها للنبي) : کە نەفسی خۆی هیبە ئەکا بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ (إن أراد النبي أن يستنكحها) : ئەگەر پێغەمەر نیازی مارەکردنی ئەوی بێ • (خالصة لك من دون المؤمنين) : هیبەکردنی ژن نەفسی خۆی بە تۆ هەر مەخصووصـە بە تۆوە بۆ موئمینی تر نیـە (قد علمنا) : ئێمە عیلمامان هەیە (ما فرضنا) : بەوی فەرزمان کردوە لـە سـەریان (في أزواجهم) : دەرحەقی ژنیان (وما ملكت أيمانهم) :=هەروەها=ئەو جارییانەی کە بوون بە مالیکیان لە شەرائیطی عەقدی نیـکاحی حوڕەو تـەمەللوکی جارییە ، بۆییکمان هیبەی ژن تەخصیص کردوە بە تۆوە • (لـكيلا يكون

عليك حرج) : تا هەرچی کە تۆ بیکەی حەرەجت لەسەر نەبێ ، خوا ئیش بۆ تۆ واسیع ئەکا (وکان الله غفوراً رحيما) : خوا غەفوورو رەحیمە لەوەی کە ئیحتیراز لێ‌کردنی زەحمەت‌بێ •

(ترجي من تشاء منهن) : لەو ژنانە کامی ئارەزووتە تەرکی ئەکەی‌و (وتؤوي إليك من تشاء) : کامی ئارەزووتە ئەیگریتە لای خۆت • (ومن ابتغيت) : ئەوەیش کە طەلەبی ئەکەی (ممن عزلت) : لەوانە کە لە خۆتت دوورخستۆتەوەو قسمەتی لەگەڵ ناکەی ، یا بە طەلاقی ریجعیی طەلاقت داون (فلا جناح عليك) : لەم موعامەلانەی کە ئەیکەی هیچ گوناهت لەسەر نیە (ذلك) : ئەم تەفویضە (أدنى) : نزیکترە (أن تقر أعينهن) : بەوەی کە چاویان پێی روون بێتەوە (ولا يحزنَّ) : مەحزوون نەبن بەو موعامەلەی تۆ ئەیکەیت‌و (ويرضين) : رازیی بین (بما) : بەوەی (آتيتهن) : کە ئەیان‌دەیتێ (كلهن) : هەموویان • یەعنی لێیان مەعلووم بێ کە تۆ موخەیەری لەو موعامەلەدا کە لەگەڵیان ئەکەی ، ئارەزووت بێ ئەیان‌دەیتێ ، ئەچیە لایان ، ئارەزووت بێ نایان‌دەیتێ ، ناچیە لایان • بزانن کە ئەوە بە ئەمری خوایە دڵ موطمەئین بین (والله يعلم ما في قلوبكم) : خوا عالمە بەوەی لە دڵتانایە (وكان الله عليماً حليما) : خوا عیلمی بوەو هەیە بەوەی لە دڵتانایەو حەلیمە کە گورج عەزابتان نادا ، ئەزانێ کە بەعزێکتانی لە بەعزێکتان زیاتر خۆشەوێ •

خوا لە دوای ئەم ئایەتە بۆ تەلطیفی دڵی ئەزواجی طاهیرات مەنعی پێغەمەری کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە طەلاقدانیانو ژن‌بەسەرهێنانیان کە لە ئایەتەکەی دواوەدا ئەیفەرموو •

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : عەرزی پێغەمەرم کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : (يا رسول الله) وا ئەبینم کە

رەببی تۆ ـ عز وجل ـ هەر عەجەلە لە تەحصیلی رەزاو ئارەزووی تۆدا ئەفەرموێ •

کە ئەبوهورەیرەیش ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەم حەدیثە ریوایەت ئەکا ئومەینەی کچی لە خزمەتیا ئەبێ ئەڵێ : ئای شەرمەندە خۆم ! ئای شەرمەندە خۆم ! ئەو ژنە چ ژنێکی بێشەرم بوە خۆی هیبەکردوە • ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ پێیئەفەرموو : ئەو ژنە لە تۆ چاتر بوە کە رەغبەتی پێغەمەری بوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەفسی خۆیی عەرضی پێغەمەر کردوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ •

غیرەتی عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ :

٣٧٤٣/٤٠ ـ أنس ـ رضي الله تعالی عنه ـ قال : كان النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عند بعض نسائه [عائشة ـ رضي الله تعالی عنها ـ] فأرسلت إحدی أمهات المؤمنين [لم تعلم] بصحفة فيها طعام • فضربت التي النبيُّ في بيتها يد الخادم فسقطت الصحفة فانفلقت ، فجمع النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فِلَقَ الصحفة ، ثم جعل يجمع فيها الطعام الذي كان في الصحفة ويقول : غارت أمكم ، ثم حبس الخادمَ حتی أُتِيَ بصحفة من عند التي هو في بيتها ، فدفع الصحفة الصحيحة إلی التي كسرت صحفتها ، وأمسك المكسورة في بيت التي كسرت فيه ح ـ ١٠٧/٨ ، ح ـ ٢٦٩/٤ • أحمد ، ن ، د •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی لە لای حەزرەتی عایشە بوو ـ رضي الله تعالی عنها ـ یەکێ لە ئەزواجی لە تەبەقێکا طەعامی بۆ نارد • حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ لە دەستی کارەکەرەکەی دا،

تەبەقەکەی لە دەست کەوتە خوارێو شکا ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پارچەکانی کۆکردەوەو طەعامەکەی کردەناوی فەرمووی : دایکتان غیرەتی هەڵساوە . لە پاشا خادیمەکەی بەندکرد تەبەقێکی ساغی لای عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ وە هێنا ناردی بۆ ئەوەی تەبەقەکەی شکابوو ، تەبەقە شکاوەکەی لەو ماڵەدا گلدایەوە کە تەبەقەکەی تیا شکابوو .

غیرەتی زوبەیرو ئەسما ـ رضي الله تعالی عنهما ـ :

٤١/٣٧٤٤ ـ عن أسماء بنت أبي بكر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قالت : تزوجني الزبير وما له في الأرض من مال ، ولا مملوك ، ولا شيء غير ناضح [وشترێ کە ئاوی لە بیر پێ هەڵەهێنجن] وغير فرسه . وكنت أعلف فرسه ، وأستقي الماء ، وأخرز غَرْبه [دلوه] وأعجن . ولم أكن أحْسِن أخبز . وكان يخبز جارات لي من الأنصار ، وكن نسوة صدق . وكنت أنقل النوى من أرض الزبير التي أقطعه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على رأسي ، وهي مني على ثلثي فرسخ ؛ فجئت يوما والنوى على رأسي فلقيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ومعه نفر من الأنصار فدعاني، ثم قال : إخ ، إخ ، ليحملني خلفه ، فاستحييت أن أسير مع الرجال ، وذكرت الزبير وغيرته ، وكان أغير الناس ، فعرف رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أني قد استحييت فمضى ، فجئت الزبير ، فقلت : لقيني رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وعلى رأسي النوى ومعه نفر من أصحابه ، فأناخ لأركب ، فاستحييت منه ، وعرفت غيرتك . فقال : والله لحملكِ النوى =كان= أشد علي من ركوبكِ معه . قالت [ولم أزل أخدم] حتى أرسل إلي أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] بعد ذلك بخادم يكفيني سياسة الفرس فكأنما أعتقني ح ـ ٨/١٠٦ ، م ـ ٩/٢ ن م / ٦ في النكاح .

تەرجەمە :

ئەسمای کچی ئەبوبەکر – رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : زوبەیر مارەی‌کردم ، لەسەر ئەرز غەیری ئەو وشترەی ئاوی لە بیر پێ هەڵئەیێنجاو ، غەیری ئەسپەکەی هیچ ماڵو غولامی نەبوو • ئالفم ئەدا بە ئەسپەکەی ، ئاوم هەڵەهێنجا ، دۆلکەی بیرەکەم ئەدوورووەوە ، هەویرم ئەشێلا ، نەمئەزانی نان بکەم ، چەند ژنێکی دراوسێی باش‌و راستمان بوو لە ئەنصار ئەوان نانیان بۆ ئەکردم • بە سەر دەنکی خورمام لەو ئەرزی زوبەیرەوە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ئەموالی بەنی‌نەضیر دابووی بە زوبەیر = ئەهێنایەوە = ئەو ئەرزەی لە مەسکەنی منەوە دوو بەش لە سێ‌بەشی فرسەخێ دوور بوو [یەعنی چل دەقیقە] رۆژێ هاتمەوە دەنکە خورماکەم بەسەر سەرەوە بوو ، لە رێ بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گەییم چەند کەسێکی لە ئەنصار لە خزمەتا بوو ، بانگی‌کردم ، لە دوایا فەرمووی : ئیخ ، ئیخ • کە وشترەکەی ییخ بداو لە پشت خۆیەوە سوارم کا ، شەرمم کرد کە لەگەڵ پیاوانا بڕۆم ، فکری زوبەیرو غیرەتی ئەویشم کردەوە کە بە غیرەتترینی هەموو پیاوان بوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرقی بەوە کرد کە شەرم ئەکەم تەشریفی لێی‌دا رۆیی ، ئەوەم بۆ زوبەیر گێڕایەوە ، فەرمووی : وەڵلاهی ئەوەم لە لاخۆشتر بوو کە لە خزمەتیا سوار بی لەوە کە دەنکە خورماکەت بەسەر سەرەوە بێ • ئەوەم لا گرانتر بوو کە دەنکە خورماکەت بەسەر سەرەوە بێ لەوەی کە لە خزمەتیا سوار بی [ئەوە عاری تیا نیە دەنکەخورما هەڵگرتنەکەت عاری تیایە] ئەسما ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : هەر بەو نەوعە خزمەتم کرد تا ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خادیمێکی بۆ ناردم سەییسی ئەسپەکەی لە کۆڵ خستم وەکوو ئازادی کردبم وابوو •

ژن بۆ ماڵو مێردی خزمەت بکا لە حوسنی موعاشەرەیە •

شەرم لـە پیاوی نامەحرەم لـە حوقووقی مێردە کـە بەسـەر ژنەوە هەیەتی • نامەحرەم ئەوانە بوون کە لە خزمەتیا بوون گینا پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ بە هەموو ئوممەتی خۆی مەحرەم بوە[1] •

إفتخـار الضـرة(٢) :

٣٧٤٥/٤٢ ـ عن أسماء ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن امرأة [نفسها] قالت : يا رسول الله إن لي ضرة فهل علي جناح إن تشبعت من زوجي غير الذي يعطيني ؟ [وعن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن امرأة قالت : يارسول الله أقول : إن زوجي أعطاني مالم يعطني ••• الخ] فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : المتشبع بمالم يعط كلابس ثوبي زور ـ ح ـ١٠٤/٨، م ـ ٤٤١/٨ •

تەرجەمە :

ئەسـما ـ رضي الله تعـالى عنها ـ ئەفەرموێ : ژنێ [کـە خۆیەتی] عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : (يا رسـول الله) هەوێیێکم هەیە [ئوممو کولثوومی کچی عەقەبـەی کوڕی ئەبوموعەیط] گوناهم ئەگاتێ کە لە خوصـووصی مێردەکەمـەوە لای هەوێکم خـۆم هەڵبکێشم ، بڵێم : مێردەکەم ئەوەی داومێ کە نەیدابمێ ؟ پێغەمەر ـ صلی

(١) ئەم باسەی ئەسماو زوبەیر لـە ل : ٢٩٦ی بەرگی چوارەمدا وەك ئـەم دەقەی ئێرە رابورد . لـە دەقی عەرەبییەکەی حەدیثەکەدا لـەوێ دوو هەڵەی چاپ هەیە . لە دوو دێڕی دوایی ل : ٦٦٩دا لە باتی (اخرز) (اغرز) نووسراوە . لە دوای (أحسن)وە (أخبز) کەوتوە .

(٢) خۆهەڵکێشانی هەوێ (هەوێ سارێی) .

الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ خۆی هەڵبکێشێ بە شتێك کە نەیدرابێتێ وەکوو کەسێکە کە دوو لیباسی درۆزنی لەبەرکردبێ •

في الغيرة :

٣٧٤٦/٤٣ – وعنها قالت : كنت أخدم الزبير خدمة البيت ، وكان له فرس وكنت أسوسه ، فلم يكن من الخدمة شيء أشد علي من سياسة الفرس ، كنت أحتش له وأقوم عليه وأسوسه قال [ابن أبي مليكة] ثم إنها أصابت خادما جاء النبيَّ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سبي فأعطاها خادما ، قالت: كفتني سياسةالفرس فألقتعنيمؤنته، فجاءنيرجل،فقال: يا أم عبدالله إني رجل فقير أردت أن أبيع في ظل دارك • قالت : إني إن رخصت لك أبى ذلك الزبيرُ ، فتعال فاطلب إليَّ والزبير شاهد • فجاء فقال : يا أم عبدالله إني رجل فقير أردت أن أبيع في ظل دارك • فقالت : مالك بالمدينة إلا داري؟ فقال لها الزبير : ما لك أن تمنعي رجلا فقيرا يبيع ؟ فكان يبيع إلي أن كسب فبعتُهُ الجارية ، فدخل عليَّ الزبير وثمنها في حجري • فقال : هبيها لي • فقالت : إني قد تصدقت بها م – ٦/٩ •

تەرجەمە :

ئەسما ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : خزمەتی زوبەیرم ئەکرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەسپێکی بوو سەییسی ئەسپەکەم ئەکرد ، هیچ شتێ نەبوو لە سەییسێتی ئەسپەکە بۆم بە زەحمەتتربێ • جێم بۆ چا ئەکرد ، بەسەریەوە ئەوەستام ، سەییسیم ئەکرد • لە پاشا بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەسیر هاتبوو ، جارییەیەکی دایێ ، ئەو جارییە سەییسی ئەسپەکەی ، لە کۆڵ خستم • پیاوێ هاتەلام وتی : پیاوێکی فەقیرم بێڵە کە لە بن سێبەری خانوەکەتا شت بفرۆشم • وتم : ئەگەر ئیذنت بدەم زوبەیر نایێڵێ • کە وەختێ زوبەیرم لابێ وەرە طەڵەبی ئەوەم لێ بکە • لەو وەختەدا

هات وتی : ئەی دایکی عەبدوڵلاّ من پیاوێکی فەقیرم بێڵە لە بن سێبەری خانوەکەتا شت بفرۆشم • وتم : لە مەدینەدا غەیری ماڵی ئێمەت نەدۆزیوەتەوە ؟! زوبەیر پێی‌وتم : بۆچی پیاوێکی فەقیر مەنع ئەکەی کە لەبەر سێبەری خانوەکەتا شت بفرۆشێ ؟ شتی لێ فرۆت ، تا شتێکی پەیدا کرد ، جارییەکەم پێ‌فرۆت ، زوبەیر هاتەوە پارەکەم لە کۆشا بوو ، وتی : پێم هیبە بکە ، وتم : کردوومە بە صەدەقە •

لا نكاح إلا بولي لقول الله ـ عز وجل ـ (فلا تعضلوهن •••)(1) فدخل فيه الثيب وكذلك البكر • وقال : (ولا تُنْكحوا المشركين حتى يؤمنوا)(2) وقال (وأنكحوا الأيامى منكم •••)(3) •

تەرجەمە :

لەم خوصووصەوە نە لە بوخاریدا نە لە موسلیما حەدیثێ نیە ، بە موختەصەریی شەرحی قەسطەلانی لێرەدا تەرجەمە ئەکەم •

بوخاریی ئەفەرموێ : بە وەلیی نەبێ نیکاح دروست نیە ؛ چونکی خوا لە سوورەتی (البقره)دا ئەفەرموێ : کە ژنانتان تەلاّق‌داو عیددەیان رابورد مەنعیان مەکەن لەوە کە شوو بکەنەوە بە مێردەکانیان بە رەزای خۆیان •

ئیمامی شافیعیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەم ئایەتە صەریحترینی دەلیلێکە دائیر بەمە کە نیکاح وەلی پێ ئەوێ • ئەگەر وەلی پێ نەوێ بۆ مەنع‌کردنیان مەعنای نابێ ؛ چونکی کە موحتاج نەبێ بە وەلی

(1) البقرة / ٢٣٢ •
(2) البقرة / ٢٢١ •
(3) النور / ٣٢ •

وەلییەکەی رازیی بێو نەبێ ئەتوانێ شوو بکا • ئەمما ئەبێ بە دوشمنی • ئەیشفەرموێ : مەنعیان مەکەن کە خۆیان شوو بکەنەوە بە مێردەکانیان •

[ئەمە وا ناگەیێنێ کـە لـە وەختی عـەقـدا وەلی لازمە • وا ئەگەیێنێ (بالذات) خۆی ئەتوانێ عەقد بکا • رەشید] •

بەیهەقی لە کیتابی مەعریفەتا ئەفەرموێ : کەســێ ئەمری پێ ئەکرێ [مەممنووعە ؛ چونکی کەسێکیش ئەمری پێ ئەکرێ کە بـە جەبرو زۆری خۆی بە ناحەق ، یا لەبەر شیربایی مەنعی بکا • دەلالەتیش ناکا کە عەقدبێ وەلیی دروست نابێ •رەشید] بەمە کە مومانەعەت لە نیکاح نەکا کە دەخلێکی بێ لە مەنعکردنا لە نیکاح بەو تەواو ببێ • ئەم ئایەتە ظاهیرترینی دەلیلێکە لە قورئانا کە وەلی حەقی موداخەلەی لە ژنا هەیەو لە سەری لازمە کـە ژن رەزای بوو کە لە (کوفء) بە مەهری میثل نیکاحی خۆی بکا مەنعی نەکا لە نیکاح • بوخاریی ئەفەرموێ : لە مەنعنەکردنا کچو بێوەژن بەرئەکەون ، خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : بێوەژنتان بدەن بە شــــوو [خیطابی خوا ـ عز وجل ـ لەگەڵ پیاوایە ، خیطابی لەگەڵ ژنـا نەکردوە ، کـە وابێ هیچ ژنێ ، نە خۆی نە غەیری خۆی لەکەس نیکاح ناکا ؛ نە بە ویلایەت نـە بـە وەکالەت ؛ چونکی لایەق نیە بە مەحاسینی عادات کە ژن ببێ بە ئەرکـانی نیکاح لە ئەمرو نەهیا] • ئیبنوماجەه بە مەرفووعیی حەدیثێ ریوایەت ئەکا کە : ژن ـ ژن نیکاح ناکاو خۆیشی نیکاح ناکا •

بوخاریی حوکمی لازمبوونی وەلی لە ئایاتو ئەحادیثی تر ئیستیخراج کردوە ، حەدیثی صەریحی نەهێناوە • وەك ئەو حەدیثەی کە ئەبوداوودو تیرمذییو ئیبنوماجەه ریوایەتیان کردوە لە ئەبوموسوساوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە ئەفەرموێ : هەر ژنێ بێ وەلی خـۆی نیـکاح بکا لـە یـەکێـكو

موجامەعەی لەگەڵا بکرێ هیچ حاکمێ حوکم نەکا نە بە صیححەتی نە بە بوطلانی ، مەهری میثل لازمە (مسمی)[1] لازم نیە ؛ چونکە فاسیدە •

تیرمذیی‌و ئیبنوحیببان‌و حاکم حەدیثێکیان ریوایەت‌کردوە • تیرمذیی ئەفەرموێ : حەسەنە • ئەوانی تر ئەڵێن : صەحیحە ، حەدیثەکە ئەمەیە : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەفەرموێ :

« أيما امرأة نكحت نفسها بغير إذن وليها ، فنكاحها باطل (ثلاثا) ، فإن دخل بها فلها المهر بما استحل من فرجها »

تەرجەمە :

هەر ژنێ بە بێ ئیذنی وەلیی خۆی نیکاح بکا نیکاحەکەی باطیلە ، باطیلە ، باطیلە • ئەگەر پێوەکردبێ بە سەبەبی ئەوەوە کە فەرجی ژنەکەی بۆ خۆی حەڵاڵ‌کردوە ، یەعنی وەك حەڵاڵ تەصەڕوفی کردوە ، مەهری میثلی بۆ هەیە • نە ئەو ژنە حەددی لەسەرە نە ئەوی مارەی‌کردوە ؛ چونکی ئیختیلافی عولەما لە دروست‌بوون‌و نەبوونیا هەیە منداڵەکەیش نەسەبی صەحیح ئەبێ ، واریث‌و مەورووث[2] ئەبێ لە دایکیش‌و لە باوکیشی• ئەمما ئەگەر موعتەقیدی تەحریمی بێ وەك موقەللیدی شافیعیی تەعزیر ئەکرێ حەددی لەسەر نیەو کەفارەتیشی نیە •

ئەبوحەنیفە ئەڵێ : ئەگەر حوڕڕی عاقڵی بالغ مارەی خۆی لە یەکێ بڕی ، یا کەسێکی کرد بە وەکیل ، یا خۆی بوو بە وەکیلی ژنێ کە لە یەکێکی مارە بکا نیکاحی بێ وەلیی جائیزە •

---

(١) واتە : ئەو مارەییە کە دیاریی‌کراوەو ناوبراوە .

(٢) واتە ئەو منداڵەی لەو عەقدە پەیدا ئەبێ میراتیش ئەگرێ‌و میراتیشی لێ ئەگیرێ .

ئەبویوسف دەفعەیێ وتوویەتی : ئەگەر وەلیی ببێ بێ وەلیی دروست نیە ، لە پاشا لەوە پەشیمان بوەتەوەو وتوویەتی : ئەگەر شوو بە کوفء بکا بێ وەلیی دروستە ، کوفء نەبێ دروست نیە ، لەوەیش پەشیمان بوەتـەوە وتوویەتی : بێ وەلیی شوو بە کوفئو غەیری کوفء بکا دروستە .

محەمەد ئەڵێ : نیکاحی (بلا ولي) مەوقووفەتە سەر ئیجازەی وەلیی ، مێردەکەی کوفء بێ یا غەیری کوفء بێ . ئەمیش گەڕاوەتەوە سەر قەولی ئەبوحەنیفە .

دەلیلی دروستبوونی نیکاحی (بلا ولي) ئەمەیە خوا ـ عز وجل ـ لـە سێ ئایەتا نیکاحی ئیسناد داوەتـە ئەلای ژن . فەرموویەتی : گونـاهتـان لەسەر نیە لەوەدا ژنان دەرحەقی نەفسی خۆیان ئەیـکەن . فەرموویـەتی : مەنعی ژنان مەکەن کە شوو بکەنەوە بە مێردەکـانیـان . فەرموویـەتی ، دەرحەقی نیکاح بەجاش : بۆی نیە ژنەکەی خۆی کە سێبەسێ طەلاق دابێ تا شوو بە پیاوێکی تر نەکا بێنێ مارەی بکاتەوە . ئەم سێ ئایەتە صەریحن لەوەدا کە نیکاح بە عیبارەتی ژن دروســـت ئەبێ ؛ چونکی لەم ئایەتانەدا تەصریح کراوە کە نیکاح لە طەرەف ژنانەوە واقیع بوە .

ئەوی ئەڵێ کە بە ژن پێك نایێ رەددی ئـەم نەصسانەی کردۆتەوە . حەدیثی بێوەژن ئەحەقـە بـە نەفسی خۆی لـــە وەلییەکەی بـە ئیتتیفـاقی (محدثين) صەحیحە . مەعنای (فلا تعضلوهن) ئەمەیە ئەفەرموێ : مەنعی ژنان مەکەن لەمە کە (بالذات) خۆیـان لـە یەکێ مـارە بکەن . یـەعنی موداخەلەیان مەکەن خۆیان سەربەستن . حاڵ وایە بوخاریش ئەڵێ : لە بابی نیکاحی ژنو کچا حەدیثێکی صەحیح نیە کە دەلالەت بکا لەسەر ئیشتیراطی وەلیی . یەعنی حەدیثی « أيما امرأة ... » صــــەحیح نیـە . (بالفرض والتقدير) صەحیح بێ مەحموولەتە سەر جارییەو منداڵ .

(القسطلاني • راجع الجمع الجوامع في التأويل البعيد وما قاله في هذا الحديث) •

سەبەبی نوزوولی (فلا تعضلوهن) :

٣٧٤٧/٤٤ ـ حەسەنی بەصریی ـ رحمه الله تعالى ـ لە تەفسیری (فلا تعضلوهن)دا ئەفەرموێ : مەعقەلی کوڕی یەسار ـ رضي الله تعالى عنه ـ قسەی بۆ کردم کە ئەم ئایەتە دەرحەقی ئەو نازڵ بوە : ئەفەرموێ : خوشکێکم بوو لە پیاوێکم نیکاح کرد ، تەلاقی دا ، تا عیددەی چوو • هات دیسان خوازبێنی کرد• پێموت: لێم مارەکردی کردمبە ژنت، ئیکرامم گرتی تەلاقتداو ئێستە هاتووی خوازبێنی ئەکەی ؟ خەیر وەڵلا (أبدیا) نایێتەوە لات • ئەو پیاوەیش خراپ نەبوو ، ژنەکەیشی حەزی ئەکرد بچێتەوە لای • خوا ئەم ئایەتەی نازڵ فەرموو • ئەو وەختە عەرزی پێغەمەرم کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : (یا رسول الله) ئەمجا لێی نیکاح بکە ، لێی مارەکردەوە ح ـ ٨/٤٩ •

ئەم حەدیثەیش صەریحە لەمەدا کە وەلیی پێ ئەوێ ، ئەگەر پێی نەویستایە چ حاجەت ئەبوو بە ئیذنی براکەی ؟ ئیبنومونذیر ئەفەرموێ : هیچ صەحابەیێ نازانم کە خیلافی ئەمەی لێ ریوایەت کرابێ • قەسطەلانی •

نیکاحی زەمانی جاهیلییەت :

٣٧٤٨/٤٥ ـ عوروەی کوڕی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ خەبەری داومێ کە لە زەمانی جاهیلییەتا چوار نەوع نیکاح بوە :

١ ـ ئەم نیکاحەیە کە ئێستە هەیە کە پیاو خوازێنیّ کچو خوشكو ئامۆزاو برازاو سائیری (مولیــە)ی کەسێکی تر ئەکا ، مارەیی ئـەداتیّو نیـکـاحی ئـەکـا •

٢ ـ ژنەکەی خـۆی وەك مایین لە پیاوێکی نەجیب چاك ئەکا : کـە ژنەکـەی لـە حەیز پاك بۆوە پێی ئەڵیّ : بنێرە لای فلاّنکەس بیّ لەگەڵتـا دروست بیّ • کە لەگەڵیا دروست بوو ، مێردەکەی خۆی ناچیّ بە لایـەوە تـا لەو پیاوە حامیلە ئەبیّ • کە لێی مەعلووم بوو لەو پیاوە ئاوس‌بوە ئەمجا خۆی ئەچێتە لای ژنەکەی ، بۆیە ئەم (دیوث)ییە ئەکا حەزەکا کە ژنەکەی منالێکی نەجیبی ببیّ ! بەم نیکاحە ئەڵێن نیکاحی (استبضاع) •

٣ ـ لە دە کەمتر ، چەند پیاویّ لە سەر ژنیّ کۆئەبنەوە هەموویـــان یەك لـە دوای یەك لەو ژنە ئەپەڕن ، کـــە ئاوس بوو لەوانەو وەضــــعی حەملی‌کرد ، چەند شەوێکی بەسەرا رابورد ئەنێرێتە لای ئەوانەی کـە لێی پەڕیون بانگیان ئەکا ، هیچ پیاوێکیان ناتوانیّ کـە خۆی بگرێتو نەچیّ • کە لە لای کۆبوونەوە پێیان ئەڵیّ : خۆتان ئەزانن کـــە لەگەڵما چیتـــان کردوە ، وا ئێستە کە زاوم • ژنەکە حەز لە کامیان بکا بـەوە ئـەڵیّ : ئەی فلاّن ئەم منالّە منالّی تۆیە • منالّەکە ئەبیّ بە منالّی ئەو ! ئەو پیاوە کە ژنەکە تەعیینی کردوەو ناوی بردوە ناتوانیّ کە منالّەکە قەبووڵ نەکا •

٤ ـ فاحیشەی عادەتین ، هەموو کەسیّ کە ئارەزووی بێنیّ ئەچێتـە لای ئەو فاحیشەیە لەگەڵیا دروست ئەبیّ • ئەو ژنە هەرکەسیّ بچیّ داوای لیّ بکا مومانەعەت ناکا خۆی تەسلیم ئەکا ، کە حـامیلە بـوو ئـەوانــە کۆئەکرێنەوە کە لەگەڵیا دروست بوون قائیف بانگ‌ئەکریّ ئەو قائیفە منالّەکە ئیلحاق ئەکا بە یەکیّ لەوانە ئەبیّ بە منالّی ئەو کەسە • ئـەو پیاوە ناتوانیّ

مومانەعەت لە باوکێتی بکا ! کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ بە پێغەمەرێتی نێررا غەیری ئەم نیکاحەی کە ئێستە هەیە هەدمی کرد لە بنچینەی هێنانە دەرێ ح ـ ٨/٤٧ •

نیکاحی موتعە ـ صیغەکردن :

٣٧٤٩/٤٦ ـ عن علي بن أبي طالب [رضي الله تعالى عنه] أنه سمع ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] يُلَيِّنُ في متعة النساء • فقال : مهلا يا ابن عباس فإن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عنها يوم خيبر وعن [أكل • خ] لحوم الحمر الإنسية م ـ ٦/١٣٧ ، ١٣٦ ، ح ـ ٨/٤١ ليس فيه إلى : فإن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

تەرجەمە :

ئیمامی عەلی لە ئیبنوعەباسی بیست کە لە نیکاحی موتعەی ژنانا سەهوولەت ئەنوێنێ پێیفەرموو : ئەی ئیبنوعەباس واز بێنە چونکی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ لە رۆژی خەیبەرا نەهی لە صیغەو خواردنی گۆشتی کەری ماڵیی کردوە •

ئەمە نابێ بە حوججەت لەسەر ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنه ـ چونکی مەنسووخە بە ئیذندانی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ بە موتعەکردن لە فەتحی مەککەدا •

٣٧٥٠/٤٧ ـ عن جابر بن عبدالله وسلمة بن الأكوع [رضي الله تعالى عنهم] قالا : كنا في جيش [أوطاس] فأتانا رسول رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : إنه قد أُذِن لكم أن تستمتعوا فاستمتعوا ح ـ ٨/٤٣ م ـ ٦/١٢٩ •

تەرجەمە :

جابیری کوڕی عەبدوڵلاو سەلەمەی کوڕی ئەکوەع ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەفەرموون : لە لەشکرێکا بووین فروستادەی رەسوولوڵلا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هاتەلامان فەرمووی : ئیذن‌دراون کە نیکاحی موتعە بکەن ، ئەوانیش کردیان •

٣٧٥١/٤٨ ـ وعن سلمة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: أيما رجل وامرأة توافقا فعُشْرةُ ما بينهما ثلاث ليالٍ، فإن أحبا أن يتزايدا [تزايدا] أو يتتاركا تتاركا [أو ان يتناقصا تناقصا] فما أدري أشيء كان لنا خاصة أم للناس عامة ؟ قال أبو عبدالله : وبينه عليٌّ [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه منسوخ ح ـ ٨/٤٢ •

تەرجەمە :

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەر پیاوو ژنێ موافەقەتی یەکتریان کرد لە نیکاحا بێ ذیکری موددەت ، عوشرەتی مابەینیان سێ شەوە ؛ ئەگەر هەوەسیان بێنێ لێی کەم‌کەن یا لێی زیادکەن ، یا یەکتری تەرك‌کەن •• بیکەن • سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : نازانم ئەمە شتێکە هەر بۆ ئێمە کە صەحابەین یا بۆ هەموو خەڵقە ؟ [دیارە بۆ هەموو خەڵق بوە ؛ چونکی لەفظەکەی عامە ئەفەرموێ : هەر ژن‌و پیاوێ] •

بوخاریی ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەیانی ئەوەی کردوە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ

فەرموویەتی : مەنسووخە [فەقەط لە دوای ئەوە نەسخەکەیش نەسخکراوەتەوە لە فەتحی مەککەدا • دەرحەقی نەسخی ئەبەدیی حەدیثی تر هەیە] •

٣٧٥٢/٤٩ - جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقول : كنا نستمتع بالقبضة من التمر والدقيق الأيام على عهد رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - وأبي بكر حتى نهى عنه عمر [رضي الله تعالى عنهما] في شأن عمرو بن حريث م - ١٣٠/٦ •

تەرجەمە :

جابیر - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە زەمانی پێغەمەراو ئەبوبەکرا - صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنه - نیکاحی موتعەمان ئەکرد لە سەر مستێ لە خورماو ئارد [چەندە برسیی بوون !] تا عومەر - رضي الله تعالى عنه - نەهی لێکرد • تەئویلی ئەکەن بەوە کە حەدیثی نەسخ نەگەیبوە بەوانەی کە کردوویانە [ئەمما زۆر دوورە] وعنه • م - ٣٠٢/٥ ، ٣٠٣ ، م - ١٣٠/٦ كتبا في الحج[1] •

٣٧٥٣/٥٠ - عبدالله بن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] قام بمكة فقال : إن ناسا أعمى الله قلوبهم كما أعمى أبصارهم يفتون بالمتعة ، يعرض برجل [ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما -] فناداه [ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما -] : إنك لجلف جاف ! [أي قليل الفهم والعلم والأدب] فلعمري لقد كانت المتعة تفعل على عهد إمام المتقين ! يريد رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال له ابن الزبير [رضي الله تعالى عنهما]: فَجرِّب بنفسك، فوالله لئن فعلتها لأرجمنك بأحجارك ! قال ابن شهاب : فأخبرني خالد بن

(١) مەبەستی ئەو حەدیثانەیە کە باسی موتعەی حەجیشیان تیایە .

المهاجر بن سيف الله أنه بينا هو جالس عند رجل جاءه رجل فاستفتاه في المتعة ، فأمره بها • فقال له ابن عمرة الأنصاري : مهلا ! قال : ماهي ؟ والله لقد فعلت في عهد إمام المتقين• قال ابن أبي عمرة: إنها كانت رخصة في أول الإسلام لمن اضطر إليها كالميتة والدم ولحم الخنزير • ثم أحكم الله الدين ونهى عنها م ـ ٦/١٣٥ •

تەرجەمە :

عوروەی کوڕی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە خەطیبیی لە مەککەدا تەشریفی راوەستا فەرمووی : بەعزێ خەڵق خوا وەك چاوی کوێرکردوون دڵیشی کوێرکردوون = فتوای دروستیی موتعە دەدەن = بەمە تەعریض بە ئیبنوعەباس ئەکا ! ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بانگی‌کرد : تۆ چ پیاوێکی بێ شوعوورو بێ ئەدەبی ؟! قەسەم بە بەقای خۆم ! موتعە لە زەمانی (إمام المتقين)ا کە رەسوولوڵلایە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کراوە • ئیبنوزوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ پێی‌وت : بە خۆت تەجرەبەی بکە ! وەڵلاهی ئەگەر بیکەی بەو بەردانەی کە رەجمی پێ ئەکرێ رەجمت ئەکەم • [حەقی رەجمی نیە ؛ چونکی نیکاحی شـــوبهەیە ، ئەمما حەقی تەعزیری ئەبێ ئەگەر بیکا] •

ئیبنوشەهاب ئەفەرموێ : خالیدی کوڕی موهاجیری کوڕی خالیدی سەیفوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەبەری داوە لە وەختێکا لە خزمەت پیاوێکا [ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] دانیشتبووم پیاوێ هاتە خزمەتی دەرحەقی موتعە ئیستیفتای لێ‌کرد • ئەمری پێکرد بیکە • ئیبنوئەبی‌عەمرە پێی‌فەرموو : واز لەم فتوایە بێنە • فەرمووی : بۆ ئەوە چیە ؟ وەڵلاهی لە زەمانی (إمام المتقين)ا کە پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى

عليه وسلم - كردوومه • ئیبنوئەبیعەمرە ئەفەرموێ : موتعە لە ئەووەڵی ئیسلامەتیدا بۆ کەسێ موضطەڕ بووبێ روخصەت بوە ، وەك حەلاڵبوونی مردارەوەبوو و ، خوێنو ، گۆشتی بەراز بۆ موضطەڕ ، لە پاشا خوا دینی خۆیی مەحکەم کردو نەهی لێکرد •

[ئەگەر بۆ حاڵی ئیضطیرار حەلاڵ کرابێ وەکوو گۆشتی بەراز (مەثەلا) بۆ پیاوی برسیی چۆن حوکمی گۆشتی بەراز ئێستەیش باقیە لازم بێ حوکمی موتعەیش باقی بێ • حاڵ وایە ژندەستکەوتن لە نان دەستکەوتن موشکیلترە ! ئەبێ حیکمەتەکەی شتێکی تر بێ کە حەزرەتی فاروق - رضي الله تعالى عنه - فەرقی پێکردوە • ئەو وەختە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بەتەدریج موحەڕەماتی حەرام کردوەو واجباتی واجب کردوە ؛ چونکی نزیك بوە بە زەمانی جاهیلییەت ، بە دەفعەیێ ئەحکامی بەیان بکردایە هەموو کەس ئەم دینەی قەبووڵ نەئەکرد (والله أعلم)] •

٣٧٥٤/٥١ - عن الربيع بن سبْرة أن أباه [رضي الله تعالى عنه] غزا مع رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فتح مكة • قال : فأقمنا بها خمس عشرة ، ثلاثين بين ليلة ويوم • فأذن لنا رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - في متعة النساء ، فخرجت أنا ورجل من قومي ، ولي عليه فضل في الجمال ، وهو قريب من الدمامة [قبح المنظر] مع كل واحد منا برد ، فبردي خَلِق ، وأما برد ابن عمي فبرد جديد غض ، حتى إذا كنا بأسفل مكة ، أو بأعلاها ، فتلقتنا فتاة مثل البكرة العنطنطة [عيطاء • أخرى • (ولد الإبل الطويل العنق)] فقلنا لها : هل لكِ أن يستمتع منكِ أحدنا ؟ قالت : وماذا تبذلان ؟ فنشر كل واحد منا برده • فجعلت تنظر إلى الرجلين ، ويراها صاحبي ينظر إلى عطفها ، فقال : إن برد [صاحبي] هذا خلق وبردي

جديد غض ! فتقول : برد هذا لا بأس به • ثلاث مرار ، أو مرتين [ثم قالت: أنت ورداؤك ! يكفيني ••• أخرى • م] ثم استمتعت منها • فلم أخرج حتى حرمها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م ـ ٦/١٣٢ •

٣٧٥٥/٥٢ ـ وعنه أنه كان مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا أيها الناس إني قد كنت أذنت لكم في الاستمتاع من النساء ، وإن الله قد حرم ذلك إلى يوم القيامة ، فمن كـان عنـده منهن شـيء فليُخلِّ سبيله ، ولا تأخذوا مما أتيتموهن شيئا م ـ ٦/١٣٣ •

تەرجەمە :

روبەیعی کوڕی سەبرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : سەبرەی باوکی لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ غەزای فەتحی مەککەی کرد ، فەرمووی : پانزە رۆژ ، کە بە شەوو رۆژەوە ئەکا سی ، لە مەککەدا ماینەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیذنیداین کـە ژن بە صیغە نیکاحکەین • منو یەکێ لە قەومەکەم چووینە دەرێ • من لە رەفیقەکەم بە شەوکەتتر بووم ، ئەو لە ناشیرینییەوە نزیك بوو ، هەر یەکی بوردێکمان پێ بوو ، بوردی من کۆن بوو ، بوردی ئامۆزاکەم تازەو نوێ بوو • تا گەیینە خوار مەککەوە ، یا فەرمووی ژوور مەککەوە [راویی لەم دوو لە فظەدا شکی بوە] ژنێکی جەهێڵو جوانمان بەرەو پیر هات ، وەك بێچووی وشتر گەردن بەرزو کەڵەگەت • پێمانوت : هیچ ئارەزووت هەیە کە صیغە لەگەڵ یەکێکمان بکەی ؟ وتی : چیم ئـەدەنێ ؟ هـەردوکمان پەشتەماڵەکەی کۆڵمان کردەوەو دەستی کردبە تەماشاکردنی پیاوەکـان • رەفیقەکەم چاوی لێ بوو تەماشای تێفکرینی ژنەکەی ئەکرد لـە ئێمـە • وتی : بوردی من تازەیە ! ژنەکە =دوو جار یا =سێ جار وتی : بـوردی

ئەمە زەرەری نیە • لە پاشا من صیغەم ، لەگەڵ کرد • لە مەککە نەچوومە دەرێ تا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ حەرامی کرد •

[لە ریوایەتەکەی تریا ئەفەرموێ : تەماشای ریدای صاحێبەکەمی ئەکرد ،پێی خۆش‌بوو ، کە تەماشای منی ئەکرد منی لە لا خۆش بوو • لە پاشا پێی وتم : بەرماڵی ئەوەو خۆی کافیە بۆ من ! سێ رۆژ لەگەڵی بووم ،لە پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ یەکێکی لەم ژنە بە صیغانەی لە لابێ بەرەڵلای بکا •

لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەی خەڵقینە من ئیذنم‌دان کە صیغە لەگەڵ ژنانا بکەن ،بە تەحقیق خوا تا رۆژی قیامەت حەرامی کرد ، هەرکەسێ لە ئێوە لەمانەی لەلایە بەرەڵلای کا • لەوەی کە بە موقابیلی صیغەکە داوتانێ هیچیان لێ‌مەسێننەوە •]

٥٣/٣٧٧٦ ـ ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ سئل عن متعة النساء فرخص • فقال له مولى له : [إنما كان ذلك في الجهاد والنساء قلائل • إسماعيلي • قسطلاني] إنما ذلك في الحال الشديد وفي النساء قلة • أو نحوه • فقال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : نعم ح ـ ٤٢/٨ •

تەرجەمە :

دەرحەقی موتعە لە ئیبنوعەباس ـرضي الله تعالى عنهما ـ پرسرا، ئیذنی دا • ئازادکراوێکی لێی پرسیی : ئەوە هەر لە حاڵی شیددەتاو ژنکەمیدا ئەبێ • لە ریوایەتی ئیسماعیلیدا ئەوە هەر لە غەزاو ژنکەمیدا ئەبێ • فەرمووی : بەڵێ •

٣٧٧٧/٥٤ ـ عن سلمة [رضي الله تعالى عنه] قال : رخص رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عام أوطاس في المتعة ثـلاثا ، ثـم نهى عنهـا م ـ ٦/١٣١ •

تەرجەمە :

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع ـرضي الله تعالى عنهـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلمـ سێ رۆژ ئیذنی دا بۆ نیـکاحی موتعە لە ساڵی غەزای ئەوطاسا ،لە پاشا نەهی لێکرد •

موتعە (١) لە خەیبەرا حەرام کرا (٢) عـمرة القضـاء (٣) فـەتـح (٤) ئەوطاس • قەسطەلانیی لـە نەوەویەوە ئـەفـەرموێ : حـەق وایـــە دوو دەفعە حەرامکراوە ؛ لە پێش خەیبەرا حەلاڵ بوو ، لە خەیبەرا حەرام کرا • لە ئەوطاس و فەتحا حەلاڵ کرا ، لە دوای سێ رۆژ حەرام کـرا بـــە موئەبیەدیی • (عمرةالقضا) مورسەلی حەسەنی بەصرییە ، مورسەلی حەسەنی بەصریی ضەعیفە ؛ چونکی لە هەموو کەس ریوایەتی کـردوە • لـە دوای فەتحی مەککە نیـکاحی موتعە بە قەقەطعیی حەرام بـوە • ئیمامی عومـەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەوانەیە کە موتعەی بە ئەبەدیی لە لا حەرام بوە • لە چواردە جێدا موافیقی رەئیی ئەو قورئان نازڵ بوە • پێغەمـەر ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ شەهادەتی داوە کە لە (محدثين)ە یەعنی لە طـەرەفی خواوە ئیلهام ئەکرێ • کە وابێ زۆر دوورە لە عەقڵەوە کە لـە ئیجتیهادیـا خەطا بێ • ئیجتیهادی ئەو قـــەطعییـــە • لە ئیحتیمالی خـەطـاوە دوورە ـ رضي الله تعالى عنـه ـ •

ما يحرم من النكاح(١) :

خوا ـ عز وجل ـ له سوورەتی نیسادا(٢) ئەفەرموێ : (ولا تنكحوا مانكح آباؤكم من النساء) : ژنی باوكتان نیكاح مەكەن (الا ما قد سلف): ئەگەر بیكەن موعەذذەب ئەبن ، ئەمما لەسەر ئەوەی كە لەمەوپێش كردووتانە موعەذذەب نابن «إنه»: چونكی نیكاحی مەنكووحەی باوك «كان فاحشة» : فیعلی فاحیشەیە «ومقتا» : مەبغووضە «وساء سبيلا» : ڕێیەكی خراپە •

«حرمت عليكم أمهاتكم» : لەسەرتان نیكاحی دایكتان حەرامكراوە ، شاملی نەنكی دایكیش‌و باوكیشە «وبناتكم» : كچاتتان(٣) لەسەر حەرامكراوە «وأخواتكم» : خوشكاتتان لەسەر حەرامكراوە « وعماتكم وخالاتكم» : پووری باوكی‌و دایكیتان لەسەر حەرام كراوە • « وبنات الأخ وبنات الأخت»: كچی براتان‌و خوشكتان لێ حەرامكراوە «وأمهاتكم اللاتي أرضعنكم»: ئەو دایەنانەتان كە شیری داونێ •• كچی براو خوشك شاملی ئەولادیشیان بێن ، دایەن شاملی دایكیشیان‌و نەنكی دایك‌و باوكیشیان یێ •

«وأخواتكم من الرضاعة» : خوشكی ڕیضاعیتان «وأمهات نسائكم»: دایكی ژنەكاتتان ، شاملی نەنكیشیان یێ «وربائبكم اللاتي في حجوركم»: كچی ژناتتان ، ئەو كچانەی كە لە حیمایەتتانان ، شاملی

---

(١) ئەو نیكاحانەی حەرامن (ئەوانەی نیكاحیان حەرامە) .

(٢) النساء / ٢٢ .

(٣) بەم شێوە هەموو كچێك دەگرێتەوەو مەبەستیش ئەوە نیە . كە واتە یا دەبێ بگوترێ (كچی خۆتان) یان (كچانتانتان) لەبەر ئەمە خوشكانم بەو شێوەی سەرەوە نووسیی ، خۆی (خوشكتان) نووسیبوە .

کچی کچو کچی کوڕیانە (إلى آخرهن)• «من نسائكم اللاتي دخلتم بهن»: کچی ئەو ژنانەتان لێ حەرامە کە لەگەڵیـان دروستبووبوون «فـان لـم تكونوا دخلتم بهن»: ئەگەر دخوولتان پێ نەکردبن «فلا جناح عليكـم»: گوناهتان لەسەر نیە کە کچەکانیان بهێنن «أما بعد التطليق»[1] «وحلائـل أبنائكم الذين من أصلابكم»: حەلاڵی ئەو کوڕانەتان کە لە صولبی ئێوەن، شامیلی ئەولادی ئێ ،کوڕەزا بێ یا کچەزا بێ ، ئیحتیرازە لـە ژنـی ئەوانەی ئینسان کردییتی بە کوڕی خۆی • ژنی کوڕ وەکوو کچ وایـە ، ئەبێ زاوایش وەکوو کوڕ وابێ شایەد ژنێکی تری بێ ئەبێ ئەویش حەرام بێ ، دایکی دروستە ، خوشکی کچی دروستە یان نا ؟ «وأن تجمعوا بـين الأختين» : لە بەینی دوو خوشکا جەمعکردنەوە حەرامە ، فەقەط ژنێ تەلاق بداو خوشکی مارە بکا دروستە «إلا ماقد سـلف»: ئەمانە هـەموویان حەرامن ئەمما ئەوی لەمەوپێش کردووتانە لە سەری موعەذذەب نابن ، یەعنی ئەگەر لەوانەتان لایە لێیان جوێبنەوە «إن الله كـان غفـورا رحيما»: بە تەحقیق خوا هەر غەفوورو رەحیم بوەو غەفوورو رەحیمیشە •

«والمحصنات من النساء»: ئەو ژنانەیشتان لێ حەرامە کـە مێرددارن «إلا ما ملكت أيمانكم» : مەگەر ئەو جارییانەتان کە موڵکی ئێوەن . بـە ئەسیرتانگرتوون ، بەوە لە مێردە کـافرەکانیان جـوێ ئەبنەوە « بعـد الاستبراء»[2] لەگەڵ دروستبوونیان دروستە • « كتاب الله عليكم »: ئەم ئەحکامە ئەو ئەحکامەیە کە خوا لەسەری نووسیون لازمە عەمەلی پێ بکەن

(١) واتە : دوای تەڵاقدانی دایکی ئەو کچانە ، دروســـتە کچەکانیان مارە بکەن بە مەرجی ئەوە نەچووبنە لای دایکیان .

(٢) واتە : دوای ئەوەی کە بە پاکبوونەوە لە بێنوێژیی دەربکەوێ کـە ئـەو جارییەو کەنیزەکانە ئاوس نینو سکیان نیە .

«وأحل لكم ماوراء ذلكم» : غەیری ئەوانەتان بۆ حەلاڵ کراوە «أن تبتغوا بأموالكم » : کە بە ماڵتان طەڵەب بکەن « محصنين » : کە موحصەن بن مەحفووظ بن «غير مسافحين» زینا نەکەن « فما استمتعتم بـه منهـن »: ئەو ژنانەی کە بە نیکاح ئەیانهێنن و وەطئیان ئەکەن «فآتوهن أجورهن»: مارەیی یەکانیان بدەنێ «فريضة»: ئەو مارەییە فەرزە کە پیاندەنێ «ولا جناح عليكم » : گوناهتان لەسەر نیە «فيما تراضيتم به من بعد الفريضة»: کە بە رەزای خۆتان لە مارەیی کەمکەنەوە یا لێی زیادکەن «إن الله كان عليما حكيما»: بە تەحقیق خوا لە ئەمرو نەهیا عالمە ئەزانێ کە چۆن ئەمرو نەهی ئەکاو ؛ حەکیمە عالمە بە عاقیبەتی ئەمرو نەهیەکەی کە هەمووی موافیقی حیکمەتە • ئیحتیمالیش هەیە ئەم ئایەتە لە « فما استمتعتم »ەوە دەرحەق نیکاحی صیغە بێ •

٣٧٧٨/٥٥ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا يجمع بين المرأة وعمتها ولا بين المرأة وخالتها • وعن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ نحوه • ح ـ ٣٧/٨ قال الزهري : فنُري خالة أبيها وعمة أبيها بتلك المنزلة م ـ ١٣٨/٦ •

٣٧٧٩/٥٦ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا يخطِب الرجل على خطبة أخيه ، ولا يسوم على سوم أخيه ؛ ولا تنكح المرأة على عمتها ، ولا على خالتها ، ولا تسأل المرأة طلاق أختها لتكتفيء صحفتها ولتنكح ، فإنما لها ما كتب الله لها • وفي أخرى : فإن الله ـ عز وجل ـ رازقها م ـ ١١٠/٦ وأمثال ذلك في مسلم كثير . ومآل الكل واحد والطرق مختلفة •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـرضي الله تعالى عنەـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلمـ فەرمووی : هیچ پیاوێ خوازبێنی نەکا بەسەر خوازبێنیی برای دینیی خۆیا ، سەودا نەکا بەسەر سەودای برای دینیی خـۆیـا ، ژن بەسەر پووری دایکیو باوکیا نیکاح ناکرێ ، هیچ ژنێ لە پیاوێ طەلـەب نەکا کە ژنەکەی تەلاق بداو ئەو بهێنێ ، بەوە زەرفی ژنێ نوخوون بکاتەوەو بیرێژێ ، هەرچی خوا بۆی نووسیبێ ئەوەی بۆ هەیە خوا رزقی ئەدا .

نكاح المُحرِم(١) :

٥٧/٣٧٨٠ ـ عمر بن عبيدالله بن معمر أراد أن ينكح ابنة طلحة بنت شيبة بن جبير في الحج ، وأبان بن عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ يـومئذ أمير الحج ، فأرسل إلى أبان : أني قد أردت أن أنكح طلحة بن عمر فـأحب أن تحضر ذلك . فقال له أبان : ألا أراك عراقيا جافيا [أعرابيا . نسخة] ؟. إني سمعت عثمان بن عفان [رضي الله تعالى عنه] يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا ينكح المحرم م ـ ١٤٤/٦ .

تەرجەمە :

عەمری کوڕی عوبەیدوڵلای کوڕی مەعمەر لە حەجا ئیرادەی بووکچی شەیبەی کوڕی جوبەیر لە طەلحەی کوڕی خۆی مارە بکا ، ئەبانی کوڕی عوثمان ـرضي الله تعالى عنهـ لەو رۆژەدا ئەمیری حەج بوو ، عومەر ناردی بە شوێنیا کە حەزەکەم حازر بێ . ئەبان پێی فەرموو : وا بزانم کـە تـۆ ئەعرابیێکی جاهێلی ! من لە ئیمامی عوثمان ـرضي الله تعالى عنهـم بیست ئەیفەرموو : پێغەمەر ـصلى الله تعالى عليه وسـلمـ فەرمووی : موحریم نیکاح ناکا [و خوازبێنیش ناکا] .

---

(١) ژن لێ مارەکردنیو مارەکردنی کەسێ لە ئیحرامی حەجا بێ .

ئیبنو عەباس ـرضي الله تعالى عنهـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلمـ مەیموونەی بە موحریمیی نیکاحکرد ، یەزیدی کوڕی ئەصەم ـرضي الله تعالى عنهـ ئەفەرموێ : موحریم نەبوو ، ئەفەرموێ : مەیموونە ـرضي الله تعالى عنهاـ (خالة)ی منیشو ئیبنوعەباسیش بوو ـرضي الله تعالى عنهاـ مەیموونە ـرضي الله تعالى عنهاـ ئەفەرموێ : موحریم نەبوو کە مارەی کردم م ـ٦/١٤٤ ـ ١٤٥ •

وقال أنس [رضي الله تعالى عنه] : والمحصنات من النساء ، ذوات الأزواج الحرائر حرام إلا ما ملكت أيمانكم لا يرى بأسا أن ينزع الرجل جاريته من عبده ، وقال : ولا تنكحوا المشركات حتى يؤمن ح ـ ٨/٣٣ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـضي الله تعالى عنهـ ئەفەرموێ : ژنی مێردداری حوڕ نیکاحی حەرامە • ئەو جاریيانەی کە موڵکتانن موستەثنان[1]، دروستە ئەگەر لە عەبدێ مارەکرابێ لێی بستێنێتەوەو وەطئی بکا ، هەم ئەنەس ئەفەرموێ: خوا ـ عز وجل ـ فەرموویە : موشریکە مارە مەکەن •

ئیبنو عەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە چوار ژن زیاترهێنان حەرامە وەکوو دایكو کچو خوشکی خۆی چۆن لێی حەرامن • ئیبنو عەباس ئەفەرموێ : خوا ـ عز وجل ـ لە نەسەب حەوتو ، لە خەزووران حەوت ژنی حەرام کردوە ئەم ئایەتی «حرمت عليكم أمهاتكم»[2]ی خوێندەوە ح ـ ٨ / ٣٣ •

(١) واتە : ئەوە بەر حوکمی حەرامیی ناکەوێ •

(٢) النساء / ٢٣ •

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - نیکاحی ریضاعیشی داخلی نیکاحی خزمی ژن‌کردوە ، بۆیە بوە بە حەوت •

عەبدوللآی کوڕی جەعفەر - رضي الله تعالى عنهما - لە بەینی زەینەبی کچی ئیمامی عەلیو لەیلای ژنی ئیمامی عەلی - رضي الله تعالى عنه - دا جەمعی کردۆتەوە •

ئیبنوسیرین - رحمه الله - ئەڵێ : زەرەری نیە • حەسەنی بەصریی - رحمه الله - دەفعەیێ فەرموویەتی : مەکرووهە • لە پاشا فەرمووی : زەرەری نیە ح - ٨/٣٤ •

حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی دوو ئامۆزای لە شەوێکا مارەکردوە • جابیری کوڕی زەید ئەفەرموێ : ئەوە مەکرووهە چونکی ئەبێ بە سەبەبی قەطعی رەحم، ئەمما حەرام نیە ح - ٨/٣٤ •

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : لەگەڵ خوشکی ژنیا زینا بکا ژنەکەی لێ حەرام نابێ • شیعبیو ئەبوجەعفەر ئەفەرموون لیواطەی لەگەڵ کوڕێکا کرد دایکی مارەنەکا - ح ٨/٣٤ •

عەکرەمە ئەڵێ : ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - فەرمووی : زینا لەگەڵ خەسوویا بکا ژنەکەی لێ حەرام نابێ • عیمرانی کوڕی حوصەینو جابیری کوڕی زەیدو حەسەنی بەصرییو بەعزێ ئەهلی عێراقو سوفیانی ثەوریی ئەفەرموون : لێی حەرام ئەبێ • ئەبوهورەیرە =ئەفەرموێ= : تا جیماعی لەگەڵ نەکا لێی حەرام نابێ • [حەنەفیی بە مەسسی بە شەهوەت - بە شەرتی ئینزال نەبوون ؛ زۆرسەیرە! - وتەماشای داخلی فەرج حەرام ئەبێ] ئیبنولموسەییبو عوروەو زوهریی ئەفەرموون :

بۆی دروستە لەگەڵ ژنەکەیا دابنیشێ • ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لێی حەرام نابێ •

نیکاحی شیغار ژنبەژن بێ مارەیی ، مارەیی هەر فەرجی ژنەکانە :

شیغار بەوە ئەڵێن کە : سەگ لە وەقتی میزکردنا لنگ هەڵەبڕێ (كأنه) ئەو دووپیاوە وا بە یەکتری ئەڵێن : تا من لنگی کچەکەت یا خوشکەکەت هەڵنەبڕم ، تۆیش لنگی کچەکەم یا خوشکەکەم هەڵمەبڕە • موعامەلەیێکی ئەوەندە قەبیحە تەشبیهکراوە بە لنگ هەڵبڕینی سەگ بۆ میزکردن • قەسطەلاینیو نەوەویی •

٣٧٨١/٥٨ ـ مالك عن نافع عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن الشغار ، والشغار أن يزوج الرجل ابنته [مثلا] على أن يزوجه الآخر ابنته [مثلا] ليس بينهما صداق [بل بُضع كل منهما صـداق الأخرى] د ، ت ، ن ، جه ، ح ـ ٨/٣٨ ، م ـ ٦/١٤٨ ، ١٤٩ وفيه : قال مالك : قلت لنافع : ما الشغار ؟ قال ••• إلخ وعن جابر وأبي هريرة • وزاد ابن نمير في روايته عن أبي هريرة : أو زوجني أختك وأزوجك أختي م ـ ٦/١٤٩ وصورته الواضحة : زوجتك بنتي على أن تزوجني بنتك ، وبضع كل واحدة منهما صداق الأخرى فيقول : قبلت • والله أعلـم • نـووي •

٣٧٨٢/٥٩ ـ وعن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا شغار في الإسلام م ـ ٦/١٤٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی کردوە لە نیکاحی ژنبەژن فەرموویەتی : ژنبەژنێ لە ئیسلاما نیە ، کە یەکێ بە یەکێ بڵێ : کچەکەمت

لێ نیکاح ئەکەم تۆیش کچەکەت یا خوشکەکەتم لێ نیکاح بکە مارەییان هـەر خـۆیان بـن .

شیغار نیکاحی جاهیلییەت بوە لای شافیعیی بەطالـــە لـــە ئەحمەدو ئیسحاق و ئەبوعوبەیدەیش ریوایەتی بەطاڵبوونی کراوە .مالیك ئەفەرموێ: فەسخئەکرێتەوە . ئەبوحەنیفە ئەفەرموێ : دروستە بێ بە مەهری میثل . ئەمەیش لە ئەحمەدو ئیسحاق ریوایەتکراوە .نەوەییو قەســـطەلانیی .

ئەبوحەنیفە ئەفەرموێ : بە حیلە لەسەر شیغار نیکاحی کرد دروستە شەرتەکەی باطیلە . لە نیکاحی صیغەدا ئەفەرموێ : نیکاح فاسیدەو شەرت باطیلە . بەعزێ لە حەنەفیی ئەڵێن : موتعـەیش و شـــیغاریش دروســـتن شەرتەکانیان باطیلە ح - ١٠/١٠١ .

نیـکاحی موشریك :

فیه آیـة (ولا تنكحوا المشركات حتى يؤمن ، ولأمة مؤمنة خير من مشركة ولو أعجبتكم ...)[1] البقـرة .

٣٧٨٣/٦٠ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كان إذا سئل عن نكاح النصرانية واليهودية قال : إن الله حرم المشركات على المؤمنين ، ولا أعلم من الإشراك شيئا أكبر من أن تقول المرأة : ربها عيسى ! وهو عبد من عبـاد الله ح ١٤٩/٨ .

(١) البقرة / ٢٣١ . دانەر تەفسیری ئایەتەکەی نە نووسیوە ، ئـەمـــە تەفسیرەکەیەتی : ئافرەتی کافر مەخوازن تـا موسوڵمـان ئـەبن ، بێگومان جارییەیەکی موسوڵمان لە ئافرەتێکی کافری ئازاد باشترە ، با کافرەکە جوانتریش بێ .

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کە لە مارەکردنی نەصرانیو یەهوودیی لێیانپرسیایە ئەیفەرموو : خوای تەعالا نیکاحی ژنی موشریکی لە موسوڵمانان حەرامکردوە ، شتێکی لەوە بە گەورەتر نازانم کە ژن بڵێ: عیسا رەببی منە ! وەلحال عیسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ عەبدێکە لە عیبادی خوا •

٦١/٣٧٨٤ ـ عطاء عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كان المشركون على منزلتين من النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ والمؤمنين ؛ كانوا مشركي أهل حرب يقاتلهم ويقاتلونه ، ومشركي أهل عهد لا يقاتلهم ولا يقاتلونه • وكان إذا هاجرت امرأة من أهل الحرب لم تخطب حتى تحيض وتطهر [لأنها بإسلامها وهجرتها صارت حرة] فإذا طهرت حل =لها=النكاح، فإن هاجر زوجها قبل أن تنكح ردت إليه • وإن هاجر عبد منهم أو أمة فهما حران ولهما ما للمهاجرين • ثم ذكر [عطاء] من أهل العهد مثل حديث مجاهد [وهو قوله] وإن هاجر عبد أو أمة للمشركين أهل العهد لم يردوا وردت أثمانهم • وقال عطاء عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : كانت قُرَيْبة [ومكبرا] بنت أبي أمية [أخت أم سلمة ، أم المؤمنين ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] عند عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] فطلقها فتزوجها معاوية بن أبي سفيان • وكانت أم الحكم ابنة أبي سفيان تحت عياض بن غَنْم الفِهْري ، فطلقها ، فتزوجها عبدالله بن عثمان الثقفي ح ـ ٨/١٥١ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : موشریك لەسەر دوو مەنزیلە بوون لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و موسوڵمانانەوە :

(١) موشریکی ئەهلی حەرب بوون ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـە وسـلم ـ حەربی لەگەڵ ئەکردنو ئەوانیش حەربیان لەگەڵ ئەکرد •

(٢) موشریکی ئەهلی عەقدو عەهد بوون • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ حەربی لەگەڵ نەئەکردنو ئەوانیش حەربیان لەگەڵ نەئەکرد • کەژنێ لە ئەهلی حەرب هیجرەتی بکردایە تا حەیزی نەشتایەو پاك نەبوایەوە خوازبێنی نەئەکراو مارەنەئەکرا ؛ چونکی بە هیجرەتو موسوڵمانبوونـی ئەبوو بە حورِ • کە پاكبۆوە لە حەیز نیکاحـکردنی حـەڵاڵ ئـەبـوو • ئەگەر لە پێش نیکاحکردنیا مێردەکەی هیجرەتی بکردایە ئەدرایەوە بـــە مێردەکەی [بێ نیکاحی جەدید] • ئەگەر عەبدێ یا جارییەیێ لەوان هیجرەتی بکردایە ئـەبـوون بە حـورِ ؛ بۆ موهـاجیر چ حەقێ بوایـە بۆ ئـەوانیش ئـەبـــوو •

لە دوای ئەمە عەطا وەك موجاهید قسە لە ئەهلی عەهد ئەکا • قسەی موجاهیـد ئـەوەیە ئەگەر عەبدێ یا جارییەیێکی ئـەهلی عەقـد هیجرەتی بکردایە رەدنەئەکرایەوە بۆیان ، قیمەتەکەیان ئەدرایەوە • یەعنی فیدیەیان بۆ ئەدرا ئەوانیش ئەبوون بە حورِ • عەطا لە ئیبنوعەباسەوە ـ رضـي الله تعالی عنهما ـ ریوایەت ئەکا قورەیبەی کچی ئەبو ئومەییەی خـوشـــکی ئوممسەلەمە ـ رضي الله تعالی عنهما ـ لای عومەری کوڕی خەطاب بـوو ـ رضي الله تعالی عنه ـ طەڵاقی دا موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان مـارەی کرد [ئەو وەختە هەردوکیان کافر بوون] ئوممولحەکەمی کچی ئەبوسوفیان خوشکی ئومموحەبیبە ـ رضي الله تعالی عنهم ـ ژنی عەیاضی کوڕی غەنمی فیهریی بوو ، طەڵاقی دا ، عـەبدوڵڵای کـوڕی عوثمانی ثەقـەفیی مارەی کــرد (انتهی) •

ژنی موشریك یا نەصرانیی یا جوولەکە لە ژێر نیکاحی ئەوانا بێ لـە پێش ئەوانا موسوڵمان بین بە موجەڕڕەدی ئەوە تەلاقیان ئەکەوێ یان نا ؟ ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : ژنی نەصرانیی لە پێش مێردەکەیا موسوڵمان بێ با بە ساعەتێکیش پێش‌کەوێ لە مێردەکەی حەرام ئەبێ • عەطای کوڕی ئەبو ڕەباح ئەفەرموێ : ژنی ئەهلی عەهد موسوڵمان بێ لە پاشا مێردەکەی موسوڵمان بێ لە ژنێتی ئەو ئەکەوێ ؛ ئەگەر هەوەسی بێنێ بە نیکاحێکی تازەو بـە مارەیی شووی پێ ئـەکاتـەوە • موجاهیـد ئـەفـەرموێ : لە عیددەدا موسوڵمان ببێ ئەبێتـەوە بە ژنی • بـوخاریی تەقویەی قسەی عەطا ئەکا ئەفەرموێ : خوا - عز وجل - ئەفەرموێ : نـە ژنەکان بۆ ئەوان حەلاڵن نـە پیاوەکانیان بۆ ژنەکانیان حەلاڵن [چونکی بە موسوڵمانێتی ژنەکە لێك‌حەرام ئەبن] ح - ٨/١٥١ ، ١٥٢ •

حەسەنی بەصریی‌و قەتادە - رحمهما الله - ئەفەرموون : دوو مەجووسیی موسوڵمان بین نیکاحیان باقیە ، یەکێکیان پێش بکەوێ دەخلی پیاوەکـە بەسـەر ژنـەکەوە نامێنێ ح - ٨/١٥ •

ئیبنوجورەیج ئەفەرموێ : لە عەطام‌پرسیی : ژنێ لە موشریك بێتـە لای موسوڵمانان عیوەضی ئەو ژنە ئەدرێتەوە بە مێردەکەی ؛ چونکی خوا ئەفەرموێ : ئەوی مێردەکانیان لەوانیانا صەرف کردوە بیان‌دەنەوە ؟ عەطا فەرمووی : خەیر عیوەضیان نادرێتەوە ، ئەوە هەر لە بەینی پێغەمەرا - صلی الله تعالى عليه وسلم -و ئەهلی عەهدا بوە • ئـەم حوکمە ئیمـڕۆ نـەماوە ح - ٨/١٥٢ •

موجاهید - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : ئەو موعاوەضەیە لـە صوڵحێکا بوە کە لە بەینی پێغەمەرا - صلی الله تعـالى عليـه وسلم - و

کوففاری قورەیشا کراوە • رۆژی فەتحی مەککـە ئـەو حوکمە نـەما ح - ١٥٢/٨ •

العزل ـ نەیێڵێ لە فەرجی ژنا ئینزالی مەنیی بێ بیریژێتە دەرەوە :

٦٢/٣٧٨٥ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] أن رجلا أتى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم فقال : لي جارية هي خادمنا [يستوي فيه التذكير والتأنيث : رجل خادم امرأة خادم • م] وسانيتنا [أي تسقي لنا] وأنا أطوف عليها ، وأنا أكره أن تحمل • فقال : اعزل عنها إن شئت ؛ فإنه سيأتيها ما قدر لها • فلبث الرجل ثم أتاه فقال : إن الجارية قد حبلت • فقال: [أنا عبدالله ورسوله • أخرى م] أخبرتك أنه سيأتيها ما قدر لها م - ٢٦/٦، م - ٦ / ٢٠٦ •

٦٣/٣٧٨٦ ـ وعنه كنا نعزل والقرآن ينزل • قال سفيان : لو كان شيئا ينهى عنه لنهانا عنه القرآن [أي أو الحديث] ح - ٩٩/٨ ، م-٢٠٧/٦

٦٤/٣٧٨٧ ـ وعنه كنا نعزل على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فبلغ ذلك نبي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلم ينهنا عنه م ـ ٢٠٧/٦ ، ح - ٩٩/٨ •

وعند أحمد من حديث أنس جاء رجل إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يسأل عن العزل • فقال : لو أن الماء الذي يكون عنه الولد أهرقته على صخرة لأخرج الله منها =أو يخرج الله منها = ولدا ، وليخلقن الله نفسا هو خالقها • قسطلاني ٣٠٧/٤ •

٦٥/٣٧٨٨ ـ عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ أخبر أنه بينما هو جالس عند النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جاء رجل من الأنصار

فقال : يا رسول الله إنا نصيب سبيا ، ونحب المال ، كيف ترى في العزل ؟ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: أوَ إنكم تفعلون ذلك؟لا عليكم أن لا تفعلوا [ما من نسمة هي كائنة إلى يوم القيامة ... أخرى ح-٤/٣٠٦] فإنه ليست نسمة كتب الله أن تخرج إلا هي كائنة ح-٩/٣٣٤ ، ٣٢٤ ، م - ٦/٢٠٢ .

٦٦/٣٧٨٩ - وعنه ذكر العزل عند النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال : وما ذاكم ؟ قالوا : الرجل تكون له المرأة ترضع فيصيب منها ، ويكره أن تحمل منه = والرجل تكون له الأمة فيصيب منها ، ويكره أن تحمل منه= قال : فلا عليكم أن لا تفعلوا ذاكم ، فإنما هو القدر م - ٦/٢٠٥ (بەسە) .

جابير ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ هاتەخزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزی‌کرد : جاریەیێکم هەیە خزمەتمان ئەکا ، ئاومان بۆ لە بیر هەڵئەیێنجێ ، لە گەڵی دروست ئەبم حەزناکەم کە حامیلە بێ ، فەرمووێ : ئەگەر هەوەست بێنێ ئینزالت لە ناویا نەبێ. هەرچی خوا بۆی موقەددەر کردبێ بۆی یێ . پیاوەکە موددەیێ وەستا[1] لە دواییا هاتەوە خزمەتی عەرزی‌کرد : جارییەکە حامیلە بوە . فەرمووی: خەبەرم دایتێ کە چی بۆ موقەددەر کرابێ بۆی یێ . لە ریوایەتەکەی ترا فەرمووی : من عەبدی خوام‌و رەسوولی خوام .

جابير ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەزلمان‌ئەکردو قورئان نازڵ ئەبوو : سوفیان

(١) مەبەستی ئەوە نیە کە پیاوەکە لەوێدا وەستابێ ، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە ماوەیەکی پێچوو دوای ئەوە پیاوەکە هاتەوە ...

ئەفەرموێ : ئەگەر عەزل شتێ بوایە کە نەهی =لێ=بکرایێ قورئان نەهی لێئـەکـردیـن •

ئیمامی ئەحمەد لە ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ریوایەت ئەکـا کە پیاوێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سوئالی لـە عەزل لێ کرد • فەرمووی : ئەگەر ئەو ئاوەی کە منالّی لێ خەلق ئـەبـێ بیڕێژیە سەر بەردێ خوا لەو ئاوە منالّی لێخەلق ئەکا • هەر نەفسێ کە خوا ئیرادەی خەلقی کردبێ خەلقی ئەکا • قەسطەلانی •

ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە وەختێکا کە لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دانیشتبووم پیاوێ لە ئەنصار هاتە خزمەتی عەرزیکرد : (یا رسول الله)ئێمە ئەسیرمان دەست ئەکەوێ، حەزیش لەماڵ ئەکەین ،چئەمر ئەفەرمووی لە خوصووصی عەزلا؟ فەرمووی : بۆ ئێوە ئەوە ئەکەن ؟ هیچ زەرەری بۆتان نیە ئەگەر نەیکەن، چونکە هیچ نەتەوەیێ نیە کە [تا رۆژی قیامەت ح ٤/٣٠٦ ، م ـ ٦/٢٠٢] خوا ـ عز وجل ـ نووسیبێتی کە لە عەدەم بێتەدەرێ هەر ئەبێ ببێ •

ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەحث لە عەزل کرا • فەرمووی : ئەوە چیە بەحثی لێ ئەکەن ؟ عەرزیانکرد : پیاو ژنی شیردەری لە لا ئەبێ لەگەڵێ دروست ئەبێ ، حەز ناکا لێی حاملە ببێ = پیاو کەنیزەکی لـەلا ئەبێ ئەچێتە لای حەز ناکا لێی ئاوس ببـێ = فەرمووی : هیـچ زەرەری بۆتان نیە ئەگەر عەزل نەکەن، ئەوە قەدەرە • م ـ ٦/٢٠٥ •

وطء الحـــامـل :

٣٧٩٠/٦٧ ـ عن أبي الدرداء [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه أتي بامرأة مجحٍّ [قريبـة الولادة] على بـاب

فسطاط [شەش لوغەتی تیایە : فُسطات فُستاط ، فُسّاط : دەوارە نەوەویی] فقال : لعله يريد أن يُلِمَّ بها ؟ [أي يطأها] فقالوا : نعم . فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لقد هممت أن ألعنه لعنا يدخل معه قبره ! كيف يورثه وهو لا يحل له ؟ كيف يستخدمه وهو لا يحل له ؟ م ـ ٦/٢٠٨ .

تەرجەمە :

ئەبودەرداء ئەفەرموێ : ژنێکی زكپڕی نزیك وەضعی حەملیان هێنا بەردەمی خێوەتێ . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : رەنگە تەمای بێ لەگەڵیا دروست بێ ؟ عەرزیانکرد : بەڵێ . فەرمووی : ئیرادەم وایە(۱) کە لەعنەتێکی لێبکەم لەگەڵیا بچێتە قەبرەکەیەوە ! [تا وەضعی حەملی نەکا دروست نیە موجامەعەی لەگەڵ بکا ، ئیحتیمالی هەیە وەلادەتەکەی شەش مانگ دوا بکەوێ ، ئەو وەختە منالەکەی بێ مەعلووم نابێ منالەکە لەمە یا لە مێردە موشریکەکەیەتی ؛ ئەگەر لەو بێ ئەبێ بە ئەولادی ،ئیرثی یەکتری ئەگرن ،نابێ بە عەبد . ئەگەر لە مێردە موشریکەکەی بێ ئیرثی یەکتریی ناگرن ، ئەبێ بە عەبدی ، ئەبێ ئیستیخدامی بکا ... نەوەویی] کە وابێ منالەکەی چۆن ئەکا بە واریث کە بۆی حەلاڵ نیە بیکا بە واریث ؟ [بەڵکە لە مێردە پێشوەکەی بێ ئەو وەختە ئەبێ بە عەبد ئیرثی لێ ناگرێ] چۆنی ئەکا بە عەبدو ئیستیخدامی ئەکا [ئیحتیمالی هەیە لە خۆی بێ ئەو وەختە حورِ ئەبێو واریث ئەبێ ، نابێ بە عەبد] .

۳۷۹۱/٦٨ ـ عن جُدامة أخت عكاشة بن وهب بن محصن [رضي الله تعالى عنهما] قالت : حضرت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ

(۱) ئەگەر لێرەدا « ویستم » یا « ئیرادەمکرد » بێ باشترە .

في أناس وهو يقول : لقد هممت أن أنهى عن الغيلة [أي وطء المرضعات] فنظرت في الروم وفارس ، فإذا هم يغيلون أولادهم فلا يضر أولادهم ذلـك شيئا • ثم سألوه عن العزل • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: ذلك الوأد الخفي • وفي أخرى : وهي (وإذا المؤودة سئلت)[1] م-٦/٢١١، م - ٦/٢١٢ بمعناه •

تەرجەمە :

جودامەی خوشکی عەکاشە [کە لەو حەوتصەد هەزارەیە کە بـە بێ سوئالو کیتاب ئەچنە بەهەشتەوە] ئەفەرموێ : لە ناو چەند خەڵقێکا لـە خزمەت پێغەمەرا بووم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : تـەمـام بوو کە نەهی لە دروستبوون لەگەڵ ژنی منالّ لەبەر بکەم ، لە پاشا تێفکریم رۆمو فارس لەگەڵ دایکی منالّی شیرەخۆرەیان دروست ئەبن ئەوە زەرەر بە منالّەکەیان ناگەیێنێ • جودامە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : دەرحەقی عەزلیشیان لێ پرسیی ، فەرمووی : ئەوە زیندەبەچاڵی خـەفی‌یە • ئـــەو ئایەتەی خوێندەوە کە ئەفەرموێ : ئەوزەمانەی کە لەو منالاّنە ئەپرسرێ کە چ قەباحەتێکیان بوە کە کوژراون ؟ یەعنی لە وەختی ئینزالا ذەکەر لـــە فەرج بێنرێتە دەرێو لە دەرەوە مەنییەکە لە خاریجی فەرجا برێژێ ئەشوبهێ بـە زیندەبەچاڵ • مانیعی ئەوە ئەبێ کە لە تۆوەکەی منالّی لێ پەیدا بێ • ئەمما ئەمە حەرام نیە ، وەئد قەتڵە •

صـــیداقو وەلیمەو شـــایی :

٦٩/٣٧٩٢ ـ عن أبي سلمة بن عبدالرحمن [رضي الله تعالى عنه] أنـه قـال : سألت عائشة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي ـ صلى الله تعـــالى

(١) التـكويـر / ٨ •

عليه وسلم ـ: كم كان صداق رسول الله ؟ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قالت : كان صداقه لأزواجه ثنتي عشرة أوقيَّة ونشًّا • قالت : أتدري ما النش ؟ قال : قلت : لا • قالت : نصف أوقية ، فتلك خمسمائة درهم ، فهذا صداق رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لأزواجه •

١٢
٤٠
×
أوقية : ٤٠ درهم • نش : ٢٠ درهم ———
٥٠٠=٢٠+٤٨٠

ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمووێ : لە حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـم پرسی کە مارەیی ئەزواجی طاهیراتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چەندبوو؟ فەرمووی : دوانزە ئووقیەو نەشێ بوو • فەرمووی : ئەزانی نەش چیە ؟ عەرزم‌کرد : خەیر • فەرمووی : نەش نیوەی ئووقیەیێکە [ئووقیە ٤٠ درهەمە • ٤٠×١٢+٢٠=٥٠٠] ئەمە ئەکا پێنصەد درهەم ئەوە مارەیی ئەزواجی پێغەمەر بوو ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م ـ ٦/١٦٨ •

٣٧٩٣/٧٠ ـ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : كنت ردف أبي طلحة يوم خيبر ، وقدمي تمس قدم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال: فأتيناهم حين بزغت الشمس ، وقد أخرجوا مواشيهم وخرجوا بفؤسهم [تەورو تەشویە] ومكاتلهم [زەنبیل] ومرورهم جمع مر [بێڵ ، پێ‌مەڕەی کوردیی لەوەیە] فقالوا : محمد والخميس ! قال : وقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : خربت خيبر ، إنا إذا نزلنا بساحة قوم فساء صباح المنذرين • قال : وهزمهم الله ووقعت في سهم دحية جارية جميلة ، فاشتراها

رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بســـبعة أرؤس ، ثم دفعهـا إلى أم سـليم [رضي الله تعالى عنها] تصنعها له وتهيؤها .

قال ثابت : وأحسب قال : وتعتد في بيتها ، وهي صـفية بنـت حيـي [رضي الله تعالى عنها] قال : وجعل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وليمتها التمر والأقط [كەشك] والسمن فحُصت الأرض أفاحيص [ئەرز هەڵکەنرا چاڵ چاڵ کرا (أفحص) چاڵە] وجيىء بالأنطاع [سفرەی چەرم] فوضعت فيها [لەو چاڵانەدا بۆ خاتری =ئەوە= رۆنەکە بەمـلاو بـەولادا نەڕێتە خوارێ] وجيىء بالأقط والسمن ، فشبع الناس . قال : وقال الناس: لا ندري أتزَوجَّها أم اتخذها أم ولد ؟ قالوا : إن حجبها فهي امرأته ، وإن لم يحجبها فهي أم ولد . فلما أراد أن يركب حجبها ، فقعـدت علـى عجـز البعير ، فعرفوا أنه قد تزوجها . فلما دنوا من المدينة دفع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ودفعنا . قال : فعثرت الناقة العضباء وندر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وندرت ، فقام فسترها . وقد اشرفت النساء يقلن : أبعد الله اليهوديـة !

قال [ثابت] : فقلت : يا أبا حمزة أَوَقَعَ رسول الله ؟ قال : أي والله لقـــد وقـــع .

قال أنس : وشهدت وليمة زينب [رضي الله تعالى عنها] فأشبع الناس خبزا ولحما ، وكان يبعثني فأدعو الناس . فلما فرغ قـام وتبعتـه ، فتخلف رجلان استأنس بهما الحديث لم يخرجا ، فجعل يمر على نسائه فيسلم على كل واحدة منهن : سلام عليكم كيف أنتم يا أهل البيت ؟ فيقولون : بخيـر يا رسول الله ، كيف وجدت أهلك ؟ فيقول : بخير . فلما فرغ رجع ورجعت معه . فلما بلغ الباب إذا هو بالرجلين قد استأنس بهما الحديث . فلما رأياه قد رجع قاما فخرجا . فوالله ما أدري أنا أخبرته أم أنزل عليه الوحي بأنهمـا

قد خرجا فرجع ورجعت معه • فلما وضع رجله في أسكفة الباب أرخى الحجاب بيني وبينه • وأنزل الله هذه الآية : (لا تدخلوا بيوت النبي إلا أن يؤذن لكم ••• الآية)[1] م – ٦/١٧٨ ، حديث زينب – رضي الله تعالى عنها – ح ٨/٦٧ •

٧١/٣٧٩٤ – عن أنس – رضي الله تعالى عنه – أعتق صفية وتزوجها وجعل عتقها صداقها ، وأولم عليها بحيس ح – ٨/٦٨ م – ٦/١٧٨ ن •

٧٢/٣٧٩٥ – أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : ما رأيت رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – أولم على امرأة ما أولم على زينب [رضي الله تعالى عنها] فإنه ذبح شاة م – ٦/١٨٥ ، ح – ٨/٦٨ •

وفي أخرى : أطعمهم خبزا ولحما حتى تركوه م – ٦/١٨٥ •

٧٣/٣٧٩٦ – عن صفية بنت شيبة [رضي الله تعالى عنها] قالت : أولم النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – على بعض نسائه بمدين من شعير ح – ٨/٦٩ •

تەرجەمە :

ئەنەس – رضي الله تعالى عنه – ئەفەرموێ : ڕۆژی خەیبەر سواری پاشكۆی ئەبوطەلحە بووم [باوەپیارەی] پێم لە پێی موبارەكی پێغەمبەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – ئەكەوت • فەرمووی : هاتینە خەیبەر لە وەختی ڕۆژهەڵاتنا حەیوانیان كردبوە دەرێ ، پاچو بێڵو زەنبیلیان پێبوو ،وتیان : محمدو لەشكری هاتن • پێغەمبەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : خەیبەر خەراب بوو • ئێمە كە [بۆ حەرب] هاتینە ئەرزی قەومێكو لێیدابەزین صوبحی ئەو قەومە كە بە حەرب ئەترسێنرێن چ صوبحێكی خراپە بۆیان • فەرمووی : خوا شكانتی [تالانمان كردوو ،

(١) الأحزاب / ٥٣ •

گرتمانن بە ئەسیرو تەقسیممان کرد] جاریەکی جوان بەر بەشی دوحیە کەوت • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە حەوت جاریە لێی کڕی ، تەسلیمی ئوممو سولەیمی کرد کە بۆی ڕێکخاو موهەییای کا • ثابیتی راویی لە ئەنەسەوە ئەفەرموێ : ظەننم وایە کە ئەنەس رضي الله تعالی عنه ـ ئەوەیشی فەرموو کە لە ماڵی ئومموسولەیما عیددە بکێشێ • ئەو جاریە صەفیەی کچی حویەی بوو ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خورماو کەشكو ڕۆنی بۆ کرد بە چێشتی شایی • ئەرز چاڵ ـ چاڵ کرا ، سفرەی چەرمی زۆریان هێنا لەو چاڵانەدا دایانخستن [کە ڕۆنی خورماو ڕۆنەکە بەملاو بەولادا نەڕژێ ؛ چونکی زەرفیان پێ نەبوو کە خورماوڕۆنەکەی تێکەن ، دەوریو سینییان ئەو سفرانە بوو] خەڵق تێر بوون •خەڵق وتیان : ئایا مارەی ئەکاو ئەیکا بە (أم المؤمنين) یا ئەیکا بە ئوممو لوەلەد ؟ وتیان : لە خەڵقی داپۆشێ ئەبێ بە یەکێ لە ئەزواج ، ئەگەر لە خەڵقی دانەپۆشێ ئەبێ بە ئوممولوەلەد• کە تەمای سواربوونی کرد داپۆشیی ، لەسەر پاشکۆی وشترەکەی دانیشت ، زانییان کە نیکاحی کردوە •

کە لە مەدینە نزیكبووینەوە پێغەمەر صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وشترەکەی لنگدا ، ئێمەیش لنگماندا ، وشترەکەی کە (عەضبا) بوو سەرسمی داو پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ و صەفیە ـ رضي الله تعالی عنها ـ لە وشترەکە کەوتن • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هەڵسایەوەو صەفیە ـ رضي الله تعالی عنها ـی داپۆشییەوە • ژنە

(١) حەدیثی مارەکردنی صەفیەی کچی حویەی لەگەڵ هەندێ جیاوازییو کەمو لە ل : (٤٩٢)ی بەرگی چوارەمی ئەم کتێبەدا رابورد .

مەدینەیی خۆیان بۆ بەرزکردەوەو وتیان : خـوا ئەو ژنـە جوولەکـەیـە دوورخاتەوە [کە بوو بە سەبەبی کەوتنی پێغەمەر صلی الله تعالی علیـه وسـلم ـ] ثابیت ئەفەرموێ : وتم : یائەباحەمزە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کەوتە خوارێ ؟ فەرمووی : ئەرێ‌وەڵلاّ کەوت •

ئەنەس ئەفەرموێ : حازری شایی زەینەب بووم ـ رضي الله تعـالی عنها ـ خەڵقی لە نان‌و گۆشت تێرکرد ، منی بە شوێن خەڵقا نارد بـانگم ئەکردن کە لێ‌بۆوە تەشریفی هەڵسا شوێنی کەوتم ، دووپیاو مـانەوە بـە قسەکردنەوە مەشغوول بوون نەچوونە دەرێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ بەسەر ژنەکانیا رائەبوردو یەکەیەکە سـەلامی لێ‌ئـەکردن ئـەیفەرموو : ئەی ئەهلی بەیت سەلامی خـواتان لەسەر بـێ ، چۆنن ؟ عەرزیان‌ئەکرد : (یا رسول الله) لەسەر خێرین ، تۆ ئەهلی خۆتت لـە لا چۆن بوو ؟ ئەیفەرموو : لە لام بەخێر بوو کە لە سەلامیان بۆوە گەڕایـەوە بۆ ئەو جێیەی میوانەکانی[1] لێ‌بوو منیش لە خزمەتیا گەڕامەوە ، ئـەو دوو پیاوە هەر بە قسەوە گیرابوون ، کە چاویان بە پێغەمەر کەوت ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ رۆیین ، وەڵلاّهی نازانم من خەبەرم داین کە پیاوەکان رۆیین یا وەحیی بۆ هات •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی گەڕایەوە بۆ حوجرەی سەعادەت ، لە خزمەتیا گەڕامەوە کە پێی موبارەکی نایە سـەر عەتەبەی دەرگاکە پەردەکەی دادایەوە لە بەینی من‌و خۆیا • ئەو وەختە : (لا تدخلوا بیوت النبي إلا أن یـؤذن لکم •••) نازڵ بوو : تا ئیـذن نەدرێن مـەچنە ماڵەکان‌و هۆدەکانی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم م ـ ٦/١٧٨ •

---

(١) لێرەدا (موسافیرەکانی) نووسرابوو من بەم شێوەم لێ‌کرد .

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم -م نەدیوە ئەو ضیافەتەی کە بۆ شایی زەینەبی کرد بۆ هیچ ژنێکی لە ئەزواجی طاهیرات کردبێ ؛ مەڕێکی بۆ سەربڕی [ثابیتی بەنانیی ئەفەرموێ : لێم پرسیی : چی بۆ کرد بە ضیافەتو دەرخواردی خەڵقی دا ؟ فەرمووی : نانو گۆشتی دەرخوارد دان تا لێیان مایەوە] م - ٦/١٨٥٠

صەفیەی کچی شەیبە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بۆ بەعزێ لە ئەزواجی طاهیرات دوو مود جۆی کرد بە ضیافەت ح - ٨/٦٩ •

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : صەفیە - رضي الله تعالى عنها -ی ئازادکردو مارەی کردو ئازادکردنەکەی کرد بە مارەیی ، خورماوڕۆنی بۆ کرد بە چێشتی شایی ح - ٨/٦٨ ، م - ٦/١٧٨ ، ن •

٧٤/٣٧٩٧ - عن ثابت عن أنس - رضي الله تعالى عنه - قال : لما انقضت عدة زينب [رضي الله تعالى عنها] قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - لزيد فاذكرها عليَّ • قال : فانطلق زيد حتى أتاها وهي تخمر عجينها • قال : فلما رأيتها عظمت في صدري حتى ما أستطيع أن أنظر إليها أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ذكرها • فوليتها ظهري ونكصت على عقبي ، فقلت : يا زينب أرسل رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يذكركِ • قالت : ما أنا بصانعة شيئا حتى أوامر ربي ، فقامت إلى مسجدها • ونزل القرآن وجاء رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فدخل عليها بغير إذن • قال : فقال : ولقد رأيتنا أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - أطعمنا الخبز واللحم حين امتد النهار ، فخرج الناس وبقي رجال يتحدثون في البيت بعد الطعام • فخرج رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم -

واتبعته • فجعل يتبع حجر نسائه يسلم عليهن ويقلن : يا رسول الله كيف وجدت أهلك ؟ قال : فما أدري أنا أخبرته أن القوم قد خرجوا أو أخبرني [أي بالوحي كما في الحديث الأول] قال : فانطلق حتى دخل البيت ، فذهبت أدخل معه ، فألقى الستر بيني وبينه ، ونزل الحجاب • قال : ووعظ القوم بما وعظوا به • وفي حديث ابن رافع [أحد الرواة] : (لا تدخلوا بيوت النبي إلا أن يؤذن لكم إلى طعام غير ناظرين إناه ـ الى قوله ـ والله لا يستحي من الحق)[1] م ـ ٦/١٨٣ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە عيددەی زەینەب رابورد ـ رضي الله تعالى عنها ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری بە زەید کرد : بچۆ ناوی منی لەلا بەرە [یەعنی خوازبێنیم بۆ بکە] زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ چوە خزمەتی ، هەویری ئەشێلا ، زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە چاوم پێی‌کەوت لە لام ئەوەندە گەورە بوو نەمتوانی تەماشای بکەم ؛ چونکی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ناوی بردبوو، پشتم تێ‌کرد گەڕامە دواوە، عەرزم‌کرد : ئەی زەینەب پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ناردمی قسەت لێ ئەکا • فەرمووی : تا مەشۆرەت لە حوزووری خوادا نەکەم هیچ ناکەم • چوو بۆ مزگەوتەکەی قورئان نازڵ بوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم بێ ئیذن تەشریفی چوە لای • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە رۆژ بەرز بۆوە نانو گۆشتی داینێ ، خەڵق چوونەدەرێ ، بەعزێ پیاو مانەوە • باقیەکەی وەك حەدیثەکەی پێشەوەیە •

---

(١) الاحـزاب / ٥٣ •

دەفلێدانی ژن لە شادییاو گۆرانییان لای پیاو :

٣٧٩٨/٧٥ - رُبيِّع بنت مُعَوِّذ قالت : دخل على النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - غداة [تزوجت أياس بن البكير الليثي] بني علي ، فجلس على فراش كمجلسك [خالد بن ذكوان] مني ، وجويريات يضربن بالدّفّ، يندبن من قتل من آبائهن يوم بدر حتى قالت جارية: وفينا نبي يعلم مافي غده فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : لا تقولي هكذا ، وقولي ماكنت تقولين ح - ٦/٢٥٥ ، ح - ٨/٥٦ ، د ، ت ، جه •

تەرجەمە :

خالیدی کوڕی ذەکوان = ئەفەرموێ = : روبەییعی کچی موعەوویذ - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە سبەینێی شەوی بووکیما هاتە لام ، لەسەر جێیەکەم تەشریفی دانیشت وەك ئێستە تۆ لام دانیشتووی ، یەعنی وا نزیك لێم • چەند جارییەێی دەفیان لێ ئەداو شیعری دائیر بەو باوکانەیان کە لە بەدرا شەهیدکرابوون ئەخوێندەوە [ئەوصافی جەمیلەیانیان بە نەوعێ کە ئیسنان بێنێتەگریان ئەخوێندەوە ، موعەوویذی باوکی روبەییعو عەوف، یا مەعاذی مامی - رضي الله تعالى عنهم - شەهید بوبوون ، عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل شەهیدی کردبوون] تاجارییەێی لەو جارییانە وتی : (وفينا [رسول الله] نبی يعلم ما في غد) : پێغەمەرێکمان لە ناوایە ئەوەی کە سبەینێ واقیع ئەبێ ئەزانێ • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : وا مەڵێ • ئەوە بڵێ کە لە پێشەوە ئەتوت ح - ٦/٦١ ، د ، ت ، جه •

زاوا ئەیاسی کوڕی بەکیر بوو - رضي الله تعالى عنه - •
عەکرەمە سیانن :

١ ـ کوڕی عەبدوڵلا ، مەولای ئیبنوعەباس •ئـەکشـەری ریـوایەتی ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لەوەوەیە ، حافیظ بوە ، مەوثـووق بوە • ئەمما خاریجیی بوە خارجییێکی غەیرەداعی (لە جەڵدی ســێیەمـا ص ١٦٣) •

٢ ـ عەکرەمەی کوڕی خالیدی مەخزوومیی قورەیشیی • قەسطەلانیی ـ٣/٢٥٢ •

٣ ـ عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل موسوڵمان بوە •

ئیجابەتی دەعوەت (وليمة أو غيرها)(١) :

٣٧٩٩/٧٦ ـ عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : [إذا دعا أحدكم أخاه فليجب عرسا أو نحوه م ـ ٦/١٩١] •

إذا دعي أحدكم إلى الوليمة فليأتها [فليجب • أخرى] قال خالد : فإذا عبيد الله ينزله على العرس م ـ ٦/١٩٠ •

٣٨٠٠/٧٧ ـ وكان عبدالله [رضي اللهتعالىعنهما] يأتي الدعوة في العرس وغير العرس ، ويأتيها وهو صائم • م ـ ٦/١٩١ ، ح ـ ٨/٧٢ • وعنه عن النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: إذا دعيتم إلى كراع فأجيبوا م ـ ٦/١٩٢ •

٣٨٠١/٧٨ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قـال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إذا دعي أحدكم إلى طعام فليجب ، فإن شاء طعم ، وإن شاء ترك م ـ ٦/١٩٢ •

٣٨٠٢/٧٩ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول

(١) واتە شایی‌و غەیری شایی •

الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: إذا دعي أحدكم فليجب ، فإن كان صائما فليصل [أي فليدع لصاحبه خيرا] وإن كان مفطرا فليطعم م – ٦/١٩٢ •

٨٠/٣٨٠٣ ـ وعنه أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال: [بئس الطعام • أخرى موقوفا] شر الطعام طعام الوليمة يمنعها من يأتيها ، ويدعى إليها من يأباها • ومن لم يجب الدعوة فقد عصى الله ورسوله م – ٦/١٩٤ ، ح – ٨/٧١ ، د ، ن ، جه • ريواية البخاري موقوف على أبي هريرة ، وهو في حكم المرفوع ، لأنه لا يقال مثله من قبل الرأي •

تەرجەمە :

ئەم حەدیثانە بە مەئال یەکێکن دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەمە ئینســـان با بەڕۆژوویش بێ ئیجابەتی دەعوەتی وەلیمەی ژنهێنان واجبە ، ئەگـــەر بەڕۆژوو بێ دۆعای خێر بۆ صاحێبەکەی بکا ، بەڕۆژوو نەبێ لێی بخوا • ظاهیری حەدیثەکان دەلالەت لە سەر وجووب ئەکا با بانگیش بکرێتە سەر پێچکەیێ ، چونکی لە نەچوونیا دڵی برادەری دینیی ئەشکێ ، ئەوی نەچێ بۆ شایی عیصیانی خواو پێغەمەر ئـــەکا • لـــە حەدیثی ئـەبوهورەیرەدا ئەفەرموێ : طەعـامی وەلیمــە شەڕترینی هەموو طەعامێکــە ؛ چـونــکی دەوڵەمەندی بۆ بانگ ئەکرێ و ئیبای لێ ئەکا ، ئەوی حەزەکـا بچێ وەك فوقەرا بانگ ناکرێن [ئەمما ئەگەر هەردوو لا بانگ بکرێن ، هەرکەس بە قەدەری خۆی ئیحتیرامی بگیررێ نابێ بە شەڕی طەعام] •

الولـد للفراش(١) :

٨١/٣٨٠٤ ـ عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : كان عتبة بن أبي وقاص [قيل : إنه صحابي وقال أبو نعيم : لا بل مات كافرا ، وهو الـذي

(١) منداڵ هی جێ و نوێنە ، واتە منداڵ لە ماڵی کێ و لەسەر جێگەی کێ لە دایك بوو هی ئەو کەسەیە •

كسر رباعية النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قسطلاني] عهد إلى أخيه سعد أن يقبض [عبدالرحمن] ابن وليدة زَمْعة [والد سودة ، زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ورضي عنها] وقال عتبة [وقد زنى بالوليدة] : إنه ابني . فلما قدم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مكة في الفتح أخذ سعد بن أبي وقاص [رضي الله تعالى عنه] ابنَ وليدة زمعة ، فأقبل به إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأقبل معه عبد بن زمعة ، فقال سعد : هذا ابن أخي عهد إلي إنه ابنه . قال عبد بن زمعة [رضي الله تعالى عنه] : يا رسول الله هذا أخي هذا ابن وليدة زمعة ، ولد على فراشه . فنظر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إلى ابن وليدة زمعة فإذا أشبه الناس بعتبة ابن أبي وقاص . فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: هو لك هو أخوك يا عبد بن زمعة من أجل أنه ولد على فراشه . وقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: احتجبي عنه يا سودة لما رأى من شبه عتبة بن أبي وقاص .

قال ابن شهاب : وقالت عائشة [رضي الله تعالى عنهما] قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: الولد للفراش ، وللعاهر [الزاني] الحجر [أي الخيبة والحرمان] . وقال ابن شهاب : وكان أبو هريرة يصيح بذلك [وقال الثاني إلى الآخر منقطع] ح ـ ٦/٣٨٤ ، ح ـ ٤/٨ وفيه : فما رآها حتى لقي الله تعالى . م ـ ٦/٢٣٣ . أخرجه البخاري في : الفرائض، والأحكام، والوصايا ، والمغازي ، وشراء المملوك ، ن .

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : عوتبەی کوڕی ئـەبـی وەقاص [لە فەتحی مەککەدا] بە سەعدی برای خۆیی وت : کە عەبدوڕەحمانی کوڕی جارییەی زیمسەعەیە بگرەرە لای خۆت [عوتبە زینای لەگەڵ ئـەو

جاریەیە کردبوو عەبدوڕەحمانی لێ بووبوو] وتی : ئەو کوڕە کوڕی منە• کە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ لە فەتحا تەشریفی هاتە مەککە سەعدی بنی ئەبی وەقاص ـ رضي اللە تعالی عنە ـ عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەو جاریەیەی گرتە لای خۆیو بردیە خزمەت پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ عەبدی کوڕی زیمەعەیش ـ رضي اللە تعالی عنە ـ لەگەڵی هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ سەعد ـ رضي اللە تعالی عنە ـ عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ : ئەم کوڕە برازای منە ، عوتبەی برام پێیوتووم بیگرمە لای خۆم • عەبد ـ رضي اللە تعالی عنە ـ عەرزیکرد : (یارسول اللە) ئەمە برای منە ، ئەمە کوڕی جاریەیەی زیمەعەیە لە ژێر رکێفی ئەوا بوە • پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ تێیفکری لە هەموو کەس زیاتر بە عوتبەی کوڕی ئەبووەقاص ئەشوبها • پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی : ئەی عەبد ئەم کوڕە هی تۆیە ، برای تۆیە ؛ چونکی لە ژێر رکێفی زیمەعەدا بوە ، بە سەودەیشی فەرموو : خۆتی لێ داپۆشە ؛ چونکی بە عوتبە ئەشوبها • عایشە ـ رضي اللە تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ فەرمووێ : وەلەد هی ئەو کەسەیە لە ژێر رکێفیا بوە ، بۆ ئەوی زینای لەگەڵا کردبێ مەحرومییەت هەیە • عایشە ـ رضي اللە تعالی عنها ـ ئەفەرمووێ : ئیتر ئەو کوڕە سەودەی نەبینی ـ رضي اللە تعالی عنها ـ •

ئەبوهورەیرە ـ رضي اللە تعالی عنە ـ بە دەنگی بەرز ئەیفەرموو : وەلەد بۆ فیراشە [ئەگەر کوڕەکە ئیلحاق بە عوتبە بکرایە ئەبوو بە عەبدی عەبد ، ئێستە کە ئیلحاق بە زیمەعە کراوە حوڕڕەو عەبد نیە] •

الرضــــــاع(١) :

٣٨٠٥/٨٢ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] أنه جاء أفلح أخي أبي القعيس يستأذن عليها بعد ما نزل الحجاب ، وكان أبو القعيس أبا عائشة [رضي الله تعالى عنهما] من الرضاعة ، قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : فقلت : والله لا آذن لأفلح حتى أستأذن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فإن أبا القعيس ليس هو أرضعني ولكن أرضعتني امرأته ! قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : فلما دخل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قلت : يا رسول الله إن أفلح أخا أبي القعيس جاءني يستأذن علي ، فكرهت أن آذن له حتى أستأذنك قالت : فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: ائذني له • قال عروة : فبذلك كانت عائشة [رضي الله تعالى عنها] تقول حرّموا من الرضاعة ماتحرمون من النسب م ـ ٢١٤/٦ • وفي أخرى : قالت : جاء عمي من الرضاعة يستأذن علي ، فأبيت ان آذن له حتى أستأمر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ• فلما جاء رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قلت : إن عمي من الرضاعة يستأذن علي فأبيت أن آذن له فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: فليلج عليك عمك • قلت : إنما أرضعتني المرأة ولم يرضعني الرجل • قال: إنه عمك فليلج عليك م ـ ٢١٤/٦ • وفي أخرى : فقال لها : لا تحتجبي منه فإنه يحرم من الرضاعة مايحرم من النسب • م ـ ٢١٦/٦ • له موسليما عەینی ئەم حادیثەیە زۆرە ئەوەندە بەسە • ح ـ ٣٢/٨ وفي الشهادات •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : ئەفلەحی برای ئەبولقەعیس لە دوای ئەمە کە ئایەتی حیجاب نازڵ بوو هات ئیذنی خواست کە بێتە لام

(١) باسی شیرخواردنی منداڵ لە ژنی بێگانەو ، حەرامبوون بەو بۆنەوە.

ئەبولقوعەیس باوکی - ریضاعیی عایشە بوو - رضي الله تعالی عنهما ـ عایشە - رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : وتم : وەڵلاهی تا ئیذن لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەخوازم ئەفلەح ئیذن نادەم بێتەلام ؛ چونکی ئەبولقوعەیس شیری نەداومێ ژنەکەی شیری داومێ • ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هاتەوە عەرزمکرد : ئەفلەحی برای ئەبولقوعەیسم هاتە لا حەزم نەکرد تا ئیذن لە تۆ نەخوازم ئیذنی بدەم فەرمووی : ئیذنی بدە • لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : فەرمووی : ئیذنی بدە با مامت بێتە لات • عەرزمکرد : ژنەکەی شیری داومێ پیاوەکە شیری نەداومێ ! فەرمووی : مامتە با بێتەلات • لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : لە نەسەب کێ حەرام ئەبێ لە شیرخواردنیشەوە حەرام ئەبێ •

٣٨٠٦/٨٣ ـ عن عمرة بنت عبدالرحمن أن عائشة [رضي الله تعالی عنهما] زوج النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ أخبرتها أن رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کان عندها ، وأنها سمعت صوت إنسان یستأذن في بیت حفصة • فقلت : یارسول الله هذا رجل یستأذن في بیتك• فقال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ: أراه فلانا لعم حفصة من الرضاعة ، الرضاعة تحرّم ماتحرم الولادة م ـ ١٩٢/٥ ، ح ـ ٢٧/٨ وفیه بعد لعم حفصة من الرضاعة : قالت عائشة : لو کان فلان حیا ـ لعمها من الرضاعة ـ دخل علي ؟ فقال : نعم الرضاعة تحرم ما تحرم الولادة ح ـ ٢٧/٨ وفي الشهادات ح ـ ٣٦٤/٤ ، م ـ ٢١٣/٦ ، ن •

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەرم ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە لا بوو دەنگی ئینسانێکم بیست ئیذنی ئەخواست بۆ هۆدەی حەفصە وتم : (یا رسول الله) ئەوە پیاوێکە ئیذن

ئەخوازێ کە بێتە هۆدەکەی تۆوە • فەرمووی : رەنگە فلانەکەس بێ • یەعنی مامی ریضاعیی حەفصە • عەرزمکرد : ئەگەر فلانەکەسی مامم زیندووبوایە ئەهاتە لام ؟ فەرمووی : بەڵێ ئەوی وەلادەت حەرامی بکا شیرخواردنیش حەرامی ئەکا ح - ٤/٣٦٤ ح - ٨/٢٨ ، م - ٦ /٢١٣، ن•

٣٨٠٧/٨٤ - عروة بن الزبير عن عائشة - رضي الله تعالى عنهما - [زوج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم -] أن أبا حذيفة [مهشما] ابن عتبة بن ربيعة بن عبد شمس وكان ممن شهد بدرا [والمشاهد كلها - رضي الله تعالى عنه -] مع النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - تبنى سالما [ابن معقل الفارسي المهاجري الأنصاري - رضي الله تعالى عنه -] وأنكحه بنت أخيه هند بنت الوليد بن عتبة بن ربيعة ، وهو مولى لامرأة من الأنصار [ثبينة زوج أبي حذيفة] كما تبنى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - زيدا ، وكان من تبنى رجلا في الجاهلية دعاه الناس إليه وورث من ميراثه ، حتى أنزل الله : (ادعوهم لآبائهم - إلى قوله - ومواليكم)(1) فردوا إلى آبائهم ، فمن لم يعلم له أب كان مولى وأخا في الدين ، فجاءت سهلة بنت سهيل بن عمرو القرشي ، ثم العامري ، وهي امرأة أبي حذيفة بن عتبة النبيَّ - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقالت : يا رسول الله إنا كنا نرى سالما ولدا ، وقد أنزل الله فيه ماقد علمت ، فذكر [أبو اليمان شيخ البخاري] الحديث [وتمامه كما عند أبي داود والبرقاني : فكيف ترى ؟ فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم -: أرضعيه ، فأرضعته خمس رضعات ، فكان بمنزلة ولدها من الرضاعة ، فبذلك كانت عائشة تأمر بنات إخوتها وبنات أخواتها أن يرضعن من أحبت عائشة أن يراها ويدخل عليها ، وإن كان كبيرا ، خمس رضعات ، ثم يدخل عليها • وأبت أم سلمة وسائر أزواج النبي - صلى الله تعالى عليه

(1) الأحزاب / ٥ .

وسلم ـ أن يدخلن عليهن بتلك الرضاعة أحدا من الناس حتى يرضع في المهد ، وقلن لعائشة : والله ما ندري لعلها رخصة من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لسالم دون الناس] ح ـ ١٩/٨ ، ح ـ ٢٥٥/٦ ، م ـ ٢٢٩/٦ من : وأبت أم سلمة مما تركه البخاري •

٣٨٠٨/٨٥ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : جاءت سهلة بنت سهيل إلى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالت : يا رسول الله إني أرى في وجه أبي حذيفة من دخول سالم ، وهو حليفه ، فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: أرضعيه [تحرمي عليه • أخرى] قالت : وكيف أرضعه وهو رجل كبير ؟ وفي أخرى : فقالت : إنه ذو لحية • وفي أخرى: فقالت : إن سالما قد بلغ ما يبلغ الرجال ، وعقل ماعقلوا • وفي أخرى : وعلم ما يعلم الرجال ؟ فتبسم [فضحك • أخرى] رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقال : قد علمت إنه رجل كبير • وفي أخرى : أرضعيه تحرمي عليه ويذهب الذي في نفس أبي حذيفة • فرجعت ، فقالت : إني قد أرضعته، فذهب الذي في نفس أبي حذيفة • (روايات) م ـ ٢٢٧/٦ ، ٢٢٨ ، ٢٢٩ •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ: ئەبوحوذەیفە کوڕی عوتبەی کوڕی رەبیعەی کوڕی عەبدی شەمس کە لەوانە بوو غەزای بەدرو هەموو غەزای تری لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کردبوو، سالمی کوڕی مەعقیلی کردبوو بە کوڕی خۆی ، هیندی برازای خۆی کچی وەلیدی کوڕی عوتبەی کوڕی رەبیعەی لێ مارەکردبوو • سالمیش مەولای ژنێ بوو لە ئەنصار کە ثوبەیبەی کچی یەعارە ، کە ئەویش ژنێکی تری حوذەیفە بوو • وەك پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زەیدی کردبوو بە کوڕی خۆی • لە جاهیلییەتا کەسێ کەسێکی بکردایە بە کوڕی خۆی

خەلْق ئەو کوڕەیان بە ناوی ئەو کەسەوە بانگ ئەکرد • ئەیانوت : فلانی کوڕی فلان • بە ناوی باوکی خۆیەوە ناویان نەئەبرد • ئەو کوڕە وەك کوڕی راستەقینە ئیرثی لەو کەسە ئەگرت کە کردبووی بە کوڕی خۆی •تا خوا ـ عز وجل ـ ئەو ئایەتەی سوورەتی ئەحزابی نازڵ فەرموو کە مەئالی شەریفی وایە :

خوا بۆ پیاوێ دوو دڵی خەلق نەکردوە لە ناو زگیا ، ئەو ژنانەی کە ظیهاریان لەگەڵ ئەکەن [پێیان ئەڵێن : دایکی منی ، یەعنی دایك چۆن لە من حەرامە تۆیش لە من حەرام بە] نەی‌کردوون بە دایکی ئێوە ، ئەوانەیشی نەکردوە بە کوڕی ئێوە کە ئێوە کردووتانن بە کوڕی خۆتان ، بە ناوی خۆتانەوە بانگیان ئەکەن [چونکی دایکێتییو ژنێتیی لە ژنێکا کۆنابنەوە، کوڕێتیی راستەقینەو کوڕێتیی بەدرۆ لە پیاوێکا کۆنابنەوە • یەعنی یەکێ نابێ بە کوڕی دوو پیاوو دوو ژن] ئەوە [یەعنی بەژنتان بڵێن دایكو ، بە کوڕی پیاوێکی = تر = بڵێن کوڕی خۆم] قسەیێکە کە خۆتان بە دەم ئەیلێن [شتێکی بێ ئەصڵە حەقیقەتی نیە] خوا قسەی حەق ئەڵێو رێی راست پێ‌نیشان ئەدا ، بە ناوی باوکی خۆیانەوە ناویان بەرنو بانگیان بکەن ، ئەگەر ناوی باوکیان نازانن ئەوانە برای دینیتانن‌و مەولاتانن ، گوناهتان لەسەر نیە لەوەدا بە خەتا کردووتانە • لەوەدا کە بە عەمدەن بیکەن گوناهتان هەیە • خوا غەفوورە لە خەتاتان خۆشەبێو رەحیمە • (تمت الآیـة هنا) •

لە دوای ئەم ئایەتە ئەو کوڕو کچانە کە خەلْق کردوونیان بە ئەولاد رەدکرانەوە ئەلای باوکی راستەقینەی خۆیان ، ئەوانە کە باوکیان نەزانرابوو بوون بە مەولاو برای دینیی • سەهلەی کچی سوهەیلی کوڕی عەمری قورەیشیی عامیریی کە ژنی ئەبو حوذەیفە بوو [هەوێی ئەو ژنە بوو کە

سالمی ئازاد کردبوو] هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەرزیکرد : (یا رسول الله) ئێمە سالمان بە کوڕی خۆمان ئـەزانـی ، ئێستەیش خوا ئەو ئایەتەی دەرحەقی ئەو [و ئەمثالی] نازڵ فەرموە کـە لێت مەعلوومە [بوخاریی باقی حەدیثەکەی ذیکر نەکردوە ، ئـەبوداودو بەرقانی ذیکریان کردوە ئەفەرموون :] سەهلە عەرزی پێغەمەری کـرد : ئەفەرمووی : چی (یا رسول الله) ؟ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : شیری بـدەرێ • پێنج دەفعە شیری دایـێ ، وەك ئـەولادی رەضاعیی لێ هات •

به سەبەبی ئەم روخصەتە کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلـم ـ بۆ سەهلەو سالمی دا ، حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تـعالی عنهـا ـ ئـەمری ئەکرد بە کچی برایی‌و بە کچی خوشکی کە پێنج جار شیر بدەن بەو پیاوانە کە حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەیویست کە بیانبینێ‌و بچنـە لای ، با گەورەیش بن ، لـــە پاشا ئەچوونە لای • ئوممو سەلەمەو سائیری ئەزواجی طاهیرات ئیبایان ئەکرد لەوە کە بەو نەوعە شیردانە هیچ کەسـێ بچێتە لایان ، مەگەر بە منالیی لە بێشکەدا شیر بخـۆن • بە حـەزرەتـی عایشەیان ئەفەرموو وەڵلاهی ئێمە نازانین کە بەوە حەلاڵ بێ • ئیحتیمـالی هەیە بەو شیرپێدانە چوونە لای ژنی بێگانە روخصەتێ بێ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ تەنها بۆ سـالمی داوە ح ـ ٨/١٩ ، ح ـ ٦/٢٥٥ ، م ٦/٢٢٩ (لە ئیبای سەلەمەو ئەزواجی طاهیراتەوە ـ رضي الله تعالی عنهن ـ)•

عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : سەهلەی کچی سوهەیل ـ رضي الله تعالی عنها ـ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەرزیکرد : (یا رسول الله) من لە رووی ئەبوحوذەیفەدا کە سالم ـ رضي الله تعالی عنهما ـ بێتە لامان ناخۆشیی‌و گرژیی ئەبینم ، سالمیش هاوسوێندی

حوذیفه بوو • پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : شیری بدەرێ لێی حەرام ئەبێ • عەرزی کرد : چۆنی شیربدەمێ پیاوێکی گەورەیه ریشداره ، گەییوەته دەرەجەی پیاوان ، ئەوی پیاوان ئەیزانن و عەقلیان پێی ئەشکێ ئەویش ئەیزانێ و عەقلی پێی ئەشکێ ؟ پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ پێکەنی و تەبەسسومی کرد ، فەرمووی : ئەزانم کە گەورەیه شیری بدەرێ، ئەو گرژیی و نارەزاییی‌یه که له رووی ئەبوحوذەیفەدا ئەیبینی نامینێ • سوهەیله ئەفەرموێ : چوومەوه له پاشا شیرم دا به سالم ئەو حاڵەی له دڵی ئەبوحوذەیفەدا بوو نەما • (ئەمه مەئالی چەند حەدیثێکه له موسلیما) •

٨٦/٣٨٠٩ ـ عن علي [رضي الله تعالى عنه] قال : قلت يارسول الله ما لك تنوق [تختار] في قريش وتدعنا ؟ فقال : وعندكم شيء ؟ قلت : نعم بنت حمزة • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إنها لا تحل لي ، إنها ابنة أخي من الرضاعة م ـ ٦/٢١٨ •

٨٧/٣٨١٠ ـ وعن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أريد [والمريد علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] على ابنة حمزة • فقال : إنها لا تحل لي ، إنها ابنة أخي من الرضاعة ، ويحرم من الرضاعة مايحرم من الرحم م ـ ٦/٢١٨ ، ح ـ ٨/٢٨ •

٨٨/٣٨١١ ـ زينب ابنة أبي سلمة [رضي الله تعالى عنهما] =اخبرته= أن ام حبيبة بنت أبي سفيان أخبرتها أنها قالت : يا رسول الله إنكح أختي [عزة في رواية لمسلم ، وفي رواية الدلائل : درة ، وعند الطبراني : حمنة ، (وەلحاصل ناوی نەزانراوه] بنت أبي سفيان • فقال : أو تحبين ذلكِ ؟ فقلت : نعم لست بمُخْلِية [من ضرة] وأحب من شاركني في خير أختي• فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إن ذلكِ لا يحل لي • قلت : فإنا

تُحدثُ أنك تريد أن تنكح بنت أبي سلمة [دُرَّة] قال : بنت أم سلمة ؟ قلت : نعم • فقال : لو أنها لم تكن ربيبتي في حجري ما حلت لي، إنها لابنة أخي من الرضاعة ، أرضعتني وأبا سلمة ثويبة ، فلا تعرِضْنَ علي بناتِكُنَّ ، ولا أخواتِكُنَّ • قال عروة : وثويبة مولاة لأبي لهب كان أبو لهب أعتقها فأرضعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلما مات أبو لهب أريه بعض أهله [قيل : هو العباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ] بشرِّ حِيبة [بسوء حال] قال له : ماذا لقيت ؟ قال أبو لهب : لم ألقَ بعدكم خيرا ، غير أني سقيت في هذه [زاد عبدالرزاق : وأشار إلى النقرة التي كانت تحت إبهامه] بعتاقتي ثويبة ح ـ ٢٨/٨ ، ٣٠ ، م ـ ٢٢٠/٦ ليس فيه حديث إعتاق ثويبة ، ح ـ ٣٦/٨ •

تەرجەمە :

ئومموحەبیبەی کچی ئەبوسوفیان ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ: کە عەرزی پێغەمەرمکرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : (یا رسول الله) خوشکەکەم مارە بکە • فەرمووی : حەزەکەی ؟ عەرزمکرد : بەڵێ خۆ بێ هەوێیش نیم ، ئەوی حەزەکەم لە خێرا شەریکم بێ خوشکی خۆمە • فەرمووی : بۆم حەڵاڵ نیە [چونکی جەمعی دوو خوشك دروست نیە] عەرزمکرد : ئەڵێن : دورەی کچی ئەبوسەلەمە یێنی ؟ فەرمووی : کچی ئوممو سەلەمە ؟ عەرزمکرد : بەڵێ • فەرمووی : ئەگەر هەنەزام نەبوایە لە ژێر حیجرما نەبوایە بۆم حەڵاڵ نەئەبوو ؛ چونکی کچی برای رەضاعیمە ثوەیبە شیری داوە بە منو ئەبوسەلەمە • کە وابێ تەکلیفی کچو خوشکتانم لێمەکەن کە بیهێنم • دورۆە بە دوو نەوع لێی حەرام بوە ، هەم برازای رەضاعییەتیو هەم لە ژێر حیجریا بوە] •

عوروه به ئیسنادی ئەم حەدیثه ئەڵێ : ثوەیبه جارییەی ئەبولەهەب بوه ، ئازادی کرد ، شیری دا به پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ که ئەبولەهەب مرد بەعزێ له کەس‌وکاری له خەوا دی ، له ئەحواڵێکی زۆر خراپا بوو پێی‌وت : تووشی چی بووی ؟ وتی : له دوای ئێوه هیچ خێرم نەدیوه ئەوه نەبێ سەبەب بەوه که ثوێبەم ئازادکردوه لەمەدا [یەعنی لە چالای خوار پەنجەی کەڵەئەنگوستما] ئاویان دامێ •

٨٩/٣٨١٢ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا تحرّم المصة والمصتان م ـ ٦/٢٢٣ •

تەرجەمە :

مژینێ یا دوو مژین ژن‌و پیاو لێك حەرام ناكا •

٩٠/٣٨١٣ ـ عن أم الفضل [رضي الله تعالى عنها] قالت : دخل أعرابي على نبي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو في بيتي =فقال : يا نبي الله= إني كانت لي امرأة ، فتزوجت عليها أخرى ، فزعمت امرأتي الأولى أنها أرضعت امرأتي الحدثى رضعة أو رضعتين • فقال نبي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: لا تحرم الإملاجة والإملاجتان م ـ ٦/٢٢٣ • وعن عبدالله بن حرث عنها سأل رجل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: أتحرّم المصّة ؟ فقال : لا م ـ ٦/٢٢٤ •

تەرجەمە :

ئوممولفەضل ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : ئەعرابیێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ له ماڵی ئێمەدا بوو • عەرزی‌کرد : = ئەی پێغەمەری خوا = ژنێکم بوو ژنێك =ی ترم= بەسەر هێنا ، ژنه پێشوەکەم وتی : شیرم

داوه به ژنه تازەکەت جارێ یا دوو جار • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : مژینێ یا دوو مژین ژنو پیاو لێك حەرام ناکا •

= هەروەها له ئوممولفەضلەوە ریوایەتکراوه پیاوێك له پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پرسی : مژێك ژنو پیاو لەیەك حەرام ئەکا ؟ فەرمووی : نەء = •

٣٨١٥/٩٢ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] أنها قالت : كان فيما أنزل من القرآن : عشر رضعات معلومات يُحرّمن ، ثم نسخ بخمس معلومات ، فتوفي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهن فيما يقرأ من القرآن م ـ ٢٢٤/٦ •

تەرجەمە :

عایشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : له قورئانا نازڵ بووبوو : ده دەفعەی مەعلووم شیردان به منالْ ژنو پیاو لێك حەرام ئەکا • له پاشا نەسخ بۆوه به پێنججار • ئەفەرموێ : تا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەفاتی کرد ئەم ئایەته له قورئانا ئەخوێنرایەوه • یەعنی نەسخ نەبۆتەوه • [پێنج دەفعه مەذهەبی شافیعی‌یه مالیکی‌و حەنەفی‌و گەلێ عولەمای تر ئەڵێن : به جارێ حەرام ئەبێ • داودی ظاهیری به سێجار حەرام ئەبێ • مەذهەبی شافیعی موصیبه • تەماشای نەوەویی بکه] •

٣٨١٦/٩٣ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دخل عليها وعندها رجل فكأنه تغير وجهه ، كأنه كره ذلك [فاشتد عليه ذلك ، ورأيت الغضب في وجهه •م] فقالت : إنه أخي [من الرضاعة] فقال : انظرن مَنْ إخوانكن ؟ فإنما الرضاعة من المجاعة ح ـ ٣١/٨، ح ـ ٣٦٥/٤ ؛ م ـ ٢٣/٩ ، د ، ن ، جه •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی هاتە لام پیاوێکم لابوو (كأنه) وەجهی پێغـەم ەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تێکچوو ، وەك لە بەری گران بێ ، غەضەبم لە رووبا دی ، عەرزم‌کرد : ئەمە برای رەضاعیمە ، فەرمووی : تێفکرن کە کێ براتانن ؟ رەضاعەت لە برسێتی‌یەوە ئەبێ [یەعنی ئەبێ لە وەختێکا بێ کە بێ شیر هەڵنەکا ، مەذهەبی شافیعیش وایە کە گەورە بە شیرخواردن حەرام نابێ ، حەدیثی سەهلە یا مەنسوخە یا مەخصووصە بە سالمەوە بە دەلیلی قسەی ئەزواجی طاهیرات ـ رضي الله تعالى عنهن ـ]

٩٤/٣٨١٧ ـ عن عقبة بن الحرث ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : تزوجت امرأة [ابنة لأبي إهاب بن عزيز ، أخرى] فجاءتنا امرأة سوداء فقـالت : أرضعتكما ، فأتيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقلت : تزوجت فلانة بنت فلان ؛ فجاءتنا امرأة سوداء فقالت لي : إني قد أرضعتكما وهي كاذبة، فأعرض عنه ، فأتيته من قبل وجهه قلت : إنها كاذبة ، قال : كيف بها وقـد زعمت أنها قد أرضعتكما ؟ دعهـا عنـك [أي إحتيـاطـا] ح ـ ٣٢/٨ ، ح ـ ١٨٣/١ ،

تەرجەمە :

عەقەبەی کوڕی حەرث ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ: ژنێکم هێنا ، ژنێکی رەش هات وتی : من شیرم بە ئێوە داوە ، هـاتمـە خـزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزم‌کرد : کە فلانی کـچی فـلانم مارەکردوە ئێستە ژنێکی رەش هاتوە ئەڵێ : من شـیرم داونێ ئەمما درۆ ئەکا ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رووی لێوەرگێڕام ، چوومە بەردەمی عەرزم‌کرد : درۆ ئەکا ، فەرمووی : چۆن رای‌ئەگری ؟ ئیتر چی

لێ ئەکەی کە ئەڵێ شیرم داونێ ؟! وازی لێ بێنە [تەلاقیداو ژنێکی تری هێنا خ - ١٨٣/١] •

[ئەم تەلاقدانە بە ئیحتیاط بوە • شافیعیی - رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەگەر مورافەعە ببەنە لای حاکم ئەو ژنەو سێ ژنی تریش لای حاکم شەهادەت بدەن حاکم حوکمی پێ بکا ئەو وەختە نیکاحەکەیان بەتاڵ ئەبێتەوە ئیحتیاج بە تەلاقدان نابێ ، بەو شەرتە شـەهادەتی مورضیعە قەبووڵ ئەبێ کە لە سەر شیرپێدانەکەی داوای ئوجرەت نەکا ، فـەقەط مورضیعەکە وای وت با بە تەنهایش بێ کەسی تری لەگەڵا نەبێ ئیحتیاط وایە ئەگەر مارەی نەکردبێ مارەی نەکا ، ئەگەر کردبێتی تەلاقی بـدا تـا بۆ یەکێکی تر حەلاڵ بێ • (من القسطلاني) •

وطء المسبية جائز بعد العدة إن لم تكن حاملا(١) :

٣٨١٨/٩٥ - عن أبي سعيد الخدري [رضـي الله تـعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوم حنين بعث جيشا إلى أوطاس، فلقوا عدوا فقاتلوهم ، فظهروا عليهم ، وأصابوا لهم سبايا • فكأن ناسا من أصحاب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تحرجوا من غشيانهن من أجل أزواجهن من المشركين ، فأنزل الله ـ عز وجل ـ في ذلك :(والمحصنات من النساء إلا ما ملكت أيمانكم(١)) أي فهن لكم حلال إذا انقضت عدتهن م - ٢٣١/٦ •

تەرجەمە :

ئەبو سەعیدی خودریی - رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر

(١) ئافرەتێك لە جەنگا بە تالآن بگیرێ دوای تەواوبوونی عیددەی ، سـكی نەبێ ، چوونەلای دروستە .

(٢) النســـــاء / ٢٤ .

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژی غەزای حونەین لەشکرێکی نارد بۆ ئەوطاس تووشی دوشمنێ بوون شەڕیان لەگەڵ کردن ، بەسەریانا غالب بوون ، گەلێ ئەسیریان گرت ، ئەصحابی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە گوناهیان ئەزانی کە لەگەڵیان دروست بین ؛ چونکی مێردی موشریکیان بوو ، خوا ـ عز وجل ـ ئەم ئایەتی سوورەتی نیسایەی نازڵکرد کە ئەفەرموێ : ژنی مێرددارتان بۆ حەرامە مەگەر بە ئەسیریی بیانگرن ، با مێردی موشریکیشیان بێ بۆتان حەلاڵن ، یەعنی بەو شەرتە عیددەیان رابیووڕێ ، حەملیش لە حەدیثێکی ترا رابورد .

قەســـمو نـەفـەقـە :

٩٦/٣٨١٩ ـ عن أم سلمة [رضي الله تعالى عنها] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لما تزوج أم سلمة أقام عندها ثلاثا . وقال : إنه ليس بك على أهلك هوان إن شئت سبعت لك ، وإن سبعت لك سبعت لنسائي م ـ ٦//٢٤١ . وفي أخرى : وإن شئت ثلثت ثم درت ، قالت : ثلث م ـ ٦/٢٤١ . وعن أبي بكر بن عبدالرحمن أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حين تزوج أم سلمة [رضي الله تعالى عنها] فدخل عليها ، فأراد أن يخرج أخذت بثوبه . فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: إن شئت زدتك وحاسبتك به ؛ للبكر سبع ، وللثيب ثلاث م ـ٦/٢٤٢ ، ت ،جه.

٩٧/٣٨٢٠ ـ وعن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قال : إذا تزوج البكر على الثيب أقام عندها سبعا ، وإذا تزوج الثيب على البكر أقام عندها ثلاثا . قال خالد [الراوي عن أبي قلابة الراوي عن أنس] : ولو قلت : إنه رفعه لصدقت . ولكنه قال : السنة كذلك م ـ ٦/٢٤٣ ، ح ـ ٨/١٠١ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە ئوممو‌سەلەمەی هێنا سێ ڕۆژ لە لای بوو ، فەرمووی : تۆ لای ئەهلی خۆت بێ حورمەت نیت ، ئەگەر هەوەست هەیە حەوت ڕۆژت لە لا ئەبم ، حەوت لای تۆ بم حەوتیش لای ئەوانی تر ئەبم • لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ . ئەگەر هەوەست بێ سێ ڕۆژت لە لا ئەبم لە دواییدا بە سەرتانەوە ئەگەڕێم ؟ فەرمووی : سێ ڕۆژ لام بە • لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئیرادەی کرد لای ئوممو‌سەلەمە بچێتە دەرێ ئوممو سەلەمە ـ رضي الله تعالی عنها ـ جلەکەی گرت فەرمووی : ئەگەر هەوەست بێنێ بۆت زیاد ئەکەم حسابت لەگەڵا ئەکەم ؛ بۆ کچ حەوت ڕۆژ هەیە بۆ بێوەژن سێ ڕۆژ هەیە • لە ریوایەتی ئەنەسا ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : کچ بەسەر ژن بێنێ حەوت ڕۆژ لای ئەبێ ، بێوەژن بەسەر کچ بێنێ سێ ڕۆژ لای ئەبێ • سوننەتو عادەت وایە •

٩٨/٣٨٢١ ـ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : كان للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تسع نسوة ، فكان إذا قسم بينهن لا ينتهي إلى المرأة الأولى إلا في تسع • فكن يجتمعن كل ليلة في بيت التي يأتيها ، فكان في بيت عائشة • فجاءت زينب [رضي الله تعالى عنهما] فمد يده إليها • فقالت: هذه زينب • فكف النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يده ، فتقاولتا حتى استخبتا وأقيمت الصلاة ، فمر أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] على ذلك ، فسمع أصواتهما ، فقال : اخرج يا رسول الله إلى الصلاة واحث في أفواههن التراب • فخرج النبي ـصلى الله تعالى عليه وسلمـ فقالت عائشة : الآن يقضي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ صلاته فيجيء أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] فيفعل بي ويفعل • فلما قضى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ صلاته

أتاها أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] فقال لها قولا شديدا ، وقال : أتصنعين هــذا ؟ م ـ ٦/٢٤٦ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نۆ ژنی بوو ، کە قەسمی بکردایە[1] بەسەریانا لە =نۆ=[2] رۆژا نەبوایە نۆبە نەئەهاتەوە سەر ئەووەڵیان • هەموو شەوێ [بە رەزای خۆیان] لە ماڵی ئەو کەسەدا کۆ ئەبوونەوە کە نۆبەتی ئەو بوو • لە ماڵی حەزرەتی عایشەدا بوون ، زەینەب هات ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [وەیزانی عایشەیە] دەستی بۆ درێژکرد • عایشە فەرمووی : ئەوە زەینەبە [لەو وەختانەدا چرا نەبوو] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەستی گێڕایەوە ، لە بەینی زەینەبو عایشەدا ـ رضـي الله تـعالى عنهما ـ دەستکرا بە شەڕەقسە تا دەنگیان بەرز بۆوە • قامەتی نوێژ کرا ، حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەوێدا رابورد دەنگی بیستن ، فەرمووی: (یا رسول الله) تەشریفت بێنەدەرێ بۆ نوێژ ، خۆڵ بکەرە ناو دەمیانەوە ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی چوە دەرێ بۆ نوێژ ، عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : ئێستە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ نوێژەکەی ئەکاو ئەبوبەکر ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ واو وام پێ ئەکا • کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە نوێژ بۆوە حەزرەتـی ئەبوبەکر هاتەلای حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قسـەی زۆر قورسو گرانی پێوت ، فەرمووی : تۆ وا ئەکەی ؟!

(١) واتە کە شەوو نۆبەی لانوستنی خێزانەکانی بەشبکردایە . . .

(٢) دانەر بە هەڵە (حەوت)ی نووسـیبوو ئێمە بـە گوێرەی دەقەکە چاکمانکرد .

٣٨٢٢/٩٩ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : ما رأيت امرأة أحب إلي أن أكون في مسلاخها [في جلدها] من سودة بنت زمعة [رضي الله تعالى عنها] من امرأة فيها حدة [جودة رأي] قالت : فلما كبُرتْ جعلتْ يومها من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لعائشة ؛ قالت : يا رسول الله قد جعلت يومي منك لعائشة ؛ فكان رسول الله ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ يقسم لعائشة يومين : يومها ويوم سودة م ـ ٢٤٨/٦ ، حـ٨/١٠١ من : جعلت يومهـا ...

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : هیچ ژنێ نیە کە پێم‌خۆش بێ لە پێستو ئەخلاقیا بم زیاتر لە ســەودەی کچی زیمەعە ، ژنــێ بوو حوسنی رەئیی بوو ، کە پیربوو نەوبەتی خۆی لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دا بە عایشە ؛ عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلى الله تعالى عليــه وسلم ـ : (يا رسول الله) [تەلاقم مەدە • كما في أخرى] رۆژی نەوبەتم لە تۆ دا بە عایشە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليــه وســلم ـ رۆژێ لای ئەوانی تر ئەبوو دوو رۆژ لای عایشــە ئـەبوو ، رۆژی خــۆیو رۆژی سەودە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ •

٣٨٢٣/١٠٠ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ (وإن امرأة خافت من بعلها نشوزا أو إعراضا ...) قالت : هي المــرأة تكـون عند الرجل لا يستكثر منها فيريد طلاقها ويتزوج غيرها تقول له : أمسكني ولا تطلقني، ثم تزوج غيري فأنت في حل من النفقة علي والقسمة لي ، فذلك قوله تعالى: (فلا جناح عليهما أن يصالحـا بينهما صــلحا ، والصــلح خيـر ...)(١) ح ـ ٩٨/٨ ، م ـ ٤٧١/٦ •

(١) النســـاء / ١٢٨ •

وعند الحاكم عن رافع بن الخديج إنه كان تحته امرأة فتزوج عليها شابة ، فآثر البكر عليها ، فنازعته وطلقها ، ثم قال : ان شئت راجعتك وصبرت ؟ فقالت : راجعني ، فراجعها ثم لم تصبر فطلقها • قال =الحاكم:= فذلك الصلح الذي بلغنا أن الله أنزل فيه هذه الآية • قسطلاني •

وفي الترمذي من حديث ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما ـ قال : خشيَتْ سودة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن يطلقها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالت : يا رسول الله لا تطلقني واجعل يومي لعائشة ، ففعل ، فنزلت هذه الآية • قسطلاني •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : ئایەتی نیساء کە ئەفەرموێ: ئەگەر ژنێ لە مێردەکەی بترسێ کە مێردەکەی عەدالەتی لەگەڵ نەکا یا ئیعراضی لێ بنێ گوناهیان ناگاتێ کە صوڵح لە بەینیانا بکەن صوڵح خێرو چاترە لە نیزاع ئەفەرموێ : ئەم ئایەتە دەرحەقی ژنێکە لای پیاوێ بێ پیاوەکە زۆری لەگەڵ نانوێ ئیرادەی ئەبێ تەلاقی بدا ، ژنەکە پێی ئەڵێ : تەلاقم مەدە ژنم بەسەر بێنە گەردنت ئازاد بێ لە نەفەقەو لەگەڵنوستنم • ئەم موعامەلە ئەوەیە کە ئەفەرموێ : گوناهیان ناگاتێ کە لە بەینیانا صوڵح بکەن ، صوڵح خێرە •

حاکم ئەفەرموێ : رافیعی کوڕی خەدیج ـ رضي الله تعالى عنه ـ ژنێکی ئەبێ ژنێکی جەهێڵی تەڕو تازەی بەسەر پێنێ ، ژنە پیرەکەی شەڕی لەگەڵ ئەکا تەلاقی ئەدا • رافیع بە ژنەکە ئەڵێ : ئەگەر هەوەست پێنێ مارەتئەکەمەوەو صەبر بکە • ئەڵێ : مارەم بکەرەوە • مارەی

ئەکاتەوە[1] صەبر ناکا ، دیسان تەڵاقی ئەداتەوە • حاکم ئەفەرموێ : ئەم ئایەتە دەرحەقی ئەم حادیثەیە نازڵ بوە ، ئێمە وامان پێگەییوە •

تیرمذیی لە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەت ئەکا کە سەودە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ترسا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەڵاقی بدا ، عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) تەڵاقم مەدە رۆژی من بۆ عایشە بێ • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وای‌کرد ئەم ئایەتە نازڵ بوو • ریوایەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ کە لە پێش ئەم حەدیثەدا نووسرا تەئییدی ئەم سەبەبی نوزووڵە ئەکا •

تەڵاقی بیدعەت‌و سوننەت :

(یا أیها النبي) : ئەی پێغەمەر (إذا طلقتم النساء) : کە ژنتان تەڵاق دا (فطلقوهن) : تەڵاقیان بدەن (لعدتهن) : لە وەختێکا کە دەست ئەکەن بە عیددە هەڵژماردن ، یەعنی کە تەڵاقیان دا دەست بکەن بە عیددە هەڵژماردن لە طوهرا[2] تەڵاقیان بدەن ؛ چونکی لە حەیزا تەڵاقیان بدەن تا لە حەیزەکە پاك نەبنەوە دەست ناکەن بە عیددە، پێی موتەضەرِر[3] ئەبن ؛ موددەی عیددەکەیان درێژ ئەبێ (وأحصوا العدة) : عیددەکە بژمێرن لێتان تێك نەچێ ، ئەگەر ریجعەتتان کردنەوە بکەوێتە پێش رابوردنی ، ئەگەر رابوردبێ بە نیکاحی جەدید نیکاحیان بکەنەوە •

(۱) بەگوێرەی دەقەکە ئەگەر بفەرموێ : موراجەعەتت ئەکەمەوەو ئەتهێنمەوە .. باشترە چونکە تەڵاقی تەواوی نەداوەو ، دیارە تەڵاقی ریجعیی بوەو ، تەڵاقی ریجعیی تەنها گێڕانەوەی ئەوێ‌و ، مارەکردنەوەی تازەی ناوێ .

(۲) واتە پاك بێ‌و لە بێ نوێژیدا نەبێ .

(۳) تووشی زیان ئەبێ‌و ماوەی چاوەڕوانی‌یەکەی زیاتر دەبێ .

تەلاقی سوننەت ئەمەیە کە طاهیر بن‌و ، جیماعیان لەگەڵ نەکرابێ لەو طوهرەدا ، دوو شاهیدیشیان لەسەر بگیرێ •

تەلاقی بیدعەت ئەوەیە لە حەیزا • یا لە نیفاسا ، یا لە عیددەی تەلاقا ژنێ کە دوخوولی پێ‌کردبێ تەلاق بدا •

١٠١/٣٨٢٤ ـ عن نافع =عن= عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أنه طلق امرأته [آمنة بنت غفار] وهي حائض على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فسأل عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن ذلك ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: مره فليراجعها ، ثم ليمسكها حتى تطهر ، ثم تحيض ، ثم تطهر ، ثم إن شاء أمسك [بها] بعد وإن شاء طلق [طاهرا أو حاملا •م] قبل أن [يمس • م] يمسك • فتلك العدة التي أمر الله أن يطلق لها النساء ح ـ ١٢١/٨ ، م ـ ٢٦٣/٦ ، د ، ن • قال أنس بن سيرين قلت [لابن عمر] : أتحتسب ؟ قال : فمه ؟ ح ـ ١٢٢/٨ ، م ـ ٢٧٠/٦ ، قال يونس بن جبير: قلت [لابن عمر] تحتسب ؟ قال : أرأيت إن عجز [عن إقامة فرض] واستحمق [فلم يأت به أيكون ذلك عذرا] ؟ وعن ابن عمر : حسبت علي بتطليقة ح ـ ١٢٤/٦ ، م ـ ٢٧٠/٦ •

وزاد ابن رمح في روايته : وكان عبدالله [رضي الله تعالى عنه] إذا سئل عن ذلك قال لأحدهم : إمّا أنت طلقت امرأتك مرة أو مرتين ؛ فإن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أمرني بهذا • وإن كنت طلقتها ثلاثا [أي ثلاث مرار] فقد حرمت عليك حتى تنكح زوجا غيرك ، وعصيت الله فيما أمرك من طلاق امرأتك م ـ ٢٦٦/٦ • وكان عبدالله [ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] طلقها تطليقة واحدة فحسبت من طلاقها ، وراجعها عبدالله كما أمره رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م ـ ٢٦٧/٦ • (بەسە) •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئامینەی ژنی لە حەیزا بە تەلاقێك تەلاق ئەدا ، عومەر - رضي الله تعالى عنه - پرسی بە پێغەمەرکرد - صلی الله تعالى علیه وسلم - پێغەمەر - صلی الله تعالى علیه وسلم - فەرمووی : ئەمری پێ بکە روجووعی بکاتەوە ، رای بگرێ تا لە حەیز پاك ئەبێتەوەو ئەکەوێتەوە حەیزو پاك ئەبێتەوە • کە پاك بۆوە ئەگەر هەوەسی بوو رای‌بگرێ ، ئەگەر هەوەسی بوو - بێ ئەمە جیماعی لەگەڵ بکا - بە طاهیریی یا بە حامیلەیی تەلاقی بدا • ئەمە ئەو عیددەیە کە خوا ئەمری پێ فەرموە کە ژنی تیا تەلاق بدەن •

ئەنەسی کوڕی سیرین ئەفەرموێ : لە ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - م پرسیی : ئەو تەلاقەت کە لە پێشەوە دابووت لەسەرت حساب کرا یان نا ؟ فەرمووی : ئەی ئەو تەلاقە چیە ؟ یەعنی حسێب ئەکرێ •

یونسی کوڕی جوبەیر ئەفەرموێ : وتم : ئەو تەلاقەت لەسەر حسێب‌کرا یان نا ؟ فەرمووی : ئەی ئینسان لە بەجێهینانی فەرزێ عاجز بێ‌و کەرێتی بکاو بەجێی نەهێنێ •• بۆ ئەوە ئەبێ بەعوذر بۆی ؟ یەعنی حسێب کرا لەسەرم • یەعنی پیاوێ عاجز بێ لە تەلاقی سونەت‌و جاهیل بێ پێی ، بێنێ ژنی لە حەیزا تەلاق بدا ئەو جەهل‌و حەماقەتیە بۆی ئەبێ بە عوذر کە تەلاقەکەی بە تەلاق حسێب نەکرێ ؟ یەعنی نابێ بە عوذر • ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - = ئەفەرموێ : = ئەو تەلاقەم بە تەلاقێ لەسەر حسێب‌کرا •

ئیبنوریمح لە ریوایەتی ئەم حەدیثەدا ئەوەی لێ زیادکردوە لە دوای ئەم حادیثەیە لە ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنه - پیرسرایێ وای جواب‌ئەدایەوە : ئەگەر جارێ یا دوو جار ژنەکەت تەلاق بدەی پێغەمەر

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وای ئەمر پێ کردووم که روجووعی بکەمەوەو له طوهرا تەلاقی بدەم ، ئەگەر سێ جارت تەلاق دا تا شوو بە مێردێکی تر نەکا لەسەرت حەرام ئەبێ ، گوناهکار ئەبی بەوە لەسەر ئەوە که ژنەکەت وا تەلاق‌داوە •

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ تەلاقێکی ژنەکەی دابوو لەسەری حسێب‌کرا ، ژنەکەی روجووع‌کردەوە وەك پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری پێ فەرمووبوو •

تەلاقی سێ‌بەسێ‌و ، مارە بە جاش :

١٠٢/٣٨٢٥ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : كان الطلاق على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأبي بكر ، وسنتين من خلافة عمر [رضي الله تعالى عنهما] طلاق الثلاث واحدة • فقال عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] : إن الناس قد استعجلوا في أمر قد كانت لهم فيه أناة ، فلو أمضيناه عليهم ! فأمضاه عليهم م ـ ٦/٢٧٣ •

١٠٣/٣٨٢٦ ـ أبو الصهباء قال لابن عباس هات من هناتك ألم يكن طلاق الثلاث على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأبي بكر [وثلاثا من إمارة عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أخرى •م] واحدة ؟ فقال : قد كان ذلك ، فلما كان في عهد عمر [رضي الله تعالى عنه] تتابع الناس في الطلاق فأجازه عليهم [وهو معدود من الأحاديث المشكلة • نووى] م ـ ٦/٢٧٤ ، د •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : تەلاقی سێ‌بەسێ لە زەمانی پێغەمەراو ئەبوبەکراو دوو ساڵ ـ لە ریوایەتێکا سێ ساڵ ـ لە

زەمانی عومەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ، ورضي عنهما ـ بە تەلاقێ حسێب بوو ، عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : خەڵق عەجەلە ئەکەن لە شتێکا کە تیا بە تەئەنی بن بۆیان بە نەفعە • ئەگەر ئەو تەلاقی سێبەسێیەیان بۆ بە سێ بەسێیی حسێب بکەم بەڵکو وازی لێ بێنن • لە دواییا حوکمی لەسەر کردن بە سێ بەسێ •

ئیمامی نەوەویی ـ رحمه الله تعالی ـ ئەفەرموێ : کەسێ بە ژنەکەی بڵێ : سێ بەسێ تەلاقت کەوتبێ •• ئەئیمەی ئەربەعەو جومهووری عولەمای خەلەف‌و سەلەف ـ رحمهم الله تعالی ـ ئەفەرموون : سێ بەسێ تەلاقی ئەکەوێ • طاوس‌و بەعزێ عولەمای ظاهیر ئەفەرموون : هەر تەلاقێکی ئەکەوێ •حەججاجی کوڕی ئەرطات‌و محەمەدی کوڕی ئیسحاقیش لایان وایە• مەشهوور لە حەججاج‌و مەذهەبی موقاتیل‌و ریوایەتێکیش لە ئیبنوئیسحاق ئەوەیە کە بەوە تەلاق ناکەوێ ، دەلیلیان ریوایەتێکی زەعیفە لە ئیبنوعومەرەوە کە ژنەکەی لە حەیزا سێ بەسێ تەلاق‌دابوو لە سەری حسێب نەکرا • فەقەط ریوایەتەکەی کە نووسراوە صەحیحە ، دەلیلی ئەوانەی کە ئەفەرموون هەر تەنها تەلاقێکی ئەکەوێ حەدیثی ئیبنوعەباسە ـ رضي الله تعالی عنهما ـ دەلیلی جومهوور ئەوەیە خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : هەرکەسێ لە حودوودی خوا تەجاوز بکا زوڵم لە نەفسی خۆی ئەکا بەڵکو خوا لە دوای ئەوە ئەمرێکی تر ئیحداث ئەکا • ئەفەرموون : مەعنای ئەم ئایەتە وایە وا ئەبێ ئەوی ژنی تەلاق ئەدا ئیحتیمالی هەیە کە پەشیمان بێتەوە لە تەلاق‌و بە تەمای نیکاحکردنەوەی بێ ، کە سێ بەسێ تەلاقی دا پەکی ئەکەوێ ، ئەمجا ئەگەر تەلاقی سێ بەسێ هیچ نەکەوێ ، یا بە ریجعیی بکەوێ هیچ پەشیمانیی لە دوا نابێ •

هەم ڕەکانە ژنی خۆی تەڵاق دا بە تەڵاقی قەطعیی چوە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : بڵێ : وەڵڵاهی لە لەفزی (البتة) هەر تەڵاقێکم قەصد کردوە؟ عەرزی‌کرد : وەڵڵاهی هەر تەڵاقێکم قەصدکردوە • ئەم سوێندانە دەلیلە لەسەر ئەمە ئەگەر سێی قەصد کردبێ هەرسێکی بە جارێ ئەکەوێ ، گینا مەعنای سوێندانەکەی چی ئەبێ ؟ ڕیوایەتی سێ‌بەسێ لە ڕەکانەوە زەعیفە، راویەکانی مەجهوولن • ڕیوایەتی ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ موئەووەلە تەماشای نەوەویی بکە •

[من هیچ شکم نیە لەمەدا ئەگەر پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە حەیاتا بوایە موافیقی ڕەئیی فارووق وەحی نازڵ ئەبوو • ڕەشید] •

١٠٤/٣٨٢٧ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : طلق رجل امرأته ثلاثا ، فتزوجها رجل ، ثم طلقها قبل أن يدخل بها ، فأراد زوجها الأول أن يتزوجها ، فسئل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن ذلك فقال: لا حتى يذوق الآخر من عسيلتها ماذاق الاول م ـ ١٩٨/٦ •

١٠٥/٣٨٢٨ ـ وعنها ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : جاءت امرأة رفاعة القرظي [رضي الله تعالى عنهما] النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالت: كنت عند رفاعة فطلقني فبتّ طلاقي ، وتزوجت عبدالرحمن بن الزبير [رضي الله تعالى عنه] إن ما معه مثل هُدبة الثوب ، فقال : أتريدين أن ترجعي إلى رفاعة ؟ لا حتى تذوقي عسيلته ويذوق عسيلتك ، وأبو بكر [رضي الله تعالى عنه] جالس عنده ، وخالد بن سعيد بن العاص [رضي الله تعالى عنه ـ••••] بالباب ينتظر أن يؤذن له ، فقال : يا أبا بكر ألا تسمع إلى هذه ما تجهر به

عند النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ؟ م - ٦/١٩٥ ، ت ، جه ، ن ، ح - ٤/٣٤٠ .

١٠٦/٣٨٢٩ - عن عكرمة أن رفاعة طلق امرأته فتزوجها عبدالرحمن بن الزبير القرظي قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] وعليها خمار أخضر فشكت إليها ، وأرتها خضرة بجلدها . فلما جاء رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - والنساء ينصر بعضهن بعضا ، قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها -: يا رسول الله] ما رأيت مثل ما يلقى المؤمنات ! لَجِلْدُهَا أشد خضرة من ثوبها ! قال عكرمة [مولى ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما -] : وسمع [زوجها] أنها قد أتت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فجاء ومعه ابنان له من غيرها قالت [تميمة] : والله ما لي إليه من ذنب إلا أن ما معه ليس بأغنى عنِّي من هذه ، وأخذت هُدبة من ثوبها . فقال : كذبت والله يا رسول الله إني لأنفضها نفض الأديم ! ولكنها ناشز تريد رفاعة . فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم -: فإن كان ذلك لم تحلي له أو لم تصلحي له حتى يذوق من عُسيلتكِ . قال [عكرمة] : وأبصر [عليه الصلاة والسلام] معه ابنين ، فقال : بنوكَ هؤلاء ؟ قال : نعم . قال : هذا الذي تزعمين ما تزعمين ؟ فوالله لَهُمْ أشْبهُ به من الغرابِ بالغراب ! ح - ٨/٤١٨ . ظاهره مرسل إلا أنه لما قالت عائشة - رضي الله تعالى عنها - صار مسندا .

١٠٧/٣٨٣٠ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : طلق [رفاعة] رجل امرأته [تميمة] فتزوجت زوجا غيره [عبدالرحمن] فطلقها وكانت معه مثل الهُدبة ، فلم تصل منه إلى شيء تريده ، فلم يلبث أن طلقها ، فأتت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقالت : يارسول الله إن زوجي [رفاعة] طلقني وإني تزوجت زوجا غيره [عبدالرحمن] فدخل بي ولم يكن معه إلا

مثل الهدبة فلم يقربني إلا هَنَة واحدة لم يصل مني إلى شيء ، فأحِلُّ لزوجي الاول ؟ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا تحلِّين لزوجك الأول حتى يذوق الآخر عسيلتك وتذوقي عسيلته ح ـ ١٣٢/٨ .

تەرجەمە :

چوار حەدیث هەمووی یەك حادیثەیە ، مەئالی هەموویان ئـەمـەیە : رەفاعەی قورەظیی تەمیمەی ژنی سێ‌بەسێ تەلاق ئەدا شـوو ئـەکا بـە عەبدورەحمانی کوڕی زەبیر ، هیچی پێ ناکرێ ، تـەلاقی ئـەدا ، تەمیمـە یێتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ عەرزی‌ئەکا : ژنـی رەفاعە بووم تەلاقی دام ، شوومکرد بە عەبدورەحمانی کوڕی زەبیر ئەوی پێی بو وەك ریشووی سەرپۆشەکەی وابوو ، بەوە نەگەییم کە لێم‌ئەویست، هیچی پێ‌نەکرا ، تەنها دەفعەیێکی نزیك‌کەوت ئەویش بە هیچ دەرچوو بۆ مێردەکەی ترم حەلاڵ‌ئەبم ؟ عەبدورەحمانیش دوو کوڕی لەگەڵ هـاتـە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) وەڵلاهی درۆ ئەکا چۆن پێستە لە یەك یەکالا ئەکرێ وا یەکالای ئەکەم ! ئەمما ئەو ناشیزە[1] = و حەزی لە رەفاعەیە = پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم فەرمووی : ئەگەر وابێ هیچی نەکردبێ بۆ رەفاعە حەلاڵ نابـی تـا ئەو هەنگوین‌و لەذەتەی کـە لـە رەفاعەت دیوە لـە عەبدورەحمانیشـی نـەچێـژی . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەماشای کوڕەکـانی عەبدورەحمانی کردو = بـە عەبدورەحمانی فەرموو : ئەمانە کوڕی تۆن ؟ وتی : بەڵێ ، دوای ئەوە = بە تەمیمەی فەرموو : ئەمەیە ئەڵێی کە وایـە ؟ وەڵلاهی قەل بە قەل چەندە ئەشوبهێ ئـەمان زیاتر بـە عـەبدورەحمان ئەشوبهێن . لە ریوایەتەکەی عەکرەمەدا ئەفەرموێ : ژنەکە سەرپۆشێـکی

(١) ناشیز : دەڵە ، چاولەدەر ، بە مێردی خۆی دانەکەوتوو .

سەوزی بە سەرەوە بوو هاتە خزمەت عایشە ـ رضـــي الله تـعالی عنها ـ مۆراییێکی بەدەنی خۆیی پێ نیشاندا، ژنانیش یاریەی یەکتریی ئەکەن و لەسەر یەك ئەکەنەوە ، کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هـــات عەرزی کرد : (یا رسول الله) نەمدیوە وەك ئەوەی کە ژنە موسوڵمان لـە دەست پیاوان تووش ئەبن ؛ پێستەکەی لە سەرپۆشەکەی سەوزترە !

لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنـــه ـ تەشریفی لە خزمەتیا دانیشتبوو ، خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عـــاص ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە بەردەرگای حوجرەی سەعادەتا بوو موتتەظیری ئیذن بوو ، بانگی حەزرەتی صەدیقی کرد : یا ئەبوبەکر گوێت لەمەیە کـــە لە حوضووری پێغەمەرا ـ صلی الله تعـــالی علیـــه وســـــلم ـ بە ئاشـــکرا چی ئـــەڵـێ ؟

وەلحاصڵ ـ کما في شرح النووی ـ رحمه الله تعالی ـ پیاوێ ژنی خۆی سێ بەسێ تەڵاق بدا تا عیددەی نەچێ و شوو بە پیاوێکی تر نەکاو وەطئـــی نەکاو تەڵاقی نەداو لەویش عیددەی نەچێ٠٠بۆ مێردە پێشوەکەی حـــەڵاڵ نابێ ، بـــە موجەڕەدی شوو بە پیاوێکی ترکردن بـــۆی حـــەڵاڵ نابـــێ ٠ مەذهەبی جەمیعی عولەمای خەلەف و سەلەف وایە ٠

تەنها سەعیدی کوڕی موسەییب ـ رحمه الله تعالی ـ ئـــەفـــەرموێ : موجەڕەدی نیکاح کافیە ، وەطء شەرت نیە ؛ چونکی خوا ـ عـــز وجـــل ـ ئەفەرموێ : بۆی حەڵاڵ نیە تا شوو بە پیاوێکی تر نـــەکـــا یەعنی جیماعی لەگەڵ بکا یا نەکا ٠ نیکاح بە عەقد ئەڵێن ٠ جومهوور لە جوابیا ئـــەڵێن : ئەم عوسەیلەیە تەخصیصی ئایەتەکە ئەکا بە چێشتنی عـــوســـــەیلەیانەوە ٠ عولەما موتتەفیقن لەسەر ئەمە کە تەنها حەشەفەی لە ناو فەرجیا ون بـــێ کافیە ، ئینزال شەرت نیە ٠ حەسەنی بەصریی ـ رحمه الله ـ ئـــەفەرموێ :

ئینزالیش شەرتە ؛ چونکە عوسەیلە بە ئینزال ئەبێ ، جومهوور ئەفەرموون: بە دوخوولی ذەکەر لەزەت حاصڵ ئەبێ • وەطء لە نیکاحی فاسیدا لای قەولی ئەصەح کیفایەت ناکا ؛ چونکی ئەو مێردە مێرد نیە • (انتهی • نووي)

مەذهەبی حەسەنی بەصریی ـ رحمه الله ـ ئیحتیاطی زیاتر تیایە • ئەم حەدیثە مەذهەبی ئەبوحەنیفە ـ رحمه الله تعالی ـ بەتاڵئەکاتەوە کە ئەفەرموێ : نیکاحو خەڵوەتی صەحیحە کافیە ؛ چونکی حەدیثی عوسەیلە صەریحە لەوەدا کە عەبدورەحمان زۆری خنەخن لەگەڵ تەمیمەدا کردوەو هیچی پێ نەکراوە ، ئەوە بێ خەڵوەتی صەحیحە نابێ • (والله اعلم • رەشید)•

الطلاق قبل الدخول(١) :

١٠٨/٣٨٣١ ـ عن أبي أسَيْد ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : خرجنا مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى انطلقنا إلى حائط يقال له : الشَّوط ، حتى انتهينا إلى حائطين ، فجلسنا بينهما ، فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : اجلسوا ههنا ، ودخل وقد أتي بالجونية ، فأنزلت في بيت في نخل في بيت أميمة بنت النعمان بن شراحيل ، ومعها دايتها حاضنة لها ، فلما دخل عليها النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : هبي نفسك لي • قالت : وهل تهب الملِكة نفسَها للسُّوقة ؟! قال : فأهوى بيده يضع يده عليها لتسكن ، فقالت : أعوذ بالله منك • فقال : قد عذتِ بمعاذ• ثم خرج علينا فقال : يا أبا أسيد اكسُها رازقيين وألحقها بأهلها حـ٨/١٢٥•

(معلق) وعن سهل بن سعد ، وأبي أسيد قالا : تزوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أميمة بنت شراحيل ، فلما أدخلت عليه بسط يده

(١) ژن تەڵاقدان پێش چوونەلای •

إليها ، فكأنها كرهت ذلك ! فأمر أبا أسيد أن يجهزها ويكســـوها ثــوبين رازقيين ح - ١٢٦/٨ (وصله أبو نعيم) •

تەرجەمە :

ئەبوئوسەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چووینە دەرێ تا گـەیینە بـاغێ کـە نـاوی شەوطە ، رووییین تا گەیینە بەینی دوو باغ ، لە بەینیانا دانیشتین ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لێرە دابنیشن • خۆی تەشریفی چوە ناو باغەکەوە ، جوەینیـەیـان هێنابوو لـە ماڵێـکا ، یەعنی لـە ماڵی ئومەیمەی کچی نوعمانی کوڕی شەراحیلا [کە ماڵی جوەینیە خۆیـەتی ، جوەین ناوی عەشیرەتەکەیەتی ، خـۆی نـاوی ئومـەیمەیـە] دابـەزێنرا ، دایەنەکەی لەگەڵ بوو ، کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی چوە ژوورەوە لای پێی‌فەرموو : خۆت بە من هیبە بـــکە • وتی : کـچی پادشاە خۆی هیبە ئەکا بە رەعییەت ؟! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەستی موبارەکی دانەوان کە بیخاتە سەری تا رقەکەی دامرێنـێ ، وتـی : پەنا بە خوائەگرم لە تۆ ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی: پەنات بە ذاتێ گرت کە پەنای پێ ئەگیرێ • لە پاشا تەشریفی هاتە دەرێ، فەرمووی : یا ئەبا ئوسەید دوو لیباسی رازقییەی لەبەرکەو بی‌نێرەوە لای کەس‌و کـــاری •

لە حەدیثە موعەللەقەکەدا ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صـلى الله تعـــالى عليه وسلم ـ ئومەیمەی کچی نوعمانی کوڕی شەراحیلی مارە کرد ، کـــە برایـە خزمەتی دەستی موبارەکی بۆ راکێشا (كأنه) ئەو ژنە حەز لـــــە پێغـەمەر نـەکـا وابـوو ، پێغـەمـەر ـ صـلى الله تعـــالى عليـــه وسلم ـ

ئەمری بە ئەبو ئوسەید فەرموو : تەدارەکی بۆ بکاو دوو لیباسی رازقییەی بـداتـێ •

[بـە مەبسووطی ئەم حەدیثە لە بابی ئەشربیەدا نووسراوە][1]

بڵێ حەڵاڵم لێ حەرام بێ سوێنە ، تەڵاقی پێ ناکەوێ :
(ئیلاء ، تەخییر)

١٠٩/٣٨٣٢ – ابن عباس – رضي الله تعالى عنهما ـ قـال : إذا حـرم الرجل عليه امرأته فهي [ليس بشيء •ح] يمين يكفرها • وقال : (لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة)[2] ح – ٨/١٣٢ ، م – ٦/٢٧٨ (موقوف في حكـم المرفـوع) •

تەرجەمە :

ئینسان ژنی خۆی لەسەر خۆی حەرام بکا هیچ نیە ، لێی حەرام نابێ، ئەوە یەمینە کەفارەتی هەیە • ئیبنوعەباس – رضـي الله تعـالى عنهمـا ـ ئەفەرموێ : لەو خوصووصەوە بۆ ئێوە ئیقتیداکردنێکی باش هەیە کە بـە پێغەمەری بکەن ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [کە مارییەی لە خۆی حەرام کردو دائیر بەوە (يا أيها النبي لم تحرم •••)[3] نازڵ بوو ، ئەوە سوێنی حەقیقیی نیە ؛ چونکی سوێنی حەقیقیی بە (أسماء الله) و صیفاتی مونعەقید ئەبێ • قەسطەلانیی] •

تەخییر طەلاق نیـە :

١١٠/٣٨٣٣ ـ قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : قد خَيَّرنا رسول

---

(١) نزیـك بـەم ریوایەتە لـە لاپەڕە (١٥٢)ی بەرگی حەوتەمدا حەدیثێك رابورد .

(٢) الأحـزاب / ٢١ .

(٣) التحـريم / ١ .

الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [أفكان طلاقا ؟ أخرى] فلم نعده طـلاقا
ح ـ ٨/١٣٠ ، م ـ ٦/٢٨٦ •

تەرجەمە :

عايشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئێمەی موخەییەر کرد [لە بـەینـی ئیختیارکردنی خـــۆمانو پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] بە تەلاقمان حسێب نەکرد •

١١١/٣٨٣٤ ـ عن معاذة العدوية عن عائشة [رضي الله تعالى عنهـا] قـالت : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يستأذننا إذا كان في يوم المرأة منا بعد ما نزلت : (ترجي من تشـــاء منهن وتـؤوي إليـك من تشاء)[1] فقالت لها معاذة : فما كنت تقولين لرسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ إذا استأذنك ؟ قالت : كنت أقول : ان كان ذلك إلي لم أوثـر أحدا على نفســي م ـ ٦/٢٨٥ •

تەرجەمە :

مەعاذەی عەدەوییە لـە حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ وە ریوایەت ئەکا کە فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دوای نوزوولی ئایەتی (ترجي من تشاء) : کامیانت ئارەزوو بێ تەئخیری ئەخەی لـە خۆت (وتؤوي إليك من تشاء) : کامیانت ئارەزووبێ ئەیـــگریە لای خۆت •• کە رۆژی نەوبەتی یەکێکمان ئەهات ئیذنی لێ ئەخواسـت کـە تەشریفی بچێتە لای • مەعاذە ئەفەرموێ : عەرزی عایشەمکرد ـ رضي الله تعالى عنها ـ : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعـــالى عليـه وســـلم ـ ئیذنی لێ ئەخواستی چیت عەرزئەکرد ؟ فەرمووی : عەرزمئـەکـرد : ئەگـەر ئەوە موحەووەلە بە من هیچ کەس بەسەر خۆما تەرجیح نادەم •

(١) الأحـزاب / ٥١ •

١١٢/٣٨٣٥ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ تخبر أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان يمكث عند زينب بنت جحش فيشرب عندها عسلا • قالت : فتواطيت [في البخاري بالصاد] أنا وحفصة أن أيتنا ما دخل عليها النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلتقل إني أجد منك ريح مغافير ، أكلت مغافير • فدخل على إحداهما فقالت ذلك له • فقال : بل شربت عسلا عند زينب بنت جحش ولن أعود له • فنزل : (لم تحرّم ما أحل الله لك •••• إلى قوله ـ إن تتوبا) لعائشة وحفصة واذ أسر النبي الى بعض أزواجه حديثا لقوله : بل شربت عسلا ••• م ـ ٦/٢٨٠ ، ح ـ ٨/١٣٣ ، ح ـ ٧/٣٧٥ • وفيه : فلن أعود له • وقد حلفت ، لا تخبري بذلك أحدا •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لای زەینەبی کچی جەحش بەندئەبوو ، لای ئەو شەربەتی هەنگوینی ئەخواردەوە ، منو حەفصە ئیتتیفاقمان کرد هەرکامێکمان پێغەمەری ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هاتە لا عەرزیبکا : بۆنی صەمغی وشترخوارت لێ یێ ، ئایا ئەو صەمغەت خواردوە [صەمغێکی شیرینو بۆن ناخۆشە] تەشریفی چوە لای یەکێکیان ئەوەی عەرزکرد • فەرمووی : نەمخواردوە ، لای زەینەب شەربەتی هەنگوینم خواردۆتەوە ، ئیتر قەت نایخۆمەوە ، وا سوێندم خوارد ، خەبەر بە کەس مەدە • ئەم ئایەتی سوورەتی «تەحریم»ە نازڵ بوو کە ئەفەرموێ : ئەی پێغەمەر بۆچی ئەوی خوا بۆی حەلاڵ کردووی لەسەر خۆتی حەرام ئەکەی ؟ بۆیێ کە رەزای ژنەکانت بەجێبێنی ؟ خوا لەم زەللەیەت خۆش ئەبێو رەحمت پێ ئەکاو عەذابت نادا لەسەری • بە تەحقیق خوا فەرزیکردوە لەسەرتان کە سوێندەکەتان بخەنو کەفارەتی بۆ بدەن ، خوا مەولای ئێوەیە [موافیقی

مەصڵەحەت تەعلیمی ئێوە ئەکا] علیمی هەیە [بەوەی کە مەصڵەحەتی تیایە] حەکیمە [ئەحکام‌وئەفعالی موحکەم‌و مەتین ئەکا] ئەوەت لە فکر نەچێتەوە • کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قسەیێکی بە سیڕ بە دزییەوە بە بەعزێ ژنەکانی وت [کە لە لای کەس دەنگ نەکا] ئەو قسە موافیقی ئەم حەدیثە ئەوەیە کە لە لای حەفصە فەرمووی : ئیتر لای زەینەب ئەو شەربەتە ناخۆمەوە • لە حەدیثێکی تر لە علیما رابورد • ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەگەڵ مارییەدا خەڵوەتی کرد لە هۆدەی حەزرەتی عایشەدا ، حەفصە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ پێی‌زانی • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری پێ فەرموو لای عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ دەنگ نەکا مارییەیشی لە خۆی حەرام‌کرد ، حەفصە ـ رضي الله تعالى عنها ـ بە حەزرەتی عایشەی وت •

یا ئەو قسەیە ئەوەیە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لای حەزرەتی عایشە فەرمووی : لە دوای من خەلافەت بۆ ئەبوبەکرە ، لە دوای ئەویش بۆ عومەرە ، عایشە ئەم قسەی خەبەر دا بە حەفصە ـ رضي الله تعالى عنهم أجمعين ـ عەسقەلانی ئەفەرموێ : ئەصەححی ریوایات دەرحەقی نوزوولی ئەم ئایەتە حەدیثی مارییەیە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەو زەوجەیە سا هەرکامێکیان بێ ، کە خەبەری دا بەوی تر خوایش ـ عز وجل ـ خەبەری ئیفشای سیڕەکەی دا بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەعزێ لە کردوەکەی بەو ژنەی فەرموو ، بەعزێکی پێ نەفەرموو ئیعرازی لێ نا ، کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەبەری کردوەکەی دایێ عەرزی‌کرد : کێ ئەم خەبەرەی دایتێ ؟ فەرمووی : عەلیمی خەبیر [کە خوایە ـ عز وجل ـ] خەبەری دامێ [ئەی حەفصەو عایشە] ئەگەر تۆبە بکەن‌و روجووع‌بنەوە لای خوا [لەو کردەوەتان کە

ئیفشای سیرڕی پێغەمەرە] بە تەحقیق دڵتان گوناهێکی کردوە کە لازم بێ تەوبەی لێ بکەن [تا لێتان خۆش بێ] ئەگەر ئێوە [ئەی عایشەو حەفصە] هەر وا لە عەلەیهی ئەو قسە بکەن بە یەکو لەسەر زەرەری بن خواو جیبریلو موسوڵمانی صالح مەولاو ناصیری ئەون ، لە دوای ئەوانیش مەلائیکە پشتیوانی ئەون (تمت الآیة) •

بوخاریی ئەفەرموێ : (إن تتوبا) ئەگەر تەوبە بکەن خیطابە لەگەڵ عایشەو حەفصەدا - رضي الله تعالى عنهما - •

(حدیثا) : حەدیثی خواردنەوەی شەربەتە •

١١٣/٣٨٣٦ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : كان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم -يحب العسل والحلواء ، وكان إذا انصرف من العصر دخل على نسائه ، فيدنو من إحداهن ، فدخل على حفصة بنت عمر ، فاحتبس أكثر ما كان يحتبس ، فغرت فسألت عن ذلك ، فقيل لي [في حديث ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - أن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت لجويرية حبشية عندها يقال لها : خضراء : إذا دخل على حفصة فادخلي عليها فانظري ماذا يفعل فقالت] : أهدت لها امرأة من قومها عكة من عسل [من الطائف] فسقت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - منه شربة ، فقلت: أما والله لنحتالن له ، فقلت لسودة بنت زمعة : إنه سيدنو منكِ فإذا دنا منكِ فقولي : أكلتَ مغافير ، فإنه سيقول لكِ لا ، فقولي له : ما هذه الريح التي أجد منك [وكان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يشتد عليه أن يوجد منه الريح •م] فإنه سيقول لك سقتني حفصة شربة عسل فقولي له : جَرَسَت [رعت] نحله العُرْفطَ [وشتر خوار] وسأقول ذلكَ ، وقولي أنت يا صفية ذاكِ ، قالت تقول سودة : فوالله [فوالذي لا إله إلا هو !

لقد كدت أن أبادئه بالذي قلت لي وإنه لعلى الباب ٠م] ما هو إلا أن قام على الباب ، فأردت أن أبادئه بما أمرتني به فرَقا [خوفا] منكِ ، فلما دنا منها قالت له سودة : يا رسول الله أكلت مغافير ؟ قال : لا ٠ قالت : فما هذه الريح التي أجد منك ؟ قال : سقتني حفصة شربة عسل ٠ فقال جرست نحلُه العرفُطَ ٠ فلما دار إليّ قلت له نحو ذلك ٠ فلما دار إلى صفية قالت له مثل ذلك ، فلما دار إلى حفصة قالت : يا رسول الله ألا أسقيك منه ؟ قال : لا حاجة لي فيه ٠ قالت : تقول سودة : والله لقد حَرمناه ٠ قلت لها : اسكتي !

ح – ١٣٣/٨ ، م – ٢٨٣/٦ ٠

تەرجەمە :

عایشە – رضي الله تعالى عنها – ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلى الله تعالى علیه وسلم –هەنگوین‌و حەلْوای حەز لێ ئەکرد ، کە تەشریفی لە نوێژی عەصر ئەگەڕایەوە تەشریفی ئەچوە لای ژنەکانی ، لە یەکێکیان نزیك ئەبۆوە کە یاریی‌و صوحبەتی لەگەڵ بکا ٠ تەشریفی چوە لای حەفصە زیاتر لای بەند بوو لەوەی کە بەند ئەبوو ، غیرەتم هەڵسا [جاریيەیەکی حەبەشیی خەضراناوم لە لا بوو پێم‌وت : کە پێغەمەر – صلى الله تعالى علیه وسلم – تەشریفی چوە لای حەفصە بچۆ بزانە چی ئەکا ٠ چوو هاتەوە عەرزی‌کرد ٠٠٠ عن ابن عباس] : ژنێکی خزمی پێستەیێ[1] هەنگوینی بە دیاریی بۆ هێنابوو ، شەربەتی هەنگوینی دا بە پێغەمەر – صلى الله تعالى علیه وسلم – وتم : وەڵڵاهی ئەبێ فێڵێکی لێ بکەین ٠ بە سەودەی کچی زیمەعەم وت : پێغەمەر – صلى الله تعالى علیه وسلم – کە تەشریفی هاتە لات توخونت ئەکەوێ بۆ یاریی‌و صوحبەت ، کە لێت نزیك بۆوە عەرزی بکە : مەغافیرت خواردوە ، ئەفەرموێ : خەیر نەمخواردوە ٠ عەرزی بکە:

(١) دانەر – خ – ئەگەر لە تەرجەمەکەدا (هیزەیێکی) بفەرموایە کوردانەتر ئەبوو ٠

ئەی ئەم بۆنە چیە لێت ئێ ؟ [پێغەمەریش ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ زۆری پێ ناخۆش بوو کە بۆنی ناخۆشی لێ بێ •م] ئەفەرموێ : لای حەفصە شەربەتی هەنگوینم خواردۆتەوە • عەرزی بکە : هەنگەکەی بە داری (عورفوط) وشتراخوارەوە نیشتۆتەوە • منیش وا ئەڵێم ، ئەی صەفیە تۆیش وا بڵێ •

عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : [لە دوای ئەوەی کە وامانکرد] سەودە ئەیوت : وەڵلاهی [قەسەم بەو ذاتەی کە غەیری ئەو مەعبوودی بە حەقم نیە•م] کە تەشریفی گەییە دەرگاکە لە ترسی تۆ تەمام بوو هەر لەوێ ئەوەی کە تۆ پێتوتم عەرزیبکەم • کە تەشریفی هات بەلامەوە ئەوەم عەرزکرد • عایشە ئەفەرموێ : منیش عەرزمکرد • صەفیەیش عەرزیکرد • کە تەشریفی چوە لای حەفصە عەرزیکرد : (یا رسول الله) شەربەتی هەنگوینت نەدەمێ ؟ فەرمووی : ئیحتیاجیم پێی نیە [چونکی سێ کەس قسەیان کردبوو بە یەکێ] سەودە وتی : وەڵلاهی لێمانحەرام کرد ، وتم : کچێ وز بێدەنگ بە •

لەم حەدیثەدا ئەفەرموێ : صاحێب هەنگوین حەفصە بوو ، لە حەدیثەکەی پێشەوا ئەفەرموێ : زەینەب بوو • لە حەدیثێکا کە ئیبنومەردەوەیهی لە ئیبنوعەباسی ریوایەت ئەکا ئەفەرموێ : سەودە بوو • لە ئایەتی (إن تظاهرا) و (إن تتوبا)دا ئەفەرموێ : ئەوانەی کە قسەیان کردبوو بە یەك حەفصەو عایشە بوون ـ رضي الله تعالی عنهن أجمعین ـ تەوفیقیان تەعەددودی حادیثەیە (من قسطلاني ، فراجعه) • وەك ئیبنوعەباس لە ئیمامی عومەرەوە ریوایەت ئەکا (موتەظاهیرەتان) حەفصەو عایشەیە ، سەبەبی نوزوولی ئایەتەکەیش حەدیثی ماریەیە ـ رضي الله تعالی عنهم وعنهن ـ (راجع : ح ـ ٤/٢٦٠ وشرحه القسطلاني وفیه :)

ئیبنومەردەوەیهی لە یەزیدی کوڕی رۆمانەوە ریوایەت ئـەکا : لـە دوای تەحریمی عەسەل لە حەدیثی حەفصەدا ــ رضــي الله تعـــالى عنهـا ــ ئەفەرموێ: پێغەمەر ــ صلیاللهتعالیعلیهوسلمـ کە لە لای حەفصە بوو حەفصە ئیذنی لێ خواست بۆ ماڵی باوکی ئیذنی دا رۆیی • پێغەمەر ــ صلی الله تعالی علیه وسلم ــ ماریەی بانگکردە لای خۆی بردیە حوجرەکەی حەفصـــەوە ــ حەفصە ــ رضي الله تعالی عنها ــ کە تەشریفی هاتەوە دەرگاکەی داخرابوو، پێغەمەر ــ صلی الله تعالی علیه وسلم ــ تەشریفی هاتەدەرێ ئاو لــە سەری ئەچۆڕایەوە • حەفصە گریاو موعاتەبەی پێغەمەری کرد ــ صلی الله تعــالی علیه وسلم ــ پێغەمەر ــ صلی الله تعالی علیه وسلم ــ فەرمووی : تــۆ بـــە شاهید بە کە ماریەم لە خۆم حەرام کرد • تێفکرە خەبەر بە کەس نەدەی ، ئەمە لای تۆ ئەمانەت بێ • کە تەشریفی لە لای چوە دەرێ حەفصە ــ رضي الله تعالی عنها ــ لە دیوارەکەی دا کە لە بەینی ئەوو عایشەدا بوو ــ رضي الله تعالی عنها ــ فەرمووی : موژدە پێغەمەر ــ صلی الله تعالی علیــە وســـلم ــ جاریەکەی حەرام کرد • لە عەینی ئەو حەدیثەدا ئەفەرموێ : پێغەمەر ــصلی الله تعالی علیه وسلم ــ لە حوجرەی عایشەدا خەڵوەتی لەگەڵ ماریە کـــرد ، حەفصە پێیزانی پێغەمەر ــ صلی الله تعالی علیه وسلم ــ پێیفەرموو : کەتمی بکە ، ماریەم لە خۆم حەرام کرد ، حەفصە واقیعەکەی بە عایشەوت ، عایشە رقی ئەوەندە هەڵسا وای کرد تا پێغەمەر ــ صلی الله تعالی علیــە وســلم ــ سوێندی خوارد مانگێ توخونی نەکەوێ •

ئیبنومەردەوەیهی لە ئەبوهورەیرە ریوایەت ئەکا کە حەفصە بەســەر پێغەمەرا ــ صلی الله تعالی علیه وسلم ــ چوو کە لە حوجرەکەی ئەوا لەگەڵ ماریيە خەریك بوو ، عەرزیکرد : (یا رسول الله) لە ماڵی منا ئەمەم لەگەڵ ئەکەی لە ماڵی ژنەکانی ترا نایکەی ؟ پێغەمەر ــ صلی الله تعالی علیه وسلمـ

سوێندی بۆ خوارد کە ئیتر توخونی نەکەوێ و لێی حەرام بێ •
قەسطەلانیی - ٤/٢٦٣ •

(دائیر بەمە حەدیثێکی موفەصصەلم لە عیلما نووسیوە :
ح - ١/١٨٤ ، ح - ٤/٢٩٢ ، ح - ٤/٢٦٠ ، ح - ٨/٨٨) •

٣٨٣٧/١١٤ ـ عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] قال : دخل أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ يستأذن على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فوجد الناس جلوسا ببابه لم يؤذن لأحد منهم • قال : فأذن لأبي بكر فدخل • ثم أقبل عمر فاستأذن فأذن له ، فوجد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جالسا حوله نساؤه واجما [حزينا حزنا شديدا] ساكتا قال : فقال : لأقولن شيئا يضحك النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال: يا رسول الله لو رأيت بنت خارجة سألتني النفقة قمت إليها فوجأت [طعنت] عنقها ، فضحك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقال : هن حولي كما ترى يسألنني النفقة • فقام أبو بكر إلى عائشة [رضي الله تعالى عنهما] يجأ عنقها ، وقام عمر إلى حفصة [رضي الله تعالى عنهما] يجأ عنقها ، كلاهما يقول : تسألن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ما ليس عنده ؟ فقلن : والله لا نسأل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شيئا أبدا ليس عنده • ثم اعتزلهن شهرا أو تسعا وعشرين • ثم نزلت عليه هذه الآية : (يا أيها النبي قل لأزواجك ـ حتى بلغ إلى ـ للمحسنات منكن أجرا عظيما)[1] قال : فبدأ بعائشة [رضي الله تعالى عنها]= فقال : يا عائشة = أريد أن أعرض عليكِ أمرا أحب أن لا تعجلي فيه حتى تستشيري أبويك • قالت :

(١) الاحـزاب / ٢٩ •

وما هو يا رسول الله ؟ فتلا عليها هذه الآية • قالت : أفيك يا رســول الله أستشير أبوي ؟ بل أختار الله ورسوله والدار الآخرة ، وأسألك أن لا تخبر امرأة من نسائك بالذي قلت • قال : لا تسألني امرأة منهن إلا أخبرتها ، إن الله تعالى لم يبعثني معنتا ولا متعنتا ، ولكن بعثني معلما ميسرًا م-٦ر/٢٨٧ •

تەرجەمە :

جابیری کوڕی عەبـدوڵلا ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ هات ئیذنی خواست کە بچێتە خـزمـەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وســلم ـ خەڵقی دی کە لەبەر دەرگاکەدا دانیشتبوون بۆ هیچ کەسێکیان ئیذن نەدرابوو بچێتە خزمەتی ، ئەبـوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیذن‌درا ، لەپاشا عومەر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ هات ئیذنی خواست ، ئیذن‌درا چوەژووری خزمەتی ، تێفکری پێغەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی دانیشتبوو ، ژنەکانی لــە دەوری بوون ، زۆر مەحزوون بوو ، بێدەنگ تەشریفی دانیشتبوو • عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : شتێك ئەڵێم پێغەمەر ـصلى الله تعالى عليه وسلم- بێنێتەپێکەنین • عەرزی‌کرد : (يا رسول الله) کچی خاریجەت ببینیایە داوای نەفەقەی لێ‌کردم ، لێی هەڵسام‌و کێشام بە ملیا ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێکەنی ، فەرمووی : ئەوان وان لە دەورم داوای نەفەقــەم لێ ئەکەن • ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هەڵسا دەستی کرد بە پیاکێشانی ملی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ عومەر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ تەشریفی هەڵسا کێشای بە ملی حەفصەدا ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ هەردوکیان ئەیانفەرموو : داوای شتێك لە پێغەمەر ئەکەن ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە نەیبێ ؟! وتیان : وەڵلاهی قەت داوای شتێکی لێ‌ناکەیـن کە نەیبێ • لە پاشا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مانگێ یا بیستو

تۆ رۆژ [شك الراوي] تەرکی‌کردن • لە پاشا ئەم ئایەتی سوورەتی ئەحزابە نازڵ بوو کە مەئالی شەریفی وایە : ئەی پێغەمەر بە ژنەکانت بڵێ : ئەگەر ئێوە حەیاتی دنیاو زینەتی دنیاتان ئەوێ بێن مارەیی‌یەکەتان بدەمێو بە تەڵاقێکی جوانو بێ‌زەرەر تەڵاقتان بدەم، ئەگەر خواو رەسووڵی خواو ماڵی ئاخیرەتتان ئەوێ [کە بەهەشتە] بە تەحقیق خوا ـ عز وجل ـ لە ئێوە بۆ ئەوانەی کە موحسیننو ئاخیرەتیان ئەوێ ئەجرێکی گەورەی بۆ حازرکردوون [کە نەعیمی موقیمی بەهەشتە • یەعنی موختار بن ئینتیخابی دنیاو تەڵاق ئەکەن ، یا ئاخیرەت ؟] کە ئەم ئایەتە نازڵ بوو پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ لە عایشەوە ـ رضي الله تعالى عنها ـ دەستی پێ‌کرد ؛ فەرمووی : ئەی عایشە تەمامە شتێکت پێ بڵێم وام ئەوێ تا پرس بە دایكو باوکت نەکەی عەجەلەی تیا نەکەی • عەرزی‌کرد : ئەوە چیە (یا رسول الله)؟ ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : (یا رسول الله) دەرحەق تۆ مەشۆرەت بە دایکمو باوکم بکەم؟ من خواو رەسووڵی خواو داری ئاخیرەت ئیختیار ئەکەم [بەسەر دنیاو زینەتیا] شتێکم لێت ئەوێ کە خەبەر نەدەی بە ژنەکانت کە چیم عەرزکردووی • فەرمووی : هیچ ژنێکیان نیە کە لێم بپرسنو پێی نەڵێم ؛ چونکی خوا منی وا نەناردوە کە (بالطبع) لەوانە بم کە ئیش بە گران بگرم ، یا بە تەکەللوف وا لە خۆم کەم کە ئیش قورسو گران کەم ، خوا منی بە موعەللیمو ئیش بە سووکی‌گر ناردوە •

سوننەتە ئینسان کەسێکی خۆشەویستی بە زیریو ماتیی ببینێ قسەیێکی وای بۆ بکا کە پێی دڵفەرەح بێ ؛ حوزنەکەی لابەرێ • ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وای نەکرد تەفویضی ئەو ئەمرەی بە خواو ریسالەت‌پەناە کرد •

تەربیەی ئەولاد ـ با گەورەیش بێ ، با خوصووص دەرحـەق بـە گەورەو سەردار ـ سوننەتە •

نەفـەقـە لـە مێـرد بـە قـەد تاقـەت طـەڵـەب ئـەکرێ ، صـەبـر لەسەر شیددەت‌و تەنگانە مووجیبی ئەجرێکی عەظیمە •

٣٨٣٨/١١٥ ـ عەبدوڵلای کوڕی عەباس ـ رضي الله تـعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : عومەری کوڕی خەطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ قسـەی بـۆ کردووم کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ژنەکـانـی تـەرك‌کرد ، چوومە مزگەوت ، خەڵق لە مزگەوتا وردەبەردی مزگەوتەکەیان ئەدا بـە یەکاو[1] ئەیانوت : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ژنەکانی خـۆی تەلاق داوە • ئەوە لە پێش نوزوولی حیجابا بوو • عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : وتم : ئیمڕۆ من تەحقیقی ئەمە ئـەکـەم • چوومـە لای عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ پێم‌وت : ئەی کچی ئەبوبەکر تۆ وات لـێ هاتوە کە ئەذیەتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بدەی ؟ وتی : ئەی ئیبنولخەطاب چ دەخلێکمان هەیە بەسەر یەکەوە ؟ بچۆ نەصیحەتی کچەکەی خۆت بکە ! لە حەدیثی م ـ ٦/٢٩٢ و ح ـ ٧/٣٧٦دا ئەفەرموێ : عـومـەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە لای حەفصە چوومە دەرێ تا چوومە لای ئوممو سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ چونکی دایکیان ئامۆزا بوو ، قسەم لەگەڵکرد ، فەرمووی : عەجایب بۆ تۆ ئەی ئیبنولخەطاب موداخەلەی ئیشی هەموو کەسێ ئەکەی حەتتا وات ئەوێ کە موداخەلەی ئیشی پێغەمەر ـ صلى‌الله‌تعالى‌عليه‌وسلم ـ و ئەزواجی بکەی!؟ ئەو قسەی ئوممو سەلەمەوای تەئثیر تێ‌کردم کە بەعزێ لەو قەهرو غەزەبەی کە بووم لێم کـەم بـۆوەو لـە لای چوومە دەرێ] •

(١) واتە : وردەبەردەکانیان ئەمدیوو ئەودیو ئەکردو ئەیاندان بە یەکا ، نەك بەسەرو گوێلاکی یەکا •

چوومە لای حەفصەی کچی عومەر پێموت : ئەی حەفصە گەییوی بەو مەرتەبەیە کە ئەذیەتی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دەی ؟

وەڵلاهی ئەزانم کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تۆی خۆش ناوێ ، ئەگەر من نەبم تەڵاقت ئەدا • بەوە حەفصە زۆر بە شیددەت گریا پێموت : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی لە کوێیە ؟ وتی : تەشریفی لە گەنجینەکەدایە • چوومە ژوورێ ، رەباحی غولامی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە بەردەرگای گەنجینەکەی دانیشتبوو پێی بەسەر پلەی پەیژەکەدا کە لە دارێ بوو جێی پێی لێهەڵکەنرابوو پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی پێی سەرەکەوتو پیا ئەهاتەخوارێ =دانابوو= بانگی رەباحم کرد کە لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئیذنم بۆ بخوازە • رەباح تەماشایێکی گەنجینەکەی کردو تەماشایێکی منی کردو قسەی نەکرد • دووبارە پێموتەوە دیسان وای کرد، لە پاشا بە دەنگێکی بەرز وتم : ئەی رەباح ئیذنم لە خزمەتیا بۆ بخوازە لاموایە کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لای وایە کە لەبەر حەفصە هاتوومە خزمەتی • وەڵلاهی ئەگەر ئەمرم پێ بفەرموێ لە گەردنی بدەم لە گەردنی ئەدەم ! بەوە دەنگم هەڵبڕی ، رەباح ئیشارەتی کردمێ کە سەرکەوێ ، چوومە خزمەتی لەسەر حەسیرێ راکشابوو ، دانیشتم ئیزارەکەی دابوو بە خۆیا هیچی تری بەسەرەوە نەبوو،حەسیرەکە جێشوێنی لە تەنیشتی کردبوو ، تەماشای گەنجینەکەییم کرد بە قەد صاعێ جۆی تیا بوو ، نەختێ گەڵای داری مۆردی تیابوو کە دەباغی پێ ئەکرێ، پێستێکی دەباغنەکراوی تیا هەڵاوەسرابوو • گریانم هات فەرمووی : ئەی ئیبنیخەطاب بۆ ئەگریت ؟ عەرزمکرد : (یا رسول الله) بۆ نەگریم ئەم حەصیرە نەقشی کردۆتە تەنیشتت ، ئەمە خەزێنەی تۆیە هیچی تیا نابینم

ئەمە نەبێ کە ئەیبینم • ئەوەیش قەیصەرو کیسران کە =لە= نـاو میـوەو ئەنهاران ، تۆیش‌پێغەمەری خوای‌و مونتەخەبی خوای ئەمەیش خەزێنەکەتە! فەرمووی : ئەی ئیبنولخەطاب رازیی نابی بەوە کە ئێمە ئاخیرەتمـان بێت‌و ئەوان دنیایان بێ ؟ عەرزم‌کرد : بەڵێ • عومەر ـ رضي الله تعـالی عنـه ـ فەرمووی : لە وەختێکا کە چوومە خزمەتی لە رووی موبارەکیا نیشـانەی غەزەبم دی ، عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) ئیشی ژنانت بۆ لـەبەر گرانە ؟ ئەگەر تەڵاقیان بدەی خوا لەگەڵ تۆیە ، مەلائیـــکەی خـواو جیبریـــل‌و میکائیل‌و من‌و ئەبوبەکرو موسوڵمانان لەگەڵ تۆین • حەمدی خوا ئەکەم کە هەر جارێ قسەیێکم کردبێت‌و ئومێدم نەبووبێ کە خـــوا تەصـــدیقی قسەکەم بکا•[1] [وەڵلاهی راستی فەرموە ، وەڵلاهی هیچ قســـەییکی‌و ئیجتیهادێکی نیە کـە تیا بە خەطا چووبێ • وەڵلاهی چۆن فـەرمـوودەی پێغەمەر وەحیە فەرموودەی حەزرەتی فاروقی ئەکبەریش هەمووی ئیلهامی ئیـلاهیـــە] •

ئەفەرموێ : ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە ئایەتی تەخییرەو ئـەفـەرموێ : ئەگەر پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئێوە تەڵاق بدا نزیکە کە خوا ئەزواجی لە ئێوە چاتری بداتێ لە باتی ئێوە • ئەگەر ئێوە لە (علیه) ئەو قسە بکەن بە یەك‌و بن بە پشتیوانی یەك بە تەحقیق خـوا ناصرو مەولای ئەوە ، جیبریل‌و موسوڵمانی صاڵح یـاریەدەری ئـەون ، دوای ئـەوانیش مەلائیکە پشتیوانی ئەون • عایشەی کچی ئەبوبەکرو حەفصە ـ رضي الله تعالی عنهما ـ پشتیان دابوە پشتی یەك لە (علیه) ژنەکانی تری • عەرزم‌کرد:

(١) دانەر لە پێشدا نووسیویە : « حەمدی خوا ئەکەم کەم جار = هەیە = قسەییکم کردبێت‌و ... تاد » بەڵام دوایی خۆی بە قەڵەم وەك ئەوەی سەرەوەی لێ کردوە ، بەڵام هەر وەك کۆنەکە بێ راستە •

(يا رسول الله) تەڵاقت‌داون ؟ فەرمووی : خەیر • عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) کە هاتمە مزگەوت موسوڵمانان دەستیان لە بەردەوردەی مزگـەوتەوە ئەداو ئەیانوت : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ژنەکانی تەڵاق‌داوە، بچمە خوارێو خەبەریان بدەمێ کە ژنەکانت تەڵاق نەداوە ؟ فـەرمووی : بەڵێ • هەروا قسەم عەرزکرد تا غەزەب لە رووی موبارەکی لاچوو ، تـا ددانی موبارەکی دەرخستو پێکەنی ، ددانی موبارەکی لـە ددانی هەمـوو کەس جوانتر بوو •

لە پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی چوە خوارێ، منیش چوومە خوارێ ، کەچوومەخوارێ دەستم بە دارەکەوە ئەگرت ، ئەو وا تەشریفی چوە خوارێ وەك بەسەر ئەرزا بڕوا دەسـتی بـە دارەکـەوە نەئەگرت • عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) هەر بیستو نۆ رۆژ تەشـریفت لە گەنجینەکەدا بوو ؟ فەرمووی : مانگ بیستونۆ رۆژ ئەبی [ئەومانگە بیستو نۆ رۆژ بوو • اخری] لە بـەر دەرگی مزگـەوتەکە راوەستام بەدەنگی بەرز بانگم‌کرد کە : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ژنەکانی تەڵاق نەداوە • ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە مەئالی وایـە :

(وإذا جاءهم أمر من الأمن أو الخوف)[1]: کە دائیر بـە ئـەمینیـی یا بـە ترس خەبەرێکیان درایێ لە ناو خەڵقا بڵاوی ئەکەنەوە • ئەگەر ئـەو خەبەرە رەد بکەنەوە بۆ لای پێغەمەر یا بۆ لای (أولو الأمر) ئەوانەی کە لە رەسوولو (أولو الأمر) ئیستینباطو تەلەققی ئەکـەن تێئەگـەن کـە حەقیقەتەکەی چۆنە • من لەوانە بووم کە ئیستینباطم لە رەسـولوڵلا کرد خوا ـ عز وجل ـ ئایەتی تەخییری نارد [یەعنی خەڵق بیسـتبوویان کـە

(١) النســاء / ٨٣ •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ژنەکانی تەلاقداوە تێی نەگەییبوون کە هەر مانگێ تەرکی کردبوون ، من تا لە خۆییم نەپرسی بڕوام پێ نەکردو شایعەم پێ نەدا ، کە حەقیقەتەکەم بە ئەنجام گەیان خەبەرم دا] م-٦-/٢٨٩٠
٣٨٣٩/١١٦ ـ عەبدوڵلای کوڕی عەبباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : ساڵێ وەستام ئیرادەم بوو کە لە عومەری بنی خەطاب ـ رضي الله تعالی عنه ـ بپرسم لە ئایەتێ ، هەیبەتم لێ ئەکرد نەموێرا لێی بپرسم ، تا تەشریفی لە مەدینە چوەدەرێ بۆ حەج ، لە خزمەتیا چووم کە تەشریفی گەڕایەوە لە ڕێگەیێکا [مر الظهران • کما فی أخری] بووین چوو بۆ ناو دار سیواکەکان بۆ قەزای حاجەت ، راوەستام تا لێ بۆوە ، لە خزمەتیا رۆییم عەرزم کرد : (یا أمیر المؤمنین) ئەو ژنانە کێن کە لە (علیه)ی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قسەیان کردبوو بە یەك ؟ فەرمووی : حەفصەو عایشەن ئیبنو عەبباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ: عەرزم کرد: وەڵلاهی ساڵێکە تەمامە ئەمەت لێ بپرسم لەبەر ئەمە هەیبەتت لێ ئەکەم ناتوانم لێت بپرسم! فەرمووی: وا مەکە، هەرچیت لا وا بێ کە من علمم پێی هەیە لێم بپرسە، ئەگەر بیزانم خەبەرت ئەدەمێ•فەرمووی:وەڵلاهی ئێمە لە جاهیلییەتا ژنانمان بە هیچ حسێب ئەکرد ، لامان بێ قیمەت بوون ، تا خوا لە دەرحەقیان ئەوی کە ئینزالی فەرموو فەرمووی [کە ئەفەرموێ : (وعاشروهن بالمعروف) : بە چاکیی موعاشەرەتیان لەگەڵ بکەن] ئەوی بۆی تەقسیم کردبوون تەقسیمی کرد [لە ئایەتی رەضاعا ئەفەرموێ : لەسەر ئەوەی کە منالەکەی بۆ بە وەلەد هێنراوە رزق و لیباسی دایکی منالەکە هەیە] تا وەختێ تەدبیرم لە ئیشێکا ئەکرد ژنەکەم پێی وتم : ئەگەر وات بکردایەو وات بکردایە ! پێم وت : تۆ دەخلت چیە بەسەر ئەم ئیشەوە ؟ لە هیچ ئیشێکا کە ئەیکەم من تەکلیفی هیچ ئیشێکت لێ ناکەم • پێی وتم: عەجایبم

لێت ئەمێنێ ئەی ئیبنولخەطاب ناتەوێ‌و پێت ناخۆشە کە لە قسەدا موقابەلەت بکەم کەچی کچەکەت بەرەوڕووی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەوەستێ ، وا ئەبێ ئەو رۆژە لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وە بە غەزەب‌و قەهر رائەبوورێ ؟! بەرماڵەکەم هەڵگرت چوومە دەرێ تا چوومە لای حەفصە پێم‌وت : ئەی کچی خۆم هیچ بەرەوڕووی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەوەستی ئەویش ئەو رۆژەی بە قەهرەوە لێ بەسەر ئەچێ ؟ وتی : وەڵڵاهی ئێمە ئاوا موقابەلەی ئەکەین • وتم : بزانە کە من تەحذیرت ئەکەم لەمە کە خوا موعاقەبەت بکا ، رەسوولی ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ غەزەبت لێ بگرێ • بەوە مەغروو مەبە کە ئەوی جوانیەکەی پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خستۆتە ئەو حاڵەوە کە خۆشی بوێ‌و مەحەبەتی چەسپیوەتە دڵی •

لە پاشا چوومە لای ئوممووسەلەمە ؛ چونکی خزمایەتیم لەگەڵیا هەیە [دایکیان ئامۆزان] قسەم لەگەڵ کرد • وتی : عەجایەب لە تۆ ئەی ئیبنولخەطاب خۆت ئەخزێنیە هەموو شتێکەوە حەتتا ئەتەوێ بچیە بەینی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ و ئەزواجی ؟! عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : وای تەئثیر تێ‌کردم‌و شکانمی لەو حاڵەی کە بووم لێی چوومەدەرێ [لە حەدیثەکەی ترا ئەفەرموێ : چوومە لای عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ] لای ئوممووسەلەمە چوومە دەرێ رەفیقێکم لە ئەنصار بوو کە غائیب بوومایە لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەو خەبەرێی بۆ ئەهێنام ، ئەو حازری نەبوایە من خەبەرم بۆ ئەبرد ، ئێمەیش لەو وەختەدا ترسمان لە مەلیکێ لە مولووکی غەسسان بوو ، سنگمان لە ترسیان پڕ بووبوو ، رۆژێ هاتەوە دای لە دەرگاکە وتی : بیکەرەوە ، بیکەرەوە • وتم : بۆ غەسسانیەکە هاتوە وتی : لەوە خراپتر :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ژنەکانی جوێ بوەتەوە • وتم : لووتی حەفصەو عایشە لە خاك نیشێ ! لە دواییدا جلەکەم هەڵگرتو چوومەدەرێ تا چوومە ئەوێ ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی لە گەنجینەیێکا بوو بە پێ‌پیلکە بۆی سەرەکەوترا ، غولامێکی رەشی لەسەر دانیشتبوو ، پێموت : ئەمە عومەرە [لە دوای چەند موراجەعە ، كما في ما مر] ئیذن‌درام • عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەم قسانەم عەرزی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کرد کە گەییمە سەر قسەی ئوممو سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ تەبەسسومی کرد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی لەسەر حەسیرێ بوو لە بەینی ئەوو حەسیرەکەدا هیچی تر نەبوو ، سەرینێکی چەرمی لە ژوور سەرابوو پووشی دارخورمای تێ ئاخنرابوو ، لای پێیەوە کۆمەڵێ گەڵای داری (سلم)ی لێ بوو کە دەباغی پێ ئەکەن ، لە ژوور سەریەوە پێستێکی دەباغ‌نەکراو هەڵاوەسرابوو ، تێفکریم حەسیرەکە لە تەنیشتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەئثیری کردبوو ، گریام • فەرمووی: بۆ ئەگریت ؟ عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) کیسراو قەیصەر لەوەدان کە تیایان [یەعنی لە نازو نیعمەتان] تۆیش رەسوولولڵای ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ! فەرمووی : بۆ رازیی نیت کە ئەوان دنیایان ببێ‌و تۆ ئاخیرەت ؟ م ـ ٦/٢٩٢ • لە حەدیثی م ـ ٦/٢٩٥ ١ ئەفەرموێ : ئەو دوو ژنە حەفصەو ئوممو سەلەمەن ـ رضي الله تعالى عنهما ـ حەدیثێکی ترم لە عیلما نووسیوە م ـ ٦/٢٩٨ ،لە حەدیثی م ـ ٦/٢٨٤ دا لە ئاخریا عەرزم‌کرد: من خواو رەسوولی خواو داری ئاخیرەتم ئەوێ • خ ـ ٤/٢٦٠ ، ح ـ ٧/٣٧٦ •

سائیری ئەزواجی پێغەمەریش ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنهن ـ وەك منیان عەرزكرد • له موسلیمو بوخاریدا دەرحەق ئەم حادیثەیه حەدیثی تر زۆره ، مەئالیان یەكێكه ئەوەنده كافیـــه (راجـــع النـــووي م ـ ٢٧٨/٦ في حكـم الإيـلاء وتحريم ما أحـل الله ، وما بعده في أحكام الإيـــلاء) •

لا نفقة ولا سكنى للمطلقة البائنة(١) :

١١٧/٣٨٤٠ ـ عن فاطمة بنت القيس أن أبا عمرو بن حفص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ طلقها البتة [ثلاثا • أخرى م] وهو غائب فأرسل إليها وكيلـه بشعير فسخطته فقال : والله ما لكِ علينا من شيء • فجاءت رسول الله ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ فذكرت ذلك له ، فقال : ليس لكِ عليه نفقة • فأمرها أن تعتد في بيت أم شريك • ثم قال : تلكِ امرأة يغشاها أصحابي ، اعتدي عند ابن أم مكتوم ، فإنه رجل أعمى تضعين ثيابكِ ، فإذا حللت فأذنيني• قالت : فلما =حللت= ذكرت له أن معاوية بن أبي سفيان وأبا جهم = رضي الله تعالى عنه = خطباني ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: أما أبو جهم فلا يضع عصاه عن عاتقه ، وأما معاوية فصعلوك لا مال له [•••••] أنكحي أسامة بن زيد ، فكرهته [فقالت بيدها هكذا : أسامة ، أسـامة ! فقال لها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : طاعة الله وطاعة رسوله خير لكِ • أخرى •م] ثم قال : أنكحي أسامة ، فنكحته فجعل الله فيه خيرا واغْتَبِطْتُ م ـ ٣٠٤/٦ •

وفي أخرى : فتزوجته ، فشرفني الله بأبي زيد ، وكرمني الله بأبي زيد م ـ ٣٠٢/٦ ، م ـ ٣٠٤/٦ •

(١) ژنێك كه تەلاق بدرێ به تەلاقی بائینه ـ واته تەلاقێ كه گەڕانەوەی تیـا نەبێ ـ نەفەقەو جێی دانیشتنی لەسەر مێرده پێشوەكەی نیه .

١١٨/٣٨٤١ - عن عبيد الله بن عبدالله بن عتبة أن أبا عمرو بن حفص بن المغيرة خرج مع علي بن أبي طالب [رضي الله تعالى عنهم] إلى اليمن ، فأرسل إلى امرأته فاطمة بنت قيس بتطليقة كانت بقيت من طلاقها ، وأمر لها الحرث بن هشام وعياش بن أبي ربيعة [رضي الله تعالى عنهما] بنفقة فقالا لها : والله ما لك نفقة إلا أن تكوني حاملا . فأتت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فذكرت له قولهما . فقال : لا نفقة لك ، فاستأذنته في الانتقال ، فأذن لها . فقالت : أين يا رسول الله ؟ فقال : إلى ابن أم مكتوم ، وكان أعمى، تضع ثيابها عنده ولا يراها . فلما مضت عدتها أنكحها النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أسامة بن زيد ، فأرسل إليها مروان قبيصة بن ذؤيب يسألها عن الحديث فحدثته به ، فقال مروان : لم يسمع هذا الحديث إلا من امرأة سنأخذ بالعصمة التي وجدنا الناس عليها . فقالت فاطمة - رضي الله تعالى عنها - حين بلغها قول مروان : فبيني وبينكم القرآن ، قال الله تعالى : (لا تخرجوهن من بيوتهن ... الآية)[1] قالت : هذا لمن كانت له مراجعة ، فأي أمر يحدث بعد الثلاث ؟ فكيف تقولون : لا نفقة لها إذا لم تكن حاملا ؟ فعلام تحبسونها ؟ م - ٦/٣١٢ .

تەرجەمە :

ئەبوعەمری کوڕی حەفص فاطیمەی کچی قەیسی (غیابا) تەڵاق دا بە تەڵاقی قەطعیی ، لە ریوایەتێکا سێ‌بەسێ ، ئەبوعەمر بە وەکیلەکەیا جۆی بۆ نارد فاطیمە رقی هەڵسا ، وەکیلەکەی پێی‌وت : وەڵلاهی هیچ حەقت لەسەر ئێمە نیە . فاطیمە - رضي الله تعالى عنها - هاتە خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەوەی عەرزکرد ، فەرمووی : نەفەقەت لەسەری نیە . ئەمری پێ‌فەرموو عیددە هەڵژمێرێ لە ماڵی

(١) الطلاق / ١ .

ئومموشورەیکا ، لە دواییا فەرمووی : ئومموشورەیك ژنێکە ئـەصحابی منی زۆر ئەچنە لا ، لای ئیبنوئوممی مەکتووم عیددە هەڵژمێرێ چـونکی پیاوێکی ئەعمایە جلت دائەکەنی [یەعنی ناتبینێ] کە شووکردنت بۆ حەڵاڵ بوو خەبەرم بدەرێ • کە خەبەرم دایێ کە موعاویــەو ئـەبوجەهـم داوام ئەکەن ، فەرمووی : ئەبو جەهم عەصای لەسەر شان دانانێ [یەعنـی زۆر لە ژن ئەدا] ئەمما موعاویەیش زوگوردەو ماڵی نیە ، شوو بکە بە ئوسامەی کوڕی زەید • پێی ناخۆش بوو عەرزیکرد : ئوسامە ، ئوسامە ؟ دەستی هەڵتەکان • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئیطاعـەی خواو رەسوولی خوا بۆ تۆ باشە شووم پێکرد خوا خێری دامێو غیبطـەم پێخورا • لە ریوایەتێکی ترا فەرمووی : شووم بە ئوسامە کرد ، خوا بە ئەبوزەید موشەڕەفی کردم ، بە ئەبوزەید موکەڕەمی کردم •

عوبەیدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عوتبە ئەفەرموێ : ئـەبـو عەمری کوڕی حەفصی کوڕی موغیرە لە خزمەت عـەلي بنـی ئەبـە طالیبا ـ رضي الله تعالی عنهم ـ چوو بۆ یەمەن فاطیمەی ژنی تەڵاقێکی مابـوو ئەو تەڵاقەی داو ، خەبەری بۆ نارد ئەمری بە حەرثی کوڕی هیشامو عەیاشـی کوڕی ئەبوڕەبیعە ـ رضي الله تعالی عنهما ـ کرد نەفەقەی بدەنێ ، پێیانوت: وەڵلاهـی نـەفـەقـەت نیە مـەگـــەر حامیلـە بی • هـــاتەخزمـــەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قســـــەی ئەوانەی عـەرزکـرد • پێیفەرموو : نەفەقەت نیە ، ئیذنی لێخواست لەوێ بچێتەدەرێ [ئیذنی دا] فەرمووی : بۆ کوێ ؟ فەرمووی : بۆ ماڵی ئیبنوئوممی مەکتووم، پیاوێکی ئەعما بوو ، لای جلی داکەنێ نایبینێ • کە عیددەکەی رابورد پێغەمـــەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە ئوسامەی کوڕی زەیدی مارەکرد • مەروان قەبیصەی کوڕی ذوئەیبی ناردە لا کە ئەو حەدیثەی لێ بپرسێ ، قسەکەی

بە مەروان وت • مەروان وتی : ئەم حەدیثە لە غەیری ژنێ نەبیسراوە • [یەعنی موعتەبەر نیە • ئەمما نینۆکی ئەو ژنە صەد هەزارانی وەکوو مەروانی بەصەدەقە بێ] بەو حوکمەی کە خەڵقی لەسەر ئەبینین عەمەل ئەکەین • فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ کە ئەو قسەی مەروانەی پێ‌گەییەوە فەرمووی : قورئانمان لە بەینا هەیە ؛ خوا ـ عز وجل ـ لە سوورەتی تەحریما ئەفەرموێ : لە مەسکەنەکانیان مەیانکەنە دەرێ ؛ خۆیشیان نەچنە دەرێ ، ئەو ئەحکامە حودوودی خوایە کە تەعیینی کردوە تەجاوزی لێ نەکرێ ، هەرکەسێ لە حودوودی خوا بچێتەدەرێ بە تەحقیق ئەو کەسە زوڵم لە خۆی ئەکا خۆی موستەحەقی عەذاب ئەکا • ئەی ئەو کەسەی کە ئەمرت پێ‌ئەکرێ نازانی بەڵکو لە دوای ئەوە کە ژنەکانتان تەلاق دا خوا شتێکی ترتان بۆ ئیحداث ئەکا [بەڵکی پەشیمان ئەبنەوە لە تەلاقدان روجووعیان ئەکەنەوە ژێر نیکاحتان ، بۆیە مەیانکەنە دەرێو خۆیشیان نەچنە دەرێ] ئەو وەختە =یا= بە چاکیی ئیمساکیان بکەنو بیانهێننەوە ژێر نیکاحتان ، یا بە چاکیی لێیان جوێ‌بنەوەو زەرەریان پێ‌مەگەیێنن ••• الآیة •

١١٩/٣٨٤٢ ـ عن أبي إسحاق قال : كنت مع الأسود بن يزيد جالسا في المسجد الأعظم ومعنا الشعبي ، فحدث الشعبي بحديث فاطمة بنت قيس أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لم يجعل لها سكنى ولا نفقة ، ثم أخذ الأسود كفا من حصى فحصبه به ، فقال : ويلك تحدث بمثل هذا ؟ قال عمر [رضي الله تعالى عنه] : لا نترك كتاب الله وسنة نبينا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لقول امرأة لا ندري لعلها حفظت أو نسيت ! لها السكنى

والنفقة • قال الله ـ عز وجل ـ : (لا تخرجوهن من بيوتهن ولا يخرجن إلا أن يأتين بفاحشة مبينة)(١) م ـ ٦/٣١٥ •

١٢٠/٣٨٤٣ ـ وعن فاطمة بنت قيس [رضي الله تعالى عنها] قالت : قلت يا رسول الله طلقني زوجي ثلاثا وأخاف أن يقتحم علي قال [عروة] : فأمرها فتحولت م ـ ٦/٣١٨ •

١٢١/٣٨٤٤ ـ وعن عروة : عابت عائشة [رضي الله تعالى عنها ـ فاطمة رضي الله تعالى عنها] أشد العيب وقالت : إن فاطمة كانت في مكان وحش ، فخيف على ناحيتها فلذلك أرخص لها النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ح ـ ٨/١٧٦ •

١٢٢/٣٨٤٥ ـ وعنها أنها قالت : ما لفاطمة ألا تتقي الله ؟ يعني في قوله: لا سكنى ولا نفقة ح ـ ٨/١٧٦ ، م ـ ٦/٣١٨ •

١٢٣/٣٨٤٦ ـ عن القاسم بن محمد وسليمان بن يسار [رحمهم الله تعالى] يذكران أن يحيى بن سعيد بن العاص طلق بنت عبدالرحمن بن الحكم، فانتقلها عبدالرحمن فأرسلت عائشة أم المؤمنين إلى مروان ، وهو أمير المدينة : اتق الله واردها إلى بيتها ، قال مروان في حديث سليمان : إن عبدالرحمن بن الحكم غلبني • وقال القاسم بن محمد [رحمهما الله تعالى]: أوَ ما بلغك شأن فاطمة بنت قيس ؟ قالت : لا يضرك أن لا تذكر حديث فاطمة • فقال مروان : إن كان بكِ شر فحسبك ما بين هذين من الشر ح ـ ٨/١٧٥ •

تەرجەمە :

ئەبوئیسحاق ـ رحمه الله ـ ئەفەرمووێ : لە مزگەوتی گەورەدا لەگەڵ

(١) الطلاق / ١ .

ئەسوەدی کوڕی یەزید دانیشتبووم شەعبیشمان لەلا بوو ، شەعبیی حەدیثی فاطیمەی کچی قەیسی ریوایەت کرد کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ سوکناو نەفەقەی بۆ واجب نەکردبوو • لە پاشا ئەسوەد مستێ وردەبەردی هەڵگرت هاویتی بۆ شەعبیی پێی فەرموو : هێلکت بڕێ تۆ ئەم نەوعە حەدیثە ریوایەت ئەکەی ؟ عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : ئێمە کیتابوڵلاو سونەتی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەرك ناکەین بە قسەی ژنێ کە نازانین سوکناو نەفەقەی حیفظ کردوە یا لە فکری چۆتەوە[1]؟ خوا عز وجل ـ ئەفەرموێ : موطەللەقە ئیشێکی زۆر فەحش‌و قەبیحی لێ صادر نەبێ لە جێی خۆیان کە تیابوون مەیانکەنە دەرێ‌و خۆیشیان نەچنەدەرێ • فاطیمەی کچی قەیس ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : عەرزی پێغەمەرم کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : (یا رسول الله) مێردەکەم سێ‌بەسێ تەڵاقی داوم ئەترسم هوجومم بکرێتەسەر • عوروە ئەفەرموێ ـ لە فاطیمەوە ـ : ئەو وەختە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری پێ فەرموو بە گوێزانەوەی •

عوروە ئەفەرموێ : عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ عەیبێکی قورسی لە فاطیمەگرت ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : فاطیمە لە جێیێکی تەنهاو بەترسا بوو ، لە ئەطرافی ترسی بوو بۆیە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئیذنی دا بگوێزێتەوە • عایشە ئەفەرموێ : چی‌رووی داوە لە فاطیمە تەقوا لە خوا ناکا ؟ یەعنی کە ئەڵێ سوکناو نەفەقە نیە •

---

(۱) ئەم قسەی ئێرە تەرجەمەی « ... لا ندري لعلها حفظت أو نسيت ، لها ... »یە ، جگە لەو مانای خوالێ‌خۆشبوو فەرموویە ، دەگونجێ بە جۆرێکی دیکەیش مانا بکرێت ، بەم شێوە : « ... بۆ قسەی ژنێك کە نازانین حەدیثەکەی لەبەر کردوە یا لە بیری چۆتەوە [ژنی موطەللەقەی بائینە] سوکنایش‌و نەفەقەیشی هە ... » •

قاسمی کوڕی محەمەدو سولەیمانی کوڕی یەسار ـ رحمها الله تعالی ـ ئەڵێن : یەحیای کوڕی سەعیدی کوڕی عاص ـ رحمهما الله تعالی ـ فاطیمەی کچی عەبدوڕەحمانی کوڕی حەکەمی تەلاّق دا ، عەبدوڕەحمان بردیەوە ماڵی خۆیان • ئوممولمۆئمینین حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ناردیە لای مەروان ، مەروان ئەو وەختە ••• ••ئەمیری مەدینە بوو ، پێی فەرموو : تەقوا لە خوا کە بینێرەوە بۆ جێیەکەی خۆی • سولەیمان ئەڵێ : مەروان وتی : عەبدوڕەحمانی کوڕی حەکەم ، برای مەروان ، بەسەرما غاڵب بوو • قاسم ئەڵێ : مەروان وتی : قسەی فاطیمەی کچی قەیست پێ نەگەییوەتەوە [کە لە ماڵی مێردەکەی بە ئیذنی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ چوە دەرێ] ؟ حەزرەتی صەدیقە ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : هیچ زەرەرت لێ ناکەوێ کە قسە لە قسەی فاطیمە بکەی • مەروانی کوڕی حەکەم وتی : ئەگەر ئەفەرموێ ئەوە بە واسیطەی شەڕێ بوە کە لە بەینی فاطمیەو ئەبوعەمرا بوە ئەم شەڕوعەداوەتەیش کە لە بەینی یەحیاو ژنەکەیا هەیە کافیە بۆ تۆ کە لەسەر ئەوە عیتابمان لێ نەگریت نەوەویی ـ رحمه الله تعالی ـ • لە[1]م ٦/٣١٨دا شانزە فائیدە ذیکر ئەکا :

١ ـ تەلاّقیغائیب دروستە :

٢ ـ وەکالەت لە حوقووقا دروستە •

٣ ـ بائینە نەفەقەی نیە بەعزێك ئەڵێن : سوکنایشی نیە •

٤ ـ لە (إستفتا)دا گوێگرتن لە ژنو پیاوی بێگانە دروستە •

٥ ـ دروستە لە مەنزلی عیددەچوونەدەرەوە بۆ ئیحتیاجیی •

(١) دانەر لێرەدا بە هەڵە (قەسطەلانی)یەکی نووسیبوو ، بەلاّم لەبەر ئەوەی زیاد بوو لامان برد •

٦ ـ دروستە زیارەتکردنی ژنی صالیحە بۆ پیاوان بەو شەرتە کـە خەڵوەتی موحەڕڕەمە نەبێ ، وەك پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ دەرحەقی ئوممو شورەیکی فەرموو .

٧ ـ دروستە خوازبێنیی تەڵاقدراوی سێبەسێ بە تەعریض .

٨ ـ خوازبێنیی لەسەر خوازبێنیی دروستە بەو شەرتە قسـەی خوازبێنییکەری پێشوو بڕابێتەوە .

٩ ـ دروستە بەیانی عەیبی غائیب لەبەر مەصلەحەتو نەصیحەت .

١٠ـ دروستە ئیستیعمالی مەجازو کینایە ، کە پێغەمـەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ دەرحەقی ئەبوجەهمی فەرموو .

١١ـ سوننەتە مەصلەحەت پێنیشاندان بابیشیکەرهێنی ، فەرمووی : شووبە ئوسامە بکە .

١٢ـ سوننەتە قەبوولکردنی نەصیحەتی خێری ئەهلی فەضل .

١٣ـ دروستە نیکاحی غەیری کوفء بە رەزا وەك فاطیمەو ئوسامەی کوڕی زەید کە عەبدی ئازادکراوبوو .

١٤ـ حەریص‌بوون لەسەر موصاحەبەی ئەهلی تەقوا ـبا نەسـەبیشی دوون[1] بێ .

١٥ـ دروستە موفتییێ ئینکاری موفتییێکی تر بکا کە لای وا بێ بـە خەطا چوە وەك عایشەو عومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئینکاریان لەسـەر فاطیمە کرد ؛ چونکی ئەوە بە سەبەبێکی خاص بوو فاطیمە تەعمیمی کـرد لە هەموو حاڵو مەکانا .

---

(١) واتە نەسـەبی خاوەن تەقواکە کەمتر بێو نزمتر بێ .

١٦ـ سونەتە ضیافەت بۆ زائیرو موسافیر پیاوبێ یا ژن بێ وەك ئوم‌موشورەیك ـ رضي الله تعالى عنها ـ •

(مەوقووفو موعەللەق) ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : هەرکەسێ ئیلای کرد ، کە موددەی ئیلاکەی چوار مانگی تەواوە ، تەواو بوو ئەبێ یا ژنەکەی روجووع بکاتەوەو بە چاکیی لەگەڵیا رابوێرێ ، یا تەلاقی بدا (والذين يؤلون من نسائهم ••• الآية)(١) ئەوانەی ئیلا لەگەڵ ژنیانا ئەکەن ، سوێند ئەخۆن کە لەگەڵیان دروستنەبن، چوار مانگ موتەظیر بن لەو چوار مانگەدا ئەگەر• پەشیمان بوونەوە خوا غەفوورو رەحیمە • ئەگەر عەزمی تەلاقیان کرد خوا سەمیعو عەلیمە ح ـ ٨/١٥٤ •

(مەوقووفو موعەللەق) ئیبنو عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : کە چوار مانگ تەواو بوو صەبر ئەکرێ تا تەلاقی ئەدا ، بە موددەتەواوبوون تەلاق ناکەوێ ، تا تەلاقی ئەدا ، ئەم حوکمە لە عوثمانو عەلیو (أبو الدردا)و عایشەو دوانزە پیاو لە ئەصحابی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ورضي عنهم ـەوە ریوایەتکراوە •

لا طلاق قبل النكاح(٢) :

وقول الله تعالى : (يا أيها الذين آمنوا)(٣): ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە (إذا نكحتم المؤمنات) : کە ژنی موسوڵمانتان هێنا (ثم) : لە پاشا (طلقتموهن) : تەلاقتانداندان (من قبل أن تمسوهن) : لە پێش ئەمەدا کە لێیان بکەون ، یەعنی لە پێش جیماعا (فما لكم عليهن من عدة تعتدونها):

(١) البقـرة / ٢٣٦ •
(٢) لە پێش نیکاحا تەلاق نیە •
(٣) الأحـزاب / ٤٩ •

حەقی عیددەتان لە سەریان نیە کە هەڵیژمێرن (فمتعوهـن) : شـتێکیان بدەنێ حەقی ئەوەی کە دڵشکستە بوون (وسرحوهن) : بەرەڵلایان بکەن (سراحا جمیلا) بە بەرەڵلاکردنێکی جـــوان ؛ زەرەریان پێ مەگەیێنن کـە رایان بگرن و نەچنە لایان ح ـ ٨/١٣٥ •

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئـەفەرمـوێ : خوا تـەلاقـی خستۆتە دوای نیکاح [لە ئیبنوعـــەباس ـ رضـــي الله تعـــالى عنهمـا ـ سوئال کرا : کەسێ وتی : ئەگەر ئەو ژنەم هێنا تەلاقی کەوتبێ • فەرمووی: هیچ نیە ؛ چونکی تەلاق بۆ کەسێکە مالیـــکی ژنـێ بێ • عەرزیان کـرد : ئیبنومەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کـەسـێ تـەلاقی بـە وەقتێکەوە تەعلیق کرد ئەو تەعلیقە وا ئەبێ کە ئەیکا • یەعنی ئەو وەقتـە کە هات تەلاقی ئەکەوێ • فەرمووی : ئەگەر وا بوایە خوا ئەیفەرموو : کە تەلاقتان دان و ئەمجا نیکاحتان کردن • قەسطەلانیی] لەمەدا کە لـە پێش نیکاحا تەلاق نیە لە عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ و ئیبنولموسەییب و عوروەو ئەبوبەکری کوڕی عەبدورەحمان و عوبەیدوڵلای کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عوتبـەو ئەبانی کوڕی عوثمان و عـەلی [زەینولعابیدین] کـوڕی حسـێن ـ رضي الله تعالى عنه ـو شورەیحی قاضی و سـەعیدی کـــوڕی جوبەیرو قاسمی کوڕی محەمەدو سالمی کوڕی ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـو طاووس و حەسەنی بەصریی و عەکرەمەو عەطاو عامیری کـوڕی سـەعـدی =کوڕی= ئەبی وەقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـو جابیری کوڕی زەیـدو نافیعی کوڕی جوبەیرو محەمەدی کوڕی کەعب و ســـولەیمانـی کـوڕی یەسارو موجاهیدو قاسمی کوڕی عەبدورەحمان و عەمری کوڕی هەریم و شەعبیی یەوە ئەم حوکمە کە لە پێش نیـــکاحـا تـــەلاق نیـە ریـــوایـەت کـراوە ح ـ ٨/١٣٥ •

ئەم مەسئەلەیە ئیختیلافی عولەمای تیا بوە ، بەعزێ ئەڵێن : (مطلقا) ئەکەوێ ، بەعزێك ئەڵێن : (مطلقا) ناکەوێ ، بەعزێ ئەڵێن : تەعمیمی بکا ناکەوێ ، ئەگەر تەعیینی ژنێ یا طائیفەیێ یا عەشیرەتێ یا مەکانێ یا زەمانێ =بکا= کە مومکین بێ بژی تا ئەو وەختە طەلاقی ئەکەوێ ئیمامی شافیعی - رحمه الله -و جومهوور ئەفەرموون : (مطلقا) ناکـــەوێ ئەبـوحەنیفەو ئەصحابی - رحمهم الله - ئـەفەرموون : موطلـەقا ئەکەوێ ، جومهـووری مالیکیی تەفصیلات ئەدەن لە بەینی تەعمیمو تەخصیصا • دەلیلی ئەوانەی کە ئەفەرموون : موطلەقا ناکەوێ ئەمەیە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیـــه وسلم - فەرموویەتی : « لا طلاق إلا بعد النكاح » : لە دوای نیکاح نەبێ تەلاقدان نیە • ئەوانەی کە ئەفەرموون : موطلەقا ئەکەوێ ئـەفەرموون : ئێمەیش ئەڵێین : لە پێش نیکاحا تەلاق ناکەوێ [فەقەط کە وتی : کە ژنم هێنا تەلاقی بکەوێ کە هێنای ئەکەوێ لە پێش هێنانیا ناکەوێ • فەقەط زۆر ظاهیرە کە مەعنای حەدیثەکە وا نـیە • مەعنای وایـە لە پێش هێنانیـا بڵێ : تەلاقی بکەوێ ناکەوێ ، یەعنی کە هێنایو دوای هێنان بڵێ تەلاقی بکەوێ ئەو وەختە ئەکەوێ ، لە پێش هێنانا بڵێ کە ئەو ژنەم مارە کـــرد تەلاقی بکەوێ ، بەو لەفظە نە لە پێش هێنانو نە دوای هێیان نـاکـەوێ ، ئەبێ ئەو تەلاقدانە هەر لە دوای هێنان بێ (والله أعلـم) قەســـطەلانـی (إلى فـقط وما بعـده • رەشـــید) •

٣٨٤٧/١٢٤ - جابر بن عبدالله - رضي الله تعالى عنهما - يقول: طُلِّقَت خالتي ، فأرادت أن تَجِدَّ نخلها ، فزجرها رجل أن تخرج ، فأتت النبـي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال : بلى فجدّي نخلك فـإنك عســى أن تَصدّقي أو تفعلي معروفا م - ٦/٣٢٠ •

تەرجەمە :

جابیر – رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پوورم ، خوشکی دایکم ، تەلاق‌درا ، تەمای بوو بچێ خورمای باغەکەی لە دار ببڕێ ، پیاوێ مەنعی کرد چوە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزی‌کرد ، فەرمووی : بەڵێ بچۆ خورماکەت لە دار بکەرەوە بەڵکو صەدەقەیێکی لێ ئەکەی ، یا فەرمووی خێرێکی لێ ئەکەی ٠

بۆ ئیحتیاجی چوونەدەرەوەی موطەللەقە دروستە ٠

خولع(١) :

١٢٥/٣٨٤٨ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] أن امرأة ثابت بن قيس [جميلة بنت أبي بن سلول] أتت النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالت : يا رسول الله ثابت بن قيس ماأعتب [ما أعيب، نسخة، ماأنقم٠أخرى بخاري] عليه في خلق ولا دين ولكني أكره الكفر في الإسلام ٠ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: أتردين عليه حديقته ؟ قالت : نعم٠ قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : اقبل الحديقة وطلقها تطليقة٠ قال أبو عبدالله : لا يتابع [أزهر بن جميل] عن ابن عباس – رضي الله تعالى عنهما – [لأن غيره أرسله ، ولم يذكر ابن عباس – رضي الله تعالى عنه ـ أي في طريق خالد الحذاء عن عكرمة ٠ وإلا فطرق غير خالد موصولة كما في حديث أيوب السختياني ابن أبي تميمة عن عكرمة عن ابن عباس – رضي الله تعالى عنهما ـ الحديث] ٠

تەرجەمە :

جەمیلەی کچی ئوبەیی کوڕی سەلوول ژنی ثابیتی کوڕی قەیسی ئەنصاریی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى

عليه وسلم ـ عەرزیکرد : (یا رسول الله) ثابیتی کوڕی قەیس لە خولوقو دینا هیچ عیتابو عەیبی لێناگرم ، ئەمما لە ئیسلامەتیدا حەز ناکـەم کـە ئیرتیکابی کوفر بکەم [چونکی حەزی لێ ناکەم ، بێ ئیطاعەیی ئەکەم مەبادا شتێکی وام لێ صادر بێ کە مووجیبی کوفر بێ ، موراد لە کوفر (والله أعلم) رەنگە کوفرانی عەشیر بێ [کما سبق في الإيمان[1]] پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فـەرمـووی : باغەکـەی بۆ ئیعـادە ئـەکەیتـەوە [کە دابوویێ لە باتی مارەیی] ؟ عەرزیکرد : بەڵێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری بە ثابیت کرد : باغەکە قەبووڵ بکەو تەڵاقێکی بدە•

[لە حەدیثێکی ترا کە بە مەوصوولی ریوایەتکراوە ئەمری پێفەرموو بە ئەمری ئیرشاد نەك بە ئەمری ئیجاب] لێی جوێبوەوە •

تەڵاقی ئیغلاق : یەعنی موکرەھ (كأنه) خراوەتە هۆدەیێكو دەرگای لەسەر داخراوە بەزۆر ئیشێ یا ئیقرارێکی پێ ئەکەن :

کەسێکی موکرەھ بڵێ : ئەمە خوشکمە هیچ نیە ، نە تەڵاقە نە ظیهارە• ئیبراهیم ـ علیه الصلاة والسلام ـ دەرحەقی سارە فـەرمـووی : ئـەمـە خوشـکمە ح ـ ١٣٧/٨ •

موکرەھ ، سەرخۆش ، مەجنوون ، بە غەڵەطچوون ، لەفکرچوون ، لە تەڵاقاو ، لە شیرکا ، لە غەیری ئەمانەدا حوکمیان چیە ؟

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرموویە : عەمەل بە نییـەت موعتەبەر ئەبێ • خوا ـ عز وجل ـ لە ئاخری سوورەتی بەقەرەدا ئەفەرموێ: مەمانگرە بەوەی کە لە فکرمان چووو و کردمان ، یا بە خەطا کردمان •

(١) مەبەستی حەدیثی (٥٢/١٨٠)ە کە لە ل : ٢٩٧ی بەرگی یەکەمی ئـەم کتێبـەدایـە •

ئیقراری موەسویس دروستە یا دروست نیە ؟ پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ بە ماعیزی فەرموو ، کە ئیقراری بە زینا کردبوو : ئەتۆ شێتی ؟ لە حەدیثی عەلیو حەمزەدا کە حەمزە وشترەکانی حەزرەتی عـەلیـی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ زكێ دڕیو جەرگی دەرێناو کۆپارەکەی بـڕیو برژانی بۆ مەزە حەمزە بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـی فەرموو: تۆ چیت ؟ عەبدی باوکی منی ؟ پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ کـە زانیی سەرخۆشە پاشەوپاش گەڕایەوە (مر في السیر)[1].

ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : شێتو سەرخۆش تەڵاقیان ناکەوێ • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : تەڵاقی سەرخۆشو موستەکرەهـ ناکەوێ [ئیمامی شافیعیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : سەرخۆشی قەصدیی [تغلیظا علیـه[1] تـەڵاقی موعتەبـەرەو ئـەکـــەوێ] •

عەقەبەی کوڕی عامیر ـ رضي الله تعـالى عنـــه ـ [لە فوضـــەڵای صەحابەیە] ئەفەرموێ : موەسویس کە بە وەسوەسە تەڵاقی بێ بە دڵا بەو وەسوەسەیە تەڵاقی ناکەوێ • نافیع عەرزی ئیبنوعومەر ئەکا : پیاوێ بـە قەطعیی ژنەکەی تەڵاق دا ، بەو شەرتە ژنەکەی لەماڵبچێتە دەرێ [یـەعنی حوکمی چیە ؟] ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئـەگـەر بچێتە دەرێ [یەعنی بە ئیختیار] تەڵاقی ئەکەوێ ، گینا هیچ نیە • زوهریی ئەفەرموێ : پیاوێ بڵێ : ئەگەر وا نەکەمو وا نەکـــەم سێبەسێ تـەڵاقـی ژنەکەم کەوتبێ ئەو کەسە چی وتوەو چی لە دڵا بوە لە وەختی وتنیا لێـی ئەپرسرێ ؛ ئەگەر موددەتێکی گرتبێتە دڵ [مەثەلا لە دڵیا وابووبێ لـــە

(١) بڕوانە : ل : ٢٥٨ی بەرگی چوارەمی ئەم کتێبە .

(٢) واتە بۆ سزادانیو تۆلە لێکردنەوەی .

موددەی رۆژێکا یا دوو یا سێ رۆژا ... إلخ] حەوالەی دینی خۆیو ئەمانەتی خۆی =ئەکرێ= [یەعنی (دیانة) لێی قەبوڵ ئەکرێ] لەفظی زوهریی وایە : دوو کەس لە شتێکا نیزاعیان بێ هەردوکیان تەلاق لەسەر موددەعای خۆیان بخۆن هیچیان شاهیدی نەبێ لەسەر دەعواکەی تەلاقیان ناکەوێ ، حەوالەی دینی خۆیان ئەکرێن . ئیبراهیمی نەخەعیی ئەفەرموێ: بە ژنەکەی بڵێ : ئیحتیاجیم پێت نیە نییەتی چی بێ ئەوە موعتەبەرە ح - ٨/١٣٧ ، ١٣٨ .

تەلاقی کوللی قەومێ بە زمانی خۆیەتی [عەجەمی بێ عەرەبی بێ ، لە رەوضەدا ئەفەرموێ : تەرجەمەی تەلاق بە عەجەمییو لوغەتی تر بینا لەسەر مەذهەبی شافیعیی صەریحە ، بەعزێك ئەڵێن : دوو وەجهی تیایە ؛ وەجهێکی صەریحە ، وەجهێکی کینایەتە] ح - ٨/١٣٨ . قەتادە ئەفەرموێ: بە ژنەکەی بڵێ : کە زگت پڕ بوو تەلاقت سێ‌بەسێ کەوتبێ لە هەر طوهرێکیا دەفعەیێ جیماعی لەگەڵ بکا دوای ئەوە ئەگەر حەملی ظاهیر ببێ سێ‌بەسێ تەلاقی ئەکەوێ ح - ٨/١٣٨ .

حەسەنی بەصریی ئەفەرموێ : بڵێ : بچۆرەوە لای کەس‌و کارت ئیعتیبار بە نییەتیە . ئیبنوعەباس [رضي الله تعالى عنهما] ئەفەرموێ : تەلاق لە حینی حاجەتایە [وەك نوشووز] ئازادکردن بۆ خوایە [یەعنی هەموو وەختێ موعتەبەرە] زوهریی ئەفەرموێ : بە ژنەکەی بڵێ تۆ ژنی من نیت نییەتی موعتەبەرە ، نییەتی تەلاق بێ ئەکەوێ ، نەبێ ناکەوێ [ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : ژنێکی شێتیان هێنایە خزمەتی عومەر - رضي الله تعالى عنه - ژنەکە لە زینا زکی پڕ بووبوو ، ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - تەمای بوو رەجمی بکا] ئیمامی عەلی - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : تۆ نازانی قەڵەم لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە ؟:

لە شێت تا چاك ئەبێتەوە ، لە مناڵ تا باڵغ ئەبێ ، لە نوستوو تا خەبەر ئەبێتەوە [یەعنی غەیرە موكەللەف هیچی لەسەر نیە • ئەم قسەی حەزرەتی عەلی - رضي الله تعالى عنه - بە مەوقووفو بە مەرفووع لێی ریوایەتكراوە ، مەوقووفبوونی تەرجیح دراوە بەسەر مەرفووعبوونیا] •

عەلی [رضي الله تعالى عنه] تەڵاقی مەعتووهـ نەبێ هەموو تەڵاقێ موعتەبەرە • [ترمذیی ئەمەی بە مەرفووعیی لە ئەبوهورەیرەوە - رضي الله تعالى عنه - ریوایەتكردوە ، ئەم موعەللەقاتانە كە نووسیومە هەموو بە مەوصوولی لە طەرەفی موحەددیثی ترەوە ریوایەت كراون] ح - ٨/١٣٩ •

عـدة الوفـاة(١) :

١٢٦/٣٨٤٩ - عەبدوڵڵای كوڕی عوتبە [ی كوڕی مەسعوود] نووسیی بۆ لای عومەری كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی ئەرقەم كە بچێتە لای سوبەیعەی كچی حەرث لێی بپرسێ كە حیكایەتی خۆیو ئەوەی كە پێغەمەر - صلی الله تعالى علیه وسلم - ئەمری پێ فەرموو چۆن بوە ؟ عومەری كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی ئەرقەم بۆی نووسیەوە كە سوبەیعەی كچی حەرث [رضي الله تعالى عنها] خەبەری داوەتێ كە ژنی سەعدی كوڕی خەولە بوو كە لە بەنی عامیری كوڕی لوئەی بوو حازری غەزای بەدر بووبوو [رضي الله تعالى عنه] لە (حجة الوداع)ا وەفاتی كرد [سوبەیعە - رضي الله تعالى عنها -] لێی حامیلەبوو دوای وەفاتی ئەوەندەی پێ نەچوو وەضعی حەملی كرد ، كە لە نیفاس پاكبۆوە خۆی جوان كردبوو خوازبێنی كەر ئەبوسەنابیلی كوڕی بەعكەك كە پیاوێكە لە بەنی (عبدالدار) چوە لای پێیوت : بۆ واتئەبینم كە خۆت بۆ خوازبێنیكەر جوان ئەكەی؟

(١) عیددەی ژنی مێردمردوو •

بـه تەمای شوو بکەی ؟ وەڵڵاهی شوو ناکەی تا چوار مانگو دە شـەوت بەسەرا رانەبووریّ ! سوبەیعە [رضي الله تعالى عنها] ئـەفەرمـویّ : کـە ئەوەی پیّ وتم وەختی ئێواریّ جلەکانم لە خۆمەوەپێچاو چوومە خزمـەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێم پرسی فتوای بۆ دام کـە لـەو وەختەدا وەضعی حەملمکرد حەڵاڵ بـووم ئەمری پیّ فـەرمووم ئـەگەر ئارەزووی شووکردنم بیّ شوو بکەم ح ـ ٨/٢٥٢ ، م ـ ٦/٣٢٠ د ، ن ، جه ح ـ ٨/١٧٣ .

ئوممو سەلەمەی حەرەمی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنها ـ ئەفەرمویّ : ژنیّ لە ئەسلەم سوبەیعەیان پیّ ئەوت لـە ژێر نیکـاحی پیاوێکا بوو [سەعدی کوڕی خەولە ـ رضي الله تعالى عنه ـ] مێردەکەی وەفاتیکرد ، حامیلە بوو ، ئەبو سەنابیلی کوڕی بەعکەك داوایکـرد ، شووی پیّنەکرد ، پێیوت : وەڵڵاهی بۆت دروست نیە شـوو بـکەی تـا ئاخری دوو موددەکەت لیّ رائەبووریّ [یەکێکیان چوار مانگو دە شەوە کە لە سوورەتی بەقەرەدایە . یەکێکیان وەضعي حەملە کە لە سـوورەتی تەڵاقایە . ئەگەر لە پێش چوارمانگو دە شەوا وەضعی حەمل بکەی ئەبیّ راوەستیتاچوار مانگو دە شەو رائەبووریّ ، ئەگەر چوار مانگو دە شەو رابوردو وەضعی حەملت نەکرد ، ئەبیّ بوەستی تا وەضعی حەمل ئەکەی] فەرمووی : نزیکی دە شەو دوای وەضعی حەملم وەستام ، لە پاشا چـووە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێی فەرموو : شوو بـکە [ئەم ئایەتە ئایەتی بەقەرە تەخصیص ئەکا] ح ـ ٨/١٧٣ ، ن .

لیعـــان :

١٢٧/٣٨٥٠ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رجـلا [من فزارة] أتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا رسول الله ولد لي

غلام أسود [وإني أنكرته • م ، أخـرى] فقال : هل لك من إبل ؟ قال : نعم • قال : ما ألوانها ؟ قال : حمر • قال : هل فيهـا من أورق [ســـپی مەیلەو رەش] ؟ قال : نعم • قال : فأنى ذلك ؟ قال : لعله نزعـــه عـرق • قـــال : فـلعـل ابنك هـــذا نزعـــه ح ـ ٨/١٦٥ ، م ـ ٦/٣٥٠ ، ٣٥١ ، ح ـ ١٠/٣١٢ ، ٣٢ • وفيه : ولم يرخص له في الانتفاء منه •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ لـە فەزارە هاتەخزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزیکرد : (یا رسول الله) ژنەکەم کوڕێکی رەشـی بوو ، ئینکاری ئەکەم [یەعنی وەك لـە من نەبێ] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هیـچ وشترت هەیە ؟ عەرزیکرد : بەڵێ : فەرمووی : رەنـگیان چیە ؟ عەرزیکرد : سوورن فەرمووی : بۆزیان تیایە ؟ عەرزیکرد : بەڵێ • فەرمووی : ئەو بۆزە لـە کوێوە هاتوە ؟ فەرمووی : رەنـگە دەمارێ کێشابێتی بۆ خۆی • فەرمووی کوڕەکەی تۆیش رەنـگە رەگێ کێشابێتی •

١٢٨/٣٨٥١ ـ عن سهل بن سعد الساعدي [رضي الله تعالى عنـــه] أن عويمرا العَجْلاني جاء إلى عاصم بن عدي الأنصاري • فقال له : يا عاصم أرأيت رجلا وجد مع امرأته رجلا أيقتله فتقتلونه ؟ أم كيف يفعل ؟ سل لي يا عاصم عن ذلك • فسأل عاصم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [ورضي عنهما] عن ذلك ، فكره رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ المَسائِلَ وعابها حتى كبُر على عاصم ما سمع من رسول الله ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلما رجع عاصم إلى اهله جاءه عويمر ، فقال : يا عاصـم ماذا قال لك رسول الله ـ صلى الله تعـــالى عليه وسلم ـ ؟ فقـــال عاصـم لعـويمر : لـم تـأتني بخيـر ؛ قـد كـــره رســـــول الله ـ صـلى الله

تعالى عليه وسلم ـ المسألة التي سألته عنها • فقال عويمر : والله لا أنتهي حتى أسأله عنها • فأقبل عويمر حتى جاء رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وسط الناس • فقال: يارسول الله أرأيت رجلا وجد مع امرأته رجلا أيقتله فتقتلونه ؟ أم كيف يفعل ؟ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: قد أنزل الله فيك وفي صاحبتك ، فاذهب فأت بها • قال سهل [رضي الله تعالى عنه] فتلاعنا وأنا مع الناس عند رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلما فرغا من تلاعنهما قال عويمر : كذبتُ عليها يا رسول الله إن أمسكتها فطلقها ثلاثا [ظنا منه بأن اللعان لا يحرمها] قبل أن يأمره رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ • قال ابن شهاب فكانت سنة المتلاعنين ح ـ ٨/١٦٦ ، ١٢٨ ، ١٦٨ • م ـ ٦/٣٣٤ ، ٣٣٩ ، ٣٣٨ وفيه : قال سهل : فكانت حاملا ، فكان ابنها يدعى إلى أمه ، ثم جرت السنة أنه يرثها وترث منه ما فرض الله لها • وعن سهل في هذا الحديث أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن جاءت به أحمر قصيرا كأنه وَحَرة [دويبة تترامى على الطعام فتفسده] فلا أُراها إلا قد صدقت وكذب عليها ، وإن جاءت =به= أسود أعين ذا إلْيَتين فلا أُراه الا قد صدق عليها • فجاءت به على الوجه المكروه من ذلك ح ـ ٨/١٦٨ ، ح ـ ٧/٢٤٠ •

مەئالى هەموويان :

سەهلى کوڕى سەعدى ساعيديى ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ: عوەيميرى عەجلانيى هاتە لاى عاصيمى کوڕى عەديى ـ رضي الله تعالى عنهما ـ پێى‌وت : ئەى عاصيم پێم‌بڵێ : پياوێ پياوێکى بێگانەى لەگەڵ ژنەکەى دى بيکوژێ‌و ئێوەيش بيکوژنەوە ؟ يا چى بکا ؟ پرسم بۆ بکە• عاصم عەرزى پێغەمەرى کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زۆرى لەبەر گران بوو ، زۆرى عەيب لێ گرت •

عاصیم جوابەکەی پێغەمەری - صلی الله تعالی علیـه وسلم - زۆر لـــە لا گەورە بوو • کە تەشریفی چوە ماڵەوە عوەیمیر هات وتی : ئەی عـاصـیم پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ چی فەرموو ؟ عاصیم فەرمووی : تۆ شتێکی خێرت بۆ نەهێناوم ؛ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ زۆری پێ گران بوو • عوەیمیر وتی : وەڵلاهی واز ناهێنم تا لێی ئەپرسم • عویمیر چوە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی لە ناو خەڵقا بوو ، عەرزیکرد ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ فـەرمووی : دەرحەق تۆو ژنەکەت قورئان نـازڵبوە ، بچـۆ بیهێنە • چـوو هێنـایو مولاعەنەیان کرد ، [لە مزگەوتا • أخری] سەهل ئەفەرموێ : منیش لەگەڵ خەڵقەکەدا بووم کە لە مولاعەنە بوونەوە عوەیمیر وتی: (یارسول الله) درۆم کردبێ ئەگەر ژنەکەم لای خۆم رابگرم [وای زانی کە بە مولاعەنە لێـی حەرام نابێ] لە پێش ئەمەدا کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـــە وسـلم ـ ئەمری پێ بکا سێبەسێ تەلاقی دا • ئیبنوشەهاب ئەفەرموێ : تەفریق لە بەینی موتەلاعینەینا بوو بـە سوننەت • سەهل ـ رضي الله تعـــالی عنه ـ فەرمووی : ژنەکەی حامیلە بوو ، کوڕەکەی بە ناوی دایکیەوە بانگئەکرا، لە دوای ئەوە بوو = بە = عادەت کە کوڕو دایکەکەی = لەوەدا کە خـوا بۆی داناوە = ئیرث لە یەك بگرن • سەهل ـ رضـي الله تعـالی عنـــه ـ ئەفەرموێ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـــه وســـلم ـ فەرمووی : ئەگەر ژنەکەی منالێکی سووری کورتی وەك قۆڕیی لێ بوو ژنەکـە راســـتەو پیاوەکە درۆزنە • ئەگەر منالێکی رەشـی چاوگەورەی سمتزلی لێ بـــوو پیاوەکە راستەو ژنەکە درۆزنە • ژنەکە منالەکەی بەو وەجهە لێ بوو کـە ناخۆش بوو • یەعنی بە زانیە دەرچوو •

١٢٩/٣٨٥٢ ـ عن سعيد بن جبير [رحمه الله تعالى] قال : سئلت عن المتلاعنين في امرأة مصعب : أيُفرَّقُ بينهما ؟ قال : فما دريت ما أقول • فمضيت إلى منزل ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] بمكة ، فقلت للغلام : استأذن لي • قال : إنه قائل • فسمع صوتي ، قال : ابن جبير ؟ قلت : نعم• قال : ادخل فوالله ما جاء بك هذه الساعة إلا حاجة • فدخلت فإذا هو مفترش بَرذعة ، متوسد وسادة حشوها ليف • قلت : أبا عبدالرحمن المتلاعنان أيفرق بينهما ؟ قال : سبحان الله نعم إن أول من سأل عن ذلك فلان بن فلان ؛ قال : يا رسول الله أرأيت أن لو وجد أحدنا امرأته على فاحشة كيف يصنع ؟ إن تكلم تكلم بأمر عظيم ، وإن سكت سكت على مثل ذلك ! قال : فسكت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلم يجبه • فلما كان بعد ذلك أتاه ، فقال : إن الذي سألتك عنه قد ابتليت به • فأنزل الله ـ تعالى عز وجل ـ هؤلاء الآيات في سورة النور : (والذين يرمون أزواجهم•••)[١] فتلاهنّ عليه ووعظه وذكره وأخبره أن عذاب الدنيا أهون من عذاب الآخرة • قال : لا والذي بعثك بالحق ماكذبت عليها • ثم دعاها فوعظها وذكرها وأخبرها أن عذاب الدنيا أهون من عذاب الآخرة • قالت : لا والذي بعثك بالحق إنه لكاذب • فبدأ بالرجل فشهد أربع شهادات بالله إنه لمن الصادقين ، والخامسة أن لعنة الله عليه إن كان من الكاذبين • ثم ثنى بالمرأة فشهدت أربع شهادات بالله إنه لمن الكاذبين ، والخامسة أن غضب الله عليها إن كان من الصادقين ، ثم فرق بينهما م ـ ٣٤٠/٦ •

تەرجەمە :

سەعیدی کوڕی جوبەیر [رحمه الله تعالى • وغضب على الحجاج•••] ئەفەرموێ : دەرحەقی ژنی موصعەب سوئالیان لێکردم = دەربارەی دوان

(١) النـور / ٦ ـ ١٠ •

کە لیعان بکەن = کە لێك جویٚ ئەکرێنەوە یان نا ؟ نەمزانی چی بڵێم • چوومە مەنزڵی ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە مەککە [٠٠٠٠٠] بە غولامەکەییم وت : ئیذنم بۆ بخوازە ، وتی : چێشتەخەو ئەکا • گوێی لە دەنگم بوو فەرمووی : ئیبنوجوبەیرە ؟ عەرزم‌کرد : بەڵێ • فەرمووی : وەرە ژووریٚ ، وەڵلاهی لەم ساعەتەدا ئەبێ ئیحتیاجییێ تۆی هێنابێ • چوومە ژووریٚ ، تێفکریم سیپاڵێکی راخستبوو سەرینێکی لە ژێر سەرا بوو پووشەخورمای تێ ئاخنرا بوو • عەرزم‌کرد : ئەی ئەبوعەبدورەحمان موتەلاعینان لێك جویٚ ئەکرێنەوە ؟ فەرمووی : سوبحانەڵلا ! بەڵێ لێك جویٚ ئەکرێنەوە ، ئەوەڵ کەسێ کە لەوەی پرسیی فلانی کوڕی فلان بوو، عەرزیپێغەمەری کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : (يا رسول الله) خەبەرم بدەریٚ یەکێکمان ژنەکەی خۆی لەسەر فەحشییات ببینێ قسە بکا قسەیێکی زۆر گەورە ئەکا، بێدەنگ بێ لەسەر شتێکی زۆر گەورە بێدەنگ ئەبێ ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وسکوت‌بوو ، جوابی نەدایەوە ، لە پاش چەندێ دوای ئەوە هاتەوە خذمەتی عەرزی‌کرد : ئەوەم بەسەرا هات کە عەرزم‌کردی • خوا ـ عز وجل ـ ئەم ئایەتانەی سوورەتی نووری نازڵ فەرموو[1]، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بۆی خوێندەوەو وەعظی بۆ دادا ، خوای خستەوە فکر ، خەبەری دایێ کە عەذابی دنیا [کە داری حەددە] ئەهوەنترە لە عەذابی ئاخیرەت • عەرزی‌کرد:

---

(١) دانەر ـ خ ـ لێرەدا ئایەتەکانو تەفسیرەکەیانی نەنووسیوە ، بۆ روونکردنەوەی باسەکە لێرەدا تەفسیرەکەیان لە تەفسیری نامی وەردەگرین :

قەسەم بەوەی کە تۆی بە حەق ناردوە درۆی بەسەرەوە[1] ناکەم .

لە پاشا ژنەکەی بانگ‌کرد وەعظی بۆ خوێند ، خوای خستەوە فکر ، فەرمووی : عەذابی دنیا [کە رەجمە] سووکترە لە عەذابی ئاخیرەت . عەرزی‌کرد : قەسەم بەوەی کە تۆی بە حەق ناردوە درۆ ئەکا . پێغەمەر ـ صلی اللہ تعالی علیه وسلم ـ لە پیاوەکەوە دەستی پێکرد ، چوار دەفعە شەهادەتی دا کە راست ئەکا ، دەفعەی پێنجەم وتی : لە عنەتی خوای لێ بێ ئەگەر لەوانە بێ کە درۆزنن . ئەمجا ژنەکەی کرد بە دوەمین ؛

« ئەفەرموێت : ئەو کەسانە کە نیسبەتی زیناکردن ئەدەن بۆ لای ژنەکانیانو شایەتیان نیە شایەتیی بدا لەسەر ئەو تاوانە ، ئەوە بۆ ئەوە کە ئیسباتی ئەو تاوانە بکا پێویستە خۆی چوار شایەتیی بدا لای قازیی‌و ، لای کەمیی چوار کەس لە لایان حازر بن . بلێت : شایەتیی ئەدەم بە خودا کە من راست ئەلێم لەوەدا کە نیسبەتی ئەدەم بۆ لای ژنەکەم وەکوو زینا بێ . وە ئەگەر ویستی نەفی نەسەبی منداڵەکەیشی بکا هەم لە هەموو شەهادەتەکانیا بلێ : وە ئەو منداڵەیش کە لە لای ژنەکەیە لە من نیە . وە بۆ جاری پێنجەم بلێ : وە لەعنەتی خودام لەسەر بێ ئەگەر درۆ بکەم لەم نیسبەتەدا . وە بەم پێنج جوملە زیناکردن ثابت ئەبێ لەسەر ژنەکەی . جا یا ئەبێ ژنەکە ئەم تاوانە لە خۆی دووربخاتەوە بە (لعان) یا ئەبێ حەدی بەسەردا جاریی بکرێ .

جا ئەگەر ژنەکە ویستی تاوانەکە لەسەر خۆی لا ببات ئەبێ چوار جار شایەتیی بداو بلێ : شایەتیی ئەدەم بە خودا بە راستیی ئەو کابرایە درۆزنە لەو نیسبەتی زینادا بۆ لای من . وە ئەگەر منداڵیشی بوو بلێ : ئەو منداڵەیش کە لە لامە لەو کابرایە. وە بۆ جاری پێنجەم بلێ : غەزەبی خودام لەسەر بێ ئەگەر ئەو کابرایە راست‌بکاو راستگۆ بێ لەو نیسبەتی زینادا بۆ لای من (تەفسیری نامی ٥/٣١٩) .

لە هەر شوێنێکی ئەم باسەدا ناوی لیعانو موتەلاعینەین هاتبوو ئەوە ئەم تەفسیری سوورەتی نوورە روونکەرەوەیەتی .

(١) ئەگەر لێرەدا بفەرموێ : درۆی بۆ هەڵبەستووم ، یا درۆی بەدەمەوە کردووم راستترو کوردانەترە .

چوار دەفعە شەهادەتی دا کە پیاوەکە لەوانەیە کە درۆئەکـەن ، دەفعـەی پێنجەم وتی : غەزەبی خوای لەسەر بێ ئەگەر پیاوەکـە لەوانـــە بێ کـــە راستگۆن ٠ لە پاشا لێکی جوێ کردنەوە ٠

١٣٠/٣٨٥٣ ـ ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە موتەلاعینەینی فەرموو : حسابتان لەســـەر خوایە یەکێکتـان درۆ ئەکـــا ، ئیتر دەخـڵت بەسەریەوە نەماوە ٠ عەرزی کرد : ئەی ماڵەکـــەم ؟ فـــەرمووی : ئەگـەر راستکەی ماڵەکەت بە موقابیلی ئەوەی کە فەرجت تەصەڕوف کردوە ٠ ئەگەر درۆیش کەی ئەو ماڵە لە تۆ دوورترە وەك لەوەوە [چونکی هەم تەصەڕوفت کردوە هەم ئیفتیرایشت پێ کردوە] ح ـ ٨/١٧٠ ، م ٦/٣٤٣ ٠

١٣١/٣٨٥٤ ـ ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنـــه ـ ئـەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـــه وســـلم ـ پیاوو ژنـــەکەی عەشیرەتی بەنیعەجلانی لێك جوێ کردەوە ، پێی فەرموون : خوای تەعالاعیلمی هـەیە بەمە کە یەکێکتـــان درۆ ئـــەکا ، هیچتان تەوبە ئـــەکەن ؟ م ـ ٦/٣١٣ ، ح ـ ٨/١٦٩ (وفيه بعد هذا) : ئیبایان کرد لە تەوبە ٠ فەرمووی : خـــوا ئەزانێ کە یەکێکتان درۆ ئەکا ، هیچتان تیایە کە تەوبە بکا ؟ ئیبایان کرد ٠ **پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا ئەزانێ کە یەکێکتان** درۆ ئەکا ، یەکێکتان تیایە کە تەوبە بکا ؟ ئیبایان کرد ٠ لێکی جوێ کردنەوە ح ـ ٨/١٦٩ ٠

١٣٢/٣٨٥٥ ـ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعـــالى عنهما ـ ئەفەرموێ : لە حوضووری پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەحث لە مولاعەنـە کرا ، عاصمی کوڕی عەدیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ قسەیێکی نالایەقی کرد [وتی : ئەگەر پیاوێ پیاوێکی دی لەگـەڵ ژنـی خـۆی بەشیر لێیدا تـا ئەیکوژێ ؟ (الكرماني عن ابن بطال)] لە پاشاعاصیم گەڕایەوە بۆ ماڵەوە پیاوێ لە قەومەکەی [کە عوەیمیرە] هاتە لای پێی وت : پیاوێکی لەگەڵ

ژنەکەی دیوە • عاصم [رضي الله تعالى عنه] فەرمووی : ئـەمەم لـەوەوە بەسەرا هات کە لە حوضووری پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وتم [لە ناو خەڵقا لێم پرسیی] پیاوەکەی بردەخزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەوەی عەرزکرد کە لە ژنەکـەیەوە دیبووی ، ئەو پیـاوە (عوەیمیر) زۆر زەردو لەڕ بوو مووی ڕێك بوو ، ئەوی کە ئیـددیعـای ئەکرد کە لەگەڵ ژنەکەیی دیوە گۆشتنو قەڵەو بوو ، ئەسمەر بوو [مـوو لوول بوو م ـ ٦/٣٤٦] پووز ئەستوور بوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوایا بەیانی بکە • ژنەکە منالێکی بوو ئەشوبها بەوەی کە عوەیمیر ئەیوت بەسەر ژنەکەیەوە دیوە • پیاوێ عەرزی ئیبنوعەباسی کرد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لەو مەجلیسەدا : ئەو ژنە ـ ئەو ژنەیە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەرحەقی فەرموویەتی : ئەگەر کەسێکم بێ (بينة)و شاهید رەجمبکردایە ئەو ژنەم رەجم ئەکرد [یـەعنی ئـەو ژنـە ژنـەکەی عوەیمیرە] ؟ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : نەخەیر ئەوە ژنێکە لە ئیسلاما فیعلی فاحیشەی ئیظهارئەکرد • [ئەمما ثـابت نەبوو کە رەجم بکرێ] ح ـ ٨/١٦٩ ، م ـ ٦/٣٤٥ ، ن •

١٣٣/٣٨٥٦ ـ ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : هیلالی کوڕی ئومەییە ـ رضي الله تعالى عنه ـ [کە لەو سیانە بوو کە بێعـوزر لە غەزای پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بۆ تەبووك دواکەوتن ، بە واسیطەی راستیی خۆیانەوە کە درۆیان لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەکرد ، خـــوا لە سوورەتی بەرائـــەتا تەوبەی بـۆ نازڵکردن] قەذفی ژنەکەی کرد بە شورەیکی کوڕی سەحماوە ، کە برای دایکیی بەرای کوڕی مالیك بوو ، ئەوەڵ کەسێکە لە ئیســـلاما لیعـانی کردەوە ، لیعانی لەگەڵ ژنەکەی کرد • پێغەمەر ـ صلى الله تعـــالى عليـه

وسلم ـ فەرمووی : تەماشای کەن ئەگەر منالێکی سپیی بوو مووی ساف بوو (قضیبیء العینین) : چاو پڕوپووشاویی بوو ئـەوه هـی هیـلاله ، ئەگەر چاوڕەش بوو ، موولوول بـوو ، قاچباریك بـوو ، ئـەوه لـە شورەیکی کوڕی سەحمایە =ئەنەس = ئەفەرموێ : خەبەرم دراێ کـە چاوڕەش‌و موولوول‌بوو ، قاچباریك بوو م ـ ٣٤٤/٦ ٠

١٣٤/٣٨٥٧ ـ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعـالی عنهما ـ ئەفەرموێ : هیلالی کوڕی ئومەییە ـ رضي الله تعالی عنه ـ قەزفی ژنەکەی کـرد بـە دەم شورەیکی کوڕی سەحماوه ؛ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شەهادەتی دا [یەعنی موافیقی قورئان] پێغەمەر ـ صـلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەیفەرموو : خوا ئەزانێ یەکێکتان درۆئەکەن [یەعنی کامتان درۆ ئەکا بە موعەییەنی ئەیزانێ ، گینا منیش ئەیزانم ؛ چونـکی جەمع لە بەینی نەقیضەینا مەحاڵە] هیچ کامتان هەیـە کـە تەوبـە بکـا ؟ ئەمجا ژنەکەیش هەڵسا شەهادەتی دا ح ـ ١٦٦/٨ ٠ (مسـتغنی عنـه بمـا بعـده) ٠

١٣٥/٣٨٥٨ ـ عن ابن عباس ـ [رضي الله تعالی عنهما] أن هلال بن أمية ـ رضي لله تعالی عنه ـ قذف امرأته عند النبي ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـ بشريك بن سَحْماء ، فقال النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ: البينة أو حدٌ في ظهرك ٠ فقال : يا رسول الله إذا رأى أحدنا علی امرأتـه رجلا ينطلق [يلتمس البينة ؟] فجعل النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ يقول : البينة وإلا حد في ظهرك ٠ فقال هلال : والذي بعثك بالحـق إنـي لصادق فلينزلن الله مايبرىء ظهري من الحد ٠ فنزل جبريل [عليه السلام] وأنزل عليه : (والذين يرمون أزواجهم ٠٠٠) فقرأ حتی بلغ (إن كـان من الصادقين) فانصرف النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فأرسل إليها ، فجاء

هلال فشهد [أربع شهادات بالله إنه لمن الصادقين ، فيما رماها به ،
والخامسة أن لعنة الله عليه إن كان من الكاذبين في الرمي] والنبي ـ صلى
الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إن الله يعلم أن أحدكما [على التعيين] كاذب
فهل منكما تائب ؟ ثم قامت فشهدت [أربع شهادات بالله إنه لمن الكاذبين
فيما رماني به] فلما كانت عند الخامسة وقفوها وقالوا : إنها موجبة
[للعذاب إن كنت كاذبة] • قال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] فتلكأت
[تباطأت] ونكصت حتى ظننا أنها ترجع • ثم قالت : لا أفضح قومي سائر
اليوم فمضت • فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أبصروها ؛ فإن
جاءت به أكحل العينين سابغ الإليتين [سمت خر] خدلج الساقين
[پووز ئەستوور • لە حەدیثی ئەنەسا : قاچ باریك] فهو لشريك بن
سحماء • فجاءت به كذلك ، فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ :
لولا ما مضى من كتاب الله لكان لي ولها شأن ح ـ ٧/٢٤٣ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : هیلالی کوڕی
ئومەییە ـ رضي الله تعالى عنه ـ قەذفی ژنەکەی خۆیی کرد بە زینا لە
خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە شورەیکی کوڕی
سەحماوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ
فەرمووی : یا بەیینەو ئیثبات ، یا داری حەد لە پشتت • عەرزی کرد :
(یا رسول الله) کەسێ پیاوێ ببینێ بەسەر ژنیەوە بچێ بگەڕێ بۆ
شاهید ؟! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هەر ئەیفەرموو : یا
ئیثبات ، یا داری = حەد لە پشتت = هیلال ـ رضي الله تعالى عنه ـ
فەرمووی : قەسەم بەوەی تۆی بە حەق ناردوە راستم درۆ ناکەم ئەبێ
خوا ئایەتێکم بۆ نازڵ بکا کە پشتم لە داری حەد نەجات دا • جیبریل

ـ عليه السلام ـ ئەو ئایەتانەی سوورەتی نووری نازڵکردە سەر پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ [رب أشعث ... الحدیث] پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تا (من الصادقین)ی خوێندەوە . پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ گەڕایەوەو ناردی بە شوێن ژنەکەیشیا ، هیلالیش هات ، چوار دەفعە شەهادەتی بە خوا دا کە راستە، پێنجەم ئەگەر درۆ بکا لەعنەتی خوای لێ بێ . پێغەمەریش ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەیفەرموو : خوا عیلمی هەیە بەوەی کە یەکێکی موعەییەنتان درۆزنە ، هیچ کامتان تەوبە ئەکەن ؟ لە پاشا ژنەکەی هەڵسا چوار دەفعە شەهادەتی دا ، کە هیلال درۆ ئەکا لە قەذفەکەیا . کە هاتە سەر جاری پێنجەم رایانوەستان وتیان : ئەم پێنجەمەی مووجیبی عەذابە . ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ فەرمووی : ئەو وەختە ژنەکە دەرەنگیێکی کردو چوە دواوە ، وامان زانی کە پەشیمان ئەبێتەوەو ئیقرار ئەکا ، لە پاشا وتی : قەومەکەم تا ئەبەد موفتەضەح ناکەمو ئابڕوویان نابەم ! شەهادەتە پێنجەمەکەیشی دا .

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : کە مناڵەکەی بوو تێیفکرن ئەگەر چاوڕەش بوو ، سمتخڕ بوو پووزخڕ بوو ـ لە حەدیثی ئەنەسا قاچباریك بوو ـ ئەو مناڵە لە شورەیکی کوڕی سەحمایە . مناڵەکەی وا بوو . پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەو کیتابوڵلایە [یەعنی ئەو ئایەتانە] نەبوونایە = کە رابوردن = ئیشێکی گەورە لە بەینی منو ئەو ژنەدا واقیع ئەبوو [یەعنی وام رەجمئەکرد کە هەموو کەس عیبرەتی لێ بگرێ] .

۳۸۵۹/۱۳٦ ـ ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : سەعدی کوڕی عوبادە ـ رضي الله تعالی عنه ـ عەرزی پێغەمەری کرد

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : پیاوێکم بەسەر ژنەکەمەوە دی هیچ دەخڵی نەکەم تا ئەچم چوار شاهید یێنم ؟! [یەعنی تا چوار شاهید ئێنم و یێمەوە ئەوان لە ئیشی خۆیان ئەبنەوە] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : بەڵێ وایە • سەعد عەرزیکرد : خەیر وەڵڵا قەسەم بەوەی کە تۆی بە حەق ناردوە لە پێش ئەوەدا بە شیر چارەی ئەکەم ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : گوێتان لە قسەی سەییدەکەتانە چەندە غەیوورە ؟! من لەو بەغیرەتترم ، خوایش لە من بە غیرەتترە م ـ ٦/٣٤٧ ، ٣٤٨ ، ح ـ ٨/١٠٥ ، ١٠٦ في (٣) أحاديث •

١٣٧/٣٨٦٠ ـ مغيرة بن شعبة قال : قال سعد بن عبادة [رضي الله تعالى عنهما] : لو رأيت رجلا مع امرأتي لضربته بالسيف غير مُصْفِح عنه [أي غير ضارب بصفح السيف بل بحده] فبلغ ذلك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : أتعجبون من غيرة سعد ؟ فوالله لأنا أغير منه ، والله أغير مني ، من أجل غيرة الله حرم الفواحش ما ظهر منها وما بطن . ولا شخص أغير من الله ، ولا شخص أحب إليه العذر من الله ، من أجل ذلك بعث الله المرسلين مبشرين ومنذرين ، ولا شخص أحب إليه المِدحة من الله، من أجل ذلك وعد الله الجنة م ـ ٦/٣٤٨ •

تەرجەمە :

سەعدی کوڕی عوبادە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەگەر پیاوێکم چاو پێبکەوێ لەگەڵ ژنەکەما بە شیر لێی ئەدەم بە پانییەکەی لێی نادەم بە دەمی لێی ئەدەم • ئەم قسەی سەعدە بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ گەییەوە ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ

فەرمووی : ئێوە بۆ تەعەججوب ئەکەن لە غیرەتی سەعد ؟ وەڵلاهی من لەو بەغیرەتترم ، خوا لە من بە غیرەتترە ، لە بەر غیرەتزۆریی خوا فەحشیاتی حەرامکردوە بە ئاشکراو بە دزێتیی ، هیچ کەسێ نیە کە لە خوا بەغیرەتتر بێ ، هیچ کەسێ نیە کە لە خوا زیاتر عوذر قەبووڵکردن بحوبێنێ ، بۆیە خوا پێغەمەرانی ناردوە کە موژدە بدەنو خەڵق لە حەرام بترسێنن • هیچ کەسێ نیە کە لە خوا زیـاتـر مـەدحی پێخـۆش بێ ، بۆیە وەعدەی بــە جـەنـەت داوە •

تـم بحمـد الله کتـاب النکـــاح •

یـەك شەممە ١٨/١/٩٤٢

کتــاب ما یذکــر في الجنایات[1]

ئیکـــــــراه

في ســورة النحل : (إلا من أكــره وقلبــه مطمئن بالإيمــان) :[2]
بــه تەحقیق ئەوانەی باوەڕ بە ئایاتی خوا ناکەن خـــوا هیدایەتیان نــادا ، عەذابی زۆر بەئازاریان هەیە ، هەر ئەوانەن ئیفتیرا ئەکەن و درۆ هەڵەبەستن (و ئەڵێن : ئەوە لە طەرەف خواوەیە] کە ئیمان بە ئایاتی خواو قورئــان نیە [کە ئەڵێن ئەم قورئانە قسەی بەشەرە] درۆزن هەر ئەوانەن [کە بــە تۆ ئەڵێن موفتەریت ، تۆ نیت] هەرکەسێ دوای ئەمە کە ئیمانی هێنــاوە کافر ببێ بە زمان غەیری ئەوەی کە ئیکراهی لێ کراوە [کە تەلەفوظ بکــا بە کەلیمەی کوفرو تەلەفوظی پێ‌کرد ، ئەمما] دڵ موطمەئیننە بــە ئیمــان [ئەوە مەحفووظە لە عەذابی ئەلیم] ئەمما ئەوەی کە [بە دڵ کافر ئەبێ‌و] خوا دەرگای دڵی بۆ کوفر کردۆتەوە ئەوانە غەزەبی خوایان لەسەر بــێ‌و عەذابی بەشیددەتیان هەیە • [أتى أمر الله] ح – ١٠/٨٩ •

موکرەه زەعیفە ناتوانێ ئەوی ئەمری پێ ئەکرێ نەیکا ح–١٠/٩٠ •
حەسەنی بەصریی – رحمه الله تعالى – ئەفەرموێ : تا رۆژی قیامەت تەقیــە

(١) باسی جینایات .

(٢) النحــل / ١٠٦ .

هەیە • ئیبنوعەباس [رضي الله تعالى عنهما] ئەفەرموێ : کەسێ دز ئیکراهی لێبکاو بە زۆر ژنی پێ تەڵاق بدا هیچ نیە • ئیبنوعومەرو ئیبنوزوبەیرو شەعبیو حەسەنی بەصریش - رضي الله تعالى عنهم - وایانفەرموە ، ئیعتیبار بە نیەتە ح - ١٠/٩١ •

خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : جارییەی خۆتان ئیجبار مەکەن لەسەر زیناکردن کە خۆیان عیفەتو ناموسیان ئەوێ بۆ ماڵی دنیا ، ئەوانەی کە بە زۆر زینایان پێئەکەن بۆ پارە لە دوای ئەمە کە بە زۆر زینایان پێکرا خوا لە زینایان خۆش ئەبێو رەحمیان پێ ئەکاو عەذابیان نادا ح-١٠/٩٣ •

نیکاحی موکرەه دروست نیە لە نیکاحا رابورد • بە زۆر عەبدێکی پێ بە یەکێکی تر هیبە بکەن یا پێی بفرۆشن دروست نیە • بەعزێ کەس [کە حەنەفین] ئەوی ئەو عەبدە ئەکڕێ لەوەی کە بە زۆر پێی ئەفرۆشێ ئەو عەبدە نەذر بکا ، یا بڵێ : کە من مردم ئەو عەبدە ئازاد بێ نەذرو ئازادکردنەکەی دروستە [مەقصوودی بوخاریی وایە قسەی حەنەفی موتەناقیضە ، ئەگەر بەیعی موکرەه بێ بە سەبەبی ئینتیقالی میلك هەموو تەصەڕوفی دروستە مەخصووص نابێ بە نەذرو تەدبیر ، ئەگەر ناقیل نەبێ نەذرو تەدبیرەکەیش دروست نیە • وەکوو ئەوە وایە من بچم ماڵی یەکێکی تر زەوت بکەمو بیکەم بە خێر • ح - ١٠/٩٤ •

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئایەتی نیسا کە ئەفەرموێ : ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە بۆتان حەڵاڵ نیە کە بە زۆر ژنان بە ئیرث بگرن •• دەرحەقی ئەوانە نازڵ بوە کە پیاوێ بمردایە وارثی پیاوەکە موستەحەقتر ئەبوون بەو ژنە ؛ ئەگەر هەوەسیان بوایەو جوان بوایە هەر بە مارەیییە پێشوەکەی یەکێکیان مارەی ئەکرد ، ئەگەر هەوەسیان بوایە

ئەیان دا بە شوو بە یەکێکی تر ، مارەییەکەیان وەرەگرت ، هەوەسیان بوایە ئەیانبەستەوە [تا ئەمرد نەیانئەهێشتشوو بکا] ح - ۱۰/۹۵ .

صەفیەی کچی ئەبوعوبەیدە ئەفەرموێ : عەبدێکی مالّی خەلیفە ، یەعنی عومەر - رضي الله تعالى عنه - بە زۆر جارییەیەکی لە خومس بێ بن کرد ، عومەر - رضي الله تعالى عنه - داری حەددی لە عەبدەکە داو نەفی کرد [تا نیو ساڵ] جارییەکە چونکی موکرەهە بوو حەددی لێ نەدا ح - ۱۰/۹۵ .

زوهریی ئەفەرموێ : حوڕ جارییەیی بێ بن بکا ئیقامەی حەددی لەسەر ئەکرێ ، قیمەتی جاریەکە تەقدیر ئەکرێ بە[1] وقووف [چەندەی نوقصان هێنابێ ئەدرێ بە صاحێبەکەی] جارییەی ثەییب ئەئیممە تەضمیناتیان بۆ دانەناوە داری حەد ئەدرێ لە پیاوەکە ح - ۱۰/۹٦ .

دروستە [واجبە] کە ئینسان ترسی بێ لەمە کە پیاوێ بە زوڵم بکوژن بۆ نەجاتدانی سوێن بخوا بڵێ برامە . واجبە شەڕی لەسەر بکا ، ئەگەر زاڵمەکە بکوژێ هیچی لەسەر نیە ، دروست نیە تەسلیمی بکا ، پێی بڵێن شەراب بخۆرەوە ، مردارەوەبوو بخۆ ، عەبدەکەت بفرۆشە ، ئیقرار بە قەرز بکە ، تەڵاق بدە ، عەبد ئازاد بکە ... یاخۆ باوکت یا برات ئەکوژین .. بۆی دروستە ئەوانە هەمووی بکا بۆ نەجاتدانی نەفس [ئەو تەصەڕوفاتانەی هەموو بەتاڵە حوکمی نیە] بەعزێك ئەڵێن [کە حەنەفین ، کما قیل] ئەگەر پێی بڵێن یا ئەبێ شەراب بخۆیتەوە یا گۆشتی مردارەوە بوو بخۆی گینا باوکت یا کوڕت ، یا کەسێکی خزمت ئەکوژین بۆی دروست نیە ئیطاعەی ئەمرەکە

(۱) لێرەدا وشەیەك نووسراوە وەك (اهكى) وایە نەمزانی مانای چیە .

یکا بۆ مودافەعەی ئەوانە ، هەر بۆ موحافەظەی خـۆی بـۆی دروستە ، ئەڵێن : چونکە بۆ غەیری نەفسی خۆی موضطەڕ نیە • ئەو بەعزە لە پاشا بە ضیدی ئەم قسەیەی ئەڵێ : ئەگەر پێی بڵێن : یا باوکت یـا کـوڕت ئەکوژین ، یا ئەبێ ئەم عەبدەت بفرۆشی ، یا ئیقرار بە قەرز بکەی ، یا هیبە بکەی بە قیاس ئەم عەقدانەی مونعەقید ئەبێ ، [لازم نایێ صەبر بکا لەسەر باوکۆو کوڕی با بۆ بزنێ بیانکوژن] ئەمما ئێمە ئیستیحسان ئەکەین ، بـە ئیستیحسان ئەڵێن : بەیعو هیبەو هەموو عەقدێ لەوەدا باطیلە هـاتـوون فەرقیان کردوە لە بەینی خزمو کەسو کارو ئەجنەبیدا، بە بێ کیتابو سوننەتو حەدیث [هەر بەرەئیی خۆیان] گینا بێگانەو خزمو باوکۆو کوڕ هیچ فەرقیان نیە ، هەموویان بە ئەمری خواو رەسوولی خوا مودافەعەیان فەرزە ، حەتتا بە ظاهیر ئیرتیکابی کوفریان بۆ ئەکرێ ح - ١٠/٩٦ ، ٩٧ •

ئیبراهیمی نەخەعیی ئەڵێ : ئەوی سوێند طەڵەب ئەکـا ئەگەر زاڵـم بێ نیيەتی سوێندخۆر موعتەبەرە ، بۆی دروستە تەورییە بکا ، ئـەگـەر مەزڵـووم بێ نیيەتی سوێنددەر موعتەبەرە سـوێندخۆر تـەورییەی بۆ دروست نیە ح - ١٠/٩٧ [مەثەلا پیاوێ ئیددیعای دە لیرە لە یەکێ بکا ئەگەر ئیددیعاکەی درۆ بێ کێ سوێند ئەخوا قسەی دڵی ئەو موعتەبەرە ، ئەگەر پارەکەی دابێتێو لێی سەندبێتەوە لە دواییا لای قازیی سوێندی بدا کـە نەتداومێ بۆی هەیە بەو لەفظە سوێندی بۆ بخواو نیيەتی وابێ کە قەرزدارت نیم ، ئەگەر ئیددیعاکەی راست بێ پارەکـەی دابێتـەوەو شـاهیدی نەبێ نیيەتی قەرزدارەکە موعتەبەرە] •

نەذر نەهی لێ کراوە :

١/٣٨٦١ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : نهى النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن النذر قال : إنه [لا يقدم شيئا ولا يؤخره

إنما يستخرج به من الشحيح • م لا يأتي بخير • م] لا يـرد شـيئا إنمـا يستخرج به من البخيل ح - ٩/٣٣٧ ، ٣٨٨ ، م - ٧/١١٠ د ، ن ، جه •

٣٨٦٢/٢ - عن أبي هريرة - رضي الله تـعالى عنـه - أن رسـول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : لا تنذروا فإن النذر لا يغني من القدر شيئا ، وانما يستخرج به من البخيل م - ٧/١١٠ •

٣٨٦٣/٣ - وعنه عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : إن النذر لا يقرب من ابن آدم شيئا لم يكن الله - عز وجل - قدره له ، لكن النذر يوافق القدر فيخرج بذلك من البخيل ما لم يكن البخيل يريد أن يخـرج م - ٧/١١١ ، ح - ٩/٣٣٧ ، بلفظ : ولكن يلقيه القدر وقد قـدرتـه لـه أَسْتَخْرِجُ بِهِ من البخيل = ح - ٩/٣٨٩= •

تەرجەمە :

لە حەدیثی ئیبنوعومەرو ئەبوهورەیرەدا - رضي الله تـعالى عنهـم - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - نەهی لە نەذر كردوە ، فەرموویەتی : نەذر هیچ قەزاو قەدەر ناگێڕێتەوە ، هیچ شتێ لـە وەختـی خۆی نـە پێش ئەخاو نە پاش ئەخا ، نزیكی ناخاتەوە كەسێ كە بەخیل بێو ئیرادەی نەبێ شتێك لە ماڵی خۆی بكاتەدەرێ خوا - عز وجل - بەو نەذرە ئەو میقدارە لە ماڵی ئەو كەسە ئەكاتە دەرێ •

نەذری طاعەتو مەعصییەتو وەفا بە نەذر :

(وما أنفقتم من نفقة) : ئەوی لـە ڕێی خـوادا یا لە ڕێی شـەیتانا صەرفی ئەكەن (أو نذرتم من نذر) : ئەو شتەی كە لـە طاعەتا یـا لـە مەعصییەتا نەذری ئەكەن (=فإن الله يعلمه=) : خوا عیلمی پێی هەیە بە پێی نییەتتان موكافاتتان یا موجازاتتان ئەداتەوە (وما للظـالمين من أنصـار) :

ئەوانەی کە زاڵمن ، کە لەبەر تەحصیلی رەزای شەیتان ئیش ئەکەن نــە طەرەفی خواوە هیچ ناصیریان نیە ح ـ ٩/٣٩٠ •

٣٨٦٣/٣[1] ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من نذر أن يطيع الله فليطعه ، ومن نذر أن يعصيه فلا يعصه ح ـ ٩/٣٩٠ ، د ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

کەسێ نەذری طاعەت بکا لازمە لەسەری بەجێی بێنێ کەسێ نەذری مەعصییەت بکا حەرامە بەجێی بێنێ •

٣٨٦٤/٤ ـ عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی پێغەمەری کــرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ (يا رسول الله) لە زەمانی جاهیلییەتما نەذرم کرد کە لە (مسجد الحرام) ئیعتیکاف بگرم ، فــەرمووی : نــەذرەکەت بەجێ بێنە • ح ـ ٩/٣٩١ ، م ـ ٧/١٤١ •

نەذری صــەومو حــەجو ئیعتیکاف لــەو بابانــەدا نووسراوە • (نــەذر بـەســـه) •

الأيمـــــان[2]:

وفيه (لا يؤاخذكم الله باللغو في أيمانكم ، ولكن يؤاخذكم بما عقدتم الأيمان ؛ فكفارته إطعام عشرة مساكين من أوسط ما تطعمون أهليكــم ، أو كسوتهم ، أو تحرير رقبة ، فمن لم يجد فصيام ثلاثة أيام ، ذلك كفــارة أيمانكم إذا حلفتم ، واحفظوا أيمانكم ، كذلك يبين الله لكــم آياته لعلكــم تشـــــكرون)[3] •

(١) دانەر ـ خ ـ بە هەڵە ئەم ژمارەی دووپات کردۆتەوە •
(٢) باسی سـوێن •
(٣) المـائـدة / ٨٩ •

تەرجەمە :

خوا موئاخەذەتان ناکا بە لەغـوی ئەیمان ، کـە مەقصوودتان سوێندخواردن نەبێ ، دەمتان پێی راهاتبێ وەك : نەوەڵلاّ ، بەڵێوەڵلاّ ..إلخ ئەمما بەو سوێندە موئاخەذەتان لەسەر ئەکا کە بـە دڵ جەزمتان نـابێ بەسەر سوێندا ، مەقصوودتان بەو سوێندە مەحکەمکردنی مەقصوودەکەتان بێو نەیشێکەن ، ئەگەر نەیکەن کەفارەتی ئەو سوێندە ئیطعامی دە میسکینە [هەر یەکە موددێ] لەوەی کە خۆتان لە ئەکثەری ئەحوالاّ ئەیدەن بـە ماڵو مناڵتان لە غالبی قووتی بەلەد یا لیباسێکیان بدەنێ [کراسێ ، دەرپێ بێ ، سوخمەیێ ، مێزەرێ ، جامەدانەیێ ، کەوایێ .. ئاوریشم بێ ، خوریی بێ ، لۆکە بێ ... هەر لەوانە بێ کە لەبەر ئەکرێ ، ئەو لیباسە ئاوریشم بێ بیدا بە پیاو هی بچووك بە گەورە ، گەورە بە بچووك هەمووی دروسـتە . قەسطەلانیی] یا عەبدێ ئازاد بکا ئەگەر نەی بوو سێ رۆژ بەرۆژوو بێ ، کە سوێندتان خواردو بە جێ نەهات ئەمە کەفارەتی سوێندتانە سوێندتـان موحافەظە بکەن کە خواردتان مەیخەن ، خـوا چـۆن بـەیانی ئـەحکـامی سوێندخواردنی بۆ بەیانکردن بەو نەوعە ئەحکامی ترتان بـۆ بەیان ئـەکا تاکوو شوکری بکەن .

٥/٦٨٦٥ - عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] أن أبا بـكر(١) [رضي الله تعالى عنه] هیچ سوێندی نەئەشکان تا کەفارەتی سوێند نازڵبوو ، ئەو وەختە فەرمووی : سوێند لەسەر هیچ شتێك ناخۆمو غەیری ئەو شـتەم لەوەی کە سوێندم لەسەر خواردوە بە چاتر بزانمو سوێندەکە نـەخـەمو چاترەکە نەکەم [یەعنی سوێندم لەسەر شتێ خواردو خیـلافی ئـەوەم بە چاتر زانی سوێندەکەم ئەخەمو] کەفارەتی بۆ ئەدەم ح - ٩/٣٤٦ .

(١) حەزرەتی عائیشە ئەفەرموێ : حەزرەتی ئەبوبەکر ...

٣٨٦٦/٦ ـ عن عبدالله [بن عمر ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ] قـال : كثيرا ما كان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يحلف : لا ومقلب القلوب ح ـ ٣٤٣/٩ ، ت ، ن ، جـه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زۆر جار سوێندی وا ئەخوارد: خەیر قەسەم بە (مقلب القلوب) = کە مەبەستی خوایە ، **یانی دڵگۆڕ** = •

٣٨٦٧/٧ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ **قال : أتـى رجل** [عقبة بن عامر الجهني ـ رضي الله تعالى عنه ـ] إلى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال له : إن أختي نذرت أن تحج ، وإنها ماتت ، فقـال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لو كان عليها دين أكنت قاضيه ؟ قال : نعم• قال : فاقض الله [حقه] فهو أحق بالقضاء ح ـ ٣٩٢/٩ • سبق نظائره في الحـــج والصـــــوم •

تەرجەمە :

عەقەبەی کوڕی عامیری جوهەنیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی چوە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزی کرد : خوشکەکەم نەذری کرد کە حەج بکا مرد [نەذرەکەی بەجێ نەهێنا] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر قەرزی خەڵقی بەسەرەوە بوایە بۆت ئەدایەوە ؟ عەرزی کرد : بەڵێ • فەرمووی : حەقی خوا بدەرەوە ، خوا لە خەلق موستەحەقترە کە قەرزی بدرێتەوە •

٣٨٦٨/٨ ـ عیمـــرانی کـــوڕی حوصـــەین ـ رضـي الله تعـــالى عنـــه ـ ئەفـەرمـوێ : ثـەقیف ســـوێندخـواری بەنـیعـەقیل بـــوو ، ثـەقیف دوو پیـــاوی لـــە ئـەصـــحابی پێغـەمەر ـ صـــلى الله تعـــالى

عليه وسلم ـ به ئەسیر گرت ، ئەصحابی پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ پیاوێـکیان له بەنیعەقیل ئەسیرکرد ، لەگـەڵ ئـەو پیاوەدا (عەضـبا) یشان به تالاّن گرت • پێغـەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیه وسلم ـ تەشریفی به لای ئەو پیاوە ئەسیرەدا رابورد ، له پێوەندا بوو بانگی کـرد یا محمد ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسـلم ـ تـەشریفی چوه لای فەرمووی : چیت ئەوێ ؟ عەرزیکرد : به چ حەقێ تۆ منت گرتـوه ؟ بـه چ حەقێ (سابقة الحاج) ت [یەعنی عەضبا که وشتری پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ]ە گرتوه ؟ فـەرمووی : بـه گوناهی سوێندخوارەکەت [که ثەقیفه دوو ئەصحابیان گرتوه به ئەسیر] له پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی له لای رۆیی • دووباره بانگیکردەوه یامحمد، یامحمد ! پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ رەئووفو موشـفیقو بـه مەرحەمەت بوو ، تەشریفی گـەڕایەوه لای فـەرمووی : چیت ئـەوێ ؟ عەرزیکرد : من موسوڵمانم• فەرمووی: ئەگەر له پێش ئەسیریتا موسوڵمان بوویتایه که ئەو وەختە مالیکی نەفسی خـۆت بـووی به تەواوەتی نەجاتت ئەبوو [نەخۆت ئەسیر ئەکرای ، نه ماڵت به تالاّن ئەچوو ، ئـەمما دوای ئەسیریی ئیسلامبوونت له ئەسیرییو تالاّنی ماڵت نەجاتت نـادا خۆیشتو ماڵیشت ئەبن به موڵکی غەزایی] له پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـ له لای تەشریفی گەڕایەوه دەفعەی سێیەمیش بانگیکرد : یامحمد، یامحمد ! پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشـریفی چـوەوه لای عەرزیکرد : برسیمه طەعامم بدەرێ ، تینوومه ئاوم بـدەرێ بیخۆمەوه • فەرمووی ئەوه ئیحتیاجیته [یەعنی دەفـع ئەکرێ] لـه دوایيدا بەو دوو پیاوە صەحابیيه که ثەقیف ئەسیری کردبوون بەرەڵلا کـران • عیمـران ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : ژنێکیش له ئەنصار کـه ژنی ئەبوذەڕ

بوو - رضي الله تعالى عنهما ـ بە ئەسیر گیررا لەگەڵ عەضبادا [کـە ئـەو وشترە بوو لەو پیاوەوە دەستکەوتبوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ هەڵی‌گرتبو بۆ خۆی] ژنەکە لە بەندا بوو ، ئەو قەومەیش کـە گرتبوویان بە ئەسیر ئێواران وشترەکانیان لە بەردەمی ماڵـەکانیان مۆڵ ئەدا ، شەوێك ئەو ژنە لە بەندەکەی بـەرەڵلا بـوو بـوو ، چـوو بە لای وشترەکانەوە لەهەر وشترێ نزیك‌ئەبۆوە ئەی‌بۆڕان ، ژنـەکـەیش وازی لێ ئەهێنا تا گەیی‌یە عەضبا [کە وشترەکەی پێغەمەر بوو ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] ئەو نەیبۆڕان ، عیمران ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەو وشترە وشترێکی تەعلیم‌کراو بوو ، ژنەکە سواری پاشکۆی بوو لێی خوڕی‌و هەی‌پێی لێ‌کرد پێیان‌زانی‌و شوێنی کەوتن نەیان‌گرت ، نـەذری کرد ئەگەر خوا بەو وشترە نەجاتی دا [بیکا بە خێر] سەری ببڕێ ، کـە گەیی‌یە مەدینەخەڵق دییان وتیان : وشترەکەی پێغەمەرە ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ وتی : نەذرم‌کردوە کە خوا بەم وشترە نەجاتم بـدا سـەری ئەبڕم بە خێر . ئەوەیان عەرزی پێغەمەر کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : سوبحانەڵلا چ موکافاتێکی خراپی داوەتەوە ؟! نەذری کردوە کە خوا نەجاتی بدا بەو بێنێ سەری بڕێ ! وەفا ناکرێ بە نەذرێ کە لە گوناها بێ . وەفا ناکرێ بە نەذری شتێ کە موڵکی ئەو نەبێ م ـ ١١٢/٧ .

لە ریوایەتەکانا (ناقة منوقة ، ناقة مجرّسة ، ناقة مدربة يعني مذللة) تەعلیم‌دراو . (نذروا علموا) .

٣٨٦٩/٩ ـ عن عقبة بن عامر [رضي الله تعالى عنه] عن رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : كفارة النذر كفارة اليمين م ـ ١١٧/٧ .

تەرجەمە :

= عوقبەی کوڕی عامیر ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسـلم ـ فەرموویەتی = کەفارەتی نەذر کەفارەتی سوێندە •

١٠/٣٨٧٠ ـ عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] يقول : قـــال رسول الله ـ صلى الله تـعالى عليـه وســـلم ـ : إن الله ينهاكم أن تحلفوا بآبائكم • قال عمر [رضي الله تعالى عنه] : فوالله ما حلفت بها منذ ســمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عنها ذاكرا ولا آثرا [أي لا قائلا لها من قبل نفسي ، ولا حالفا عن غيري] م ـ ١١٨/٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ نەهیتان لێ ئەکا کە سوێند بە باوکتان بخۆن [بڵێ : بە سـەری باوکـم] ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : وەڵلاهی لەو ڕۆژەوە کە لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ م بیست کە نەهی لێ ئـەفەرموێ سوێندم پێ نەخواردوون ، نە بۆ خۆم نە لە باتی خەڵق •

١١/٣٨٧١ ـ عن عبدالله [بن عمر ـ رضي الله تـعالى عنهمـا ـ] عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه أدرك عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] =في ركب= وعمر يحلف بأبيه ، فناداهم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: ألا إن الله ـ عز وجل ـ ينهاكم أن تحلفوا بآبائـكـم فمن كان حالفا فليحلف بالله أو ليصمت م ـ ١١٨/٧ ح ـ ٦٤/٩ وفي ســورة النجم وفي الأدب والاستئذان •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە ناو چەند ســـوارێکا بـە عومەر گەیی ـ رضي الله تعالی عنه ـ سوێندی بە باوکی ئەخوارد • پێغەمەر

ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بانگی فەرموونێ : خەبەرتان ئەدەمێ کە خوا ـ عز وجل ـ نەهێنان لێ ئەکا کە بە باوکتان سوێند بخۆن ، کەسێکتان تەمای بێ سوێند بخوا بە خوا سوێند بخوا یا نەیخواو بێدەنگ بێ •

١٢/٣٨٧٢ ـ ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : کەسێ تەمای سوێندخواردنی بێ هەر بە خوا بیخوا ، قورەیشی بە باوکیان سوێندیان ئەخوارد ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : سوێند بە باوکتان مەخۆن م ـ ٧/١١٩ •

١٣/٣٨٧٣ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: من حلف منكم فقال : في حلفه باللات والعزّى فليقل لا إله إلا الله [ولم ينسبه الى الكفر ح ـ ٩/٣٦١ نیسبەتی نەداوەتە ئەلای کوفر ، یەعنی کافر نابێ ، گینا ئەمری پێ ئەفەرموێ : بە کەلیمەی شەهادەتەین • قەسطەلانیی] ومن قال لصاحبه : تعال أقامرك فليتصدق [بشيء • أخرى] م ـ ٧/١٢٠ ، ح ـ ٩/٦٤ ، ٣٦٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ سوێندی خوارد لە سوێندەکەیا وتی : قەسەم بە لاتو عوززا بڵێ (لا إله إلا الله) ظاهیر وایە یەعنی تەجدیدی ئیمانی بکاتەوە • کەسێ بە کەسێ بڵێ : بێ قومار بکەین • شتێك بکا بە صەدەقە • زوهریی نزیکی حەفتا حەدیثی هەیە هیچ کەس لەو حەدیثانەدا نەبوە بە شەریکی ، یەکێکیان ئەم حەدیثی (تعال أقامرك)یە ، موسلیم ٧/١٢١ •

١٤/٣٨٧٤ ـ عن عبدالرحمن بن سمرة [رضي الله تعالى عنه] قال :

قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لا تحلفـوا بالطـواغي ، ولا بآبـائكـم م ـ ١٢١/٧ ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : سوێند بە بتـــان مەخۆنو ، بە باوکیشتان مەخۆن ٠

١٥/٣٨٧٥ ـ عن عائشـــة ـ رضي الله تعـــالى عنها ـ ئەفـەرموێ : (لا يؤاخذكم الله باللغو)[1] لە (لا والله وبلى والله) دا نازڵ بوە ح ـ ٣٦٨/٩٠

١٦/٣٨٧٦ ـ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : لـــە وەختێکا کـە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خوطبـەی ئـەخوێند پیاوێکی دی لەبەر هەتاوا راوەســـتابوو ، پرسیی : بۆ لەبـــەر هـەتاوا وەستاوە ؟ عەرزیانکرد : ئەبوئیسرائیلە نەذری کردوە کە هەر راوەستێو دانەنیشێو نەچێتە بەر سێبەرو قسە نەکـــاو هــەر بەڕۆژوو بێ ! پێغەمەر ـ صلى الله تعــالى عليــه وسـلم ـ فەرمووی : پێی بڵێن : قسەیش بکــاو دایشبنیشــێ بیشچێتە بەرسێبـــەر ، ئـــەمما رۆژوەکەی تـەواو بکـــا ح ـ ٣٩٣/٩ ، د ، جە ٠

١٧/٣٨٧٧ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ پیـاوێ نوێـژی خەوتنانی لە خزمەت پێغەمەرا کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە چـوە ماڵەوە منالەکانی نووستبوون ، ژنـەکـەی طـەعامی بـۆ هێنـا چـونکی منالـەکانی نوسـتبوون ســـوێندی خوارد کـــە نایخوا ، لـــە پاشـــا پەشیمانبۆوەو خواردی ، چوە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليــه

(١) البقرة / ٢٢٥ . دانەر ـ خ ـ بەو شێوەی سەرەوە نووسیویە ، واتە حەزرەتی عائیشـــــە ئەفەرموێ : ئەم ئایەتە لە سوێندی نەوەڵلاو ئەرێ وەڵلادا ، واتە سوێندی بێ ئاگاییو سەرزارەکیدا هاتوەتە خوارەوە .

وسلم ـ عەرزیکرد ، فەرمووی : هەرکەسێ لە شتێ سوێندی خوارد لە دوایا غەیری ئەوەی لا باشتر بوو بیکاو کەفارەتی سوێندەکەی بدا م ـ ١٢٨/٧ •

١٨/٣٨٧٨ ـ ئەبوموسای ئەشعەریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : رەفیقەکانم ناردمیانە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە حەیوانی سواریی لێ طەلەببکەین لەو وەختەدا کە لە خزمەتیا بووین لە (جیش العسرة)دا کەغەزای تەبووکە ، عەرزمکرد : (یا رسول الله) رەفیقەکانم منیان ناردۆتە خزمەتت کە سواریان بکەی • فەرمووی : وەڵڵاهی سوارتان ناکەم لەسەر هیچ شتێك ، لە وەختێکا چووبوومە خزمەتی کە لە حاڵی غەضەبا بوو ، من لەوە بێخەبەر بووم ، لەبەر ئەوە کە هیچی نەداینێ کە سواری بینو ، لە ترسی ئەوەیش کە مەبادا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دەرحەقم شتێکی لێ بە دڵەوە گرتبم •• بە مەحزوونیی گەڕامەوە لای رەفیقەکانم ، خەبەری ئەوەم دانێ کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێیفەرمووم ، هەر بە قەد ساعەتێ وەستامو بانگی بیلالم بیست کە ئەیوت : ئەی عەبدوڵڵای کوڕی قەیس ! جوابم دایەوە ، وتی : ئیجابەتی پێغەمەر بکە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بانگت ئەکا •

کە چوومە خزمەتی فەرمووی : ئەم دوو وشترەو ، ئەم دوو وشترەو ، ئەم دوو وشترە بگرە • شەش وشترەکە لە قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عوبیادەی کڕیبوو ، فەرمووی : بیانبە بۆ رەفیقەکانت ، پێیان بڵێ : کە خوا ، یا فەرمووی : کە رەسوولوڵڵا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ سواری ئەمانەتان ئەکا ، سواریان بن • ئەبوموسا ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : بردمن بۆ رەفیقەکانم پێموتن : پێغەمەر ـ صلی الله

تعالى عليه وسلم ـ سواری ئەمانەتان ئەکا • ئەمما وەڵلاهی وازتان لیٚ نایێنم تا بەعزێکتان لەگەڵم نەیێنە خزمەت ئەوانەی کە گوێیان لەوە بـوو کـــە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیہ وسلم ـ **بە منی فەرموو لەو وەختەدا کـە بۆ** ئێوە داوام کردو نەیدامیٚو لە پاشا پێی عەطافەرمووم ، تا وا نەزانن کە من لە خۆمەوە شتێکم بە ئێوە وت کـــە ئـەو نەیفەرموویێ • رەفیقەکـــانم پێیانوتم : وەڵلاهی تۆ لای ئێمە راستیٚو چۆن حەزەکـــەی وا ئەکەین • ئەبوموسا ـ رضي الله تعالی عنه ـ چەنـد کەسێکی لە ئەصحابی بردە لای ئەوانەی کە گوێیان لە فەرمووددەی پێغەمەر بوو ـ صلی الله تعالی علیـــه وسلم ـ کە بە **ئەبوموسای فەرموو بوو ، لە ئـــەوەڵەوەنەیدانیٚو لـــە** پاشـــا داینیٚ ، ئەوانـە خەبـەریان دانـیٚ بـەوەی کـــە ئـەبـوموسـا خـــەبـەری دابوونـیٚ بـە تەواوەتـی بـیٚ کـــەمو زۆر م ـ ١٢٣/٧ •

١٩/٣٨٧٩ ـ زوهدوم ئەفەرمیٚ لە خزمەت ئەبوموسـادا **بووین** ـ رضي الله تعالی عنه ـ سوفرەی طەلەب‌کرد ، بۆیان هێنا گۆشتی مریشکی لەسەر بوو ، پیاوێکی سوور لە بەنی (تیم الله) هات ، لە مەوالیی ئەچوو [یەعنی ئازادکراو] ئەبوموسا ـ رضي الله تعالی عنه ـ پێیفەرموو : وەرە بخۆ پێغەمەرم دی ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە لە گۆشـت مریشکی

---

(١) دانەر ـ خ ـ لە سووچێکی لاپەڕەکەوە بە قەڵەمێکی شین ، دیارە لەکاتی پیاچوونەوەدا ، ئەمەی نووسیوە :

« ظاهیر وایە ئەو وشترە تالانیە لە تەقسیما بەر قەیس کەوتبیٚو پێغەمـــەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ لێی کڕیبیٚو دابێتی بەوان . (فلا منافاة بینه وبین ما سبق) » .

مەبەستیشی ئەوەیە ئەم حەدیثەو حەدیثەکـەی پێشوو یـەك بخـاتو ئالۆزیی لە نێـوان ماناکانیانـا نەیێڵیٚ ، چونکی لـەویٚ ئەفەرمویٚ : وشترەکانی لە قەیس کڕیٚو لێرە ئەفەرمویٚ : تالانییان هێنا .

ئەخوارد ، پیاوەکە وتی : چاوم پێکەوت کە شتێکی پیسی ئەخوارد بـێزم لێکرد سوێندم خوارد کە نەیخۆم • فەرمووی : بێ لەوە خەبەرت بدەمێ : لەگەڵ جەماعەتێ لە ئەشعەریی چووم خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ کە سوارمان بکا فــەرمووی : وەڵلاهی سوارتان ناکـەم ، هیچم لا نیە کە سواری ئەوەتان بکەم • مودەتێ وەستاین وشتری تالآنیان هێنایە خزمەت ، بانگی کردین پێنج وشتری کۆپارەبەرزی داینێ ، فەرمووی: کە رۆیینەوە جێی خۆمان بە یەکتریمان وت : سوێندەکەمان نەخستەوە بیری پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەڵلاهی بەرەکەتی نـابێ بۆمان • گەڕاینەوە خزمەتی عەرزمانکرد : (یا رسول الله) هاتینە خزمەتت سوارمان بکەی سوێندت خوارد کە سوارمان نەکەی ، کـەچی ســـوارتکردین • سوێندەکەت لە فکر چۆتەوە ؟ فەرمووی : وەڵلاهی (إن شاء الله) لە سەر هیچ شتێ سوێند ناخۆمو غەیری ئەو شتە بە خێرتر بزانمو ئەو شتە خێرە نەکەمو کەفارەتی سوێندەکـــەم نەدەم • بڕۆنـــەوە ئـــەوە خــوا ئێوەی سوارکردوە م ـ ٧/١٢٤ ، ح ٥/٢٠٨ ، ح ـ ٦/٤٢٥ •

٢٠/٣٨٨٠ ـ عن أبي هريرة قال : قال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : من حلف علی یمین فرأی غیرها خیرا منها فلیأت الذي =هو= خیر ولیکفر عن یمینه م ـ ٧/١٢٩ •

تەرجەمە :

هەرکەسێ سوێندی لە شتێ خوارد لە دواییدا غەیری ئەوەی بە چاك زانی چاکەکە بکاو کەفارەتی سوێندەکەی بدا •

٢١/٣٨٨١ ـ تەمیمی کوڕی طورفە ئەفەرموێ : سائیلێ هاتەخزمەت عەدیی کــوڕی حاتەم داوای میقدارێ لــە قیمەتی خادیمێکی لێکـرد ، فەرمووی : غەیری زرێو کلآوزرێکەم هیچ شتێکم لە لا نیە ، ئەنووسـم

بۆ ماڵەوە بتدەنێ • پیاوەکە قەبووڵی نەکرد ، عەدیی رقی هەڵسا فەرمووی: وەڵلاهی هیچت نادەمێ ، لە دواییا پیاوەکە رازیی بوو عەدیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : وەڵلاهی ئەگەر لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م نەبیستایە کە ئەیفەرموو : هەرکەسێ سوێندی لەسەر شتێ خوارد لە پاشا غەیری ئەوەی بەتەقواتر زانی تەقواکـە بکا •• سـوێندەکـەم نەئـەخسـت م ـ ٧/١٢٩ •

٢٢/٣٨٨٢ ـ لە ریوایەتێکی ترا ئەفەرموێ : داوای صـەد درهەمی لێکرد فەرمووی : داوای صەد درهەمم لێ ئەکەی ؟ من کوڕی حـاتـەمم وەڵلاهی ناتدەمی ! (والباقی بمثل ماسبق) م ـ ٧/١٣٠ •

٢٣/٣٨٨٣ ـ عبدالرحمن بن سمرة [رضي الله تعالى عنهما] قال : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يا عبدالرحمن بن سمرة لا تسألِ الإمارة فإنك إن أوتيتها عن مسئلة وكلت إليها ، وان أوتيتها من غير مسئلة أُعِنْتَ عليها ، وإذا حلفت على يمين فرأيت غيرها خيرا منها فكفر عن يمينك وائت الذي هو خير ح ـ ٩/٣٤٧ وفي الأحكام والكفارات ، أبو داود في الخراج، الترمذي في الايمان ، النسائي قصة الإمارة في السير ، وقصة اليمين في الأيمان • القسـطلاني •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە عەبدوڕەحـمانی کـوڕی سەمورەی فەرموو ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەی عەبدوڕەحمانی کـوڕی سەموره داوای مەئموورییەت مەکە ؛ چونکی ئەگەر بە داواکردن بتدرێتێ ئـەوە حەواڵە بە خۆت ئەکرێ [یەعنی دیارە خۆت هیچت لە دەست نـایێ ئەو کارە قورسە بکەی] ئەگەر بێ داواکردن بتدرێتێ [لە طەرەفي خواوە]

موعاوەنەتت ئەکرێ • کە لەسەر شتێکیش سوێندت خوارد لە پاشا بـۆت مەعلووم بوو کە غەیری ئەوە خێرترە کەفارەتی سوێندەکەت بدەو ئـەوی کە خێری تیایە بیکە • ئەوە بکە کە خێرە •

لە حەدیثەکەی پێشوودا سوێندخستنەکەی پێش کـەفـارەتخست ، لەم حەدیثەدا کەفارەتی پێش خست • شافیعیی‌و مالیك‌و جومهوور – رضي الله تعالى عنهم – دروستە پێشخستنی کەفارەت ، فەقەط شافیعیی – رضي الله تعالى عنه – فەرموویەتی : ئەگەر کەفارەتەکەی رۆژوو بێ ئەبێ دوای‌خا چونکی عیبادەتی بـەدەنییـە • غـەیری رۆژوو سـونەتە دوای‌خا • لای حەنەفیی پێشخستنی دروست نیە • دەلیلمان ئەم حەدیثەیە ، لە ریوایەتی ئەبوداوودا ئەفەرموێ : کەفارەتەکەی بدە لە پاشا ئیشە خێرەکە بکە • قەسـطەلانیی •

نییەت لـە سـوێندا :

٢٤/٣٨٨٤ – عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] : =قال= رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – : **يمينك على ما يصدقك عليه [به• أخرى]** صاحبك [اليمين على نية المستحلف • أخرى] م – ١٣١/٧ •

تەرجەمە :

یەعنی ئەگەر قازیی سوێندی کەسێکی دا نییەتی قازییەکە موعتەبەرە، تەورییە دروست نیە • یەعنی لای قازیی بڵێ : تا رۆح لـە قـەفەسـی ئـەم سنگەدایە ئەو ئیشە ناکەم ، لە پاشا چۆلەکەکەی ناو باخەڵی سـەربڕێ‌و بیکا ، یا بڵێ ئەم نەفسە ئەو شتەی نەکردوە •••= سوێندەکەی ئەکەوێ=•

الاصرار في اليمين(١) :

٣٨٨٥/٢٥ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال [جزء من حديث مر في الجمعة] : نحن الآخرون السابقون =يوم القيامة= ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: والله لأَنْ يلج أحدكم بيمينه في أهله آثَمُ له عند الله من أن يعطي كفارته التي افترض الله عليه ح ـ ٣٤٨/٩ ، م ـ ١٤٠/٧ وعنه قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من استلج [من اللجاجة أي الإصرار] في أهله بيمين فهو أعظم إثما لِيَبَرَّ يعني الكفارة ح ـ ٣٤٩/٩ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئێمـە لــە **دوای** هەموو ئوممەتێ هاتووینە دنیا ، لە ئاخیرەتا لە هەموویان **لەپێشترین** [زووتر حسابمان ئەکرێو زووتر ئەچینە بەهەشت] فەرمووی : وەڵلاهی ئینسـان لەسەر سوێند ئیصرار بکا [و بەو ئیصرارە ئەهلو عەیالی زەرەر بێنێو] بەو سوێندەوە بچێتە ماڵەوە ، لای خوا گوناهبارتر ئەبێ لەوەی کە سوێندەکەی بخاتو کـەفارەتی بدا ، بــا واز لە ئیصـــرارو لـەجـاج بێنێ ، یـەعنـی کـەفارەتەکەی بـدا .

ئیســـتیذانو ســــــەلام :

٣٨٨٦/٢٦ ـ عن عقبة بن عامر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إياكم والدخول على النساء . فقال رجل من الأنصار : يا رسول الله أفرأيت الحمو ؟ قال : الحمو الموت ح ـ ١١٠/٨،

(١) سووربوون لەسەر سوێند .

م ـ ٨/٤٧٥ ت ، ن • الحمو : أقـارب الـزوج [ممن ليس بمحـرم لهـا]
م ـ ٨/٤٧٦ •

لام وایە ئەحادیثی ئیستیذانم نووسیوە[1]، ئەگەر نەمنووسیبێ ئـەم عەدەدانەیە مەلا سەلام ـ خوا خۆیو باوکیو خوشەویستیان سەلامەتکا ـ بیان نووســێ : م ـ ٨/٤٦١ ، ح ـ ٩/١٣٨ ، ١٣٧ ، ١٣٥ ، ٦٥ ، ١٢٩ ، م ـ ٨/٢٦٤ ، ٢٧١ ، ٤٧٢ ، ٤٧٣ ، ٤٧٥ ، ٤٧٧ ، ٤٥٧ ، ٤٥٨ ، ٤٥٩ ، ٤٦٠ ، استئذان أبي موسى على عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خ ـ ١٠/٦٥، م ـ ١٠/٥٣ •

القصـــــــاص[2] :

قال الله ـ تعالى ـ: (كتب عليكم القصاص في القتلى •••)[3] الآيـة فـي ســـــورة البقـــرة •

(وما كان لمؤمن أن يقتل مؤمنا إلا خطأ •••)[4] الآيات • رحم الله تعالى من يكتبها بترجمتها[5] •

تەفسیری ئایەتەکەی سوورەتی بەقەرە :

(يا أيها الذين آمنوا كتب عليكم القصاص في القتلى : الحر بالحر ، والعبد بالعبد ، والأنثى بالانثى) :

(١) بەڵێ راست ئەفەرمووی ، ئەم باسە لە ل : ١٢٠ی بەرگی پێنجەمدایە .
(٢) تۆڵە سەندنەوە .
(٣) البقـــرة / ١٧٨ .
(٤) النســـــاء / ٩٢ •
(٥) واتە : خوا رەحم بەو کەسە بکا لەگەڵ تەرجەمەکانیانا ئەیـانووسێ . لەسەر ئەم داواو دۆعای دانەرە بە هیوای رەحمی خوایش وا تەفسیری ئایەتەکان بە گوێرەی (تەفسیری نامی) هەر لەسەرەوە دەنووسم .

له بوخاريی شه‌ریفا ئه‌فه‌رموێ : ئه‌م ئایه‌ته هاته‌خواره‌وه له دووهۆز له هۆزی عه‌ره‌به‌کان که جه‌نگیانکرد له ناوخۆیانا ئه‌یانوت : له باتی به‌نده‌یه‌کمان فلانی کوڕی فلان ئه‌کوژین‌و ، له باتی جارییه‌مان فلانه ژنی وا ئه‌کوژین •

که وابوو مه‌به‌س له‌م ئایه‌ته ئه‌مه‌یه هیچ لایێ له حه‌قی خۆیان لانه‌ده‌ن‌و زیاده‌ڕه‌وی نه‌که‌ن • واته ئه‌ی که‌سانێ که ئیمانتان هێناوه به خودا فه‌رزکراوه له‌سه‌رتان تۆڵه له هۆی کوژراوه‌کانه‌وه ، واته پێویسته له‌سه‌ر بکوژ مل که‌چ بکا بۆ ئه‌وه سه‌رۆکی موسوڵمانان بیکوژێته‌وه له تۆڵه‌دا ، وه پێویسته بۆ خاوه‌ن حه‌ق له ئه‌ندازه‌ی تۆڵه‌ی خۆی لانه‌دا ، ئاده‌میزادی ئازاد له باتی ئاده‌میزادی ئازادو ، به‌نده له باتی به‌نده‌و ، مێیینه له باتی مێیینه‌و •• له‌وه به‌ولاوه ره‌وا نیه له ئایینی ئیسلاما •

جا مادام ئه‌م ئایه‌ته بۆ لابردنی ته‌جاوزاتی خه‌ڵکی هاتوه له حه‌ق سه‌ندنه‌وه‌دا ئیتر ئه‌وه ناگه‌یه‌نێ که ئازاد له تۆڵه‌ی به‌نده‌دا ناکوژرێت‌و پیاو له تۆڵه‌ی ژندا ناکوژرێت • وه ئه‌م حوکمانه حه‌واڵه‌ی پێشه‌واکانن به ئه‌ندازه‌ی ئه‌و ده‌لیلانه ده‌ستیان که‌وتوه • وه له مه‌زهه‌بی ئێمه‌دا پیاو ئه‌کوژرێ له خوێنی ژنا ، وه ئه‌گه‌ر دوو سێ پیاو پیاوێکیان کوشت هه‌موو ئه‌کوژرێنه‌وه •

جا ئه‌م فه‌رزبوونی قیصاصه به‌م مه‌رجه‌یه خاوه‌ن حه‌ق بیه‌وێ قیصاص وه‌ربگرێته‌وه • ئه‌گه‌ر ویستی عه‌فوی بکا به خۆڕایی ، وه یا له موقابیلی (دیه)دا ، واته له به‌رانبه‌ری ماڵێکی تایبه‌تیدا ئه‌توانێ ، وه‌کو خودای ته‌عالا فه‌رموویه‌تی :

(فمن عفي له من أخيه شيء) :

واته : ئه‌گه‌ر ئاده‌می کوژێ عه‌فوو چاوپۆشیی بۆ هات له لایه‌نی برای

خۆیەوە بـە ئەندازەیێ لە عەفو ، واتە هەر حەقی خۆی عەفو بکا ئـەگـەر حەقدار زۆر بن ، وە یاخود هەموو حەقەکە هەر عائیدی ئەو بێ •

(فـاتبـاع بالمعروف وأداء إليـه بإحسـان):

ئەوە واجبە لەسـەر ئـەو کەسـەی عەفوەکە ئـەکا بە پیاوەتیو چاكکردەوەیی داوای ئەو ماڵە بکا کە بڕیاریداوە • وە واجبە لەسەر کابرای پیاوکوژ ئەو ماڵە پێشکەش بکا بە بێ ماتڵکردنو کەمکردنەوە •

(ذلـك تخفيف من ربكـم ورحمـة) :

دامەزرانی یاسای چاوپۆشیی لە (قیصاص) بارسووککردنە لە لایەنی خوداوەو میهرەبانییە •

(فمن اعتدى بعد ذلك فلـه عذاب أليـم) (١٧٨) :

دەی هەرکەسێ تەجاوز بـکا لـە پاش چاوپۆشیی لـە قیصـاصو وەرگرتنی ماڵەکە ـ واتە ئەگەر کابرای ماڵوەرگر بڕوا کابرا بکوژێ ، وە یا ماڵدەر ماڵەکە نەدا ـ ئەوە لە لایەنی خـوداوە عـەزابێکی گـرانـی ئێشـگەیێنی بۆ هەیە •

(ولكم في القصاص حياة يا أولي الالباب لعلكـم تتقون) (١٧٩) :

واتـە بۆ ئێوە هـەیە لە دامەزرانی یاسـای قیصـاصدا ، وەکـو باسمانکرد ، حەیاتو زیندەگییەکی گەورەی بە نرخ ئەی خاوەن عەقڵـە ساغەکان • جا رجامان وایە خۆتان بپارێزن ، چونکی پیاوکوژ لە ترسـی قیصاص ناوێرێ کەس بکوژێ وا حەیاتی کوژراوەکـە ئەپارێـزرێ • وە مادام ئەو نەکوژرا ئەمیش ناکوژرێ لە قیصاصا وا حەیاتی ئەمیش مایەوە• وە لە لایەکی ترەوە کاتێ یاسای قیصاص دامەزرا خەڵك لەبەر طائیفەگەریی

لە باتی پیاوێ چەن پیاو ناکوژن وا ئەم نەوعە حەیاتەیش هەم دەس کەوت ....(1)

تەفسیری ئایەتەکانی سوورەتی نیساء :

فەرموودەی خودا : (وما كان لمؤمن أن يقتل مؤمنا) :

ئیبنوجەریر ریوایەتی کردوە لە عەکرەمەوە ئەڵێ : حەرثی کوڕی یەزید لە بەنی عامیری کوڕی لوەی لەگەڵ ئەبوجەهلدا عەزابی عەیاشی کوڕی ئەبو رەبیعەیان ئەدا • پاش موددەیەك حەرث موسوڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ لای حەزرەت ـ دـ بۆ مەدینەی مونەووەرەو لە رێگەدا گەیشت بە عەیاش و عەیاشی لەسەر ئەو تەعزیبە کە لە لایەنی ئەوەوە کرابو بێ پرس و مەسڵەحەت دایە بەر شیرو کوشتی ! وە گومانی وابوو هەر کافرەو هات خەبەری دا بە حەزرەت ،جا ئەم ئایەتە نازڵبوو •

(وما كان لمؤمن أن يقتل مؤمنا إلا خطأ) :

رەوا نیەو ناجۆرە بۆ موسوڵمان کە موسوڵمان بکوژێ مەگەر بە هەڵە•

(ومن قتل مؤمنا خطأ فتحرير رقبة مؤمنة ودية مسلمة إلى أهله إلا أن يصدقوا) :

وە هەر موسوڵمانێ موسوڵمانێکی تر بە هەڵە بکوژێ ئەوە فەرزە لەسەری کە بەندەیەکی موسوڵمان ئازاد بکاو هەم واجبی شانیەتی دیەکە تەسلیم بکرێ بە خوێنڕەسی ئەو کوژراوە سا مەگەر بیکەن بە بەخشش و وەری نەگرن •

(فإن كان من قوم عدو لكم) :

ئەگەر کوژراوەکە لە قەومێ بوو کە دوژمنی ئێوە بن •

(1) بڕوانە : تەفسیری نامی مەلا عبدالكريمی مدرس ١/٢٩٤ .

(وهـو مـؤمـن) :

وە کابرا موســـوڵمان بـوو •

(فتحـــرير رقبـــة مؤمنـة) :

ئەوە واجبی قاتڵەکە بەس ئازادکردنی بەندەیەکی موسوڵمانە ، ئیتـر دییـەو خوێنی نیە ؛ چونکی ئەو کوژراوە موسوڵمانەو قەومەکەی کافرن و ،ئەو کافرانە میرات وەرناگرن لە موسوڵمان •

(وإن كان من قـوم بينكم وبينهم ميثـاق) :

وە ئەگەر کوژراوەکە لە قەومێکی کافری وا بوو کە لە بەینی ئێوەو ئەوانا پەیمان بوو وە دەستان بۆ یەك نەدەبرد •

(فدية مسلمة إلى أهله وتحرير رقبة مؤمنة) :

ئەوە واجب دییەیەکە بدرێ بە خوێنڕەسە موعاهیدەکانی : چـونکی خوێنی کافری موعاهید ئەدرێ بە کـــافری موعـاهیـد ، وە ئازادکردنـی بەندەیەکی موسوڵمانیشــە •

(فمن لم يجد فصيام شهرين متتابعين ، توبة من الله) :

وە ئەگەر کابرای قاتڵ دەستی نەدەڕۆیی کە بەندە ئازاد بــکا ئـەوە واجبەکەی ڕۆژووگرتنە لە ماوەی دوو مانگدا ڕۆژ بە دوای ڕۆژا وە ئەمە دامەزراوە لە بەر ئەوە کە خودا تەوبە لەو قاتڵە قەبووڵ بکا •

(وكـان الله عليمـا حكيما) (٩٢) :

وە خودای تەعالا زانایە بە حاڵی هەموو لایێ و خاوەن حیکمەتیشە لە هەمـووە کارێـکدا •

(ومن يقتـل مؤمنـا متعمـدا) :

هـەرکەسێ موسوڵمانێ بکوژێ بـە قەسدو مەبەس‌و حەقی کوشتنی نـەبێ بـە یاسای ئیسـلام •

(فجزاؤه جهنـم خالـدا فيهـا) :

ئەوە جەزای ئەو پیاوکوژە یا ئەو ژن‌کوژە دۆزەخەو حاڵی کابرا وایە تیایا ئەمێنێتەوە هەتـا هەتایـە •

(وغضب الله عليـه ولعنـه) :

وە خودا غەزەبی خۆی ڕژاندوە بەسەریاو نەفرینی لێ‌کردوەو دووری خستوەتەوە لە میهرەبانیی خۆی •

(وأعـــد لـــه عـذابـا عظيمـا) (٩٣) :

وە بۆی ئامادە کردوە سزایەکی گەورە •»[١]

٢٧/٣٨٨٧ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لن يزال المؤمن في فسحة من دينه ما لم يصب دما حراما ح ـ ٣٩/١٠ •

تەرجەمە :

موئمین مادام خوێنی نەڕژتبێ هەر لــە فەرەحی دینـی خۆیـا ئـەبێ غـائیلەی نـەبێ •

٢٨/٣٨٨٨ ـ وعنه قال [موقوفا] : إن من وَرْطات الأمـور التي لا مخرج لمن أوقع نفسه فيها سفكَ الدم الحرام بغير حله ح ـ ٤٠/١٠ •

تەرجەمە :

خوێن‌ڕژانی حەرام بە ناحەق لەو شتە موهلیکانەیە کە ئەو کەسـەی خۆی هاویتە ناوی قەت لێی‌نایێتە دەرێ •

---

(١) بروانە : تەفسیری نامی ، مەلا عبدالکریمی مدرس ٣٩٢/٢ .

٣٨٨٩/٢٩ ـ وعن عبدالله [بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أول ما يقضى بين الناس في الدماء [الصلاة • أخرى • أي في حقوق الله فلا منافاة]• ح ـ ١٠/٤٠ •

تەرجەمە :

ئەوەڵ موحاکەمەیێ کە لە بەینی خەڵقا ئەکرێ [لە قیامەتا] ئەو موحاکەمەیە کە لە خوێنا ئەکرێ •

تیرمذیی لە ئیبنوعومەرەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ریوایەت ئەکا نەمانی دنیا لای خوا لە کوشتنی موسوڵمان ئەهوەنترە • قەسطەلانیی •

لە حوقووقی ناسا ئەوەڵ موحاکەمە خوێنە لە (حقوق الله)دا نوێژە •

٣٨٩٠/٣٠ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] يقول : قال أبو القاسم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من أشار إلى أخيه بحديدة فإن الملائكة تلعنه حتى [يدعه • نووي] وإن كان أخاه لأبيه وأمه ! م ـ ١٠/٥٢ •

تەرجەمە :

کەسێ ئیشارەی برای خۆی بکا بە شتێکی تیژ تا وازی لێ یێنێ مەلائیکە لەعنی لێ ئەکا با برای دایکیو باوکیشی بێ !

٣٨٩١/٣١ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال رسول الله [صلى الله تعالى عليه وسلم] : لا يشير أحدكم إلى أخيه بالسلاح ؛ فإنه لا يدري أحدكم لعل الشيطان ينزع في يده فيقع في حفرة من النار م ـ ١٠/٥٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هیچ کەسێ لە ئێوە بە سیلاح ئیشارەتی برای دینیی خۆی نەکا ، چونکی نازانێ بەڵکو

شەیتان سیلاحەکەی لە دەستی رائەکێشێ بۆ ئەو کەسەو ئەیکوژێ ئەکەوێتە چاڵێکی ئاگرەوە •

٣٨٩٢/٣٢ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - قال : كانت في بني إسرائيل قِصاص" [أي مماثلة" ، ولذا أُنِّث] ولم تكن فيها الدية ، فقال الله [تعالى في كتابه] لهذه الأمة : [كتب عليكم القصاص في القتلى)[1] إلى هذه الآية [تمامها : الحر بالحر والعبد بالعبد ، والأنثى بالأنثى ؛ فمن عفي له من أخيه شيء فاتباع بالمعروف وأداء إليه بإحسان ، ذلك تخفيف من ربكم ورحمة ، فمن اعتدى بعد ذلك فله عذاب أليم] قال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : فالعفو أن يقبل الدية في العمد • قال فاتباع بالمعروف : أن يطلب بمعروف ويؤدي [القاتل الدية] بإحسان ح - ٤٩/١٠ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : لە بەنیئیسرائیلا قیصاص بوو دیە نەبوو ئەیشڵێن لە شەریعەتی عیسادا - صلی الله تعالی علیه وسلم - دیە بوو قیصاص نەبوو ، ئەگەر وابێ شەریعەتی ئێمە جامیعی هەردوو لایە • قەسطەلانی • خوای تەعالا بۆ ئەم ئوممەتە فەرمووی : ئەی ئەوانەی ئیماتتان هێناوە قیصاصتان لەسەر نووسراوە لەسەر ئینسانکوشتن: حورِ بە حورِ ئەکوژرێتەوە ، عەبد بە عەبد ئەکوژرێتەوە ، ژن بە ژن ئەکوژرێتەوە ••• هەرکەسێ لە طەرەفی برای خۆیەوە شتێکی لێعەفو بکرێ ئیبنوعەباس ئەفەرموێ : لە عەمدا دیەی لێ قەبووڵ بکرێ ، کە دیەی لێقەبووڵ کرا بەخۆشیی طەلەبی دیەتەکە لە قاتیلەکە بکا،قاتیلەکەیش بە خۆشیی دیەتەکەی بداتێ • ئەم دیەتقەبووڵکردنو عەفوکردنە

(1) البقـــرة / ١٧٨ .

سووكیی‌و رەحمەتێكە لە طەرەفی خوای ئێوەوە بە ئێوەی كردوە ، دوای عەفوو دییەت هەركەسێ تەجاوز بكا [یـەعنی وەرەثـەی مەقتوولەكـە پێن قاتیلەكە یا كەسێكی تری بكوژنەوە] ئەو كەسە عەذابێكی بـە شیددەتـی هەیـە لــە ئـاخیرەتا •

پیاو بە ژن ئەكوژرێ ، بە عەبد ناكوژرێ • بە ئەحادیثی تر ثابتە •

٣٨٩٣/٣٣ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : أبغض الناس إلى الله تعالى ثلاثة : ملحـد فـي الحرم ، ومبتغ في الاســـلام سنة الجاهلية ، ومطّلب دم امرىء بغير حق ليهريق دمـه ح ـ ١٠/٥٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وســلم ـ فەرمووی : مەبغووضترینی خەڵق لای خوا ـ عز وجل ـ سێ كەسە : كەسێ لە حەرەما ئیلحاد بكا [یەعنی شتی خراپ بكا ، زوڵمێ بكا] دوەم كەسێكە لە ئیســـــلامەتیدا عادەتی جاهیلییەت بەجێبێنێ • سێیەم كەسێكە شوێن خوێنی پیاوێ بكەوێ بـە ناحەق تا خوێنی بـرێـژێ •

لە خەصائیصی حەرەمی مەككەو مەدینەیە گـــوناهی بوچووكی تیـا گـــەورە ببـێ •

الاقرار في الحدود وشهادة المظلوم(١) :

٣٨٩٤/٣٤ ـ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن يهوديا قتل جارية على أوضاخ [حلي من فضة] لها قتلها بحجر [رض ، دق ، رأس جـاريـة بين

(١) دان‌پیانان لە حودوودداو شایەتیی ستەم‌لێكراو •

حجرين • أخرى خ] فجيء بها إلى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وبها رمق ، فقال : أقتلك [فلان قتلك ؟ فرفعت رأسها ، فأعاد عليها ، قال : فلان قتلك ؟ فرفعت رأسها • فقال لها الثالثة : فلان قتلك ؟ فخفضت رأسها • فدعا به رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقتله بين الحجرين •أخرى•خ] فأشارت برأسها : أن لا • ثم قال الثانية ، فأشارت برأسها : أن لا • ثم سألها الثالثة فأشارت برأسها : أن نعم • فقتله النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بحجرين ح ـ ١٠/٤٥ ، ٤٦ ، ٤٧ ، ٥٢ وفيه : فاعترف • ح ـ ٥/٧ ، ح ـ ٤/٢٢٤ ، د ، ن ، جه م ـ ٧/١٨٠ ، ١٨١ فأمر به أن يرجم بالحجارة حتى يموت ، فرجم حتى مات •

تەرجەمە :

پیاوێکی جوولەکە لەسەر خشڵێکی زیو کچە موسوڵمانێکی کوشت، سەری خستە بەینی دوو بەردو پانیکردەوە • کچەکەیان بردە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ رۆحی تیامابوو ، لێیپرسیی : فلان تۆی کوشتوە ؟ بەسەر عەرزیکرد : خەیر • دووبارە لێیپرسییەوە ، بەسەر ئیشارەتی کرد : خەیر • دەفعەی سێیەمیش فەرموویەوە ، بەسەر ئیشارەتیکرد : بەڵێ • جوولەکەکەی طەڵەبکرد ، هێنایانو ئیقراری کردو سەری لە بەینی دوو بەردا پانکردەوەو کوشتی • بە دوو بەرد کوشتی • فەرمووی : تا ئەمرێ بە بەرد رەجمی بکەن ، رەجمیانکرد تا تۆپی (روایات)

٣٨٩٥/٣٥ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : هذه وهذه سواء ، يعني الخنصر والإبهام ح ـ ١٠/٥٦ ، د ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

فەرمووی : ئەمەو ئەوە وەکو یەکن ، یەعنی ئەنگوستە تووتەو کەڵەئەنگوست بەرابەرن لە دیەتا •

نەسائی : پەنجەو ددان بەرابەرن ، ددانی پێشەوەو خڕێ بەرابەرن ، هەر پەنجەی دە وشتر خوێنیەتی •

ترمذیی و ، د : پەنجەی دەستو پێ بەرابەرن •

جە : پەنجە هەموو بەرابەرن هەر یەکێکی دە وشتر خوێنیەتی • قەسطەلاني •

٣٨٩٦/٣٦ ـ شەعبیی : دوو پیاو شەهادەتیان دا لەسەر پیاوێ کە دزیی کردوە ، ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەستی بڕی ، لە پاشا پیاوەکان یەکێکی تریان هێنا عەرزیان =کرد= : بەخەطا چووین [دز ئەو نەبوو ئەمە بوو] ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ بۆ ئەم پیاوە شەهادەتەکەی رەدکردنەوەو دیەتی پیاوە دەستبڕاوەکەی لەو شاهیدانە سەند ، فەرمووی : ئەگەر بمزانیایە کە بە عەمدەن شەهادەتتان لەسەر داوە دەستی هەردوکتانم ئەبڕی ح ـ ١٠/٥٧ •

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : منالێ بە غیلە بە دزییەوە کوژرا [دایکی (لاعیەی) کوڕەکەو ، دەستەخوشکێکیو ، جاریەکەیو ، پیاوێکی تر (دۆستەکەی =دایکی=)] ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ هەموویانی کوشتەوە فەرمووی : ئەگەر ئەهلی صەنعا هەموویان موشتەرەك بوونایە لەو قەتلەدا هەمووم ئەکوشتن ح ـ ١٠/٥٧ •

پیاوەکە کوڕێکی لە ژنێکی تری ئەبێ ئەچێ بۆ تیجارەت ، ژنەکەی دۆستێ ئەگرێ ، بە دۆستەکەی ئەڵێ : ئەمە ئابڕوومان ئەبا بیکوژە ، ئەڵێ:

نایکوژم ، ئەڵێ : منیش هیچت نادەمێ • ئەو وەختە ئەو پێنج شەش کەسە ئەیکوژن • پارچە-پارچەی ئەکەن‌و ئەیخەنە توورەکەیێکەوەو ئەیشارنەوە ئەیخەنە بیرێ • دۆستی ژنەکە ئەگرن ئیقرار ئەکا ، ئەوانی تریش هـەموو ئیقرار ئەکەن • یەعلا کە ئەمیری صەنعاء ئەبێ بۆ حەزرەتی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەنووسێ ، ئەمری پێ‌ئەفەرموێ : هەموویان بکوژەوە ، وەڵلاهی ئەگەر ئەهلی صەنعاء •••إلخ قەسطەلانی •

۳۸۹۷/۳۷ ـ (أثـر) ئەبوبەکرو ئیبنوزوبەیرو عەلی ـ رضي الله تعالى عنهم ـ قیصاصیان لەسەر زللەیێ سەندوە • عومەر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ لەسەر قەمچی‌یێ قیصاصی سەندوە • عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالى عنه ـ نووسي بۆ عەدیی کوڕی ئەرطات کە کردبووی بـە ئەمیری بەصرە دائیر بە پیاوێکی کوژراو کە لای ماڵێ لە ماڵانی کافرۆش دۆزرابوەوە: ئەگەر کەس‌و کاری ئەو کوژراوە بەیینەیان بوو باشە ، ئەگـەر نەیان‌بوو زوڵم لە کەس مەکە ، ئەمە شتێکە تا رۆژی قیامەت حوکـمی پێ نـاکـرێ ح ـ ۱۰/۵۸ ، ۵۹ •

ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە سێ قەمچی قیصاصی سەندوە• شورەیحی قـازیـی لە قەمچێك‌و رووشـانێـکا قیصـاصی سـەندوە ئیبنو ئەبی‌مولەیکە ئەفەرموێ : موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بە واسیطەی قەسامەوە قیصاصی نەستەندوە ح ـ ۱۰/۵۸ •

[خاریجەی کوڕی زەیدی کوڕی ثابیت ـ رضي الله تـعالى عنـه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ لە ئەنصار پیاوێکی لە بەنی‌عەجلان کوشت ، شاهیدی نەبوو [لوث ، لطخ] تێوەدانیشیان[1] نەبوو ، خەڵق ئیتتیفاقیان لەسـەر

(۱) دەکرێ لێرەدا بگوترێ : بەڵگەو شوێنەواریش نەبوو •

ئەوە کرد کە واریثی مەقتوولەکە سوێند بخۆن‌و =قاتیلەکەیان= تەسلیم بکرێ‌و بیکوژنەوە • بۆ ئەوە چوومە لای موعاویە ، نووسی بۆ سەعیدی کوڕی عاص – رضي الله تعالی عنه – : ئەگەر ئەو ئیتتیفاقی خەڵقە کە خاریجە ئەیڵێ حەق بێ ئەوی ئەوان ئەیڵێن بیکە • خاریجە ئەفەرموێ : کاغەزەکەی موعاویەم دا بە سەعید – رضي الله تعالی عنه – ئێمە پەنجا سوێندمان خواردو =قاتیلەکەیان=[1] داینێ قەسطەلانی] •

فەقەط نووسین‌و ئەمری موعاویە ئیعتیباری پێ نیەو بێ قیمەتە • دائیر بە قەسامە حەدیثی حوەیصەو موحەیصە لە (سیر)ا نووسراوە (فراجعه)[2] ح – ١٠/٦٠ لە جێی ترا ئیعادەی لازم نیە •

قەسامە :

٣٨٩٨/٣٨ ـ ئەبوقەلابە ـ رحمه الله تعالی ـ ئەفەرموێ : عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالی عنه ـ رۆژێ کورسیەکەی بردە دەرێ کە قسە بۆ خەڵق بکا ، ئیذنی دا ، خەڵق چوونە خزمەتی ، فەرمووی : چی ئەڵێن دەرحەقی قەسامە ؟ یەکێ عەرزی‌کرد : قەسامە حەقە ، خولەفا بە قەسامە حوکمیان کردوە [•• •••] عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : ئەی ئەبوقەلابە تو ئەڵێی چی ؟ عەرزم‌کرد : (یا أمیر المؤمنین) روئەسای لەشکرو ئەشرافی عەرەبت لە خزمەتایە خەبەرم بدەرێ ئەگەر پەنجا کەس لەمانە شەهادەت بدەن لەسەر پیاوێکی موحصەن

(١) دانەر ـ خ ـ لە دوو جێگەدا (مقتول)ی نووسیبوو ، بە هەڵەمان زانی‌و کردمان بە (قاتیل) •

(٢) باسی قەسامە لە ل : (١١٨)ی بەرگی چوارەمی ئەم کتێبەدا نووسراوە ، بەڵام ئەو حەدیثە ، یان ئەو ئەثەرە ، کە لەوێ نووسراوە ناوی (حوەیص)و (موحەیص)ی تێدا نیە •

كه له ديمه‌شقايه زيناى كردوه‌و نه‌يان‌بينيوه •• تۆ ره‌جمى ئه‌كه‌ى؟ فه‌رمووى: خه‌ير [ئه‌مما شاهيدى زينا ئه‌بێ كلچێوك له كلتوورا ببينێ] ئـه‌بوقـه‌لابه ئه‌ڵێ : عه‌رزم كرد : خه‌به‌رم بده‌رێ ئه‌گه‌ر په‌نجا كه‌س له‌مانه شه‌هاده‌ت بده‌ن له‌سه‌ر پياوێ كه له حيمص بێ كه دزيى كردوه نه‌يان‌ديوه •• تـۆ ده‌ستى ئه‌بڕى ؟ فه‌رمووى : خه‌ير [قياسى له‌مه‌يش ناكرێ چونكى پێغه‌مه‌ر - صلى الله تعالى عليه وسلم - له حه‌ديثى حوه‌يصه‌و موحه‌يصه‌دا حوكمى پێ فه‌رموه (راجع ح - ١٠/٥٩)] ئه‌بوقه‌لابه عه‌رزى‌كرد : وه‌ڵلاهى پێغه‌مه‌ر - صلى الله تعالى عليه وسلم - به واسيطه‌ى سێ‌شت نه‌بێ هيچ كه‌سى نه‌كوشتوه : (١) بـه جينايـه‌تى خـۆى كوشـتوويه‌تى (٢) زانـى موحصـه‌ن بـووبێ (٣) موحاره‌به له‌گه‌ڵ خواو ره‌سووڵى خوا بكاو له ئيسلامه‌تى وه‌رگه‌ڕێ • قه‌ومه‌كه به ئه‌بوقه‌لابه‌يان وت : ئه‌ى ئه‌نه‌س - رضي الله تعالى عنه - ريوايه‌تى نه‌كردوه كه پێغه‌مه‌ر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ده‌سـتى دزى بڕيوه‌و چاوى كوێركردوون‌و له‌به‌ر هه‌تاوا فڕێى‌داون ؟ ئه‌بوقه‌لابه ئه‌ڵێ : پێم‌وتن: من حه‌ديثى ئه‌نه‌ستان بۆ ريوايه‌ت بكه‌م ؛ هه‌شت كه‌س له عوكـل هـاتنـه خزمه‌ت پێغه‌مه‌ر - صلى الله تعالى عليه وسلم - له‌سه‌ر ئيسلامه‌تى موبايه‌عه‌يان له خزمه‌تا كرد ، ئاوو هه‌واى مه‌دينه‌يان پێ‌نه‌كـه‌وت ، نه‌خۆش‌كـه‌وتن ، شكايه‌تيان برده به‌ر پێغه‌مه‌ر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئه‌مرى پێ‌فه‌رموون له‌گه‌ڵ شوانه‌كه‌ياو وشتره‌كانى بچنه‌ده‌رێ شيرو ميزى وشتره‌كان بخۆنه‌وه، وتيان : به‌ڵێ ئه‌چين ، چوون‌و چاك بوونه‌وه‌و ، شوانه‌كـه‌ى پێغه‌مه‌ريان - صلى الله تعالى عليه وسلم - كوشت‌و وشتره‌كانيان برد ! كه ئه‌و خه‌بـه‌ره بـه پێغه‌مه‌ر - صلى الله تعالى عليه وسلم - گه‌يى‌يه‌وه ناردى بـه شوێنيانـا پێيان‌گه‌يين‌و هێنانيانه‌وه • پێغه‌مه‌ر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئـه‌مرى فه‌رموو ده‌ست‌وپێيان بڕين‌و چاوى كوێركردن‌و فڕێى‌دانـه به‌ر هه‌تـاو تـا

تۆپین• ئەبوقەلابە ئەڵێ: پێموتن : چقەباحەتێ لە قەباحەتی ئەوان گەورەترە؟ لە ئیسلامەتی مورتەد بوونو پیاویان کوشتو دزییانکرد ! [پێغەمەر ـصلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەینی ئەو موعامەلەی لەگەڵ کردن کە ئەوان لەگەڵ شوانەکەیان کردبوو ، موسلیم • شافیعي ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ: ئەوە مەنسووخە بە ئایەتی (إنما جزاء الذين يحاربون الله ورسوله ••• الآيـة)[1] قەسطەلاني] •

عەنبەسەی کوڕی سەعید [برای عەمری ئەشدەق دەم زل ـ] وتی: وەڵڵاهی قەط وەك ئیمڕۆ میثلی ئەمەم نەبیستوە ! ئەبوقەلابە ئەڵێ : وتم : ئەی عەنبەسە بۆ تۆ رەددم لێ ئەدەی ؟! وتی : خەیر ، ئەمما تۆ حەدیثەکە چۆن بوە وات ریوایەتکرد • وەڵڵاهی ئەم لەشکری شامە تا ئەم شێخە لە ناویانا بژیێ هەر لە خێرا ئەبن • ئەبوقەلابە ئەڵێ : لەم حەدیثەدا سوننەتی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ جارییە • بەعزێ کەس لە ئەنصار هاتنە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە خزمەتیا قسەیانکرد پیاوێ لەوان [عەبدوڵڵای کوڕی سەهل ـ رضي الله تعالی عنهما ـ] لە پێشەوە چوو بۆ خەیبەر لەوێ شەهیدکرا ، ئەوانی تر لە پاش ئەو چوون بۆ خەیبەر کە چاویان پێکەوت رەفیقەکەیان کوژرابوو لە خوێنا ئەتلایەوە ، هاتنەوە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەرزیانکرد :ـ (یا رسول الله) رەفیقەکەمان لەگەڵمان بوو قسەی ئەکرد لە پێشەوە چوو بۆ خەیبەر کە چووینو دیمان لە خوێنا ئەتلایەوە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی [لە ماڵ یا لە مزگەوت] هاتەدەرێ [لایان] پێیفەرموون: شکتان لە کێیە ؟ عەرزیانکرد : لامان وایە جوولەکە کوشتوویانە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ناردی بە شوێنیانا فەرمووی : ئایا ئێوە ئەو

(١) المـائـدة / ٣٣ •

پیاوەتان کوشتوە ؟ عەرزیانکرد : خەیر • پێغەمەر - صلى الله تعالى علیـــە وسلم - بە وەرەثەی مەقتوولەکەی فەرموو : رازیی ئەبن بەوە پەنجا کەس لە جوولەکە سوێند بخۆن کە نەمانکوشتوە ؟ عەرزیانکرد : موبالات ناکەن کە هەموومان بکوژنو سوێند بخۆن ! پێیفەرموون : ئەی رازیی ئـەبن بەوە کە پەنجا لە ئێوە سوێند بخۆنو حەقی دیەتتان ببێ ؟ عـەرزیانکرد : خەیر نابێ کە ئێمە سوێند بخۆین • پێغەمەر - صلى الله تعالى علیه وسلم - لـە طەرەفی خۆیەوە دیەتی دانــێ •

ئەبوقەلابە ئەفەرموێ : وتم : هوذەیل لە جاهیلییەتا خەلیعێکی خۆیان خەلعکرد [خەلیع بە کێ ئەڵێن ؟ عەرەب موعاهەدەیان لەگەڵ یەك ئـەکرد کە موعاوەنەتی یەکتری بکەنو بـە جینایەتی یەکتری موئاخەذە بکرێن • کە ئیرادە بکەن کە بەریی بن لەوەی کە سوێندیان لەگەڵ خواردوە ئـەوە لای خەڵق ئیظهار ئەکەن کە لێی ناپرسینەوەو دەخڵمان بەسەریەوە نیـە ، ئەوی لێی تەبەڕری ئەکەن پێی ئەڵێن : [مخلوع ، خلیع) ئـەوانـەی کـە خـەلعەکە ئەکەن بە جینایەتی ئـــەو خەلیعە موئاخـــەذە ئـەکرێن ، ئـەو بـە جینایەتی ئـەوان موئاخەذە ناکرێ • (کأنە) سوێندەکەیان دەرحـەقـی ئەو کەسە هەڵوەشێنن کە لەو نەپرسرێتەوە بۆیـــە بـــوە بە ئیصطیـلاح کە ئەمیرێ عەزل بکرێ ئەڵێن خەلـع کراوە • ئیســـلام ئـــەو خـەلعەی بەتاڵکردۆتەوە • قەسطەلانی] •

خێڵێ لە یەمەن هاتنە بەطحاء ، ئەو خەلیعە دای بەسەریانا ، پیاوێ لەو خێڵە پێیزانی شیرێکی بۆ هاوێت کوشتی ، هوذەیل هاتن ئەو قاتیلەیـان

(١) ئەمە ئەو حەدیثی (حوەیص)و (موحەیص)یە کە دانەر پێشتر فەرموی لە (سیر)ا نووسراوەو لەوێ نەمدۆزییەوە •

گرت کە خەلیعەکەی کوشتبو لە وەختی مەوسیما بردیانە خزمـەت ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزیانکرد : کە ئەمە پیاوێکی لـە ئێمـە کوشتوە ، قاتیلەکە وتی : ئەمە دزەو ئەوانیش لە ضـامنیی چوونـەدەریّو خەلعیان کردوە • عومەر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ فـەرمووی : پەنجا کەس لە هوذەیل سوێند بخۆن کە خەلعیان نەکردوە ، چلونۆ کەسی لێ سـوێند دان ، پیاوێ لە هوذەیل لە شام هاتەوە ، طەلەبیان لێکرد کە سوێند بخوا ، سوێندەکەی بە هەزار درهەم لێکڕینەوەو سوێندی نەخوارد ، پیاوێـکی تریان لە باتی ئەو هێنا دایان بە برای مەقتوولەکە دەستی درایـە دەستی • ئەبوقەلابە ئەڵێ : وتیان : ئێمەو ئەوانەی کە سوێندیان خـواردبـوو کـە خەلعمان نەکردوە لێماندا رۆیین تـا گەیینە نـەخلـە [جێیێکە رۆژێ لـە مەککەوە دوورە] بارانیان لێ باری چوونە غارێکەوە لە ناو شاخەکەدا بوو، غارەکە بەسەر ئەو پەنجایەدا [یەعنی چلو نۆیەدا] کە سوێندیان خواردبوو، رووخا ، هەموویـان مردن ئەو دوو قەرینـە [برای مەقتـوولـەکەو ئەو پیاوە کە لە جێی پیاوەکە دانرابوو کە سوێندی نەخوارد] نەجاتیان بوو بەردێکیان شوێنکەوت ، پێی برای مەقتوولەکەی شکان ساڵی ژیاو مرد • ئەبوقەلابە ئەڵێ : عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان قیصاصی لە پیاوێ سەنـد بـە قەسامە لە پاشا پەشیمان بۆوە ئەمری کرد بەو پەنجا پیاوە کە سوێندیان خواردبوو ناویـان لە دیـوان مەحوکرایـەوەو نـاردنـی بۆ شـام

ح ـ ۱۰/٦۰ إلى ٦٤ •

[ئافەریم بۆ قابیسیی ! ئەفەرموێ : تەعەججوب ئەکـەم لە عومەری بنی عەبدولعەزیز ـ رضي الله عنه ـ چۆن حوکمی قەسامەی بەتاڵکردۆتەوە کە بە حوکمی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم و عەمەلی خـولـەفـای راشیدین ـ یەعنی خولەفای ئەربەعە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ = دامەزراوە =

به قسەی ئەبو قەلابە کە لە (أبلە)[1]ی تابیعینە دەرحەقی قەسامە قسەیێکی مورسەلی لێ بیستوەو لەگەڵ ئەمەدا (قصە)ی ئەنصارو (قصە)ی خەیبەری تێکەڵ کردوە لەبەر بێ حافیظەیی (قصە)ی خەلعی بە مورسەلی حیکایەتکردوە کە هیچ تەعەللوقی بەسەر قەسامەوە نیە ، خەلعو قەسامە لێك جوێن . مەحوکردنی عەبدولمەلیکیش ئەو پەنجا کەسە لە دیوان هیچ حوججەتی تیا نیە . ئەم تەعەججوبە زۆر حەققە . ئەمما دەرحەقی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ناحەقە ؛ چونکی مەعلووم نیە کە قەسامەی بەتاڵکردوەتەوە کردبێتیشیەوە بەم قسەی ئەبوقەلابە نیە . (راجع النووی في القسامة م ـ ٧/١٦٢ الى ١٧٥ ليعلم الاختلاف) .

٣٨٩٩/٣٩ ـ عن المغيرة بن شعبة ، عن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أنّه استشار هم في إملاص المرأة [بەر پێ فڕێدان] فقال المغيرة : قضى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بالغُرّةِ عبد وأمة ، قال : ائت من يشهد معك ، فشهد محمد بن مسلمة [رضي الله تعالى عنه] أنه شهد النبيّ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قضى به ح ـ ١٠/٦٦ د ، وفي الاعتصام .

٣٩٠٠/٤٠ ـ وعنه سأل عمر [ـ رضي الله تعالى عنهما] عن إملاص المرأة وهي التي يضرب بطنها فتلقي جنينا فقال : أيكم سمع من النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فيه شيئا ؟ فقلت : أنا فقال : ما هو ، قلت : سمعت النبي ـ صلي الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : فيه غرة عبد أو أمة . فقال : لا تبرح حتى تجيئني بالمَخْرج فيما قلت . فخرجت فوجدت محمد بن مسلمة [البدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فجئت به فشهد معي أنه سمع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : فيه غُرّة عبد أو أمة ح ـ ١٠/٣١٥ ، م ـ ٧/٢٠٨ .

(١) هەستو بیرو حافیظەی تەواو نەبوەو ، شتی لێ تێك چوە .

تەرجەمە :

موغیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئیستیشارەی لەگەڵ ئەصحابا کرد دەرحەقی ئەمە : کە لە ژن بـدەن تا بەری پێ فڕێئەدەن • فەرمووی : کێ لەپێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـی دەرحەق بەرپێفڕێدان بیستوە ؟ موغیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : عەرزمکرد : من فەرمووی : ئەوی بیستووتە چیە ؟ عەرزمکرد: لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : لە بەر بـــە ژنفڕێدانا غوڕڕە هەیە عەبدێ یا جاریەیێ • فەرمووی : لێرە مەبزوو تـا یەکێك بێنی کە پێی لە عوهدەی ئەم شەهادەتەت بچیەدەرێ • فەرمووی : چوومەدەرێ محەمەدی کوڕی مەسلەمەی بەدریم دی ـرضي الله تعالی عنهـ بردمەخزمەت ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ لەگەڵ منا شەهادەتی دا! کە لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـی بیستوە ئەیفەرموو : لـە لەبەر بەژنفڕێدانا غوڕڕە هەیە عەبدێ یا جاریەیێ ح ـ ١٠/٣١٥ •

[بە عەبد یا جاریەبۆچی ئەڵێن غوڕڕە ؟ غوڕڕە : لای عەرەب ئەنفەسی ئەشیایە ، ئینسانیش ئەنفەسی مەخلوقاتە (لقد خلقنا الإنسان في أحسـن تقويم)(١) ئێمە ئینسانمان لە جوانترینی هەموو شـکڵێکا خەلق کردوە •

فوقەها ئەڵێن : وەختێ : غوڕڕە لازمە کە منالەکە بـــە مردوویی لـە ژنەکە جوێبێتەوە ، ئەگەر بە زیندوویی لێی جوێبێتەوەو دەرحاڵ بمرێ یا موددەیێ بە ئەلەمو ئازار بژیێ ئەمجا بمرێ غوڕڕە کافي نیە دیەتی لازمە؛ چونکی زیندوو بوەو بە سەبەبی جینایەتەکە مردوە ، ئەگەر زەمانێ بمێنێو هیچ ئەلەمو ئازاری نەبێ ضەمانی نیە ؛ چونکی مەعلووم نیە بەو جینایەتـە مردبێ • قەســـطەلانی ١٠/٦٧ •

(١) التين / ٤ •

(منقطع) محەمەدی کوڕی مونكەدير ئەفەرموێ : (عن أم سليم ، ولأبي ذر : أم سلمة ــرضي الله تعالى عنهما ـ) ناردیه لای مامۆستای حوجره چەند منالێكی بۆ بنێرێ خوریی بۆ شیی بكەنەوە • فەرمووی : ئەمما حوڕم بۆ مەنێرە (وصله النووي في جامعه) •

٣٩٠١/٤١ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنــه ـ قال : أقتتلت امرأتان من هذيل فرمت [ضرتها • أخرى م] إحداهما الأخرى بحجر فتلتها وما في بطنها ، فاختصموا إلى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقضى أن ديــة جنينها غرة عبد أو وليدة [أو أمة • أخــرى] وقضى ديــة المــرأة على عاقلتها [عصبتها] ح ـ ٦٨/١٠ وفي الفرائض ح ـ ٤٢١/٩ ت ، د ، ن وفيه: ثم إن المرأة التي قضى عليها بالغرة توفيت فقضى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وســلم ـ أن ميراثهــا لبنيها وزوجهــا ح ـ ٦٨/١٠ ، ح ـ ٤٢١/٩ • م ـ ٢٠٢/٧ ، ٢٠٥ : فقال : حمل =ابن= النابغة الهذلي : يا رسول الله كيف أغرم من لا شرب ، ولا أكل ، ولا نطق ، ولا استهل ؟ فمثل ذلك بطــل ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إنما هذا من إخوان الكهــان من أجل سجعه الذي سجع م ـ ٣٠٥/٧ • =وفي= م ـ ٢٠٦/٧ : أســـجع كسجع الأعراب • قال : وجعل عليهم الدية م ـ ٢٠٧/٧ وفي مســلم نحوه كثير كلهــا بمعنى •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیره ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : دوو ژن [هەوێی یەكتر] شەڕیان كرد یەكێكیان بەردێكی ، له ریوایەتێكا : داری رەشماڵێكی بۆ = ئەوی تریان = هاویت ژنەكەو منالەكەیشی كه له زگا بوو كوشــت مورافەعەیان بردە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێغــەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حوكمی بە غوڕڕە كرد بە عەبدێ یا جارییەیێ،

خوێنی ژنەکەیشی خستە سەر عاقیلەی قاتیلەکە ، یەعنی عەصەبەی پیـاوێ حەملی = کوڕی نابیغەی = هوذەلیی عەرزی پێغەمەری کرد ـ صـلی الله تعالی علیه وسلم ـ : (یا رسول الله) من چۆن خوێنی کەسێك ئەبژێرم کـە نە خواردوویە ، نەخواردوویەوە ، نە قسەی کردوە ، نە گریاوەو دەنـگی لێ‌هاتوە ؟ ئەمە شتێکی بەتاڵە ! پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ فەرمووی : ئەمە لە برادەرانی کوڵێ‌نانییە • لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ: بۆ تۆ سەجعی وەکوو سەجعی ئەعراب ئەڵێی ؟ یەعنی بەیت ئەکەی •

[پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بۆیە ذەمی کـرد چـونکی موعاریضی شەریعەت‌و لە حوضووری حەزرەتی ریسالەتپەناهیشا تەکەللوفی سەجعی کرد ؛ گینا سەجعێ کە وا نەبێ‌و تەکلیفی تیا نەبێ مەذمووم نیە • لە دەعەواتا ئەمثالی رابورد[1]] •

٤٢/٣٩٠٢ ـ عن عبدالله [بن مسعود ـ رضي الله تعالی عنه ـ] قـال : قال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : لا یحل دم امریء مسـلم یشهد أن لا إله إلا الله وأني رسول الله الا بإحدی ثلاث : النفس بالنفس ، والثیب الزانـي ، والمـارق من الـدیـن التـارك الجماعــة ح ـ ٤٦/١٠ ، م ـ ١٨٩/٧ ، د ، ت ، ن •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود ـ رضي الله تـعالی عنـه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خوێنی موسوڵمانێ کـە شەهادەت بدا بەمە غەیری خوای تەعالا موسـتەحەقی عیبادەت نیـەو من

(١) مەبەستی ئەوەیە دۆعای پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هەیە کە سەجعی تیایە وەك « أعوذ بکلمات الله التامة ، من کل شـیطان وهامة ، ومن کل عین لامة ... » ٣١٤/٦ •

رەسوولی خوام بە یەکێ لە سێ شت نەبێ رژانىی دروست نیە : نـەفس بـە نەفس • پیاوێ ژنی دیبێو ژنێ پیاوێ دیبێ بە نیکاحی صەحیحو بچێ زینا بکا • کەسێ لە دین بچێتەدەرێو لە جەماعەتی ئیسلام جوێ بێتەوە ••

٢٩٠٣/٤٣ - وعنه عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : لا تقتل نفس إلا كان على ابن آدم الأول [قابيل] كِفل منها ؛ لأنه أول من سـن القتـل ح - ٤١/١٠ ح - ٣١٦/١٠ ، م - ١٩١/٧ ، ح - ٣١٥/٥ ، ت ، ن ، جـه •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هیچ ئینسانێ نیـە کە بە ناحەق بکوژرێو بەشێکی ئەوەڵ کوڕی ئادەمی تیا نەبێ کە قابیلە ؛ چونکە ئەوەڵ کەسێکە کە رێی قەتلی کردۆتەوەو خەڵقی لێوە فێربوون •

٣٩٠٤/٤٤ - وائـل [رضي الله تعالى عنه] قال : إني لقاعد مـع النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - تێفکریم پیاوێ پەتی خســتبوە ملی پیاوێ رای ئەکێشا عەرزی پێغەمەری کرد - صلى الله تعالى عليه وسلم - : (یارسول الله) ئەمە برای کوشتووم • پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليـه وسـلم - فەرمووی : برات کوشتوە ؟ براکوژراوەکە عەرزی پێغەمەری کرد - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەگەر ئیقرار نەکا شاهیدی لەسەر راست ئەکەمەوە • قاتیلەکەی عەرزی پێغەمەری کرد - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - بەڵێ کوشتم • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : چۆنت کوشت؟ عەرزیکرد : منو ئەو لە دارێ گـــەڵامان ئەتـەکان جوێنی پێدام رقـی هەڵساندم تەورەکەم کێشا بە تەپڵی سەریاو کوشتم • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هیچت هەیە بیدەیتێو خۆت نەجات دەی ؟

عەرزیکرد : غەیری کراسەکەمو ئەم تەورە هیچ ماڵم نیە • فەرمووی : ئومێدت هەیە کە کەسو کارت بتکڕنەوە ؟ عەرزی کرد : من لەوە بێقیمەتترم لای قەومەکەم کە بمکڕنەوە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پەتەکەی هاویت بۆ براکوژراوەکە فەرمووی : ها خۆتو رەفیقە قاتیلەکەت • براکوژراوەکە قاتیلەکەی برد کە پشتی هەڵکرد پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر بیکوژێ ئەویش وەك ئەوە [قاتیلو مەقتوول لە ئاگران • پیاوێ چوو خەبەری دایێ کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وای فەرموو ، أخری •م] پیاوەکە گەڕایەوە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەرزیکرد : (یا رسول الله) وام پێگەییوەتەوە کە فەرمووتە : ئەگەر بیکوژێ ئەویش وەکو ئەوە ؟ من بە ئەمری تۆ گرتم • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : بۆ ناتەوێ کە گوناهی تۆیشو خۆیشی بەرێ بۆ خۆی ؟ عەرزیکرد : (یا رسول الله) [راویی ئەڵی :] لام وایە عەرزی کرد : بەڵێ ئەمەوێ • راویی ئەڵێ: پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەوە وایە براکوژراوەکە پەتەکەی فڕێداو بەرەڵلای کرد (رضي الله عنهما ما أسد دينهما ؟ حيث أقر القاتل وعفا أخ المقتول[1]] ئیبنوئەشوەع ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ طەلەبی لێکرد کە عەفوی بکا عەفوی نەکرد م ـ ١٩٨/٧ ، ٢٠٠ •

ئەم حەدیثە ظاهیر وایە موشکیل بێ ، نەوەویی ـرحمه اللهـ لە شەرحیا دەفعی ئیشکالەکەی ئەکا • بە موختەصەریی نەختێکی نەقڵ ئەکەم :

١ ـ جانیی بە پەتکردنیو راکێشان بۆ لای (أولو الأمر) ئەذیەتو تەضییق ئەکرێ •

(١) واتە : خوا لێیان رازییبێ چەند دینیان پتەو بوە ؟ بکوژ پێی لە تاوانی خۆی ناو براکوژراویش لێی خۆش بوو •

٢ - (مدعى عليه) دەعواکەی لێ ئەپرسرێ بەڵکە ئیقرار بکاو ئیحتیاج نەبێ بە زەحمەتکێشان بۆ شاهیدهێنانو جەرحو تەعدیلیان •

٣ - سوننەتە حاکم طەڵەبی عەفو بکا بۆ جانیی •

٤ - عەفـوکـردن سـوننـەتـە •

٥ - ئیقرار لە قەتلی عەمدا قەبووڵ ئەکرێ •

٦ - ئەگەر براکوژراوەکە قاتیلەکە بکوژێتەوە فەرقیان نامێنـێ بـۆ منەت ئەبێ ، وا قاتیلی خۆیی کوشتەوە قاتیلەکەیش برای ئەوی کوشتەوە ، هیچ لە هیچ ، مەعنای وا نیە کە گوناهبار ئەبێ وەکوو ئەو •

٧ - عەفوی بکا وەك ئەو نابێ منەتو فەضلو ثەوابی زۆری ئەبێ •

٨ - پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - بۆیە ئەم مەعنایەی بـەو عیبارەتە بەیانفەرموو کە براکوژراو وا تێبگا کە خۆیشی ئەبێ بە قـاتیل بترسێو عەفوی بکا •

٩ - قاتیلو مەقتوول لە ئاگران ، یەعنی بە واسیطەی گوناهی تریانەوە کە بە وەحی لێی مەعلووم بوە ، وە (إلا) چۆن ئـەمر ئەفەرموێ بـەوەی سەبەبی چوونە جەهەننەم بێ ؟ ئەمەیش تەعریضە ظاهیری ئیرادە نەکردوە •

١٠- مورادی پێغەمەر - صـلی الله تعـالی علیـه وسـلم - غەیری براکوژراوەکەو قاتیلەکە یە کە لە حەدیثێکا لە ئیمانا[1] رابورد ئەفەرموێ : دوو کەسی موسوڵمان کە شیریان لە یەك کێشا قاتیلو مەقتوول لە ئاگران• عەرزیانکرد : قاتیلەکە چونکی قەتلی کردوە بچێتە جەهەننەمەوە موستەحەقە مەقتوولەکە بۆچی ؟ فەرمووی : ئـەویش قەصدی کوشتنی قاتیلەکـەی

(١) مەبەستی حەدیثی (٥٦/١٨٤)ە کە لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدایە •

کردوه • بۆیەکی وا فەرموو کە براکوژراوەکە وا تێ بگا کە مەقصوودی ئەوەو عەفوی بکا •

١١ـ قاتیلەکە گوناهی تۆو خۆی ببا بۆ خۆی ؛ یەعنی عەفوەکەت بێ =بە= سەبەبی گوناەنەمانی تۆو برا مەقتوولەکەت کە لەوەپێش کردووتانە • موراد وا نیە کە عەفوی بکەی گوناهی ئەم قەتلە قیصاصیە ببا بۆ خۆی ؛ چونکی قەتلە قیصاصیەکە گوناهی نیە ، ئەویش کە لە قیصاصا کوژرایەوە ئەو گوناهەی نامێنێ • نەوەویی •

حەددی دزێتی :

(والسارق والسارقة فاقطعوا أيديهما ••• الآية)[1] •

تەرجەمە :

دەستی ژنو پیاوی دز ببڕن •

بوخاریی ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : دز کە لە دوای ئەمە دەستی بڕرا تەوبە بکا شەهادەتی قەبووڵ ئەکرێ ح ـ ٩/٤٥٦ •

ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە مەچەکا دەستی بڕیوە ح ـ ٩/٤٤٩ •

٤٥/٣٩٠٥ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لعن الله السارق يسرق البيضة فتقطع يده ، ويسرق الحبل فتقطع يده • قال الأعمش : كانوا يرون أنه بيض الحديد ، والحبل كانوا يرون أنه منها ما يسوي دراهم [ثلاثة] ح ـ ٩/٤٤٤ ، م ـ ٧/٢١٤ في الحدود ، ن ، جه •

(١) المائدة / ٣٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا لەعنی کردوە لـە دز هێلکەیێ ئەدزێو دەستی ئەبڕێ ، پەتێ ئەدزێو دەستی ئەبڕێ [یەعنی لە هێلکە مریشکێکەوەو پەتێکەوە کە هیچ قیمەتیان نیە ، دەست ئەکا بە دزیی ، دەوامی لەسەر ئەکـا تا شتی زۆریش ئـەدزێو دەستی ئەبڕێ • موراد وا نیە کە بە تەنها هێلکەیێ دەستی ئەبڕێ هەتا ئەعمەش بێنێ تەئویلی بکا] بفەرموێ : راوییان لایان وابوە کـە موراد لە بەیضـە بەیضەی (کلاوخود) بوەو ، پەتیش ئەو وەختە چەند درهەمێکی کـردوە چونکی ئەوە تەئویلێکی بەعیدە • (راجع الجمـع الجوامـع في الظـاهـر والمـؤول) •

قەتادە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ ، دەرحـەقی ژنێکی دز کـە دەستی چەپیان بڕیبوو : هەر ئەوەیە ئیتر دەستی راستی نابڕێ ح ـ ٩/٤٤٩ •

٣٩٠٦/٤٦ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قـالت : قـال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : [لا • م] تقطع اليد [إلا • م] في ربع دينار فصاعدا ح ـ ٩/٤٥٠ ، م ـ ٧/٢٠٩ د ، ت ، ن ، جـ •

٣٩٠٧/٤٧ ـ وعنها أن يـد السارق لم تقطع على عهد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إلا في ثمن مِجنٍّ [شتێ کە ئینسان بشارێتەوە] أو جَحَفَة [دارێ ، ئێسقانێ کە بە چەرم گیررابێ] • [وكلاهما ذو ثمن م ، و خ أخرى] أو [ترس] [قەڵغان] ح ـ ٩/٤٥١ ، م ـ ٧/٢١٣ •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەسەر ساتیرێ ، قەڵغانێ نەبووبێ کـە قیمـەتێکیان هەیە دەستی دز نەبڕراوە •

٣٩٠٨/٤٨ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رســول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وســلم ـ قطــع في مِجَنٍّ ثمنه ثـلاثـة دراهم ح ـ ٩/٤٥٢ ، م ـ ٧/٢١٣ ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ لە ســەر تەختەیێکی لــە چەرمگیراو کە قیمەتی سێ درهەم بوو دەستی بڕیوە ٠

حـەدی زینـا :

٣٩٠٩/٤٩ ـ عن عبادة بن الصامت [رضي الله تعالى عنه] قال : كـان نبي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا أنزل عليه الوحي كـرب لـذلك وتـرَبَّد [علَتْه غبرة] له وجهه ، قال : فأنزل عليه ذات يوم فلقي كذلك، فلما سرى عنه قال : خذوا عني فقد جعل الله لهن سـبيلا : الثيب بالثيب ، والبكر بالبكر ، الثيب جلد مائة ثم ر جما بالحجارة ، والبكر جلد مائة ثـم نفي ســنة م ـ ٧/٢٢١ ٠

٣٩١٠/٥٠ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] يقول : قال عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] وهو جالس على منبر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن الله قد بعث محمدا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بالحق وأنزل عليه الكتاب فكان مما أنزل الله عليه آية الرجم [الشيخ والشيخة إذا زنيا فارجموهما البتة] قرأناها ووعيناها ، وعقلناها ، فرَجم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ورَجَمنا بعده ، فأخشى إن طال بالناس زمان أن يقول قائل : ما نجد الرجم في كتاب الله ، فيضلوا بترك فريضة أنـزلهـا الله ، وإن الرجم في كتاب الله حق على من زنى إذا أحصـن من الـرجـال والنساء ، إذا قامت البينة ، أو كـان الحبـل ، أو الاعتراف م ـ ٧/٢٢٢ ، ح ـ ١٠/١٧ ٠

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : عومەر - رضي الله تعالى عنه - لەسەر مینبەری پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی دانیشتبوو فەرمووی : خوای تەعالا محمد - صلى الله تعالى عليه وسلم -ی بەحەق نارد ، کیتابی بۆ ئینزالکرد ، لەو کیتابەدا کە بۆی ئینزال کردبـوو ئایەتی رەجم بوو [کە ئەفەرموێ : پیاوی موحصەنو ژنی موحصەن، یەعنی کە بە نیـکاحی صەحیح جیماعیان کردبێ ، بە وجووبی رەجمیان بکەن] ئەو ئایەتەمان خوێند ، لەبەرمانکرد تێیگەیین ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - رەجمیکرد ، ئێمەیش لە دوای ئەو رەجممانکرد ، ئەترسم ئەگەر خەڵق زەمانیان بەسەرا راببوورێ بـــەعزێ بڵێن :کـــە لە قورئانا رەجم نادۆزینەوە ، بە واسیطەی تەرکی فەرز کە خوا نازڵی کردوە رێ ونبکەن [ئەی ئێستە هیچ فەرزێ بەجێ نایێ بڵێن چی ؟] رەجم لە کیتابوڵلادا حەقە لەسەر ئەوەی کە موحصەن بێ زینا بکا ، لەسەر پیاویشو ژنیش کە شاهید ببێ ، یا ژن زگی پڕ ببێ ، یا ئیقرار ببێ •

٣٩١١/٥١ - عن أبي سعيد [الخدري - رضي الله تعالى عنه -] أن رجلا من أسلم يقال له : ماعز بن مالك [رضي الله تعالى عنه] أتى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال : إني أصبت فاحشـة فأقمه علي ، فرده النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - مرارا • قال : ثم سأل قومَهُ فقالوا : ما نعلم به بأسا ، إلا أنه أصاب شيئا يرى أنه لا يُخْرِجه منه إلا أن يقام فيه الحد • قال : فرجع إلى رسول الله - صلى الله تعالى عليـه وسـلم - فأمَرَنا أن نرجمه • قال : فانطلقنا به إلى بقيع الغرقد ، قال : فما أوثقنـاه ولا حفرنا له ، قال : فرميناه بالعظام والمَدر والخـزف • قال : فاشـتد واشتددنا خلفـه حتـى أتى عرض الحَرَّة ، فانتصب لنا فرميناه بجلاميـد

الحرة ، يعني الحجارة ، حتى سكت • قال : ثم قام رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خطيبا من العشي ، فقال : أو كلما انطلقنا غزاة في سبيل الله تخلف رجل في عيالنا له نبيب كنبيب التيس ؟! عليّ أن لا أوتى برجل فعل ذلك إلا نكلت به ! قال : فما استغفر له ولا سبه م-٧/٢٢٩ •

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی – رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ لە ئەسلەم کە ماعیزی کوڕی مالیکی پێ ئەڵێن ، هاتە خزمەت پێغەمبەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزی‌کرد : فیعلێکی فەحشم کردوە ئیقامەی حەددم لەسەر بکە ! پێغەمبەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چەند جار رەددی کردەوە • لە پاشا پێغەمبەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە قەومەکەی ئەحواڵی پرسی • عەرزیان‌کرد : هیچ خراپیی لێ نازانین ئەوە نەبێ کە شتێکی کردوە لای وایە بە حەد نەبێ لێی نایێتە دەرێ • دیسان هاتەوە خزمەتی • ئەمری فەرموو کە رەجمی بکەین ؛ بردمانە (بقيع الغرقد) نە بەستمانەوە ، نە چاڵمان بۆ هەڵکەند ، بە ئێسقانو ، بە خڕەبەردو ، بە لەتە سواڵەت رەجممان کرد ، هەڕای کردو شوێنی کەوتین تا گەیی‌یە بناری شاخی حەڕڕە ، لەوێ بۆمان راوەستا ، بە بەردی شاخەکە رەجممان کرد ، تا بێدەنگ‌و ساکن بوو • بۆ ئێوارێ پێغەمبەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی بە خەطیبیی راوەستا ، فەرمووی : چۆن وا ئەبێ کە هەر جارێ ئێمە بچینە غەزایێ یەکێ لە ناو ئەهل‌و عەیالمانا بمێنێتەوە پرمەیێکی هەیە وەك پرمەی صابرێن ؟! لەسەرم بێ هەر کەسێکم بۆ هێنرا کە شتێکی وای کردبێ ئەبێ جەزرەبەی مەرگی بدەمێ • ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : نە ئستیغفاری بۆ کرد ، نە جوێنی پێدا [جوێنی پێ نەدا چونکی‌بە حەددەکە پاك بۆتەوە ، ئیستیغفاری بۆ نەکرد ، تا خەڵق بە

ئیستیغفاری پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - مەغروور نەبن بچن زینا بکەن‌و بڵێن پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئیستیغفارم بۆ ئـەکا ! نـەوەویـی •]

٣٩١٢/٥٢ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - قال : لما أتى ماعز بن مالك [رضي الله تعالى عنه] النبيَّ - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال له: لعلك قبّلت أو غمزت أو نظرت ؟ قال : لا يا رسول الله • قال : أنكتهـا ؟ لا يكني [وعند أبي داود : هل ضاجعتها ؟ قال : نعم قال : فهل باشرتها؟ قال: نعم • قال : هل جامعتها ؟ قال : نعم] =قال:= فعند ذلك أمـر بـرجمـه ح - ١٤/١٠ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : کە مـاعیز هـاتـە خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - پێی‌فەرموو : رەنگە ماچت کردبێ ؟ یا لەشت گوشیبێ ؟ یا تەماشات کـردبێ ؟ عەرزی‌کـرد : خـەیـر (یا رسول الله) پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فـەرمووی : ئـەی گاوتە ؟ بە کینایە پێی نەفەرموو [چونکی بە کینایەت حەد ثابت نابێ • لـە ریوایەتی ئەبوداودا ئەفەرموێ : پێی‌فەرموو : لەگەڵی راکشای ؟ عەرزی‌کرد: بەڵێ • فەرمووی : لەشت لە لەشی کەوت ؟ عەرزی‌کرد : بەڵێ • فەرمووی: جیماعت لەگەڵ کرد ؟ عەرزی‌کرد : بـــەڵێ] =ئەفەرموێ= ئەو وەختـە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەمری فەرموو رەجمی بکەن •

٣٩١٣/٥٣ - أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : أتى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - رجل [ماعز] من الناس وهو في المسجد ، فناداه : يا رسول الله إني زنيت ، يريد نفسه ، فأعرض عنه النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فتنحى لشقّ وجهه الذي أعرض قِبَله ، فقال : يارسول

الله إني زنيت ، فأعرض عنه فجاء لشق وجه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الذي أعرض عنه • فلما شهد على نفسه أربع شهادات دعاه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : أبِكَ جنون ؟ قال : لا يا رسول الله• فقال : أحصنْتَ ؟ قال : نعم يا رسول الله • قال : اذهبوا فارجموه • قال ابن شهاب : أخبرني [أبو سلمة بن عبدالرحمن] من سمع جابرا [رضي الله تعالى عنهما] قال : فكنت فيمن رجمه ، فرجمناه بالمصلى ، فلما أذلقته [أوجعته] الحجارة جَمَزَ [وثب مسرعا] حتى أدركناه بالحرة فرجمناه ، ن ، ح ـ ١٠/١٤ ، ١٠ وفيه : جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی لە مزگەوتا دانیشتبوو پیاوێ [ماعیز] هاتە خزمەتی بانگی‌کرد : (یا رسول الله) زینام‌کردوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رووی لێ وەرگێڕا ، پیاوەکــە چوە ئەو لایـەی کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رووی تێ‌کردبوو ، عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) من زینام‌کردوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رووی لـێ وەرگێڕا ، هاتە ئەو طەرەفە کە رووی بۆ وەرگێڕابـوو کــە چوار جار شەهادەتی لە خۆی دا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بانگی‌کرد ، فەرمووی : تۆ هیچ شێتیت هەیە ؟ عەرزی‌کرد : خـەیر • فـەرمـووی : موحصەنی ؟ عەرزی‌کرد : بەڵێ (یـا رســـول الله) • فەرمووی : بیبەن رەجمـی بکــەن •

ئیبنوشەهاب ئەفەرموێ : ئەوی لە جابیری کوڕی عەبدوڵلای بیستوە کە ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدوڕەحمانە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خەبەری داومێ کە لەگەڵ ئەوانە بووم کە رەجمیان ئەکرد ، لە (مصلى) رەجمیـان

کرد ، که بەردەکان زۆر ئەذیەتیان پێ‌گەیان رای‌کرد ، شوێنی کەوتین لە حەڕرە پێی‌گەیین رەجممان کرد [تا مرد . أخرى] ح - ١٠/١٠ ، ١٤ ، ح - ١١/١٠ عن جابر - رضي الله تعالى عنه - .

٣٩١٤/٥٤ - عن بريدة [رضي الله تعالى عنه] قال : جاء ماعز بن مالك [رضي الله تعالى عنه] إلى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال : يارسول الله طهرني . فقال : ويحك ارجع فاستغفر الله وتب إليه ! قال : فرجع غير بعيد ثم جاء فقال : يا رسول الله طهرني ، فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : ويحك ارجع فاستغفر الله وتب إليه . قال : فرجع غير بعيد ثم جاء فقال : يا رسول الله طهرني . فقال - صلى الله تعالى عليه وسلم - مثل ذلك ، حتى إذا كانت الرابعة قال له رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم -: فيم أطهرك ؟ فقال : من الزنا . فسأل رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : أبه جنون ؟ فأخبر أنه ليس بمجنون . فقال : أشرب خمرا ؟ فقام رجل فاستنكهه فلم يجد منه ريح خمر . قال : فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : أزنيت ؟ فقال : نعم . فأمر به فرُجِم . فكان الناس فيه فرقتين . قائل يقول : لقد هلك ، لقد أحاطت به خطيئته . وقائل يقول : ما توبة أفضل من توبة ماعز ، إنه جاء إلى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فوضع يده في يده ، ثم قال : اقتلني بالحجارة .

قال : فلبثوا بذلك يومين أو ثلاثة . ثم جاء رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - وهم جلوس ، فسلم ثم جلس . فقال : استغفروا لماعز بن مالك ، قال : فقالوا : غفر الله لماعز بن مالك . قال : فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : لقد تاب توبة لو قسمت بين أمة لوسعتهم .

قال : ثم جاءت امرأة من غامد من الأزد ، فقالت : يا رسول الله طهرني. فقال : ويحكِ ارجعي فاستغفري الله وتوبي إليه . فقالت : أراك تريد أن

ترْدُدَني كما رددت ماعز بن مالك ؟ قال : وما ذاكِ ؟ قالت : إنها حبلى من الزنا • فقال : آنتِ ؟ قالت : نعم • فقال لها : حتى تضعي مافي بطنكِ • قال : فكفلها رجل من الأنصار حتى وضعت • قال : فأتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : قد وضعت الغامدية • فقال : إذا لا نرجمها وندع ولدها صغيرا ليس له من يرضعه • فقام رجل من الأنصار فقال : إليّ رضاعه يا نبي الله • قال : فرجمها م ـ ٧/٢٣٢ •

٣٩١٥/٥٥ ـ وعنه أن ماعز بن مالك الأسلمي [رضي الله تعالى عنه] أتى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا رسول الله إني قد ظلمت نفسي وزنيت ، وإني أريد أن تطهرني ، فردّه • فلما كان من الغد أتاه فقال : يا رسول الله إني قد زنيت ، فرده الثانية • فأرسل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إلى قومه فقال : أتعلمون بعقله بأسا تنكرون منه شيئا ؟ فقالوا : ما نعلمه إلا وفيّ العقل من صالحينا فيما نرى • فأتاه الثالثة • فأرسل إليهم أيضا فسأل عنه ، فأخبروه أنه لا بأس به ولا بعقله • فلما كان الرابعة حُفِر له حُفْرة [لابد من التوفيق مع حديث أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ] ثم أمر به فرجم •

قال : فجاءت الغامدية فقالت : يا رسول الله إني قد زنيت فطهرني ، وإنه ردها ، فلما كان الغد قالت : يا رسول الله ـلم تردني ؟ لعلك أن تردني كما رددت ماعزا ! فوالله إني لحبلى • قال : أما لا ، فاذهبي حتى تلدي ، قال : فلما ولدت أتته بالصبي في خرقة ، قالت : هذا قد ولدته • قال : فاذهبي فأرضعيه حتى تفطميه ، فلما فطمته أتته بالصبي في يده كسرة خبز • فقالت : هذا يا نبي الله قد فطمته ، وقد أكل الطعام • فدفع الصبي إلى رجل من المسلمين ثم أمر بها فحفر لها إلى صدرها ، وأمر الناس فرجموها • فيقبل خالد بن وليد [رضي الله تعالى عنه] بحجر فرمى رأسها فتنضح الدم على

وجه خالد ، فسبها . فسمع نبي الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - سبه إياها . فقال : مهلا يا خالد فوالذي نفسي بيده لقد تابت توبة لو تابها صاحب مكس لغفر له ! ثم أمر بها فصلى عليها ودفنت م - ٢٣٦/٧ .

٣٩١٦/٥٦ - عن عمران بن حصين [رضي الله تعالى عنه] أن امرأة من جُهينة أتت نبي الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - وهي حبلى من الزنا، فقالت : يا نبي الله أصبت حدا فأقمه عليّ فدعا نبي الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - وليها فقال : أحسن إليها ، فإذا وضعت فأتني بها ففعل ، فأمر بها نبي الله فشُكت عليها ثيابها [فشدت ، نسخة] ثم أمر بها فرجمت ، ثم صلى عليها ، فقال له عمر : تصلي عليها يا نبي الله وقد زنت ؟ فقال : لقد تابت توبة لو قسمت بين سبعين من أهل المدينة لوسعتهم ، وهل وجدت توبة أفضل من أن جادت بنفسها لله تعالى ؟ م - ٢٣٨/٧ .

تەرجەمە :

بورەیدە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : ماعیزی کوڕی مالیك - رضي الله تعالى عنه - هاتە خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) پاکم‌کەرەوە . فەرمووی : عەمرت نەمێنێ روجووع بەرەوە ، ئیستیغفار لە خوا کە ، تەوبەی ئەلا کە . بورەیدە ئەفەرموێ : گەڕایەوە کەمێکی پێ چوو [یەعنی رۆژێ] لە پاشا هاتەوە خزمەتی عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) پاکم‌کەرەوە . فەرمووی : کۆستت کەوێ ئیستیغفارو تەوبە کە ئەلای خوا . گەڕایەوە ئەوەندە پێ نەچوو هاتەوە خزمەتی عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) پاکم‌کەرەوە . پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - هەر وای پێ‌فەرموو ، تا جاری چوارەم فەرمووی: لە چیت‌پاك کەمەوە ؟ عەرزی‌کرد : لە زینا . پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - پرسیی ، ناردیە لای قەومەکەی : ئەم پیاوە شێتە ؟ شەرابی

خواردۆتەوە ؟ عەرزی کرا : نە شێتەو ، نە شەرابی خواردۆتەوە • بـۆنی دەمی‌کرا بۆنی شەرابی لێ نەهات • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ فەرمووی : بۆ زینات کردوە ؟ عەرزی‌کرد : بەڵێ • ئەمری کرد چـاڵێـکی بۆ هەڵکەنرا [في رواية] رەجم کرا • خـەڵـق بوون بە دوو فیرقـەوە ؛ فیرقەیێ ئەیوت : بە هیلاك چوو گوناه ئیحاطەی پیاداوە تیا نوقوم بوە • بەعزێ ئەیانفەرموو : هیچ تەوبەیێ لە تەوبەی ماعیز ئەفضەلتر نیە ؛ چونکی هاتە خزمەت پێغەمەر دەستی نایە ناو دەستی موبارەکی عەرزی‌کرد : بە بەرد بسکوژە • دوو سێ رۆژێکی پێ‌چوو پیغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هات ئەوانیش دانیشتبوون ، سەلامی کردو تەشریفی دانیشت • فەرمووی : ئیستیغفار بۆ ماعیز بکەن • فەرموویان : خوا لە ماعیزی کوڕی مالیك خۆش‌بێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـــه وســــلم ـ فەرمووی : تەوبەیێکی کرد ئەگەر بەسەر ئوممەتێکا بەش‌بکرێ بەشیان ئەکا •

بورەیدە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : ژنێ لە غامیـدی ئـەزد هاتە خزمەتی عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) پاکم بکـەرەوە • فـەرمووی : کۆستت کەوێ روجووع بەرەوەو تەوبەو ئیستیغفار بکە • بۆ سبەینێ هاتە خزمەتی عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) ئیرادەت وایە چۆن ماعیزت رەدکردەوە منیش وا رەدبکەیتەوە ؟ فەرمووی : بۆچی بوە ؟ عەرزی‌کرد : لە زینا زگی‌پڕ بوە • فەرمووی : تۆ ؟ عەرزی‌کرد : بەڵێ • فەرمووی : کە وابێ تا زگەکەت دائەنێی • پیاوێ لە ئەنصار بوو بە کەفیلی تا وەضعی حەملەکەی کرد ، یەکێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە غامیدییەکە وەضعی حەملی کرد ، فەرمووی : کە وابێ رەجمی ناکەمو مناڵەکەی بمێنێتەوە کەس نیە شیری بداتێ[1]• پیاوێ لە ئەنصار هەڵساعەرزی کرد : (یا رسول الله)

(١) ئەگەر لێرەدا بفەرموێ : « کەس نەبێ شیری بداتێ ... » باشترە •

شیرپێدانی لەسەر من بێ • ئەو وەختە پێغەمەر ئەمری بە رەجمی‌کرد • لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : کە منالەکەی بوو لە پەڕۆیێکی پێچابوو هێنای عەرزی‌کرد : وا منالەکەم بوو ، فەرمووی : بچۆ شیری بدەرێ تا لە شیر ئەیبڕیەوە ، کە لە شیری بڕیەوە منالەکەی هێنایە خزمەتی پارچەیێ نانی بە دەستەوە بوو ، عەرزی کرد : (يا نبي الله) وا لە شیرم بڕییەوەو طەعام ئەخوا • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری کرد بە یەکێ لە موسولمانان منالەکەی بگرێتە خۆی ، لە پاشا ئەمری کرد چالێکیان بۆ هەلکەند تا سنگی ، ئەمری بە خەلق فەرموو رەجمیان کرد • خالیدی کوڕی وەلید ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەردێکی مالی بەسەریا پڕیشکی خوێنی بە دەم‌و چاویا هەلپژا • خالید ـ رضي الله تعالى عنه ـ جوێنی پێدا ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەو جوێنەی بیستەوە ، فەرمووی : یا خالید واز بێنە قەسەم بەوەی نەفسم لە دەستی قودرەتیایە تەوبەیێکی کرد ئەگەر باجگر بیکا خوا لێی خۆش ئەبێ ! لە پاشا ئەمری فەرموو نوێژی لەسەر کرا •

لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : کە منالەکەی بوو هاتە خزمەتی • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری فەرموو : جلەکەیان تێوەپێچاو ئەمری بە رەجمی کردو نوێژی لەسەرکرد • حەزرەتی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی‌کرد : (يا نبي الله) زینای کردووەو نوێژی لەسەر ئەکەی ؟ فەرمووی : تەوبەیێکی‌کردوە ئەگەر لە بەینی حەفتاکەس لە ئەهلی مەدینەدا بەش بکرێ بەشیان ئەکا • بۆ هیچ تەوبەیێ هەیە لەوە گەورەتر بێ کە رۆحی خۆی بۆ خوا دانێ ؟

تەرجەمەی خۆلاصەی هەرسێ حەدیثەکە ئەمەیە ، لە بەینی ریوایەتەکانا وەك نەختێ موبایەنەت ببێ = وایە = تەوفیقی بکەن هەمووی یەك حادیشەیە •

٣٩١٧/٥٧ – عن أبي هريرة وزيد بن خالد الجهني – رضي الله تعالى عنهما – أنهما قالا : إن رجلا من الأعراب أتى رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – فقال : يا رسول الله أنشدك الله إلا قضيت لي بكتاب الله [فقام خصمه فقال : صدق اقض بيننا بكتاب الله • فقال الأعرابي : إن ابنـي كان عسيفا • والباقي عينه ح – ٤/٤٠٥ ، ح – ٣٠/١٠] فقال الخصم الآخر ، وهو أفقه منه ،: نعم فاقض بيننا بكتاب الله وأذن لي • فقال رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – : قل • قال : إن ابني كان عسيفا [أجيرا] على هذا فزنى بامرأته ، وإني أخبرت أن على ابني الرجم ، فافتديت منه بمائة شاة ووليدة • فسألت أهل العلم فأخبروني أنما على ابني جلد مائة وتغريب عام ، وأن على امرأة هذا الرجْمُ • فقال رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم –: والذي نفسي بيده لأقضين بينكما بكتاب الله : الوليدة والغنم ردٌّ عليك ، وعلى ابنك جلد مائة وتغريب عام • اغد يا أنيس إلى امرأة هذا ، فإن اعترفت فارجمها ، قال : فغدا عليها فاعترفت ، فأمر بها رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – فرُجمت ح – ٤/٤٢١ وفي الصلح ، والأحكام ، والمحاربين والوكالة ، والاعتصام ، وخبر الواحد ، وأخرجه بقية الجماعة • قسطلاني م – ٧/٢٤١ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرەو زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنیی – رضي الله تعالى عنهما ئەفەرموون : پیاوێ لە ئەعراب هاتەخزمەت پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – عەرزی‌کرد : (يا رسول الله) بە خوات سوێند ئەدەم لە بەینی منو ئەمەدا بە کیتابوڵلا حوکم بکە • خەصمەکەی ، لەو فەقیهتر بوو ، عەرزی‌کرد : (يا رسول الله) بەڵێ حوکم لە بەینمانا بە کیتابوڵلا بکە ، ئیذن بفەرموو کە قسە بکەم • فەرمووی : قسە بکە • عەرزی‌کرد : کوڕی

من به ئوجرەت ئیشی بۆ ئەمە کرد ، کورەکەم لەگەڵ ژنەکەیا زینای کرد ، وایان پێ وتم کە کوڕەکەم ڕەجمی لەسەرە ، بە صەد مەڕو جارییەیێ فیدیەی کوڕەکەمدا ، لە ئەهلی عیلمم پرسی ، خەبەریان‌دامێ کە کوڕەکەم هەر صەد داری حەددی لەسەرەو ساڵێ بخرێتە غەریبایـەتیو ، ژنـی ئەمیش ڕەجمی لەسەرە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فـەرمـووی : قەســەم بەوذاتەی کە نەفسی من بە دەستی قودرەتیەتی بە کیتابوڵلا حوکم لە بەینتانا ئەکەم : جارییەو مەڕەکانت بـۆ ڕەدئەکرێتەوە ، کوڕەکـــەت صـــەد دارو شاربەدەری ساڵێکی لە سەرە • ئەی ئونەیس بەیانیی بچۆرە لای ژنی ئەمە؛ ئەگەر ئیقراری‌کرد ڕەجمی بـکە • ئونەیس چوە لای ژنەکەی ، ئیعتیرافی کرد ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری فەرموو ڕەجمیان کرد• لە ڕیوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : ئەعرابییەکە وتی : کـوڕی من کرێکاری ئەمە بوو زینای لەگەڵ ژنەکەی کرد ••• إلخ •

قەسطەلانی تەئویلێکی ئەکا ، من تێی ناگەم ئێوە تێی بگەن •

٣٩١٨/٥٨ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ: ما رأيت شيئاً أشبه باللمم مما قال أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ = قال : إن الله = كتب على ابن آدم حظـه [نصيبـه • أخرى •م] من الزنا أدرك ذلك لا محالة ، فزنا العينين النظر ، وزنا اللسان النطق ، والنفس تمنى وتشتهي ، والفرج يصدق ذلك أو يكذبه م-١٠/٩٢ •

٣٩١٩/٥٩ ـ وعن أبي هريرة عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : كتب على ابن آدم نصيبه من الزنا مدرك ذلك لا محـالـة ، فالعينـان زناهما النظر ، والأذنان زناهما الاستماع ، واللسان زناه الكـلام ، واليـد زناها البطش ، والرجل زناها الخـُطا ، والقلب يهوي ويتمنى ، ويصدق ذلك الفـرج ويـكذبـه م ـ ١٠/٩٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەفەرموێ : ئیبنوئادەم بـەشی خۆی لە زینا لەسەر نووسراوە ، بێ شك بەو بەشە ئـەگا ، زینـای چـاو نەظەرە ، زینای گوێ گوێ گرتنە لە قســەلێکردنی ، زینــای زوبـــان قسەلێکردنیەتی ، زینای دەست دەستلێدانیە ، زینای پێ بۆچوونیــەتی ، هەنگاوەکانیەتی ••• دڵ حەزی لێ ئەکاو تەمەنتای ئەکا فەرج تەصــدیقی ئەکا یا تەکذیبی ئەکا • ئیبنوعەباس ئەفەرموێ : تەمدیوە لەمانە زیاتر کـە بـە صەغیرە بشـــوبهێ •

٣٩٢٠/٦٠ ـ سەهلی بنی سەعدی ساعیدیی = ئەفەرموێ : پێغەمــەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرموویەتی := هەرکەسێ بێ بـە کـەفیلی مابەینی هەردوو پێو هەردوو چەناگــەی ئـەبم بە کەفیل بۆی بۆ بەهەشت ح ـ ١٠/٥ •

٣٩٢١/٦١ ـ زەیـدی خالیـــدی جـوهــەنیو ئــەبـــوهورەیرە ـ رضي الله تعــــالی عنهمــا ـ ئەفــەرمــوون : پێغـەمــــەر ـ صــــلی الله تعالی علیه وسلم ـ دەرحەق کەسێك زینا بکاو غەیرە موحصەن بێ حـوکمی فەرمـــوە بـــە صــــەد دارو شاربەدەرکـردنی تا ســـاڵێ ح ـ ١٠/٢٥ •

٣٩٢٢/٦٢ ـ ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ رۆژێکی پێنج شەمە داری حەدی لە ژنێ داو رەجمیشی کرد ، لە دواییا فەرمووی : بە سوننەتی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ رەجمم کرد بـە کیتابوڵلایش داری حــەددم لێـــدا ح ـ ١٠/٨ •

عوروە ئەفەرموێ : ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنــه ـ پیاوێکی [لەسەر زینـا] شاربەدەر کرد ئیتر ئەوە بوو بە عادەت ح ـ ١٠/٢٥ •

٢٩٢٣/٦٣ - عن عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - قال : أتي رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - بيهودي ويهودية قد أحدثا جميعا ، فقال [صلى الله تعالى عليه وسلم] لهم : ما تجدون في كتابكم ؟ قالوا : إن أحبارنا أحدثوا تحميم الوجه والتَّجْبِية [پاشەوپێش سوارکردن] قال عبدالله بن سلام [رضي الله تعالى عنه] : ادعهم يا رسول الله بالتوراة ، فأتي بها ، فوضع أحدهم يده على آية الرجم ، وجعل يقرأ ماقبلها وما بعدها ؛ فقال له ابن سلام : ارفع يدك . فإذا آية الرجم تحت يده ! فأمر بهما رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فرُجِما . قال ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : فرجما عند البلاط [وشكەسی بەینی (قید واقعي) بازاڕومزگەوت]. [كنت فيمن رجمها .م] فرأيت اليهودي أجنأ عليها [يقيها من الحجارة .م]. [أي أكب عليها يحميها] ح - ١١/١١٠ ، م ٢٤٤/٧ ، ح - ٢٨/١٠ ، وفيه ما في مسلم بفرق .

تەرجەمە :

پیاوێکی جوولەکەو ژنە جوولەکەیێکیان هێنایە خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - زینایان کردبوو ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لێی‌پرسین : لە کتێبی ئێوەدا چی تیایە ؟ عەرزیان‌کرد: عالمەکانمان رووڕەشکردن‌و پاش‌وپێش سواری کەرکردنیان بۆ ئیجاد کردوون . عەبدوڵلای کوڕی سەلام - رضي الله تعالى عنه - عەرزی پێغەمەری کرد - صلى الله تعالى عليه وسلم - : (يا رسول الله) ئەمریان پێ بکە تەورات بێنن ، هێنرا ، یەکێکیان دەستی خستە سەر ئایەتی رەجم ، پێشەوەو دوایی ئەو ئایەتی رەجمەی ئەخوێندەوە ، عەبدوڵلای بنی سەلام - رضي الله تعالى عنه - بەو کەسەی فەرموو : دەستت هەڵبڕە ، کە دەستی هەڵبڕی ئایەتی رەجم لە ژێر دەستیا بوو . پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەمری

فەرموو لەسەر وشکەسییەکەی بەینی مزگەوتو بازاڕا ڕەجمیان کردن • عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : چاوم لێبوو جوولەکەکە خۆی دابوو بەسەر ژنەکەدا = لەبەرد = موحافەظەی ئەکرد •

٦٤/٣٩٢٤ ـ براء بن عازب [رضي الله تعالى عنهما] قال : مر على النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بيهودي محمما مجلودا ، فدعاهم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : هكذا تجدون حد الزاني في كتابكم ؟ قالوا : نعم• فدعا رجلا من علمائهم • فقال : أنْشُدك بالله الذي أنزل التوراة على موسى أهكذا تجدون حد الزاني في كتابكم ؟ قال : لا ، ولولا أنك نشدتني بهذا لم أخبرك : نجده الرجم • ولكنه كثر في أشرافنا فكنا إذا أخذنا الشريف تركناه، وإذا أخذنا الضعيف أقمنا عليه الحد • قلنا : تعالوا فلنجتمع على شيء نقيمه على الشريف والوضيع ، فجعلنا التحميم والجلد مكان الرجم • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أللهم إني أول من أحيا أمرك إذا أماتوه، فأمر به فرجم • فأنزل الله ـ عز وجل ـ : (يا أيها الرسول لا يحزنك الذين يسارعون في الكفر ••• إلى قوله : إن أوتيتم هذا فخذوه [وان لم تؤتوه فاحذروا])[١] يقول : ائتوا محمدا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فإن أمركم بالتحميم والجلد فخذوه ، وإن أفتاكم بالرجم فاحذروا • فأنزل الله تعالى : (ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون) (ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الظالمون) (ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الفاسقون)[٢] في الكفار كلها م ـ ٧/٢٤٦ •

تەرجەمە :

بەرای کوڕی عازیب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ :

(١) المائدة / ٤١ •

(٢) المائدة / ٤٤ ـ ٤٧ •

جووله‌كه‌یێكیان به لای پێغه‌مه‌را ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ رابووران رووی ره‌ش كرابوو داركاریی كرابوو ، پێغه‌مه‌ر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بانگی‌كردن فه‌رمووی : له كتێبی خۆتانا حه‌ددی زینا وا ئه‌بینن ؟ عه‌رزیان‌كرد : به‌ڵێ • پیاوێكی له عوله‌ماكانیان بانگ‌كرد ، فه‌رمووی: تو و ئه‌و خوایه‌ی كه ته‌وراتی نازڵ‌كردۆته سه‌ر مووسا حه‌ددی زاني له كتێبی ئێوه‌دا وایه ؟ عه‌رزی‌كرد : خه‌یر ئه‌گه‌ر وات سوێند نه‌دامایێ خه‌به‌رم نه‌ده‌دایتێ ؛ حه‌ددی ئه‌و له كتێبمانا ره‌جمه ، ئه‌مما زینا له ناو ئه‌شرافمانا زۆر بوو ، كه شه‌ریفمان بگرتایه وازمان لێ ئه‌هێنا ، پیاوی زه‌عیف‌و بێ‌ده‌سته‌ڵاتمان بگرتایه ئیقامه‌ی حه‌دمان له‌سه‌ر ئه‌كرد • وتمان : بێن له‌سه‌ر شتێك كۆبینه‌وه كه به‌سه‌ر گه‌وره‌و بوچووكا ئیجرای بكه‌ین له باتی ره‌جم داركاری‌و رووره‌شكردنمان دانا • پێغه‌مه‌ر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فه‌رمووی : خوایا من ئه‌وه‌ڵ كه‌سێكم كه ئه‌مری تۆ زیندووئه‌كه‌مه‌وه كه مرانوویانه ، ئه‌مری فه‌رموو ره‌جم‌كرا • خوا ـ عز وجل ـ ئه‌و ئایه‌تی سووره‌تی مائیده‌ی نازڵ‌فه‌رموو كه ئه‌فه‌رموێ : ئه‌ی ره‌سوول ئه‌وانه‌ی كه خێرایی ئه‌كه‌ن له كوفرا مه‌حزوونت نه‌كه‌ن كه ئه‌و موونافیقانه‌ن به ده‌م ئه‌ڵێن ئیمانمان هێناوه‌و دڵیان ئیمانی نه‌هێناوه‌و ئه‌و جووله‌كانه‌ن كه زۆر گوێ له‌درۆی مالوومه‌كانیان ئه‌گرن‌و گوێ بۆ ئه‌وانه‌یش ئه‌گرن كه نه‌هاتوونه لای تۆ [له تۆ بپرسن كه حوكمی زانیی موحصه‌ن چییه ، خه‌یبه‌ریی ناردیانه لای قوره‌یظه پرسیان بۆ بكه‌ن (جلالين)] ئه‌و جووله‌كانه ته‌حریفی كه‌لیمه‌ی ته‌ورات ئه‌كه‌ن له مه‌عنای (موضوع له)ی خۆیی لائه‌ده‌ن [ره‌جم به ره‌شكردن‌و داركاریی ئه‌گۆڕن] ئه‌ڵێن : ئه‌گه‌ر ئه‌مه‌تان بۆ فتوا درا [لای محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ] قه‌بووڵی بكه‌ن ، ئه‌گه‌ر به‌مه فتواتان بۆ نه‌درا قه‌بووڵی مه‌كه‌ن خۆتانی لێ بپارێزن ،

هەرکەسێ خوا ئیرادەی فەرموو کە بیخاتە فیتنەو گومڕاهییەوە تۆ مالیکی هیچ شتێ نیت بۆ ئەو لە طەرەفی خواوە [ناتوانی لێیدەفع بکەیتو نەجاتی بدەیو بیهێنیە سەر هیدایەت] ئەو مونافیقو جوولەکانە ئەوانەن کە خـوا ئیرادەی نەکردوە کە دڵیان پاك بکاتەوە [لە کوفرو نیفاق] ئەوانە لە دنیادا ذیللەتیان بۆ هەیەو لە ئاخیرەتا عەذابێکی گەورەیان هـەیە ، ئەوانـــە زۆر گوێـگرن لـــە درۆو زۆر حـەرامخۆرن [بەرتیل وەرگرن لەسەر گۆڕینی ئەحکام] ئەگەر هاتنەلات [شتێکت لێ پرسن] حوکمیان لە بەینا بکـەی ئیعراضیان لێ بنێ [جوابیان مەدەرەوە] ئەگەر ئیعراضیان لێ بنێی هیچ زەرەرت پێ ناگەیێنن ، ئەگەر حوکمت لە بەینیانا کرد بە عەدالەت حوکمیان لە بەینا بکە • بە تەحقیق خوا ئەوانە ئەحوبێنێ کە بە عـەدالـەت حوکـم ئـەکەن ••• (إلى آخر آيات المائدة)[1] ئەڵێن : بچنە لای محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەگەر بە ڕووڕەشکردنو دارکاریکردن فتوای بـۆ دان قەبووڵی بکەن ، ئەگەر بە ڕەجم فتوای بۆ دان خۆتانی لێ بپارێـزن [بـە قسەی مەکەن] خـــوا دەرحەقی هەمـوو کافران ئـــەم ئایەتانـەی نازڵفەرموو کە ئەفەرموێ : هەرکەسێ حوکم بە (ما أنزل الله) نەکا ئەوانە کافرن • هەرکەسێ حوکم بەوە نەکا کە خوا ناردوویەتی ئـەوانـە زاڵمن ، هەرکەسێ حوکم بەوە نەکا کە خوا ناردوویەتی ئەوانە فاسقن م ـ ٧/٢٤٦•

٣٩٢٥/٦٥ ـ خطب علي ـ كرم الله وجهه ـ فقال : يا أيها الناس أقيموا على أرقائكم الحد من أحصن منهم ومن لم يُحْصِن ؛ فإن أمة لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زنت فأمرني أن أجلدها ، فإذا هي حديث عهد بنفاس ، فخشيت إن أنا جلدتها أن أقتلها ، فذكرت ذلك للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : أحسنت م ـ ٧/٢٥١ •

(١) المـائـدة / ٤٤ ـ ٤٧ •

تەرجەمە :

ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه وكرم الله وجهه ـ فەرمووی : ئـەی خەڵقینە لەسەر عەبدو جاریەتان ئیجرای حەد بــكەن ، موحصەن بـێ یـا موحصەن نەبێ ؛ چونكی جاریەیێكی[1] پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیــه وسلم ـ زینای كرد ئەمری پێ فەرمووم كە داری حەددی لێدەم ، كـەچی تازە منالی بووبوو لە نیفاسا بو ، ترسام ئەگەر بێم داری حـەددی لێدەم بیكوژم • ئەوەم عەرزی پێغەمەركرد ـ صلی الله تعــالی علیـه وســلم ـ فەرمووی : چاكت‌كرد •

تـەعـزیـر :

٣٩٢٦/٦٦ ـ عن أبي بردة الأنصاري أنه سمع رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یقول : لا [عقوبة فوق عشر ضربات • أخری] یجلد أحد فوق عشرة [جلدات • أخری] أسواط إلا في حد من حدود الله م ـ ٧/٢٦٠، ح ـ ١٠/٣٣ ، د ، ت ، جه ، ن

تەرجەمە :

ئەبوبوردەی ئەنصاریی ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفــەرموێ : لــە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم م بیست ئەیفەرموو : هیچ كـەسێ زیاد لە دە داری لێ نادرێ مەگەر لە حەددێ لە حوودوودی خوادا لێیبدرێ [لە حەددێ لە حوودوودی خـوادا نەبێ هیچ كــەس لـە دە دار زیاتـری لـێ نــادرێ] •

٣٩٢٧/٦٧ ـ عن الشیباني سألت عبدالله بن أبي أوفی [رضي الله تعالی

(١) دانەر ـ خ ـ لە دەقە عەرەبییەكەدا (أمة الرسـول)ی نووسیبوو بـەو نەوعە تەرجەمەی كردبوو لە هەردوو لادا چاكمان كرد •

عنهما] : هل رجم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ قال : نعم •
قلت : قبل سورة النور أم بعد ؟ قال : لا أدري ح-١٠/٨ ، م-٧/٢٤٧ •

تەرجەمە :

ئەبوئیسحاقی شەیبانیی ئەفەرموێ : لە عەبدوڵلای کوڕی ئەبوئەوفام پرسي : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیــه وسلم ـ رەجمــی کــردوه یان نــا ؟ فەرمووی : کردوویەتی • لێمپرسیی : لە پێش سوورەتی نوورا [کە پێی نەســخ بوویێتەوە] یا دوای سوورەتی نوور [کە حوکمەکەی باقیی بێ]؟ فــەرمووی : نــازانــم •

ئەبوهورەیرەو ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ کــە ریوایەتــی رەجم ئەکەن لە دوای نوزوولی (نوور) هاتوونە مەدینە • ئــەبوهــورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە فەتحی خەیبەرا هیجرەتی کردوە لە ساڵی حەوتەمی هیجرەتا • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لەگەڵ دایکی لە ســـ الی نۆیەما هاتن • سوورەتی نوور لە حادیثەی ئیفکا نازڵ بــوو کـــە ســـاڵی چوارەمە یا پێنجەمە یا شەشەمە • کە وابێ رەجم دواکەوتوە • قەسطەلانیی•

ئیمامـــەتی عامـــە :

١/٣٩٢٨ ـ جابر بن سمرة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : دخلت مع أبي على النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فسمعته يقول : إن هذا الأمر لا ينقضي حتى يمضي فيهم اثنا عشر خليفة [أميـرا •خ] قال : ثـم تكلـم بكلام خفيَ عليَّ • قال : فقلت لأبي مـا قال ؟ قال : قال كلهم من قريش م ـ ٥/٨ ، ح ـ ١٠/٢٦٢ •

تەرجەمە :

جابیری کوڕی سەمورە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : لـــە خزمەت باوکما چوومە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیــە وســـلم ـ لێم‌بیست ئەیفەرموو : ئەم ئەمری خەلافەتە نابڕێتەوە تا دوانـــزە خەلیفـە [ئەمیر] رائەبوورێ • لە پاشا کەلامێکی فەرموو لە من خەفیی بوو ، لـە باوکمم پرسیی : چی فەرموو ؟ فەرمووی : فەرمووی : هـــەموویان لـــە قـــورەیشـــــن •

٢/٣٩٢٩ ـ وفي أخرى عنه يقول : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : لا يزال [هذا الأمر • أخرى م] ، [هذا الدين عزيزا منيعا • أخرى م] الإسلام عزيزا إلى اثني عشر خليفة • ثم قال كلمة [صمنيها

الناس • أخرى] لم أفهمها ، فقلت لأبي : ما قال ؟ فقال : كلهم من قــريش م ـ ٦/٨ •

٣٩٣٠/٣ ـ وعن عامر بن سعد بن أبي وقاص قال : كتبت إلى جابر بن سمرة [رضي الله تعالى عنهم] مع غلامي نافع : أن أخبرني بشيء سمعته من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : فكتب إلي : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوم جمعة عشية رجم الأسـلمي [ماعـز ـ رضي الله تعالى عنه ـ] يقول : لا يزال الدين قائما حتى تقوم السـاعة ، أو يكون عليكم اثنا عشر خليفة كلهم من قريش • وسمعته يقول : عصيبـة من المسلمين يفتتحون البيت الأبيض : بيت كســرى ، أو آل كســرى • وسمعته يقول : إن بين يدي الساعة كذّابين فاحذروهم • وسمعته يقول : إذا أعطى الله ـتعالى ـ أحدكم خيرا فليبدأ بنفسه وأهل بيته • وسمعته يقول:أنا الفرط على الحوض م ـ ٨/٨ •

تەرجەمە :

عامیری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبووەقاص ئەفەرموێ : بـە نافیعی غولامما نووسیم بۆ لای جابیری کوڕی سەموره ـ رضي الله تعالى عنهم ـ که خەبەرم بدەرێ بە شتێك کە لە پێغەمەرت بیستبێ • بۆی نووسیمەوە : رۆژی جومعە ، ئەو ئێوارێیە کە ماعیزی ئەسلەمیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ تیا رەجم کرا ، لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو: دین هەر راوەستاو ئەبێ تا قیامەت هەڵەستێ ، یا دوانزە خەلیفـەتـان بـــە سەرەوە ئەبێ ، ئەو خەلیفانە هەموویان لە قورەیشن • لێمبیست ئەیفەرموو: فیرقەیێکی کەمۆکە لە موسوڵمانان فەتحی بەیتی ئەبیەض ئەکەن کە بەیتی کیسرایە • لێمبیست ئەیفەرموو : لە بەردەمی قیامەتەوە گـەلێ کـەذذاب

ئەبن خۆتانیان لێ بپارێزن • لێم‌بیست ئەیفەرموو : کە خوا خێرێکی دا بـە یەکێکتان لە پێشا دەست بە خۆی‌و ماڵو منالی خۆی بکا • لێم‌بیســـت ئەیفەرموو : من لە پێشەوە ئەچمە سەر حەوز جێتان بۆ حازر ئەکەم •

٣٩٣١/٤ – عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – قال : إنكم ستحرصون على الإمارة ، وستكون نـدامـة يوم القيامة ، فنعم المرضعة ، وبئست الفاطمة ح – ٢١٣/١٠ ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : ئێوە لەسەر ئیمارەت حەریص ئەبن ، لە رۆژی قیامەتا ئەبێ بە ســـەبەبی پەشیمانیی • دایەنێکی باش‌و لەشیربڕەوەیێکی خراپ •[1]

٣٩٣٢/٥ – عن أنس [رضي الله تعالى عنه] أن قيس بن ســـعد [بن عبادة – رضي الله تعالى عنهما –] كان يكون بين يـدي النبي – صـلى الله تعالى عليه وسلم – بمنزلة صاحب الشرطة من الأمير ح – ٢١٨/١٠ •

تەرجەمە :

قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عوببادە – رضي الله تعالى عنهما – لەبەر دەستی پێغەمەرا – صلى الله تعالى عليه وسلم – وەکوو سەرکردەی ئۆردوو بوو بە نیسبەت ئەمیرەوە •

٢٩٣٣/٦ – عن طريف أبي أميمة قال : شهدت صفوان [بـن محـرز التابعي] وجندبا [رضي الله تعالى عنه] وأصحابه وهو يوصيهم فـقالـــوا

(١) واتە : دەستەڵاتدارێتی‌و فەرمانڕەوایی دایەنێکی باشەو تام‌و شیرینییەکی خۆشی هەیە . بەڵام کاتێ لائەچێ‌و نامێنێ بڕانەوەو دەم‌وشـــــکبوون‌و جیابوونەوەیێکی خراپ‌و سەختو بەئازارە .

[صفوان وأصحابه لجندب] : هل سمعت من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شيئا ؟ قال : [نعم] سمعته يقول : من سمَّع سمع الله به يوم القيامة [من عمل للسمعة يظهر الله للناس سريرته ، أو من سـمَّع بعيوب الناس وأذاعها أظهر الله عيوبه] قال [عليه الصلاة والسلام] : ومن يشاقق [أي يحمل الناس على ما يشق عليهم] يشقق الله عليه [يعذبه] يوم القيامة. فقالوا : أوصنا . فقال : إن أول ما يَنْتِنُ من الإنسان بطنه . فمن استطاع أن لا يأكل إلا طيبا فليفعل ، ومن استطاع أن لا يحال بينه وبين الجنـة ملء كفه من دم أهراقه فليفعل . قلت [فربري] لأبي عبدالله [البخاري] : من يقول سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ جندب ؟ قال : نعـم جنـدب ح ـ ١٠/٢١٥ .

تەرجەمە :

طەریف ئەفەرموێ : لای صـەفوانی کوڕی مەحرەزی تـابیعیی و ئەصحابیو جوندوب بووم ، جوندوب ـ رضي الله تعالى عنه ـ نەصیحـەتی ئەکردن ، صەفوانو ئەصحابی عەرزی جوندوبیانکرد ـ رضي الله تـعالی عنه ـ: هیچت لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بیستوە ؟ فەرمووی: بەڵێ لێم بیست ئەیفەرموو : هەرکەسێ شتێکی بـاش بکا بە ریاو خـەڵق بیبینن خوا لە رۆژی قیامەتا قەصدو نییەتی چی بووبێ بۆ خەڵقی ئیظهـار ئەکا . یا مەعنای وایە هەرکەسێ عەیبی یەکێکی تر بڵاوکاتەوەو بیخـاتە گوێی خەڵقەوە خوایش لە رۆژی قیامەتا عەیبی ئەو لە ناو خەڵقا ئیظهـار ئەکا . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ خەڵق بخاتە ئەذیەتو مەشەققەتەوە خوایش لە رۆژی قیامەتا ئەو کەسە ئەخاتـە ئەذیەتو مەشەققەتەوەو عەذابی ئەدا . عەرزیان کرد : نەصیحەتمان بکە ، فەرمووی : ئەوەڵ ئەعضایێ کە لە ئینسان بۆگەن ئەبێ ورگیە ، کـەسـێ

ئەتوانێ غەیری حەڵاڵ هیچ نەخوا با بیکا • یەعنی هەر حەڵاڵ بخوا ، کەسێ ئەتوانێ کە مستێ خوێن کە ئەیرێژێ نەبێ بە مانیع لە بەینی ئەوو بەهەشتا با بیکا ، یەعنی خوێن نەرێژێ • فەربەریی ئەفەرموێ : لە بوخاریم پرسیی : کێ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وســـلم ـم بیســـت ؟ جوندوب ؟ فەرمووی : بوخاریی فەرمووی : بەڵێ جوندوب فەرمووی •

[ظاهیر وایە لێرەوە[1] تا ئاخریی مەوقووف بێو قسەی جونـدوب خۆی بێ • ئەمما چونکی ئەمە شتێکە ئینسان بە عەقڵی خۆی نایزانێ لـــە حوکمی مەرفووعایە • لە طەریقێ ترا کە طەبەریی لە ئەبیتەمیمەوە ریوایەتی ئەکا ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعـــالی علیـــه وسلم ـ فەرمووی • قەسـطەلاني] •

٧/٣٩٣٤ ـ محەمـەدی کـــوڕی زەیـــدی کـــوڕی ثابیت عەرزی ئیبنوعومەری کرد ـ رضي الله تعالی عنهم ـ : ئێمە ئەچینە لای سولطانمان خیلافی ئەوەیان لە لا ئەڵێین کە لە دوای چوونەدەررەوە لە لایان ئەیڵێین • فەرمووی : ئەوەمان بە نیفاق حسیب‌ئەکرد •

٨/٣٩٣٥ ـ عن زید بن ثابت [رضي الله تعالی عنه] أن النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ أمره أن یتعلم کِتابَ الیهـــود حتی کتبت للنبـي ـصلی الله تعالی علیه وسلمـ کتبه وأقرأته کتبهم إذا کتبوا إلیه ح-١٠-٢٤٨•

تەرجەمە :

زەیدی کوڕی ثابیت ـ رضي اللهتعالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغـــەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری پێکردم کە خەتی جوولەکە فێر ببم ،

(١) دانەر ـ خ ـ لێرەدا ئیشارەیەکی داناوە کە مەبەستی لەم نووســـینە « ... فقال إن أول ما ینتن من الانسان ... »ە .

فێر بووم تا وام لێهات ئەوی کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بۆی ئەنووسین من بۆم ئەنووسین ، ئەوی ئەوان ئەیاننووسی بۆی بۆم ئەخوێندەوە •

٣٩٣٦/٩ ـ أبو بُردة قال : قال أبو موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ أقبلت على النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ومعي رجلان من الأشعريين أحدهما عن يميني ، والآخر عن يساري ، فكلاهما سأل العمل ، والنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يستاك ، فقال : ماتقول يا أبا موسى أو يا عبدالله بن قيس ؟ قال : فقلت : والذي بعثك بالحق ما أطلعاني على مافي أنفسهما وما شعرت أنهما يطلبان العمل • قال : وكأني أنظر إلى سواكه تحت شفته وقد قلصت ، فقال : لن أو لا نستعمل على عملنا من أراده ، ولكن اذهب أنت يا أبا موسى أو يا عبدالله بن قيس ، فبعثه على اليمن ، ثم أتبعه معاذ بن جبل [رضي الله تعالى عنه] فلما قدم عليه قال : انزل وألقى له وسادة ، وإذا رجل عنده موثق قال : ما هذا ؟ قال : هذا كان يهوديا فأسلم، ثم راجع دينه دين السوء فتهود • قال : لا أجلس حتى يقتل قضاء الله ورسوله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : اجلس نعم • قال : لا أجلس حتى يقتل قضاء الله ورسوله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثلاث مرات فأمر به فقتل • ثم تذاكرا القيام من الليل ، فقال أحدُهما ، معاذ" [رضي الله تعالى عنه] : أما أنا فأنام وأقوم ، وأرجو في نومتي ما أرجو في قومتي م ـ ٩/٨ من مسألة اليهود مر في الزكاة[1] •

تەرجەمە :

ئەبوموسای ئەشعەریی ـ رضي الله تعالی عنه ـ تەشریفی هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەفەرموێ : دوو پیاوم لەگەڵ بوو ،

(١) نزیك بەم ریوایەتە لە ل (١٧٤)ی بەرگی هەشتەمدا حەدیثێك رابورد.

یەکێکیان لای راستمەوەو یەکێکیان لای چەپمەوە بوو هەردوکیان داوای مەئموورییەتیان کرد لە خزمەتیا ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وســـلم ـ سیواکی ئەکرد • فەرمووی : تۆئەڵێی چی ئەی ئەبومووسا ، یا فەرمووی ئەی عەبدوڵلای کوڕی قەیس ؟ عەرزمکرد : قەسەم بەو ذاتەی تۆی بــە حــەق ناردوە خەبەریان نەداومێ بەوەی کە لە دڵیانایە ، عیلمم نەبوە بەمە کە داوای وەظیفە ئەکەن • فەرمووی : تەماشای سیواکەکەیم ئەکرد لە ژێر لێویــا ، لێوی موبارەکی وشك هەڵاتبوو [لەبەر غەضەب لەو داواکردنە] فەرمووی: قەت من وەظیفە نادەم بە کەسێ داوای بکا • ئەمما ئەی ئەبومووسا ، یــا فەرمووی : ئەی عەبدوڵلای کوڕی قەیس تۆ بڕۆ ، ناردی بۆ یەمەن ، لــە پاشا مەعاذی دوابەدوا نارد • کە مەعاذ ـ رضي الله تعالى عنه ـ گەیییە لای فەرمووی : دابەزە ، سەرینێکی بۆ دانا کە لە سەری دانیشێ ، کە تێفکری پیاوێکی لەلا بەسترابۆوە لێیپرسیی : ئەمە چیە ؟ فەرمووی : جوولەکەیێکە موسوڵمان بووبوو ئێستە گەڕاوەتەوە سەر دینی خۆی کە دینێکی خراپە، بۆتەوە بە جوولەکە • فەرمووی : دانانیشم تا نەیکوژی بە حوکمی خــواو رەسوولی خوا ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : بەڵێ ئەیکوژم تۆ دانیشە فەرمووی : دانانیشم تا ئەکوژرێ بە حوکمی خواو رەسوولی خوا ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ تا سێ جار ، ئەمری فەرموو کوژرا • لە پاشا موذاکەرەیان لە هەڵسانی شەوکرد ، یەکێکیان کە مەعاذە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : من ئەیشنووم‌و هەڵیش‌ئەستم ، لە هەڵسانما چەندم ئومێد هەیە لە نوستنیشما ئەوەندەم ئومێد هەیە بە خوا کە نوستنەکەیشم بـۆ بــە عیبــادەت حسێب کا •

لە ریوایەتێکی ترا ئەفەرموێ : عەرزی پێغەمەریان کــرد ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ : (یا رسول الله) شتێکمان پێ بسپێرە کە خوا بە تــۆی

سپاردوە ، فەرمووی : وەڵلاهی ئەم ئیشە بە هیچ کەسێ ناسپێرم کە داوای بکاو لەسەری حەریص بێ م – ١٢/٨ .

١٠/٣٩٣٧ – (عن أبي ذر – رضي الله تعالى عنه – قال : قلت : يارسول الله)[1] بۆ من لەسەر فرمانێ ئیستیخدام ناکەی ؟ بە دەستی موبارەکی بە شانمیا کێشاو فەرمووی : ئەی ئەبوذەڕ تۆ زەعیفی ، ئەم ئیشەیش ئەمانەتە لە رۆژی قیامەتا ئەبێ بە سەرگەردانیو نەدامەت ، مەگەر کەسێ بە حەق وەری بگرێو ئەو حەقەی کە لە سەریەتی بەجێی بێنێ م – ١٥/٨ .

١١/٣٩٣٨ – وفي أخرى عنه[2] ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : ئەی ئەبوذەڕ من تۆ بە ضەعیف ئەزانم ، چی بۆ خۆم ئەحوبێنم بۆ تۆیشی ئەحوبێنم ؛ قەت ئەمیریی بەسەر دوو کەسا مەکەو قەت ماڵی هەتیو مەگرەرە ژێر دەست م – ١٦/٨ .

١٢/٣٩٣٩ – عەبدوڵلای کوڕی عومەر – رضي الله تعالى عنهما – ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : ئەوانەی کە ئیجرای عەدالەت ئەکەن لە حوضووری خوادان لەسەر مینبەری نوورن ، لە لای راستی خواوە هەردوو دەستی خوا دەستی ئەوانەیە کە لە حوکمکردنا ئیجرای عەدالەت ئەکەن لەوەیشا کە لە بەینی ئەهلو عەیالیاناو لەوەدا کە بەوان سپێرراوە . م – ١٧/٨ .

١٣/٣٩٤٠ – عن عبدالرحمن بن شماسة قال : أتيت عائشة – رضي الله تعالى عنها – أسألها عن شيء فقالت : ممن أنت ؟ فقلت رجل من أهل مصر ،

(١) ئەمە تەرجەمەی سەرەتای حەدیثەکەیە : ئەبوذەڕ ئەفەرموێ : وتم : ئەی پێغەمەری خوا ...

(٢) واتە : لە ریوایەتێکی ترا هەر لەوەوە ریوایەت کراوە ...

فقالت : كيف كان صاحبكم لكم في غزاتكم هذه ؟ فقال : مانَقَمنا منـــه شيئا ، إن كان ليموت للرجل منا البعير والعبد فيعطيه = البعيرو = العبد ، ويحتاج إلى النفقة فيعطيه النفقة • فقالت : أما إنه لا يمنعني الذي فعل في محمد بن أبي بكر [رضي الله تعالى عنه] أخي أن أخبرك ماسمعت من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ، يقول في بيتي هذا : اللهم من ولي من أمر أمتي شيئا فشقّ عليهم فاشقق عليه • ومن ولي من أمر أمتي شيئا فرفق بهـم فارفق بـه م ـ ١٨/٨ •

تەرجەمە :

عەبدورِەحمانی کوڕی شەماسە ئەفەرموێ : چوومە خزمەت حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ شتێکی لێبپرسم • فەرمووی : تۆ لە کێی ؟ عەرزم‌کرد : پیاوێکم لە ئەهلی میصر • فەرمووی : لەم غەزایەدا ئەمیرەکەتان چـۆن بـوو بۆ ئێـــوە ؟ عەرزم‌کـــرد کـە : ئینتیقـامی[1] هیـچمـان لێ نەستەنـد هی ئـەوە نـەبێ کە =ئەگـەر یـەکێکمـان وشتر یـا بـەنـدەی بمردایـە = وشـ تری ئەدا بە خەڵق ، عەبدی ئەدا بـە خەڵق ، کە موحتاجی نەفەقە بوونایە نەفەقەی ئەدانێ • فەرمووی : خەبەرت پێ ئەوە مەنعی من ناکا کە لەگەڵ محەمەدی براما کوڕی ئەبوبەکرا کردووتانە پێتم خـەبەری ئەوەت نەئەمێ کە لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـم بیستوە • فەرمووی : خوایا هەر کەسێ ئیشێکی لە ئیشی ئەم ئوممەتە تەودیع‌کـراو زەحمەتی پێ‌گەیانێ تۆیش زەحمەتیان پێ‌بگەیێنە • هەرکەسێ ئیشێکی لە ئیشی ئوممەتی من تەودیع کراو سووکیی‌و موشفیقیی لەگەڵا کردن تۆیش لەگەڵی موشفیق‌و بە مەرحەمەت بە •

(١) دانەر ـ خ ـ ئەگەر لێرەدا بینووسیایە : « هیچ گلەییمان لێی نەبوو ئەوە نەبێ کە ئەگەر یەکێ وشتری یا بەندەی بمردایە وشـــترو بەنـــدەی ئەداێ ... » باشتر بوو .

٣٩٤١/١٤ – عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه قال : ألا كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته ؛ فالأمير الذي على الناس راع وهو مسؤول عن رعيته ، والرجل راع على أهل بيته وهو مسؤول عن رعيته ، والمرأة راعية على بيت بعلها وولده وهي مسؤولة عنهم ، والعبد راع على مال سيده وهو مسؤول عنه ، ألا فكلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته م – ٨/١٩ والرجل راع في مال أبيه ومسؤول عن رعيته م – ٨/٢٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خەبەرتان بێ هەمووتان شوانن هەموو لە رەعیەتەکەتان لێ ئەپرسرێتەوە ، ئەو ئەمیرەی کە ئەمیریی بە سەر خەڵقا ئەکا شوانە لە رەعیەتەکەیی لێ ئەپرسرێتەوە ، پیاو شوانە بەسەر ماڵو منالیەوە لە رەعیەتەکەی لێ ئەپرسرێتەوە ، ژن شوانە بەسەر کەس و کاری مێردەکەیەوەو منالەکانیەوە ، لەوانەی لێ ئەپرسرێتەوە . عەبد شوانە بەسەر ماڵی سەییدەکەیەوە لەوە لێی ئەپرسرێتەوە ، خەبەرتان بێ کە هەمووتان شوانن هەمووتان سوئالی رەعیەتەکەتان لێ ئەکرێ . پیاو شوانە لە ماڵی باوکیا لەوە لێی ئەپرسرێتەوە .

٣٩٤٢/١٥ – عائذ بن عمرو وكان من أصحاب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [ورضي عنه] دخل على عبيدالله بن زياد [لعنه الله تعالى] فقال : أي بني إني سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إن شر الرعاء الحطمة ، فإياك أن تكون منهم . فقال له : اجلس فإنما أنت من نخالة أصحاب محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : وهل كانت لهم نخالة ؟ انما كانت النخالة بعدهم وفي غيرهم م – ٨/٢٢ .

تەرجەمە :

عائیذی کوڕی عەمر کە لە ئەصحابی پێغەمەربوو ـ صلی الله تعـــالی علیەوسلم،ورضي‌عنه‌ـتەشریفی ئەچێتە لای عوبەیدیللای مەلعوونی کوڕی زیاد پێی ئەفەرموێ : ئەی کوڕی خۆم لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ م بیست ئەیفەرموو : خراپترینی شوانانو ئەمیران ئەوانەن کە ئەبن بـــــە گزرەی جەهەنەمو زینهار لەو گزرەیـــە مەبە[1]! فلّتانی : دانیشە تۆ لــە کەپەکی ئەصحابی پێغەمەری ـ صلی الله تعـالی علیه وســلم ـ فەرمووی : = بۆئە وان کەپەکیان بوە ؟= ئەوان کەپەکیان نەبوە [هەموویان خالیص بوون] کەپەك لە دوای ئەوانو غەیری ئەوانا بوە •

وعن جرير ـ رضي الله تعالى عنه ـ نحوه ومر في الإيمان[2] •

١٦/٣٩٤٣ ـ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعـــالى عنهمـا ـ قـال : =كنا= إذا بايعنا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على الســـــمع والطاعة يقول لنا : فيما استطعت ح ـ ١٠/٢٥٢ •

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : کـــە موبایەعەمان لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وســـلم ـ بکردایە لەسەر قسەبیستنو ئیطاعەتکردن •• ئەیفەرموو : لەوەدا کە بی‌توانن •

---

(١) دانەر ـ خ ـ وەك لێرەدا بـــە هەڵەدا چوویێت وایە ؛ چونتە (حطة) مانـــای گزرە ناگەیێنێ ، رەنگە بـــە (حطب)ی زانیبێ . بـــە گوێرەی نموەوی ـ خ ـ (حطمة) شوانکارەی خراپەو ، ئەوانەیە بە توندولێژیی لەگەڵ بەردەستانی خۆیانا رەفتار دەکەنو ، پـــەلـــەیـــان لێ ئـــەکـــەنو ئەیان‌فرێننو تێکیان نەشکێنن . مـــانـــای (حطمة)ی ســـــــوورەی (همزه)یش لەمەوە نزیکە .

(٢) حەدیثی (٢٠٤/٣٣٦)ی بەرگی یەکەم نەختێ لەم حەدیثە دەچێت ..

١٧/٣٩٤٤ – عن أبي هريرة – رضي الله تعالى عنه – قال : قال رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم –: عليك السمع والطاعة في عسرك ويسرك ، ومنشطك ومكرهك ، وأثرةٍ عليك م – ٨/٣٢ .

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : بیستن و ئیطاعەتکردنت لەسەر لازمە لە تەنگانەو فەرەحییاو ، لەوەدا پێت خۆش بێ و پێت ناخۆش بێ و ، لەوەدا کە خەڵقی ترت بەسەرا تەرجیح بدەن .

١٨/٣٩٤٥ – يحيى بن حصين قال : سمعت جدتي [أم الحصين أخرى . م – رضي الله تعالى عنها –] تحدث أنها سمعت النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – يخطب في حجة الوداع وهو يقول : ولو استعمل عليكم عبد يقودكم بكتاب الله فاستمعوا له وأطيعوا م – ٨/٣٣ .

تەرجەمە :

یەحیای کوڕی حوصەین ئەفەرموێ : لە ئوممولحوصەینی نەنکمم بیست ئەیفەرموو : لە پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم –م بیست لە خوطبەی (حجة الوداع)ا ئەیفەرموو : ئەگەر عەبدێکتان بەسەرەوە مەئموور کرێ کە بە کیتابوڵلا ئیدارەتان بکا گوێی لێ بگرن و ئیطاعەی بکەن .

١٩/٣٩٤٦ – عن أبي ذر [رضي الله تعالى عنه] قال : إن خليلي – صلى الله تعالى عليه وسلم – أوصاني أن أسمع وأطيع وإن كان عبدا [حبشيا . أخرى . م] مجدّع الأطراف م ٨/٣٣ .

تەرجەمە :

ئەبوذەڕ – رضي الله تعالى عنه – ئەفەرموێ : خەلیلم – صلى الله تعالى

علیه وسلم ـ ئەمری پێفەرمووم گوێبگرمو ئیطاعەت بکەم با ئەمیرەکـەم عەبدێکی چوارپەل بڕاوی حەبەشیی بێ ٠

٢٠/٣٩٤٧ ـ عن أبي حميد الساعدي قال : استعمل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رجلا من الأسد يقال له : ابن الأتبية [اللتبية ٠م] علـى صدقة [بني سليم ٠م] فلما قدم قال : هذا لكم ، وهذا أهدي لي ٠ فقـام النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على المنبر ٠ قال سفيان [بن عيينة] أيضا : فصعد المنبر ، فحمد الله وأثنى عليه ٠ ثم قال : ما بال العامل نبعثـه فيأتي يقول : هذا لك وهذا لي ، فهلا جلس في بيت أبيه وأمـه فينظرَ : أيهدى له أم لا ؟ والذي نفسي بيده لا يأتي بشيء إلا جاء به يوم القيامـة يحمله على رقبته إن كان بعيرا له رُغاء ، أو بقرة لها جؤار ، أو شاة تَيْعر٠ ثم رفع يديه حتى رأينا عفرتي إبطيه [بياضهما المشوب بالسمرة] : ألا هل بلغت ؟ ثلاثا ح ـ ١٠/٢٣٥ ، ٢٤٥ ، م ـ ٨/٢٥ ، ٢٧ ، وفيـــه مـرتيـن ٠ (دوو حەدیث) ٢٨ ، ٢٩ ٠

تەرجەمە :

ئەبوحەمیدی ساعیدیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پیاوێکی لە ئەسەد کە ناوی (ابن الاتبیه) بوو نارد بۆ صەدەقە =ی بەنی سولەیم = کە هاتەوە عەرزیکرد : ئـەمـە هی ئێوەیە ئەوە هی منە بۆ منیان بە هەدییە هێناوە ٠ پێغەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی سەرکەوتە سەر مینبەر ، حەمدو ثەنای خـوای کردو فەرمووی : ئەوانەی کە عامیلن چ حاڵێکیان هـەیە ؟ ئەیانێرم بـۆ جێیێكو یێنەوە ئەڵێن : ئەمە هی ئێوەیەو ئەمە هی منە ، بۆ لە ماڵی باوکی یا دایکی دانانیشێو تێفکرێ بزانێ هەدییەی بۆ یێ یا بۆی نایێ ؟ قەسـەم بەوەی کە رۆحی منی بە دەستە هیچ شتێ ناهێنێ رۆژی قیامەت ئەیهێنێو

ئەیخاتە سەر ملی ئەگەر وشتر بێ لۆغە لۆغە ئەکا ، گاو گۆلك بێ بۆرەبۆڕ ئەکا ، مەڕ بێ ئەباڕێنێ ، لە پاشا هەردوو دەستی هەڵبڕی تا سپیایی هەردوو بنباخەڵمان دی ، سێ جار فەرمووی : ئایا تەبلیغم کرد ؟

دیاریی بۆ مەئموور حەرامە ، مەگەر لە طەرەفی ئەحبابی پێشووەوەی بێ‌و بە سەبەبی مەئمووریيەتەکەیەوە نەبێ (کما یفهم من متن الحدیث) •

۲۱/۳۹٤۸ – عن عدي بن عَميرة الكندي [رضي الله تعالى عنه] قال: سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : من استعملناه منكم على عمل فكتمنا مِخْيَطا فما فوقه كان غلولا يأتي به يوم القيامة =قال:= فقام اليه رجل أسود من الأنصار كأني أنظر إليه• فقال: يارسول الله اقبل عني عملك • قال : وما لك ؟ قال : سمعتك تقول كذا وكذا • قال : وأنا أقولــه الآن ؛ من استعملناه منكم على عمل فليجيء بقليله وكثيره • فما أوتي منــه أخذ وما نهي عنه انتهى م – ۲۹/۸ •

تەرجەمە :

عەدیی کوڕی عومەیرەی کیندیی - رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ: لــە پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليه وسـلم ـم بیست ئەیفەرموو : هـــەر کەسێکمان لە ئێوە لەسەر ئیشێ دانا دەرزیێ یا زیاتر لە دەرزییێکمان لێ بشارێتەوە رۆژی قیامەت ئەیهێنێتەوە • پیاوێکی رەش لە ئەنصار = راویی ئەڵێ : وەك چاوم لێی بێ وایە = هەڵسا عەرزیکرد : (یا رسول الله) ئەو ئیشــەی کە پێت سپاردووم لێم قەبووڵ بکەرەوە • فەرمووی : بـۆ چی لێی روداوی ؟ عەرزیکرد : واو وام لێ بیســـــــتی • فەرمووی : من ئێستەیش وا ئەڵێم ؛ هەرکەسێکمان لەسەر ئیشێ دانا کەم‌و زۆری بێنێ ، ئەوی لەوە بۆی هێنرا وەری بگرێ ، ئەوی نەهی لێ‌کرا وەری نـەگـرێ [یەعنی هەر ئەوە وەربگرێ کە ئەمری پێ ئەکرێ ، زیاد وەرنەگرێ] •

٣٩٤٩/٢٢ ـ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ما بعث الله من نبي ، ولا استخلف من خليفة إلا كانت له بطانتان : بطانة تأمره بالمعروف وتَحُضُّه عليه . وبطانة تأمره بالشر وتحضه عليه ؛ فالمعصوم من عصم الله ح ـ ٢٥٠/١٠ .

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغــەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا هیچ پێغەمەرێکی نەناردوەو هیچ خەلیفەیێکی نەکردوە بە خەلیفە کە دوو رەفیقی باطینیی نەبێ یەکێکیان [مەلائیکەیەو] ئەمری بە چاکە پێ‌ئەکاو لەسەر چاکە تەرغیبی ئەکا. یەکێکیان [شەیطانەو] بەشەڕ ئەمری پێ ئەکاو لەسەر شەڕ تەرغیبی ئەکا . مەعصووم ئەوەیە کە خوا لە خراپیی موحافەظەی بــکا [ئێســــتە شــەیتان هەموو لەشکرەکەی ئیستیلا کردوە ، مەلائیکە بە تەنها ماوەتــەوە هیــچی پــێ ناکرێ . والله المستعان على ذلك] .

القضـــاة والحـكام(١) :

٣٩٥٠/٢٣ ـ موزاحیمی کوڕی زوفەر ئەفەرموێ : عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی‌فەرموین : پێنج شت کە قاضیی لــە یەکێ لەوانەدا بە خەطا چوو ئەبێ بە گوناه بۆی : ئەبێ حەلیم بێ‌و ، بــە عیففەت بێ‌و ، مەتانەتی ببێ ، عالم بێ‌و ، زۆر لــە عیــلم بپرســـێ ح ـ ٢٢٦/١٠ .

٣٩٥١/٢٤ ـ حەسەنی بەصریی ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : خــوا ـ عز وجل ـ لە سەر حاکمان وای فەرزکردوە کە تابیعی هەواو هــەوەس

(١) باسی قاضیی‌و حاکمەکان‌و مەرجی دادگەریی .

نەبن ، لە کەس نەترسێ ، ئایاتی خوا بە بەهایەکی کەم نەفرۆشێ [وەك بەرتیل] لە پاشا ئەم ئایەتەی خوێندەوە ؛ مەئالی : ئەی داوود ئێمە تۆمان کرد بە خەلیفە لە ئەرزا ، لە بەینی خەڵقا حوکم بە حەق بکە ، تابیعی هەواو هەوەس مەبە کە لە ڕێی خوا لات بدا ، ئەوانە کە لە ڕێی خوا لا ئەدەن لە ڕۆژی حیسابا بە سەبەبی ئەمەوە کە ئەحکامی خوایان لە فکر چۆتەوە عەذابێکی زۆر بە شیددەتیان هەیە •

هەم ئەم ئایەتەیشی خوێندەوە کە مەئالی وایە : ئەفەرموێ : ئێمە تەوراتمان نازڵ کرد هیدایەتی تیایە ، نووری تیایە ، پێغەمەران کە ئینقیادی ئەحکامی خوا ئەکەن ، حوکمی پێ ئەکەن بۆ ئەوانەی کە هیدایەتیان دراوەو تەوبەیان لە کوفر کردوە •• ئەوانەیش حوکمی پێ ئەکەن کە عولەمای ڕەببانیو زاهیدنو عالمن حوکم بەو کیتابوڵڵایە ئەکەن کە پێیان تەودیع کراوەو ، شاهیدو حافیظی ئەو کیتابوڵڵاهەن ، لە ئینسان مەترسن [کە ئەحکامی کیتابوڵڵا بگۆڕن] لە من بترسن ئایاتی من بە بەهایێکی کەم مەفرۆشن ، هەرکەسێ حوکم نەکا بەوەی کە خوا نازڵی فەرموە ئەوانە کافرن (مائیدە) •

[ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەوی ئینکاری بکاو حوکمی پێ نەکا ـ وەك ئەکثەری حوککامی ئێستە ـ ئەوە کافرە ، ئەوی ئینکاری نەکاو حوکم بە خیلافی بکا ـ وەك منو ئەمثالی من[1] ـ ئەوە فاسقو زالمە • مائیدە] •

حەسەنی بەصریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەم ئایەتەیشی خوێندەوە کە مەئالی وایە : ئەی محمد داوودو سولەیمانیش ذیکر بکە کە لە زەراعەتێکا

(١) مەبەستی ئەوەیە کە کاتی خۆی حاکم بوە ، بەڵام کاتێ ئەمەی نووسیوە خانەنشین بوەو پەیوەندیی بە حوکمو فەرمانڕەواییەوە نەبوە •

حوكميان ئەكرد كە مەڕی قەومێكی تێ‌كەوتبوو [بە شەو خواردبوویانو شێلابوویان] ئێمەیش عالم بووین بە حوكمەكانیان [داوود ـ علیه السلام ـ حوكمی بەمە كرد كە مەڕەكە بدرێ بە صاحێب زەراعەتەكە قیمەتی مەڕەكان بە قەد نوقصانی زەراعەتەكە بوو • سولەیمان ـ علیه السلام ـ عومری یانزە ساڵ بوو عەرزی باوكی كرد : كە غەیری ئەم حوكمە بۆ هەردوو لا باشترە • داوود ـ علیه السلام ـ سوێندی لەسەر ـ سولەیمان ـ علیه السلام ـ خوارد ئەبێ تۆ حوكمیان بۆ بكەی • سولەیمان ـ علیـــه الســـلام ـ فەرمووی : وا بە مەصڵەحەت ئەزانم مەڕەكان بدەی بە صاحێب زەراعەتەكە بـە شیرو بەرخو خورییان موتتەفیع ببێ ، زەراعەتەكەیش بدەی بە صاحێب مەڕەكان تـا پێتەوە سەر حاڵی ئەو وەختە كە مەڕەكانی تێ‌كەوتبوو ، لـــە پاشـــا هەردوو طەرەف ماڵی خۆیان بۆ رەدبكرێتەوە • داوود ـ علیـه الســلام ـ بە سولەیمان ـ علیه السلام ـی فەرموو : حوكم ئەو حوكمەیە كـــە تـۆ كردت ، بەو نەوعە حوكمی پێ فەرموو قەسطەلانی] • خوا ـ عز وجـل ـ ئەفەرموێ : كەیفیەتی حوكمەكەمان تەعلیمی سولەیمان كرد ، هەردوكیانمان تەعلیمی حوكمو عیلم كرد • (الأنبیاء) •

حەسەنی بەصریی ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : خوا ـ عز وجـل ـ حەمدی سولەیمانی كرد [كە ئیصابەتی كردبوو] داوودیشی لەوم نـەكرد [علیهما السلام] •

ئەگەر حوكمی ئەو دوو پێغەمەرە ـ علیهما الصلاة والسلام ـ نەبوایە رەئیم وا ئەبوو كە هەموو قاضیێ كە لە حوكما بە خەطا بچێ بـە هیـــلاك ئەچن ، خوا ـ عز وجل ـ ثەنای لەسەر ئەم كرد بە واسیطەی عیلمیەوەو ، ئەوی بە مەعذوور گرت بە واســـیطەی ئیجتیهادیـەوە ح ـ ١٠/ ٢٢٥ إلى ٢٢٦ •

شورەیحی قاضي ـ رحمه الله تعالی ـ لەســەر حوکمکردن ئوجرەتی وەرەگرت • عایشه ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : وەصیــی بـەقـەد زەحمەتی خۆی لە ماڵی هەتیو ئەخوا • ئەبوبەکرو عومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ لە بەیتولماڵیان خواردوە ح ـ ١٠/٢٢٧ •

عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە مەســـجیدی نەبەویدا حوکمی بـە مولاعەنە کردوە لای مینبەری پێغەمەرەوە ـ صلی الله تعالی علیه وســـلم ـ شورەیح‌و شەعبیی‌و یەحیای کوڕی یەعمور لە مەسجیدا حوکمیان کردوە • حەسەنی بەصریی‌و زورارەی‌کوڕی =ئەبو=ئـەوفا ـ رحمهما الله ـ لـــەو رەهرەوەدا کە خاریجی مزگەوتە حوکمیان کردوە ح ـ ١٠/٢٢٨ •

عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : ئەگەر خەڵق ئەڵێن عومەر لە قورئانی زیادکردوە بە دەستی خۆم ئایەتی رەجمم لـە قورئانا ئەنووســی ح ـ ١٠/٢٣١ • [پیاوێ شورەیحی قاضي کرد بە شاهیدی شتێ لە پاشــا خەصمەکەی هێنایە لا ئیقامەی دەعوای لاکرد] شورەیح فەرمووی : بچۆرە لای ئەمیر تا بێم لە لای ئەو شەهادەتت بۆ بدەم ح ـ ١٠/٢٣١ •

(عن عکرمة) عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی فەرموو : ئەگەر چاوت بکەوێ بە پیاوێ کە زینا یا دزیــی بکـــا ، تۆیش ئەمیر بی [ئیقامەی حەددی لەسەر ئەکەی یان نا ؟ فەرمووی : خەیر تا لەگەڵ من غەیری منیش شەهادەت بدا] عومەر ـ رضي الله تعالی عنــه ـ پێی‌فەرموو: شەهادەتی تۆ شەهادەتی پیاوێکە لە موسوڵمانان• عەبدوڕەحمان بە عومەری فەرموو ـ رضي الله تعالی عنهما ـ : وایە راســت ئـەفەرموێ ح ـ ١٠/٢٣١ • [مونقەطیعە چونکی عەکرەمەی راویی نـــە عومەر نـــە عەبدوڕەحمانی دیوە ـ رضي الله تعالی عنهما ـ] •

ئەهلی حیجاز ئەفەرموون : حاکم بە عیلمی خۆی حوکم ناکا [لەبـەر توهمەت] حەزەکا لە زەمانی ویلایەتیا بی‌بینێ یا لە پێشا • ئەگەر خەصـم لای حاکم لە مەجلیسی قەزادا ئیقرار بکا بە حەقێ بۆ کەسێ بەعزێك ئەڵێن حوکمی پێ ناکا تا دوو شاهێد بێنێ حازری ئیقراری خەصمەکەی ئـەکـا ح ـ ١٠/٢٣٢ •

بەعزێ لە ئەهلی عێراق [کە ئەبی حەنیفەو ئەتباعیە ـ رحمهم الله ـ] ئەفەرموون : ئەوی قاضي لە مەجلیســی قەضایا ئەیبیێو ئەیبینێ حوکمی پێ ئەکا • ئەوی لە غەیری قەضادا بێ حوکمی پێ ناکا تا دوو شاهید نەبێ • بەعزێ لە ئەهلی عێراق [کە ئەبو یوسفو ئەتباعیە ـ رحمهم الله تعالی ـ] ئەفەرموون : حوکمی پێ ئەکا ؛ چونکی ئەمینە مەقصوود لـــە شـەهادەت مەعریفەتی حەقە ، عیلمی حاکمان لە عیلمی شاهید زیاترە • بەعزێ لە ئەهلی عێراق ئەڵێن : لە ئەموالا حوکمی پێ ئەکا ، لە غەیری ئەموالا حوکمی پــێ ناکا ، قاسمی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری صەدیق [رضي الله تعالی عنه] ئەفەرموێ : لایەق نیە بۆ حاکم کە بە عیلمی خۆی حوکم بکا ، مەگەر عیلمی غەیریشی لەگەڵا بێ با عیلمی خۆی زیاتر بێ لە عیلمێ کە بە شەهادەتی غەیر ئەبێ ؛ چونکی خۆی ئەخاتە مەعرەضی تـوهمـەتی موســـوڵمانان ، ئەیانخاتە ئـــەوە کـە ظەنـنـی خـراپـی پێ ببەن ح ـ ١٠/٢٣٢ ، ٢٣٣ • حـەدیثـی /٢ •

چوونی حاکم بۆ سەر دەعوەت :

ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئیجابەتی دەعوتی عەبـدێـکی موغیرەی کوڕی شوعبەی کرد ح ـ ١٠/٢٣٤ •

عەبدوڵلای کوڕی دینار ـ رحمه الله تعالی ـ ئەفەرموێ : کـە خەڵق ئیتتیفاقیان لەسەر عەبدولەلیکی کوڕی مەروانکرد [کردیـان بـە قەراڵی

شـام] حازری ئیبنوعومەر بووم ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بۆ عەبدولەلیکی نووسیی : کە ئیقرار ئەکەم بەمە ئەبیێم‌و ئیطاعەت ئەکـەم بۆ عەبدولەلیك کە ...ئەمیری موسوڵمانە لەسەر سونەتی خواو رەســـوولی خوا [کـە فەرموویانـە : هەرکەسێ بوو بە ئەمیرتان ئیطاعەی بکەن با ماڵتان غەصب بکاو ، بە دار لە پشتتان بدا ، (ســـبق في الفتنــة)[1]] تا لە تاقەتما بێ کوڕەکانیشم ئیقرار بەوە ئەکەن [... ..] .

۲۵/۳۹۵۲ ـ وائل الحضرمي [رضي الله تعالى عنه] قال : سأل سلمة بن يزيد الجعفي [رضي الله تعالى عنه] رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فقال : يا نبي الله أرأيت إن قامت علينا أمراء يسألونا حقهم ويمنعونا حقنا فما تأمرنا ؟ فأعرض عنه . ثم سأله فأعرض عنه ، ثم سأله في الثانية أو في الثالثة فجذبه الأشعث بن قيس [رضي الله تعـالى عنه] وقـال : اسمعوا وأطيعوا ؛ فإنما عليهم ماحمّلوا وعليكم ماحمّلتم م ـ ٨/٤٥ . وفي أخرى: فجذبه الأشعث بن قيس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : اســـمعوا وأطيعوا فإنما عليهـــم ماحمّلوا وعليكـم ماحمّلتم م ـ ٨/٤٥ .

تەرجەمە :

وائیلی حەضرەمیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : سەلەمەی کوڕی یەزیدی جەعفیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـی پرسیی : (یارسول الله) خەبەرم بدەرێ : ئەگەر بەعزێ ئومەرامان بەسەرەوە وەستا ئەوان حەقی خۆیان لە ئێمە طەڵەب ئەکەن حەقی ئێمە نادەن بە چی ئەمرمان پێ ئەفەرمووی ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رووی

(١) بڕوانە لاپەڕە (١١٢)ی بەرگی سێیەمی ئەم کتێبە .

لێ وەرگێڕا • دووبارە لێیپرسیی ، دیسان رووی لێ وەرگێڕا ، دیســـان لێی پرسیی ، لە دەفعەی دوەما بوو یا لە دەفعەی سێیەما بوو ئەشعەثی کوڕی قەیس ـ رضي الله تعالى عنه ـ رای کێشایەدواوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەمریان ببیێنو ئیطاعەیان بکەن ، ئەوان ئەوەیان لەسەرە کە لەسەریان دانراوە ، ئێوەیش ئەوەتان لەسەرە کـە لەسەرتان دانراوە [یەعنی ئەوان ئەوی لەسەریان فەرز بوو نەیانکرد لازم نـایێ کە ئێوەیش تەرکی ئەوە بکەن کە لەسەرتان فەرزە • صەبر لەســـەر زوڵمیان بکەن تا خوا حەقتان ئەستێنێ • ئیختیلالو فەساد مەکەن • خورووجی (على السـلطان) بایەزید یا عەبدولمەلیکی کوڕی مەروانیش بێ دروسـت نیە ؛ چونکی فەسادی لێ پەیدا ئەبێو ئیسلامی پێ زەعیف ئەبێ] •

عن أبي حازم قال : قاعدت أبا هريرة [رضي الله تعالى عنه] خمس سنين فسمعته يحدث عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قـــال : كانت بنــو إسرائيل [مر في بني إسرائيل فراجع][(١)]

٣٩٥٣/٢٦ ـ عن نافع ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن معتقه ـ رحمه الله تعالى ـ قال : جاء عبدالله بن عمر إلى عبدالله بن مطيع ـ رضي الله تعالى عنهم ـ حين كان من أمر الحرّة ِ ما كان زمن [الملعون] يزيـد بن ••• معاويـة • فقال : اطرحوا لأبي عبدالرحمن وسادة ، فقال : لم آتـك لأجلس ، أتيتك لأحدثك حديثا سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقـــولـه • سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : من خلع يدا من طاعة لقي الله تعالى يوم القيامة لا حجة له • ومن مات وليس في عنقه بيعـة مـات ميتـة جاهلية م ـ ٨/٥٠ •

---

(١) لە باسی بەنی ئیسرائیلدا ـ کە لە سەرەتای بەرگی پێنجەمدایە ـ بـۆی گەڕام نەمدۆزییەوە .

تەرجەمە :

نافیع ئەفەرموێ : عەبـــدوڵڵای کوڕی عومــــەر تەشریفی چوە لای عەبدوڵڵای کوڕی موطیع لە زەمانی وەقعەی حەڕڕەدا کــــە لـە طـەرەفی یەزیدی لەعینەوە بوو • عەبدوڵڵای کوڕی موطیع فـەرمووی : پشـتییێ داتێن بۆ ئەبوعەبدوڕەحمان ـ رضي الله تعـالى عنهم ـ فەرمووی : بـۆیێ نەهاتووم کە دانیشم ، بۆیێ هاتووم حەدیثێکت بۆ ریوایەت کەم کــــە لـە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیستوە کە ئەیفەرموو : هەرکەسێ دەستی لە ژێـر ئیطاعەت دەرهێنێ رۆژی قیامەت ئەچێتە حوضووری خـوا هیچ دەلیلی بە دەستەوە نیە کە خۆیی پێ نەجات بدا • هەرکـەسێ بمرێو بەیعەتی لە گەردنا نەبێ وەك مردووی جاهیلییەت ئەبێ •

٢٧/٣٩٥٤ ـ عەرفەجە [رضي الله تعالى عنه] ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م بیست ئەیفەرموو : لەمەولا فیتنەی واو وا ئەبێ • هەرکەسێ ئیرادە بکا کە تەفرەقە بخاتە کاری ئـەم ئوممەتەوە لـــە وەختێکا کە موتتەفیق بن لەسەر ئیشێ هەرکەسێ بێ •••لە گەردنی بدەن بە شیر [ئەمما کێ لە خۆی ئەبوورێو ئەو فیداکارییە ئەکا ؟]

٢٨/٣٩٥٥ ـ عەرفەجە [رضي الله تعالى عنه] ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست : هەرکـەسێ بێتـە لای ئێوە لـــە وەختێکا کە هەموو کۆ بن لەســـــەر پیاوێكو ، ئەو ئیرادەی وابێ کــــە عەصاتان ـ ئیتتیفاقتان ـ لەت بکاو بلاوتان بکاتەوەو جەماعەتتان تێك بـدا بیـــکوژن م ـ ٨/٥٢ •

٢٩/٣٩٥٦ ـ ئەبوسەعیدی خودریی [رضي الله تعالى عنه] ئەفەرموێ: پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە بەیعـــەت بـە دوو خەلیفە کرا خەلیفەی دوایی •••••بکوژن ح ـ ٨/٥٢ •

٣٩٥٧/٣٠ ـ ئوممو سەلەمەی حەرەمی پێغەمەر ـ صلی الله تعـــالی علیه وسلم ، ورضي عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـــه وسلم ـ فەرمووی : گەلێ ئومەراتان بەسەرەوە دائەنرێ ئیشی چاکیشـیان لێ ئەبینن ، ئیشی خراپیشیان لێ ئەبینن ، هەرکەسێ خراپەکەیان بکەرهێنێ ئەو کەسە لە خراپییەکەیان بەریی ئەبێ • هەر کەسێ ئینکاریان لەسەر بکا [ئەگەر بتوانێ] سەلامەت ئەبێ • ئەمما ئەوی رازیی بێو تابیعیـان بیـێ [یەعنی موعاقەب ئەبێ لە ئاخیرەتا] عەرزیان کرد : (یا رسول الله) ئـەی حەربیان لەگەڵ نەکەین ؟ فەرمووی : خەیر مادام نوێژ بکەن [یەعنی نوێژ نەکەن بە گژاچوونیان دروستە ، بە شـەرتێ کە فیتنەی لێ پەیدا نـەبێ] مەعنای بیکەرهێنێ بە دڵ بیکەرهێنێو بە دڵ ئینکاری بکا [یەعنی کـــە قووەتیان بەسەرا نەشکا بە زمان ئینکاری بکەن] م ـ ٨/٥٣ •

٣٩٥٨/٣١ ـ ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ بە وەفدی بوزاخـەی فەرموو : شوێن کلکی وشتر بکەون تا خوا ـ عز وجل ـ رێێ بە خەلیفەی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـو بە موهاجیرین پێ نیشان ئەدا کـە بـەوە مەعذوورتان بکەن ح ـ ١٠/٢٦١ •

[ئـەم حەدیثە بە موختەصەریی ریوایەت کراوە • ئەصلی وابوە کـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەفاتی فەرموو (طەیی‌و ،ئەسەدو ، غەطەفـان ••• و) قەبائیلێکی زۆر مورتەد بوون ، تابیعی طولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدیی بوون ، کە لە دوای پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـــه وسلم ـ ئیدیعای پێغەمەرێتی ئەکرد • خالیدی کوڕی وەلید ـ رضي الله تعالی عنه ـ کە لە حەربی موسەیلیمەی کەذذاب بۆوە حەربی لەگەڵ ئەوانیشا کرد ، کە غالب بوون بەسەریانا تەوبەیانکرد ، بـەعزێ سوفەرایـان ناردە خزمەت حەزرەتی صەدیقی ئەکبەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئیعتیذاریان لـە

خزمەتا ئەکرد • حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ حەزی کرد کە تا موشاوەرە نەکا بە ئەصحابی کیرام حوکم نەکا لە ئیشیانا ، پێی فەرموون: شوێن کلکی وشتر بکەون تا خوا ـ عز وجل ـ ئەمرێ پێنیشانی خەلیفەی پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ و موهاجیرین ئەدا کە بەوە عوزرتان لێ قەبووڵ بکـا •

[لەفظی حەدیثەکە ئەوەیە کە حومەیدیی ئەفەرموێ : سەفیری بوزاخە لە ئەسەدو غەطەفان هاتنە خزمەت ئەبوبەکر ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ [ی خەلیفەی پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ] طەڵەبی صولحیان لێ‌کرد، موخەییەری کردن لە بەینی دوو شتا کە : یا حەربێکیان لەگەڵ بکا کە بیێ بە سەبەبی ئیجلایانو دەرهێنانیان لە مەئال [یەعنی لە سەر ئـــەرزا ماڵیان نەیێڵێ] یا صوڵحێکیان لەگەڵ بکا بیێ بە سەبەبی ذیللەتیان • عەرزیان‌کرد: حەربی (مجليه) ئەزانین چیە ئەمما سیلمی (مخزيه) چیـە ؟ فـەرمووی : حەلقەو[1] ئەسبابی حەربتان هیچ پێ نایێڵین • ئەوی ئێمە بە غەنیمەت لـە ئێوەمان گرتوە تەقسیمی ئەکەین [لە بەینمانا] ئەوی ئێوە لە ئێمەتان بـە غەنیمەت گرتوە هەموومان بۆ رەدبکەنەوەو ، خوێنی ئەوانەمان بـدەنێ کە لە ئێمە شەهیدتان‌کردوە • کوژراوی ئێوەیش لە ئاگرایە • ئـەکرێـن بـە قەومێ کە شوێن کلکی وشتر بکەون تا خوا ـ عز وجل ـ رێیێ بە خەلیفەی پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ و موهاجیرین پێ‌نیشان ئەدا کە بەوە مەعذوورتان بکـا •

حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەم فەرموودەی خـۆیی عەرزی قەومی موهاجیرینو ئەنصار کرد • حەزرەتی فارووقـی ئـەکبـەر

(١) واتە زرێو چەکی شەرتان پێ نایێڵین •

ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هەڵسا فەرمووی : من رەئییێکم هەیە عەرزتی ئەکەم : کە ئەفەرمووی کوراعو حەلقەتـان یەعنـی ئەسبابی حـەربتان لێ نەزع ئەکەم ئەوە بکەو باشە • ئەمما ئـــەوەی کـە ئەفەرمووی : خـوێنی شەهیدەکانمان بدەنێو کوژراوی ئێوە لە ئاگرایە ؛ شەهیدی ئێمە بۆ خوا حەربیان کردوەو ئەجریان لەسەر خوایەو خوێنیان نیـە • خەڵقی تـریش هەموو یەك لە دوای یەك لەسەر فەرموودەی حەزرەتی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قەرارگیر بوون ـ رضي الله تعالى عن جمیعهم ـ •

موجلیە : چوونەدەرەوەیە لە جەمیعی موڵـكو مـاڵ • موخـزیـە : قەرارگرتنە لەسەر ذیلەتو سەفالەت کە هیچ قووەتو شەوکەتیان نەمێنێ، خەڵق لە حەربیانو سەرکەشییان ئەمین بن ، کە شوێن کلکی وشتر کـەوتن ئەبن بە شوانی وشترو ئەبنەوە بە ئەعرابی بادیە نشین ، غەیری وشترەکانیان هیچیان نابێ کە ئیستیفادەی لێ بکەن • قەسطەلاني] •

٣٩٥٩/٣٢ ـ عن عوف بن مالك [رضي الله تعالى عنه] عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : خيار أئمتكم الذين تحبونهم ويحبونكم، ويصلون عليكم ، وتصلون عليهم • وشرار أئمتكـم الـذيـن تبغضـــونهم ويبغضونكم ، وتلعنونهم ويلعنونكم • قيل : يا رسول الله أفـلا ننابذهـم بالسيف ؟ قال : لا ما أقاموا فيكم الصلاة [مرتين • أخرى م] وإذا رأيتـم من ولاتـــكم شيئا تكرهونـه فاكرهـوا عمله ولا تنزعـوا يـدا من طاعة م ـ ٨/٥٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : چاکترینی پێشەوای ئێوە ئەوانەن کە خۆشتان ئەوێنو خۆشیان ئەوێن ، رەحمەتیان بۆ ئەنێرنو رەحمەتتان بۆ ئـــەنێرن • خراپترینی پێشـــەوای ئێوە ئەوانـــەن کــــە

ئەیان بوغضێنن و ئەتان بوغضێنن ، لەعنەتیان لێ ئەکەن و لەعنەتتان لێ ئەکەن. عەرزیان کرد : = ئەی پێغەمەری خوا = ئەی بە شیر موقابەلەیان نەکەین ؟ فەرمووی : خەیر مادام نوێژتان لە ناوا بکەن . کە لە ئەمیرتان شتێکتان دی کە پێکەرهێنن عەمەلیان بکەرهێنن ، دەست لە ژێر ئیطاعەیان مەکێشنەوە .

٣٣/٣٩٦٠ - أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أخبر أنه سمع خطبة عمر الآخرة حين جلس على المنبر ، وذلك الغد من يوم تـوفي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فتشهد وأبو بكر [رضي الله تعالى عنهما] صامت لا يتكلم . قال : كنت أرجو أن يعيش رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى يَدْبُرَنا [يُدبّر . إسماعيلي] يريد بذلك أن يكون آخرهم . فإن يك محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد مات فإن الله تعالى قد جعل بين أظهركم نورا تهتدون به [وبه] هدى الله محمدا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وإن أبا بكر [رضي الله تعالى عنه] صاحب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثاني اثنين ؛ فإنه أولى المسلمين بأموركم ، فقوموا فبايعوه ، وكان طائفة منهم قد بايعوه قبل ذلك في سقيفة بني ساعدة ، وكانت بيعة العامة على المنبر . وعنه سمعت عمر يقول لأبي بكر يومئذ : اصعد المنبر ، فلم يزل به حتى صعد المنبر ، فبايعه الناس عامة ح ـ ١٠/٢٦١ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ڕۆژی دوای وەفاتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گوێم لە ئاخر خوطبەی عومەر بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەو وەختەدا کە تەشریفی لەسەر مینبەر دانیشتبوو [کأنە] ئیعتیذاری ئەهێنایەوە بۆ قسەی دوێنێی کە فەرموو بووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفاتی نەکردوەو یێتەوە لامان] ئەبوبەکریش ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی بێدەنگ بوو قسەی نەئەفەرموو . عومەر

ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : ئومێدم وابوو کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەژیو ئەکەوێتە دوای ئێمە [یا فەرمووی : ئەژی تــا تەدبیری ئیشی ئێمە ئەکا] ئەگەر پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ وەفاتی کردوە خوای تەعالا لە ناومانا نووری قورئانی داناوە ، ئێـوە بـە قورئان هیدایەتتان ئەبێ ، خوا بــە قورئان هیدایەتی پێغەمەری داوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ صاحێبی پێغەمەرە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـو دوەمینی ئەوە لە غارا [کە هیجرەتی فەرموو بۆ مەدینە] ئەو چاکترینی موسوڵمانانە بۆ ئیشی ئێوە ، هەڵسن بەیعەتی پێ بکەن • طائیفەیێ لە پێشەوە لە ژێر کـــەپری بەنیســـاعیدەدا بــەیعەتیان پێکردبوو • بەیعەتی عامە لەسەر مینبەر بوو • ئەنەس ـ رضي الله تعــالی عنه ـ ئەفەرموێ : ئەو رۆژە عومەر عەرزی ئەبوبەکری ئەکرد ـ رضي الله تعالی عنهما ـ کە تەشریفت سەرکەوێتە سەر مینبەر ، وازی لێ نــەهێنا تــا تەشریفی سەرکەوتو هەموو خەڵق بەیعەتیان پێ کرد •

٣٩٦١/٣٤ ـ عبدالله بن عمر [رضي الله تعالی عنهما] قال : قيل لعمــر [رضي الله تعالی عنه] : ألا تستخلف ؟ قال : إن أستخلف فقد استخلف من هو خير مني أبو بكر [رضي الله تعالی عنه] وإن [لم أستخلف و] أتــرك فقد ترك من هو خير مني رسول الله ـ صلی الله تعالی عليه وسلم ـ [فـأخـذ عمر ـ رضي الله تعالی عنه ـ وسطا من الأمر فلم يترك الاستخلاف بمرة ولا فعله بمرة ، بل استخلف واحدا من ستة] فأثنوا عليه ، فقال : راغب [في حسن رأي فيه] وراهب [من إظهار ما يضمره من كراهية • أو راغب فيما عندي وراهب مني ، أو الناس راغـب في الخـلافـــة وراهب منها والمعنى الصحيح : راغب فيما عند الله وراهب من عقابه] ووددت أني نجوت منهـا كفافا لا لي ولا علي لا أتحملها حيا وميتا ح ـ ١٠/٢٦٠ ، م ـ ٨/٩ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : عەرزی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه کرا : یەکێك ناکەی بە خەلیفە ؟ فـەرمووی : ئەگەر یەکێ بکەم بە خەلیفە [سەلەفم هەیە] ئەبوبەکر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ کە لە من چاکتر بوو منی کرد بە خەلیفە .. ئەگەر کەس نەکەم بـە خەلیفە لە من چاکتر کە پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کەسی نەکرد بە خەلیفە [ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە بەینی ئەم دوو حاڵەدا مایەوە نە بە موعەیینەنی یەکێکی کرد بە خەلیفە ، نە بە تەواویی تەرکی کرد ؛ ئیستیخلافی کرد بە مەشوەرەت لە بەینی شەش کەسا] ثەنایانکرد ، مەدحی بەخەیریان کرد ، فەرمووی : رەغبەتو رجام هەیە لای خوا کە عەفوم بکا ، ترسیشم لێی هەیە کە لە قوصوورم لە ئیشی ئوممەتا عـەذابم بـــدا .. وا حەزەکەم کە سەربەسەر نەجاتم لە مەسئوولییەتی خەلافەت بێ نە لە (لە)م بێو ثەوابم بێ ؛ نە لە زەرەرم بێو لە سەری عەذاب بدرێم [ئەمما وەڵلاهی لە دوای حەزرەتی صەدیق بە قەد هەموو ئوممەت ثەوابی هــەیە] ئیشـی خەلافەت بـە زیندوویشو بـە مردوویشم هەڵناگرم نایخەمە سەر خۆم [یەعنی بە زیندوویی هەڵم گرت ، یەکێك بکەم بە خەلیفە بە مردوویش هەڵی ئەگرم ، قوصوورێکی بێ لە من ئەپرسرێتەوە] .

٣٥/٣٩٦٢ ـ وعنه قال : دخلت على حفصة فقالت : أعلمت أن أبـــاك غير مســـتخلف ؟ ... إلخ م ـ ١١/٨ .

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ئەفەرموێ : چوومە لای حەفصە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ فەرمووی : ئەزانی کە باوکت کەس ناکا بە خەلیفە ؟ فەرمووی : وتم نابێ وا بکا . فەرمووی : هەر وا ئەکا . ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهــا ـ

فەرمووی : سوێندم خوارد کە لەم خوصووصەوە ئەبێ قسـەی لـەگەڵ بکەم • تا سبەینێ لێی بێدەنگ بووم‌و قسەم لە خزمەتا نەکرد • وام لێ هات کە بە سەبەبی سوێندەکەمەوە وەکوو شاخێ هەڵبگرم ئەوەندەم لەسـەر شان قورس بوو • بۆ سبەینێ گەڕامەوە بۆ ماڵی باوکم‌و چوومە خزمەتی ، لە خوصووصی ئەحواڵی خەڵقەوە لێی‌پرسیم ، عەرزم‌کردو خەبەرم دایێ • فەرمووی : لە پاشا عەرزم‌کرد کە لە خەڵقم بیستوە قسەیێك ئەکەن سوێندم خوارد کە عەرزت‌بکەم ئەڵێن : کە تۆ کەس ناکەی بە خەلیفە • ئەگەر تـۆ شوانی مەڕ یا شوانی وشترت بێ‌و شوانەکەت بێتە لات‌و وشترو مەڕەکە بەجێ‌بێڵێ بە بـێ صـاحیب ، وا ئـەزانـی کـە وشـترو مەڕەکـەتـی بە ضایع داوە ! شوانێتی ئینسان لەوە بەشیددەت‌ترە [یەعنی تۆ ئـەچیـەوە حوضووری خوا خەڵق بە بێ شوان بەجێ بێڵی بۆ خوا لێت ناپرسێتەوە کە خەڵقەکەت بۆچی بە بێ کەس بەجێ هێشت] عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعـالی عنه ـ ئەفەرموێ : قسەکەم موافیقی مەشرەبی بوو ساعەتێ سەری دانا لـە پاشا سەری هەڵبڕی ، فەرمووی : خوا ـعز وجلـ دینی خۆی موحافەظە ئەکا ئەگەر کەسێ نەکەم بە خەلیفە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کەسی نەکرد بە خەلیفە • ئەگەر یەکێ بکەم بە خەلیفە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ یەکێکی کرد بە خەلیفە [کە منم] ئیبنوعومەر ـ رضـي الله تعـالی عنهما ـ ئەفەرموێ : هەر ئەوە بوو کە ناوی پێغەمەری برد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ و ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئیتر زانیم کە هیچ کـەس ناکا بە ئاوتای پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسـلم ـو کەس ناکـا بـە خـەلیفـــە •

٣٦/٣٩٦٣ ـ عمر بن الخطاب [رضي الله تعالی عنه] خطب یوم الجمعة فذکر نبي الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وذکر أبا بکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ إلی آخره •••

م ـ ۳/۲۳٥ ئەم حەدیثەم ئەگەر لە مەکرووهاتی صەلاتا نـەنووسیبێ لێـرەدا بینووســـن[١].

عمر بن الخطاب خطب يوم الجمعة فذكر نبي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وذكر أبا بكر ، قال : إني رأيت كأن ديكا نقرني ثلاث نقرات ، وإني لا أراه إلا حضور أجلي ، وإن أقواما يأمرونني أن أستخلف ، وان الله لـم يكن ليضيع دينه ولا خلافته ، ولا الذي بعث به نبيه ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فـإن عجل بي أمر فالخلافة شورى بين هؤلاء الستة الذين توفى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو عنهم راض ، وإني قد علمت أن أقواما يطعنون في هذا الأمر أنا ضربتهم بيدي هذه على الإسلام . فـإن فعلوا ذلك فأولئك أعداء الله الكفرة الضلال ، ثم إني لا أدع بعدي شيئا أهم عندي من الكلالة ، ما راجعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في شيء ما راجعته في الكلالة . وما أغلظ لي في شيء ما أغلظ لي فيه ، حتى طعن بأصبعه في صدري وقال : يا عمر ألا تكفيك آية الصيف التي في آخر سورة النساء ؟ وإني إن أعش أقض فيها بقضية يقضي بها من يقرأ القـرآن

(١) دانەر ـ خ ـ وەك دەبینی سەرەتای ئەم حەدیثەی نووسیوەو لە دوایيدا دەفەرموێ : « ئەم ... » منیش باسی مەکرووهاتی نوێژو ، باســـی جەماعەتو ، باسی مزگەوت ... گـەڕام نەمدۆزییەوە . دوای ئـەوە گەڕام لە باسی (کەلالە)دا ریوایەتێکی نزیك بـەم ریوایەتەم دۆزییەوە . کـە حەدیثی ژمـــارە (۳۰۳٤/۱۲)ی بەرگی هەشـــــــتەمە ، دوای بەراوردکردنیان دەرکەوت جیاوازییەکی کەمیان لە نێواندا هەیە ودانەر لەوێ عەرەبییەکەی نەنووسیوە ، لێرەدا دەقە عەرەبییەکەو تەرجەمەی زیادەکانیم لەسەرەوە نووسی .

هەروەها دانەر ـ خ ـ ژمارەی چەند حەدیثێکی تری نووسیوەو فەرموویە : « ئەم هەشت حەدیثەیشم ئەگەر نە نووسیبێ بیاننووسن » ئەوا منیش ئەیاننووسم .

ومن لا يقرأ القرآن • ثم قال : أللهم إني أشهدك على أمراء الأمصار • فإني إنما بعثتهم عليهم ليعدلوا عليهم وليعلموا الناس دينهم وسنة نبيهم ويقسموا فيهم فيئهم ، ويرفعوا إلي ما أشكل عليهم من أمرهم • ثم إنكم أيها الناس تأكلون شجرتين لا أراهما إلا خبيثتين : هذا البصل ، والثوم • لقد رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا وجد ريحهما من الرجل في المسجد أمر به فأخرج إلى البقيع ؛ فمن أكلهما فليمتهما طبخا •

= م ـ ٣/٢٢٠ = •

تەرجەمە :

حەزرەتی عومەری کوڕی خەطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ رۆژیجومعە خوطبەی خوێندەوە ، ناوی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـو حەزرەتی ئەبوبەکری برد • لە پاشا فەرمووی : لە خەوما دیم کەڵەشێرێك سێ دەنووکی لێدام • بە نزیکبوونەوەی مەرگم خەوپەرژێنم کرد • چەند کەسێك داوام لێ ئەکەن جێنشین بۆ خۆم دیاریی بکەم • بێ گومان خودا دین و خەلافەتی خۆی و ئەوەی کە پێغەمەرەکەی ـ کە قورئانە ـ پێ ناردوە •• لەناو نابا • ئەگەر من زوو شتێکم بەسەر هات جێگەداریی بەپرس و را لەناو ئەو شەش کەسەدا بێ کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـمردو لێیان رازیی بوو • من ئەزانم چەند کەسێك هەن کە من بە دەستی خۆم لەسەرئیسلام لێمداون قسە لەم ئیشەدا ئەکەن و تانەی لێ ئەدەن • ئەگەر شتی وایان کرد ئەوە ئەوانە دوژمنی خوان و کافرو گومڕان ••• لە پاشا حەزرەتی عومەر فەرمووی : خوایە تۆ بە شایەت ئەگرم لەسەر فەرمانڕەوایانی شاران ، من بۆیەم ناردوون دادگەرییان لە ناوا بکەن و ، خەڵق فێری دینیان و سونەتی پێغەمەریان بکەن و ، تالانی و ماڵی دەسکەوتەیان بەسەرا دابەش

بکەن و ، هەرچیشیان لێ گیراو نەیانزانی بۆ منی بنووسن و لێم بپرسن •

ئەی خەڵقینە ئێوە دوو سەوزەجات ئەخۆن من بە پیسیان ئەزانم : پیازو ، سیر • پێغەمەر م ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دی بۆنی ئەمانەی لە هەر پیاوێ لە مزگەوتا ببیستایە فەرمانی ئەدا دەریانئەکرد بۆ بەقیع • هەرکەسێ ویستی بیانخوا با بە کوڵاندن بیانمرێنێ •

م ـ ٧/٢٦٩ ، ٢٧٢ ، ٢٨٢ ، ٢٨٣ ، ٢٨٤ ، ٢٦٨ ، ٣٨٦ ـ ٢٨٨ ، ح ـ ١٠/٣٢٩ ، ٣١٩ ئەم هەشت حەدیثەیشم ئەگەر نەنووسیبێ بینووسن[1] •

أ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنه] أن رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قضى بيمين وشاهد م ـ ٧/٢٦٩ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە شایەتێك و سوێنی موددەعی حوکمی کردوە •

ب ـ عن أم سلمة [رضي الله تعالى عنها] قالت : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إنكم تختصمون إلي ، ولعل بعضكم أن يكون ألحن بحجته من بعض ، فأقضي له على نحو مما أسمع منه ، فمن قطعت له من حق أخيه شيئا فلا يأخذه ، فإنما أقطع له به قطعة من النار م ـ ٧/٢٦٩ •

تەرجەمە :

ئوممو سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئێوە دەعواو نیزاعتان دێننە لای من ،

(١) ئەوا بە ژمارەیەکی تایبەتی دەیاننووسم و تەرجەمەیان دەکەم .

لەوانەیە هەندێکتان بە دەموپلو بەڵگەزانتر بێ لە هەندێکتان ، منیش بـە گوێرەی ئەوەی کە لە دەمی قسەزانەکەی ئەبیسم حوکمی بۆ ئەکەم [بەسەر بەرانبەرە بێزمانو ندمەکەیدا ، لە گەڵ ئەوەیشدا حەق هی بێ زمانەکەیە] جا هەرکەسێ شتێکم لە مافی بەرانبەرەکـەی بۆ بڕی بـا وەری نەگـرێ ، چونکە من بەوە پارچەیێ لە ئاگری بۆ ئەبڕم •

ج ـ عن عمرو بن العاص [رضي الله تعالى عنه] أنه سمع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا حكم الحاكم فاجتهد ثم أصاب فله أجران ، وإذا حكم فاجتهد ثم أخطأ فله أجر م ـ ٢٨٢/٧ •

تەرجەمە :

عەمری کوڕی عاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێغەمەری ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بیستوە کە فەرموویەتی : ئەگـــەر حاکـــم لـە حوکما ئیجتیهادی کردو پێکای دوو خێری هەیە ، ئەگەر ئیجتیهادی کردو نەیپێکا یەك ئەجری هـەیـە •

د ـ عبدالرحمن بن أبي بكرة قال : كتب أبي وكتبت له إلى عبيدالله بن أبي بكرة وهو قاضي سجستان : أن لا تحكم بين اثنين وأنت غضـبان ، فإني سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : لا يحكم أحد بين اثنين وهو غضبان م ـ ٢٨٣/٧ •

تەرجەمە :

عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکرە ئەفەرموێ : باوکم پێی نووســیم بۆم نووسی بۆ لای عوبەیدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکرە کە قاضي سەجســتان بوو : کە تووڕە بوویت حوکم لە نێوان دووان [یا زیاتر]ا مەکە ، چونکە من لە پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بیست ئەیفەرموو : با یەکێك لە ئێوە حوکم لە نێوان دواندا نەکاو تووڕە بێ •

هـ ــ عن زيـد بن خالد الجهني أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ألا أخبركم بخير الشهداء ؟ الذي يأتي بشهادتـه قبـل أن يسـألهـا م ـ ٢٨٦/٧ •

تەرجەمە :

زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنیی ئەفەرموێ : پێغـەمـەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ فـەرمـووی : پێتان‌بڵێم کێ چاکترین شایەتە ؟ چاکترین‌شایەت ئەو کەسەیە کە پێش ئەوەی داوای لێ‌بکەن بێ شایەتیی بدا •

و ـ •• م ـ ٢٨٨/٧[1]

ز ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لو يعطى الناس بدعواهم لادعى ناس دماء رجال وأموالهم، ولكن اليمين على المدعي عليه م ـ ٢٦٨/٧ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر خەڵق لەسەر داوای خۆیان شـــتیان بدرێتێ [و حوکمیان بۆ بکرێ] هەندێ کەس داوای خوێن‌و ماڵی هەندێ کەسی دیکە ئەکەن ، بەڵام داوا لێکراو سوێنی لەسەرە •

[بە سوێن دەتوانێ خۆی رزگار بکا] •

ح ـ ح ـ ١٠/٣٢٩ ، ٣١٩[2] •

٣٧/٣٩٦٤ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : كنت أقرىء

(١) ئەم حەدیثە بە ژمارە (٢٩/١٥١٠) لە بەرگی پێنجەمدا رابورد •

(٢) ئەم حەدیثەیش حەدیثی (ئەجری حاکم)ە کە لێرەدا نووسیمان •

رجالا من المهاجرين منهم عبدالرحمن بن عوف [رضي الله تعالى عنهم] فبينما أنا في منزله بمنى وهو عند عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] في آخر حجة حجها ... إلى آخره ح - ١٠/١٨ إلى ٢٤ .

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس -رضي الله تعالی عنهما- ئەفەرموێ: بە چەند پیاوێکی موهاجیریی دەرسم ئەخوێند[1]، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف - رضي الله تعالی عنــه - لەوانە بوو کە دەرسم پێ ئەوتن لە وەختێکا کە لە مەنزیلەکەیا بووم لە مینا ئەو لای عومەری کوڕی خەطابا بوو - رضي الله تعــالی عنــه - لە ئاخــر حەجێکا کە عومەر - رضي الله تعالی عنه - کردی .. کـــە عەبدوڕەحمان گەڕایەوە لای من فەرمووی : خۆزگە چاوت لە پیاوێك ئەبوو کە ئیمــڕۆ هاتە خزمەت (أمير المؤمنين) - رضــي الله تعالی عنه - عەرزی کرد : (یــا أمير المؤمنين) ئەزانی کە فلان کەس چی ئەڵێ ؟ ئەڵێ : ئەگەر عومەر بمرێ بەیعەت بــە فلان کەس ئەکەم [زوبەیر فەرمووی : ئەگەر عومەر بمــرێ بەیعەت بە عەلی ئەکەم - رضي الله تعالی عنهــم - قەســـطەلاني] وەڵاهــی بەیعەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالی عنه - کوتوپڕ بوو بە تەدبیرو مەشۆرەت نەبوو ، لە پاشا تەواو بوو سەری گرت . عومەر - رضي الله تعالی عنــه - رقی هەڵسا فەرمووی : (إن شاء الله) ئەم ئێوارێیە لە ناو خەڵقا رائەوەستم ئەیانترسێنم لەو کەسانەی کە تەمایانە غەصبی وەظیفەی خەڵق بکەن بــە نــاحــەق . عەبدوڕەحمان - رضي الله تعالی عنه - ئەفەرموێ : عەرزمکرد : ئەی ئەمیرولموئمینین وا مەکە چونکی مەوسیمی حەج رەعــاعو جاهێــڵو خەڵقی نەفامو زۆری تیایە ، ئەوانەیشن کە زۆر لــە تــۆوە نزیك بــن لــەو وەختەدا کە لە ناو خەڵقا ئەوەستی ،ئەترسم تەشریفت رابوەستێو قســـە

(١) ئەگەر بیفەرموایە : دەرسم بە چەند پیاوێك ئەووت .. باشتر بوو .

بکەی : کە ئەو قسەیەت لە دەم ببچڕنەوە بیفڕێنن بۆ هەموو جێیێكو لـە مەقصوودت نەگەنو مەقصوودەکەت لە جێی خۆیا بەجێ نەهێنن • صەبر بکـە تـا ئەچیەوە مەدینە کە داری هیجرەتو سوننەتە ، ئەو وەختە خۆتو ئەهلی عیلمو تێگەییوو ئەشرافی خەلق خۆبەخۆ ئەمێننەوە ، ئیتر سەربەست هەرچی ئەڵێی ئەتوانی بیڵێی ، ئەهلی عیلم مەقالەکەت حیفظ ئەکەنو لەجێی خۆیا ئیستیعمالی ئەکەن • عومەر ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ فـەرمووی : وەڵڵاهی کە گەییمەوە مەدینە ئەوەڵ مەقامێ کە لێی بوەستم لە مەدینـەدا ئـەوە ئـەڵێـم •

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : دوای (ذي الحجة) هاتینەوە مەدینە کە رۆژی جومعە ئەبوو [لەبەر ئەو فەرموودەی عومـــەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] عەجەلەمان کرد کە زوو بچینە مزگەوت ، لە وەختی زەوالی شیددەتی گەرمادا کە چووم سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیلم دی لای گۆشەی مینبەرەکەدا دانیشتبوو [ـ رضي الله تعالى عنه ـ خۆی لە عەشەرەی موبەششەرەیە، زەیدی باوکی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیختیلاف لە پێغەمەرییتیا هەیە ، پێغەمەری دیوە ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ (ومر فضلهما في الفضائل)[1]] لایەوەدانیشتم ئەژنۆم بـە ئەژنۆیەوە بوو ، ئەوەندە نەوەستام عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هاتەدەرێ [لە جێی خۆی هەڵسا هات بۆ مینبەرەکە] کە چاوم پێکەوت کە تەشریفی رووی کردە مینبەرەکە بە سەعیدم وت : ئێستە قسەیێك ئەفەرموێ کە لەمەوپێش قەت نەیفەرمووبێ • سەعید ـ رضي الله تـــعالى عنـــه ـ پێی باوەڕنەکردم فەرمووی : ظەن نابەم کە شتێك بفەرموێ کە قەت نەیفەرمووبێ• عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە تەشریفی لـــەســـــەر مینبەر دانیشتبوو

(١) بڕوانە : لاپەڕە ٤٦٤ ی بەرگی سێیەمی ئەم کتێبە •

بانگدەرەکان بێدەنگ بوون تەشریفی هەڵسا ، بەوەی کە لایەق بێ بە خوا ئەنای خوای کرد . لە پاشا فەرمووی : (أما بعد) دوای حەمدو ئەنـا من قسەیێکتان پێ ئەڵێم کەوام بۆ موقەددەر کراوە کە پێتان بڵێم ، نایشزانـم بەڵکی ئەجەلم لێ نزیكبوو بێتەوە ، کە ئەو قسەیەتان بۆ ئەکەم ،هەرکەسێ تێیبگاو حیفظی بکا بۆ هەر جێیێ کە وشترەکەیی ئەگاتێو ئەیچێنێ نەقلی بکاو تەبلیغی خەڵقی بکا ، ئەوی کە ئەترسێ لەوە کە تێی نەگاو حیفظی نەکا حەڵاڵ ناکەم بۆ هیچ کەس کە درۆم بەدەمەوە بکا :

خوای تەعالا بە حەق محمد ـ صلی اللہ تعالی علیه وسلم ـی ناردوە ، قورئانی بۆ نازڵکردوە ، لەوەی کە خوا نازلێ کردوە ئایـــەتی رەجـمە ، ئایەتی رەجممان خوێندوە تێیگەییوین حیفظمانکردوە ، چونکی خوا ئەو ئایەتەی نازڵکردوە . پێغەمەر ـ صلی اللہ تعالی علیه وسلم ـ رەجمی [زانیی موحصەنی] کردوە ، ئێمەیش لە دوای ئەو رەجممان کردوە ، ئەتـرسـم ئەگەر خەڵق زەمانیان لێ بەسەربچێ یەکێ بڵێ وەڵڵاهی ئێمە لە کیتابوڵڵادا ئایەتی رەجم نابینین ، بە واسیطەی تەرکی فەرزێکەوە [کە رەجمە] رێیان لێ ون ببێ [ئێســـتە چ فەرزێ هەیـە کـە تەرکمان نەکردبێ ؟ سا خـوا هیدایەتمان بدا] رەجم لە کیتابوڵڵادایە حەقە لەسەر کەسێ کە موحصـەن بێ [یەعنی ژنی لە ژێر نیکاحی صەحیحا وەطء کردبێ] پیاو بێ یا ژن بێ لەسەر زیناکەی شاهید ببێ ، یا زگپڕبوون ببێ ، یا ئیقرار ببێ . لە پاش ئەمە کە پێموتن پێتانئەڵێم : لەو قورئانەدا کـــە ئەیخوێنین ئـەوەیشمان ئەخوێند کە ئیعراض لە باوكو باپیری خۆتان مەنێن [باوکتان بێو خۆتان بە ئەولادی غەیرەو نەسەبتان بگۆڕن] ئەوە کوفرە بۆ ئێوە کە ئیعراض لە باوكو باپیری خۆتان بنێن [ئەم دوو ئایەتە تیلاوەتی(١) نەســـخ بوەتەوەو

(١) راست وایە بگوترێ : تیلاوەتیان نەسخبوەتەوەو حوکمیان ...

حوکمی باقی ماوە] خەبەرتان لەوەیش ببێ کە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرموویەتی : بە مەدحی باطیل هەڵمەدەن‌و موبالەغە بکەن لە مەدحما چۆن موبالەغە کراوە لە مەدحی عیسادا [علیه السلام • ئەڵێن کوڕی خوایە] ئێوە بڵێن عەبدی خوایەو رەسوولی خوایە •

لە دوای ئەوە کە ئەمەم پێوتن ئەوەیشتان پێ‌ئەڵێم کە خەبەرم پێ گەییوەتەوە کە بەعزێ لە ئێوە ئەڵێن : ئەگەر عومەر بمرێ بەیعەت بە فلان کەس ئەکەم • هیچ پیاوێ بەوە مەغروور نەبێ بڵێ بەیعەت بە ئەبوبەکر - رضي الله تعالی عنه - بەیعەتێکی کوتوپڕی بوو ، بێ تەدبیرو مەشۆرەت بوو ، ئەمما تەواو بوو یەعنی ئیعتیراضی لێ نەگیرا ، خەبەرتان بێ ئەوە وایە ، ئەمما خوا لە شەڕی ئەوە موحافەظەی کردین [چۆنی موحافەظە ناکا کە بە وەحیي ئیلاهي پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - خەبەری داوە (کما مر عن عائشة - رضي الله تعالی عنها - في مرض مرضته في الطب والمرضی ح - ٨/٣٣٧)][(١)] هیچ کەسێ نیە لە ئێوە کە وشترسواری بگاتێ وەك ئەبوبەکر وابێ [وەڵلاهی وایە گەورەی هەموو ئومەتە] هەرکەسێ بێ مەشۆرەتی موسوڵمانان بەیعەت بە پیاوێ بکا نە ئەو کەسەو نە ئەوی ئەو بەیعەتی پێ کردوە بەیعەتی پێ ئەکرێ [تەبەعییەتی ئەکرێ • کما في أخری] مەبادا بکوژرێن ؛ چونکی بێ پرسی موسوڵمانان کردوویانە خەڵقیان لێ‌هەڵەگەڕێتەوەو ئەیانکوژن •

هەم ئەوەیشتان پێ ئەڵێم : حاڵی ئێمە لەو وەختەدا کە پێغەمەر -صلی الله تعالی علیه وسلم - وەفاتی کرد =وابوو= ئەنصار موخالەفەیان کردین ، هەموویان لە ژێر ساباطی بەنی ساعیدەدا کۆبوونەوە ، عەلی‌و زوبەیرو ئەتباعیان جوێ‌بوونەوە لە ئێمەو موخالەفەیان‌کردین • موهاجیرین لە

(١) بڕوانە ل : ٢٣٥ی بەرگی حەوتەمی ئەم کتێبە •

ئــەبوبــەکــر کۆبوونــەوە بــە ئــەبـوبەکــرم وت : ئــەی ئەبوبەکر با بچینە لای برادەرانی ئەنصاریمان ، لێماندا رۆیین بۆ لایـان [تووشـی ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح بووین • ئەبوبەکر ـ رضـي الله تعالى عنه ـ دەستی گرت لە بەینی منو ئەوا ئەڕۆیی • أخری] کـە لێیـان نزیك‌بووینەوە دوو پیاوی صالّحمان پێ‌گەیی [عوەیمی کوڕی سـاعیدەو مەعنی کوڕی عەدیی ئەنصاریی] بەیانی ئەوەیان کرد کە ئەنصار لە سـەر یەکێ ئیتتیفاقیان کردوە [تەمایانە بەیعەت بە سەعدی کوڕی عوبادە بکەن ـ رضي الله تعالى عنه ـ] پرسییان : بۆ کوێ ئەچن ؟ وتمان : ئەچینە لای برادەرانی ئەنصاریمان • وتیان ، دەخلّتان چیە بە سـەریانەوە ؟ نزیـکیان مەکەون ئیشی خۆتان بکەن • من وتم : وەڵلاهی ئەچینەلایان • رۆیین تـا چووینە لایان ، لە هەیوانی بەنی‌ساعیدەدا ، تێ‌فکرین پیاوێ لە بەینیانا بـە جلێ داپۆشرابوو ، پرسیم : ئەوە کێیە ؟ وتیان : سەعدی کوڕی عوبادەیە، وتم : چییەتی ؟ وتیان : لەرزو تایەتی • کە نەختێ دانیشتین خەطیبیان [کە ثابیتی کوڕی قەیسی کوڕی شەماسە ـ رضي الله تعالى عنه ـ (من الـذين شهد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بأنه من أهل الجنــة • مـر فـي الايمان)[1]] کەلیمەی شەهادەتی هێنا ، بەوەی کە لایەق بێ بە خوا ثەنای خوای کرد • لە پاشا وتی : (أما بعد) ئێمــە نـاصیری دینـی خـوایـن ، لەشکری دینی ئیسلامین (صدق) • ئەی مەعشــەری موهاجیرین ئێـوە قەومێکی کـەمن [بە نیسـبەت ئێمەوە] لە قەومی ئێوە میقدارێکی کـەم هاتە لای ئێمە [لەبەر فەقرو ضەروورەت] کەچی ئێستە وایان ئەوێ کـە لە ریشە دەرمانهێنن ، لە ئیمارەت مەحروومان بکەن •

(١) بڕوانە : ل : (٤٤٩)ی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە .

[عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی :] کە ثابیت بێدەنگ بوو تەمام وابوو قسە بکەم ، لە پێشا قسەیێکم رێكخستبوو لام وابوو کـــە قسەییێکی باش‌و عەجائیبە ، ئیرادەم بوو لە بەردەمی ئەبوبەکر ـ رضي الله عنه ـدا بیڵێم مودافەعەی ئەوەم ئەکرد ، کە بەعزێ حیددەتی لێ قەطع بکەم [یەعنی مەبادا بە خوطبەکەی ثابیت حیددەت بکاو شتێك بفەرموێ کە ببێ بە سەبەبی ئیختیلاف] کە تەمام بوو دەست بکەم بە قسەکردن فەرمووی : تۆ جارێ راوەستە ، حەزم‌نەکرد کە رقی هەڵسێنم [بە ئەمرم کرد] ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەستی کرد بە قسەفەرموون ، ئەو لە من بە حیلمتر بوو بە تەئەننی‌تر بوو • وەڵلاهی کەلیمەییێکی لەوە کە من تەرتیبم کردبوو و بە عەجایەبم ئەزانی تەرك نەکرد ، بێ ئەمە کە تەفەککوری لێ بکاتەوە ، یا وەك ئەوە یا باشتری فەرموو تا بێدەنگ بوو لە فەرموودەکەیا فەرمووی: ئەو خێرەی کە ذیکرتان کردو لە ئێوەدایە [وەڵلاهی ئەی مەجلیسی ئەنصار ئێمە فەضلی ئێوەو موبتەلابووتتان لە خوصووصی ئیســـــلامەوە ئینــکار ناکەین ، حەقتان بە سەرمانەوە هەیە ئینکاری ناکەین] ئێوە ئەهلن بۆ ئەو خێرو فەضیلەتە • ئەم ئیشی خەلافەتە بۆ غەیری ئەم قەومە کە قورەیشـــن نابێ ، قوریش ئەعدەل‌و ئەفضەلی عەرەبن لە نەسەباو لە وەطەنا • بۆ ئێـــوە وام بە موناسب زانیوە کە یەکێ لەم دوانە ئیختیار بکەن بەیعەتی پێ بکەن، هەرکامێکتان لەم دوانە هەوەس پێنێ دەستی من‌و دەستی ئەبوعوبەیـدەی کوڕی جەڕاحی گرت ئەو =واتە ئەبوبەکر = لە بەینمانا دانیشتبوو • لـــە قسەی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەوەم لە لا ناخۆشتر نەبـــوو کـــە فەرمووی : بەیعەت بکەن بە یەکێ لە عومەرو ئـــەبوعوبەیدە ، وەڵلاهــی بمبەنەپێشەوە کە لە گەردنم بدرێ ، ئەو لەگەردن‌دانەم ، بەو شەرتە کە لە گوناه نزیکم نەخاتەوە ، لام خۆشترە لەوەی کە ببم بە ئەمیر لەسەر قەومێ

کە ئەبوبەکری تیابێ ـ رضي الله تعالی عنه ـ (اللهم) مەگەر نەفسم ئـەو ئەمیرییەم لە لا برازێنێتەوەو پێم بکا لە وەختی مردنا کە ئێستە ئەو ئارەزووەم نیـــــە •

یەکێ لە ئەنصار [حوبابی کوڕی مونذیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ] وتی : ئێمە بۆ خـــەلافەت وەك ئەو دارە واینە کـــە بۆ وشتری گـەڕی دائەچەقێنن کە خۆی پێبخورێنێ ، یا وەك ئەو هێشوە خورمایەین کە بەری ئەوەندە زۆرە کۆڵەکەی ئەدەنەبەر کە نەکەوێ [یەعنی بە قووەتو شەوکەت موحافەظەی خەلافەت ئەکەین لە ضەعیفیو بە قووەتی ئەکەینو ئەیهێنینـە بەر] لە ئێمە ئەمیرێكو لـە ئێوە ئەمیرێك ئـــەی جەماعەتی قـورەیش • غەڵبەغەڵبە زۆر بوو دەنگ بەرز بۆوە ئەوەندە لە ئیختیلاف ترسام ، وتم: دەست بێنە یا ئەبوبەکر ، دەستی هێناو بەیعەتم پێکـرد • موهاجیرینیش بەیعەتیان پێکرد ، لە پاشا ئەنصاریش بەیعەتیان پێکرد ، هەنگاومان بەسەر سەعدی کوڕی عوبادەدا هەڵێنا ، یەکێك لە ئەنصار وتی : سەعدی کوڕی عوبادەتان کوشت ، وتم : خوا بیکوژێ •

[سەعد ـ رضي الله تعالی عنه ـ چوو بۆ شام لە غوسڵخانەدا بە مردوویی بینییان ، بەدەنی شین بووبووەوە ، کەس خـەبەری لـە مردنی نـەبوو تـا دەنگی یەکێکیان بیست ، دەنگی بوو رەنگی نەبوو ، ئەیوت :

قـد قتلنـا سـید الخـزرج ســـعد بـن عبـــادە
فـرمینـــاه بســــــــهمين فـلم تـخط فـــؤاده

سەییدی خەزرەجمان کوشت کە سەعدی کـوڕی عـوبادەیە ، دوو تیرمان تێگرت بە خەطا نەچوو لە دڵی دا • قەسطەلاني] •

عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئێمە وەڵلاهی لەوەدا کـە حازری بووین هیچمان لەوە لە لا بە قووەتتر نەبوو کە موبایەعە بکەین بە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەوە ترساین ئەگەر لە ئەنصار جوێ بینەوەو بەیعەت نەکرێ ئەنصار لە دوای ئێمە بەیعەت بکەن بە پیاوێ لە خۆیان ، یا ئێمەیش بەنارەزایی بەیعەتی پێ ئەکەین ، یا موخالەفەیان ئـەکـەین‌و ئـەو وەختە فەساد ئـــەبوو ٠ کە وابێ هەرکـەسێ بـە بێ موشـــاوەرە لـەگـەڵ موسوڵمانان بەیعەت بکا بە یەکێ تەبەعییەتی ناکرێ نە هی ئەو نە هی ئەوەی کە ئەو بەیعەتی پێ‌کردوە ، مەبادا ئەو دوانە بکوژرێن ٠ [یەعنی خەڵق بەو بەیعەتە رازیی نەبن‌و هەردوکیان بکوژن] ح ـ ١٨/١٠ إلى ٢٤ ٠

[نەسائیی ریوایەت‌ئەکا لە زیڕی کوڕی حوبەیشەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە سەنەدێکی حەسەن کە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی جەماعەتی ئەنصار بۆ ئێوە نازانن کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ ئەمری کرد کە ئەبوبەکر نوێژ بە خەڵق بکا ؟ کامتان پێی‌خۆشە کە لە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێش بکەوێ ؟ فەرموویان : (نعوذ بالله) کە لێی پێش‌بکەوین ٠ قەسطەلاني] ٠

٣٨/٣٩٦٥ ـ مســـور بن مخرمـة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أخبر أن الرهط الذين ولاهم عمر [رضي الله تعالى عنه] اجتمعوا فتشاوروا قال لهم عبدالرحمن ٠٠٠ إلى آخر الحديث ح ـ ٢٥٣/١٠ ٠

تەرجەمە :

میسوەری کوڕی مەخرومە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەو قەومەی کە حەزرەتی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووبووی یـەکـێ لەوانە ئینتیخاب بکەن [کە حەزرەتی عەلی‌و عوثمان‌و زوبـەیرو طـەلحـەو

سەعدو عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفن ـ رضي الله تعالی عنهم أجمعین ـ] کۆبوونەوە مەشۆرەتیان کرد ، عەبدوڕەحمان ـ رضـي الله تـعالی عنـه ـ پێی‌فەرموون : من لەوانە نیم کە لەمەدا مونازەعەتان لەگەڵ بکەم [یەعنـی بە تەمای خەلافەت بم] لەم ئەمری خەلافەتەدا ، ئەمما ئەگەر ئێوە ئارەزووتان بێنێ لە ئێوە یەکێکتان بۆ ئینتیخاب ئەکەم ، ئەوانیش ئەو ئیشەیان تەودیع بە عەبدوڕەحمان کرد کە ئیشەکەیان بەو سپارد ، خەڵق هەموو مەیلیان‌کرد بە لای ئەوەوەو دووی کەوتن ، هیچ کەسم نەدی لە خەڵق کە شوێن یەکێ لەوانی تر بکەوێ پێ بە شوێن پێی یەکێکیانا بنێ • خەڵق لە عەبدوڕەحمان کۆبوونەوەو موشاوەرەیان لەگەڵ ئەکرد ، لەو شەوانەدا [عەبدوڕەحمـان لەگەڵ هەرکامێکیانا خەڵوەتی ئەکرد هیچ کەسێ لەوانی تر ئاوتای ئیمامی عوثمانی نەئـــەگرت] تا ئەو شەوەی کـە بۆ سبەینێ بـــەیعەتیـان بـــە عوثمـان کــرد •

میسوەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : شـــەو عـەبدوڕەحمان هاتەلام نوستبووم خەوم لێ‌کەوتبوو ، لە دەرگاکەی دا تا خـەبەرم بـۆوە فەرمووی : وا بزانم کە نوستبووی ، وەڵلاهی ئیمشەو [ئەم سێ شەوە • کەش‌میهەنی] ئەوەندە خەو نەچوەتە چاوم ، بچۆ زوبەیرو سەعدم بۆ بانگ کە ، چووم بۆم بانگ‌کردن(1) موشاوەرەی لەگەڵ‌کردن ، لە پاشا بانگی‌کردم فەرمووی : بچۆ عەلیم بۆ بانگ کە بۆم بانگ‌کرد ، قسەی لەگەڵ کرد تا وەختی نیوەڕۆ [لە ریوایەتی سەعیدی کوڕی عامیرا ئـەفـەرموێ : کـــە میسوەر ئەیفەرموو : بەعزێ وەقت دەنگیان بەرزەبۆوە هیچم لێ مـەخفی نەئەبوو ، بەعزێ وەقت دەنگیان پەست ئەکردەوە] لە پاشا عەلی ـ رضي الله

(1) راستوایە بفەرموێ : چووم بانگم‌کردن بۆی •

تعالى عنه - هەڵسا بە تەما بوو کە خەلافەتی تەودیع بکا ، عەبدورەحمان نەختێ لە عەلی ئەترسا [کە ئەگەر بێتو عوثمان تەعیین بکا عەلی موخالەفە بکاو فیتنە بەرپابێ] لە پاشا پێی فەرمووم : بچۆ عوثمانم بۆ بانگکە . بۆم بانگ کرد لەگەڵ ئەویشا قسەی سیرریی کرد تا بانگی موئەذذین بۆ صوبح لێکی جوێکردنەوەکە نوێژی سبەینێی کرد بۆ خەڵق ئەو پێنج کەسە لای مینبەرکۆبوونەوە ، عەبدورەحمان ناردی بە شوێن ئەو موهاجیرو ئەنصارەدا کە حازربوون ، ناردی بە شوێن ئومەرای لەشکرا [کە موعاویەی ئەمیری شامو ، عومەیری کوڕی سەعد کە ئەمیری حیمص بوو ، موغیرەی کوڕی شوعبە کە ئەمیری کووفە بوو ، ئەبوموسای ئەشعەریی ، کە ئەمیری بەصرە بو ، عەمری کوڕی عاص کە ئەمیری میصر بوو ، تا هەموو ئەهلی حەلو عەقدی کۆکردەوە] ئەوانە ئەو ساڵە هاتبوون بۆ حەجکردن لەگەڵ عومەرا - رضي الله تعالى عنه - [لە خزمەتیا هاتبوون بۆ مەدینە] کە کۆبوونەوە عەبدورەحمان - رضي الله تعالى عنه - کەلیمەی شەهادەتی هێنا ، لە پاشا فەرمووی : (أما بعد) دوای حەمدو ثەنا ئەی عەلی تەماشای فیکرو رەئیی خەڵقم کرد هیچیانم نەدی کە کەسێ بە هاوتای عوثمان بگرن ، هیچت نەیێ بە دڵا کە عوثمان ئینتیخاب بکەم ، بە عوثمانی وت : بەیعەتت پێئەکەم لەسەر سوننەتی پێغەمەری خوا - صلى الله تعالى عليه وسلم -و دوو خەلیفەی دوای ئەو - رضي الله تعالى عنهما - عەبدورەحمان بەیعەتی پێکردو موهاجیرو ئەنصارو روئەسای ئەجنادو موسوڵمانان هەموو بەیعەتیان پێکرد - رضي الله تعالى عمن صلح منهم - .

تـم بحمد الله
وهدايته وحسن توفيقه
مـا أردت أن أجمعــــه مــن
أحاديث الشيخين مسـلم والبخاري
ـ رحمهما الله تعـالى ـ مـع ســـائر
المحدثين فحصـــل منهما ـ ما عـدا المكرر ـ
ثلاثـة آلاف وتسعمائة وخمس وسـتون = حديثاً =
جعله الله ذخرة لعقبانا ، وعفـا عمـا رأينا بحسب النفس
الأمارة ، ونفع الله بـه المسلمين آمين . ســنة ألف وتســعمائة
واثنتين وأربعين من الســنة الميلاديـة في اليـوم الثلاثين مـن
كـانون الثـاني في ضـــــحوة يـوم الجمعـة ١٢ من
شـــهر محـرم الحـرام من سـنة ألف وثلاثمائـة
وإحـدى وســـتين من هجـرة ســـيد
المرســـلين ـ عليـــه صـــلوات الله
رب العـــالمين وعلـى آلــــه
وأصـــحابـه وذريـــاتـــه
وأزواجـــه الطيبيـن
الطاهريـن(١)

رشـيد بـابـان

(١) دوای راســـــتكردنەوەی یـەك دوو هەڵەی بچووكی دانەر ـ خ ـ وا تەرجەمەی ئەم وتەی دەنووسین :

سوپاس بۆ خوا بە هۆی یارمەتی خوداو هیدایەتی جوانو تەوفیقی ئەوەوە ئەوەی كە ویستم لە حەدیثەكانی دوو شـــــێخەكە : بوخاریو موسلیم كۆی بكەمەوە تەواو بوو ، لە هەردوكیان ـ دووپاتی لێ دەرچێ ـ سێ هەزارو نۆصەدو شەصتو پێنج حەدیث پێكهات . خوا بیكات بە توێشووی پاشەرۆژمو لە رووپامایشم كە بـە گوێرەی نەفسی بـەد كردبێتم خۆش بێو ، سوودی پێبگەیێنێ بـە موسوڵمانان ، ئامین . ئەمەیش لە رۆژی ٣٠ كانوونی دوەمی ســـالی ١٩٤٢و رێكەوتی رۆژی جومعەی ١٢ی مانگی موحەڕەمولحەرامی سالی ١٣٦١ی كۆچی گەورەی پێغەمەران بوو ـ دروودی خوا لەســـەر خۆیو یارانو نەوەو خێزانـە پاكو تەمیزەكانی بێ ـ رەشید بابان .

وەصــیەت نامـــــە

وصیتي إلى ملا حسـین وابنه السلام سەلامی خوایان لەسەر بێ[1].

بیستو دوو مانگی تەواوە دەستمکردوە بە تەرجـــەمەی موسـلیمو بوخاریی وا ئەمساڵ لە دوانزەی (محرم الحرام)ا (بحمد الله) تەواوبوو . هەرچەندە هەردوو کتێبەکە لەسەر ئەبوابی فیقهـ تەرتیبکراون مەسلەکیان لـە یەك جوێیە ، هەر یەك لە مەسلەکی خۆیا نەظەرێکی مەعقوولی هەیـە . موســلیم - رحمه الله تعالی - لە کوللی بابێکا ئەو حەدیثانەی کە ریوایـەتی کردوە طوروقی سەنەدەکانی هــەموو کۆکردوەتەوە ئـەمجا حـەدیثەکـەی ذیکرکردوە . کوللی حەدیثێکی لە بابی خۆیا ذیـکر کـردوە ، کـــەم وا واقیع ئەبێ کە حەدیثێکی لە دوو بابا ذیکر کردبێ .

بوخاریی - رحمه الله تعالی - حەدیثێکی بە موناســـەبە لە ئـەبوابـی موتەفەڕریقەدا ذیکر کردوە ، لە هەر جێیێکا بە طەریقێکی غەیری طەریقی پێشوو ئەو حەدیثەی ، یا بە تەواویی ، یا پارچەیێ بە موسـنەدیی یـا بـە موعەللەقی ئیعادە کردۆتەوە . تەرجەمەیێکی موناسب بەو بابەی بۆ داناوە، وا ئەبێ بەو نەوعە تەنها حەدیثێکی لە دوو ، یا سێ (إلى) بیست جێگەدا ئیعادەکردۆتەوە . بە سەبەبی ئەوەوە ئـەحادیثی بوخـاریی ، کـە ئـەمجا دووهەزارو حەوصەد بێ یا نەبێ ، گەییوە بە نزیکی شـەش[2] هــەزار . ئەحادیثی موسلیم گەییوە بــە نزیکی پێنجهەزار . تا پێمکرابێ وەك موسلیم

(1) ئەم وەصیەت نامە لە سەرەتای بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا بلاوکرایەوەو لەوێ بەڵێنمان دا کە لە جێگەی خۆیشیدا بلاوی بکەینەوە ، ئەوە خودا یارمەتی داینو بەڵێنەکە هاتەجێ .

(2) لە پێشـەکی شـەرحی (مسلم)دا دەفەرموێ : بوخاری لەگەڵ دووپاتەکانیا (٧٢٧٥) حەوت هەزارو دووصەدو حەفتاو پێنج حەدیثە .

ئەحادیثی بابێکم ، یا موناسەبەی بە گەلێ باب ببێ ، هەر لە یەکێ لەو بابانەدا نووسیویە ئیسنادەکانیشم ، مەجبوورییەت حاصڵ نەبووبێ ، هەمووم طەیکردوە ، تەنها صەحابیی حەدیثەکەم نووسیوە • ئەو پیاوانە ـرحمهم الله تعالى ـ تا بە عیلمی دەقیقی موسلیمو بوخارییو مەشایخی ئەوان، تا گەورەو بچووکیان بە تەواوەتی تەحقیقی وثووقو حیفظو دیانەتیان نەکرابێ ، کە ئەو تەحقیقاتە بۆ ئەهلی ئەم زەمانە لە ئیمکان خاریجە •• نەقڵی حەدیثیان لێ نەکردوە • ئێمە ئەوانە هیچیان ناناسین ، ئیعتیمادی موسلیمو بوخاریی بەوان بۆ دوای خۆیان کافییە ، بۆ ئێمە هەر ئەوەندە لازمە کە بزانین حەدیثی موسلیمو بوخارییە ، لە سەر عیلمو فەضلو وثووقو قووەتی حیفظی ئەو دو (نیر)ی ئەعظەمە ئیجماعی هەموو ئەهلی سونەتو جەماعەت هەیە ، ئەو دوو کتێبە لە دوای قورئانی جەلیل ئەصەححی کوتوبی ئیسلامیەیە (أحسن الله جزاءهما مع سائر المحدثين والمجتهدين والعلماء الناقلين) •

بەم ئیختیصارە حەدیثی هەردوو کتێبەکە هاتۆتە سەر سێ هەزارو نۆصەدو شەصتو پێنج حەدیث ، ئەگەر بە تەواوەتی تەنقیح بکرێ رەنگە گەلێ لەو میقدارەیش کەمتر بکا •

بە ئەمری مەلا حسەین ناوم ناوە (اقتران النيرين في مجمع البحرين) لە عومری حەفتاو دوو سالیما ئەم بارە قورسەم هەڵگرت ، لە حەفتاو چوار سالیما (بتوفيق الله تعالى) تەواوم کرد • لە کۆکردنەوەیاو نووسینیا لەبەر پیرییو دەستلەرزینو فوتووری عەقڵو ذیهنو شوعوور زۆر زەحمەتم تیا کێشاوە ، رەنگە لە تەرجەمەیشیا غەلەطو سەهوم زۆر بێ ، ئومێدم لە خزمەتتانا وایە کە غەڵەطێ یا سەهوێکتان بەچاوکرد زۆرم لە سەرو گوێلاك بدەن تا ئیصلاحی ئەکەن• مەیشێلن بفەوتێو مەحو بێتەوە ، لە ئەهلی خۆی مەنعی مەکەن ، ئەمە شتێکە بۆ عەوامو نائاشنا بە عولوومی عەرەبییە کراوە،

عولەما ئیحتیاجییان پێی نیە • ئەوی عەرەبی ئەزانێ هەر مەتنی حەدیثەکەی بنووسێ ؛ چونکی جامیعی هەموو موسلیمو بوخارییە ، حەدیثێکیان لێ تەرك نەکراوە[1]، ئەوان لەبەر موختەصەرێتی ئیستیفادەی لێ ئەکەن • ئەوی عەرەبی نازانێ هەر کوردییەکەی بنووسێ ، فەقەط هەردوو لا هەردوو لای بنووسن ئەویش بێ فائیدە نابێ • ئیشارەتەکانم ، ئەگەر چی لە ئەوەڵەوە نووسیوە ، (إحتیاطا) لێرەیش ئەیان نووسم :

ئەوی لە کەنارەوە نووسیومە مەثەلا (٢٤٦/٢٥) هی سەر خەتەکە حەدیثی ئەو بابەیە مەثەلا (إیمان ، صلاة ، صوم ••• إلخ) ئەوی لە ژێر خەتەکەدا نووسراوە عەدەدی حەدیثی (اقتران النیرین)ە لە ئەوەڵەوە تا ئەو جێیە ، ئەوی لە ئاخری کوللی حەدیثێ نووسراوە مەثەلا خ ـ ٢٥/١ • خ بوخاریی ، (١) جەلدی ئەوەڵ ، (٢٥) صەحیفەی ئەوجەڵدە (وعلیه فقس°)•

م ـ ٥٥/٢ • م موسـلیم ، ٢ جەڵدی دوەم ، ٥٥ صەحیفەی ئەو جەڵدە •

ت : ترمذیی •
ن : نەسائیی • ئەمانەم موافیقی قەسطەلانی نووسیوە •
د : ئەبوداود •
جه : ئیبنوماجەهـ •

ئەوەندە کافیە (والسلام علیکم وادعوا لي بالخیر)

رەشـید •

٥ رەبیعی دوەمی ١٤١٠ ك

١٩٨٩/١١/٤ز م ـ ع • ق •

(١) مامۆستا بە گوێرەی ئاگاداریی خۆیو ئەوەی بە تەمـا بوە وابێ ئەمەی نووسـیوە ، بەلام وەك روونی دەکەینەوە کەوتنو لەبیرچوونی هەیە •

پاشــکۆیەکی پێویست

- ١ -

لە کاتێکدا کە قوتابی پۆلی دوەمی کۆلیجی ئیمامی ئەعظەم بـووم‌و سەرگەرمی خوێندن بووم‌و « ئاگام لە مەحمووی بێ‌زەوال نەبوو » رۆژێك مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس - خودا تەمەنی پیرۆزی لەگـەڵ لەش‌ساغیدا درێژبکات - ناردی بەشوێنما ، کە چوومە خزمەتی دەبینم حاجی عەبدولقادری جەببــار - گۆڕەکەی پڕ نوور بێ - لــە خـزمەتیا دانیشتبوو دەفتەرێکی بە دەستەوە بوو • دوای چاك‌و چۆنی‌و حەسانەوە مامۆستا فەرمووی : جەنابی حاجی عەبدولقـادر دەیەوێ کتێبەکەی مـەلا رەشید چاپ بکات‌و ، ئەمانەوێ تۆ بینووسیتەوەو ســەرپەرشتی چـاپی بکــەیــت •

منێك کە تـا ئەو کاتە جگە لــە نووسینی نامــە بۆ ئــەم‌و ئـەوو وەڵامدانەوەی نامەیان‌و ،جگە لە نووسینەوەی یەك دوو کتێبی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ؛ وەك دووڕشتەو ، بەهارو گوڵزار -ئەویش بۆ خۆم - شتێکی کوردیم نەنووسیوەتەوە بەخەیاڵیشما نەهاتوە کە دەست بۆ کاری وەها بەرم ••وەك لە سەربانێك بمخەنە خوارەوە وەها بوو ! بۆیە بــە سڵەمینەوەو سەرسوڕمانێکی ئاشکراوە بە (نا) وەڵامم دانەوە • بەڵام مامۆستا فەرمووی : من وا بە باش ئەزانم ئــەم خزمەتە بکەیت‌و خودایش یارمەتیت ئەدات • بەڵێ درێژەی نەدەمێ قسەی مامۆستامم بۆ نەشکاو ،

وەك بڵێن کێوی (سپێیین) هەڵەگرم ئەوەندەم لەبەر شان گران بوو ؛ چونکە وەك گوتم لە لایەکەوە قوتابی کۆلیجی ئیمامی ئەعظەم بووم‌و ، سەرقاڵی مزگەوت‌و ، ماڵ‌و خوێندن‌بووم‌و ، لەو لایشەوە قاڵ‌بووی مەیدانـەکـە نەبووم‌و کارامەی کارکردنی ئەو بوارە نەبووم‌و ، کـارەکەیش کـارێکی بچووك‌و چەند پەڕەیەك ، یـان نامیلکەیەك نەبوو ، بەڵـکو گەورەتـریـن کتێبی کوردی بوو بە بەشی سەرەتای نووسینم ! هەرچۆن بێت دەفتەرەکەم وەرگرت‌و نـاوی خوام لێ‌هێنا •

وەختێ دەستم دایە کارو هاتمە سەر نووسینەوە دەبینم ئەو زمانـەی کتێبەکەی پێ نووسراوە لەگەڵ زمانی نووسینی ئـەم سەردەمەدا زۆریان بەینەو گۆڕانێکی زۆر لە زمانـی نووسیـنی ئەمڕۆدا رووی داوەو ، وەك دەڵێن : هەر خوایـان یەکێکە • بۆیە خۆم لە نێوان دوو باردا دیبەوە : یان کتێبەکە خۆی چۆنە منیش وای‌بنووسمەوەو هیچ دەسکاریی لایەنی زمانی نەکەم • یان دەسکاریی شێوەی نووسین‌و زمانەکەی بکەم‌و بیخەمە سـەر شێوەی نووسینی ئەم سەردەمە • دوای هاوردوبردو بیرکردنەوەیەکی زۆر خودا خستیە دڵمەوە کە ئەگەر دەسکاریی زمانەکەی بکەم کارەکەی مامۆستا مەلا رەشید دەشێوێنم‌و لە کتێبی ئەو دەکەوێت‌و ، وای لێ دێ ئەگەر خۆی زیندوببێتیەوەو بی‌بینێ نەیناسێتەوە • ئەمەیش پێچەوانەی ئەمانەت‌و رێبازی بووژاندنەوەو زیندوکردنەوەی بەرهەمی کۆن‌و کەلەپوورو زمانە • لەبـەر ئەمە بڕیارم هاتە سەر ئەوە کە هیچ دەسکاریی شێوەو زمانی نووسینەکەی مامۆسـتا نـەکـەم •

ـ ٢ ـ

ئێستە لە دوای (١٦) ساڵ لە ژیانێکی پڕ لە خۆشی‌و ناخۆشـی‌و ، کسپەو ئازارو ، بوونی‌و نەبوونی‌و ، چـەشتنی دەیـان‌و صـەدان تاڵی‌و

ناخۆشیو ...له هەموویشیان ناخۆشتر بۆلاچوونو داواكردن له چەندین مەردو نامەرد ـ بۆ خۆمو ماڵو منداڵم نا ـ بۆ چاپو بڵاوكردنەوەی ئــەم كتێبه .. خۆم زۆر به بەختەوەر دەزانم كه ـ بـه ئازایەتی خۆم نا ـ خودا یارمەتی دامو گەیشتمه دوا لاپەڕەو دێڕی نووسینەوەی ئەم كتێبه پیرۆزه.

بەڵێ لەم ماوەی تەمەنمدا سەرو مڕ خەریكی ئەم كتێبه نەبوومو خودا یارمەتی داوم هەر لەم ماوەدا تەفسیری نامیو ، (مواهب الـرحمـان) و (علماؤنا في خدمة العلم والديـن)و بنەماڵەی زانیارانی مامۆســتا مــەلا عەبدولكەریمی مودەڕیسم پێشكەشی خوێندەواران كردو ، تا ئەندازێكی باشیش تیایانا سەركەوتم ، هەروەها لەم ماوەدا چەند دیوانی شاعیرو كتێبو نامیلكەم بۆ خۆم ئەنجامداو ئەوانیش لەگەڵ دەیان وتاری گەورەو بچووكدا پێشكەشی كتێبخانەی كوردی كران . بەڵام ئەمانه هیچیان لەبەر ئــەوه نەبوه كه لەم پرۆژه سارد بمو خۆمی لێ بدزمەوه ، بەڵكو هەمیشه نەبوونیو بێپارەییو كەمدەرامەتیی لەچاپدان وایان كردوه كه ماوەیەك دەستم لــەم هەڵگرتبێتو به شتێكی دیــكەوه خەریك بوویێتم ؛ چونــكه هەمیشــه چاوەڕوانی هەلی لەچاپدانی بەرگو بەشێكی تری ئــەم كتێبــه بــوومو ، هەمیشەیش خۆشترین كاتی ئەم ماوەی ژیانم ئەو كاته بوه كــه دەرفەتم دەستكەوتبێتو گەڕابمەوه لای ئەم دەریا بــەرینو بێپەیــەو ، له ژێــر سێبەری فەرمایشته پیرۆزەكانی پێغەمەردا ـ د ـ فێنكیی بۆ لەشی شەكەتو ماندووم هاتبێتو ، به سروەی بێداركەرەوەی هەستو دەروونی ئــــەم وتاره جوانانه ئارەقی ماندوێتی ڕێگەی ژیانی پــڕ گرفتو دەردیســەریم وشك بوویێتەوه ؛ چونكه ئەم فەرمایشتانه شتێك نین كه مرۆڤ چــەشی كردنو چێژی لێوەرگرتنو خۆشییان گەیبه ناخی دەروونی ئیتر تێریــان

لێ بخواو ،لە دانیشتن لە سێبەریانا وەڕس ببێو ، سێبەری وتارو بیرو باوەڕێکی تری بەلاوە لەم پەسەندتر بێت •

وەك نازو نیعمەتی خودا بەسەرمەوە ئەوەم لە بیر ناچێت کە لەم ماوە دوورو درێژەی خەریکبوونم لەگەڵ ئەم کتێبەدا چەند جار بارو دۆخی ژیانی خۆمو ماڵو منداڵم وای لێ هاتوە لەوانە بوە کە منیشو کتێبەکەیش تێدابچین ، بەڵام خودا هەردوکمانی پاراستوە •

هەروەها لەم ماوەدا زۆر لە هاوەڵانمو لەوانەیش لە خوێندەواریدا لە من کەمتر بوون هەوڵی شەهادەی بالآیان داو بە دەستیان هێنا ، بەلآم من خەریکبوونم بەم کتێبەوە خستە بالآی هەموو شەهادەیەکی بالآوە •

جێگەی ئەوەیشە کە لێرەدا وەلآمی پرسیارێکی خوێنەران بدەمەوە کە گەلێ جار رووبەڕوو لە خۆم ، یان بە نامە ، یان بە تەلەفوون هەواڵی بەرگی دوەم دەپرسنو دەڵێن : چی بەسەرهاتو ؟ بۆ چاپ نەکرا ؟ لە وەلآمی ئەم پرسیارەدا دەڵێم : پتر لە هەشت ساڵە بەرگی دوەم لە (بەیرووت)ەو بە هیواین لەوێ چاپ بکرێتو : بارو دۆخی ئەو ولآتەیش لە کەس شاراوە نیە • لە پەنای ئەموەلآمەدا موژدەیەکی دیکەیش بە خوێنەران دەدەم ؛ لە هەموان ئاشکرایە کە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە پێش (١٦) ساڵ چاپکراوەو ئەو کاتەیش کە چاپ کرا دوای ماوەیەك حاجی عەبدولقادری جەبباری رەحمەتیی کتێبەکەی بەسەر مزگەوتەکانی کوردستاندا دابەشکردو ، ناوی وەقفی لێ نا • لەبەر ئەمە زۆر لە خوێنەرانو ئەوانەی بەرگەکانی دیکەیان هەیە بەرگی یەکەمیان نیەو بۆی دەگەڕێن ، لە بەر ئەمە ئێستە کە لە نووسینەوەی دوابەرگی بوومەتەوە بڕیارم داوە پشت بە خودا بگەڕێمەوە سەر بەرگی یەکەمو سەرلەنوێ پوخت بینووسمەوەو چاپی بکەمەوە ، داوای دۆعای تەوفیقو سەرکەوتنیش لە

ئێوەی خۆشەویست دەکەم چونکە بێ تەوفیقی خوا هیچ کەس هیچی بۆ نـاکـرێت •

وە هەر دوابەدوای بەرگی یەکەم ئەگەر تا ئەو کاتـە بەرگی دوەم سەری هەڵنەدا دەست دەکەم بـە بەرگی دوەمو ، ئـەو کەلەبەرەیش بـە یارمەتی خودا دەگرم •

ـ ٣ ـ

لە پێشەکی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا داوام لـە خـــوێنەران کـرد هەرکەس هەرچی بە بیردا دێتو هەر سەرنجێکی دەربارەی ئەم کتێبە هەیە بینوسێو رای بگەیێنێو یارمەتیسان بدات بۆ ئەوەی بـەرگەکانی تـری باشترو پوختتر بلاوکرێنەوە • بەلام تا ئێستە کە (١٦) سال زیاتر بەســەر ئەو نوسینەدا تێپەڕ دەبێت ، جگە لە وتارێکی مامۆستا جەمال بابان کـە لە سەرەتای بەرگی دوەمدا وەلامم داوەتـەوە ، شتێکی ئـەوتۆم نـە بـــە خوێندنەوە نە بە قسەو گوتار نەدیوەو نەبیستوە •

وا ئێستەیش کە قەڵەم لەسەر دوا وتەو دوا دێڕی ئەم کتێبە پیرۆزە هەڵدەگرم ، ناڵێم خۆم رەخنە لە هەموو کتێبەکەو کاری خۆم لە کتێبەکەدا دەگرم ، بەلام بە کورتیی بە هەندێ لایەندا دەچمەوە ، کە یان بەســـەرما تێپەڕیون ، یان بۆم نەلواوە لەوە باشتریان بکەم :

١ ـ ئەم کتێبە لە کاتێکدا نووسراوە نووسینی کوردیو بـەکـوردی نوسین لە گاگۆلکێدا بوەو ، زمانی کوردی لە ژێر سێبەرو تەئثیری سێ زمانی سێ گەلی دراوسێو هاوئایینو باوەڕی گەلی کوردا بوەو ، ساڵەهای ساڵیش ئەو تەئثیرە بە ناخی وتارو زمانی ئەم گەلەدا چوەتە خوارەوە •

نووسەرێکیش کە بەو شێوە زمانی پڕابێتو ، هەموو تەمەنی خوێندنو رۆشنبیریی بەو شێوە بوویێتو ، دوو کتێبی نووسراو بە زمانەکەی خۆیی نەخوێندبێتەوەو ، مامۆستایەکیش نەبووبێ پێی بڵێ چۆن بکاو چۆن بنووسێو ..هاتبێ یەکسەر دەستی دابێتە نووسینی کتێبێك کە تائێستەیش گەورەترین کتێبی کوردییە کە نووسرابێتو ، ئەو کتێبەیشی لە زمانێکی دیکەوە وەرگێڕابێتە سەر زمانی کوردیو ، زمانەلێوەرگیراوە-کەیش ئەو زمانە نەبێ کە ئێستە خەڵکەکەی پێیئەنووسنو ئەدوون ، بەڵکو زمانی پێش چواردە صەدە بێت .. ئایا دەتوانێ هەموو هەلو مەرجێکی زمانی تێدا بەدیبێنێو ، نووسینێکی کوردیی پاراوو سەرکەوتووی بێ قۆرتو گرێ بنووسێ ؟ یان دەتوانرێ داوای ئەوەی لێ بکرێت کە بەو شێوەی نووسیبێ کە ئێمە دەمانەوێو بیری لێ دەکەینەوە ؟ بێگومان نەء .

ئەی چارەسەری ئەمە چۆن دەکرێت ؟

ئەوەی کە من لە دڵمدایەو حەزم دەکرد وابێت وا نەبوو . من ئەگەر بۆم بلوایەو پشتەسووری ئەوە بوایەم کە یەکێك یان دەزگایەك بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لە ئەستۆی خۆی دەگرێت ، دەبوو هەر هیچ نەبێ یەك دوو لایەنی زۆر پێویست هەن بەم شێوەی ئێستە نەبن :

أ ـ وەك گوتم زمانی نووسینی کتێبەکە زمانی ئەو سەردەمەبەو ئەو تەئثیرانەی پێوەیە ، دیارە ئەو زمانە لەگەڵ زمانی نووسینی ئەمڕۆی کوردیدا کە چل ساڵیان نێوانەو چلساڵە ئەم زمانە لە گەشەکردنو بۆ پێشەوەچووندایە جیاوازییان زۆرەو ، خوێنەری ئەمڕۆ باش توانای بەسەر نووسینی چل ساڵ لەمەوبەردا ناشکێو ، دەبوو من کارێکی وام بکردایە زمانی کتێبەکەم بە شەرحو پەراوێز لە زمانی کوردیی ئەمڕۆ نزیكبخستایەتەوە ، بەڵام کە سەرنجی بارو دۆخی چاپەمەنی کوردی

بدرێت‌و بزانین پاش هەزار زەحمەت‌و ئەم‌بەرەوبەر توانیبێتم ئەم کتێبـــەم بەم شێوە لەم ماوە دوورو درێژەدا چاپ‌کردبێت ، ئـەگـەر ئەو شـەرح‌و پەراوێزەم بۆ بکردایە کە نزیکەی ئەوەندەی کەی دەچوە ســەر دەبـوو سی‌ساڵێکم بۆ تەرخان بکردایە ، جگە لەوەی کە لەوانە بوو هەر ســەری تیـا بچێت •

ب ـ جگە لەوەیش ئەم کتێبە یەکەم کتێبی کوردییـە کە بـەم شێوە دانرابێت‌و چاپ‌کرابێت ، گەلانی موسوڵمانی خواپێداو لە خزمەتکردنی فەرمایشتەکانی پێغەمەردا ـ د ـ زۆر پێشکەوتوون‌و ، دەیان خـزمـــەتـی جۆراوجۆری ئەم فەرمایشتە جوانانەیان کردوەو ، دەیان کتێبی نایابیان لێ دەرهێناوەو ، جاری وایش هەیە بۆ یەك دوو حەدیث نامیلـــکەو کتێبـی تایبەتیی نووسراوە • ئەگەر منیش بهاتایەم لـەم روەیشـــەوە خـەریـکی لێکدانەوەی هەندێ شوێنی پێویست بوایەم هەر زۆر زۆرتری دەویست‌و کار لەوە فراوانتر دەبوو کە وا بە ئاسانیی دەستی لێ هەڵگرم • با ئەمەیش بمێنێ‌و ئەگەر خوا مۆڵەت‌و توانای دام بۆ خـــۆم‌و ، ئەگـــەر عـومری ئەمانەتیشی لێ وەرگرتمەوە بەڵکو بە هیمەتی بە تواناو لێهاتووان شـــتێك بـــکرێت •

٣ ـ ناڵێم لە لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبەدا ئەوەی پێویست بێ کردوومەو، هیچم نەپێلاوەتەوەو چۆن باش بێ وام کردوە • بەڵکو گەلێ لایەن هەیـە جگە لەوانەی کە لێرەدا باسم کردوون دەبوو لە ئێستە باشتر بـوایـەن‌و تەسەلتر بوایەن ، بەلام دووبارە ئەم کارە ئەوە نیە کـە هەموو لایـەنێکی تەواو بـکرێت‌و بێ‌کەم‌و کووڕیی بێت • ئەوەی کـە دڵخۆشیی خۆمی پێ ئەدەمەوەو ، بـە هیوایشم لای خوا پاکانەم بۆ بـــکات ، بـەڵـکـو بـۆ هەڵەکانیشم چاوەڕوانی پاداش بکەم ، ئەوەیە کە هیچ کات لە کاری خۆم

رازیی نەبووم‌و ، لەخۆبایی‌بوون لە دڵمدا نەبوەو ، هەمیشـەیش هـەوڵی ئەوەم بوە کاری ئەمڕۆ لە دوێنێ‌و سبەینێ لە ئەمڕۆ باشتر بێت‌و ، هەرگیز ڕێگەم نەداوە بەوە کە ماندوبوون ڕێگەی ناو هەست‌و دەروونمی هەبێ‌و. بیرم لەوەیش نەکردوەتەوە کە چەندێ کاتم بۆ شتێـکی بچـووك خـەرج کردوەو ، جاری وا هەبوە شەوێکی تەواو تا شەکەت بووم بۆ حـەدیثێك گەڕاوم‌و کە ئەنجام لە پەل‌و پۆ کـەوتووم ، ئەوسا گەیشتبمە ئەنجام یان نا دەستم لێ‌هەڵگرتوە • ڕۆژ بەڕۆژو مانگ بەمانگ‌و ساڵ بەساڵیش زیاتـر دەستم بۆ داگرتوەو پتر چوومەتە ژێر باری ئەوە کە کارەکەم بە گوێرەی توانا پوختترو بێ‌هەڵەترو تەواوتر بێت • هەر لەبەر ئەمەیشە ئەگەر یەکێك لێم‌بپرسێ : لە ڕووی لێکۆڵینەوەوە کام بەرگیان لە کام بەرگیان باشترە ؟ لـە دواوە پێدا دەگەڕێمەوەو ئـەڵێـم (نـۆ) لـە (هەشت)و ، هەشت لە حـەوت ••• باشترەو بەو پێیـە •

٣ ـ شتێکی دیکەیش کە لەم ڕووەوە بوە بە هۆی ماندوبوونم نەبوونی نوسخەی پێویستی کتێبی (ارشاد الساری في شرح صـحیح البـخاری) بوە • واتە نوسخەی ئەو چاپەی کە مامۆستا مەلا ڕەشید کتێبەکەی لێ دەرهێناوە لە بەردەستمدا نەبوەو ، ئەو ژمارانەی ئەو ئیشارەی بۆ کردوون لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەکانی چاپەکەی بەردەستی مندا وەك یەك نین‌و ،جاری وا هەبوە بۆ حەدیثێك چەند بەرگ‌و لاپەڕە گەڕاوم ، کە ئەگەر چاپەکەی لەمەڕ مامۆستام لابوایەت ئەو دەردەسەرییەم نەئەچەشت‌و کاتیشم بەزایـە نـەدەچـووو •

٤ ـ من خۆم پێش هەموو کەس دەڵێم : لەم کتێبەدا وەك نـەمتوانی پەیڕەوی ئەو ڕێنوسە بکەم کە دانەر لە سەرەتای کتێبەکەوە نوسیویەتی‌و خۆیشی پەیڕەوی کردوەو ، لە پێشەکی بەرگی یەکەمدا باسـی کراوە ••

نەیشمتوانی پەیڕەوی یەك ڕێنووسی بێ جیاوازیی‌و ئـاڵ‌و گۆڕ بکـەم ؛ چونکە تا ئێستە ڕێنووسی کوردی لە ئاڵ‌و گۆڕدایەو هێشتا لەسەر پاسایەکی چەسپ‌و پتەو دانەمەزراوەو ، من خۆیشم لـە گەلێ ڕووەوە ـ بـە هۆی بوونم‌و کارکردنم لەم بوارەدا ـ ســـەرنجـم دەربارەی ڕێنووسی بـاوی ئێستەی کوردی هەیەو ، کـاتی وایش هـەبوە ماوەیـــەك بـە شێوەیـەك نووسیومەو دوایی بە لامەوە پەسەند نەبوەو گواستوومەتەوە بۆ ســـــەر بارێکی دیکە کە بە لامەوە لەوی دی پەسەندتر بوە .

– ٤ –

ڕێبازی ڕاستکردنەوەو لێکۆڵینەوەم :

١ ـ بۆ دەقە عەرەبییەکە بە گوێرەی توانا گەڕاومەتەوە سەر سەرچاوە ئەصلییەکە کە (ارشاد الساری)ە‌و دەقە عەرەبییەکەم لـە‌گـەڵ بوخاریی‌و موسلیمەکەدا بەراورد کردوە ؛ جا ئەگەر هەڵەیەکی بچووکی وەك خـاڵ‌و هەڵەی ڕێنووس، وەك هەمزەی سەر کورسیی بێ کورسیی نووسرابێ یان بە پێچەوانەوەو ، نەبوون‌و بوونی (ال) ... تووش بووبم ڕێگەم بـە خـۆم داوەو ، هەر لە دەقەکەدا چاکم کردوون‌و لە پەراوێزیشەوە باسم نەکردوون؛ چونکە لە لایەکەوە هەڵەکان بچووکن‌و ، ئاشکرایە لەبیرچوونە ، لە لایەکی دیکەیشەوە دەقی ڕاست‌و باوەڕپێکراوی ئەصڵەکـەم لەبەردەســـتدایەو پێویست ناکا بۆ ئەو جۆرە شتانە پەراوێزی زۆر بنووسم . ئەگەر هەڵەکە لەوانەیش زیاتر بووبێ ، وەك کەوتن ، یان گۆڕانی وشەیەك ، هـاتـووم دووبارە لە شوێنەکەی خۆیدا چاکم کردوە ، بەڵام ئیشارەیەکی تایبەتی ئاوام = = دانـاوە . واتە لە هەر شوێنێکی ئەم کتێبـــەدا شتێکی ئـاوات بەرچاوکەوت ، کە وشەیەك یان زیاتر لە نێوان ئەو دوو نیشانەدا نووسرابوو، ئەوە بزانە ئەوە یـان لـــە نوسخەکـــەی مامۆسـتادا هـــەر نەبوە یـــان

بە هەڵە نووسراوە • جاری وایش هەیە بێ نیشانەدانان هەڵەکەم چاككردوەو لە پەراوێزەوە باسمکردوە •

لە نووسینەوەی تەرجەمەکەدا زیاتر رێگەم بە خۆم داوە بۆ چاککردنی هەڵە ئەویش لەبەر یەك دوو شت :

أ ـ ئەو کوردییەی دانەر پێی‌نووسیوە ، واتە شێوەو زاراوەی گفتوگۆو نووسینی ، هەمان زاراوەو شێوەیە کە من پێی ئەدوێم‌و زۆر کەم جیاوازیم لەمەدا هەستکردوە ، بۆیە بە ئاسانی توانیومە بزانم کامە هەڵەیەو کامە راستەو ، کاتێ هەڵەیەکی بچووکی دانەرم دیبێ هەندێ جار بێ ئەوەی پەراوێزی بۆ بکەم لە شوێنی خۆیدا چاکم کردوە •

ب ـ دەسخەتەکەی بەردەستم دەسخەتی دانەر خۆیەتی‌و گومانی ئەوەی لێ ناکرێ هەڵەو گۆڕان لە نووسینەوەدا رووی‌دابێ •

ج ـ بە بەراوردکردنیش لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەدا باشترو رووتر هەڵەکە دەرکەوتوە •

د ـ زیاد لەمانەیش لە وەصیەت‌نامەکەی دانەردا ـ خ ـ خوێندمانەوە کە ئیجازەی چاککردنی هەڵەکانی داوە •

٢ ـ دانەر ـ خ ـ لە نووسینی تەرجەمەکەدا ، وەك لە دەقە عەرەبییەکەدا کردوویە ، سوور بوە لەسەر ئەوەی کە دۆعا بۆ هەر کەسێك بە گوێرەی خۆی بکات ؛ واتە بۆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ و بۆ یارانی ـ رضي الله تعالی عنهم ـ و ، بۆ دوای ئەوان ـ رحمه الله تعالی ـ بەڵام کاتی وا هەیە ناوی ئەصحاب‌و کافرو تابیعی‌و غەیریان بە دوای یەکدا هاتوون‌و ، ئەویش ویستوویەتی ئەو پەیڕەوییەی بۆ رێبازەکەی خۆی نەپسێنێ ؛ بۆ نموونە :

٢٢٩٠/٥٣ ـ عن أبي بردة بن أبي موسى الأشعري [رضي الله تعالى عنه ورحمه] دانەر ـ خ ـ لە ژێر (عنه)دا ژمارە (٣)ی داناوە ، لە ژێر (رحمه)یشدا ژمارە (٢)ی داناوە ـ لەولایشەوە لە ژێر (أبي موسى)دا ژمارە (٣)ی داناوەو ، لە ژێر (أبي بردة)دا ژمـــارە (٢)ی داناوە ، واتـە مەبەستی ئەوەیە (رضي الله)ەکە بۆ ئەبوموسایەو (رحمه الله)ەکە بـــۆ ئـەبوبـــوردەیـە •

ئەم نموونەم بۆ روونکردنەوە هێنایەوەو ، ئـەمەیش لە چـاپەمەنی ئەمڕۆدا چاودێری ناکرێتو ، ئەگەر بە پەراوێزیش چـارمـان بـکردایـە بەشێکی تایبەتیی خۆی دەویست •

٣ ـ دانەر ـخـ بەرانبەر هەندێ کەسو چەند بابەتێك رای تایبەتیی خۆی هەیەو ، راکەیشی نەبوونو نەنووسینی باشترە لە نووسینی ، هەندێ جار ئەو رایانەم نەنووسیوەو لـە بـاتـی ئەو بوێرراوە ئـەم نیشـــانەم [••• ••] دانـــاوە •

لێرەدا کە ـبە شەرمەوە ـباسی ئەركو کاری لێکۆڵینەوە دەکەم گومانم لەوەدا نیە کارەکەم ناتەواویی زۆرەو ، دەبـوو گەلێ لە ئێســـتە باشترو پوختتر بـێ • بەڵام :

لە لایەکەوە ـوەك مامۆستا مەلا رەشید فەرمووی ـکارەکە بـارێکی قورسەو ، کارو باری وایش لە لای گەلانی خواپێداوی ئەم چەرخە بـە تەنهاکەس ناکرێتو ، کتێبێکی نۆبەرگیی ئاوا بە لێکۆڵینەوەیی‌و ، گەڕانو خەمخواردنی دەرامەت بۆ لە چاپدانیو ، سەرپەرشتیکردنی چاپیو ، ناردنی بۆ شارانو ، دابەشـــکردنـی بە سەر کتێبخانەکانـــداو ، مشوورخواردنی بڵاوبوونەوەی •••وە بە تەنهاباڵ ناسپێررێتو ، لەوانەیە ـئەگەر لیژنەیەك

ئەنجامی نەدا ـ هەر لایەنێکیان چەند کەسی شارەزاو کارامەی بێ خەمی بۆ تەرخان بکرێت •

لەولایشەوە بارودۆخی چاپەمەنیی کوردیو ،نەبوونی کرێکاری کوردیزانو ، تەنگوچەڵەمەی کار لەم مەیدانەدا لە شارەزایانی ئەم بوارە شاراوە نیەو ، ئەم لایەنەیش ئەرکو رەنجو ماندووبوونو کات بەفیڕۆچوونی نووسەری کورد چەند چەندانی نووسەرانی دیکە لێ دەکات !

ئەمە تەنها بۆ روونکردنەوە دەنووسمو نامەوێ پاساوی هەڵەو ناتەواویی کارەکەمی پێ بدەم ، چونکە ئەوەی پاکانەم بۆ دەکاتو دڵخۆشیی خۆمی پێ دەدەمەوە ، ئەوەیە بە گوێرەی توانا درێغیم لە هەوڵو کۆششدا نەکردووەو ، وەك پێشتریش گوتم ، رۆژبەرۆژ زیاتر دەستم لە لێکوڵینەوەدا داگرتووەو ، کات دوای کات زیاتر بە تەنگ پوختیو بێکەمو کوورپیی ئیشەکەمەوە بوومو ، شەو بەشەو زیاتر پێشوازیم لە شەونخوونیی کردووە•••بۆیە دەتوانم بڵێم سووچێکی «ليس في الامكان أبدع مما كان» یش پاڵپشتی ئەم قسەیە دەکات •

ـ ٥ ـ

وەك سەرنجدانێکی کاری مامۆستا مەلا رەشید بەگ ـ خ ـ لەم کتێبەدا ئەوە روون دەکەمەوە کە مامۆستا هەوڵی ئەوەی داوە ـ وەك خۆی ئەفەرموێ ـ هیچ حەدیثێك تەرك نەکاو نەبوێرێو ، بۆ ئەم مەبەستە گەلێ جار چەندین حەدیثی لە یەك بابەتا نووسیوە کە جیاوازییەکی کەم لە نێوانیاندا هەیەو دوایی خۆی فەرموویەتی : « ئیتربەسە » یان : «زۆرن مەعنایان هەموو یەکێکە » • یان ئەفەرموێ : « پێنج حەدیث یەك مەئال » یان : « ئەم حەدیثانە بە مەئال یەکێکن » ••• تاد

بەڵام لەگەڵ ئەم بێ‌درێژییو ، پشووقووڵیو ، بەتواناییەیدا گەلێ حەدیثی بواردوەو گەلێ جاریش دووپاتبوونەوەی بەسەردا تێپەڕێوە • بۆ ئەمە دەكرا لە هەر بابێكدا حەدیثە بوێرراوەكان بنووسرێن ، یان كتێبێكی تایبەتی لە (استدراكات)و بەسەرگرتنەوەو بەسەركردنەوەی ئەو حەدیثانەدا بنووسرێت • ئەمەیش دووبارە كارێكە بۆ خۆیو زەلامو كاتی خۆی دەوێتو ، خودا یارمەتیدەر بێت !

دانەر خۆی هەستی بە لایەنی دووپاتبوونەوە كردوەو گەلێ جار باسی ئەوەی كردوە كە رەنگە ئەم حەدیثەی لە فلاّن بابو شوێندا نووسیبێ، بەڵام تەواوی كتێبەكەی لەبەر دەستدا نەبوە تا بگەڕێتەوە سەر شوێنەكە، چونكە بەش‌بەش موسوەددەی كتێبەكەی ناردوەتەوە بۆ سلێمانیو هیچ لای خۆی لە توركیا نەماوەتەوە • لەبەر ئەمەیە لە ل : (٢٧٨)ی بەرگی چوارەمدا دەفەرموێ : «ئەگەر تیكراری بەعزێ حەدیث بێ لە (مجمع البحرین)ا عەیبم لێ مەگرن ، موكەرەرەكەی طەی بكەن » •

لە رووی سەرنجدانی كاری دانەرەوە لایەنی گەش‌و ورشەدار زۆرزۆرنو ، من لەم ماوە دوورو درێژەدا كە لە خزمەت ئەم فەرمایشتە جوانانەو ئەم كتێبە پیرۆزەدا ژیاوم رۆژ بەڕۆژ سەرسامیم لە توانـاو بلیمەتییو دەس‌بەباڵەوەگرتنیخودا بۆ ئەم مەردە لەم ئیشەیدا زیادی كردوەو ، لەگەڵ وردەكارییدا سەرسام بووم ، لەگەڵ پوختەنووسیو بێ‌هەڵەنووسینەوەییدا واقم‌وڕماوە ، لەگەڵ ئەمانەتو پێشكەوتنی لە چەرخی خۆیدا بیرم بۆ چەندین لا چوە ••• هەر ئەوەندە دەڵێم : خودا ئەم پیاوەی بۆ ئەم فەرمایشتە پیرۆزانە رەخساندوەو خۆیشی یارمەتیی داوەوبەس !

ئەو لایەنانەی کە جێگەی سەرنجن گەلێکن‌و لەوە زیاترن لێرەدا بژمێررێن ، بەڵام هەر بۆ نموونە وەرگرتن گەشتێکیان پێدا دەکەم :

١ ـ لایەنی تەرجەمەو وەرگێڕانی دەقەکە :

بەڵێ دانەر وشەو رستەی عەرەبیی ، وەك گفتوگۆو نووسینی ئەو سەردەمە ، زۆر بەکار هێناوە ، بەڵام لە مەرجەکانی وەرگێڕان‌و تەرجەمەدا زۆر وردو بە سەلیقە بوەو ، گومانم بۆ ئەوە دەچێت کە لەو سەردەمەدا مەعهەدو قوتابخانەی فێرکردنی تەرجەمە لەو ناوەدا بوویێت‌و دانەر لەو شوێنانەدا فێری ئەم فەنە بوویێت‌و ، قسەیێکی خۆیشی کە ئەفەرموێ : « أعنت : صەحیحە • (عنت) لە (عنو)ە ناقیصە • ئەم تۆزە موخالیفی شەرطی تەرجەمەیە بۆ عەوام ، ئەمما مەجبوورییە •» (حەدیثی ١٩/٣٠٤١) هەندێ پاڵپشتی ئەم گومانەم دەکا ؛ چونکە دوای چل ساڵ نووسین‌و بۆ پێشەوەچوونی زمانی کوردی ئێستەیش تەرجەمەکەی ئەم لە پێش تەرجەمەی زۆر لە نووسەران‌و وەرگێڕانی ئەمڕۆی کوردەوەیە ، بە تایبەتی ئەوانەی من وەرگێڕانیانم لە بابەتی تەفسیرو حەدیث‌و کتێبی ئایینیدا دیوە ئەم ئەگەر لە پێش هەموویانەوە نەبێ سڵاوی بەسەر زۆربەیاندا هەیە • بۆ نموونە ئێستەیش زۆربەی ئەو وەرگێڕانە هەر لە ژێر باری تەرجەمەی حەرفی‌و وشەبەوشەدا دەژین‌و کەمتریان دەتوانێ وەرگێڕانەکەی بخاتە قاڵبێکی کوردییەوەو (کوردییەکەیان بە عەرەبی نەنووسن) • بەڵام ئەمە لای مامۆستامان بە دەگمەن رێدەکەوێت‌و کوردییەکەی کوردانەو بێ قۆرت‌و گرێیە •

٢ ـ ئەمانەتی علمی‌و پێشکەوتنی لە چەرخی خۆی :

کە خوێنەر بە وردیی ئەم کتێبە دەخوێنێتەوەو سەرنجی ئەرك‌و ماندوبوونی مامۆستا مەلا رەشید دەدات‌و ، سەرجەمی ئەو ئەرك‌و

ماندوبوونه لەگەڵ قەوارەو قلختی کتێبەکەو ، ئـەو ماوەی کتێبەکـــەی تێدا نووسراوەتەوەو ئەو تەمەنەی دانەر تیادا خەریکی دانانی کتێبـەکـە بوەو ، ئەو شێوە رێك و پێك و پوختەی کتێبەکەی پێ نووسراوەتەوە .. بەراورد دەکات لـە گەڵێ روەوە ســـەرسامیی رووی تێدەکات و بـۆی دەردەکەوێ کە لە بەرامبەری کارێکی ئاسایی و ، کتێبێکی وەك هـەموو کتێبەکانی دیکەدا نیەو ، ئەم ئیشە وزەو توانایەکی گـەلێ تایەتی بـــۆ بەکاربراوە ، دەستی زانایەکی کەم وێنەو ، بیری بلیمەتێکی کەم هـاوتـا دایڕشتوە ! تۆ لەگەڵ مندا ـ بـە ئەرکی مەزانە ـ چەند بەرگیکی ئـــەم شاکارە ئەمدیوو ئەودیو بکەو ، هەندێك لاپەڕە هەڵدەرەوەو ، لـە نـاو توێی لاپەڕەو دێڕەکان وردبەرەوە بزانە ئەم زانا بـلیمەتـە چ رەنجێکی داوە ؟!

پێشەکی بۆ هەموو حەدیثێك بە گوێرەی توانا سەرچاوەکەی بـــە وردی و روونی نووسیوەو ، وای کردوە ئەگەر خوێنەر گومانێــکی بـۆ پەیدا بوو بێ ســـــەرئێشــەو گەڕان و مانـدوبـوون بتوانێ بگـاتـەوە سەرچاوەکەو گومانەکەی لابەرێت . دوای ئەوە نەیفەرموە : من خەریکی تەرجەمەم بۆ کوردی و ئیتر پێویست ناکات بێم هەموو حەدیثە عەرەبییەکان بنووسمەوە . بەڵکو بەوەیشەوە نەوەستاوەو هەر شوێن و وشـەیـەکـی گرانی لە حـــەدیثـــە عەرەبییەکاندا دیبێ چوەتـــەوە بۆ لای نەوەویی و قەسطەلانیی و بە گوێرەی ئەو مانا ئەوان بۆیان کردوە حەدیثە عەرەبییەکەی بـە عەرەبی و لە نێو دوو کەوانی تایبەتیدا ـ بۆ ئەوەی شەرح و حـەدیث تێکەڵاو نەبن ـ مـــانا لێکداوەتـــەوەو ، وشە عـــەرەبییـــە نـامـۆو کەم بیسراوەکانی بە سەروبۆربۆکردن ئاسان و خۆشخوێن کردوون . جاری وایش هەیە بەوەیشەوە نەوەستـــاوەو لە ناو دەقە عەربییەکـەیشدا پێش

تەرجەمە کوردییەکە وشەگرانەکانی بە کوردی مانا کردوە • ئەمانەیش هەمووی بێ ئەوەی شتێکی وای کردبێ یەکێك لە یەکێك بکەوێ و شەرح و مەتن تێکەڵاو بین ، بەڵکو وەك گوتم بۆ هەموویان کەوانەو ئیشارەی تایبەتی داناوەو وای جیاکردوونەتەوە کە خوێنەر کاتێ تەماشای دەکا وەك کتێبێکی ئەکادیمییانەی پێشکەوتووی سەرکەوتووی ئەمڕۆ بخوێنیتەوە وایە •

کە ئەم کارەیشی کردوە دەقی حەدیثەکانی بە ئامادەکراوی و بە جیاکراوەیی لە بەردەستدا نەبوە • بەڵکو گەڕاوە وشەبەوشەو، دێڕبەدێڕ لە ناو کتێبی (ارشاد الساری لشرح صحیح البخاری)دا حەدیثەکانی وشەوشە لە ناو کەوانەکان دەرهێناوەو کۆی کردوونەتەوەو ، یەکی خستوون و نووسیونی و جیاوازیی ریوایەت و نوسخەو دەقەکانی بە هەمان ئەمانەت و بە شێوە جوان و پوختەکەی خۆی تۆمارکردوە •

٣ - نووسینەوەی بێ هەڵەو بێ کووژاننەوە :

من لە خۆم دائەگرم و کاتێك ئەمەوێ شتێك تەرجەمە بکەم ئەگەر یەك دوو جار نەینووسمەوەو بە وردیی خەریکی تەرجەمەکەی نەبم لەوانەیە لە چەند لاوە هەڵەی تێدا بکەم و بیکووژێنمەوەو دەستکاریی بکەم • بەڵام ئەم کارەی مامۆستامان لەم رووەیشەوە زۆر سەرسوڕهێنەرە • لە نووسینێکیا کە بۆ مامۆستا مەلا حسەینی نووسیوە دەفەرموێ :

«••• ئەمەیشت عەرز بکەم ئەم وەرەقانە کە ئەینێرم بە خدمەتی بگەی (تأمل ، لأنها أحادیث) هەم تەبیضە هەم موسوەددەیە ، لە خدمەت هیچی تریانا نیم کە بزانم موکەڕەڕی تیایە یا تیا نیە • رەنگە زۆری تیا بێ ، شایەد فەرقیان نەبێ مەینووسن • (والسلام علیکم والسلام) •» (ل : ٣/٢٠٥)

واتە هەر یەك جاری نووسیوەتەوە • دەی ئەم شاکارە بەم هەموو وردەکاری و

ئەمانەت‌و ڕێك‌و پوختیەوە چۆن ئاوا یەكدەست بێ‌كـــووژانەوەو هـــەڵە گـــونجـــاوە ؟!!

هەروەها جێگەی سەرسوڕمانێكی ترە كـــە دانەر توانیویەتی لـــەو تەمەنەدا كە خۆی دەفەرموێ : « ذیهنم كول‌بوە ، دەستم زۆر ئەلەرزێ ، مەرەكەب هەمووی بۆیایە دائیەداتە ئەودیوەوە ، قەڵـەمی خـۆمان نیـە ، كاغەزی چاك نیە ، هـەر ئەوەندە ئەتـوانم ٠٠٠» (ل : ٣/٢٠٤) چۆن بۆی كراوە لە (٢٢)[١] مانگدا لـەم دوو دەریا بێ پەیـەدا مەلە بكات‌و بـــە پشوقوولیەوە بگاتە بنیان‌و دوڕو گەوهەریان لێ دەربهێنێ‌و بەو شـــێوە جوانە بیانهونێتەوەو بیكا بە دیاریی دەستی پیرێكی پیرۆزی دڵســـۆزی گەل‌و ئایین‌و، سنگ‌و دەروونی هەموو مرۆڤێكی خاوەن باوەڕی پێ زاخاو بداتەوەو یادگارێكی شاكاری هەمیشەزیندوو لە پاش خۆی بەجێ بهێڵێ؟! كاتێ مرۆڤی بە ویژدان سەرنجی ئەم ئەنجامە بدات لەگەڵ هەموو سەرنجدان‌و وردبوونەوەیەكیدا سەرسوڕمانی زیاتر دەبێت‌و ، وەلامی زۆریشیان ـجگە لەوەی كە خوا وەك موعجیزەیەك بۆ پێغەمەر ـ د ـ لە پاش خۆی ئیشی ئاوای بۆ ئەكاو زەلامی ئاوای بۆ ئەڕەخسێنێ ـ نازانێ !

بۆیە دەڵێـم : ئەگەر ئەم زانا مەزنە لە هەرەتی لاویدا لە باتی دووریی‌و دەربەدەریی‌و گەڕان بۆ نان‌و ژیان‌و بینینی چەندین فەرمان‌و كاری میریی، باری لەباری بۆ بلوایەو بە كاری نووسینی شاكاری ئاواوە خەریك بوایـە دەبوو چەند كاری گەورەی بۆ دین‌و دنیای ئەنجام بدایە ؟؟؟

والحمـد لله رب العالمين ، والصـلاة والســـلام
علی ســـيدنـا محمـد وآلـه وأصحابـه أجمعين ٠

(١) مامۆستام لە هەرەتی پیریی‌و دوادوایی تەمەنیدا بە (٢٢) مانگ كارەكەی تەواوكردوە ، بەلام من كە لە تافی لاویدا شانم دایەژێری دوور نیـە ـ تا بەرگی دوەمیش تەواو دەبێت ـ بۆ لێبوونەوەی (٢٢) سالم بوێت !

بابەتو سەرباسەکانی ئەم بەرگـە

لاپەڕە		بـابـەت

لاپەڕە	بـــابـــەت

لاپەرە		بابـــەت
٥٦	ـ	میوە بە دارەوەفرۆشتن
٥٨	ـ	هەرکەس زەویی زیادی ببێ یا خۆی بیکا یا بیدا بە برای دینیی
٥٩	ـ	تـەڕ بـە وشك نافرۆشرێ
٦١	ـ	قەرزاری بێ ماڵ چی لێ ئەکرێ ؟
٦١	ـ	قسەیێکی دانـەر
٦٢	ـ	بەری دار بە دارەوە نافرۆشرێ
٦٤	ـ	نەهی لە بەکرێدانی زەویی
٦٥	ـ	موزارەعەو موخابەرە دروستن
٦٧	ـ	هاوجینس‌و هاو وێنە ئەبێ دەست‌بەدەست‌و بێ زیادە بن
٦٨	ـ	سـزای ســـووخۆر
٦٩	ـ	ئاڵتوون بـە ئاڵتوون بە کێشانـە
٧٠	ـ	موحەوهەرات لە ئاڵتوون جیادەکرێتەوە ئەوسا کێشانە دەکرێ
٧١	ـ	گەنم‌و جۆ چۆن ئەفرۆشرێن
٧٢	ـ	مثل بەمیثـل نەبێ ئاڵتوون‌بەئاڵتوون‌و ... مەفرۆشن
٧٥	ـ	زەراعەت موساقات (إحياء الموات)
٧٦	ـ	پیاوێك لە بەهەشتا کشتوکاڵ دەکات
٧٧	ـ	گرتنەوەی جۆگەو بەربەستکردنی
٧٨	ـ	کێشەی زوبەیرو ئەنصارییەکە لە سەر ئاودان
٧٩	ـ	قـەدەغەو پـاوان
٧٩	ـ	شـــوفعـە
٨٠	ـ	شەریك لە باخ‌و زەویدا بەشەکـەی نافـرۆشێ تا شەریکەکـەی ئاگـادار نەکـات
٨٢	ـ	دراوسێ موستەحەقترە بە شوفعە
٨٣	ـ	یەك دوو شێوەی حیلەشەرعیی
٨٤	ـ	دراوسـێی نـزیك
٨٤	ـ	ئیجارەی ئەرز ، حەیوان ، ئینسان ، دەلاڵیی‌و سائیرە
٨٥	ـ	پارەی نوشتە نووس‌و مامۆستاو ...
٨٦	ـ	بەشکردنی ماڵی قەرزدار
٨٦	ـ	قـەرزکـوێـریی
٨٧	ـ	کەفالەت بە نەفس‌و چوونەلای جارییەی خێزانی خۆی

بـــابـــەت	لاپەڕە

لاپەڕە	بـــابـــەت

بـــابـــەت	لاپەرە

لاپەڕە	بـــابـــەت
١٧٩ ـ	نیکاحو وەلیی لـــە نیکاحدا
١٨٢ ـ	بێوەژن ئەحەقە بە نەفسی خۆی
١٨٣ ـ	سەبەبی نوزوولی (فلا تعضلوهن)
١٨٣ ـ	نیکاحی زەمانی جاهیلییەت
١٨٥ ـ	نیکاحی موتعە ـ صیغەکردن
١٨٧ ـ	لە نێوان ئیبنوزوبەیرو ئیبنوعەباسا دەربارەی موتعە
١٩٠ ـ	روبەیعی کوڕی سەبرە دەربارەی موتعەکردن دەدوێ
١٩١ ـ	دەربارەی موتعە لە ئیبنوعەباس پرسرا
١٩٢ ـ	سەلەمەی کوڕی ئەکوەعیش دەربارەی موتعە دەدوێ
١٩٣ ـ	ما یحرم من النکاح (ئەوانەی مارەکردنیان حەرامە)
١٩٥ ـ	ژنو پووری بە یەکەوە کۆناکرێنەوە
١٩٦ ـ	نکـــاح المحـــــرم
١٩٧ ـ	ئایـــەتی (والمحصنات من النساء)
١٩٩ ـ	نیکاحی شیغار ، ژنبەژن بێ مارەیی
٢٠٠ ـ	نیکاحی موشـریك
٢٠٢ ـ	مارەکردنی ژنان لە کاتی هیجرەتیانا لە مەککەوە بۆ مەدینە
٢٠٣ ـ	کە ژنو پیاو موسوڵمان بن نیکاحیان چی لێ دێت ؟
٢٠٤ ـ	العزل ـ نەیێڵێ لە فەرجی ژنا ئینزالی مەنیی بێ بیرێژێتە دەرەوە
٢٠٦ ـ	وطء الحـــامـــل
٢٠٨ ـ	چوونەلای ژنانی مناڵ لەبەر
٢٠٨ ـ	چوونەلای ژنانی مناڵ بەبەر
٢٠٩ ـ	ئەندازەی مارەیی خێزانانی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ
٢١٠ ـ	مارەکردنی صەفییەی دایکی موسوڵمانان
٢١١ ـ	ئەندازەی خۆراکی شایی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ
٢١٣ ـ	خۆراکی شایی زەینەب
٢١٥ ـ	خوازبێنی زەینەب
٢١٦ ـ	دەفلێدانی ژن لە شادیاو گۆرانییان لای پیاو
٢١٧ ـ	ئیجابەتی دەعوەت (ولیمة او غیرها)
٢١٨ ـ	الولـــد للفـــراش
٢٢١ ـ	الــرضــــــــاع

لاپەڕە	بابـــەت

لاپەڕە	بابـــەت

لاپەڕە	بـابــەت

لاپەڕە	بـابـــەت

لاپەڕە	بـابـــەت

إقتران النيرين

في

مجمع البحرين

المجلد السابع

تاليف

ملا رشيد بيگ بابان

تحقيق

محمد علي القره‌داغي

نرخى (چوار) دیناره

دار الحرية للطباعة
بغداد